

# کەبودوەند

## هێمای خەباتی مەدەنی ڕۆژهەڵات

---

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe





# پێڕست

## پانۆرامای ٣٥ رۆژ مانگرتن - ٢٠١٦

### لاپەڕەی: ١٠


١- محەممەد سدیق کەبودوەند سەبارەت بە دروستکردنی پەروەندەی نوێ لە دژی مانی گرتوە

٢- بارودۆخی سڵامەتیی محەممەد سدیق کەبودوەند کەوتۆتە مەترسییەوە

٣- نیگەرانیی رێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور لە بارودۆخی شپرزەی محەممەد سدیق کەبودوەند

٤- کەبودوەند بە بێهۆشی بەرێی نەخۆشخانەی تاڵەقانی کرا

٥- داوای ئازادکردنی سەرۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان دەکرێت

٦- لە کەمپینێکدا داوای ئازادکردنی محەممەد سدیق کەبودوەند دەکرێ

٧- بانگەوازی سکرتاریای یەکیەتیی لاوان بۆ پشتیوانیو بەهاناوەچوونی محەممەد سەدیقی کەبوودوەند

٨- کەمپینی تا رزگاریی کەبوودوەند دەستی بە کارەکانی کرد

٩- بۆ دووهەمین جاری کەبوودوەندیان بۆ نەخۆشخانە گواستەوە

١٠- چالاکانی ناوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان لەمەڕ ئازادبوونی کەبوودوەند، بەیاننامەیەکیان بڵاو کردەوە

١١- داواکاریی چالاکانی مەدەنی- سیاسی: لە مەهاباد بە وێنەی کەبودوەندەوە پێشوازی لە رووحانی بکرێت

١٢- چالاکانی سیاسی و مەدەنیی رۆژهەڵات داوا لە هەرێمی کوردستان دەکەن لە هەمبەر کەبوودوەند بێدەنگ نەبن

١٣- داوای کۆمەڵێک چالاکی مەدەنیو سیاسی لە دەزگای قەزایی لەبارەی ئازادکردنی کەبودوەند

١٤- باوکی مافی مرۆڤی کوردستان گیانی کەوتۆتە مەترسییەوە

١٥- داوای کۆمەڵێک لە چالاکانی نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان لە مەسعود بارزانی لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی کەبودوەنددا

١٦- راگەیاندنی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بە بۆنەی هەبوونی مەترسی لەسەر گیانی کەبوودوەند




سەرچاوە Serchawe



١٧- گیانی محەممەد سدیق کەبودوەند کەوتۆتە مەترسییەوە
١٨- کوردستانیانی دانیشتووی ئاڵمان، چالاکییەکیان بۆ پشتگیری لە کەبوودوەند و زیندانیانی سیاسی وەرێخست
١٩- نامەی سکرتێری گشتیی حدک بۆ ناوەندە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی کەبودوەندادا
٢٠- دوایین زانیاری لەمەڕ دۆخی جەستەیی محەممەد سەدیق کەبوودوەند
٢١- کوردەکانی دانیشتووی فیلاند دژ بە سەردانی جەواد زەریف بۆ فینلاند نارەزایەتیان دەربڕی
٢٢- کوردانی برلین بۆ پشتیوانی لە کەبودوەند مانگرتن لە خواردن دەست پێدەکەن
٢٣- هەوڵی پزیشکان بۆ رێگری لە وەستانی دڵی کەبوودوەند
٢٤- ڕاگەیێندراوی خوێندکارانی پەیامی نووری مەریوان لە مەڕ دۆخی کەبودوەند
٢٥- بابەشێخ حسێنی داوا لە بان کی مون و ئەحمەد شەهید دەکا بە هانای کەبوودوەندەوە بچن
٢٦- ڕۆژنامەنووسانی قەڵادزێ، پشتیوانی لە داخوازییەکانی کەبوودوەند دەکەن
٢٧- داوای شیرین عیبادی لە بابەت ئازادکرانی محەممەدسەدیق کەبوودوەند
٢٨- ئەمینیستی ئینترناشناڵ: ئێران دەبێ چیتر کایە بە ژیانی کەبوودوەند نەکات
٢٩- مانگرتنی چوار چالاکی سیاسیی کورد لە ئاڵمان بۆ پشتیوانی لە کەبودوەند
٣٠- داوای کۆمەڵێک لە چالاکانی نێوخۆی کوردستان بۆ خۆپێشاندانێکی هێمنانە لە کوردستان بۆ پشتگیری لە کەبودوەند
٣١- پشتیوانی وەرزشوانێکی پێشووی یانەی ئێران لە محەممەد سەدیق کەبوودوەند
٣٢- رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی: گیانی کەبوودوەند لە مەترسی دایە
٣٣- کەبودوەندیان لە نەخۆشخانەرا بۆ زیندان بردەوە
٣٤- مانگرتن لە خواردنی ویشک بۆ ماوەی یەک رۆژ لە ناوخۆ بۆ پشتیوانی لە کەبوودوەند بەرێوەچوو
٣٥- سێ زیندانیی سیاسیی کورد بۆ پشتیوانی لە کەبوودوەند مانیان گرت
٣٦- کوردانی نۆرویژ بە خۆپێشاندانو مانگرتن پشتیوانیی خۆیان لە کوبوودوەند ڕاگەیاند
٣٧- گەنجێکی کورد لێدوانێکی چڕی لەسەر دۆخی کەبوودوەند دا بە ئەمنیستی ئینترناشناڵی نۆرویژ
٣٨- کۆبوونەوەی پشتیوانی لە کەبودوەند لە پارکی شانەدەری هەولێر
٣٩- رێکخراوەکانی هەرچوار بەشی کوردستان لە کەمپەینێکدا پشتگیری لە ئازادیی کەبوودوەند دەکەن
٤٠- نیگەرانیی ئەنجومەنی جیهانیی قەڵەم لە بارودۆخی محەممەدسەدیق کەبوودوەند
٤١- دانمارک: خۆپێشاندانێکی نارەزایەتی بۆ پشتیوانی لە کەبوودوەند لە بەردەم باڵوێزخانەی رێژیمی ئێران بەرێوە چوو
٤٢- پەیامی کاک خالید عەزیزی، بەبۆنەی ڕاگرتنی مانگرتنی کەبودوەند
٤٣- لەندەن - پرسی محەممەد سەدیق کەبوودوەند دەبرێتە پارلمانی بریتانیا
٤٤- کەبودوەند بەشێوەی کاتی مانگرتنەکەی شکاند
٤٥- سپاس و پێزانین بنەماڵەی کەبوودوەند و رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان



# بیروڕای نووسەران:

## لاپەڕەی: ٨٦


٤٦- هاوسەری کەبودوەند: هاوژینەکەم هەموو ژیان، بۆ پرسی مافی مرۆڤ لە کوردستان تەرخان کردبوو............. سانا ڕۆژهەلاتی

٤٧- کەبوودوەند، فەرزادێکی دیکە........................................................................ ڕێبوار مەعرووفزادە

٤٨- با شەرمەزاری کەبوودوەند و مێژوو نەبین!................................................... سالار حسامی

٤٩- مانگرتنی سەرکەوتوو ئەو شتانەی پێویستە.................................................... هاوار بازیان

٥٠- کامڕان قازی: کاریگەرترین جۆری خەبات بەس خەباتی چەکداریە.................................. کامڕان قازی

٥١- هوشیار ئەحمەدی: نافە رمانی مەدەنی دە بیتە هۆی شکانی شکۆی لە خۆبایی دەسەڵات ..................... هوشیار ئەحمەدی

٥٢- کەبوودوەند تاقیکردنەوەیەکی تری شەڕافەتی خۆمان و دنیایە.................................... شێرکۆ هەژار

٥٣- وریا ماملێ: ئەمڕۆ کەبودوەند هێمای یەکرێزی و یەکڕەنگی ڕۆژهەڵاتە................................. وریا ماملێ

٥٤- ئایا بەردەوامی مانگرتنی رێزدار کەبوودوەند هەلوێستێکی نیشتمانیە؟.................................. ڕەزا ئەمینی

٥٥- کێ مرۆڤە مەزنەکەی ڕۆژهەڵاتی لەبیرە!....................................................... ئاریتما موحەممەدی

٥٦- بۆ کەبوودوەند کە بەتەنیا لەبەردەم مردندا وەستاوە.............................................. مەریوان وریا قانیع

٥٧- وەرن با بەیەکەوە بەرگری نەک لەژیانی کەبودوەندێک بەڵکوو بەرگری لە"ژیان" بکەین................ سنوور عەبدووڵاهی پوور

٥٨- مەریوان وریا قانع و ئاراس فەتاح پشتیوانی لە محەمەد سدیق کەبودوەند دەکەن.................................. ئین ئار تی

٥٩- کاک محەممەد سەدیقی کەبوودوەند........................................................................ کوێستان فتوحی

٦٠- لە ٩مین ساڵی دەستبەسەر بوونیدا، "داکۆکیکارانی مافی مرۆڤی کوردستان" خوازیاری ئازادی بێ مەرجی "کەبوودوەند"بوو

٦١- باوکی مافی مروڤی کوردستان و ٢ی ڕێبەندان................................................... ڕێبوار مەعرووف زادە

٦٢- کەبوودوەند لەزیندان وانەی خۆڕاگری دەڵێتەوە.................................................. ئەرسەلان یار ئەحمەدی

٦٣- لەرێگەی چاوی خەڵکەوە "کەبودوەند" بناسە.................................................. ئامادەکردنی: عامر صالح

٦٤- داکۆکی لە کەبوودوەند ئەرکێکی ئینسانی و نەتەوەیی یە......................................... کەیوان ئاب بی

٦٥- بەرێز کەبوودوەند تکایە مانگرتنەکە بشکێنە...................................................... برایم جەهانگیری

٦٦- کەبوودوەند هێمای چالاکی مەدەنی ئەم سەردەمەیە........... دوکتور ئازاد مورادیان:................ ئا: سامان ڕیشەساحێب





٦٧- لە پەراوێزی ١٠ی پووشپەر/ ٣٠ ژوئەن، ڕۆژی داکۆکی گەلی کورد لە کەبوودوەند دا:

* پێشنیارێک دەربارەی محەممەد سدیق کەبوودوەند...................................... سامان ڕەسووڵ پوور
* کەبوودوەند بێکەس نییە، نەتەوەیەک پشتیوانییەتی.................................... قادر وریا
* لە بۆ دڵت، بۆ خەباتت چ دەتوانین بکەین؟........................................... وریا بوداغی
* دەردی دڵ.................................................................................... سەیران حوسێن پەناهی
* خاوەنداری لە کەبودوەند، خاوەنداریتی لە کەرامەتی نەتەوەییکە.............................. داود ئازادفەر
* داکۆکی لە کەبوودوەند، داکۆکی لە خەباتی مەدەنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.......................... مەسعوود مەناف

٦٨- خەلاتی ئاشتی نۆبل ، ئان سان سۆچی، محەممەد سەدیق کبودوەند.............................. کەریم ئەڵلاوەیسی
٦٩- داوایەک لە هەموو پشتیوانانی کاندیداتۆریی کەبوودوەند بۆ خەڵاتیی ئاشتیی نۆبیلی ٢٠١١.................. قادر وریا
٧٠- با بە هەمومان هەوڵ بدەین بەڕێز کەبودوەند خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل وەربگرێ.............................. مستەفا شڵماشی
٧١- با هەموومان بە کردەوە پشتیوانی بکەین لە کاندیداتۆریی محەممەد سەدیق کەبوودوەند بۆ خەڵاتی نۆبڵ........ عارف باوەجانی
٧٢- کەریم ئەڵلاوەیسی: کەبوودوەند لە کۆمیتەی ئاشتیی نۆبێل سەفیری نەتەوەی زوڵم لێکراوی کوردە............ کەریم ئەڵلاوەیسی
٧٣- چێژ لە ئازادیی وڵاتەکەت وەربگرە ... بۆ هاورێ سدیق کەبوودوەند..............................پەری کەریمی نیا
٧٤- دەمە تەقەیەک لەگەڵ کاک حەمە سدیقی کەبوودوەند.............................................. حەمەی شاسواری
٧٥- شەوی چلە لە گەڵ محەممەد سەدیق کەبوودوەند................................................برایم فەرشی

---

## چەند هەڵوێست و بۆچوونی کەبودوەند:

## لاپەڕەی: ١٨٠

٧٦- پیرۆزبایی کەبوودوەند بۆ ڕزگاریی کۆبانێ
٧٧- پەیامی کەبوودوەند بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان
٧٨- پەیامی محەممەد سەدیق کەبوودوەند لەزیندانی ئێوینەوە سەبارەت بە ڕاگرتنی ئیعدام لەئێران





٧٩- کەبوودوەند لەگرتووخانەی ئێوینەوە داوای لە"دەوڵەت"ی نوێکرد رێز لەویستەکانی خەڵکی ئێران بگرێت
٨٠- کەبوودوەند: تیرۆریزمی نێودەوڵەتی بێ پاساوە، رەت کراوە و مەحکوومی دەکەین
٨١- کەبوودوەند: تیرۆریزمی نێودەوڵەتی مەحکوومە
٨٢- کەبوودوەند بە بۆنەی رۆژی جیهانیی مافی مرۆڤەوە بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە
٨٣- کەبوودوەند نامەیەکی ئاراستەی کوردانی سووریە کرد
٨٤- کەبوودوەند: لە هەمبەر پێشێل کردنی مافی مرۆڤدا بێدەنگی نەنوێنین
٨٥- کەبوودوەند: پشتیوانی لە تەڤگەرە ئازادیخوازەکانی رۆژهەڵاتی ناڤین بکەن
٨٦- بە پێشنیاری کەبوودوەند، هەڵمەتێکی نێونەتەوەیی بۆ پشتیوانی لە گەلی کورد راگەیاندرا
٨٧- کەبوودوەند: با رۆژی ٢٢ی پووشپەڕ بکرێ بە رۆژی سەرکوتی تیرۆریسمی دەوڵەتی
٨٨- رەخنە توندی کەبوودوەند لە ئۆپۆزیسیۆنی غەیرە کورد لە زیندانەوە
٨٩- پەیامی محەممەد سەدیق کەبوودوەند، سەرۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، بە بۆنەی شەشەمین کۆنگرەی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد ـ ئوروپا
٩٠- محەمەد سدیق کەبوودوەند: من تەنیا تێکۆشەرێکی مافی مرۆڤم!
٩١- داوای بنەماڵەی صدیق کەبوندوەند لە ٥ کەسایەتیی بەناوبانگی جیهانی بۆ پشتیوانی کردنیان لە کەبودوەند
٩٢- رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە وتووێژ لەگەڵ محەممەد سەدیقی کەبوودوەند دا
٩٣- کەبودوەند: "بوونی هەندێ رێکخراو لەمەنفا بۆتە بیانوو بۆ روبەڕوبونەوە لەگەڵ چالاکڤانە سەربەخۆکان"/ دیمانە: سەلاحەدین بایەزیدی
٩٤- دە خاڵی بنچینەیی کەبودوەند لە بارەی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان

## کاندیدکرانی کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل

## لاپەڕەی: ٢١٩

٩٥- خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل و کاندیداتۆریی محەممەد سدیقی کەبوودوەند........................ عەلیرەزا قادری................
٩٦- بەربژارکردنەوەی کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل
٩٧- کاندیدکرانی محەممەد سەدیقی کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل



٩٨- وەرێخستنی کەمپەینی پشتیوانی کردن لە محەممەد سەدیقی کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی
٩٩- نیگەرانی کۆماری ئیسلامی لە کاندیداتۆری کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل
١٠٠- بۆ پشتیوانی لە کاندیداتۆری کەبوودوەند، سکرتێری گشتیی حدک داوای هاوکاری لە پارلمانی بریتانیا دەکا
١٠١- پشتیوانیی سکرتێری گشتیی حدک لە کاندیدکرانی کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل
١٠٢- پشتیوانیی کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسی و روناکبیریی کورد لە کاندیداتۆریی کەبودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل
١٠٣- کوردانی سوریە پشتیوانی لە کاندیداتۆریی کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل دەکەن
١٠٤- پشتیوانیی کۆمیتەی هاوبەشی هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆروێژ لە کاندیداتۆریی کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتی نۆبێل
١٠٥- پشتیوانی کردنەوە لە کاندیداتۆریی کەبوندوەند لە نامەیەکدا بۆ پارلمانی نۆروێژ
١٠٦- محەممەد سەدیق کەبوودوەند لە لایەن "حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆروێژ" بۆ خەلاتی ئاشتی نوبێل٢٠١٣ بەربژێر کرایەوە.
١٠٧- کوردانی وڵاتی نۆرویژیش لە ئاکسیۆنێکی تایبەت دا پشتیوانی خۆیان لە کەبوودوەند دەربڕی
١٠٨- داواکاری سکرتێری گشتیی حدک لە عەبدولکەریمی لاهیجی بۆ پشتیوانی لە کاندیداتۆری کەبوودوەند
١٠٩- خەڵاتی مافی مرۆڤی زانکۆی تۆرێنتۆ پێشکەشی کەبوودوەند کرا

# پشتیوانی پشتگیری لە کەمپەینی پشتیوانی لە کەبوودوەند

## لاپەڕەی: ٢٤٧

١١٠- بانگەوازێکی بە پەلە (گیانی کەبوودوەند لە مەترسی دایە، دەبێ بە پەلە فریای بکەوین)
١١١- بە مەبەستی پشتیوانی لە محەممەد سەدیق کەبودوەند خۆپێشاندانێک لە وڵاتی دانمارک بەڕێوەچوو
١١٢- لە رێگای سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە کەیسی کەبوودوەند دەبردرێتە ناوەندی هێنری جاکسۆن
١١٣- پشتیوانیی ناوەندی پێشەوا لە کەمپەینی پشتیوانی لە کەبوودوەند
١١٤- بەردەوامیی پشتیوانی لە کەبوودوەند
١١٥- پشتیوانیی خەڵکی مهاباد لە کەبوودوەند
١١٦- پشتگیریی ئەنجومەنی رۆژنامە نووسانی رۆژهەڵات لە کەمپەینی پشتیوانی لە کەبوودوەند
١١٧- پەیامی دەفتەر سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ کەمپەینی پشتیوانی لە کەبوودوەند




١١٨- پشتیوانیی پارلمانتارانی هەرێمی باشووری کوردستان لە کەمپەینی ئازادیی کەبوودوەند

١١٩- پشتیوانیی ڕۆژنامەنووسانی قەڵادزێ لە دیاریکردنی ڕۆژی خاوەندارێتی کۆمەڵگەی کوردستان لە کەبوودوەند

١٢٠- گرووپێک لە چالاکانی مەدەنی بۆ پشتگیری کردن لە محەممەد سەدیق کەبوودوەند دەستیان داوەتە مانگرتن

١٢١- پشتیوانی کردن لە کەمپەینی ئازادیی کەبوودوەند درێژەی هەیە

١٢٢- کەمپەینی پشتیوانی لە کەبوودوەند: با بێ دەنگ نەبین

١٢٣- پشتیوانی لە کەبوودوەند پشتیوانی کردنە لە ئازادی مرۆڤەکان

١٢٤- مانگرتنی گروپێک لە چالاکڤانانی مەدەنی بۆ پشتگیری کردن لە بەڕێز محەممەد سدیق کەبودوەند

١٢٥- سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پرسی کەبوودوەند دەباتە ناو پارلمانی بریتانیا

١٢٦- بەڕێز؛ کاک مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان!

١٢٧- بەیاننامەی هاوبەشی حیزبی دێمۆکرات و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

١٢٨- پشتیوانی لەبنەماڵەی کەبودوەند

١٢٩- ڕاگەیەندراوی پادک بۆ پشتیوانی کردن لە پێشنیاری کەبودوەند

١٣٠- کچە چالاکی برێزیلی، بۆ پشتیوانی کردن لە کەبودوەند، مان لە خواردن دەگرێت

١٣١- بەیاننامەی هاوبەشی زیاتر لە ٤٠ ناوەندی مەدەنی و ڕێکخراوی سیاسی لە محەممەد سدیق کەبوودوەند......

١٣٢- نامەیەکی ئاواڵە بۆ هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات،...

١٣٣- بەرپرسانی زیندان بۆ کەبودوەند: گرنگی بە مانگرتنت نادەین تەنانەت ئەگەر بشمریت................

١٣٤- کۆتاییهێنان بە مانگرتن پاش دوو مانگ خۆڕاگری بێ وێنە

١٣٥- کەبوودوەند پاڵێوراوی خەڵاتی مارتین ئێنالس بۆ تێکۆشەرانی بواری مافی مرۆڤ لە ساڵی ٢٠١٣

١٣٦- گوشار بۆسەر بنەماڵەی کەبوودوەند و ئەندامانی ڕێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان...

١٣٧- با شەممە ٢١ی جۆلای، هەموان بە یەکدەنگ داوای ئازادی و تەندروستیی کەبوودوەند بکەین!

١٣٨- ڕاگەیاندنی سکرتارییەتی کۆمەڵە سەبارەت بە بارودۆخی مەترسیداری محەممەد سدیق کەبوودوەند

١٣٩- دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکرات: ڕێژیمی ئێران لە هەر ڕووداوێکی نەخوازراو بۆسەر گیانی کەبوودوەند بەرپرسیارە

١٤٠- کەبوودوەند ئیتر توانای قسەکردنی نەماوە؛ وەرن دەنگی ئەو بین!

١٤١- بێ ئاگایی و نیگەرانی جیدی سەبارەت بە دۆخی سدیق کەبوودوەند

١٤٢- ژیانی کەبوودوەند لە مەترسیدایە!

١٤٣- نامەی یەکیەتی دیمۆکراتی خوێندکارانی کورد و بەرەی یەکگرتووی کورد بۆ محەممەد سدیق کەبوودوەند

١٤٤- پێداگری لە داواکان : داوا لە کەبوودوەند بۆ کۆتایی هێنان بە مانگرتنەکەی

١٤٥- فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە پارلمانی تورکیە!

١٤٦- سەرۆکی پارلمانی کوردستان!




سەرچاوە
Serchawe



١٤٧- فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە  پارلمانی عێراق!

١٤٨- بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی PAK سەبارەت بە محەمەد سەدیق کەبوودوەند

١٤٩- ئەمریکا داوای کرد محەمەد سەدیقی کەبودوەند ئازاد بکرێ.........................

١٥٠- ئەمریکا نیگەرانی خۆی سەبارەت بە بارودۆخی محەممەد سدیق کەبوودوەند دەربڕی

١٥١- نامەی دوو بەرپرسی پەرلەمانی ئەوروپا سەبارەت بە دۆخی کەبودوەند

١٥٢- بانگەوازی شیرین عیبادی و سێ رێکخراوی مافی مرۆڤ سەبارەت بە کەبودوەند و زیندانیانی سیاسی تر............

١٥٣- کەبودوەند گیانی لەمەترسیدایە باهەمووماں پشتگیری بکەین.......................

١٥٤- کەمپینی رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی بۆ محەمەد سەدیقی کەبودوەند..................

١٥٥-  پشتیوانیی بەربڵاو بۆ ئازادی خێرای کەبوودوەند

١٥٦- نامەی ٣٥٠ چالاکی مەدەنی، سیاسی و چاپەمەنی، بۆ پشتیوانی لە محەممەدسدیق کەبوودوەند

١٥٧- خراپیی بارودۆخی محەممەدسەدیق کەبوودوەند لە زیندانی ئێڤین

١٥٨- دژایەتی لەگەڵ پێدانی مەرەخەسیو ئازادکردنی محەممەد سدیق کەبودوەند

١١٥٩- رەوشی تەندرووستی محەممەد سدیقی کەبوودوەند، باش نیە



# پانۆرامای ٣٥ رۆژ مانگرتن - ٢٠١٦

## محەممەد سدیق کەبودوەند سەبارەت بە دروستکردنی پەروەندەی نوێ لە دژی مانی گرتوە




* **ڕێکەوتی: ١٠ی مەی ٢٠١٦:** محەممەد سدیق کەبودوەند، ڕۆژنامەنووس و سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بە بەردەوامیی جەزرەبەدانی لە زیندان و هەروەها کردنەوەی پەروەندەیەکی دیکە لە دژی مانی لە خواردن گرتوە.

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە هەواڵێکدا باس لەوە دەکا کە لە چوار مانگ لەوە پێشەوە پەروەندەیەکی دیکە لە دژی محەممەد سدیق کەبودوەند کراوەتەوە و تا ئێستا سێ کۆبوونەوەی دادگاییکردنەوەی ناوبراو بە تۆمەتی هەوڵدان لە دژی ئەمنیەتی نیشتمانیی وڵات و تۆمەتی هەڵبەستراوی دیکە بەڕێوەچووە و قازی حوکمی لەسەر داوە.

لەو هەواڵەدا هاتوە کە هاوکات لەگەڵ دادگاییکردنی کەبودوەند ئاگادار کراوەتەوە کە کۆکردنەوەی حوکمی ٦ مانگ گیرانەکەی لەسەر چالاکیی ڕۆژنامەنووسیی بۆ لەبەرجاو ناگیرێ و ئەو دەبێ سەرجەم ١٠ ساڵ و ٦ مانگەکە لە زینداندا بمێنێتەوە. هەروەها بە سەرنجدان بەو تۆمەتە نوێیانەی دراوەتە پاڵی وێدەچێ کاربەدەستانی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم نەیانەوێ دوای تەواوبوونی حوکمەکەشی ئازادی بکەن و بیانەوێ زیاتری لە زینداندا بێڵنەوە.



ئەو هەوڵانەی ناوەندە ئەمنیەتییەکان لە حاڵێک دایە کە کەبودوەند نەخۆشیی دڵو گورچیلەی هەیە کە لە زینـدان تووشیان بـووەو لە ئێستادا مانگرتن لە خواردن بۆ ئەو زۆر خراپەو دەتوانێ هەڕەشە لە سڵامەتـیو لەشساغیی ئەو بکا.

کەبوودوەند لە دوو حوکمی جیاجیادا یەکێکیان پێوەندیی بە دامەزراندنی ڕێکخراوی بەرگریی لە مافەکانی مرۆڤو ئەوی دیکەیان پێوەندیی بە بڵاڤۆکی بابەتی حەوتوونامەی " پەیامی مەردۆم"و نووسین لەبارەی پرسەکانی کوردستانەوە هەیە کە سەرجەم بە ١١ ساڵ زیندان مەحکوم کراوەو تا ئێستا ٨ ساڵ لە حوکمەکەی تێپەڕاندوە.

دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان پێشتر چەندین جار گوتبووی زینـدانیکردنی نـاوبراو و حوکمدرانی دژایـەتیی لەگـەڵ بەندەکانی مافی مرۆڤو پێوەرە نێودەوڵەتییەکان هەیەو لە ڕوانگەی ئەوەوە هەر چەشنە داواکارییەک بۆ کەمکردنـەوەی مـاوە زینـدانی، گۆڕینی بۆ ئازکردنی بە مەرج و یا هەر شتێکی دیکە لەم شێوەیە ڕەد دەکاتەوەو قەبووڵی نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی و کورد / ڕێکەوتی: ١٠ی مەی ٢٠١٦

## بارودۆخی سڵامەتیی محەممەد سدیق کەبودوەند کەوتۆتە مەترسییەوە




* ڕێکەوتی: ٦ی مەی ٢٠١٦: محەممەد سدیق کەبودوەند، سەرۆکی بەندکراوی ڕیکخراوەی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان کە لە ١٠ ڕۆژ لەوە پێشەوە مانی لە خواردن گرتوە، لە دۆخێکی خراپی جەستەیی دایە.

بنەماڵەکەی کەبودوەند کە توانیویانە چاویان پێ بکەوێ دەڵێن کە دوای مانگرتنەکە چەند جاریان بردۆتە نەخۆشخانەی زیندانو



پزیشکی زیندان گوتویەتی کە دەبێ واز لە مانگرتنەکەی بێنێ.

بنەماڵەو کەسانی نزیک بە کەبودوەند وێڕای نیگەرانیی زۆر بە نیسبەت ئەو دۆخە دەڵێن کە کەبودوەند بەهۆی مانگرتنەکەی تووشی سەرەگێژە، تاو، داتەپینی لەش، دابەزینی کێشی لەشو زۆربوونی ئێشی پرۆستات بۆتەوەو ئەگەر چارە نەکرێ گیانی دەکەوێتە مەترسییەوە.

محەممەد سدیق کەبودوەند، ڕۆژنامەنووسو سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بە بەردەوامیی جەزرەبەدانی لە زیندانو هەروەها کردنەوەی پەروەندەیەکی دیکە لە دژی مانی لە خواردن گرتوە.

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە هەواڵێکدا باس لەوە دەکا کە لە چوار مانگ لەوە پێشەوە پەروەندەیەکی دیکە لە دژی محەممەد سدیق کەبودوەند کراوەتەوەو تا ئێستا سێ کۆبوونەوەی دادگاییکردنەوەی ناوبراو بە تۆمەتی هەوڵدان لە دژی ئەمنیەتی نیشتمانیی وڵاتو تۆمەتی هەڵبەستراوی دیکە بەڕێوەچووەو قازی حوکمی لەسەر داوە.

کەبوودوەند لە دوو حوکمی جیاجیادا یەکێکیان پێوەندیی بە دامەزراندنی ڕێکخراوی بەرگریی لە مافەکانی مرۆڤو ئەوی دیکەیان پێوەندیی بە بڵاڤۆکی بابەتی حەوتوونامەی "پەیامی مەردۆم"و نووسین لەبارەی پرسەکانی کوردستانەوە هەیە کە سەرجەم بە ١١ ساڵ زیندان مەحکوم کراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی و کورد / ڕێکەوتی: ١٦ی مەی ٢٠١٦





# نیگەرانیی ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور لە بارودۆخی شپرزەی محەممەد سدیق کەبودوەند




* **ڕێکەوتی: ٢٠ی مەی ٢٠١٦**: ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور لە نوێترین بەیاننامەی خۆیدا نیگەرانیی قووڵی خۆی لە بارودۆخی جەستەیی محەممەد سدیق کەبودوەند لە زیندانزدا دەربڕیوە.

محەممەد سدیق کەبودوەند، سەرۆکی گیراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان زیاتر لە دوو حەوتوویە بۆ نارەزایەتی دەربڕین بە کردنەوەی پەروەندەیەکی دیکەی ئەمنیەتی لە دژی ئەو مانی لە خواردن گرتوە.

ڕەزا موعینی، بەرپرسی دەفتەری ئێرانو ئەفغانستانی هەواڵنێرانی بێسنوور دەڵێ بێبەشکردنی ڕۆژنامەنووسانو چالاکانی مەدەنیو مافی مرۆڤ لە دادگای دادپەروەرانە پێچەوانەی قانوونە نێوخۆییەکانی وڵاتانو پرەنسیپە نێونەتەوەییەکانە. ئەو ڕەفتارەی کۆماری ئیسلامیش پێشێلکردنی ئاشکرای جارنامەی جیهانیی مافی گەردوونو پەیماننامەی جیهانیی مافە مەدەنیو سیاسییەکانە کە ئێران بۆ خۆی یەکێک لەو وڵاتانەیە ئیمزای کردوە.

محەممەد سدیق کەبودوەند، ٥٣ ساڵی تەمەنەو باوکی سێ منداڵە. ئەو لە ماوەی ٩ ساڵ بەندکرانیدا لە زیندان تووشی زۆر نەخۆشیی وەک پرۆستات و چڵککردنی ڕیخۆڵەو گورچیلە بووەو تا ئێستا لە زیندان چەند جار سەکتەی دڵ لێیداوە.

ئەو کە بە ناحەق سزای ١١ ساڵ زیندانیی بەسەردا سەپاوە، بە پەریناز خوسرەوانیی هاوسەری گوتوە تا ئەو کارەی دەزگای قەزایی واز لە دروستکردنی پەروەندەی ئەمنیەتی لە دژی ئەو نەهێنێ، لە مانگرتنەکەی بەردەوام دەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی و کورد / ڕێکەوتی: ٢٠ی مەی ٢٠١٦



# کەبودوەند بە بێهۆشی بەڕێی نەخۆشخانەی تاڵەقانی کرا




* **ڕێکەوتی: ٢٢ی مەی ٢٠١۶:** محەمەد سدیق کەبودوەند، ڕۆژنامەنووس‌و چالاکی سیاسیی کورد کە ماوەی دوو حەوتوویە مانی لە خواردن گرتوە، ڕۆژی شەممە دوای تێکچوونی باری سڵامەتیی بە بێهۆشی بەڕێی نەخۆشخانەی تاڵەقانی کرا.

کەبودوەند، سەرۆکی گیراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان کە لە ماوەی ٩ ساڵی ڕابردوودا لە زیندان تووشی کۆمەڵە نەخۆشییەکی مەترسیدار بووە، بە هۆی نارەزایەتی دەربڕین بە کردنەوەی پەروەندەیەکی ئەمنیەتی لە دژی ئەو مانی لە خواردن گرتوە، ئەوە لە حاڵێک دایە کە پزیشکەکان دەڵێن بەو وەزعەی ئەو هەیەتی مانگرتن دەتوانێ گیانی بخاتە مەترسییەوە.

محەممەد سدیق کەبودوەند لە زیندان تووشی زۆر نەخۆشیی وەک پرۆستات‌و چڵککردنی ڕیخۆڵە‌و گورچیلە بووەو تا ئێستا لە زیندان چەند جار سەکتەی دڵ لێیداوە.

ئەو کە بە تاوانی دامەزراندنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان سزای ١١ ساڵ زیندانیی بەسەردا سەپاوە، بە پەریناز خوسرەوانیی هاوسەری گوتوە تا ئەو کارەی دەزگای قەزایی واز لە دروستکردنی پەروەندەی ئەمنیەتی لە دژی ئەو نەهێنێ، لە مانگرتنەکەی بەردەوام دەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی و کورد / ڕێکەوتی: ٢٢ی مەی ٢٠١٦



# داوای ئازادکردنی سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان دەکرێت




* **ڕێکەوتی: ٢٤ی مەی ٢٠١٦:** چالاکانی سیاسیی و مەدەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرووبەندی کۆتایی وادەی زیندانەکەیدا، کەمپەینێکیان بۆ ئازادکردنی محەمەد سدیق کەبوندوەن، سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان ڕێک خستووە و داوا دەکەن چیتر تۆمەتی نارەوا بەسەر ئەو چالاکە مرۆییەی کوردستاندا دووبارە نەکەنەوە.

لە بەیاننامەی کەمپەینەکەدا هاتووە: " لە گەڵ نیزیکبوونەوە لە وادەی کۆتایی ١١ ساڵ زیندانی سەپێندراو بە سەر محەممەد سدیق کەبوودوەنددا، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەردەوام خەریکی درووستکردنی فایلی نوێن لە سەر ناوبراو تا ماوەی زیندان و بەندکرانی بۆ درێژ بکەنەوە و نەهێڵن دەرەوەی زیندان ببینێ و درێژە بە تێکۆشانی مرۆڤدۆستانەی خۆی بدات ". هاوکات داوا دەکەن هاوڵاتیانی کوردستان پشتیوانییان بکەن و ببن بە ئەندامی ئەو کەمپەینە.

دەقی بەیاننامەی کەمپەینەکە:

تا ڕزگاری کەبوودوەند

محەممەد سدیقی کەبوودوەند، سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، ماوەی ٩ ساڵە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەند کراوە. لە ماوەی ئەم نۆ ساڵەدا ئەو لە هیچ چەشنە خۆڕاگری و بەرەنگارییەک تەنەخی نەکردوە. ئەو لە زیندانیشدا هەوڵی داوە دەنگی مافی مرۆڤی کوردستان بێ. هاوکات کاربەدەستانی زیندان و بەرپرسانی دادوەریی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش هەموو جۆرە گوشار و ئازارێکیان لە سەر ناوبراو تاقی کردۆتەوە تا بە چۆکی دابێنن. ئەشکەنجەو ئازاری جەستەیی و ڕۆحی، تووشبوونی بە نەخۆشیی جۆراوجۆر و پێشگرتن لە چارەسەریی پزیشکان، گوشار بۆ سەر بنەماڵەکەی، نەخۆش کەوتنی کۆرپەکەی، بێ بەشکردنی لە مافەکانی زیندانیەک بۆ مەرەخەسی و گەلێک نەهامەتیی دیکەی بەسەردا هاتووە و هەروا خۆڕاگر وەستاوە.

لە گەڵ نیزیکبوونەوە لە وادەی کۆتایی ١١ ساڵ زیندانی سەپێندراو بە سەر محەممەد سەدیقی کەبوودوەنددا، کاربەدەستانی کۆماری





ئیسلامی بەردەوام خەریکی سازکردنی پەروەندەی نوێ لە سەر ناوبراون تا ماوەی زیندان و بەندکرانی لێ درێژ بکەنەوەو نەهێڵن دەرەوەی زیندان ببینێ و درێژە بە تێکۆشانی مرۆڤدۆستانەی خۆی بدا.

دژ بەو هەڵسوکەوتە نامرۆڤانەیەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، محەممەد سەدیقی کەبوودوەند زیاتر لە دوو حەوتوویە کە دەستی داوەتە مانگرتن لە خواردن. ئەو کە لە ماوەی ٩ ساڵ زیندان و چەندین جاری دیکە مانگرتن لە خواردن تووشی کۆمەڵێک نەخۆشی وەک پرۆستات، چلککردنی ڕیخۆڵەو گورچیلە بووەو لە زینداندا چەند جار سەکتەی دڵ لێیداوە. هەموو ئەوانەش دەخوازن کە ئێمە لە سەر هەست بین، ببین بە دەنگی سەرۆکی مافی مرۆڤی کوردستان لە زیندان و یەکدەنگ و یەکگرتوو دژ بە زوڵم و ستەمی کۆماری ئیسلامی لە سەر کەبوودوەندو دیکەی زیندانیانی سیاسی و مەدەنیی کورد لە زیندانەکانی ئەم ڕێژیمە دا بوەستینەوە.

کەمپەینی "تا ئازادیی کەبوودوەند" بۆ ئەم مەبەستە دامەزراوە و چاوەڕوانیشە هەموو تاکی ئازادیخوازی کورد لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە ببێ بە دەنگی ئازادیخوازانە و مافخوازانەی کەبوودوەند و کەبوودوەندەکانی دیکەی ناو سیاچاڵەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئێمە وێڕای مەحکووم کردنی گوشار و ئازاری بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە سەر کەبوودوەند و هەوڵدان بۆ پەروەندەسازی بە مەبەستی هەرچی زیاتر درێژ کردنەوەی ماوەی دەستبەسەربوونی، خوازیاری ئازادیی سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و هەموو زیندانیانی سیاسی و مەدنیی بەندکراو لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامین.

محەممەدسدیق کەبودوەند، ڕۆژنامەنووس و سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان یەکی تەموزی ٢٠٠٧ لەلایەن وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی دەستگیر کرا و لەلایەن دادگای شۆڕشی ئیسلامی تارانەوە بە هەوڵدان لە دژی ئاسایشی نەتەوەیی لە ڕێگەی دامەزراندنی ڕێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤی کوردستان تاوانبار کرا و سزای ١٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا.

کەبودوەند ساڵی ٢٠٠٩ کاتێک لەناو زینداندا بەهۆی مانگرتن لە خواردن لەهۆش چوبوو و ڕەوانەی نەخۆشخانە کرابوو، لەلایەن ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤی جیهانییەوە خەڵاتی هێلمن/هەوڵدانی ئەو نووسەرانەی لەژێر ئەشکەنجەدان، پێ بەخشرا.

سەربارى ئەوەی کەبودوەند لە دۆخێکی تەندرووستی خراپدا دەژی، لەلایەن بەرپرسانی زیندانەوە ڕێگری دەکرێت لەژێر چاودێری پزیشکیدا بمێنێتەوە. بەگوێرەی لێدوانی بنەماڵەکەی بۆ میدیا ناوخۆییەکانی ڕۆژهەڵات، کەبودوەند لە دۆخێکی تەندرووستی خراپدایە و ناتوانێ بۆ ماوەی خولەکێک لەسەر پێ ڕابوەستێت. سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە گرتووخانەی ئەوین دەستبەسەر کراوە.

وشە / هەولێر - هیدایەت جان

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە / ڕێکەوتی: ٢٤ی مەی ٢٠١٦



## لە کەمپینێکدا داوای ئازادکردنی محەممەد سدیق کەبودوەند دەکرێ




* **ڕێکەوتی: ٢٥ی مەی ٢٠١٦:** کۆمەڵێک لە چالاکانی سیاسیی و مەدەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای مانگرتنی محەممەد سدیق کەبودوەند، سەرۆکی گیراوی مافی مرۆڤی کوردستان کەمپینێکیان لە ژێر ناوی " تا ئازادیی کەبودوەند" وەڕێ خستووەو داوا دەکەن ناوبراو ئازاد بکرێ.

محەممەد سدیق کەبودوەند زیاتر لە دوو حەوتوویە بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بە کردنەوەی پەروەندەیەکی ئەمنیەتی لە دژی لە دەزگای قەزایی مانی لە خواردن گرتوە، ئەویش لە حاڵێکدا کە بەهۆی ئەو کۆمەڵە نەخۆشییەی لە زیندان تووشی بووە، مانگرن بۆ ئەو زۆر خراپەو گیانی کەوتۆتە مەترسییەوە.

لە بەشێکی ڕاگەیەندراوی کەمپینەکە هاتوە کە لە گەڵ نیزیکبوونەوە لە وادەی کۆتایی ١١ ساڵ زیندانی سەپێندراو بە سەر محەممەد سدیق کەبوودوەندا، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەردەوام خەریکی دروستکردنی فایلی نوێ لە دژی ناوبراون تا ماوەی زیندان و بەندکرانی بۆ درێژ بکەنەوەو نەهێڵن دەرەوەی زیندان ببینێو درێژە بە تێکۆشانی مرۆڤدۆستانەی خۆی بدا.

لە درێژەی ڕاگەیەندراوەکەدا بە ئاماژە بە بارودۆخی جەستەییو ڕوحیی کەبودوەندو مەترسیی ئەو مانگرتنەی لە سەر گیانو سڵامەتیی ئەو، هاتوە: کە هەموو ئەوانە دەخوازن ئێمە خەڵکی کوردستان لە سەر هەست بین، ببین بە دەنگی سەرۆکی مافی مرۆڤی کوردستان لە زیندانو یەکدەنگو یەکگرتوو دژ بە زوڵمو ستەمی کۆماری ئیسلامی لە سەر کەبوودوەندو زیندانیانی سیاسیو مەدەنیی دیکەی کورد لە زیندانەکانی ئەم ڕێژیمەدا بوەستینەوە.



سەرچاوە
Serchawe



محەممەد سدیق کەبودوەند  رۆژی ١٠ ی پووشپەڕی ساڵی ٨٦ ی هەتاوی بە تۆمەتی هەوڵدان دژی ئەمنیەتی نیشتمانیی ئێران بەهۆی دامەزراندنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان دەسبەسەرو سزای ١١ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی و کورد / ڕێکەوتی: ٢٥ی مەی ٢٠١٦

# بانگەوازی سکرتاریای یەکیەتیی لاوان بۆ پشتیوانیو بەهاناوەچوونی محەممەد سەدیقی کەبوودوەند



* ڕێکەوتی: ٢٦ی مەی ٢٠١٦: یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بانگەوازێکدا دەڵێ محەممەد سەدیقی کەبوودوەند پێویستی بە پشتیوانی هەموومانە با فریای بکەوین.

ئەوەی خوارەوە دەقی بانگەوازەکەیە:

بانگەواز

محەممەد سەدیقی کەبوودوەند پێویستی بە پشتیوانی هەموومانە با فریای بکەوین

کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان!

داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ!



## کەبودوەند هێمای خەباتی مەدەنی ڕۆژهەڵات

محەممەد سەدیق کەبوودوەنـد، ڕۆژنـامەنووس و سـەرۆکی ڕێکخـراوی داکـۆکی لە مـافی مرۆڤـی کوردسـتان کە بەتـاوانی هەوڵـدان دژی ئەمنیەتـی میللی و پڕوپاگەنـدە دژی ڕێـژیم لە ڕێگـای دامەزرانـی ڕێکخراوێـک بـۆ داکـۆکی لە مـافی مـرۆڤ و پەیوەنـدی بە ڕێکخـراوە نێونەتەوەییەکـانی مـافی مرۆڤ و وتـوویژ لەگەڵ میدیـای بێگـانە، بە ١٠سـاڵ زینـدان لە ئێـران مەحکـوم کـراوە و هەنـووکە لەزینـدانی ئێڤـین دایە، لە دەورانـی زینـدانی خـۆی لە چوکترین مـافی هەر زینـدانییەکی ئاسـایی وەکـوو مەرەخەسـی، ملاقـات و دیـداری پزیشـک بێبەش کراوە. هەروەها بەهۆی ئەوەی لە زستانی سـاڵی ڕابـردوودا بەرپرسـانی زینـدان پەروەنـدەی ئەمنییەتـی نوێیـان لەسـەر دروسـت کـردووە، ٩ی بـانەمەڕی ١٣٩٥ی هەتـاوی بەرامبەر بە ٨ / ٥ / ٢٠١٦ بـۆ دووهەمـین جـار لە زینـدان مـانی لە خـواردن گرتـووە، ئەمە لەکاتێکدایە کە بەڕێز کەبودوەند سڵامەتی جەستەیی لە مەترسی دایە و لە زینداندا تووشی نەخۆشی دڵ و پرۆستات بووە.

مـانگرتنی ئەمجـارەی بەڕێـز کەبوودوەنـد وەکـی خـۆی باسـی کـردوە ڕوون نییە تـا چ کـاتێکە، ئەمەش مەترسـی لەسـەر ژیـانی ئەم چالاکوانەی مافی مرۆڤ هەیە و بەردەوامی ئەم مانگرتنە زۆر مەترسیدارە لەسەر ژیانی.

هەر بـۆیە داوا لە سـەرجەم کەسـایەتی و کـۆڕ و کـۆمەڵە مرۆڤدۆسـتەکان و هەمـوو نـاوەنـد و ڕێکخـراوەکـانی داکۆکیکـار لە مـافی مـرۆڤ دەکەین هەنگـاوی بە پەلە هەڵ بگـرن و هەمـوو هەوڵـی خۆتـان بـۆ گوشـارهێنـان بـۆ سـەرکۆماری ئیسـلامیی ئێـران بە کـار بێـنن بـۆ ئەوەی ڕێز لە داواکانی کەبوودوەند بگرێ و نەک هەر هەلـومەرجێکی باشـتری بـۆ ڕاگـرتنـی لە بەنـدیخانە دا پێـک بێنـێ، بەڵکـوو لە زینـدان ئازادی بکا و لەمەش زیاتر چاو بە سەرجەم سزا وبڕیارەکـانی خـۆی لە پێوەنـدی لە گەڵ چالاکـانی سیاسـی و مەدەنیـی بەنـدکراو دا، بخشێنێتەوە.

هەوڵـی ئێمە ئەوەیە کە پەیـامی مـانگرتنەکەی کەبوودوەنـد کە نـارەزایەتیـدەربڕین لە سـتەم و بێـدادی کـۆمـاری ئیسـلامییە، بە گـوێی بیروڕای گشتیی بگـات و خەڵکـی کوردسـتان و ئێـران و ویـژدانە زینـدووەکـان لە ڕادەی جیهـانی دا، ئەرکـی خۆیـان لە پێوەنـدی لە گەڵ بارودۆخی کەبوودوەند و داوا ڕەواکانی دا جێبەجێ بکەن.

یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

سکرتاریا

٢٦ / ٥ / ٢٠١٦

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی و کورد / ڕێکەوتی: ٢٦ی مەی ٢٠١٦



# کەمپینی تا ڕزگاریی کەبوودوەند دەستی بە کارەکانی کرد



*نزیکەی دوو هەفتەیە مانی لە خواردن گرتووە و گیانی لە مەترسی دایە*

**لەیلا قادری**

* **ڕێکەوتی: ٢٦ی مەی ٢٠١٦:** محەمەد سەدیق کەبوودوەند، سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان زیاتر لە دوو هەفتەیە مانی لە خواردن گرتووە و ژیانی لە مەترسی دایە.

محەمەد سەدیق کەبوودوەند، ڕۆژنامەنووس و سەرۆکی ڕێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان 9 ساڵە لە بەندیخانەیە و بە مەبەستی دەربڕینی نارەزایەتی بەرامبەر گوشاری بەرپرسە ئەمنییەکانی ئێران لە بەندیخانە، زیاتر لە دوو هەفتەیە، سەرەڕای ئەوەی بەدەست چەندین نەخۆشییەوە ئازار دەکێشێ، مانی لە خواردن گرتووە.

کەمپینی (تا ڕزگاریی کەبوودوەند)، گوشارەکانی بەرپرسە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر کەبوودوەند ئیدانە دەکات و داوا لە هەموو چالاکوان و مرۆڤ دۆستێک دەکات لە سەرانسەری جیهان، بۆ ئازادیی کەبوودوەند دەنگیان بخەنە پاڵ ئەو کەمپینە و لەڕێگەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کار بۆ ئازادی ئەو چالاکوانە بکەن.

هەرچەندە تا ئێستا چالاکوانانی مەدەنی و سیاسیی ناوخۆ و دەرەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات چەندین کەمپینیان بۆ ئازادیی کەبوودوەند وەڕێخستووە، بەڵام دەزگای دادوەریی کۆماری ئیسلامیی ئێران تۆمەتی زیاتری داوەتە پاڵ و بەگوتەی چاودێرانی مەدەنیش، بەرپرسە



ئەمنییەکانی بەندیخانە لەو ماوەیەدا کە کەبوودوەند لە بەندیخانە بووە، هەموو شێوەکانی ئازار و ئەشکەنجەیان لەسەر ئەو چالاکوانە تاقی کردووەتەوە، بەڵام بەم حاڵەش کەبوودوەند درێژەی بە بەرگریکردن لە مافی مرۆڤ لە کوردستانی رۆژهەڵات داوە.

پرۆسەی دادگایی کەبوودوەند ماوەی چوار مانگە دەستی پێکردووە و تا ئێستا سێ جار بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ تێکدانی ئاسایشی نیشتمانی دادگایی کراوە.

بەگوتەی بەڕێوەبەرانی کەمپینی تا رزگاری کەبوودوەند، ئێستا کە ئەو چالاکوانە کەلە کۆتایی سزاکەی کە ١١ ساڵ بەندکردن نزیک دەبێتەوە، بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دۆسیەی دیکەی بۆ دروست دەکەن و خەریکن تۆمەتی زیاتری دەدەنە پاڵ و مەبەستیشیان ئەوەیە کە ماوەی بەندکردنەکەی درێژ بکەنەوە.

کەمپینی تا رزگاریی کەبوودوەند و رێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان، سەبارەت بە بارودۆخی خراپی باری تەندروستیی محەمەدسەدیق کەبوودوەند، هۆشداری دەدەن و دەڵێن: "تا ئێستا بەهۆی بارودۆخی خراپی تەندروستییەوە چەندین جار رەوانەی نەخۆشخانەی کراوە."

پێشتر دادگای ئینقلابی ئیسلامیی تاران، سزای ١٠ ساڵ و ٦ مانگ بەندکرانی بۆ کەبوودوەند دەرکردبوو، بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی ئەو تۆمەتانەی بەم دواییە دراوەتە پاڵی و بەوەی کە بۆ جارێکی دیکە بەبێ ئامادەبوونی پارێزەر دادگایی کراوە، بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران نایانەوێ دوای تەواوبوونی حوکمەکەشی ئازاد بکرێت.

ئەوە لە کاتێک دایە کە محەمەدسەدیق کەبوودوەند، چالاکوانی سیاسیی کورد، لە بەندیخانە تووشی چەندین نەخۆشی وەکوو نەخۆشییەکانی دڵ و خوێنبەرەکان، گورچیلە و پرۆستات بووە و مانگرتن لە خواردنیش گیانی خستووەتە مەترسییەوە.

محەمەدسەدیق کەبوودوەند مانگی ١١ی ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە دەستبەسەر کراوە و لە دادگای ئینقلابی ئیسلامیی تاران، بە تۆمەتی "هەوڵدان بۆ تێکدانی ئاسایشی نیشتمانی" لەرێگەی دامەزرانی رێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان، سزای ١٠ ساڵ و ٦ مانگ بەندکردنی بۆ دەرچووە.

هاوکات بەهۆی کەیسی تایبەت بە چالاکیی رۆژنامەنووسی، ئەو دادگایە سزای ساڵێک بەندکرانی هەڵپەسێراو و ٥ ساڵیش دوورخستنەوە لە کاری رۆژنامەنووسی بۆ دەرکردووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باس نیوز / رێکەوتی: ٢٦ی مەی ٢٠١٦



# بۆ دووهەمین جاری کەبوودوەندیان بۆ نەخۆشخانە گواستەوە




* رێکەوتی: ٢٦ی مەی ٢٠١٦: محەممەدسەدیق کەبوودوەند، رۆژنامەنووسو چالاکی مافی مرۆڤ کە لە زینداندا بۆ چەندەمین جار مانی لە خواردن گرتووە، بۆ دووهەمین جار بۆ نەخۆشخانە گواسترایەوە.

پەریناز باغەبان حەسەنی، هاوسەری کەبوودوەند راگەیاندوە کە ئەم بەندکراوە سیاسییە پاش ١٨ رۆژ مانگرتنو خوێنرێژیی مێعدە بۆ دووهەمین جار بەرێی نەخۆشخانە کراوە.

بە قسەی ناوبراو کێشی کەبوودوەند بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوەو ناتوانێ هاوسەنگیی خۆی لە رێ رۆیشتنو قسەکردندا رابگرێو هەروەها ئازاری گورچیلەو جەرگیش برستی لێبڕیوە.

محەممەد سەدیق کەبوودوەند بەو وەزعە نالەبارە جەستەییە رۆژی سێشەممەی جۆزەردان بۆ دادگای شۆڕش نێردراوەو بە بێ هەبوونی پارێزەر دادگایی کراوە.

خاتوو پەریناز حەسەنی لەو پێوەندییەدا دەڵێ تۆمەتێکی دیکەیان لە ژێر ناوی پرۆپاگەندە دژی رێژیم بەسەر کەبودوەندا سەپاندوە.

هاوسەری محەممەد سەدیق کەبوودوەند گوتی رۆژی شەممە کە بۆ یەکەم جار بۆ نەخۆشخانە گواسترابۆوە پێداگریی کردبۆوە کە





تەنانەت دەرمانی بەهێزبوونەوەش ناخۆم، چونکە مانم لە خواردن گرتوە بەڵام چۆن پێداگرییان د کە سیرۆمی لێبدرێ و نەیهێشتو هەر بۆیە دووبارەی بۆ نەخۆشخانە گەڕێندرایەوە.

محەممەد سەدیق کەبوودوەند، سکرتێری گشتیی، ڕێکخراوی بەرگریی لە مافەکانی مرۆڤی کوردستان و سەرنووسەری ڕۆژنامەی داخراوی "پەیامی مەردۆم" لە مانگی پووشپەڕی ٨٦ لە زیندان دایەو تا ئێستا چەندین جار مانی لە خواردن گرتووە. ناوبراو لە بەندیخانەدابوو کە خەڵاتی نێودەوڵەتیی پێ بەخشرا، هەروەها تەنیا جارێک مەرەخەسی پێدراوە ئەویش بە هۆی نەخۆشیی کوڕەکەی و بە مەرجی شکاندنی مانگرتنەکەی.

کەبوودوەند بە تۆمەتی وەک هەوڵدانی دژی ئەمنیەتی میللی و پڕوپاگەندە دژی کۆماری ئیسلامی حوکمی ١٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا.

شایانی باسە ئەمساڵ لە بەرەبەری ڕۆژی جیهانیی ئازادی ڕاگەیاندن، ئامریکا داوای کرد کە کەبوودوەند و هەموو ڕۆژنامەنووسانی دیکە لە زیندانەکانی ئێران ئازاد بکرێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی و کورد / ڕێکەوتی: ٢٦ی مەی ٢٠١٦

## چالاکانی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەمەڕ ئازادبوونی کەبوودوەند، بەیاننامەیەکیان بڵاو کردەوە







* **ڕێکەوتی: ٢٧ی مەی ٢٠١٦:** چالاکانی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ڕەوشی نالەباری محەممەدسەدیق کەبوودوەند، ڕۆژنامەوان و باوکی مافی مرۆڤی کوردستان ڕاگەیێندراوێکیان بڵاو کردەوە.

چالاکانی کورد لەو ڕاگەیێندراوەدا، وێڕای ئاماژە کردن بە دۆخی نالەباری کەبوودوەند، دوای تێپەڕبوونی ٢١ ڕۆژ لە مانگرتن لە خواردن، دووپاتیان کردەوە کە تا ئازادیی کەبوودوەند دەست لە پشتیوانی و چالاکییەکانیان هەڵناگرن.

دەقی ڕاگەیێندراوی چالاکانی ناوخۆ لەو بارەوە بە شێوەی خوارەوەیە:

ڕاگەیەندراوی چالاکانی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

سەرۆکی بەند کراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان ئەمڕۆ ٢١ ڕۆژە مانی لەخواردن گرتۆە.
خەڵکی بەشەرەفی کوردستان.
کەمپەینی داکۆکی لە کەبوودوەند.
ڕێکخراوە نێونەتەوەیەکانی مافی مرۆڤ.
لایەنە سیاسێکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سڵاو و ڕێز.

تا گەیشتن بە ئامانجەکانی محەممەد سەدیق کەبوودوەند،بەرپرسی بەندکراوی رکخراوی مافی کوردستان دەست لە پشتیوانی کردنەکانتان هەڵمەگرن.
خوێنەرانی خۆشەویست.
ژیانی محەممەد سەدیق کەبوودوەند لە مەترسیدایە.
هاوڕێیانی خوێنەر:

هەر وەک ئاگادارن سەرۆکی بەند کراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان،لە بەندی ٣٥٠ی،گرتووخانەی ئەڤینی تاران،بەهۆی زەخت خستنە سەروو، پلانگێری دەزگای قەزای کۆماری ئیسلامی ئێران لەرۆژی یتکشەمە ١٩ی بانەمەڕی ١٣٩٥ وە دەستی بە مانگرتن کردۆە.
ڕۆژی سێشەمە ٤ی جۆزەردانی ١٣٩٥ لە کاتی مانگرتن لە خواردن دا،لەلایەن لقی ٢٨ی دادگای شۆرشی،تارانەوە،بە دانی تاوان لەگەڵ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات،محەممەد سەدیق کەبوودوەند،دادگای کراوە و بە ١٠ساڵ بەند کردن لە گرتووخانە سزا دراوە.



ئەوە لەحاڵێک دایە کە کەبوود وەند دژی ئەو پلانە دارێژدراوە دەستی بە مانگرتن کردوە و تا ئەمرۆ دوو دەفعە ڕەوانەی نەخۆشخانەی امام خمینی تاران کراوە.

دکتوری کەبوود وەند ڕایگەیاندو کە بەهۆی ئەم مانگرتنە زەربەی لە تارە عەسەبیێکانی کەوتو و لەئەگەری بەردەوامی لە مانگرتن مەترسی زۆر زیاتر دەکەوێتە سەر جەستەی سەرۆکی بەند کراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان.

ئێمە چالاکانی ناوخۆ نارەزایەتی خۆمان لەمەڕ دادگای کردنی کەبوود وەند ڕادەگەیەنین و داواکارین لە

خەڵکی بەشەرەفی کوردستان

کەمپەینی داکۆکی لە کەبوودوەند

رێکخراوە نێونەتەوەیەکانی مافی مرۆڤ

حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان

لە مەڕ ئەو پێشێلکاریێ کە لەسەر کەبوودوەند بەرێوە چۆە بێدەنگ نەبن و پاڵپشتی لەو نارەزایەتیی ئێمە چالاکانی ناوخۆ بکەن.
پشتیوانی کردن لە کەبوودوەند ئەرکێکی ئینسانی و نەتەوایەتیێ.

ئێمە چالاکانی نێوخۆ ڕادەگەیەنین کە چی تر ئیزن بە دەزگای قەزای کۆماری ئیسلامی نادەین ویست و داخوازێکانی کەبوود وەند لە پێش چاو نەگرێ و دەنگی نارەزایەتی خۆمان دەگەیێنینە گوێی هەموو نێونەتەوەیەکان و داواکاری ئازادی کەبوود وەندین.

سەرچاوە: ماڵپەری ڕۆژی کورد / ڕێکەوتی: ٢٧ی مەی ٢٠١٦



# داواکاریی چالاکانی مەدەنی- سیاسی: لە مەهاباد بە وێنەی کەبودوەندەوە پێشوازی لە رووحانی بکرێت




* **رێکەوتی: ٢٨ی مەی ٢٠١٦**: بڕیارە رۆژی دووشەممە، ٩ی جۆزەردان، رووحانی سەردانی پارێزگای ورمێ و شاری مهابد بکات، بەو بۆنەوە چالاکانی مەدەنی - سیاسی داوا دەکەن خەڵک لە مەهاباد بە وێنەی کەبودوەندەوە پێشوازی لە رووحانی بکەن.

چالاکانی سیاسی لایان وایە کە رژیم بە هەر هەموو شێوەیەک هەوڵدەدا خەڵک بۆ پێشوازی رووحانی ڕابکێشێ هەر بۆیەش پێویستە لێرەدا چارەنووسی ئەم گەمە بە ئاقارێکدا بگۆڕدرێ کە بەرژەوەندیی نیشتمانی لێبکەوێتەوە، هەر بۆیە ئەو چالاکانە لایوان وایە سازکردنی جبهەبەندی لە کۆمەڵگا لە بەرژەوەندیی لایەنی کوردیدا نیە. بەو مانایەک کە بەیانی لۆمەیان بکەین کە بۆ رۆیشتن بۆ پێشوازیی رووحانی، بەڵکوو پێویستە رێگاچارەیک بدۆزرێتەوە کە ئەوەی ئەوان دەیانهەوێ، پێچەوانە بکرێتەوە.
بۆیە بە بێ هیچ جیاوازییەک داوا لە خەڵکی مەهاباد دەکەین کە بەم رەفتارە شارستانیانەیە وێنایەکی یەکگرتوو و پڕ مانا بدەن بە سەرۆک کۆماری رژیمی کۆماری ئیسلامی.

چالاکانی سیاسی - مەدەنی لایان وایە کە ئەو رەفتارە، رەفتارێکی مەدەنی و چەشنی هەرە بەرزە لە خەباتی مەدەنی کە تێیدا هەم پێشوازی کراوە و هەم داواکارییەکی رەوا و گشتی کە دەتوانێ دەنگدانەوەیەکی جیهانی هەبێ، پێشکەش کراوە.

چالاکانی مەدەنی-سیاسی هەروەها داوا لە حیزبەکان دەکەن هاوکاریان بن و دەڵێن: "داوا دەکەین لە هەر هەموو پارتە سیاسییەکانی کوردستان، چالاکانی ناوخۆ و هەموو ئەوانەی خۆیان بە خاوەنی خۆرهەڵات دەزانن، داوا لە خەڵک بکەن بە وێنەی کەبوودوەندەوە پێشوازی لە رووحانی بکەن."

شایانی ئاماژەیە کە لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا لەلایەن چالاکانی دەرەوە و ناوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی رەوشی نالەباری محەممەدسەدیق کەبوودوەند، رۆژنامەوان و باوکی مافی مرۆڤی کوردستان، کەمپەینێک بەناوی "تا ئازادیی کەبوودوەند" لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەرێخراوە.

ئەندامانی کەمپەین وێڕای ئاماژە کردن بە دۆخی نالەباری کەبوودوەند، دوای تێپەڕبوونی ۲۲ رۆژ لە مانگرتن لە خواردن، دووپاتیان کردەوە کە تا ئازادیی کەبوودوەند دەست لە پشتیوانی و چالاکییەکانیان هەڵناگرن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژی کورد / رێکەوتی: ۲۸ی مەی ۲۰۱٦

---

## چالاکانی سیاسی و مەدەنیی رۆژهەڵات داوا لە هەرێمی کوردستان دەکەن لە هەمبەر کەبوودوەند بێدەنگ نەبن



* رێکەوتی: ۲۹ی مەی ۲۰۱۶: بەپێی راگەیێندراوێک کە نووسخەیەکی بۆ رۆژی کورد ناردراوە،کۆمەڵێک چالاکوانی سیاسی، مەدەنی، رۆژنامەنووس و نووسەری کوردستانی رۆژهەڵات، داوا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستانی باشوور و بنکە و چەند بنکەیەکی هەرێمی کوردستان دەکەن تا لە هەمبەر دۆخی، رۆژنامەنووس و باوکی مافی مرۆڤی کوردستانی خۆرهەڵات کە لە ۲۲ هەمین رۆژی مانگرتن لە خواردن، مەترسی مەرگ و جەڵتەی دڵی لەسەرە، بێدەنگ نەبن.

دەقی راگەیێندراوی کۆمەڵێک چالاکوانی سیاسی، مەدەنی، رۆژنامەنووس و نووسەری کوردستانی رۆژهەڵات، بە شێوەی خوارەوە:





**هاواری بەندکراوێکی کورد لە زیندانەکانی ئێرانەوە**

**بۆ باشووری نیشتمان!**

**با بێ هەڵوێست و بێدەنگ نەبین، دەنا شەرمەزاری ویژادنی نەتەوەییمان دەبین.**

- **سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان!**
- **ئەنجومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان!**
- **سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستانی باشوور!**
- **پارت و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکانی باشوور!**
- **دەستەی باڵای مافی مرۆڤی کوردستان!**
- **ڕێکخراو و دامودەزگا مەدەنییەکان!**
- **سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان!**
- **نووسەر، مامۆستا، ڕۆشنبیر، خوێندکار و کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان!**
- **جەماوەری وریا و بە هەڵوێستی کوردستانی باشوور!**

**هەروەک ئاگادارن "محەمەدسدیق کەبوودوەند" چالاکی سیاسی و سەرۆکی زیندانی کراوی ڕێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان کە ماوەی نۆ ساڵە لە تەنیا لەپێناو چالاکیی مەدەنی و مافی مرۆڤ و پێداگری لە کەرامەتی ئینسانیی کورد و کوردستان لە زیندانەکانی کۆماری ئسیلامیی ئێران دەستبەرسەرە، لە نارەزایی بە پێشێلکارییەکان، زەخت و گوشار بۆ سەری و سازکردنی دۆسیەی ساختە، ماوەی زیاتر لە ٢٠ ڕۆژە مانی لە خواردن گرتووە و گیانی لە مەترسی دایە.**

**ئەم ڕۆژنامەنووسە کوردەی کوردستانی ڕۆژهەڵات، کەلە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەمبەر هیچ داوا و داخوازییەکی ناڕەوادا ملکەچ نەبووە، بووەتە هێمای خۆڕاگری و بوێریی نەتەوەکەی و ئێستاش بەو هۆیەوە وا خەریکە لەگەڵ مەرگ دەست و پەنجە نەرم دەکات بەڵام بەو حاڵەشەوە بەرگری لە کەرامەتی ئینسانیی کورد دەکات، بۆ ئەم مەبەستە لە ئاستی ڕێکخراوە نێودەوڵەتتییەکاندا بووەتە سیمبۆلێک و چەندین خەڵاتی پێ بەخشراوە، بەڵام بەداخەوە لەناو بەشێک لە نەتەوەکەی خۆی کە جەماوەی کوردستانی باشوورە، نەناسراوە و تەنیا لە ئاستی میدیادا و بە شێوەیەکی لاوەکی و تەنیا بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی هەواڵ ئاوڕی لێدراوەتەوە، و لە ئاستی پلە باڵا و لایەنە بەرپرسیارە فەرمییەکانی حکوومەتدا تەنیا بۆ جارێکیش پرس و دۆسیەی ئەم چالاکوانە کوردە نەخراوەتە بەرباس و هەوڵی پشتگیری و کارئاسانی بۆ ئازادکردنی بدرێت. ئەمە ئەرکێکی کە نیشتمانی و نەتەوەییە و ناکرێ لە چوارچێوەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا ببەسترێتەوە و لێی بێدەنگ بین.**

**بۆیە ئێمە وەک کۆمەڵێک چالاکوانی سیاسی، مەدەنی، ڕۆژنامەنووس، نووسەری کوردی ڕۆژهەڵات لەم دۆخە هەستیارەدا لە کاتێکدا**



## کەبودوەند هێمای خەباتی مەدەنی رۆژهەڵات

محەمەدسدیق کەبوودوەند لە پێناو خەبات بۆ ئازادی و پرسی مافی مرۆڤ و گەڕاندنەوەی کەرامەتی نەتەوەیی کورد نۆ ساڵ تەمەنی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی تێپەڕاندووە و ئیستاش گیانی لە مەترسیی مەرگ (جەڵتەی دڵ) ڕووبەڕووی بووەتەوە.

داوا دەکەین بە دەنگ هەڵبڕین و شکاندنی بێدەنگیی چەندین ساڵە هاوار و دەنگتان بخەنە پاڵ دەنگی ئێمە و بۆ ئازادیی ئەم تێکۆشەرە کوردە هەموو هەوڵێکی خۆتان بخەنە گەڕ و بە زەخت و گوشار هێنان لە بەرپرسانی دادوەری و پەیوەندیداری کۆماری ئیسلامی لەڕێگە گونجاوە، گیانی محەمەدسدیق کەبوودوەند لە مەرگ رزگار بکەن.

گەر ئێستا دەنگ هەڵنەبرین و هاواری مافخوازی و خەباتی ڕەوایی کەبوودوەند بە گوێی دونیا نەگەیەنین، لە داهاتوودا شەرمەزاری مێژوو و ویژدانی کۆمەڵگەی وریای کوردستان دەبین.

با بە (بەڵێ) بۆ ڕزگارکردنی گیانی محەمەدسدیق کەبوودوەند و ئازادیی یەکجاریی لە زیندان یەکدەنگ و هاوهەڵوێست بین.
با ڕێکخراوە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان بە گرتنەبەری ڕێکارە مەدەنی و ئاشتیخوازانەکان (وەرێخستنی کەمپین، ڕێپێوانی جەماوەری) ببنە پاڵپشتی هاوار و دەنگی کوردانی ڕۆژهەلات بۆ رزگارکردنی گیانی محەمەدسدیق کەبوودوەند.

کۆمەڵێک چالاکوانی سیاسی، مەدەنی، ڕۆژنامەنووس و نووسەری کوردستانی ڕۆژهەلات

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد / ڕێکەوتی: ٢٩ی مەی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe



## داوای کۆمەڵێک چالاکی مەدەنیو سیاسی لە دەزگای قەزایی لەبارەی ئازادکردنی کەبودوەند




* ڕێکەوتی: ۲۹ی مەی ۲۰۱۶: کۆمەڵێک لە چالاکانی سیاسی، مەدەنیو داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ لە نامەیەکدا داوای ئازادکردنی محەممەد سدیق کەبودوەندیان لە دەزگای قەزایی ئێران کردوە.

ئەوان لەو نامەیەدا هەروەها داوایان لە کەبودوەند کردوە کۆتایی بە مانگرتنەکەی بێنێ.

لەو نامەیەدا بە ئاماژە بە مانگرتنی محەممەد سدیق کەبودوەند بۆ نارەزایەتیدەربڕین بە کردنەوەی پەروەندەیەکی ئەمنیەتی لە دژی ئەو هاتوە: ئێمە کۆمەڵێک لە چالاکانی سیاسی، مەدەنیو داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ چاوەڕوانیی ئەوەمان لە بەرپرسانی دەزگای قەزایی هەیە کە بە سەرنجدان بەو نەخۆشییە قورسانەی کەبودوەند لە زیندان تووشیان بووەو هەروەها نەخۆشیی سەختی کوڕەکەیو هەروەها تێپەڕکردنی زیاتر لە نیوەی ماوە سزاکەی بوار بۆ ئازادکردنی ئەو ڕۆژنامەنووسو چالاکەی مافی مرۆڤ خۆش بکرێ.
لە کۆتایی نامەکەشدا داوا لە محەممەد سدیق کەبودوەند کراوە کە کۆتایی بە مانگرتنەکەی بێنێو بنەماڵەو کەسوکارو خەڵکی کوردستانو مرۆڤدۆستەکان لەو نیگەرانییە دەربێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی و کورد / ڕێکەوتی: ۲۹ی مەی ۲۰۱٦

# باوکی مافی مرۆڤی کوردستان گیانی کەوتۆتە مەترسییەوە



* ڕێکەوتی: ٢٩ی مەی ٢٠١٦: محەمەد سدیق کەبوودوەند کە بەهۆی مانگرتنی زیاتر لە ٣ حەفتەوە تووشی دابەزینی کێش و لاوازیی جەستەیی هاتبوو، هەنووکە دۆخی جەستەیی خراپتر بووەو ئەمەش نیگەرانیی بۆ بنەماڵە و کەس و کار و چالاکانی مافی مرۆڤ درووست کردووە.

بیست و دوو ڕۆژ بەسەر مانگرتنی محەمەد سدیق کەبوودوەند ڕۆژنامەنووسی زیندانیی کورددا تێپەڕ دەبێت، کە بەو هۆیەوە تووشی دابەزینی فشاری خوێن بووەو لە ئەنجامدا بێهۆش کەوتووە کە لە نەخۆشخانەی تاڵەقانیی شاری تاران و لە بەشی چاوەدێریی گشتیدا خرابێتە ژێر چاوەدێرییەوە.

پزیشکانی نەخۆشخانەی تاڵەقانی ڕایانگەیاندووە لە ئەگەری بەردەوامیی مانگرتنەکەی ئەگەری زۆرە جەڵتەی دڵ بۆسەر محەمەد سەدیقی کەبوودوەند ڕوو بدات کە لە ئێستادا پێویستە بۆ بەشی چاوەدێریی تایبەتی ڕەوانە بکرێت و داوایان لە بنەماڵەی کەبوودوەند کردووە کە دەبێ بە زووترین کات کۆتایی بە مانگرتنەکەی بێنێت.

کەبوودوەند لە ڕۆژی ١٩ای مانگی بانەمەڕی ئەمساڵەوە (١٣٩٥) بە نیشانەی ناڕەزایەتی دەربڕین بە دۆسیەسازی و ڕەت کردنەوەی ماددەی ١٣٤ ی قانوونی سزادانی ئیسلامی مانی لە خواردن گرتووەو داوای کردووە بە زووترین کات ئازاد بکرێت.

بەپێی ماددەی ١٣٤ای یاسای سزادانی ئیسلامی پەسندکراوی ساڵی ٩٢ لە ئەگەری کەڵەکەبوونی تاوانەکان، تەنیا حوکمی ١٠ ساڵ





زیندانییەکەی کەبوودوەند دەبێ جێبەجێ بکرێ و ئەو حوکمە ٦ مانگەیەی دەبێ لەسەر لابچێت.

کەبوودوەند ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٤ی جۆزەردان لەلایەن لقی ٢٨ی دادگای ئینقلابی تارانەوە بە سەرۆکایەتی دادوەر موقەیسە بە تۆمەتی چالاکیی تەبلیغی دژی نیزام دادگایی کرا.

کەبوودوەند کە مانگی ١٠ای ١٣٨٦ی هەتاوییەوە دەستبەسەر کراوە، کە بە تۆمەتی هەوڵدان بە دژی تەناهیی نیزام لە ڕێگەی پێکهێنانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، حوکمی ١٠ ساڵ زیندانی کردنی بۆ بڕایەوە و بە تۆمەتی تەبلیغ بەدژی نیزام و پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کووفی عەنان سەرۆکی پێشووی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، حوکمی یەک ساڵ و سەرجەم ١١ ساڵ زیندانی کرانی بۆ برایەوە.

حوکمی ١١ ساڵ زیندانی کرانی کەبوودوەند لەلایەن لقی ٥٦ی دادگای پێداچوونەوەی تارانەوە بۆ ١٠ ساڵ زیندانی کەم کرایەوەو هەنووکە لە بەرەبەری تەواوبوونی حوکمەکەیدا، لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی ئیسلامیی ئێرانەوە بەرەوڕووی پەروەندە سازیی نوێ بۆتەوە.

کەبوودوەند کە بە باوکی مافی مرۆڤی کوردستان ناسراوە، لە دۆسیەی تایبەت بە "تێکدانی ڕای گشتی" لە ڕێگەی بڵاو کردنەوەی وتار لە حەفتەنامەی "پیام مردم (دەنگی کۆمەڵ)" لەلایەن لقی ای دادگای ئینقلابی سنەوە ١ ساڵ زیندانی کران و ٥ ساڵ قەدەغە کرانی چالاکیی ڕۆژنامەوانیی و داخرانی ئەو حەفتەنامەیەی بەسەردا سەپابوو.

لەماوەی ڕابردووشدا جۆن کێربی گوتە بێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاندبوو" محەمەد سەدیق کەبوودوەند ماوەی نزیک بە ١٠ ساڵە لە زیندانە و پێویستە حوکمەکەی داشکێندرێ و لە زیندان ئازاد بکرێت.

پێدەچێت لە ڕۆژانی داهاتوودا و لەسەر بانگەوازی چالاکانی سیاسی و مەدەنی، لە کاتی سەردانی حەسەن ڕۆحانیدا بۆ کوردستان، هاووڵاتییان بە هەڵگرتنی وێنەی محەمەد سەدیق کەبوودوەند داوای ئازادیی ئەو چالاکەی مافی مرۆڤییە لە ڕژێمی ئیسلامیی ئێران بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد / ڕێکەوتی: ٢٩ی مەی ٢٠١٦



# داوای کۆمەڵێک لە چالاکانی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مەسعود بارزانی لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی کەبودوەنددا



* ڕێکەوتی: ۳۰ی مەی ۲۰۱۶: کۆمەڵێک لە چالاکانی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی محەممەد سدیق کەبودوەنددا داوایەکیان بەرەوڕووی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کردۆتەوە.

لەو نامەیەدا هاتووە کە ئێمە وەکوو کۆمەڵێک لە چالاکانی مەدەنیو مافی مرۆڤو ڕۆژنامەنووسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوا لە جەنابتان وەکوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین، کە لەسەردانە چاوەڕوانکراوەکەتاندا بۆ ئێران داوای ئازادکردنو پێداچوونەوە بە دۆخی محەممەد سدیق کەبوودوەند، سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە بەرپرسانی تاران بکەن.

لە درێژەی ئەو نامەیەدا بە ئاماژە بە ۹ ساڵ بەندکرانی کەبودوەندو باس لە مانگرتنەکەی بەهۆی ناڕزایەتی دەربڕین بە کردنەوەی پەروەندەیەکی دیکە لە دژی ناوبراو لە دەزگای قەزاییدا، هاتووە کە: جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان محەمەد سدیق کەبوودوەند هەموو چالاکییەکانی لە بواری ڕۆژنامەنووسی، هەڵسوڕانی مەدەنیو مافی مرۆڤدا بووەو، لە دەرەوەی سیاسەت باسی لە گرفتو داوا مەدەنییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردوە، هەر ئەوەش وایکردوە کە ئێستا لە زیندانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بمێنێتەوە.

لە کۆتایی نامەکەدا هاتوە کە بەڕێز مەسعود بارزانی، ئێمە وەکوو چالاکانانی مەدەنیو مافی مرۆڤو ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوامان لە جەنابتان ئەوەیە کە لەسەردانە چاوەروانکراوەکەتاندا بۆ تارانو دانیشتن لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران داوای پێداچوونەوە بە دۆخی باوکی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئازاد کردنی کەبوودوەند بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی و کورد / ڕێکەوتی: ۳۰ی مەی ۲۰۱۶



## ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بە بۆنەی هەبوونی مەترسی لەسەر گیانی کەبوودوەند




* **ڕێکەوتی: ٣٠ی مەی ٢٠١٦:** دۆخی جەستەیی محەممەد سەدیق کەبوودوەند بە درێژتربوونەوەی ماوەی مانگرتن لە خواردنەکەی و کۆڵنەدانی بوێرانەی، هەر دێت و بەرەو ئاڵۆزی دەڕوات، ئەمرۆ تەنانەت هەواڵدەرییەکانێش لە بێدەنگیدا ماونەتەوە و هیچ زانیارییەک لە دۆخی باوکی مافی مرۆڤی کوردستان لەبەردەستدا نیە، کۆمەڵەی زەحمەت کێشانی کوردستان، بۆ پشتیوانی لە محەممەد سدیق کەبوودوەند، ڕۆژنامەوان و باوکی مافی مرۆڤی کوردستان، بەیاننامەیەکی داوە و تێیدا داوای زیاتربوونی هەوڵی هەمەلایەنە بۆ ڕزگار کردنی ژیان و گیانی محەممەد سدیق کەبوودوەند دەکات.

دەقی ڕاگەیێندراوی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بەو شێوەیە:

ڕاگەیاندنی کۆمەڵە .. گیانی محەمەدسدیق کەبودوەند لە مەترسیدایە

ماوەی چەند هەفتەیە لەمانگرتنی محەمەدسدیق کەبودوەند بەرپرسی ڕێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی تێدەپەرێت. هەروەک هەمووان ئاگادارین باری تەندروستی کەبودوەند زۆر خراپە و هەنووکە لە نەخۆشخانە بە سەر دەبات. ناوبراو لە نارەزایەتی بە ئەو تۆمەتانەی کە لەم دواییانە خراوەتە پاڵی لە ١٩ای گۆڵانی ئەمساڵەوە دەستی دایە مانگرتن لە خواردن.

محەمەد سدیق کەبودوەند لە پووشپەری ساڵی ١٣٨٦ای هەتاوی لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعات لە شاری سنە قۆڵبەست کرا و دواتر لە دادگاکانی ڕژیم بە تۆمەتی هەوڵدان دژی ئەمنیەتی نەتەوەیی و پەیوەندی لە گەڵ ڕێکخراوە جیهانیەکانی مافی مرۆڤ بە ١١ ساڵ زیندان مەحکوم کرا.



## کەبودوەند هێمای خەباتی مەدەنی رۆژهەڵات

محەمەد سدیق کەبودوەند لە ماوەی ئەم چەند ساڵە لە زیندان بەرەورِووی گەلێک ئازار و بێبەشبوون لە دیداری بنەماڵە تا پێشگرتن لە چارەسەری نەخۆشیەکەی بووەتەوە و بەردەوام خراوەتە ژێر گوشار و ئەزیەت. بەڵام ناوبراو هەمیشە بە خۆراگری و خەباتی خۆی بەرەنگاریان بووەتەوە. بەرخۆدان و خەباتی ئەو لە نێو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی جێی رێز و پێزانینە و پێداگری لە سەر بەرگری کردن لە مافی گەلی کورد و مافی مرۆڤ لە بەرانبەر درندەترین رژیم و پەرەدان بە کلتوری خەباتی مەدەنیانەیە.

ئەمرۆ پێویستە کە هەموو رێکخراوە جیهانیەکانی مافی مرۆڤ، بەرگری لە زیندانیانی سیاسی، حزب و لایەنە کوردستانیەکان و هەموو چالاکانی ئەم بوارە دەنگی نارەزایەتی بەرز بکەنەوە و خوازیاری ئازادی بێمەرجی دامەزرێنەری رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان محەمەدسدیق کەبودوەند لە زیندانەکانی رژیمی کۆماری ئیسلامی بن. هەموو هەوڵ و تەقالاکانمان وەگەر بخەین بۆ رزگار کردنی کەبودوەند لە مەرگ.

هیاتی ئیجرایی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

١٠ی جۆزەردانی ١٣٩٥ی هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژی کورد / رێکەوتی: ٣٠ی مەی ٢٠١٦

# گیانی محەممەد سدیق کەبودوەند کەوتۆتە مەترسییەوە



* **رێکەوتی: ٣٠ی مەی ٢٠١٦:** رێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان دەڵێ بارودۆخی سڵامەتیی محەممەد سدیق کەبودوەند، رۆژنامەنووسو چالاکی مافی مرۆڤی بەندکراو لە زیندانی ئێڤین بەهۆی بەردەوامیی لە مانگرتنەکەی زۆر خراپەو گیانی کەوتۆتە مەترسییەوە.

رێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان کە محەممەد سدیق کەبودوەند بۆ خۆی لە دامەزرێنەرانیەتی، لە راگەیەندراوەکەیدا دەڵێ کەبودوەند لە بیستو دوومین رۆژی مانگرتنەکەیدا بەهۆی دابەزینی فشاری خوێن لە هۆش چووەو جارێکی دیکەش بەرێی نەخۆشخانە کراوەتەوە. لە درێژەی ئەو راگەیەندراوە خەبەرییەدا هاتوە کە پزیشکەکانی نەخۆشخانە بە راشکاوی گوتویانە بەرێز کەبودوەند لەئەگەری بەردەوامیی مانگرتنەکەیدا تووشی سەکتەی دڵ دەبێ؛ هەر بۆیەش داوایان لە بنەماڵەی ناوبراو کردوە قایل بە شکاندنی مانگرتنەکەی بکەن.

محەممەد سدیق کەبودوەند لە رۆژی ١٩ای بانەمەڕی مانگی رابردووە بۆ نارەزایەتی دەربڕین بە کردنەوەی پەروەندەی نوێ لە دژی، مانی لە خواردن گرتوە. ئەو رۆژی سێشەممە، ٤ ی جۆزەردان لە لقی ٢٨ ی دادگای شۆڕشی ئیسلامیی تاران بە سەرۆکایەتیی قازی موقەیسە بە تۆمەتی چالاکیی تەبلیغی لە دژی کۆماری ئیسلامی دادگایی کرا؛ بەڵام ئەو رۆژنامەنووسو چالاکی مەدەنییە وێڕای رەتکردنەوەی ئەو تۆمەتانە دەڵێ دادگا دەیەوێ لە دژی ئەو پەروەندەسازی بکا.

محەممەد سدیق کەبودوەند رۆژی ١٠ ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٨٦ دەسبەسەرو لە دادگای شۆڕشی ئیسلامیی تاران بە تۆمەتی هەوڵدان لە دژی ئەمنیەتی نیشتمانی بەهۆی دامەزراندنو بەرێوەبردنی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان حوکمی ١٠ ساڵ زیندانو لە پەروەندەیەکی

دیکە سزای ٦ مانگ زیندانیو سەرجەم سزای ١٠ ساڵ و ٦ مانگ زیندانیی بەسەردا سەپا.

کەبودوەند تا ٩ ساڵ لە ماوە حوکمەکەی کێشاوەوە پێی ناوەتە دەیەمین ساڵی بەندکرانی لە زیندانی ئێڤیندا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی و کورد / ڕێکەوتی: ٣٠ی مەی ٢٠١٦

## کوردستانیانی دانیشتووی ئاڵمان، چالاکییەکیان بۆ پشتگیری لە کەبوودوەند و زیندانیانی سیاسی وەڕێخست




* ڕێکەوتی: ٣٠ی مەی ٢٠١٦: چالاکییەکانی کوردستانیان بۆ پشتگریی لە محەممەدسدیق کەبوودوەند، باوکی مافی مرۆڤی کوردستان و زیندانیانی تری سیاسی بەردەوامە.

ڕۆژی کورد: بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ناوەندی هەواڵدەریی ڕۆژی کورد، ئەمڕۆ دووشەممە ١٠ی جۆزەردان (٣٠ مەی) لە -branden burger ter ی وڵاتی ئاڵمان، بە بەشداری بەرینی کوردستانیان، کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایەتی لەبەردەم نووسینگەی پارلمانی ئورووپا، بۆ پشتگیری لە محەممەد سەدیق کەبوودوەند، ڕۆژنامەوان و باوکی مافی مرۆڤی کوردستان بەڕێوە چوو.

بەشداربووانی ئەو کۆبوونەوە ناڕەزایەتییە بە هەڵگرتنی وێنەی محەممەد سەدیق کەبوودوەند و محەممەد عەبدووڵلاهی و زیندانیانی تری سیاسی کورد لە کوردستانی خۆرهەڵات، ناڕەزایەتیی خۆیان لە هەمبەر پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێران و دۆخی نالەباری



جەستەیی محەممەد سدیق کەبوودوەند، دەربڕی.

هاشم عەلی وەیسی شاعیر و چالاکی سیاسیی بەشداربوو لەو کۆبوونەوە نـاڕەزایەتییەدا لەو بـارەوە بـۆ ڕۆژی کـورد دوا و گـوتی:"ئەو کۆبوونەوەیە لە لایەن بنکەی کوردانی ڕۆژهەڵات - بێرلین، بەڕێوە برا و لە کاتژمێر سێ و نیوی سەر لە ئێوارە تا ٤ی ئێوارە بەڕێوە چوو"

عەلی وەیسی هەروەها لە درێژەدا ئاماژەی بە بەشداری کەسانی تری غەیرەکوردی ئێران و بەتـایبەت خەڵکـانی شـارەکانی گـیلان کـرد کە بە شێوەیەکی چالاکانە بەشدار بوونو پشتیوانیی خۆیان لە کەبوودوەند و بەندکراوانی سیاسی دەربڕی.

ئەو چالاکە سیاسیە کوردە، لەمەڕ ڕیزی بەرنامەکـانی ئەو کۆبـوونەوەیە گـوتی: "بەرنـامەکە بە سـروودی نەتەوایەتـی ئەی ڕەقیـب و چەند سروودێکی نێشتمانی پێکهاتبوو کە بەتـایبەتی ئەو سروودانە بوونە هۆکـاری ڕاکێشـانی سەرنجی خەڵکـانی ئاڵمان و بیانی و چەنـد ڕۆژنامەنووسـێکی ئاڵمـانیش تـاووتوێی ئە وکۆبوونەوەیـان کـردوو و کوردسـاتانیانی بەشـداربوو هەوڵیـان دا بـاس لە کێشـەی کەبوودوەند و دۆخی جەستەیی ناوبراو بۆ ڕۆژنامەنووسە بیانییەکان و خەڵکانی وڵاتـی ئاڵمان شی بکەنەوە.

لە بەشیک لەو چالاکییەدا، ناسر ڕەسووڵنەژاد، چالاکی سیاسی، ژیاننامەی محەممەد سەدیق کەبوودوەند و هۆکاری دەست بەسەر کرانی و هەروەها دۆخی ئێستای بۆ ئامادەبووان خوێندەوە و سیاسی بەشداربووانی ئەو کۆبوونەوە نارەزایەتییە کرا.

دروووشمەکانی ئەو کۆبوونەوە بریتی بوون لە: "کۆماری ئیسلامی، کۆماری تیرۆر، کەبوودوەند دەبێ ئازاد بکرێ، نا بۆ کۆماری سێدارە" و چەند دروووشمیکی تری پەیوەندیدار.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد / ڕێکەوتی: ٣٠ی مەی ٢٠١٦



## نامەی سکرتێری گشتیی حدک بۆ ناوەندە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی کەبودوەنددا (( گیانی کەبودوەند لە مەترسی دایە. سبەی لەوانەیە درەنگ بێ))!



* **ڕێکەوتی: ٣٠ی مەی ٢٠١٦:** سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نامەیەکدا بۆ ناوەندە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی محەممەد سدیق کەبودوەنددا، سەرنجی ئەو لایەنانەی بۆ دۆخی نالەباری ئەو چالاکەی مافی مرۆڤی کورد لە زیندانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ڕاکێشاوە.

دەقی ئەم نامەیە بەم جۆرەیە:

گیانی کەبودوەند لە مەترسی دایە، سبەی لەوانەیە درەنگ بێ!

بەڕێزان!

بان کی مون، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان!

شورای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان!

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی!

فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ!

کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی پارلمانی ئورووپا!

ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ!

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور!

کۆڕو کۆمەڵە جیهانییەکانی دیکەی داکۆکی لە مافی مرۆڤ!



***محەممەد سدیق کەبودوەند، ڕۆژنامەنووس‌و چالاکی مافی مرۆڤ لە ئێران کە لە ڕۆژی ٨ / ٥ / ٢٠١٦ی زایینی‌یەوە مانی لە خواردن گرتوە، بەهۆی کۆمەڵە نەخۆشییەک کە لە ماوەی ٩ ساڵ بەندکرانی لە زینداندا تووشی هاتوە، لە بارودۆخێکی زۆر خراپی جەستەیی‌دا لە نەخۆشخانە کەوتوەو گیانی لە مەترسی دایە.***

***محەممەد سدیق کەبودوەند بۆ ناڕەزایەتی‌دەربڕین بە وەزعییەتی بەندکرانی لە زینداندا مانی لە خواردن گرتوەو ڕایگەیاندوە مانگرنەکەی تا وەڵامدانەوەی بەرپرسانی زیندان‌و دەزگای قەزایی بە داواکەی درێژەی دەبێ.***

***بەڕێزان!***

***محەممەد سدیق کەبودوەند، سەرنووسەری ڕۆژنامەی " پیام مردم"و ئەندامی دامەزرێنەری " ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان" ڕۆژی ٣٠ / ٦ / ٢٠٠٧ بە بڕیاری وەزارەتی ئیتلاعات دەسبەسەرو زیندانی کرا. ئەو لە دادگایەکی ناعادڵانەدا بەهۆی "دامەزراندن‌و بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان"و چالاکییەکانی دیکەی لە بواری مافی مرۆڤ‌و ڕۆژنامەنووسی‌دا سەرجەم سزای ١٠ ساڵ‌و ٦ مانگ زیندانیی بەسەردا سەپا. ئەو هەروەها بە تاوانی پێوەندی‌گرتن بە ڕێکخراوە جیهانی‌یەکانی مافی مرۆڤ‌و پێوەندیی ڕاستەوخۆو نامەگۆڕینەوەی لەگەڵ بەڕێز کۆفی عەنان، سکرتێری پێشووی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و، وتووێژ لەگەڵ ڕاگەیەنە گشتییەکان سزای یەک ساڵ زیندانیی دیکەی بەسەردا سەپاوە.***

***محەممەد سدیق کەبودوەند هەروەها لە زینداندا لەلایەن ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ، "*****Human Rights Watch*****"ەوە خەڵاتی هێلمەنی ئەو ڕێکخراوەیەی بۆ ساڵی ٢٠٠٩ دراوەتێ‌و؛ هەمان ساڵ لە ڕێوڕەسمی خەڵاتی چاپەمەنی‌یەکانی بریتانیادا، خەڵاتی "ڕۆژنامەنووسی نێودەوڵەتیی ساڵ" بە کەبودوەند دراوە. کەبودوەند لە هەموو ساڵانی هەڵسووڕانی‌دا لە پێناو پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤدا تێکۆشاوەو قوربانیی داوە.***

***بەڕێزان!***

***محەممەد سدیق کەبودوەند، چالاک‌و هەڵسووڕێکی بەندکراوی کورد لە بواری مافی مرۆڤە. لە ئێران تێچووی چالاکیی سیاسی‌و مەدەنی‌و هەڵسووڕان لە بواری مافی مرۆڤ بۆ چالاکانی کورد زۆر قورستر لە چالاکانی ئەو بوارە لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانە. ئەوە وای‌کردوە کە کەبودوەند لە ماوەی زیاتر لە ٩ ساڵ بەندکرانی‌دا لە زۆربەی هەرە زۆری مافی زیندانی‌یەک بێبەش بێ.***

***ئەو لە ماوەی ئەو ٩ ساڵەدا تەنیا یەک‌جار، ئەویش دوای مانگرتنێکی درێژماوە بە مەبەستی چاوپێکەوتن لەگەڵ کوڕەکەی کە نەخۆشییەکی زۆر سەختی هەبوو، بۆ ماوەی چەند ڕۆژ مەرەخەسی دراوەتێ. لە ماوەی ئەو ٩ ساڵەش‌دا کە لە بەندا بووە، تووشی زۆر***

نەخۆشی هاتووەو ئەوەش هەم مانەوە لە زیندانی بۆ ناوبراو سەخت کردوە، هەم ئێستا کە مانی لە خواردن گرتوە، بە قسەی پزیشکان ئەو نەخۆشییانە مەترسیی مردنیان لەسەر ناوبراو دروست کردوە.

بۆیە داوا لە هەموو ئێوە بەرێزان دەکەم بە هانای ئەو چالاکەی مافی مرۆڤەوە بچنو بە فشارخستنە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بوار بۆ پێڕاگەیشتنو چارەسەری پزیشکی بۆ کەبودوەند، وڵامدانەوە بە داواکەیو ئازادکردنی لە زینداندا خۆش بکەن.

لەگەڵ ڕێز

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی و کورد / ڕێکەوتی: ٣٠ی مەی ٢٠١٦

## دوایین زانیاری لەمەڕ دۆخی جەستەیی محەممەد سەدیق کەبوودوەند



* ڕێکەوتی: ٣١ی مەی ٢٠١٦: زیاتر لە ٢٤ ڕۆژە، محەممەد سەدیق کەبوودوەند باوکی مافی مرۆڤی کورد وەک ناڕەزایەتییەک لە هەمبەر بێ عەداڵەتیی بێدادگاکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و بەرپەرچدانەوەی درێژ کردنەوەی ماوەی حوکمی زیندانەکەی دەستی بە مانگرتن کردووە و دۆخی جەستەییشی بە پێی هەواڵەکان زۆر باڵەبارە و ئەگەری جەڵدەی دڵی لە ئارا دایە.





ئیجلال قەوامی، وتەبێژی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە پەیوەندییەکی تەلەفوونی لەگەڵ ڕۆژی کورد گوتی: “کەبوودوەند، ڕۆژنامەوان و سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، بە تێپەڕ بوونی نزیک بە ٢٥ ڕۆژ لە مانگرتنەکەی، هێشتاش هەروا لە مانگرتن بەردەوامە.”

لە پەیوەندی لەگەڵ دۆخی جەستەیی کەبوودوەندا، قەوامی گوتی:” دابەزینی ۆەستانی خوێن، خوێنرێژیی ناو لەش، ئاڵۆزتر بوونی دۆخی دڵ ی کەبوودوەند بۆتە هۆی ئەوەی کە دوکتورەکانی نەخۆشخانەی تاڵەقانیی تاران لەمەڕ ئەگەری ڕاوەستانی دڵی ناوبراو هۆشداریی جیددی بدەن و لەو بارەشەوە ڕاپۆرتیان داوە بە بەرپرسانی بەندیخانەی ئێڤین”.

قەوامی لە درێژەدا لەمەڕ دوایین دۆخی تەندرووستیی کەبوودوەندا گوتی: “لەو یەک دوو ڕۆژەی دواییدا کە دۆخی تەندرووستیی کەبوودوەند زۆر ئاڵۆز بووە، چەند پشکنین و تاقیکارییەکی وەک نەواری دڵ، ئانژیۆ، ئێم ئار ئای لێ هەڵگیراوەتەوە و لەسەری ئەنجام دراوە کە سەرجەمیان باس لە ئاڵۆز بوونی دۆخی جەستەیی و تەندرووستیی ناوبراو دەکەن”.

شایانی ئاماژەیە کە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا و بە ئاڵۆزتر بوونی دۆخی جەستەیی و باری تەندرووستیی کەبوودوەند، هەندێک لە کەستییەکانی ناوخۆ و دەرەوەی ئیران و چالاکانی مەدەنی-سیاسی داوایان لە کەبوودوەند کردووە کۆتایی بە مانگرتنەکەی بهێنێت، بەڵام سەرەڕای ئەو هەوڵانە، کەبوودوەند هەر لەسەر مانگرتنی خۆی تا وەدیهاتنی ویست و داواکارییەکانی سوورە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد / ڕێکەوتی: ٣١ی مەی ٢٠١٦

## کوردەکانی دانیشتووی فینلاند دژ بە سەردانی جەواد زەریف بۆ فینلاند ناڕەزایەتیان دەربڕی




* ڕێکەوتی: ٣١ی مەی ٢٠١٦: لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژ بە سەردانی جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ فینلاند ناڕەزایەتییان دەربڕی.

ڕۆژی سێشەممە، ١١ ی جۆزەردان (٣١ی مای ٢٠١٦) محەممەد جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران وێڕای ژمارەیەکی زۆر لە بازرگانانو سەرۆکی کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە، گەیشتە وڵاتی فینلاند. لە دژی ئەو سەردانو بانگهێشت کردنەش، کوردانی نیشتەجێی وڵاتی فینلاند ئاکسیۆنو خۆپێشاندانیان وەرێخست.

خۆپێشاندانەکە پێش نیوەڕۆ لە شاری هێلسینکی، لە بەردەم بینای مارینا کۆنگرێس سەنتەر و سکاندیک هۆتێل، شوێنی دانوستانی نێوان وەفدەکانی دوو وڵات، بەڕێوەچوو. خۆپێشاندەران بە هەڵگرتنی پلاکاردو وێنەی زیندانیانی سیاسیو دروشمی مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی، مەرگ بۆ تیرۆریست، ئازادی بۆ کوردستان، ئازادی بۆ زیندانیانی سیاسیو مەدەنی، نا بۆ ئیعدامو ئازادی بۆ محەممەد سەدیقی کەبوودوەند؛ ناڕەزایەتی خۆیان دژ بە بانگهێشتی دەوڵەتی فینلاند لە شاندی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەربڕی.

لەم ئاکسیۆنەدا عەزیز شێخانی بابەتێکی بە زمانی فینلاندی لەم بارەوە پێشکەش کردو دواتر بڕیارنامەی خۆپێشاندەران بە زمانی کوردی لە لایەن شوانە ڕزگەیی خوێندرایەوە. پاشان هەمان بڕیارنامە بە زمانەکانی فینلاندی لە لایەن شنە ڕەزابیو بە زمانی فارسی لە لایەن بورهان دیوارگەر خوێندرانەوە.





خۆپێشاندەران لە درێژەی نارەزایەتییو خۆپێشاندانی خۆیان بە دەم گوتنەوەی دروشمی دژ بە کۆماری ئیسلامیو ئازادی بۆ زیندانیانی سیاسیو مەدەنی، بەرەو بینای وەزارەتی دەرەوەی فینلاند رێگایان پێوا تا بە کۆبوونەوە لە بەردەم بینای وەزارەتی دەرەوە، پشتیوانی خۆیان بۆ پەیامی لێژنەی لایەنەکانی رۆژهەڵات دەرببڕن کە رۆژی ڕابردوو بە مەبەستی گەیاندنی نارەزایەتی لە حاند بانگهێشتی دەوڵەتی فینلاند لە وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیو دۆخی نالەباری مافی مرۆڤ لە رۆژهەڵاتی کوردستانو ئێران روونکردنەوەیان بە لایەنی فینلاندی دابوو.

لە بەردەم وەزارەتی دەرەوە شنە رەزابی راپۆرتی دیداری رۆژی رابردووی لێژنەی لایەنەکانی رۆژهەڵات لە گەڵ نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی فینلاندی بە ئاگاداریی بەشداران گەیاندو دواتر رێکخەرانی نارەزایەتی کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، کۆمەڵە رێکخراوی کوردستانیی حیزبی کومونیستی ئێران و حیزبی حیکمەتیست پێکهاتبوون، سپاسی بەشداریی بەشدارانی خۆپێشاندانیان کرد کە سەرەڕای رۆژ و سەعاتی کاری لە وڵاتی فینلاند، توانیبوویان بەشداری ئەم ئاکسیۆن و نارەزایەتیە بن.

لە پەراوێزی ئەم ئاکسیۆنەدا دەیان وێنە لە نامەی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لەبارەی دۆخی نالەباری محەممەد سەدیقی کەبوودوەند، سەرۆکی بەندکراوی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، بۆ کۆڕو کۆمەڵە جیهانیەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤی ناردوە، لە لایەن ئەندامانی حیزب کە لەو رێپێوانەدا بەشدار بوون، بە نێو رێبوارانی فینلاندیدا بڵاو کرایەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی و کورد / ڕێکەوتی: ۳۱ی مەی ۲۰۱٦



## کوردانی برلین بۆ پشتیوانی لە کەبودوەند مانگرتن لە خواردن دەست پێدەکەن



* **ڕێکەوتی: ٣١ی مەی ٢٠١٦**: چالاکییەکانی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کوردانی کوردستانی خۆرهەڵات بۆ پشتیوانی لە محەممد سەدیق کەبوودوەند، کەوتۆتە بوارێکی جیاوازەوە.

ڕۆژی کورد: بە پێیبانگەوازێک کە وێنەیەکی بۆ ڕۆژی کورد بەرێکراوە، لە سبەی چوارشەممەوە، ئەژمارێک لە چالاکانی سیاسیی کوردی نیشتەجێی شاری بێرلین لە وڵاتی ئاڵمان بە شێوەیەکی فەرمی پەیوەست بە مانگرتن لە خواردنێک دەبن کە ماوەی ٥ ڕۆژە چالاکوانی کورد "کارزان شەباهەنگ" بە شێوەیەکی نافەرمی دەستی پێکردووە، بڕیارە ئەو مانگرتنە لەبەردەم نووسینگەی پارلمانی ئوروپا لە بێرلین ی ئاڵمان بەڕێوە بچێ.

دەقی ڕاگەیێندراوەکە بەو شێوەی خوارەوەیە:

کوردستانیان، ئازادیخوازان و لایەنگرانی مافی مرۆڤ

ڕوژی کورد: سبەی چوارشەممە کاتژمێر چواری پاشنیوەڕۆ ڕێکەوتی ١ / ٦ / ٢٠١٦ هەڵمەتێک بۆ پشتیوانی لە بەڕێز مەحەممەد سەدیق کەبوودوەند و محەممەد عەبدووڵلاهی و گشت زیندانیانی سیاسی بە هاوکاری بنکەی کوردانی ڕۆژهەڵات بەرلین دەست پێدەکات. بەڕێز کارزان شەباهەنگ کە ماوەی پێنج ڕۆژە بە شێوەیەکی غەیری ڕەسمی بۆ پشتیوانی لە هەوڵەکانی بەڕێز کەبوودوەند و گشت زیندانیانی سیاسی مانی لە خواردن گرتووە ، سبەی ئەم هەڵمەتە بە هاوڕێیی دۆستانی دیکەش کە ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە دەکاتە ڕەسمی.

لێرەوە داوا لە دۆستان و هاوڕێیان لە شارەکانی تری ئەورووپا دەکەین پشتیوانی ئەم هەڵمەتە بکەن و بەرەو پیلی ئەم کارە پیرۆزە



بێن.

شوێنی دانیشتنی ئەم مانگرتنە لە پێش ئۆفیسی پەرلەمانی ئەورووپا، سەفارەتی فەرەنسا و سەفارەتی ئەمریکا لە دەروازە بەرلین دەبێت.

ناونیشان : شاری بەرلین pariser platz 10117, berlin

شایانی باسە کە کارزان شەباهەنگ، چالاکی سیاسیی کوردستانی خۆرهەڵاتی نیشتەجێی وڵاتی ئاڵمان ە.



کارزان شەباهەنگ

کارزان شەباهەنگ لە لێدوانێکی تایبەت بە رۆژی کورد، هۆکاری ئەو مانگرتنەی خۆی گێڕاوە بۆ پشتیوانی لە محەممەد سدیق کەبوودوەند، رۆژنامەوان و باوکی مافی مرۆڤی کورد و گوتیشی تا گەیشتن بە ئەنجام و دەستبەر بوونی داواکارییەکانی بەڕێز کەبوودوەند لە مانگرتنەکەم بەردەوام دەبم.

شەباهەنگ لەمەڕ ماوەی مانگرتنەکەی گوتی: "من ماوەی ٦ رۆژە دەستم بە مانگرتن کردووە بەڵام مانگرتنەکە بە شێوەیەکی نافەرمی و تاکەکەسی بوو و نەیتوانی دەنگدانەوە و ئەنجامێکی هەبێ هەر بۆیەش بە یارمەتیی چالاکوانانی سیاسی و بنکەی کوردانی کوردستانی خۆرهەڵات- بێرلین، کە یارمەتی هەمە لایەنەیان لەمەڕ وەرگرتنی مۆڵەت و ئامادەکردنی پلاکارد و ...تاد، داوم، مۆڵەتی مانگرتنی فەرمی لەبەر دەرگای نووسینگەی پارلمانی ئوروپا لە بێرلینم بۆ وەرگیراوە و بڕیارە چەند کەسی تریش پەیوەست بە مانگرتنەکە بین".

ئەو چالاکە سیاسییە لەمەڕ دۆخی جەستەیی خۆی دوای ٦ رۆژ لە مانگرتن گوتی:"بە هۆی ئەوەی کە من ماوەی ١٨٣ رۆژ لە ژوورە تاکەکەسییەکانی ئتلاعاتی ئێران دا و لە ژێر ئەشکەنجەیەکی زۆردابووم، بەشێک لە لەشم نوقستان بووە، ئێستا ئازاری میعدەم هەیە بەڵام هیوا بە ئازادی کەبوودوەند و هەست کردن بەو ئەرکە نیشتمانییەی کە لەسەر شانمە وادەکا هیچ ئازارێک هەست پێنەکەم.".

کارزان شەباهەنگ لە درێژەدا داوای لە سەرجەم نووسەران و شاعیران و سترانبێژ و چالاکە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی خۆرهەڵات کرد تا لە رێگای نووسینی بابەت و شیعر و ساز کردنی ستران بە زمانی کوردی و زمانەکانی تر، ئازار و ویستی بەڕێز کەبوودوەند بە گوێی جیهان بگەیێنن.

سەرچاوە: ماڵپەری رۆژی کورد / رێکەوتی: ٣١ی مەی ٢٠١٦

# هەوڵی پزیشکان بۆ ڕێگری لە وەستانی دڵی کەبوودوەند



* **ڕێکەوتی: ٢ی جوونی ٢٠١٦**: ئەولەڤیەتی هەموو هەوڵەو تەقەلالا پزیشکییەکان دوای تێکچوونی بارودۆخی محەممەد سەدیق کەبوودوەند لە بیست و پێنجەمین ڕۆژی مانگرتنیدا ڕێگری لە سەکتەی دڵی ناوبراوە کە بەهۆی دابەزینی پۆتاسیۆمی خوێن مەترسیی لە سەر دروست کردوە.

ئەو هەوڵەی پزیشکان لە حاڵێک دایە کە تا ئێستاش کاربەدەستانی دەزگای قەزایی هیچ وەڵامێکیان بە داواکانی کەبوودوەند نەداوەتەوە.

بارودۆخی جەستەیی محەممەدسەدیق کەبوودوەند، ڕۆژنامەنووسی بەندکراوی کورد لە بەندی ٣٥٠ی زیندانی ئێڤین کە بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بە بارودۆخی خۆیو کرانەوەی پەروەندەی نوێ لە دژی، لە ڕێکەوتی ١٩ی بانەمەڕەوە مانی لە خواردن گرتووە یەکجار شپرزیەیەو مەترسیی وەستانی دڵی لەسەرە.
سەرچاوەیەکی نزیک لە بنەماڵەی کەبوودوەند وێڕای ڕاگەیاندنی ئەم هەواڵە گوتی تا ئێستاش کاربەدەستانی پێوەندیدار هیچ وەڵامێکیان بە داواکانی ئەو نەداوەتەوەو بنەماڵەکەشی زۆر نیگەرانی بارودۆخی سڵامەتیی ئەو و خەمساردی کاربەدەستانن.

محەممەدسەدیق کەبوودوەند لە ڕێکەوتی ١٠ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٨٦ دەستبەسەرو زیندانی کراوە. ناوبراو لە دادگای شۆڕشی ئیسلامیی تاران بە تۆمەتی هەوڵدان بەدژی ئەمنیەتی میللی لە ڕێگەی دامەزراندنو بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، حوکمی ١٠ ساڵ زیندانو لە بابەت پروپاگەندە بەدژی نیزامی کۆماری ئیسلامی حوکمی ١ ساڵ زیندانو سەرجەم ١١ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندراوە.

محەممەدسەدیق کەبوودوەند لە بەندی ۳٥٠ی زیندانی ئێڤین بەند کراوەو ئێستا پاش ۲٥ ڕۆژ مانگرتن لە خواردن، بەهۆی خراپبوونی بارودۆخی جەستەیی لە نەخۆشخانەی تاڵەقانیی تاران کەوتووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی و کورد / ڕێکەوتی: ۲ی جوونی ۲۰۱٦

## ڕاگەیێندراوی خوێندکارانی پەیامی نووری مەریوان لە مەڕ دۆخی کەبودوەند




* ڕێکەوتی: ای جوونی ۲۰۱۶: هەرچەند تا ئێستا لە ناوخۆی ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات هیچ چەشنە پەرچەکردارێکی ئەوتۆ بۆ بەرگری و پشتیوانی لە محەممەد سدیق کەبوودوەند، ڕۆژنامەوان و باوکی مافی مرۆڤی کورد، نەهاتۆتە ئاراوە، لە ولاتانی جۆراوجۆری جیهان، هەڵمەتەکان بەردەوامن.

ڕۆژی کورد: وەک یەکەم هەنگاو لەناوخۆ و وەک پەرچەکردار و نارەزایەتی دەربڕین بە دۆخی محەممەدسدیق کەبوودوەند، خوێندکارانی زانکۆی پەیامی نووری مەریوان، ڕاگەیێندراوێکیان بڵاو کردۆتەوەو تێیدا داوای ئازادی کەبوودوەند دەکەن.

دەقی ڕاگەیاندراوەکە بەم چەشنەیە:

کەبودوەند هێمای مافی مرۆڤی پێشێلکراوی خەڵکی کرێکاری کوردستان ، دەنگی کۆڵبەرانی بریندار و کوژراوی سەرسنوور، دەستی بڵندی زیندانیان سیاسیە.

بۆ پتر لە دە ساڵ دەچێت تاران و ئەوین کەبودوەندێکی تیایە کە شەرفی دەنگی ڕەوایی پێ بخشراوە کەسێکی تێدایە کە لە پێشا بیری لەوە نەدەکردەوە ڕۆڵەیەکی ئاوا بلێمەت و خوراگر جگە لە بەدی هاتنی مافە ڕەوای گەلەکی بە هیچ شێوەیەک کۆتا نایەت.

بەڵێ وایە.

وا ٢٣ ڕۆژە و ئەو شێرە پیاوە مانی لە خواردن گرتوە بە ناچاری ڕژیم هانیویەتی بۆ نەخۆشخانەکان.

ئیمەش وەک چالاکانی خوێندکاری زانکۆ پەیام نووری مەریوان وەکوو دەنگی هەموو کۆمەڵگا داوا لە ڕژیمی کۆنەپرست و سێدارە دەکەین بە زووترین کات ئازادی کات.
و ئیتر نامانەوێت ڕۆڵەکانمان لە ژێر ئەشکەنجە و ئازارەکانی ڕژیمی سێدارە تێدابچێت و پشتگیری خۆمان و بۆ ئەو شێرە پیاو دەردەبڕین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد / ڕێکەوتی: ای جوونی ٢٠١٦

## بابەشێخ حسێنی داوا لە بان کی مون و ئەحمەد شەهید دەکا بە هانای کەبوودوەندەوە بچن



* **ڕێکەوتی: ای جوونی ۲۰۱۶**: بابەشێخ حسینی، بەڕێوەبەری گشتیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، لە نامەیەکدا داوا لە بان کی مون سەرۆکی گشتیی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەحمەد شەهید ڕاپۆرتێری تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراو



و ناوەندەکانی پارێزەری مافەکانی مرۆڤ دەکا سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران و دۆخی محەمەد سەدیق کەبوودوەند هەڵوێستیان هەبێت و پشتیوانی و پاڵپشتی لە داواکانی کەبوودوەند بکەن.

ئەمەی خوارەوە دەقی نامەکەیە کە نووسخەیەکی بۆ ڕۆژی کورد نێردراوە؛

بەڕێز بانی کی مون سەرۆکی گشتی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان!

بەڕێز ئەحمەد شەهید ڕاپۆرتنێری تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ لە ئێران!

ڕێکخراو و ناوەندەکانی پارێزەری مافەکانی مرۆڤ!

نزیک بە مانگێکە بەڕێز محەممەد سدیقی کەبودوەند سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و براوەی چەندین خەڵاتی نێودەوڵەتی لە بواری مافەکانی مرۆڤ و ئازادی چاپەمەنی لە ئاکامی فشار و ناعەدالەتیەکانی سیستەمی دەسەڵاتداریەتی لە ئێران مانی گرتووە لە خواردن و لە ئێستا دا لە دۆخێکی یەکجار ناجێگیر و دژوارەو ژیانی لە مەترسیدایە.

محەممەد سەدیقی کەبودوەند دامەزرینەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانە و....

هەوڵەکانی ناوبراو لە چوارچێوەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دیار و شایانی ڕێز و پێزانینە. هەر بە هۆی ئەو هەڵسووران و چالاکیانە ، لە لایەن بیداگاکانی ڕژیمی ئاخوندی بە ۱۱ ساڵ زینداان مەحکووم کرا و لەماوەی 9 ساڵی تێپەڕاندنی حوکمەکەی لە ڕێگەی جۆراوجۆر لەگەڵ فشار و نارەحەتی بەرەورووبۆتەوە و تەنیا بۆ یەکجار ڕێگەی پێدراوە کەڵک لە مافی مورەخەسی کاتی وەربگرێ و بە دیداری خانەوادەی شاد بێتەوە . ئەوە لەکاتێکدایە کە کوری کەبودوەند بە هۆی نەخۆشیەکی سەختەوە دەناڵێنێ و خەم و ئازارەکانی لەسەر محەممەد سدیق کەبودوەند قورستر کردووە.

لە ئێستادا بە هۆی مانگرتنەکەی ئەمجارەی بارودۆخی تەندورستی کەبودوەند بەرەوخەرابی زیاتر چووەو ،وەک پێشتر ئاماژەم پێدا گیانی کەوتۆتە مەترسیەوە و پێویستی بە پێراگەیشتنی پزیشکی و کۆتایی هێنان بە مانگرتنەکەی هەیە. لە ئێستادا وەڵامدانەوە بە ویست و داوا ڕەواکەی و کۆتایی هێنان بەو فشارە ناعادیلانەیە لەسەر ناوبراو لە لایەن ڕژیمی ئاخوندیەوە چاوەڕوان نەکراوە.

هەر بۆیە داوا لە ئێوەی بەڕێز و هەموو ناوەند مرۆڤدۆستەکان دەکەم بە زووترین کات بە گرتنی هەڵویستی شیاو لەبەرانبەر سەرەڕۆییەکانی دەسەڵاتی ئاخوندی پێش بە جینایەتی ئاخوندان بگرن و بە پشتیوانی و پاڵپشتی بەڕێز کەبودوەند و داواکانی گیانی ناوبراو لە مەترسی ڕزگار بکەن.



**لەگەڵ ڕێزمدا**

**سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران**

**بەڕێوەبەری گشتی**

**بابەشێخ حسینی**

**١٢ی جۆزەردانی**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد / ڕێکەوتی: ای جوونی ٢٠١٦**

---

# ڕۆژنامەنووسانی قەڵادزێ، پشتیوانی لە داخوازییەکانی کەبوودوەند دەکەن




*** ڕێکەوتی: ای جوونی ٢٠١۶: دەستەیەک لە ڕۆژنامەنووسانی قەڵادزێ بە دەرکردنی بەیاننامەیەک پشتیوانیی خۆیان بۆ داواکانی محەمەد سەدیق گیراوی سیاسی کورد، ڕۆژنامەنووس و هەڵسوڕاوی بواری مافەکانی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەربڕی و ئیدانەی هەرهەنگاوێکی نامرۆڤانەی کاربەدەستانی ڕژێمی ئێران دەکەن کە دژبە ماف و خواستەکانی کەبوودوەند و باقی گیراوانی دیکەی سیاسی کورد لەناو گرتووخانەکانی ئێراندا پەیڕەو دەکرێت.**

**ئەمەی خوارەوە دەقی بەیاننامەکەیە کە نووسخەیەکی بۆ ڕۆژی کورد نێردراوە؛**



# کەبودوەند هێمای خەباتی مەدەنی رۆژهەڵات

"کەبوودوەندەکانی ناو چاڵەڕەشەکانی ئێران لەبیر ناکەین"

بەدڵ و بەگیان پشتیوانی لە داوا ڕەواکانی "محەمەد سدیق کەبوودوەند"، گیراوی سیاسی کورد، ڕۆژنامەنووس و هەڵسوڕاوی بواری مافەکانی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، و هەروەها داخوازی ڕەوای سەرجەم گیراوانی سیاسی کورد دەکەین کە ئێستا لەناو چاڵەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بە بیانووی جۆربەجۆر بەند کراون.

"کەبوودوەند" ماوەی ۹ ساڵە لەناو چاڵەڕەشەکانی ئێراندا بەند کراوە و بە خۆڕاگرییەوە ماوەی بەندکردنەکەی بەڕێدەکات.

بەڵام هەنووکە دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی ئێران، لەهەوڵی ئەوەدان دۆسییەی دیکە لەدژی بکەنەوە بۆئەوەی ماوەی سزاکەی درێژتر بکەنەوە، بەهۆیەشەوە کەبوودوەند ماوەی نزیکەی مانگێکە مانی لەخواردن گرتووە و دۆخی تەندرووستیشی ناجێگیرە.

ئێمە دەستەیەک لە ڕۆژنامەنووسانی قەڵادزێ، ئیدانەی هەرهەنگاوێکی نامرۆڤانەی کاربەدەستانی ڕژێمی ئێران دەکەین کە دژبە ماف و خواستەکانی کەبوودوەند و باقی گیراوانی دیکەی سیاسی کورد لەناو گرتووخانەکانی ئێراندا پەیڕەو بکرێت.

لەونێوەشدا، داوا لەسەرجەم کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و هێز و لایەنە سیاسیەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان دەکەین کە بەدواداچوون بۆ کەیسی کەبوودوەند و تەواوی بەندکراوانی سیاسی کورد لە ئێران بکەن و ڕەفتارە دور لە ئینسانییەکانی ڕژێمی تاران بەرامبەر بە بەندکراوانی سیاسی لەقاوبدەن و ڕایگشتی لێ ئاگادار بکەنەوە.

هەروەک بە پێویستیشی دەزانین کە ڕووی داوامان بکەینە وڵاتانی زلهێز و بڕیار بەدەستی جیهان کە بەهۆی ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران و وڵاتانی (۱+۵) ، دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران و داخوازییەکانی کورد لە ئێراندا فەرامۆش نەکرێت.

ئێمە وای دەبینین کە هەرچەشنە سەودا و مامەڵەیەکی سیاسی کە لەنێوان ڕژێمی ئێران و وڵاتانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیدا بکرێت، کە بەوهۆیەوە پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران نادیدە بگرێت،بە هەنگاوێکی دور لە بەها مرۆییەکانی دەزانین.

بەهەمووشێوەیەک، پشتیوانی لە داخوازییەکانی کەبوودوەند و باقی گیراوانی سیاسی کورد لەناو گرتووخانەکانی ئێراندا دەکەین.

دەستەیەک لە ڕۆژنامەنووسانی قەڵادزێ

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد / ڕێکەوتی: ۱ی جوونی ۲۰۱۶





# داوای شیرین عیبادی لە بابەت ئازادکرانی محەممەدسەدیق کەبوودوەند



* **ڕێکەوتی: ٢ی جوونی ٢٠١٦:** شیرین عیبادی، براوەی خەڵاتی نۆبێلی ئاشتیی ٢٠٠٣ بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک، بارودۆخی تەندرووستیی زیندانیی سیاسیی محەممەدسەدیق کەبوودوەند، دامەزرێنەری ڕێکخراوی بەرگری لە مافەکانی مرۆڤی نالەبار وەسف کردووە و داوای ئازادکرانی بێ ئەملا و ئەولای ناوبراوی کردوە.

شیرین عیبادی، هەروەها دەوڵەتی ئێرانی بە بەرپرسی گیانی کەبوودوەندو سەرجەم زیندانیانی سیاسی و عەقیدەتی زانیوە.
محەممەدسەدیق کەبوودوەند سەرەڕای توشبوون بە کۆمەڵە نەخۆشییەکی مەترسیدار، بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بە کرانەوەی پەروەندەی نوێ لەدژی لە ڕێکەوتی ١٩ی بانەمەڕەوە مانی لە خواردن گرتووە. بە قسەی پەریناز باغبان حەسەنی هاوسەری کەبوودوەند، ئەو لە زستانی ساڵی ڕابردوودا ٣ جار لە لایەن دادسەراوە بانگ کراوەو هەموو جارێ تۆمەتی نوێیان بەسەریدا ساغ کردۆتەوە.

شیرین عیبادی گوتوویەتی پەروەندەی نوێ بەدژی کەبوودوەند بە تۆمەتی "هەوڵدان بەدژی ئەمنیەتی میللی لە ڕێگەی کەین و بەین و کۆبوونەوە لە نێو زیندان" هاتۆتە ئاراوە تا لەم ڕێگەوە نەیهێڵن تەنانەت پاش کۆتایی حوکمی ناعادڵانەی پێشووش چاوی بە دەرەوەی زیندان بکەوێ و بچێتەوە ناو کۆڕی هاوبیرەکانی خۆی.

لە لایەکی دیکەوە لەسەر بانگهێشتی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی کوردستان، ڕۆژی چوارشەممە ١٢ی جۆزەردان لە ژنێف، لەبەردەم مەقەڕی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەم شارە بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرەو کەیسی کەبوودوەندو وەرگرتنی پشتگیریی ئەوان بۆ ئازاد کرانی ناوبراو و باقی زیندانییانی سیاسی و عەقیدەتی، کۆتایی هێنان بە هەر چەشنە ئەشکەنجە و توندوتیژییەک، دەستڕاگەیشتنی زیندانییان بە بێهداشت و هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام کۆبوونەوەیەک پێک هات.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی و کورد / ڕێکەوتی: ٢ی جوونی ٢٠١٦**



# ئەمینیستی ئینترناشنال: ئێران دەبێ چیتر کایە بە ژیانی کەبوودوەند نەکات




* **ڕێکەوتی: ۳ی جوونی ۲۰۱۶**: ڕێکخراوی ئەمنستی ئینترناشناڵ، بۆ پشتیوانی لە محەممەد سدیق کەبوودوەند، ڕۆژنامەوان و باوکی مافی مرۆڤی کوردستان، بەیاننامەیەکی دەرکرد و تێیدا داوا لە بەرپرسانی ئێران دەکات، چیتر کایە بە ژیانی محەممەدسدیق کەبوودوەند نەکەن و کۆتایی بەو دۆخە نالەبارە بێنن.

ڕۆژی کورد: لە ڕاگەیێندراوێکدا کە ڕێکەوتی ٢ی ژوئەنی ٢٠١٦، دەرکراوە، ڕێکخراوی ئەمنستی ئینترناشناڵ دەڵێ: "ڕاستی ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئسیلامی دەیانهەوێ لە بەرەبەری ئازادیی کەبوودوەندا، تاوانی نوێی بدەنە پاڵ و ماوەی زیندانەکەی درێژ بکەنەوە."

لە بەشێکی تری راگەیێندراوەکەی ئەمینیستی ئینترناشناڵدا بە وردی باس لە دۆخی جەستەیی نالەباری محەممەد سدیق کەبوودوەند کراوە و ئاماژەی بە نەخۆشی دڵ و هەروەها گورجیلە و پرۆتستاتی ناوبراو داوە کە لە پێشتریش لەو بارەوە ئازارێکی زۆری بووە و لە ماوەی نزیک بە ١٠ ساڵ زینداندا تووشی بووە و هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە کە بەپێی زانیارییەکانی ئەو ناوەندە کەبوودوەند پەستانی خوێنی یەکجارر دابەزیوە .

لە و ڕاگەیێندراوەدا بە وردی ڕەوتی گیران و بەندکرانی کەبوودوەند لە سەرەتاوە تا ئیستا خراوەتە بەر باس .

ئەمنستی ئەنترناشناڵ لە میانەی ڕاپۆرتەکەی خۆیدا ڕوو بە بەرپرسانی ڕژیمی ئێران دەڵێ: "بەپرسانی ئێران دەبێ کایەکردن بە

ژیانی محەممەد سەدیق کەبوودوەند ڕاگرن و وەک یەکەم هەنگاو بۆ کۆتایی هاتن بەو دۆخە بێزارکەرە، بەرپرسانی ئێران دەبێ سەرجەم تاوانەکان لە هەمبەر ناوبراو ڕاگرن و بیانسڕنەوە”.

محەممەد سدیق کەبوودوەند تا ئێستا چەند جار دەستی داوەتە مانگرتن کە یەکیان ٦٣ ڕۆژ بوو کە ساڵی ٢٠١٢ گرتوویەتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد / ڕێکەوتی: ٣ی جوونی ٢٠١٦

## مانگرتنی چوار چالاکی سیاسیی کورد لە ئاڵمان بۆ پشتیوانی لە کەبودوەند



* ڕێکەوتی: ٣ی جوونی ٢٠١٦: بە مەبەستی پشتگیری لە کەبوودوەند، چوار چالاکی سیاسیی کورد لە وڵاتی ئاڵمان مانیان لە خواردن گرت.

دوای درێژەکێشانی مانگرتنی محەممەد سدیق کەبوودوەند، سەرۆکی بەندکراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە بەندیخانەی “ئێڤین”ی تاران‌و خەمساردیی کاربەدەستانی دەزگای قەزایی لە هەمبەر داواو بارودۆخی تەندرووستی ناوبراو، کۆمەڵێکی زۆر لە چالاکانی سیاسی لە نێوخۆ و دەرەوەی بۆ ڕزگار کردنی گیانی ئەو تێکۆشەرە کەوتوونەتە هەوڵ‌و تێکشان.

لەو چالاکییانەدا بە نووسینی نامەو بەیاننامەی ڕەسمی لە لایەن حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستە جیهانییەکان، نوێنەرایەتیی وڵاتان‌و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و هاوکات بە وەڕێخستنی خۆپێشاندان‌و دەربڕینی نارەزایەتی، هەوڵیان داوە دەنگی کپکراوی کەبوودوەندو هەموو بەندکراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێران بە گوێی خەڵکی



جیهاندا بدەن.

سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە نووسینی نامەیەکی سەرئاوەلا بۆ ناوەندە جیهانییەکان، خوازیاری چارەسەری بەپەلە و سەربەست بەردانی ناوبراوی کردبوو.

هەر لەو پەیوەندییەدا لە رۆژی چوارشەممە، ١٢ ی جۆزەردانەوە هەڵمەتێکی مانگرتن لەلایەن چەندین چالاکی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ پشتیوانی لە محەممەد سەدیق کەبوودوەندو محەممەد عەبدوولاهی سەرجەم زیندانیانی سیاسیی کورد کە مانیان گرتوە، لە شاری بێرلین دەستی پێکردوە.

ئەم هەڵمەتە بە شێوەی مانگرتن لە خواردن بەرێوە دەچێو شوێنی ئەو هەڵمەتە پێش ئۆفیسی پارلمانی ئورووپا لە بێرلینە. هاورێیانی مانگرتوو بریتین لە:

کاوە شەریفیان، کارزان شباهنگ، فەخرەدین فەرەجیو پێشەوا موتیعی ئەو چوار چالاکیە سیاسییەن کە پێشەنگی ئەو مانگرتنەن.
پێویست بە ئاماژەیە کە رۆژی پێنجشەممە، ١٣ ی جۆزەردان لە دووهەم رۆژی ئەم مانگرتنەدا نامەیەک ئاراستەی کۆنسولگەری وڵاتانی فەرانسە، ئامریکا، ئاڵمانو ئۆفیسی پارلمانی ئورووپا کراوە کە تێیدا ئاماژە بە هۆکاری مانگرتنو داخوازیەکانی مانگرتوان کراوە.
مانگرتووان داوا لە هەموو چالاکانی سیاسیو تێکۆشەرانی کورد بە تایبەت لە دەرەوەی وڵات دەکەن کە بۆ پشتگیری لە کەبوودوەندو پەرەگرتنی نارەزایەتیو گەیاندنی دەنگی مەزلوومییەتی ئەو تێکۆشەرە بەندکراوە، بە مانگرتنو وەرێخستنی خۆپێشاندان ببنە بەشێک لە هەڵمەتی ئازادی کەبوودوەند.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستانی و کورد / رێکەوتی: ٣ی جوونی ٢٠١٦



# داوای کۆمەڵێک لە چالاکانی نێوخۆی کوردستان بۆ خۆپیشاندانێکی هێمنانە لە کوردستان بۆ پشتگیری لە کەبودوەند




* **رێکەوتی: ۴ی جوونی ۲۰۱۶:** داوای کۆمەڵێک لە چالاکانی نێوخۆی کوردستان داوایان لە خەڵکی کوردستان کردوە بۆ پشتگیری لە محەممەد سدیق کەبودوەند خۆپیشاندانی هێمنانە وەرێ بخەن.

لە بەشێکی ئەو داوانامەیەدا هاتوە کە محەممەد سدیق کەبوودوەند، سەرۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە رۆژی ۱۹ی بانەمەڕەوە بەنیشانەی دەربڕینی نارەزایی سەبارەت بە پەروەندەسازی نوێی دەزگای قەزایی ئێران لەمەڕ زیادکردنی ماوەی زیندانییەکەی، مانی لە خواردن گرتووە و ئێستا لە بارودۆخێکی مەترسیدار دایە و پێویستی بە پشتیوانیی هەموومانە.

لە درێژەی داوانامەکەدا هاتوە کە داوا لە هەموو خەڵکی نیشتمانپەروەرو مافدۆستی کوردستان بە هەموو چین و توێژەکانەوە دەکەین وەکوو ئەرکێکی نەتەوەیی و ئینسانی، بە نیشانەی دەربڕینی پشتیوانی خۆیان لە کاک سدیق، بە وێنەی کەبودوەندەوە لە شەقامە سەرەکییەکانی شارەکانی کوردستاندا لە ئیلامی سەربەرزەوە هەتا سەڵماس رێپێوانێکی هێمنانە و ئاشتیانە بەرێوە ببەن.

ئەو کۆمەڵە چالاکە سەعات ٦ ی ئێوارەی سبەی یەکشەممە، ١٦ ی جۆزەردانیان بۆ ئەو خۆپیشاندانە دیاری کردوەو شوێنی کۆبوونەوەو خۆپیشاندانەکانیش شەقامی سەرەکیی شارەکانی کوردستان راگەیەندراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی و کورد / رێکەوتی: ٤ی جوونی ٢٠١٦

# پشتیوانی وەرزشوانێکی پێشووی یانەی ئێران لە محەممەد سەدیق کەبوودوەند




* ڕێکەوتی: ۴ی جوونی ۲۰۱۶: پشتیوانی دەربڕین لە محەممەدسدیق کەبوودوەند، ڕۆژنامەوان و باوکی مافی مرۆڤی کورد بە شێوازی جیاواز، لە ناخۆ و دەرەوەی کوردستانی خۆرهەڵات، بەردەوامە.

ڕۆژی کورد: وەرزشوانێکی پێشووی یانەی نەتەوەیی وڵاتی ئێران پشتیوانی خۆی بۆ محەممەد سەدیق کەبوودوەند دەربڕی.

وریا شەریفی وەرزشوانی کوردی خەڵکی شاری سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نیشتەجێی وڵاتی دانمارک بە وێنەی محەممەد سەدیق کەبوودوەند بەشداری یاری "دەو مەیدانی" لە وڵاتی دانمارک کرد و بەو شێوەیە پشتیوانی خۆی بۆ کەبوودوەند نیشان دا.

شەریفی لەو کێبەرکێییەدا وەک ئەندامی یانەی خاچی سوور بەشدار بوو و لە ناو ۷۵ یانەدا توانی پلەی چوارەم بەدەست بێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد / ڕێکەوتی: ٤ی جوونی ٢٠١٦



## ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی: گیانی کەبوودوەند لە مەترسی دایە




* **ڕێکەوتی: ۴ی جوونی ۲۰۱۶**: ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە بەیاننامەیەکدا لە ژێر ناوی گیانی ڕۆژنامەنووسی بە هەڵە بەندکراوی کورد لە ئێران بە موو بەندە"، وێڕای دەربڕینی نیگەرانی سەبارەت بە بارودۆخی محەممەدسەدیق کەبوودوەند ڕایگەیاندوە گیانی ئەم ڕۆژنامەنووسە کوردە لەبەردەستی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دایە.

لەم بەیاننامەیەدا هاتووە کە کەبوودوەند بە هۆی نزیک بە مانگێک مانگرتن لە خواردن بارودۆخی بە هۆی نەخۆشییەوە زۆر نالەبارەو مەترسی مردنی لەسەرە. لەم بەیاننامەیەدا جۆن لینچ، جێگری بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو باکووری ئافریقا لە ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی داوای ئازادکرانی خێراو بێمەرجی محەممەد سەدیق کەبوودوەندی کردوە.

جۆن لینچ، جێگری بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو باکووری ئافریقا لە ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی گوتی، محەممەد سەدیق کەبوودوەند بە هۆی چالاکی قانوونیی مافی مرۆڤو ڕۆژنامەنووسی نزیک بە ۱۰ ساڵە زیندانی کراوە. ئەمە لە حاڵێک دایە کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە حاڵی دروستکردنی پەروەندەیەکی نوێ لە بەرەبەری ئازاد کرانی ناوبراودان. ئەمە بەم مانایەیە کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لێی دەترسێنو هەر بۆیە لە هەوڵی ئەوەدان کە لە زینداندا ڕایبگرن.

لە درێژەی ئەم بەیاننامەیەدا وێڕای ئاماژە بە بارودۆخی خراپی جەستەیی، گیروگرفتی گورچیەلەکانیو دڵی ئەم بەندکراوە لە بەر مانگرتن لە خواردن هاتوە کە فشارهێنان بۆ گەڕاندنەوەی بۆ نێو زیندان بەردەوامە، بەڵام تا ئێستا کاربەدەستانی نەخۆشخانە لە هەمبەر داواکانیان خۆیان ڕاگرتوە.

لینچ هەروەها پێداگریی کردوە کە کاربەدەستان نابێ بە گیانی ڕۆژنامەنووسێ یاری نەکەن. ئەوان لەسەریانە کە دەسبەجێ ناوبراو ئازاد بکەن.

ئەم کاربەدەستەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە کۆتاییدا پشتڕاستی کردەوە کە بەرپرسانی ئێرانی پێش ئەوەی کە تراژیدیایەکی تاڵ بۆ محەممەد سەدیق کەبوودوەند، بنەماڵەی ناوبراوو گەورەتر لەوەش لە کۆمەڵگەی مافی مرۆڤ لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران ڕوو بدا، کۆتایی بە ئەم ناعەداڵەتیان بێنن. ناوبراو لە سەرەتاوە نەدەبا بەندکراباو کاربەدەستانی ئێران دەبێ دەسبەجێ ئازادی بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی و کورد / ڕێکەوتی: ٤ی جوونی ٢٠١٦

# کەبودوەندیان لە نەخۆشخانەڕا بۆ زیندان بردەوە




* **ڕێکەوتی: ٥ی جوونی ٢٠١٦:** محەممەد سدیق کەبودوەند لە حاڵێکدا ڕۆژ بەڕۆژ بارودۆخی سڵامەتیو لەشساغیی بەرەو خراپبوون دەچێ، لە نەخۆشخانەڕا مەرەخسیان کردو بۆ زیندانیان بردەوە.

پزیشکەکانی نەخۆشخانە داوایان لە کەبودوەند کردبوو کە کۆتایی بە مانگرتنەکەی بێنێ بۆ ئەوەی پۆتاسیۆمی خوێنەکەی ئاسایی بێتەوەو مەترسیی بوورانەوەو سەکتەی لەسەر لابچێ، بەڵام ئەو ملی نەداوەو گوتویەتی یا ئەو کاتەی بە ڕوونی وەڵامی داواکانی دەدرێتەوە لە مانگرتنەکەی بەردەوام دەبێ.

ئەوە لە حاڵێک دایە کە تا ئێستاش کاربەدەستانی پێوەندیدار هیچ وڵامێکیان بە داواکانی ئەو نەداوەتەوەو بنەماڵەکەشی زۆر نیگەرانی بارودۆخی سڵامەتیی ئەو و خەمساردی کاربەدەستانن.



سەرچاوە
Serchawe

محەممەدسەدیق کەبوودوەند لە رێکەوتی ١٠ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٨٦ دەستبەسەرو زیندانی کراوە. ناوبراو لە دادگای شۆڕشی ئیسلامیی تاران بە تۆمەتی هەوڵدان بەدژی ئەمنیەتی میللی لە رێگەی دامەزراندنو بەڕێوەبردنی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، حوکمی ١٠ ساڵ زیندانو لە بابەت پڕوپاگەندە بەدژی نیزامی کۆماری ئیسلامی حوکمی ١ ساڵ زیندانو سەرجەم ١١ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندراوە.

محەممەدسەدیق کەبوودوەند سەرەڕای توشبوون بە کۆمەڵە نەخۆشییەکی مەترسیدار، بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بە کرانەوەی پەروەندەی نوێ لەدژی لە رێکەوتی ١٩ی بانەمەڕەوە مانی لە خواردن گرتووە. بە قسەی پەریناز باغبان حەسەنی هاوسەری کەبوودوەند، ئەو لە زستانی ساڵی ڕابردوورا ٣ جار لە لایەن دادسەراوە بانگ کراوەو هەموو جارێ تۆمەتی نوێیان بەسەریدا ساغ کردۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی و کورد / رێکەوتی: ٥ی جوونی ٢٠١٦

---

## مانگرتن لە خواردنی ویشک بۆ ماوەی یەک ڕۆژ لە ناوخۆ بۆ پشتیوانی لە کەبوودوەند بەڕێوەچوو



* رێکەوتی: ٥ی جوونی ٢٠١٦: ٢٠٧ کەس لە خوێندکاران، چالاکانی مەدەنی و کرێکاریی ناوخۆی کوردستانی رۆژهەڵات بە مەبەستی پشتیوانی و ناڕەزایەتی بە دۆخی محەممەد سدیق کەبوودوەند و هەروەها بۆ پشتیوانی کردن لە کرێکاران قامچی لێدراوی کانگای "ئاق
دەرە"، ئەمڕۆ یەکشەممە ١٦ی جۆزەردان، هەر وەک پێشتر ڕایانگەیاندبوو، بۆ ماوەی یەک رۆژ مانیان لە خواردنی ویشک گرت.



## ناوی ئەو ٢٠٧ چالاکی بواتی جۆراوجۆر کە ئەمڕۆ مانیان گرت بریتییە لە:

| ریز | ناو و ناوبانگ | ریز | ناو و ناوبانگ | ریز | ناو و ناوبانگ | ریز | ناو و ناوبانگ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەبووبەکر نەسری | ٢٣ | جەلال مرادی | ٤٥ | سامان کەریمی | ٦٧ | شنو حسینی |
| ٢ | ئەحمەد فەرحی | ٢٤ | جەماڵ فەریدی نەسب | ٤٦ | سامان محمودی | ٦٨ | شیرکوهرمزی |
| ٣ | ئیدریس شەریفی | ٢٥ | جەلال مورادی | ٤٧ | سمکو محمدی | ٦٩ | شیوا راد |
| ٤ | ئاراد گوڵ محەممەدی | ٢٦ | جەمال رەحمانی | ٤٨ | سمیره محمدی | ٧٠ | شیوا رحمانی |
| ٥ | ئارام پزشکیان | ٢٧ | چرۆ احمدی | ٤٩ | سمیعه معروفی | ٧١ | شیوا عاملی راد |
| ٦ | ئارام ڕاوەند | ٢٨ | چیا بابایی | ٥٠ | سهراب کەریمی | ٧٢ | صلاح سورسوری |
| ٧ | ئارام فەتحی | ٢٩ | چیا محمدی | ٥١ | سوانکو محمدی | ٧٣ | طاهر حیدری |
| ٨ | ئارام محەممەدیان | ٣٠ | چیاکۆ صادقیانی | ٥٢ | سوران دانشور | ٧٤ | طیب قادری |
| ٩ | ئارام وەیسی | ٣١ | حافظ رحیمی | ٥٣ | سوران راوش | ٧٥ | عبدالله بلواسی |
| ١٠ | ئەرەستوو سەمەدی | ٣٢ | حامد محمدیان | ٥٤ | سوران شادابی | ٧٦ | عبدالله زارعی |
| ١١ | ئەرسەلان قادری | ٣٣ | حسن اخترثمر | ٥٥ | سوران کیانی | ٧٧ | عدنان فتحی |
| ١٢ | ئارەش حەیدەرزادە | ٣٤ | حسن معروفی | ٥٦ | سومەییە غوڵامی | ٧٨ | عرفان ساعد پناه |
| ١٣ | ئارمان درەخشانی | ٣٥ | خالد بابایی | ٥٧ | سونا مروت | ٧٩ | عطا جاوید |
| ١٤ | ئارمان موشیری | ٣٦ | خالد غفوری | ٥٨ | سۆما شفیعی | ٨٠ | علی صفری |
| ١٥ | ئازادمیرزایی | ٣٧ | خسرو مهدوی | ٥٩ | سیامک کریمی | ٨١ | عیسی سعیده |
| ١٦ | ئەسرین درسید | ٣٨ | دارا امینی | ٦٠ | سیاوش پیروتی | ٨٢ | عه بدوڵلا مسته فایی |
| ١٧ | ئەسکەندەر لوتفی | ٣٩ | دانا الیاسی | ٦١ | سیران منوچهری | ٨٣ | فاتح سعداللهی |
| ١٨ | ئاسۆ جیرانی | ٤٠ | دانا پزشکیان | ٦٢ | سیروان کهنه پوشی | ٨٤ | فرزاد زالی |
| ١٩ | ئاکۆ ئامداری | ٤١ | دانا رستمی | ٦٣ | سیروان محمدیان | ٨٥ | فرشاد رحیمی جمال |
| ٢٠ | ئومید خۆشبەخت | ٤٢ | دانا لنج ئابادی | ٦٤ | سیروان منوچهری | ٨٦ | فرشته فرهادی |
| ٢١ | ئومید محەممەدی | ٤٣ | دانا محمدی | ٦٥ | سیروس صمدی | ٨٧ | فرهاد ادوایی |
| ٢٢ | ئومید نادری | ٤٤ | دڵنیا محمودی | ٦٦ | سیمین روحانیزاده | ٨٨ | فرهاد راوش |



| ریز | ناو و ناوبانگ | ریز | ناو و ناوبانگ | ریز | ناو و ناوبانگ | ریز | ناو و ناوبانگ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٨٩ | ئومید یەزدانی | ١١٥ | دلیر رحیمی | ١٤١ | سیوان باتوبه | ١٦٧ | فروزان بابایی نژاد |
| ٩٠ | ئاواره موکریانی | ١١٦ | دیار احمدی | ١٤٢ | سیوان روحانی | ١٦٨ | فواد محمدی |
| ٩١ | ئایدینا محەممەدی | ١١٧ | دیار باغنده | ١٤٣ | سەنا فەرشادی | ١٦٩ | فواد ویسی |
| ٩٢ | بارزان حەسەن زاده | ١١٨ | رضا اسدی | ١٤٤ | شادی امین پور | ١٧٠ | فەرید زەهرابی |
| ٩٣ | بەهار رەزمجو | ١١٩ | رۆژین مولودی | ١٤٥ | شادی کمانگر | ١٧١ | کارزان عەلی |
| ٩٤ | بێهزاد بەهرامی | ١٢٠ | رۆژین عەبدی | ١٤٦ | شاڵاو خاک پەرست | ١٧٢ | کازیوه ئەنامقی |
| ٩٥ | بێهنام مورادی | ١٢١ | رۆژین قادری | ١٤٧ | شاهو رسولی | ١٧٣ | کامەران بەهرامی |
| ٩٦ | بێهزاد قادری | ١٢٢ | ریبوار کریم پناه | ١٤٨ | شاهو مارابی | ١٧٤ | کاوان محمودی |
| ٩٧ | پەروین زەبیحی | ١٢٣ | ریبوارکامرانی پور | ١٤٩ | شاهین باقی | ١٧٥ | کاوه فرجی |
| ٩٨ | پوریا قەوامی | ١٢٤ | ژینو روخنده | ١٥٠ | شایسته رحمانی | ١٧٦ | کاوه سەعیدی |
| ٩٩ | پێشەوا رەوشەن | ١٢٥ | ژینومرادی | ١٥١ | شبنم ئەحمەدپور | ١٧٧ | کژان حسنی |
| ١٠٠ | تکوشین فەرزادی | ١٢٦ | سالار شریفی | ١٥٢ | شعبان محمدی | ١٧٨ | کوردیا سورسوری |
| ١٠١ | تەیموور ئەمجودی | ١٢٧ | سالار نەدیمی | ١٥٣ | شلێر تاڵ | ١٧٩ | کۆچەر فەتحی |
| ١٠٢ | کیان فرمند | ١٢٨ | محمد کهنه پوشی | ١٥٤ | هاوژین مولودی | ١٨٠ | ئارام محمدیار |
| ١٠٣ | کیانوش خانی | ١٢٩ | محمدعلی قاضی زاده | ١٥٥ | هژار نادری | ١٨١ | ئارام ئەحمەدی |
| ١٠٤ | کیوان غولامی | ١٣٠ | مسعود رازین | ١٥٦ | الهه محمدی | ١٨٢ | ئارمان غفوری |
| ١٠٥ | لاولاو نادرپور | ١٣١ | مسلم بهرامی | ١٥٧ | هێدی حەسەن نژاد | ١٨٣ | ئازاد دیناری |
| ١٠٦ | لقمان ویسی | ١٣٢ | مصطفی فقیه | ١٥٨ | هیژا دیوبند | ١٨٤ | ئاسۆ منبری |
| ١٠٧ | لوقمان ئەفزەلی | ١٣٣ | مظفر روخنده | ١٥٩ | هیمن پزشکیان | ١٨٥ | ئاکام رەحمانی |
| ١٠٨ | لیلا رحیمی | ١٣٤ | ملک احمدی | ١٦٠ | هێمن سعداللهی | ١٨٦ | ئاوات حمیدی |
| ١٠٩ | لیمو بایزیزاده | ١٣٥ | مهناز قدو | ١٦١ | هیوا پزشکیان | ١٨٧ | ئەوین راستی |
| ١١٠ | متین رضایی | ١٣٦ | مهناز مرادی | ١٦٢ | هیوا تنها | ١٨٨ | یوسف ملکی |
| ١١١ | محسن محمدی | ١٣٧ | میلاد اشعری | ١٦٣ | هیوا خورشیدی | ١٨٩ | ئیدریس پیری |
| ١١٢ | محسن مرادی | ١٣٨ | مێهرداد مورادی | ١٦٤ | هیوا مورادی | ١٩٠ | ئەبووبەکر ڕاوەند |
| ١١٣ | محمد پزشکیان | ١٣٩ | نادر شەریفیان | ١٦٥ | هیوای دوارۆژه | ١٩١ | یەدی متاعی |
| ١١٤ | محمد خدا رحمی | ١٤٠ | نازار حق پرست | ١٦٦ | هەژیر علی پناه | ١٩٢ | ئەیوب مرادی |

| ریز | ناو و ناوبانگ | ریز | ناو و ناوبانگ | ریز | ناو و ناوبانگ | ریز | ناو و ناوبانگ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٣ | محمد رحیم زادە | ١٩٨ | نوید زندی | ٢٠٣ | هەناسە محمدی | | |
| ١٩٤ | محمد ڕۆستەمی | ١٩٩ | نەبەز مشایخی نیا | ٢٠٤ | وریا دڵ انگیز | | |
| ١٩٥ | محمد صدیق کریمی | ٢٠٠ | هادی رحیمی | ٢٠٥ | ئاراستە محمدی | | |
| ١٩٦ | محمد عباسی | ٢٠١ | هادی یزدانی | ٢٠٦ | ئارام ڕوستەمی زادە | | |
| ١٩٧ | محمد کریمی | ٢٠٢ | هاوڕێ ئەحمەدی | ٢٠٧ | ئارام فعلە گەری | | |

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد / ڕێکەوتی: ٥ی جوونی ٢٠١٦

## سێ زیندانیی سیاسیی کورد بۆ پشتیوانی لە کەبوودوەند مانیان گرت




* **ڕێکەوتی: ٥ی جوونی ٢٠١٦:** سێ زیندانیی سیاسی لە بەندیخانەی ڕەجایی شاری کەرەج بە مەبەستی پشتیوانی کردن لە مانگرتنی محەمەد سدیق کەبوودوەند و سەرجەم زیندانیانی سیاسیی مانگرتووی دیکەی کورد لە زیندانەکانی ڕژیمی ئیسلامیی ئێراندا، بۆ ماوەی یەک ڕۆژ مانیان گرت.

زانیار و لوقمان مواردی و سەعید شیرزاد سێ کەس لە زیندانیانی سیاسیی کورد هاوڕێ لەگەڵ سەرجەم زیندانیانی سیاسیی زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج شەوی یەکشەمە بۆ پشتیوانی لە سەرجەم زیندانیانی مانگرتووی کورد لە زیندانەکانی ئێراندا مانگرتنیان



ڕاگەیاند.

زیندانیانی سیاسیی ڕەجایی شاری کەرەج ڕایانگەیاندووە : “ئێمە کۆمەڵێک لە گیراوانی سیاسیی زیندانی ڕەجایی شار پشتیوانی لە مانگرتنی بوێرانەی محەممەد سدیق کەبوودوەند، محمەد عەبدوڵلاهی و سەرجەم گیراوانی سیاسیی دیکەی مانگرتوو دەکەین و بۆ پشتیوانی لە مافی ڕەوای ئەو زیندانیانە ڕۆژی یەکشەمە ١٦ای جۆزەردان وەکوو پشتیوانییەک مان لە خواردن دەگرین” .

محەمەد سدیق کەبوودوەند ماوەی ٢٨ ڕۆژە بە نیشانەی ناڕەزایەتی دەربڕین بە سەرلەنوێ دادگایی کردنەوەی و هەروەها دۆسیەسازیی بێ بنەمای ئیتلاعات لە دژی سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، مانی لە خواردن گرتووە.

هەروەها جەعفەر عەزیمزادە چالاکی کرێکاریی کورد لە زیندانی ڕژیمی ئیسلامیی ئێراندا ماوەی ٣٨ ڕۆژر لە مانگرتندایە و خوازیاری کەمکردنەوەی گوشار بۆسەر کۆمەلی کرێکاری و مامۆستایانە.

محەمەد عەبدوڵلاهی زیندانیی سیاسیی کوردی مەحکووم بە سێدارە لە زیندانی ورمێ، ماوەی ٨ ڕۆژە بە مەبەستی ناڕەزایەتی دەربڕین بە حوکمی سێدارەی دەزگای نادادوەری لە دژی خۆی و سەرجەم گیراوانی سیاسیی مەحکووم بە سێدارە مانی لە خواردن گرتووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد / ڕێکەوتی: ٥ی جوونی ٢٠١٦



# کوردانی نۆرویژ بە خۆپیشاندانو مانگرتن پشتیوانیی خۆیان لە کوبوودوەند ڕاگەیاند



* **ڕێکەوتی: ٨ی جوونی ٢٠١٦**: بەشێکی بەرچاو لە کوردانی نۆرویژ بۆ داکۆکیکردن لە محەممەد سەدیق کەبوودوەند، سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان کە ماوەی مانگێکە لە بەندیخانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی مانی لە خواردن گرتووە، خۆپێشاندانیان کرد.

ڕۆژی سێشەممە، ٨ای جۆزەردان بە دەستپێشخەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانو ڕێکخراوی خەباتی شۆرشگێری کوردستانو بەشداریی کۆمیتەی ڕێکخستنی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ پشتیوانی کردن لە داوا ڕەواکانی زیندانیانی سیاسیی کورد بە تایبەت کەبوودوەند، خۆپێشاندانێک لەبەر دەم وەزارەتی دەرەوەی نۆرویژو بەردەم سەفارەتی کۆماری ئیسلامی ئێران پێک هات.

لە سەرەتای خۆپیشاندانەکەدا لەلایەن بەشداربووانەوە بە زمانەکانی کوردی، فارسیو نۆرویژی کۆمەڵێک دروشم بە دژی ڕێژیمی ئێران کوترانەوەو، دواتر داوانامەیەک کە لەلایەن بەرێوەبەرانی خۆپێشاندانەکە ئامادەکرابوو، لە لایەن ئەسعەد خزری، بەرپرسی پێوەندیی هێزە کوردستانییەکان حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نۆرویژ خوێندرایەوە.

لە داواکارییەکەدا وێرای ئاوردانەوەیەک لە وەزعی کوردستان، زیندانیانی سیاسیی کورد بە تایبەت محەممەد سەدیق کەبوودوەند سەرۆکی ڕێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان داوا لە حکوومەتی نۆرویژ کراوە کە هەڵویستی خۆی لە بەرانبەر ئەو زوڵمو زۆرییە دەرببڕیو داوا لە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بکەن کە کەبوودوەندو هەموو زیندانیانی سیاسیی کورد ئازاد بکەن.

دواتر هەمان داواکاری کە بە زمانی نۆروێژی تەرجوومە کرابۆوە، درایە نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی نۆروێژو ناوبراو بەڵێنیدا کە داوانامەکە بە وەزیری دەرەوەی نۆروێژ بگەیەنێ.

دوای کاتژمێرێک مانەوە لە بەردەم وەزارەتی دەرەوەی نۆروێژ، خۆپێشاندەران بەرەو سفارەتی ڕێژیمی ئێران کەوتنەڕێ‌و، دوای ئەوەی کە خۆپێشاندەران گەیشتنە بەردەم سفارەتی ئێران دەستیان کرد بەدروشم بە دژی کۆماری ئیسلامی‌و داوایان کرد باڵوێزخانەی ئێران لەو وڵاتە دابخرێ.

جێگای ئاماژە پێکردنە هاوکات لەگەڵ ئەو خۆپیشاندانانە چەند چالاکی کورد لە ڕۆژی ڕابردووەوە لە بەردەرگای وەزارەتی دەرەوەی نۆروێژ بۆ پشتیوانیکردن لە زیندانیانی سیاسیی کوردو بە تایبەت کەبوودوەند مانیان لە خواردن گرتووەو ئەو مانگرتنە ٥ ڕۆژ دەخایەنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی و کورد / ڕێکەوتی: ٨ی جوونی ٢٠١٦

---

## گەنجێکی کورد لێدوانێکی چڕی لەسەر دۆخی کەبوودوەند دا بە ئەمنیستی ئینترناشناڵی نۆروێژ




* ڕێکەوتی: ٩ی جوونی ٢٠١٦: ئەمڕۆ پێنج شەممە ٢٠ی جۆزەردانی ١٣٩٥ی هەتاوی، سەننار ئەرەسزادە نوسەری کوردی خۆرهەڵاتیی کتێبی (ڕۆژی تاریک لە سەر کووچە تەنگەکان دا) لە وڵاتی نۆروێژ لە شاری ئەسکەر، ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی لە سەر مانگرتنی محەممەد سەدیق کەبودوەند و باردۆخی دژوار و پڕ لە مەترسیی ژیانی ئەو ڕۆژنامەنووس و چالاکەی مافی مرۆڤی کور لە زیندانی



کۆماری ئیسلامی ئێران پێشکەش بە ڕێکخراوی ئەمنێستی ئینترناشناڵەی ئەو شارە کرد.

ئەرەسزادە لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بە سیستەمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران و پێشێلکاری مافی مرۆڤ و سێدارە و زیندانی کردنی چالاکانی سیاسی، کپ کردنی دەنگی جیاواز لەلایان ئەو سیستەمە ئاماژەی پێکراوە، هەروەها ئاماژە بە سەرەتای درووست بوونی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران و کارو چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوە و دەور و کاریگەرییەکانی محەممەد سەدیق کەبودوەند لە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە و پێداگری و داکۆکی بەرێز کەبودوەند لە سەر مافی مرۆڤ و وشیار کردنەوەی کۆمەڵگای کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەمبەر مافەکانیان بە وردی ئاماژەی پێکراوە.

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا، ئەو نووسەرە کوردە ئاماژەی بەوە کردوە کە بەرێز کەبودوەند زیاتر لە دە ساڵە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دا بەند کراوە، بەڵام لەو ماوە دوورودرێژەدا لە هەموو مافێکی زیندانی بێبەش کراوە.

هەروەها ناوبراو لە ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوە کردوە کە سەرەڕای هەموو گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بەرێز کەبودوەند لە زیندان دا، بەڵام ڕێژیم نەیتوانیوە بەرێزیان لە ئامانج و خواستەکانی دوور بکاتەوە.

لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەدا سەنار ئەرەسزادە، باسی ئەوەی کردووە کە ئەورۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران، کەبودوەند وەکوو هێمایەک بۆ ئازادی و دێموکراسی و یەکسانی سەیر دەکردرێ.

پێویستە بە ئاماژەیە کە ڕێکخراوی ئەمنێستی شاری ئەسکەر، سەرەڕای مەحکووم کردن و بەداخ بوونی خۆیان لە مەڕ پێشێل کردنی زەقی مافی مرۆڤ لە لایان کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لە هەمبەر ویست و داخوازییەکانی نەتەوەی کورد و زیندانیانی سیاسی و بەتایبەتی بەرێز کەبودوەند بەڵێنیان داوە لە ڕێگای خۆیانە بە وردی بە دوای ئەو کیسەوە بچن و بەدواداچونی بۆ بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد / ڕێکەوتی: ٩ی جوونی ٢٠١٦

## کۆبوونەوەی پشتیوانی لە کەبودوەند لە پارکی شانەدەری هەولێر



* **ڕێکەوتی: ٩ی جوونی ٢٠١٦:** لە پارکی شانەدەری هەولێر کۆبوونەوەیەک بۆ پشتیوانی لە محەممەد سدیق کەبودوەند، سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان کە نیزیک بە مانگێکە مانی لە خواردن گرتوە، بەڕێوەچوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ١٩ی جۆزەردان بەبەشداریی کۆمەڵێک لە ڕێکخراوە مەدەنییەکانی رۆژهەڵاتو بەشەکانی دیکەی کوردستان بەڕێوەچوو، بەشداران داوای ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیyan کردو سەبارەت بە دۆخی کەبودوەندو بێ وەڵام مانەوەی داواکەی لەلایەن دەزگای قەزایی دوای زیاتر لە مانگێک مانگرتن، سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە حاند چالاکانی سیاسیو مەدەنیی کوردیان مەحکوم کرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا پەیامی ڕێکخەرانی کۆبوونەوەکە لەلایەن عەلی مەحموود، چالاکی مەدەنیی هەڵسووڕی باشووری کوردستان خوێندرایەوەو دواتر پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن جیهان بێتووشی، ئەندامی بەڕێوەبەریی ئەو ڕێکخراوەیە پێشکێش کرا.

لە پەیامەکەی یەکیەتیی لاواندا وێڕای دووپاتکردنەوەی پشتیوانیی حیزبی دێموکڕاتو یەکیەتیی لاوان لە داوای کەبودوەندو پشتیوانی لە بەڕێزیان، داوا لە سەرجەم کەسایەتیو کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکانو هەموو ناوەندو ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ کرابوو هەنگاوی بە پەلە هەڵ بگرنو هەموو هەوڵی خۆیان بۆ فشارخستنە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بە کار بێنن بۆ ئەوەی ڕێز لە داواکانی کەبوودوەند بگرێو نەک هەر هەلومەرجێکی باشتری بۆ راگرتنی لە بەندیخانە دا پێک بێنێ، بەڵکوو لە زیندان ئازادی بکا و لەمەش زیاتر چاو بە سەرجەم سزا وبڕیارەکانی خۆی لە پێوەندی لە گەڵ چالاکانی سیاسی و مەدەنیی بەندکراو دا، بخشێنێتەوە."



خوێندنەوەی پەیامی تۆڕی رێکخراوە مەدەنییەکانی هەولێر لەلایەن رێباز یوسف، پەیامی لاوانو قوتابیانی پارتی ئازادیی کوردستان لەلایەن شیراز نادری، پەیامی کۆنگرەی نەتەوەیی کودستان لەلایەن فریاد هیرانی، پەیامی رێکخراوی لاوانی خەباتی کوردستانی ئێران لەلایەن سالار حوسێنیو، خوێندنەوەی پەیامی تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگای کوردستان لەلایەن تارا حوسێن چەند برگەیەکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیە بوون.

لە برگەیەکی دیکەی کۆبوونەوەکەشدا ئەیاد کاکەیی بە نوێنەرایەتیی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان لقی هەولێر وتارێکی پێشکێش کردو پشتیوانی خۆیو سەندیکای لە محەممەد سدیق کەبوودوەندو هەموو گیراوانی سیاسیی چوار پارچەی کوردستان دەربڕی.
لە برگەی کۆتایی کۆبوونەوەکەشدا رەسوڵ سوڵتانی، شاعیری شێعری بەرگریی رۆژهەڵاتی کوردستان هۆنراوەیەکی حەماسیی پێشکێش بە بەشدارانو خۆڕاگریی کەبودوەندو زیندانیانی سیاسیی کورد کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی و کورد / رێکەوتی: ٩ی جوونی ٢٠١٦

---

## رێکخراوەکانی هەرچوار بەشی کوردستان لە کەمپەینێکدا پشتگیری لە ئازادیی کەبوودوەند دەکەن




* رێکەوتی: ٩ی جوونی ٢٠١٦: کەمپەینی هەنگاو بۆ بۆ پشتیوانی لە ئازادیی محەممەدسدیق کەبوودوەند باوکی مافی مرۆڤی کوردستان و خۆراگریی زیندانیانی سیاسی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات پێکهاتووە، پشتیوانییان لە داخوازییە رەواکانی زیندانیانی سیاسیی دەربڕی.





**ڕۆژی کورد: ڕێکخراوەکانی هەر چوار بەشی کوردستان و ژمارەیەک کەسایەتی لە کەمپەینی "هەنگاو"دا کە بۆ پشتیوانی لە ئازادیی محەممەدسدیق کەبوودوەند باوکی مافی مرۆڤی کوردستان و خۆڕاگریی زینیدانیانی سیاسی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات پێکهاتووە، پشتیوانییان لە داخوازییە ڕەواکانی زینیدانیانی سیاسیی دەربڕی.**

**ئامانجی کەمپەینی هەنگاو، ئازادی بەندکراوانی سیاسی کورد بە تایبەت ئازادیی محەممەدسدیق کەبوودوەندە.**

**لەو کەمپەیەنەدا ٦٢ ڕێکخراو و ژمارەیەک کەسایەتی پشتگیری خۆیان لە کەمپەینی "هەنگاو" بۆ ئازادی محەممەدسدیق کەبوودوەند ڕاگەیاند کە بریتین لە:**

* **یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان**
* **ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان**
* **یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
* **یەکیەتیی گشتیی قوتابیانی کوردستان**
* **تۆڕی چەتری ڕێکخراوەکان/ کۆیە**
* **کۆمەڵەی گەنجانی سوسیال دێموکرات/ کوردستان**
* **یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان/ عێراق**
* **یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستان**
* **ئینتەرناسیونالْ سۆسیالیستی لاوان ( IUSY )**
* **کۆمەڵەی ئافرەتان / لێژنەی کۆیە**
* **یەکیەتیی مامۆستایانی کوردستان**
* **ناوەندی کۆیەی ڕێکخراوە دێموکراتییەکان**
* **ڕێکخراوی ژینگەیەکی تەندروست و سەوز**
* **بوژانەوەی هزر و کلتوری کۆیە**
* **ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان**
* **ڕێکخراوی یار**
* **ڕێکخراوی خانمانی ماف پەروەر**
* **ڕێکخراوی ئایندە بۆ پرسە هزریەکان**
* **ڕێکخراوی بەنا بۆ ڕاپرسی**
* **ڕێکخراوی گەشەپێدانی ووشیاری خێزان**





* ڕێکخراوی هەناسە بۆ چالاکیە وەرزشیەکان
* ڕێکخراوی هاندانی ژمێریاران و وردبینان
* ڕێکخراوی ڕێنوێنی لاوانی کوردستان
* ڕێکخراوی نوێکار
* ڕێکخراوی گەشەی لاوانی کوردستان
* ڕێکخراوی کۆژان بۆ پرسی ئەنفال
* ئاشتی سەوزی کوردستان
* بنکەی ڕوناکبیری گەلاوێژ / لقی کۆیە
* سەندیکای کارمەندانی تەندروستی
* ڕێکخراوی زانکۆ بۆ ژینگە پارێزی
* کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان / لقی زانکۆ و پەیمانگاکان
* کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان / لقی کۆیە
* ڕێکخراوی یەکگرتووی خوشکان
* یەکیەتیی لاوان کوردستان
* ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان / لقی کۆیە
* سەندیکای تەکنیکارانی ئەندازەی کوردستان
* کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز
* ڕابوونی خوێندکار و لاوانی کوردستان
* یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی / کۆیە
* ڕێکخراوی ئاسۆی نیشتمان / سلێمانی
* یەکیەتیی ژنان لقی کۆیە
* سەنتەری چالاکی گەنجانی کۆیە
* یەکیەتیی خوێندەڤانان و جەوانێن دێموکراتی کوردستان / رۆژئاوا
* فیدراسیۆنی ڕێکخراوە مەدەنیەکانی کۆیە
* لاوانی پارتی سۆسیالیستی کوردستان / باکوور
* ڕێکخراوی ئازادی لاوان / سەنتەری کۆیە
* سازمان مدنی جوانان افغانستان
* لاوانی سوسیال دێموکراتی ئورووپا
* ڕێکخراوی هۆشیاری تەندروستی





* ڕێکخراوی پێگەیاندنی تاک لە سۆران
* فەرهەنگخانەی سۆران
* ڕێکخراوی کۆ / سۆران
* ڕێکخراوی وار بۆ ژینگە
* ڕێکخراوی پەرە / دیانان
* ڕێکخراوی ڕاژە بۆ ڕاپرسی
* ڕێکخراوی ڕێسا بۆ پرسی یاسایی
* ڕێکخراوی پارێزەرانی سۆران
* ڕێکخراوی گەنجانی باڵکیان
* ڕێکخراوی هۆشیاری هاتووچۆی سۆران
* کۆمەڵەی ڕۆژ
* یەکیەتیی فەرمانبەران / کۆیە
* کۆمەڵەی تالاسیما / کۆیە

## * کەسایەتییەکان بریتین لە:

| ریز | ناو و ناوبانگ | ریز | ناو و ناوبانگ | ریز | ناو و ناوبانگ | ریز | ناو و ناوبانگ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئومید عەبدی | ١٢ | مێهرداد خوسرەوی | ٢٣ | دەربەند ڕەحمانی | ٣٤ | نەژاد تەیفور عەزیز |
| ٢ | جەماڵ ڕەسووڵ دنخە | ١٣ | ڕێزان مەقرووزی | ٢٤ | زانیار ئەشرەفی | ٣٥ | ئیسماعیل عەلیمحەممەدی |
| ٣ | جەلال ڕەوانگەرد | ١٤ | ڕامیار خادەمی | ٢٥ | حیسام ڕەحمانی | ٣٦ | شەونم مێهرابی |
| ٤ | ڕۆژین ئەشرەفی | ١٥ | سامان سەیدئەحمەدی | ٢٦ | کوردین باسامی | ٣٧ | ڕێبوار عەبدوولاهی |
| ٥ | ئەمین ئیبراهیمی | ١٦ | سۆران باریکە | ٢٧ | عارف وەلزی | ٣٨ | هەڵالە خوسرەوی |
| ٦ | دیاکۆ مەسعوودی | ١٧ | ئارمان ئەمجەدی | ٢٨ | ئاسکە حەسەنزادە | ٣٩ | خالید پەیغامی |
| ٧ | ڕۆژان سۆفیزادە | ١٨ | محەممەد خوسرەوی | ٢٩ | ڕەمەزان مۆرای | ٤٠ | نەوشیروان خیشتەندار |
| ٨ | ئەمیر بابان | ١٩ | د. منار نزار | ٣٠ | د. سامان عەبدوولا | ٤١ | ئەحمەد محەممەد ئەمین |
| ٩ | د. کەریم ئەینافی | ٢٠ | د. کامەران جەلال | ٣١ | د. هۆشمەند عەلی | ٤٢ | د. قادر گەیلان |
| ١٠ | د. هاوژین سێلوە | ٢١ | د. حەیدەر لشکر | ٣٢ | د. ڕابەر جەلال | ٤٣ | د. ئیسماعیل کاکەیی |
| ١١ | د. مەهدی مرووەتی | ٢٢ | هۆگر بەکر | ٣٣ | دانا حاجی | ٤٤ | هاوکار ڕەندیخانی |



| ریز | ناو و ناوبانگ | ریز | ناو و ناوبانگ | ریز | ناو و ناوبانگ | ریز | ناو و ناوبانگ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٥ | کاکە ئیسماعیل | ٦٧ | ڕێکان ڕواندزی | ٨٩ | کوێستان ئەحمەد | ١٠٩ | بەرزان عمر شێوەجانی |
| ٤٦ | بەهار ڕەزا | ٦٨ | مریەم جەماڵ مستەفا | ٩٠ | ژیار خدر ڕەسول | ١١٠ | ڕێباز هاشم مستەفا |
| ٤٧ | ئەمید باوێر سابر | ٦٩ | زانست عەزیز خۆزێر | ٩١ | سەفین خدر | ١١١ | بێخاڵ ئیسماعیل عەزیز |
| ٤٨ | کارزان عوسمان داود | ٧٠ | بەیار میرزا عەزیز | ٩٢ | ئاویەر شێخی | ١١٢ | ڤینک جەلیل عەلی |
| ٤٩ | حازم، عەلی ڕەمەزان | ٧١ | ئاسۆ مەنگوور | ٩٣ | دارا موێز | ١١٣ | ئەنجام بەهرام عەبدوولا |
| ٥٠ | بەشدار ئەکرەم سلێمان | ٧٢ | ئیسماعیل بازیار | ٩٤ | شیرزاد حمد | ١١٤ | د.عەبدوولا جەبار ئەحمەد |
| ٥١ | بانە سەردار | ٧٣ | ئازاد مەلا عەلی | ٩٥ | باسم فەلاح | ١١٥ | فەرەیدوون قادر حەمە ڕەش |
| ٥٢ | ژیان سابیر | ٧٤ | بێستوون سەمەد | ٩٦ | شێرزاد جەماڵ | ١١٦ | شاکار هادی کەریم |
| ٥٣ | شیرین جەماڵ | ٧٥ | دالیا هاشم | ٩٦ | دارا خالید | ١١٧ | بیلال خالید ئەحمەد |
| ٥٤ | کارمەند حمە ئەمین | ٧٦ | هیوا سلام | ٩٧ | هاوار جەلال | ١١٨ | هاوکار کاکە ڕەش خزر |
| ٥٥ | خالید ڕەشید | ٧٧ | لوینە فازڵ | ٩٨ | مەبەست ئسودە | ١١٩ | بەسیدە حەیدەر ئەنوەر |
| ٥٦ | سیروان ئیبراهیم تەها | ٧٨ | مەهاباد ئازاد | ٩٩ | کامران عەزیز | ١٢٠ | نەورۆز محەمەد مولوود |
| ٥٧ | مەریوان میرحاج | ٧٩ | دابان قاسم | ١٠٠ | ژیان عەزیز | ١٢١ | سنوور مەحموود مەولوود |
| ٥٨ | مازن جەلال | ٨٠ | یەحلا سەمەد | ١٠١ | کاوە عەلی | ١٢٢ | هاوڕێ جەبار حەمە ئەمین |
| ٥٩ | دارەوەن | ٨١ | ئەحمەد سوارە | ١٠٢ | سیروان حسین | ١٢٣ | ڕاوێژ عەبدولحەمدی ڕەسوڵ |
| ٦٠ | پەیام محەمەد ڕەسووڵ | ٨٢ | ئاسۆ سەعید | ١٠٣ | ڕێبین کوردە | ١٢٤ | کاروان شەریف بایز |
| ٦١ | گەشاو سەمەد عەلی | ٨٣ | جەمشید ئیسماعیل | ١٠٤ | خساب حەسەن | ١٢٥ | دیلان کاوس عەزیز |
| ٦٢ | شیاو ڕۆستەم غەریب | ٨٤ | چاوان عەلی فارس | ١٠٤ | داهێن کارزان | ١٢٦ | سەلام عەبدوڵا حمەعەلی |
| ٦٣ | تەها یاسین تەها | ٨٥ | ئاشتی ڕەقیب عەزیز | ١٠٥ | شەوین بایز | ١٢٧ | کوێستان ئاسو ڕەشید |
| ٦٤ | چرۆ ئیسماعیل خدر | ٨٦ | هێشوو مەحموود سەمەد | ١٠٦ | گوڵبەهار نێعمان | ١٢٨ | هەردی فەتاح ئیسماعیل |
| ٦٥ | ڤینوس هوشیار نەجم | ٨٧ | قارەمان نادر مەولوود | ١٠٧ | قارەمان خزر | ١٢٩ | ڕێژین سابیر ڕەشید |
| ٦٦ | نعمەت عەبدوڵا شێرزاد | ٨٨ | سەرکوێ سەمەد قادر | ١٠٨ | گوڵاڵە فەتاح | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٣٠ | ئیسماعیل ساڵحم جەعفەر مەجید | ١٣١ | د.سەربەست محەمەد ساڵح نبی |

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد / ڕێکەوتی: ٩ی جوونی ٢٠١٦



## نیگەرانیی ئەنجومەنی جیهانیی قەڵەم لە بارودۆخی محەممەدسەدیق کەبوودوەند



* ڕێکەوتی: ٩ی جوونی ٢٠١٦: ئەنجومەنی جیهانیی قەڵەم نیگەرانیی قووڵی خۆی سەبارەت بە بارودۆخی سڵامەتیی محەممەد سەدیق کەبوودوەند دەربڕیوە.

لە بەیاننامەیەکدا کە ئەم ئەنجومەنە لە سەر وێب سایتی خۆی دایناوە، وێڕای دەربڕینی نیگەرانی لە بابەت بارودۆخی ئەم ڕۆژنامەنووس‌و نووسەرە کوردە، داوای دەرمان‌و چارەسەری بەپەلە و خێرا بۆ ناوبراو کراوە.

ئەنجومەنی قەڵەم پێداگری کردوە کە کەبوودوەند بە دەست نەخۆشیی جۆراوجۆری وەک نەخۆشیی دڵ‌و گورچلیەو پرۆتستاتەوە دەناڵێنێ‌و بە هۆی مانگرتن لە خواردن، بارودۆخی جەستەیی ئەو زۆر شپرزەتر بووە.

ئەم نامەی ئەنجومەنی قەڵەم ڕوو بە عەلی خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی‌و سادق لاریجانی سەرۆکی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی نووسراوەو دەقی نامەکەش بۆ کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نێردراوە.

ئەنجومەنی قەڵەم رایگەیاندوە کەبوودوەند ئەندامی ئیفتخاریی ئەنجومەنی قەڵەمی ئۆتریش، ئەنجومەنی قەڵەمی سۆئێد، ئەنجومەنی قەڵەمی کاتالا و ئەنجومەنی قەڵەمی سیدنی و هەروەها ڕۆژنامەنووسی ساڵی بریتانیا لە ساڵی ٢٠٠٩ و براوەی خەڵاتی "هێلمەن" لە ساڵی ٢٠٠٨ە.

محەممەدسەدیق کەبوودوەند، ڕۆژنامەنووس‌و چالاکی مافەکانی مرۆڤ لە ڕۆژی١٩ای بانەمەڕ و لە دەیەمین ساڵی بەندکرانیدا مانی لە خواردن گرتووەو تا ئێستا دوو جار بۆ نەخۆشخانە گواستراوەتەوە.

ناوبراو کە سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانو بەرپرسو بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی ڕاگیراوی "پیام مردم"ە، لە مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٨٦ بەند کراوەو تاقە جارێکو ئەویش بە مەبەستی چاوپێکەوتنی کوڕە نەخۆشەکەی کەنەخۆشیی شێرپەنجەی هەیە، پاش مانگرتن لە خواردن مەرەخەسی پێ درا.

کەبوودوەند بە تۆمەتی جۆراوجۆری وەک "هەوڵدان بە دژی ئەمنیەتی میللی" و "پڕ و پاگەندە بە دژی نیزام" حوکمی ١٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندراو داداگای ئینقلابی تارانیش لە پەروەندەیەکی نوێدا کۆمەڵە تۆمەتێکی دیکەی بەسەردا ساغ کردۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی و کورد / ڕێکەوتی: ٩ی جوونی ٢٠١٦

## دانمارک: خۆپێشاندانێکی نارەزایەتی بۆ پشتیوانی لە محەممەد سەدیق کەبوودوەند لە بەردەم باڵوێزخانەی ڕێژیمی ئێران بەڕێوە چوو




* ڕێکەوتی: ١٠ی جوونی ٢٠١٦: ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٠ ای ژوئەن (٢١ی جۆزەردان)، خۆپێشاندانێکی نارەزایەتی لەلایەن کومیتەی هاوکاری حیزبە کوردستانیەکان لە بەردەم باڵوێزخانەی ڕێژیمی ئێران لە شاری کۆپێنهاگ بە بەشداری دەیان کەس لە کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان بەڕێوە چوو.

سەرەتای خۆپێشاندان بە سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان





دەستی پێکرد.

پاشان لەلایەن بەشداربووانی خۆپێشاندان درووشمی نارەزایەتی لە دژی کۆماری سێدارە خوێندرانەوە.

دواتر پەیامی حیزبە کوردستانیەکان بە زمانی دانمارکی لە لایەن ییلماز ییلدز خوێندرایەوە کە لە بەشێک لەو پەیامەدا هاتبوو: "حکومەتی دیکتاتوری کۆماری ئیسلامی هەر لە رۆژی یەکەمی هاتنە سەر کاری خۆی بە سیاسەتێکی نادێموکراتیک هەموو ئازادیخوازان و جیا بیرانی سەرکوت کرد و بە درەندەترین شێوە وڵامی داخوازییە رەواکانی گەلەکانی ئێرانی دەداوە. سیاسەتی کوماری ئیسلامی بەرامبەر بە نەتەوەکانی تر و بە تایبەتی نەتەوەی کورد زۆر توندتر بوو بە فتوای جیهادی خومەینی دەستی پێکرد و وێرای ماڵوێران کردنی کوردەکان کوشتنی بە کۆمەڵ و لە سێدارەدانی هەزاران ئازادیخوازی سەر بە هێزەکانی کوردی لە زیندان نانی سیاسەتوان و رۆژنامەنووس و چالاکوانی بواری مافی مرۆڤ و ژینگە و کەلتوری تیرۆر کردنی رێبەران و کەسایەتیەکانی ئۆپوزیسیۆنی ئێرانی بەتایبەتی رێبەرانی کورد بەردەوام بووە لە سیاسەتەکانی سەرکوت جێگای ئاماژە پێدانە تەنیا لە ساڵی ۲۰۱۵ ژمارەی لە سێدارەدروان زیاتر لە ۱۰۰۰ کەس بووە کە بەشی زۆری سەر بە نەتەوەی کوردن. هەر وەکو هەموو لایەک ئاگاداران محەممەد سەدیقی کەبوودوەند بەرپرسی رێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بۆ ماوەی ۹ ساڵە کە دەسبەسەر کراوە و لەو ماوەیەدا وێرای هەموو تۆمەتە بەناحەق وەپاڵدراوەکانی لە زۆر مافی سەرەتایی ئینسانیی زیندانیەکی سیاسی بێبەش کراوە و لە زیندانا لەگەڵ زۆر نەخۆشی بەرەوروو بووەتەوە."

لە درێژەی خۆپیشاندانەکە، دەقی ئەو پەیامە بە زمانی کوردی لە لایەن ئەلبۆرز رۆئین، چالاکی سیاسیی کورد، خوێندراوە.

لە برگەی کۆتایی دا خۆپێشاندەران بە دانی درۆشمی نەتەوەیی و پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسی کورد و بە تایبەتی محەممەد سەدیق کەبوودوەند کۆتاییان بە مانگرتنەکە هێنا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد / ڕێکەوتی: ۱۰ی جوونی ۲۰۱٦





# پەیامی کاک خالید عەزیزی، بەبۆنەی ڕاگرتنی مانگرتنی کەبودوەند




* **ڕێکەوتی: ١٠ی جوونی ٢٠١٦:** کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی بڕیاری کاک سدیق کەبودوەند بۆ ڕاگرتنی مانگرتنەکەی‌و پەیامێکی بڵاو کردۆتەوە کە ئەوە دەقەکەیەتی:

چالاکانی سیاسی و مەدەنی!

خەمخۆرانی مافی مرۆڤ!

هاوڕێیانی تێکۆشەر!

زیاتر لە یەک مانگ مانگرتنی کاک محەممەدسەدیق کەبودوەند، سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بەرانبەر بە بڕیاری ناعادڵانەی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی ئێران، کۆمەڵێک هەڵوێستو چالاکی‌و پشتگیری‌و پشتیوانی لە داخوازییەکانی ناوبراو و سەرجەم بەندکراوانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەدوای خۆیدا هێنا. کوردستانیان و خەمخۆرانی مافی مرۆڤ لە ئێران‌و کوردستان‌و وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهان، بوونە دەنگی کپکراوی کەبودوەند‌و دیکەی زیندانیانی سیاسی و مەدەنی لە زیندانەکانی ئێران، تەنانەت لە دوو وڵاتی ئاڵمان و نۆرویژ کۆمەڵێک لە چالاکانی سیاسی و هاوڕێیانی حیزبیمان مانیان لە خواردن گرتووە. هەروەک ڕاگەیەندراوە، ئەمڕۆ کاک محەممەدسەدیق کەبودوەند لەسەر ئەو قەول‌و بەڵێنییانەی کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە بێبەریبوون لەو تۆمەتە هەڵبەستراوانەی کە دراوەتە پاڵی، پێیان داوە، مانگرتنەکەی هەتا دڵنیابوون لە بەڵێنییەکان، بە شێوەیەکی کاتی شکاندوە. هەر بۆیە، وێڕای سوپاس‌و پێزانین لە سەرجەم چالاکانی سیاسی‌و مەدەنی و مانگرتوو کە لەو ماوەدا ئەرکی کوردانەو مرۆڤدستانەی خۆیان بەجێ گەیاندووە، داوا دەکەم کە چالاکانی سیاسی و هاوڕێیانی حیزبیشمان لە وڵاتانی نۆرویژ و ئاڵمان هاوکات لەگەڵ کاک محەممەدسەدیق کەبودوەند، مانگرتنەکەی خۆیان بشکێنن.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

۲۱ی جۆزەردانی ۱۳۹۵ی هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی و کورد / ڕێکەوتی: ۱۰ی جوونی ۲۰۱٦

## لەندەن - پرسی محەممەد سەدیق کەبوودوەند دەبرێتە پارلمانی بریتانیا



* ڕێکەوتی: ۱۰ی جووڵای ۲۰۱۶: ئەورۆ ڕێکەوتی ۱۰ / ٦ / ۲۰۱٦ کاتژمێر ۱۰ سەر لە بەیانی هەواڵنێری ڕۆژی کورد لە لەندەن چاوی بە خاتوو کاترین وێست ئەندامی پارلمانی بریتانیا کەوت سەبارەت بە بارودۆخی محەممەد سەدیق کەبوودوەند و مانگرتنی ۳۳ هەمین ڕۆژی ناوبراو.

هەواڵنێری ڕۆژی کورد، باسێکی لە سەر کارو چالاکییەکان باوکی مافی مرۆڤی کوردستان بۆ خاتوو کاترین وێست ئاماژە پێ دا کە پاش دەیان ساڵ لە زیندانی کردن، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دووبارە بە شێوەی دژە نامرۆڤانە هەڵسووکەوتی لە گەڵ باوکی مافی مرۆڤی کوردستان کردووە و زیندانی درێژخایەنی دووبارە بۆ ناوبراو بڕیوەتەوە

هەر لەو پێوەندییەدا هەواڵنێری ڕۆژی کورد باسێکی لە سەر خۆپێشاندانەکانی وڵاتانی ئورووپا کرد کە چالاکانی مافی مرۆڤی کورد بۆ کەبوودوەندیان ئەنجام داوە.

مانگرتنی بەردەم دەفتەری یەکێتی ئورووپا پرسێکی دیکەی هەواڵنێری ڕۆژی کورد بوو.

جێی ئاماژەیە خاتوو کاترین وێست لەو پێوەندییەدا نیگەرانی خۆی بۆ باوکی مافی مرۆڤی کوردستان دەربڕیّ و ڕایگەیاندو بەڵێنی دا پرسی محەممەد سەدیق کەبودوەند دەباتە پارلمانی بریتانیاو باسی لە سەر دەکا.

شایانی ئاماژە پێ دانە لە سەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەواڵنێری ڕۆژی کورد باسێکی لە سەرجەم ئەو پێشێلکارییانە کرد کە ساڵانێکە لە لایەن ئەم حکوومەتە دژە نامرۆڤانەیەوە بەڕێوە دەچێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد / ڕێکەوتی: ١٠ی جوولای ٢٠١٦

## کەبودوەند بەشێوەی کاتی مانگرتنەکەی شکاند




* ڕێکەوتی: ١١ی جوونی ٢٠١٦: محەمەد سەدیق کەبودوەند، سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان پاش ٣٥ ڕۆژ مانگرتن لە خواردن، ئەمڕۆ هەینی مانگرتنەکەی شکاند.

پەریناز حەسەنی، هاوسەری کەبودوەند وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو هەواڵە بۆ سەرچاوەکانی هەواڵ دەڵێ دەزگای قەزایی وازی لەو پەروەندە نوێیە هێناوە کە بە دژی کەبودوەند کردبوویانەو کەبودوەندیش لەسەر داوای بنەماڵەکەیو چالاکانی سیاسیو مەدەنی لە نێوخۆیو دەرەوەی وڵات مانگرتنەکەی شکاندوە.



محەممەدسەدیق کەبوودوەند سەرەڕای توشبوون بە کۆمەڵە نەخۆشییەکی مەترسیدار، بۆ نارەزایەتی دەربڕین بە کرانەوەی پەروەندەی نوێ لەدژی لە ڕێکەوتی ١٩ی بانەمەڕەوە مانی لە خواردن گرتبوو. هاوکات بۆ پشتیوانی لە کەبودوەند، شەپۆلێک نارەزایەتی دەربڕین‌و ئاکسیۆن لە دەرەوەی وڵات کراو‌و خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات نامەیەکی بۆ شوڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و ناوندە جیهانییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ نووسی‌و داوای لێکردن بە فشارخستنە سەر کۆماری ئیسلامی بەهانای کەبودوەندەوە بچن.

کەبودوەند لە ئێستادا ڕایگەیاندوە کە مانگرتنەکەی دەشکێنێ، بەڵام دەزگای قەزایی دەبێ مافی کۆکردنەوەی تاوانەکان بۆ ئەو حیساب بکاو بەپێی ئەو قانوونە ناوبرا کە زیاتر لە ٩ ساڵە لە زیندان دایە، دەبێ ئازاد بکرێ‌و ئەگەر ئەو قانوونە ئەویش نەگرێتەوە، دوای مانگێک دەست بە مانگرتن دەکاتەوە.

محەممەدسەدیق کەبوودوەند لە ڕێکەوتی ١٠ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٨٦ دەستبەسەرو زیندانی کراوە. ناوبراو لە دادگای شۆڕشی ئیسلامیی تاران بە تۆمەتی هەوڵدان بەدژی ئەمنیەتی میللی لە ڕێگەی دامەزراندن‌و بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، حوکمی ١٠ ساڵ زیندان‌و لە بابەت پڕوپاگەندە بەدژی نیزامی کۆماری ئیسلامی حوکمی ١ ساڵ زیندان‌و سەرجەم ١١ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی و کورد / ڕێکەوتی: ١١ی جوونی ٢٠١٦

## کەبوودوەند مۆڵەتی سەردانی بنەماڵەکەی پێدراوە






سەرچاوە
Serchawe

* **ڕێکەوتی: ١٢ی جوونی ٢٠١٦**: بەپێی ئاگادارییەک کە لە ماڵپەڕی (ئینسانیەت)، ماڵپەڕی ناوەندی هەواڵ و زانیاریی مافی مرۆڤی کوردستان، محەممەد سدیق کەبوودوەند ڕۆژی یەکشەممە ٢٣ی جۆزەردان بۆ ماوەی ٤ ڕۆژ مۆڵەتی سەردان و هاتنەوە ماڵی پێدراوە.

لەو ئاگادارییەدا نووسراوە: "دوای ٣٤ ڕۆژ مانگرتن و بە هۆی ئەوەی کە محەممەد سدیق کەبوودوەند لە ماوەی زیندان و دەست بەسەربوونی خۆیدا طووشی گەلێک نەخۆشیی جۆراوجۆر و بەربڵاو بووە، پێویستی بە چاوەدێری پزشکی و دەرمانی لە دەرەوەی زیندان هەیە و هەر بۆیەش چاوەڕوان دەکرێ ماوەی ئەو مۆڵەتە، درێژ بکرێتەوە."

شایانی ئاماژەیە کە محەممەد سدیق کەبوودوەند ماوەی ٣٤ ڕۆژ و بە دژایەتی ونارەزایەتی دەربڕین بە دژی سەپاندنی تاوانی تازە لە لایەن ڕژیمەوە لەسەر ناوبراو، مانی لە خواردن گرت.

لە ماوەی مانگرتنەکەیدا سەرجەم کوردانی تاراوگە و کوردستانی ناشوور و تەنانەت لە ناوخۆش ڕێپیوان و مانگرتنیان بەڕێوە برد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد / ڕێکەوتی: ١٢ی جوونی ٢٠١٦

---

## کەبوودوەند گەڕێندرایەوە زیندانی ئێڤین




* **ڕێکەوتی: ١٩ی جوونی ٢٠١٦**: محەمەد سدیق کەبوودوەند کە پاش چەندین حەوتوو مانگرتن لە خواردن مەرەخەسیی پێ درابوو، پاش تەواوبوونی ماوەی مەرەخەسییەکەی دەگەڕێندرێتەوە بۆ زیندان.



## کەبودوەند هێمای خەباتی مەدەنی ڕۆژهەڵات

لە کاتێکدا ژمارەیەک لە ڕاگەیاندنە نافەرمییەکان هەواڵی ئازادکرانی یەکجارەکی کەبوودوەندیان بڵاو کردۆتەوە، بەڵام سەرچاوەکانی نزیک لە بنەماڵەی ئەو چالاکە کوردە، هەواڵی ئازادیی یەکجارەکی ناوبراویان ڕەت کردەوە.

بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە، دادستانی و بەرپرسی زیندانی ئێڤین دژایەتییان لەگەڵ درێژکردنەوەی ماوەی مەرەخەسیی کەبوودوەند دەربڕیوەو و ناوبراو تەنیا لەسەر پێداگریی کەسوکاری نەگەڕاوەتەوە بۆ زیندان.

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی، کە کەبوودوەند بەپێی بڕیاراتی دەزگای دادوەری دەبێ بە زووترین کات خۆی بە زیندانی ئێڤینی تاران بناسێنێتەوە، بەڵا دۆخی نالەباری جەستەییەکەی بوەتە هۆکاری نەگەڕانەوەی کاتیی ناوبراو بۆ زیندان. بەڵام لە هەمان کاتدا هەندێک سەرچاوە ئاماژەیان پێدا کە ئەمڕۆ ئێوارە، کەبوودوەند گەڕێندراوەتەوە بۆ زیندان بەڵام تا ئێستاش پشت ڕاست نەکراوەتەوە.

محەمەد سدیق کەبوودوەند، ڕێکەوتی ١٩ی بانەمەڕ بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین بە دۆسیەسازییەکانی ئیتلاعات و دادگایی کردنەوە، سەرلەنوێ مانگرتنی ڕاگەیاند و پاش ٣٤ ڕۆژ مانگرتن لە ڕێکەوتی ٢٣ی جۆزەرداندا بۆ ماوەی ٤ ڕۆژ مەرەخەسیی پێدرا.

کەبوودوەند لە ماوەی مانەوەی ١٠ ساڵەی لە زینداندا تووشی کۆمەڵیک ئازار و نەخۆشی بووەو لە کاتێکدا پیویستیی زۆری بە چارەسەری و چاوەدێریی پزیشکی هەیە، بەڵام هەتا ئێستا لە زینداندا ماوەتەوە.

لەماوەی ٣٤ ڕۆژەی مانگرتنی کەبودوەندا ژمارەیەک ڕێکخراوی جیهانیی وەکوو ئەنجومەنی جیهانیی قەڵەم، لێبوردنی نێونەتەوەیی وێڕای مەحکووم کردنی هەڵسوکەوتی ڕەژیم لەگەڵ ئەو چالاکە کوردەدا، خوازیاری ئازادیی ناوبراویش بوون.

مانگێک پێش مانگرتنی کەبوودوەند، جان کێربی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە کۆنفرانسیکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاندبوو کە محەمەد سدیق کەبوودوەند ماوەی ١٠ سالی لە زینداندا تێەڕاندووەو هەنووکە پیویستە بێ ئەملا و ئەولا ئازاد بکرێ.

کبودوەند ساڵی ٨٦ بە تۆمەتی لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەستبەسەر کراو و دواتر بە تۆمەتی دامەزراندنی ڕێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان و بڵاو کردنەوەی وتار لە گۆڤاری " پیام مردم"دا بە ١١ ساڵ زیندانی کران حوکم درا و دادگای پێداچوونەوە ١٠ ساڵ و ٦ مانگ لەو حوکمەی بۆ پشتڕاست کردەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد / ڕێکەوتی: ١٩ی جوونی ٢٠١٦

# سپاس و پێزانین

## بنەماڵەی کەبوودوەند و ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، لە هەموونەوانەی لە ماف و ئازادیی کەبوودوەند داکۆکی‌یان کرد، بە قەدرزانیەوە سپاسین دەکەن



بنەماڵەی کەبوودوەند و ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، لە هەمووئەوانەی لە ماف و ئازادیی کەبوودوەند داکۆکی‌یان کرد، بە قەدرزانیەوە سپاسین دەکەن

بەشی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان  بە نوێنەرایەتیی بنەماڵەی بەڕێز کەبوودوەند و بەناوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانەوە، لە پشتیوانیی بەرین و جەماوەریی چالاکانی بواری سیاسی و مەدەنی و ڕاگەیەنەریی و هەروەها ڕێکخەرانی کەمپینەکان و کۆبوونەوە و ئیعترازەکان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات و، بەگشتی لە کەسایەتییەکان، حیزبەکان ڕێکخراو و ناوەندە سیاسی، مەدەنی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکانی کوردستان لە ناوخۆ و دەرەوە کە پشتیوانیان لە کەبوودوەند کرد، ئەو پەڕی سپاسی خۆی ڕادەگەیەنێت و ڕێزی تایبەتیی بۆ ئەو پشتیوانیانە هەیە.

هەروەها ئەم ڕێکخراوە، لە هەموو ئەو کەسانەی کە لە ماوەی ٣٤ ڕۆژ مانگرتن لەخواردنی کەبوودوەند تووشی ڕەنج و مەینەت و ئازار ماندوو بوون هاتن، بە تایبەت ئەو خۆشەویستانەی کە هاوکات لەگەڵ کەبوودوەند، لە زیندانەکانی ئێران و لە وڵاتانی ئوروپایی مانیان لە خوردن گرت، سپاس و ڕێزی بێ‌پایانی بۆیان هەیە.

بەشی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە کۆتاییدا لە هەموو ناوەند و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ چ لە ئاستی لوکاڵ و چ لە ئاستی نێونەتەوەیی و هەموو ڕاگەیەنەرەکان و چالاکانی غەیرە کورد کە لەگەڵ خەڵکی کوردستان لە پشتیوانی لە داخوازەکانی کەبوودوەند هاو دڵ و هاوڕا بوون، سپاس دەکات

بەشی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان

شەمە ١٦ ژوئەن / ٢٣ی جۆزەردان

ئەم دەقە لەلایەن "هەڵوێست"ەوە کراوە بە کوردی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵویست / ڕێکەوتی: ٦ای جوونی ٢٠١٦



# بیروڕای نووسەران:

## هاوسەری کەبودوەند: هاوژینەکەم هەموو ژیان، بۆ پرسی مافی مرۆڤ لە کوردستان تەرخان کردبوو



"شانازی بە هاوسەرەکەم و منداڵەکانیشمەوە دەکەم کە خەمخۆری مافی مرۆڤن"

### سانا ڕۆژهەڵاتی

لەم دیدارە تایبەتەی (باس)دا، پەریناز حەسەنی، هاوسەری محەمەد سدیق کەبوودوەندی ڕۆژنامەنووس و چالاکوان و سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، کە ئێستا بەهۆی مانگرتنی لە زیندانەکانی ئێراندا، بووەتە سەردێری زۆر لە میدیاکانی دنیا، تیشک دەخاتە سەر ژیانی کەبوودوەندی هاوسەری و بواری ڕۆژنامەوانی و چالاکیی سیاسی لەنێو ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا، کە لە ڕێی ئەو تێکۆشانەیدا نەهامەتیی زۆری بەسەردا هاتووە و ٩ساڵیشە لە گرتووخانەی (ئیوین) لە تاران





ناخۆشترین ڕۆژەکانی ژیانی لە خراپترین حاڵەتی تەندروستیدا دەباتە سەر.

(باس) ئێستا هەموان ئاگەداری کەیسەکەی محەمەد سدیق کەبوودوەندی هاوسەرتن، بەڵام گەلێ کەس نازانێ سەرەتاکانی ژیانی کەبوودوەندی چییە و لە کوێ لەدایک بووە و ژیانی لەگەڵ ئێوە چۆن بووە، دەکرێ بەکورتی باسی بکەیت؟

پەریناز حەسەنی: محەمەد سدیق لە ساڵی ١٩٦٣ لە شاری دیواندەرە لەدایک بووە و باوکی ناوی (محەمەد سەعید) بووە و ئەویش چالاکی سیاسیی کردووە. کەبوودوەند دوو برا و سێ خوشکی هەیە و خۆی منداڵی چوارەمی بنەماڵە بووە. کەبوودوەند قۆناغەکانی خوێندنی هەتا دواناوەندیی لە شاری سنە خوێندووە و دواتر لە تاران بەکالۆریۆسی لە کارگێڕیی بازرگانیدا تەواو کردووە. من خەڵکی شاری تەورێز بووم و لە تاران یەکدیمان ناسی و هەر لە تاران ژیانی هاوبەشیمان پێکهێنا و ئێستا دوو کوڕ و کچێکمان هەیە.

(باس) وەکو هاوسەری کەبوودوەند، ئاگاداری چالاکییەکانی بوویت؟

پەریناز حەسەنی: کەبوودوەند هەموو بیر و هۆشی لەسەر پرسی مافی مرۆڤ و بەتایبەت دۆخی کوردەکان لە ئێران بوو. هەر بۆیەش ویستی ماستەرەکەی لە بەشی یاسای نێودەوڵەتی بخوێنێت، بەڵام بەهۆی دەستبەسەرکردنی نەیتوانی تەواوی بکات. محەمەد سدیق ئەو کاتەی کوردەکانی عێراق ئاوارەی ئێران بوون، بەتوندی بەرگریی لێ دەکردن. دواتر لە سەردەمی سەرکۆماریی محەمەد خاتەمیدا و دوای ٥ ساڵ هەوڵدان، ئیمتیازی ڕۆژنامەی (پەیامی مەردووم)ی وەرگرت، ئەو ڕۆژنامەیە باسی لە دۆخی کوردەکان لە ئێران دەکرد و بە زمانی کوردی و فارسی دەردەچوو، هەموو ژیانی کەبوودوەند بووبووە ئەو ڕۆژنامەیە کە بەداخەوە دوای ١٢ ژمارە داخرا، بەڵام محەمەد سدیق هەر بەردەوام بوو، دواتر لەگەڵ ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە تاران دەستبەسەر کرا. ئەوکات منداڵەکانمان زۆر بچووک بوون، ژیانمان زۆر ناخۆش بوو، تەنانەت جێگەی نیشتەجێبوونمان نەبوو، گیرانی باوکی منداڵەکانیشی هاتە سەر.

(باس) دوای نزیکەی ٩ ساڵ، ئایا هیچ لایەن و ڕێکخراوێک یارمەتیی ئێوەی داوە؟ بە تایبەت ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان؟

پەریناز حەسەنی: ڕێکخراوەکانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لە ماوەی ئەو ٩ ساڵەدا بە شێوەی دەرکردنی بەیاننامە بەردەوام پشتگیری و پاڵپشتیی خۆیان بۆ کەبوودوەند دەربڕیوە و داوای ئازادییان بۆی کردووە، واتا بەشێوەی مەعنەوی بەردەوام پاڵپشتی ئێمە بوون. بەڵام ڕێکخراوەکان هیچ یارمەتییەکی ماددیی ئێمەیان نەداوە. لەگەڵ ئەوەشدا وەکو باسم کرد کاتێک محەمەد سدیق گیرا، ژیانمان زۆر ناخۆش بوو، شوێنی نیشتەجێبوونمان نەبوو، بەڵام خەڵکی خۆبەخش و مرۆڤدۆست بە کورد و فارسەوە یارمەتییان داین، تەنانەت خانوویەکیان بۆ دابین کردین.



سەرچاوە
Serchawe



*(باس) کوڕەکەتان ماوەیەکی زۆر تەندروستیی تێکچووبوو، لە ڕاگەیاندنەکان بڵاو کرایەوە کە دۆخی تەندروستیی خراپە و مەترسیی جدیی لەسەرە، ئێستا چۆنە؟*

*پەریناز حەسەنی: لەبارەی نەخۆشیی کوڕەکەمەوە، کەسانی مرۆڤدۆست یارمەتییان داوین، هەرچەندە هۆکاری نەخۆشییەکەی هەر ڕوون نەبووەتەوە و بەردەوامە، بەڵام بەخۆشحاڵییەوە مەترسیی مردنی لەسەر نەماوە و بە هیمەتی کەسانی مرۆڤدۆست لەژێر چاودێریی پزیشکیدایە.*

*(باس) دوای ٩ ساڵ ئێوە چ هەستێکتان هەیە، هاوسەرەکەتان لەگەڵتان نییە، بەڵام بەشێکی زۆر لە میدیا جیهانییەکان باسی دەکەن؟*

*پەریناز حەسەنی: شتێکی ڕوونە، لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا کە کەبوودوەند لە بەندیخانە بووە، ژیان بۆ من و بە تایبەت منداڵەکانم زۆر زەحمەت بووە، بێ گومان وجوودی خۆی بۆ منیش و منداڵەکانیشم ئارامبەخش بوو، بەڵام ئەو کارەی کەبوودوەند بەرامبەر داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ کردی، ئەرکێکی ئینسانی و ئەخلاقییە، من ناڵێم بەتەواوی بەجێی گەیاندووە، بەڵام دەڵێم کە ئەوەی لە دەستی هاتووە بۆ داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ لە کوردستان درێغیی نەکردووە، من هاوکات هاوسەر و دایکیشم، ئەرکی خۆمە پاڵپشتی لە داواکانی هاوسەرەکەم بکەم، شانازی بەوە دەکەم کە هاوسەری کەبوودوەندم، بۆ من جێی شانازییە کە هاوسەرەکەم توانیویەتی خزمەت بە دۆزێک بکات کە ئینسانییە، هاوکات شانازی بە منداڵەکانیشمەوە دەکەم کە خەمخۆر و دڵسۆزی مافی مرۆڤن.*

*سەرچاوە: ماڵپەڕی باس نیوز / ڕێکەوتی: ١٢ی جوونی ٢٠١٦*

## کەبوودوەند، فەرزادێکی دیکە



### ڕێبوار مەعرووفزادە

محەممەد سەدیق کەبوودوەند، سەرۆکی رێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان لە هەشتی مانگی گولانەوە مانی لە خواردن گرتووە و بەو هۆیەوە بارودۆخی تەندروستی زۆر خراپە. کەبوودوەند داوای پێداچوونەوە بە بارودۆخی زیندان و هەلوەشاندنەوەی ئەو پەروەندە تازەیە دەکات کە لە دژیان کردۆتەوە. کەبوودوەند لە ساڵی ۲۰۰۷وە بە تاوانی تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی دەستگیر و زیاتر لە دە ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا. ئەوە لەحاڵێکدابوو کە کاری کەبوودوەند تەنیا رۆژنامەگەری و گەیاندنی زانیاری لەبارەی پشێلکردنی مافی مرۆڤ لە رۆژهەڵاتی کوردستان بووە. لەو وتارەدا جەخت لەسەر کاردانەوەی خەڵک لەمەر مانگرتنی کەبوودوەند دەکەم و هەوڵ دەدەم وڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە کە بۆ مانگرتنی کەبوودوەند پاش ۹ ساڵ زیندانی، شەقامی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان وەدەنگ نایەنێت.

### کەسایەتی کەبوودوەند

رۆلی کەبوودوەند لە بە رێکخراوکردن و بەرفراوانترکردنی چالاکی مەدەنی و مافی مرۆڤ زۆر پربایەخ بووە. کەبوودوەند لە رێگای گۆڤاری " پەیام مردم" ، دەنگی مافخوازی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانی بوێرانە و بەشێوەیەکی بەرفراوان بەرجەستە کردەوە. دامەزراندنی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە ساڵی ۲۰۰۵ نەک هەر وەرچاخێک لە چالاکی مەدەنی کەبوودوەند بوو، بەڵکوو نوێنەرایەتی قۆناخێکی نوێ لە کاری مەدەنی و رێکخراوەیی لە رۆژهەلاتی کوردستان دەکات. سەردەمانێک بوو کاری مەدەنی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە چالاکی بێ کاریگەری و کاری خەڵکی کۆنەپارێز و نەوێر دەناسرا. بەڵام کەبوودوەند لەسەر مافی مرۆڤ لە رۆژهەلاتی کوردستان پەیوەندی بە بان کی مۆن، سەرۆکی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوەکانی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ وەک رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی گرت و هاووڵاتیانی رۆژهەڵاتی کوردستانی لەمەر مافەکانیان هوشیارتر کردەوە. کەبوودوەند لە





چەند ساڵی ڕابردوودا، بە بۆنەی جیاواز پەیامی ئاراستەی خەڵکی کوردستان کردوە و نێوئاخنی زۆربەی پەیامەکانی بانگهێشت بۆ خەباتی ناتوندوتیژ، پاراستنی مافی مرۆڤ و بەڕێوەبردنی دێموکراسی بووە. کەبوودوەند لە ساڵی ٢٠١٢ دا بە نیسبەت تیرۆری دکتور قاسملوو پەیامێکی بڵاوکردەوە و تیرۆریزمی دەوڵەتی مەحکووم کرد. ئەو لە ساڵی ٢٠١٤ بە بۆنەی ٦٨ مین ساڵرۆژی کۆماری کوردستان، پەیامێکی بڵاو کردەوە و لە پەیامەکەیدا لە مافی خۆبەڕێوەبەری و سیستمی فیدراڵی وەک شیوازێک بۆ بەجێگەیاندنی مافی خەڵکی کوردستان و ئێران داکۆکی کرد. ئەو پەیامانەی کەبوودوەند لە لایەک پانتایی ئازادی ڕادەربرینی وەک مافێکی بنەرەتی مرۆڤ لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەرفراوان کرد و لە لایەکی دیکە حیزب و چالاکانی سیاسی رۆژهەڵاتی لە سەر داکۆکردنی لە کەیسی کەبوودوەند یەکگرتوو کرد.

زینـدان لە سیستمە دیکتاتۆرەکانـدا بۆ ئەوەیە کەسانی بوێر و مرۆڤدوست تەسلیم و دەستەمۆ بکات و پێش بە بەردەوامی کاری خەباتکاران و ئازادیخوازان بگرێت. بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردوو دوو زیندانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەشیوەیەکی زۆر تایبەت و لە رێگەی نووسین و نامەکانیان لە زیندانەوە توانیان فازێکی دیکە لە خەباتی نێو زیندان بێننە ئاراوە. فەرزادی کەمانگەر و محەممەد سەدیقی کەبوودوەند لەرێگەی پەیام و نامەکانی زیندانیان توانیان لە بڵاوکردنەوە دەنگی ئازادیخوازی و مافخوازی خۆیان بەردەوام بن. کەمانگەر و کەبوودوەند توانیان ئەدەبیاتێکی زیندانی پتەو بەرهەم بێنن کە هەڵگری ڕەخنە، دیالۆگ، ئازادیخوازی و مرۆڤخوازی‌یەکی بێ وێنە بووە.

کەمانگەر گیانی خۆی لە پێناو مافخوازی بەخت کرد و کەبوودوەندیش زیاتر لە ٩ ساله لە زیندان دایە. ئەو دوو کەسایەتیە کاریگەری گەورەیان لە سەر گۆڕینی ئەقلانیەتی شۆرشگێری تاکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بووە. وانەی ئەو دوو چالاکە بە چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە رۆژهەڵات ئەوە بووە کە خەباتی مەدەنی مانای کۆنەپارێزی لە هەڵویست و کرداردا نیە و چالاکێکی مەدەنی پێویستە بوێرانە دەنگی مافخوازی و مرۆڤخوازی خۆی بەرز بکاتەوە و لەو پێناوەدا ئامادەی هەزینەدان بێت. داخستنی دوکان و بازار لە لایەن خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دەربرینی نارەزایەتی لەهەمبەر لەسێدارەدانی فەرزاد و هاوڕێیانی نیشاندەری پێگەی جەماوەری فەرزاد لە نارەزایەتی لەهەمبەر لەسێدارەدانی فەرزاد و هاورێیانی و پێگەی جەماوەری فەرزاد لە نێو خەڵکی کوردستاندا بوو.

## پشتیوانی لە کەبوودوەندەکان

حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە مەجالی چاڵاکی ئاشکرایان نیە، بە دەرکردنی ڕاگەیەندراو و ئەنجامدانی کۆبوونەوە لە وڵاتانی دەرەوە هەوڵیان دا پشتگیری لە مانگرتن و داواکاری کەبودوەند بکەن. کاتێک فەرزادی کەمانگەر لە ساڵی ٢٠١٠ لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە لەسێدارە درا، بەشێک لە پەرلەمانتاران و چالاکانی سیاسی نێوخۆ بە ئاشکرا و بوێرانە داکۆکاکیان لە کەمانگەر نەکرد و هۆکارەکەشیان بۆ ئەوە دەگەراندەوە کە گویا کەمانگەر بە چەکەوە گیراوە. کۆماری ئیسلامی هەوڵیداوە کەبوودوەند بە زۆر تاوان



تۆمەتبار بکات، بەڵام هیچ گومانێک لە ناتوندوتیژبوون و مەدەنی بوونی خەباتی کەبوودوەند نیە. دیار نییە پارلمانتارانی کورد و ئەو چالاکانەی لایەنگری لە خەباتی مەدەنی و ئاشتیخوازانە دەکەن، بۆ پشتگیری لە کەبوودوەند ناکەن. ئەندامانی بەرەی یەکگرتووی کورد، پارلمانتارانی کورد و سەرجەم چالاکانی مەدەنی و سیاسی نێوخۆی وڵات پێویستە لە خەباتی مەدەنی کەبوودوەند ئەزموون وەرگرن و بە ئاشکرا و بوێرانە داکۆکی لە کەیسی کەبوودوەند بکەن. سەفەری روحانی بۆ مەهاباد و پارێزگای ورمێ دەیتوانی دەرفەتێکی باش بێ بۆ چاڵاکانی سیاسی و مەدەنی تا پشتیوانی لە ئازادی کەبوودوەند بکەن.

ئەوەی شەقامی رۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر بۆ مەرگی رێبەرانی سیاسی و مەدەنی دەهەژێت تا بۆ پشتگیری و داکۆکردن لەوان لە لایەک دەرخەری دیوی نەرێنی سایکۆلۆژی شۆڕشگێرانەی تاکی کوردە لە رۆژهەڵاتی کوردستان و لە لایەکی دیکە دەرخەری گەشەنەکردنی مافخوازی و ئازادیخوازی لە نێو بەشێکی بەرچاو لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی کوردستانی رۆژهەڵات دایە – چونکە مافخوازی دەبێ وامان لێبکات هەموو هەوڵمان بۆ پاراستن و رێزگرتن لە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە بێت نەک تەنیا بۆ مردنیان.

لە ژمارە ٦٨١ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی: ٩ی جوونی ٢٠١٦



# با شەرمەزاری کەبوودوەند و مێژوو نەبین!



**سالار حسامی**

مانگرتنی محەممد سەدیق کەبوودوەند سەرۆکی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان لە مانگێک تێپەڕی و دوای ئەوەی لە سەر فشاری خزم و کەس و چالاکانی مەدەنی و هەڤاڵانی ڕازی بوو، ڕەوانەی نەخۆشخانە بکرێت، سەرلە بەیانی ڕۆژی ١٦ای جۆزەردان، بۆ زیندانیی ئێڤین گەڕاندیانەوە.

مانگرتن لە خواردن، کەبوودوەندی تووشی کەمبوونی "پتاسیم"ی خوێن کرد، بەوەش زیاتر دۆخی تەندروستییەکەی کەوتە مەترسییەوە، سەرەڕای ئەوەش سەرۆکی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان جەختی لەوە کردەوە کە هەتا داواکارییەکانی جێبەجێ نەکرێن، درێژە بە مانگرتنەکەی دەدات.

دادگا نادادپەروەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران هەر دەنگێکی ڕەخنەگرانە و دەربڕینی هەر نارەزایەتییەک بە بیانووی جۆراوجۆر و بە پەروەندەسازی دەیخەنە خانەی دژایەتیکردنی خودا و پیرۆزییەکانی ئیسلام (محاربە با خدا و مقدسات اسلامی)، بەوەش هەموو ئاسانکارییەکی شەرعی بۆ زیندانیکردنی درێژماوە و سێدارەهەڵخستن و گیانکێشانی نەیار و تەنانەت ڕەخنەگرانی مەدەنیش دەڕەخسێنن.

کەبوودوەند، نە بە تۆن ماددەی هۆشبەری بارەوبار کردووە، نە وەک مافیاکانی سوپای پاسداران دەستی لە دزینی سامانی گشتیدا هەبووە، نە کەسێکی ناموسڵمان و دژ بە خودا و ئیسلام بووە، تەنیا تاوانی ئەوە بووە کە وەک ڕۆژنامەنووس و چالاکێکی مەدەنی



پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤی لە کوردستان (ڕۆژهەڵات) ئاشکرا کردووە، داوای چاکسازی کردووە و بە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ڕێپێدراویش (ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان) داکۆکی لە خەڵکی بەشمەینەت و غەدرلێکراو و ئازادی لێزەوتکراو کردووە. کاتێک ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە بەیاننامەیەکدا لە ژێر ناونیشانی "گیانی ڕۆژنامەوانی بە هەڵە دەستبەسەرکراوی کورد لە ئێران بە تاڵە موویەکەوە گرێدراوە"، ئەوە زەنگێکی مەترسیدارە و دەخوازێ هەموو سەرکردایەتی سیاسیی کورد و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و مافی مرۆڤ لە گشت کەرتەکانی کوردستان بێنە سەرخەت و بە سازدانی کەمپین و دروستکردنی فشاری نێودەوڵەتی دەسەڵاتی سەرەڕۆی ئێران ناچار بکەن، ئەو دەنگە نەرمە ئازادیخوازە نیوە گیانە ئازاد بکەن.

ئەوانەی لەو بوارەدا هەنگاوێکیان ناوە، نموونەیان زۆر بێ، ئەوانەشی وا توانای هەنگاونانیان هەبووە و کەمتەرخەمییان کردووە، با بەخۆیاندا بچنەوە و شەرمەزاری کەبوودوەند و مێژوو نەبن!

سەرچاوە: رادیۆ کوردی ئەمریکا / ڕێکەوتی: ٩ی جوونی ٢٠١٦



# مانگرتنی سەرکەوتوو ئەو شتانەی پێویستە



**هاوار بازیان**

رۆژانە دەبینین و دەبیستین لە شوێنە جیاجیاکان و بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی دیاریکراو دەست دەدرێتە مانگرتن. هەر لە مانگرتنی هەزاران کرێکاری کارگەیەک یان شوفێری تەکسیی وڵاتێک بۆ مووچە و بەنزین تا دەگاتە مانگرتنی تاکە کەسی بۆ هەندێک داواکاری و بۆ نموونە مانگرتن لە خواردنەکەی محەمەد سەدیقی کەبودوەند (چالاکی مافەکانی مرۆڤی کوردستان) و کۆمەڵێک زیندانی تر لە ئێران، بەڵام!

زۆربەی جاران ئەو مانگرتنانە بێ وەڵام دەمێننەوە و مەبەستی سەرەکیی خۆیان ناپێکن و رەنج بەخەسار دەبن بەداخەوە، چونکە مانگرتنیش وەک زۆربەی چەمکەکانی تری سیاسی، یاسا و شێوازی خۆی هەیە کە ئەگەر رەچاو نەکرێن، بە ئامانج ناگات یان لاواز دەردەچێ! مانگرتنێک کە دڵنیایی بدات لەوەی زۆربەی داواکانی خۆی بەدەست بخات دەبێ ئەم فاکتەرە سادە و سەرەکییانە لەخۆ بگرێ:

١- دروستکردنی سۆزی جەماوەری، بە دەستپێکی هەر مانگرتنێکی سەرکەوتوو دادەنرێ. بەتایبەت کە مانگرتن لە خواردن گونجاوترە و خێراتر لە جۆرەکانی تری مانگرتن دەگاتە قۆناخی دەستەبەربوونی سۆز و سیمپاتی جەماوەری، بەتایبەت لە وڵاتێک کە باری مرۆیی بۆ خەڵکەکە گرینگە و کاتێک ئەو سۆزە درووست بوو دەبێتە کارتێکی فشار بۆ سەر ئەو لایەنەی مانگرتووەکە داواکانی لێدەکات.

٢- مانگرتنەکە لە حیزبێک یان پارتێک گەورەتر بکرێ! ئەگەر مانگرتنەکە گەورەتر لە پارتێکی سیاسی بێ، ئەگەری سەرکەوتنی





زۆر زیاترە لەوەی تەنیا لە چوارچێوەی هێزێکی دیاریکراودا قەتیس بمێنێ، چونکە زۆرجار مانگرتوو دەبێتە قوربانیی ململانێ سیاسییەکانی مەیدانەکە و بە مەبەستی سەرەکیی خۆی ناگا و رەنگە کەسانێک مەیلی پشتگیری و بەشدارییان لە سەرخستنی داواکانی مانگرتووەکەدا هەبێ، بەڵام خۆی لێنادات و دواجار پێیوایە هەرجۆرە هاوکارییەک لە پرۆسەکەدا راستەوخۆ خزمەت بە لایەنێکی سیاسی دەکا!

٣- مانگرتنەکە بە پلان بێ! پێویستە بەر لە دەستپێکی هەر مانگرتنێک، کەس یان کەسانی بەشدار ئاگاداری هێز و توانای خۆیان بۆ بەردەوامبوون لەسەر مانگرتنەکە بن، چونکە زۆرجار مانگرتن لە بەرەبەری گەیشتن بە ئامانجەکەی خۆیدایە کە مانەکە دەشکێ و تەواو دەبێ! هەروەها دەبێ بزانین و روون بکرێتەوە بۆ نموونە پاش ١٠ رۆژ چی بکرێ، پاش ٢٠ رۆژ لە بێ وەڵامی لایەنی بەرامبەر، هەڵوێست چی دەبێ. ناکرێ رۆژی یەکەم و رۆژی بیستەم مانگرتنێک هاوشێوە یەکتری بن و هیچ گۆڕانکارییەک لە گشتی پرۆسەکەدا رووی نەدابێ.

٤- مانگرتووەکە پێویستی بە دەنگێک هەیە تا زمانحاڵی بێ! ئەو کەس یان کەسانەی ماندەگرن ناتوانن کارەکەی خۆیان بە میدیایی بکەن بەتایبەت ئەگەر زیندانی بن و دەنگیان کپ کرابێ! بۆیە پێویستە لە چوارچێوەی گرووپ یان کەمپینێکدا هاوکات کە هەوڵی کۆکردنەوەی پشتگیری دەدرێ، زمانحاڵی مانگرتووانیش بێ. ئەو کەمپینە ئەرکی تریش لە ئەستۆ دەگرێ کە زیاتر لۆجیستیکی دەبێ وەک دابینکردنی کەلوپەل و پێداویستییەکانی پرۆسەکە.

٥- تێگەیاندنی کەسانی بڕیار لەدەست! زۆرجار مانگرتوو دەکەوێتە سەر کۆڵانێک یان جاددەیەک و ئەوانەی سەردانیان دەکەن نە بڕیار بەدەستن و نەک خاوەن دەسەڵات تا شتێک بکەن. پێویستە دەنگی مانگرتووان بگاتە ئەو شوێنانەی پەیوەندییان بە مەسەلەکەوە هەیە. بۆ نموونە لە کەیسی مانگرتنی دوایی زیندانیان لە ئێران، یەکەم و گرینگترین شوێن کە پێویستە دەنگی پێ بگات ناوەندە مرۆییە نێودەوڵەتییەکان لەوانە ئەمنستی ئینتەرناشناڵ، هیومەن رایتس ووچ و چاودێری مافەکانی مرۆڤ لە ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان! پاشان دەکرێ هەڵوێستی رەسمیی ئەوان وەک بەڵگەیەک رادەستی ناوەندە سیاسییەکانی وەک پەرلەمانی ئورووپا، کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤ، کۆنسوڵخانەکان و ... بکرێ.

٦- میدیا و راگەیاندن بە بڕبڕەی پشتی هەر مانگرتن یان چالاکییەکی لەوشێوە دادەنرێ و خەڵک و دەسەڵات دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی! جگە لەوەی مانگرتن کەرەستەیەکی باشی میدیاییە بۆ ئەوەی میدیایەک کار لەسەر بازنەیەکی گەورەتر بکا و بەو بیانووەوە هێرش بکاتە سەر لایەنی لاوازی حکوومەتێک یان ئەوەی مانگرتنی لەدژ راگەیانراوە و رەخنەبارانی بکا. لە رێگەی بەهێزکردن و میدیاییکردنی چالاکییەکانی مانگرتن زۆر بە ئاسانی دەکرێ ئەو مەسەلە بە جەماوەری بکرێ و سۆزی بۆ دروست بێ کە دواجار هەردووکیان دەبن بە فشار لەسەر لایەنی جێبەجێکاری داواکانی کەسی مانگرتوو. گەورەترین مانگرتن بەبێ راگەیاندن و میدیا ئەگەریش ٦ مانگ بەردەوام بێ، هێشتا بە مەبەستی خۆی ناگا، چونکە نەیتوانیوە بەرپرسیارێتی گشتی درووست بکا.



سەرچاوە
Serchawe





۷- کردنەوەی رێگەی جۆراوجۆر بۆ پاڵپشتی! یەکێک لە هەڵەکانی مانگرتن بەتایبەت لە کوردستان، تێنەگەیشتنە لەوەی چۆن دەتوانین پشتگیری بۆ مانگرتنێک بدۆزینەوە. زۆربەمان یەکسەر بیر لەوە دەکەینەوە دەستبەجێ بچین و ئێمەش وەک مانگرتووەکە، دەست بە مانگرتن بکەین کە ئەوەیان ئەگەر لاوازترین جۆری پشتگیری نەبی، بێگومان لە لاوازەکانە! پاڵپشتی دەکرێ لە خاڵەکانی تردا بکرێن کە باسیان کرا.

۸- دۆزینەوەی لایەنی دارایی! سەیر نییە کە بڵێین مانگرتنیش وەک هەر بابەتێکی تر پێویستی بەباری باشی ئابووری و دارایی هەیە بۆ ئەوەی کەسانی نێزیک یان کەمپەینەکە دەستی کراوە بێ لە هاتوچۆ، بانگهێشتکردنی کەسایەتییەکان و میدیاکان، چاپ و بڵاوکردنەوەی راگەیەنراو و نامیلکە، پەیوندییەکان و .... . بۆ ئەو مەبەستە دەتوانین روو لەو کەسانە بکەین کە دەخوازن پشتگیریی مانگرتووەکە بکەن، بەڵام لەبەر هەندێک هۆکار و تێبینیی خۆیان حەز ناکەن بە ئاشکرا دیار بن.

۹- پێویستە بزانین تا کەی بەردەوام دەبین! ئەگەر چاوەڕێین کەسی مانگرتوو تا مردن لە مانگرتن بەردەوام بی و ئێمەش هانی بدەین و پشتگیری بکەین تا ئەوکات، ئەوە مەسەلەیەکی ترە و باسی ئێرە نییە! بەڵام ئەگەر بەنیازین کەسەکە سوود لە مانگرتن وەربگرێ بۆ ئەوەی بە کۆمەڵێک داواکاری بگات پێویستە بیر لە دۆخی تەندرووستیی مانگرتووەکەش بکەینەوە، چونکە بە دەگمەن داواکاری هەن کە مرۆڤ ئامادە بی بە مانگرتن گیانی بۆ بدا. بەڵێ هەندێکجار مانگرتوو دەکەوێتە نێوان دوو بژاردە بۆ هەڵبژادن کە یەکێکیان گیان لە دەستدانە و بەهۆی بیر و بۆچوونەکەی هەمان رێگەی مەرگی هەڵدەبژێرێ، بەڵام لێرەدا مەبەستمان زیاتر مانگرتنێکی ئاساییە کە پێویستە بزانین رێکار زۆرن بۆ ئەوەی درێژە بە مانگرتنێک بدرێ. بۆ نموونە دەبێ بزانین کە پێدانی ئاو و ڤیتامینەکان ناچنە خانەی شکاندنی مان و دەتوانین لەو رێگەوە مانگرتنەکە بەهێز و ماوەدرێژتر بکەین تا دەگاتە ئەو ئاستەی کاریگەر بی و مەبەستەکانی بپێکێ.

۱۰- پێویستە بەردەوام رای گشتی لە پێشهاتەکانی پرۆسەکە ئاگادار بکرێتەوە تا هێزی مانگرتنەکە بەفیرۆ نەچی و خەڵک پێی ئاگادار بی. زۆرجار رووی داوە کە رۆژانی یەکەم و دووەمی مانگرتنێک رەنگدانەوەیەکی زۆر باشی هەبووە و رووماڵی باش کراوە، بەڵام دواتر بێدەنگەی لێکراوە تا رۆژانی ۱۲ و ۱۳ کە بەوشێوەیە ۱۰ رۆژی کەسی مانگرتوو کە رەنگە سەختترین رۆژانیشی بووبێ، فەرامۆش کراون!

به کورتی

مانگرتن ئاسان دەست پێدەکا و هەموومان هەر ئێستە دەتوانین دەست بکەین بە مانگرتن، بەڵام کە دەستی پێکرد و بۆ ئەوەی بە ئەنجام بگات دەبێ ئەوانەی نێزیک لە رووداوەکەن و خۆیان بەرپرس دەزانن بەر لە هەموو شت سۆزی جەماوەری بۆ درووست بکەن و پرسەکە بخرێتە دەستی میدیا تا پاڵپشتی بۆ کۆ بکاتەوە و بەردەوامیش رای گشتی لێ ئاگادار بکرێتەوە و هەڵوێستی ناوەندە



ناودەوڵەتییەکان بخرێتە بەردەمی سیاسی و بڕیار لە دەستەکان تا بتوانن وەک فشار دژی لایەنی بەرامبەری مانگرتوو بەکار بهێنرێ و دواجار مەبەستی خۆی بپێکێ. ئەگەر مانگرتن بە شێوەی بازنە و سیستەمی بەڕێوە نەچێ، جگە لەوەی سەرئێشەیەک دەبی بۆ هەندێکان و برسێتییەکیش بۆ کەسی مانگرتوو، ئەوە ئەزموونێکی شکستخواردوو جێدەهێڵی کە زیانی گەورە بەر خودی مانگرتن دەگات کە وەک کارتێکی فشاری مەدەنی بۆ گەیشتن بە ماف و داواکان دادەنرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی: ٨ی جوونی ٢٠١٦






## کامڕان قازی: کاریگەرترین جۆری خەبات بەس خەباتی چەکداریە



ڕێزدار موحەممەد سەدیق کەبوودوەند سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بە هۆی خەباتی نیشتمانی و ئازایەتی لە ئیرادەی دا، دەنگی گەلی کوردستانی تا ئەو بەری میلەکانی زیندان بردووەو توانیویّتی کێشەی بەندی سیاسیی کورد بە هۆی تاوانەکانی دەسەڵاتی تاران بەرێتە نێو کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان، لەوەش گرینگتر دەنگی نارەزایەتیی خەڵکی کوردستانی گەیاندۆتە ئاراستەیەکی شیاو، هەنووکە کۆی خەڵکی کوردستان بە گشت بۆچوونە ڕەنگاڵەییەکانەوە بە دیسکۆرسی ئازادی بەندیی سیاسی هاتووەتە گۆڕەپانەوە، دەکرێ بەڕێز کەبوودوەند و کێشەی بەندی سیاسیی کورد خاڵی هاوبەشی هەڵوێستێکی نەتەوەیی بێ و بناخەی یەکگرتووی کورد لە بەرانبەر دەسەڵاتدارانی ماف پێخوستکەری کوردستاندا بێ .

بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر ئەو مژارە، ڕۆژی کورد ڕوانگەی ڕووناکبیرو چالاکی سیاسی نەتەوەیی، کامران قازی بە شیاو زانی و چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد کە سەرنجتانی بۆ ڕادەکێشین.



**ڕۆژی کورد:** لە بەڕێز کەبوودوەنـد و هەوڵە نیشتیمانیەکانی چۆن دەروانـن، کەبوودەوەنـد توانێـوێتی پێناسـەیەکمان لە ڕێبەرێکـی خەباتی مەدەنی بۆ وەڕوو بخات؟ کورد بۆ پێویستی بە کەسانی دەگمەن ئیرادەی وەک بەڕێزیان هەیە؟

**قازی:** کەبودوەند کەسایەتێکی زانای سیاسییە کە زۆر بـاش لـە کۆمەلگای خۆی گەیشتووە، ئـەو دەیزانـی کە کێشـەی نەتـەوەی کـورد کێشەیەکی یاساییە و هەر لەو ڕێگایەشەوە چارەسەری دێت، هەر بۆیەش بەر لە هەر شت دەیهەویست کۆمەڵگا ئاگاداری ماف و حقوقی بەرهەقی خۆی بێت، هەر ئەم بیرەش بوو کە هانی دا لە ڕێگای میدیاوە کۆمەڵگای کوردەواری لە مافە سەرەتاییەکانی خۆی بگەینێت. کاتێک دەرگـای میدیایان لـێ داخست کۆڵی نـەدا و بـە سـەرەتاییترین کەرەستەکان، زوڵـم و زۆری و پێشـێلکارێکانی مـافی مرۆڤ لـە ڕۆژهەلاتـی کوردستانی هەم بە ڕێکخراوە جیهانییەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ و هەم لـە ڕێگـای ماڵپـەرەوە لـە نـاو خۆی وڵات لـە قـاو دەدا، . کەوایە کەبودوەند ڕێبەر نا بەڵکو جێی پارێزەرێکی گرتبۆوە کە داکۆکی لە مافە پێشێلکراوەکانی نەتـەوەی کـوردی دەکـرد، بـێ گومـان کۆمەڵگـای کـوردی پێویسـتییەکی حاشـاهەڵنەگری بەو کەسـانە و وەرەی نەڕووخاویـان هەیە کە ببـنە هـاواری هەنـاوی زۆرلێکراویان و دەنگیان بە گوێی دونیا ڕاگەیێنن و نەهێڵن کورد ببێتە قوربانیی ڕێککەوتنە سیاسی و ئابوورییەکان.

**ڕۆژی کورد:** بە هۆی هەڵوێستی ڕێزدار کەبوودوەند جەماوەری خەڵکی کوردستان یەکدەنگ لە کەمپین، ڕێپێـوان و نـارەزایەتـی دەربـڕین بەشدارییان کردووە، هیندێک ڕوانگە ئەوە بۆ بابەتـی ستەم لێکراوی بەندی سیاسیی کورد بە گشتی دەگەڕێننەوە و بە تـایبەتی بەڕێـز کەبوودوەنـد بە هێمـایەکی مەزن دەزانـن کە تـاوانی دژی مرۆڤـی لە دژی ئەنجامـدراوە ئـازادی بەڕێـز کەبوودوەنـد لە چوارچێـوەیەکی بەرینتردا مانای ئازادی زیندانی سیاسی دەگەیەنێ. پێتان وایە بەڕێز کەبوودوەند لەو ڕاستایە دا ئیرادەی نواندبێ؟

**قازی:** بەڕێز کەبودوەند کەسایەتێکی ناسراوی سیاسی و مەدەنی هەیە و خاوەن چەندین خەڵاتـی نێونەتەوەییە و لـە دونیـای دەرەوەدا بە تـەواوی نـاسراوە، کەسێک کە بە نازناوی باوکی مافی مرۆڤی کوردستان نـاسراوە. ورە بـەرزیی کەبودوەنـد کاتێـک کـە ۳۱ ڕۆژە مـانی خۆی نەشکاندووە و نزیک بە دەهەیەک زیندان و بەندی خانە بە چۆکی دانەهێناوە زیاتر دەردەکەوێت.

لەڕاستیدا ئەوە کەبودوەندە کە کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بە چۆکدا هێناوە، کەبودوەند بە بەردەوام بـوون لـە سـەر مـانی گرتنـی خۆی، پەیامێک دەدا کە ژیان بێ ئازادی مانای نییە، ئەم باوەڕە قووڵە بە ئازادیە، گەورەیی کەبودوەند چەند هێندە دەکات و دەیسـەلمێنێت کە ئازادی بێ فیداکاری نایەتە دی و ژیانی کۆیلەیی نرخی بـەردەوام بـوونی تێدا نییە. هـەر بۆیـەش ئـەرکی هـەموو تـاکێکە کـە ئـەم پەیامە وەربگرێت و لە پێناو مافە سەرەتاییەکانیدا بێ ترس بێتە مەیدان. ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکە کە داکۆکی لـە خـەباتی کەبودوەند و هەموو زیندانیەکی سیاسیی کـورد بکـەن، لـە بیرمـان بێت کەبودوەنـد بـۆ مـافی من و تـۆ لـە چاڵە ڕەشەکاندایە و جێـی خۆیەتـی و بە جێ گەیاندنی ئەرک و ئەمەگناسیە کە لەو تـاقیکاریە نیشتمانیەدا ڕوو سوور و سەرکەوتو بێنە دەر.



سەرچاوە
Serchawe





ڕۆژی کورد: هەوڵەکانی داکۆکی لە زیندانی سیاسی کوردو بەڕێز کەبوودوەند چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

قـازی: هەوڵـەکانی داکـۆکی لـە کەبودوەنـد زۆر بـاش هەڵدەسـەنگێنم و دەینـرخێنم. بەخۆشـیەوە کەبودووەنـد ڕێـک لـە کاتێکـدا ئـەو مانـەگرتنەی دەست پـێ کـرد کـە جـەوادی زەریـف لـە جەولـەی ئوروپـایی خۆیدایـە .چالاکوانـان و خـەبات گێڕانـی دەرەوەی وڵات بـە هەماهنگی دەگەڵ ئۆپۆزسیون و حیزبە کوردییەکان، باشترین خۆپێشاندانەکانیان بەڕێوە برد، پرسی کەبودوەنـد و نـەبوونی ئـازادیی ڕادەربرینیان زەق کردەوە. کەم دەزگا و ڕێکخراوە و کەسایەتی سیاسی و پارلەمەنتار هەیە کە ئاگادار نەکرابێتەوە. بەو حاڵەشەوە ڕاوەستان نابێ هەبێت تا کۆماری ئیسلامی بەردەوام بێت، کەبودووەندەکان هەر لە زیاد بووندا دەبن، ئەرکی ئێمەش وەک تـاکی کـورت ئەوەیە کە نە بوەستین و نە پشوو بدەین و ببینە هاواری هەموو بەندکراو و زیندانە سیاسییەکان

ڕۆژی کـورد : کەم و کوڕییەکـانی نـارەزایەتی و کەمپینـی گشـتی داکـۆکی ڕێـزدار کەبوودوەنـد لە چـی دا دەبییـنن و پێتـان وایە چ بژاردەیەکی تر بۆ نارەزایەتی دەربڕین لەبەر دەستدا هەیە؟

قازی: ڕژێمی ئیسلامیی ئێران حکومەتێکی دڕندە و دیکتاتۆر و توتالیتێرە. هەرچەند هەموو جۆرەکانی خەبات لەبەر ئەم حکومەتە بە ڕەوا دەبینم بەڵام باشترین و کاریگەرترین جۆری خەبات بەس خەباتی چەکدارییە. ئیمە ئەوە دوو دەهەیە دەبینین کە خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەلات نە بەڕێوە دەچێت نە ئالاهەڵگرەکانیشی کە گۆڕەپان دان و ئیسلاح تەڵەبیی ناوخۆ بەردەوام لە پاشەکشەدایە.

هۆی نەبوونی خەباتی مەدەنیش دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران مەودا و دۆخی سیاسی ئێرانی لە قەبزە گرتوە و ڕێ نادات جەماوەر و ئەحزابی جۆراوجۆر بە شێوازی مەدەنی داوای ماف و چالاکی سیاسیان هەبێت.

کورد لەدەرەوەی وڵات زۆر باش دەتوانێت بە خەباتی مەدەنی، ویستەکانی خۆی ڕابگەیێنێت بەڵام لە ژوورەوەی وڵات ئەوە تەنیا و تەنیا خەباتی چەکدارییە کە وەڵام دەرە. کەم و کوڕی هەموو چالاکییەکان دەگەڕێتەوە سەر یەک خاڵی بنچینەیی، ئەمیش نەبوونی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردیە کە بتوانێت هێز، وزە، توانایی و کەرەستەی حیزبەکان لە هەمبەر دوژمنێکی یەگرتوودا، لێک گرێ بدات. هەر بۆیەش هەر هەوڵێک کە ئێستا دەدرێت کەم و کوڕی خۆی دەبێت و زۆربەیان عومر کورت و کاتین.

ڕۆژی کورد: ئەگەر شتێکی تایبەت بەو مژارە هەیە و لە پرسیارەکاندا ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە تکایە بفەرموون.

قازی: سپاس بۆ ئیوە بەڕێزانی ڕۆژ کورد کە چالاکانە پرس و کێشە و هەواڵەکانی ناوخۆی ڕۆژهەلات دەخەنە بەر بـاس و گرینگیتـان داوە بە ژیان و چارەنوسی کەبوودوەند و زیندانیانی سیاسیی کورد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد / ڕیکەوتی: ٧ی جوونی ٢٠١٦








## هوشیار ئەحمەدی: نافە رمانی مەدەنی دە بیتە هۆی شکانی شکۆی لە خۆبایی دەسەڵات



چەشنێک لە خەبات بە دژی سیستمی دیکتاتۆری دەسەڵات بەکاردێن، ئەزموونەکانی ئەو شێوازەی خەبات لە هیندوستان بزاوتێکی بەربەرینی لە دژی دەسەڵاتی داگیرکەری ئەو کاتی ئینگلستان وەرێخست، سەرەوەری نەتەوەیی بۆ گەلی هیندوستان بە شوێنەوە بوو، ئەو شێوە خەباتە لە ئافریقای باشوور توانی بە سەر راسیسمدا زاڵ بێ، لە بزوتنەوەی مافی مەدەنی ئامریکا و بزوتنەوە ئاشتیخوازەکانی دونیاش کەڵکی لێ وەردەگیراوە.

بۆ تێشک خستنە سەر ئەو بوارە لە گەڵ بەرێز "هوشیار ئەحمەدی" رۆژنامە نووس و چالاکی سیاسی وتووێژێکمان پێک هێناوە سرنجی خوێنەرانی رۆژی کورد بۆ ئەو دیمانەیە رادەکێشین.

**رۆژی کورد: تکایە پێناسەیەکی کورت و تۆکمە لە خەباتی مەدەنی باس بکەن ؟**



**ئەحمەدی:** بە کورتی خەباتی مەدەنی شێوازیکە لە بەگژ داچوونەوە و رووبە رووبوونەوەی دەسەڵاتێکی نەخوازراو و نارەوا، کە لە لایەن زورینەی کۆمەڵگایە کە دانی پیدا نانرێت و بۆ ئەو دژایەتییەش خەباتکاران هەوڵ دەدەن ڕێگای بێ چەک و دوور لە توندو تیژی بە کاربێنن.

لە باشترین ڕێکارەکان نافەرمانی مەدەنییە کە دەبیتە هۆی شکانی شکۆی لە خۆبایی دەسەڵات و چاونەترس بوونی کۆمەڵگا، ئەنجامی ئەوەیش یانی ژێرپێ نانی یاسا و بریارە سەپێنراو و نارەواکان و رادیکال و گشتگیرتر بوونی کۆمەڵگا و بەرامبەر بە مەش توند و تیژتر بوونی میتۆدەکانی سەرکوت و داپڵۆسان کە سەرئەنجام کۆمەڵگا و خەباتکارانی مەدەنی لە ئامانج نزیکتر دەکاتەوە.

**ڕۆژی کورد:** بەو پێناسەی لە خەباتی مەدەنی وەرووتان خست ئەو پارامیترانە چۆن لە گەڵ کۆمەڵگای کوردی موتوربە دەکرێن؟ بزوتنەوەی ئاشتیخوازانەی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان هەتا چ ئاستێک ئەزموونی ئەو خەباتەی کردووە؟

**ئەحمەدی:** لە گەل ئەوەیدا خەباتی مەدەنیکە شێکی مەیلە و دێمۆکراتیکی پێویستە، ئەبینین لە کۆمەڵگای ئیمە دا ئەو کەشە نیە و خەباتی مەدەنی و باور بەو چەشنە لە خەبات زۆر پێشکەوتنی بەخۆە دیوە. دیارە باکگراوندی نزیک بە ۳ دەیەی رابردووی لە پشتە، بۆ وێنە لە کوشتارو بوردمانی کوێر کوێرانەی شاری سنە لە ساڵی ۱۹۷۹ دا، جەماوەرێکی زور لە شاری مەریوانەوە بە پێ ڕێگایەکی ۱۳۵ کیلومەترییان بو سنە بڕی و پەیامی ئەو ڕیپیوانەشیان ڕاگرتنی ئەو کوشتارە بێ بەزەییانە بوو.

بەڵام کە ئاورێک لە سیاسەتی سەرکوتی ڕێژیم لە خۆرهەڵاتی کوردستان دەدەینەوە، بەو ئەنجامە دەگەین کە خەباتی مەدەنی هونەرێکی گەورەیە و خەباتکارانی مەدەنیلە پاڵەوانانی گەل و خەباتن.

لەو ڕاستایەدا سەدان ڕێکخراو بە ئامانجی روشنگەریی کۆمەڵایەتی، کولتووریی، تەندرووستی و ژینگەیی و.. دامە زران و بلاوکراوە یان بلاو کردەوە و هەر زووش خرانە ژێرچاودێرییەوە بە یاسای چەک و بە زەبری یاسای باتوم داخران و ریبەران و چالاکان خرانە کونجی بەندیخانەکانەوە. واتە دەتوانین بلێین خەباتی مەدەنی لە ژێر سێبەری کۆماری ئیسلامی دا مرۆڤی ئازا و نە بە زی دە وێت. چونکە کۆماری ئیسلامی نە حوکمی بریتانیایە لە هیندوستان و نە حوکمی ئەفریقای باشوورە بە سەر رەشەکاندا. بەڵکوو حوکمە بە ناوی خوداوە و بە نوێنەرایەتی خودا لە سەرزەوی کە نە پێناسەی بۆ دێموکراسی و دەسەڵات و ئیرادەی خەڵک هەیە و نە شتێک بە مانای نارەزایەتی پێناسە کراوە. لە باشترین حاڵەتدا چالاکانی مەدەنی دەبێ یان وەکوو هیندێک بکەونە خزمەت نیزام و سیاسەتی ڕێژیم برەو پی بدەن یان وەکوو ئەو هەزاران جیابیرەی لە ئێران و کوردستان و دەرەوەی ولات کەوتنە ناو پرۆژەی بە ناو "قەتلە زەنجیرەیی"یەکانەوە فتوای نەمانیان دەدرێت و لقی (برون مرزی) ئیتلاعاتیش جێبە جێیان دەکات. چونکە ئەوان پێناسەی محاربیان بۆ دەکرێت و ئەو پێناسەیەیش چارەسەرەکەی مردنە و بەس.





بۆیە کوردی خۆرهەڵاتیش بەو هۆیەوە هەموو رێگاکانی خەباتی تاقی کردووەتەوە، هەر ئێستاش لە تاقیکردنەوەی خەباتی مەدەنیدایە، پێی باشە کەم نرخترین رێگا بۆ خەباتەکەی پێڕەو بکات بەڵام لە کۆتاییەکانی دەیەی نەوەد بەولاوە لە خۆرهەڵاتی کوردستان قوربانی مەدەنی لە قوربانی خەباتی چەکداریی حیزبەکان کەمتر نەبووە. ئەمەش دەیسەلمێنێ کە کورد لەو بەشە بە نرخی ژیانی خەریکە خەبات بو ژیان و بەها مرۆییەکانی دەکات. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ریژیم لەو قۆناغە دا زیاتر لەو شێوازە خەباتە دەترسێ، بۆیە جیا لەوەی هەموو هێڵەکانی پێوەندی گرتن و ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و چاودێری میدیای بە دەزگا ئەمنیەتی و سەربازییەکان سپاردووە، بە دەیان هەزار بەکرێگیراوی بۆ ئەو مەبەستە بەسیج کردووە.

کورد هەر لە کۆنەوە و لە رێگای دەزگای سیخوری داگیرکەرانەوە و لە دووتویی کتێبی کۆمەڵە لێکۆڵەرێکی بێگانە دا وەکوو میللەتێکی توندوتیژ پێناسە کراوە و ئەو جورە لە پیناسەی میژوویی کورد باندۆرێکی خراپی لە سەر ئێمە هەم لە نێو چین و توێژە کانی فارس و عەرەب و تورک دا و هەمیش لە ئاستی جیهانی دا وەکوو میللەتێکی ئاشقی چەک و خوین و توندوتیژی هاتووتە نرخاندن و ئەوەش لەو خاڵە رەشانەیە کە ئێمە دەمێکی درێژە باجی بۆ دەدەین.

بزاڤی ئاشتیخوازی کورد بە گشتی لە بیانوو دەگەرێ، لە رێچارە و ئامرازێک کە خەساری گیانی، تەمەنی و وزەیی رۆڵەکانی بە کەمترین ئاست بگەیەنێت، لێ دەسەڵاتی ئاسمانی ویلایەتیی ئیران بە زۆر دەیهەوی تەواوی خەباتکارانی مەدەنیش لە بازنەی کۆمەڵگا بخاتەوە، رێڕەوی هەموو خەباتەکەیان بکێشێتە مەیدانی چەک و چالاکی سەربازیی.

رۆژی کورد: بەستێنەکانی ئەو خەباتە مەدەنیەی خۆرهەڵاتی کوردستان لە رابردوو دا چی بوون، هەنووکە پێشڤەچوونی لە چ ئاستێکدا هەبووە؟

ئەحمەدی: ئەگەرچی رەگ و ریشەی خەباتی مەدەنی هەڵقوڵاوی ئاستی خوێندەواری و روناکبیریی هەمەلایەنەی کۆمەڵگایە، بەڵام بەستێنەکانی خەباتی مەدەنی خۆرهەڵاتی کوردستان دەتوانین بەم چەشنەی خوارەوە پۆلێن بکەین:

الف) خەباتی دوورو درێژی گەلی کورد لە دژی دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم بە ملاوە. واتە ئەگەر چاویک بە میژووی خەباتی نوێی (ریکخراوەیی) کورد لەو پارچەیە دا بگێرین، روون دەبێتەوە کە خەباتی رێکخراوەیی و ژێرزەمینی ٦ ئەندامانی نەهێنی حیزبی دێمۆکرات و خەڵک رێکیان خستووە و لە هینێدی حاڵەت دا و ئامادە کردنیان بۆ جووڵەی مەلموس و کردەوە یان دژکردەوەی مەدەنیانە. لوتکەی ئەو شێوازە لە ریکخستن و بەکارهێنانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی فەرمانی جیهادی خومەینی دژ بە خەڵکی کوردستان و بەریوە بردن و رێکخستنی مانگی بەرگری و مانگی هێرش بە شانازیی و لوتکەی قوناغیک لەو خەباتە دادەنرێت کە پیرە ژنێک و شوان و وەرزێر و مەلای مزگەوتیک بی ئەوەی بزانن خەباتی مەدەنی یانی چی، ئەرکی خویان وەک خەباتکاریکی مەدەنی بەجێ گەیاند.



تا ئێستاشی لەگەڵ دابێت ئەو سیاسەت و ڕێکارانە حیزبەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان ڕەچاوی دەکەن.

ب) زوڵم و زۆر، سەرکوتی ڕیژیم و سیاسەتە فرەرەهەندەکانی دژ بە خەڵکی کوردستان و کەم تین بوونی خەباتی چەکدارانە و گوزرانەوەی بنکەی ئاشکرای حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان بو باشووری کوردستان لەو هۆکارانە بوو کە ڕێکخستنەکانی خەباتی مەدەنیی کردە پێکهاتەیەکی پێویست و خەباتکارانی ناچار کرد کە بۆ پڕکردنەوە ی ئەو بۆشاییە ڕێگای دیکە بگرنە بەر و سەنگەری دیکە بکەنەوە. هەر بویە ئەم خاڵە پێش نیاز بوو بو خاڵی (ج).

ج) هاتنە سەرکاری خاتەمی لە ئێران نە تەنیا کۆشکی سپی و پەرلەمانی ئورووپا، بەڵکوو چالاکانی سیاسی و مەدەنی و حیزبە کوردیەکانیشی فریو دا، لە گەل ئەوەشدا کە هەرچی هێزی ژێرزەمینیە ئاشکرای کرد، کەشیکی واشی خوڵقاند کە رۆشەنبیران و خەباتکاران و خوێندکاران و مامۆستایانی کورد بیر لە خۆیان و توانا و پوتانسێلەکانیان بکەنەوە. لەم قوناغە دا حیزبەکانیش گورج چوونە مەیدان و دەستبەکار بوون و هیندکیشیان بە فەرمی رایانگەیان خەڵکینە پشتی (خاتمی) بگرن و زۆریک لە لایەنگرانیشیان بە کردەوە لە ستادەکانی خاتەمی دەستبەکار بوون.

خاتەمی بەخۆی و سپا ٢٠ ملیونیەکەیەوە لە ١٠٠ میتری یەکەمی. ماراتۆنەکەیاندا نەفەسیان گیرا، ئاخر بە ئیتلاعات و فەرماندەکانی سپا و حەوزەی عیلمیە و دەزگای داد و بەیتی ڕێبەری و... وە ڕێگای سپاکەی خاتەمییان پڕکردبوو لە کوسپ و تەگەرە. زۆری نە کێشا پانتایی ڕاگەیاندنی نووسراو پڕبو لە ڕۆژنامە و گۆڤاری (غیرخودی) کوردیش وەک وتمان لە ریگای بی خوێن دەگەرا و ئەو هەلەی قۆستەوە لە زۆربەی زانکوە کان ڕێکخراوەی خوێندکاری کوردی دامەزراو دەستیان کرد بە کۆڕ و سمینار و فرەچاپەمەنی بڵاو کرانەوە بۆ وێنە ئەو کۆڕو سمینارانەی لە زانکۆەکانی اصفهان و زنجان و تاران و تەورێز لە سەر هەلبجە دەگیران زور پرنێوەروکتر بوون لەو یادە زریق و بریق دارانەی لە باشووری ڕزگارکراو بەڕێوە دەچوون و ئەو شرۆڤانەی لە گۆڤارو ڕۆژنامە خوێندکارییەکاندا بۆ دۆزی کورد دەکران ڕاست ئەو ئامانجانە بوون کە هەزاران شەهیدی بۆ درابوو. بۆیە بە هەموو خەسارەکانیەوە قوناغی سەرۆک کۆماری خاتەمی بۆ خەباتی مەدەنی قوناغیکی پڕ دەستکەوت بوون و ناتوانین حاشای لێ بکەین.

ڕۆژی کورد: کۆمەڵێک فاکت لەسەر خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەزموونی باشیان وەروو خستووە و لە هیندێک بۆنە دا خەڵکی لە سەرشەقام بەرەو ئاراستەیەکی یەکریز بردووە و توانیوێتی ئەو گاردە بەرگریکارییەی خەباتی سپی بەرەو فازی ئیرادە نواندن و داگیرکەر بە چۆکداهێنان بەرێ بەڵام دیسان خەباتێکی مەدەنی بەو مانا زانستیەی ئاماژەی پێدەدرێ وەروو نەکەوتووە کۆمەلێک شرۆڤەکاری سیاسی و شارەزای خەباتی مەدەنی ئەوە بۆ نارێکخراو بوونی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی دەگەرێننەوە لەو ڕاستایەدا پێتان وایە چۆن دەکرێ کۆمەڵگای کوردی و داخوازەکانی سەرشەقام ڕێکخراو بکرێ ؟





ئەحمەدی: ئەو ناهەماهەنگی و چەند بەرەکی و دژایەتی یەکتری کردنەی لە ڕیزی حیزبەکاندا بوونی هەبووە و هەیە خەباتکارانی مەدەنیشی لێ بێ بەش نەبووە.
شاراوە نیە زۆرجار خەباتکارانی حیزبەکان زۆر دڵخوش و گەشبین دەبن بە جووڵەی چالاکانی مەدەنی، بەڵام ئەوەش شاراوە نیە کە کۆماری ئیسلامی بەوردی لە بۆسەیە بۆیان و ئەو زوومەی لە سەر ژیانی ڕۆژانە و چالاکی و پێوەندی و هەڵسوکەوتی خەباتکاریکی مەدەنی هەیەتی، لە سەر ئەندام و پێشمەرگە و چالاکێکی سیاسی و ئاشکرای دەرەوەی ولات نیەتی. ئەمەوەش واتە ترسی ڕیژیم لە خەبات و خەباتکاری مەدەنی لە خۆرهەڵاتی کوردستان.

ئەو ناهاوئاهەنگییەی لە نێو ریزی چالاکانی مەدەنیدایە، یەکێک لە قەیرانەکانی خەباتی مەدەنی کوردستانە کە حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان ئەتوانن لە کانالی خۆیانەوە کاری لە سەر بکەن و هاوکاریی و یەکریزی لە نیوان چالاکان و ڕیکخراوە مەدەنیەکاندا بەرینتر و پتەوتر بکەن.

خەباتی ڕێکخراوەیی خوێندکارانی کورد لە ئاستی ئێران دا زەق و بەرچاوە، خوێندکارانی خەباتکاری کورد هەم لە سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتی دا و هەمیش لە سەردەمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا، پێشرە و بوون و بەردەوام هەنگاوێک لە پێش خوێندکارانی دیکە ئێرانەوە بوون.

ئیستایش وەک ئاماژەمان پێدا زۆربەی جومگەکانی دەسەڵات لە دەستی نیزامی و ئەمنیەتییەکاندایە و ئەوان کە خەباتی مەدەنیی بە ناو "بزوتنەوەی سەوز"یان بە ناپاکی ناوبرد و لە ژێر پێناسەی دوژمنەوە سەرکوتیان کردن، بێ گومان دەست لە چالاکانی مەدەنیی کوردستان ناپارێزن و لە باشترین هەڵس و کەوتیان دا وەک "محمدصدیق کبودوند" بە زیندانیییەکی دوورو درێژ حوکمی دەدەن.

ڕۆژی کورد: سەبارەت بەو باسە و تێبینییەکەی پێویست کە لە پرسیارەکاندا سرنجی نەخراوەتە سەر بفەرموون.

ئەحمەدی: خەباتی مەدەنیە ئاستێک گەیشتووە کە بۆ نمونە ڕاوچییەکان تاپر و قەفەسی کە وەکانیان دەشکێنن و داربرەکان تەورە کانیان لە چاڵ دەنین و دوکانداران هەفتانە دەکەونە ناوشار بو پاکوخاوێنی ژینگە و خوێندکاری پزشکی زانکۆماری بریندار تیمار دەکات و بە سلامەتی تەسلیمی ژینگەی دەکاتەوە. زۆربەی خەڵک ئەزانی مافی چیە. ئەگەر بێت ئەو هێزە بە باشی کاناڵیزە و ڕێبەریی بکرێت ئەتوانێ کاری گەورە بکات.

بەڵام قەت نابێ هێزە ئیسلامیە توندرەو و دەستەمۆکان لەوانە هێزە سەلەفییەکان فەراموش بکرێن. ئەوان هەمیشە و لە پارچە کانی تری کوردستانیش لە دژایەتی خەباتی کورد دا داردەستی دوژمن بوون و لە ئەستەمترین تەگەرەکانی سەر ڕێگای خەباتی کورد بەتایبەت خەباتی مەدەنیبوون و دەبن. بو وێنە لە باکووری کوردستان ڕیژیمی تورک لە چوارچیوەی حیزبولادا ڕێکیخستن و بە ڕێدانە



گیانی خەباتکارانی سیفیل لە ناو شارە کوردیەکان. بۆیە لە ڕۆژهەڵاتیش دا ریژیم دە ستی ئاوالا هیشتوون و دوور نیە بەرێان بداتە گیانی رێکخراوە مەدەنیەکانی کوردستان.

رێکخراوە ئاپۆچیەکانی خۆرهەڵاتیش لەو مەترسیانەن کە تەنیا لە بەرژەوەندی ئاپۆئیسم دا کار دەکەن و هیچپیتریان بو گرینگ نیە و تەنانەت زۆر جاریش ناراستە وخۆ بوونەتە چاوساغی هێزە سەرکوتکەرەکان بۆ لە قاودانی خەباتکارانی مەدەنیدیکە و بە گشتی لە روانگەی ئەوانەوە لە گەل ئەواندا نەبوون بە دژایەتی ئەوان پێناسە دەکرێت. بۆ وێنە بو کاک محمەدسدیق کەبودوەند کوردەکان لە کوردستانەوە تا ئامریکا هاتنە سەر خەت کەچی پ.ک.ک و رێکخراو و میدیاکانی موشیان نەلەرایەوە!

رۆژی کورد : بەرێز کاک هوشیار ئەحمەدی سپاس بۆ کات و راتان

ئەحمەدی: بە هیوای گەشەی زیاتری پانتایی و ئاستی خەباتی مەدەنی لە خۆرهەڵاتی کوردستان.

- سپاس و رێزی بی پایانم بو ئێوەی بە رێز کەمنتان بو ئەم وتووێژە دەستنیشان کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد / ڕیکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠١٦








# کەبوودوەند تاقیکردنەوەیەکی تری شەرافەتی خۆمان و دنیایە

**نووسینی: شێرکۆ هەژار**

لە نیشتمانێکی داگیرکراو و دابەشکراودا، نەتەوەیەکی چەوساوە و بێ بەش لە سادەترەین مافە نەتەوایەتییەکانی، کەسێک تێدا لەسەر چالاکییەکی مەدەنیی ئاشتیخوازانەی لە چوارچێوەی قانوونەکانی ئەو داگیرکران و چەوسانەوەیەشیدا بخرێتە زیندانەوە و، زیندانییەکەشی تەواو بکات، جا ئەوجا رێگا نەدرێت کە لە زیندانە بچووکەکەیەوە بۆ زیندانە گەورەکەی نیشتمانی دەرچێت، هەڵوێست لە ئاستی ئەوە دەبێتە تاقیکردنەوەیەکی تری شەرافەتی خۆمان و دنیا کە لێرەدا باش دەزانینهەڵوێستی دنیاش هەر پێوەندیی بە ئاستی خەباتی خۆمانەوە هەیە.

کەبوودوەند، لە زیندانەوە، سەرەتا هەڵوێستی خۆی بە ژیانی خۆی هەر بە شەهامەتی خۆی لە ئاست خۆیدا، ئەوجا بە پەیام بۆ نەتەوەکەی و بۆ جیهان دەنێرێت: ئەی مرۆڤ، من تا دوا توانایەکی هەمبووە هاوارم بۆ مافی تۆ کردووە و دەمەوێت تا دوا هەناسەم درێژە بە رێگام بدەم، وا لەسەر ئەو مافەی تۆ، بەدەر لە هەموو قانوونەکانی دنیا و رژێمیش، لە زیندانمدا دەهێڵنەوە .

هەر مرۆڤێک بە سیفەتی مرۆڤبوونەکەی لێرەدا رووبەڕووی بەرپرسیاریی مرۆڤایەتی دەبێتەوە. هەڵوێستی لێرەدا پێوانەی رادەی پێبەندبوون یا نەبوونییەتی بە شەرافەتی خۆی بەو سیفەتەی کە مرۆڤە. تاقیکردنەوەی ئەو پێبەندبوونە لە هەموو ئاستێکدایە، چ لە ئاستی تاک و چ لە ئاستی دەستە و رێکخراواندا.





ئێمە، کە دەبوو بە دەنگی شۆڕشی ڕەوای ڕزگاری دەنگمان بە دنیا بگەیەندایە، یا بە هەموو ڕێگایەکی ئاشتیخوازانەی خەبات دەنگی داخوازیی ڕەوای ژیانی ئازادیی گەلەکەمان پڕی دەستگاکانی ڕاگەیاندن بە هەموو گۆشەو کەنارێکی دنیادا بڵاوبکردایەتەوە، وا ئێستا دیسان ڕووبەڕووی تاقیکردنەوە دەبینەوە.

بۆ کۆتایی پێهێنانی ڕۆژگاری تاڵ و تاری کە زۆر درێژبوونەوە و، کاروانی شەهیدانی ڕێگای ئازادی بەدووی کاروانی شەهیداندا و، چەوسانەوەی مرۆڤەکانمان لە زیندانانی بچووک و زیندانی گەورەدا، دەبێت گۆمی مەنگی بێباکیی دنیا ببزوێنین، ئەوەش هەر بەوە دەکرێت کە هەرچی لە توانامانـدایە لەو پێنـاوەدا بیخەینە گەڕ. دەبێت خۆمان هەست بە بەرپرسیاری بکەین، تـا بتـوانین دنیـاش ببزوێنین .

دەبێت هاوارمان بۆ ڕزگارکردنی کەبوودوەند ببیسرێت، ئەوە هەر تەنیا ڕزگارکردنی کەبوودوەند نیە، ئەوە ئەڵقەیەکە لە ڕزگاریی تەواوی گەلێک و نیشتمانێک و لە خەبات بۆ شەرافەتی مەسەلەی ئازادیی مرۆڤ بەگشتی.کەبوودوەند، لەم هەلومەرجەدا، بۆ ئێمە ڕەمزێکە، نەتەوە و نیشتمان ومرۆڤایەتییمانی تێدا کۆدەبنەوە .

داوای ئازادبوونی کەبوودوەند تاقیکردنەوەیەکی تری شەرافەتی خۆمان و دنیایە، دەبێت تێدا سەربکەوین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد / ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠١٦






## وریا مامڵێ: ئەمڕۆ کەبودوەند هێمای یەکڕیزی و یەکڕەنگی ڕۆژهەڵاتە



***ڕێزدار موحەممەد سەدیق کەبوودوەند سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بە هۆی خەباتی نیشتمانی و ئازایەتی لە ئیرادەی دا، دەنگی گەلی کوردستانی تا ئەو بەری میلەکانی زیندان بردووە، توانیویێتی کێشەی بەندیی سیاسی کورد بە هۆی تاوانەکانی دەسەڵاتی تاران بەرێتە نێو کۆر و کۆمەڵە مرۆڤ دۆستەکان لەوەش گرینگتر دەنگی نارەزایەتی خەڵکی کوردستانی گەیاندووەتە ئاراستەیەکی شیاو هەنووکە کۆی خەڵکی کوردستان بە گشت بۆچوونە ڕەنگاڵەکان بە دیسکۆرسی ئازادی بەندی سیاسی هاتووەتە گۆڕەپان، دەکرێ بەڕێز کەبوودوەند و کێشەی بەندی سیاسی کورد خاڵی هاوبەشی هەڵوێستێکی نەتەوەیی بێ و بناخەی یەکگرتوویی کورد لە بەرانبەر دەسەڵاتدارانی ماف پێخوستکەری کوردستاندا بێ. بۆ زیاتر تیشکخستنە سەر ئەو مژارە ڕۆژی کورد روانگەی روناکبیرو چالاکی هونەری و کەلتووری ڕێزدار "وریا مامڵێ" بە شیاو دەزانی و چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد سرنجتانی بۆ رادەکێشین.***





ڕۆژی کورد: لە بەڕێز کەبوودوەند و هەوڵە نیشتیمانیەکانی چۆن دەروانن، کەبوودەوەند توانیوێتی پێناسەیەکمان لە ڕێبەرێکی خەباتی مەدەنی بۆ وەروو خا کورد بۆ پێویستی بە کەسانی دەگمەن ئیرادەی وەک بەریزیان هەیە؟

ماملێ: پێشەکی زۆر سپاس بۆ ئێوە کە ئەم دەرفەتەتان بەخشی بە من تا لە ڕێگای ئێوە، میوانی خوێنەرانی و میوانانی ماڵپەڕە ڕەنگینەکەتان بم.

شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە لە مێژووی هەر نەتەوەیەک دا ئەو کەسانە دەبن بە پاڵەوانی میللەت کە بە لەخۆبردوویی و خۆنەویستی، بتوانن ناعەداڵەتییە کۆمەڵایەتی یا ڕامیارییەکانی زاڵ بەسەر میللەتێک دا زەق بکەنەوە و داکۆکی لە مافەکانی گەل بکەن ببنە هۆکاری ڕێکخستنی گەل بۆ بەرەنگاربوونەوە و بنبڕکردنی ئەم ناعەداڵەتییانە.

دیارە لە هەر کۆمەڵگایەک دا کە ئەم کەمایەسییانە بەدی بکرێن دەڵاڵەت بە لاسەنگبوونی تەرازی سیستێمی دەستەڵاتدارەتییە. بۆ چارەسەرکردنیشی، ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان دەتوانن ڕۆڵ بگێڕن. کاتێک کە مەجال بۆ کاری ڕێکخراوەییش نەبوو ئەوە ڕووناکبیران وهەڵکەوتووەکانی کۆمەڵگا دەبنە پێشەنگی خەباتی ڕووناکبیری و ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵک بۆ سڕینەوەی ئاسەوارەکانی بێدادی و ناعەداڵەتی.بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش وێنە زۆرن کە بەرچاوترینیان "گاندی" لە هیند و"مارتین لۆتێرکینگ" لە ئامریکا دەتوانین ناو بەرین.

لە کوردستانەکەی خۆمان ئەو کەسانەی بە خەباتی کۆمەڵایەتی، ڕووناکبیری، هونەری و سیاسی خۆیان، توانیویانە کاریگەری لەسەر گەل دابنێن زۆرن و تەنانەت گیانیشیان بێباکانە بۆ وەدیهێنانی ئازادی و مافە سەرەتاییەکانی گەلی خۆیان پێشکەش کردووە. هەر بەوپێیەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیچ دەرفەتێک بۆ خەباتی سیاسی و یاسایی نیە و سیستێمی دەستەڵاتدار بە شێوەیەکی یەکلایەنە و توتالیتەر و تەنیا بۆ بەرژەوەندی ئایدیالۆژییەکی تایبەت و چینێکی تایبەت وڵات بەڕێوە دەبەن. لە وەها دۆخێکدا هیچ چین و توێژێک بە کەمینە و زۆرینە، حیسابێکیان لە بازنەی ئەم سیستێمەدا بۆ ناکرێت. هەڕەشە و گووشار تا سنووری فەوتان و لەناوچوون کاریگەری لەسەریان دادەنێت. ڕێک لەم ئاستەدایە کە ڕووناکبیران و هەڵکەوتووەکانی کۆمەڵگا دەبێ ببنە دەنگی گەل و گەرووی هاواری چینی زوڵملێکراو.

کاک محەممەد سەدیق کەبوودوەند وەک داکۆکیکارێکی دەروەست و ڕووناکبیرێکی نیشتمانپەروەر، بە زانیاری تەواو و بە هیمەتی پۆڵایینەوە بە ئەرکی مرۆڤی و کوردانەی خۆی هەستا و بەو خەباتە مەدەنییەی کە خۆی پێشەنگی بوو، توانیویتی ئەم بۆشاییەی بە چەشنێکی بەرچاو پڕبکاتەوە و هاوکات هەم ڕۆڵی داکۆکیکارێک بۆ نەتەوەکەی بگێڕێت و هەمیش ببێتە خاڵی هاوبەشی هەموو ڕەنگە جیاوازەکانی (بەداخەوە ناکۆکی) ناو کۆمەڵگای سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جا چ لە ناوەوەی وڵات یا لە دەرەوەی وڵات.



## کەبودوەند هێمای خەباتی مەدەنی ڕۆژهەڵات

**ڕۆژی کورد:** به هۆی هەڵوێستی ڕێزدار کەبوودوەند جەماوەری خەڵکی کوردستان یەکدەنگ له کەمپین، ڕێپێوان و نارەزایەتی دەربرین بەشدارییان کردووه ، هیندێک ڕوانگه ئەوه بۆ بابەتی ستەم لێکراوی بەندی سیاسی کورد به گشتی دەگەڕێننەوه و به تایبەیی بەڕێز کەبوودوەند به هێمایەکی مەزن دەزانن که تاوانی دژی مرۆڤی له دژی ئەنجامدراوه ئازادی بەڕێز کەبوودوەند له چوارچێوەیەکی بەرینتر دا مانای ئازادی زیندانی سیاسی دەگەیەنێ پێتان وایه بەڕێز کەبوودوەند لەو ڕاستایه دا ئیرادەی نواندبێ؟

**مامڵێ:** به دڵنیاییەوه. هەر له ڕۆژەکانی یەکەمی چالاکییه مەدەنییەکانیدا، کاک محەممەد سدیق خۆی نەبەستەوه به هیچ لایەنێکی سیاسیەوه. نەتەوەیی هەنگاوی نا و بۆ مافی مرۆڤ تێدەکۆشا. دیاره که ئەم دوو خاڵه یەک له سەرەکیترین ویست و داخوازیەکانی لایەنه سیاسییەکان و گەلی کورده له ڕۆژهەڵاتی کوردستانه بوون.

له لایەکی تریشەوه بەڕێزیان که له ژیانی پێش زیندانچوونیان دا داکۆکیکاری مافی مرۆڤ بووه، ناکرێ له زیندانەکانی ڕژێم دا که نامرۆڤانەترین کردەوه ئەنجام دەدرێت هەر خۆی له یاد بێت و له خەمی خۆی دابێت. ئەو به زانیاری تەواو و به ئیمانەوه پێی نایه ئەم ڕێگایەوه، لەکاتێک دا که دەیزانی چارەنووسی دەگاته ئەم ڕۆژەی که هەموومان دەیبینین. نابێ وا بیر بکەینەوه که تەنیا بۆ تیشکهاویشتنه سەر دۆسییەی خۆی له مانگرتن دایه. به دڵنیاییەوه مانگرتنەکەی گوزاریشتێکه له باری نالەباری هەموو زیندانیانی سیاسی له گرتووخانەکانی کۆماری پەت و سێداره.

وەک زیندانییەکی سیاسی ئەم مانگرتنەی ریزدار کەبوودوەند ئاوێنەیەکی تەواو نوێنی دۆخی گیراوانی سیاسییه له ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەڕێزیان که لەژێر نامرۆڤانەترین گۆشاردایه، ناتوانێت دەنگ هەڵبڕێت و هاوار بکات بەڵام، بەم چالاکییه دەنگی هەموو گیراوانی سیاسی ناو چاڵەڕەشەکانی ئێرانی گەیاندە هەموو جیهان.

بەڵێ، کەبودوەند ئەم پەیامه به گوێچکەمان دا دەچرپێنێ که کورد له ڕۆژهەڵات دەبێ یەکبگرن، تاقانه خەمیان خەمی گەل بێت و له مافەکانی خۆیان بەخاوەن دەرکەون. ئەوه ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگره که کەبودوەند به تەنیا، هەر ئەوەندەی لەدەست دێت و لێره بەولاوه لایەنه سیاسییەکان دەبێ له جیاتی بەیاننامه دەربرین، به کردەوه بۆ یەکریزی و یەکرەنگی له ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەنگاو بنێن.

ئەمڕۆ کەبودوەند هێمای یەکریزی و یەکرەنگی ڕۆژهەڵاته. هەموو ڕەنگەکانی سیاسی ئەمڕۆ به یەکدەنگ بۆ کەبودوەند هاوار دەکەن. ژیریی سیاسی و نەتەوەیی لەوه دایه که کەڵک وەربگیردرێت له هێما نەتەوەییەکان بۆ پێشکەوتن و وەدەستهێنانی مافه پێشێلکراوەکانی نەتەوەکەمان له ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**ڕۆژی کورد:** هەوڵەکانی داکۆکی له زیندانی سیاسی کوردو بەڕێز کەبوودوەند چۆن هەڵدەسەنگێنن؟



**ماملێ:** ئەم هەوڵانە بە ئەزموونێکی باش دەنرخێنم. لەم دۆخە نالەبارە سیاسییەی کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێیدا تێدەپەڕێ، ئەم هەوڵانە دەستکەوتێکی گەورەن بەڵام، کەمن. ئێمە چ لەچاو چۆنییەتی، چ لەچاو چەندێتی، مرۆڤی لێهاتوومان بەزیادەوە هەیە. دەکرا کە ئەو چالاکییانە بەرفراوانتر و کاریگەرتر بەڕێوەچووبان کە لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی شوێنپێیێ خۆی دابنێت. ئەم دڵساردییە و ئەم خەمۆکییە سیاسییەی کە تووشی تاکی ڕۆژهەڵاتی هاتووە، لە بەستەڵەکی نێوان هێزە سیاسییەکان سەرچاوە دەگرێت. لە نەبوونی گووتارێک هاوبەش و بەهێز سەرچاوە دەگرێت. لەمانەش گرنگتر، لە بۆشایی نەبوونی ڕێبەرێکی کاریزماتیک و خاوەن پلە و پایەی کۆمەڵایەتی/سیاسی سەرچاوەدەگرێت. ئێستا کە ئەم فاکتانەمان لەبەردەست دا نییە، ئەرکەکە زیاتر دەکەوێتە ئەستۆی ڕووناکبیران، ئاکادێمیستەکان، لێزانان و هەڵکەوتووەکانی کۆمەڵگا.

من هەڵ دەقۆزمەوە و حەز دەکەم ئاماژە بەم ڕاستییە بکەم کە بە باشی نازانم هەموو چاوەڕوانییەکان بهاوێینە سەر شانی حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان. هەموومان باش لە دۆخی نالەبار و چەقبەستووی ئەوان تێدەگەین. خۆمان فریو نەدەین. نابێ لەم کەشە سیاسییەی ئێستاکەدا چ لە ناوچەکە و چ لە ئاستی کوردستان دا قورسایی بخەینە سەریان. کورد و کرمانجی دەست و باڵیان بەستراوە و چییان لەدەست نایەت. باشتر وایە چینی ڕووناکبیران و هەڵکوتووەکانی کۆمەڵگا، ئەدیبان و هونەرمەندان، ئاکادێمیست و زانانایان، بێدەنگی بشکێنن و بۆ کەمکردنەوەی قورسایی لەسەر شانی چالاکانی ناوخۆ لەم حاڵەتی "پاسیو"بوونە بێنەدەر و بزووتنەوەیەکی سیاسی بێلایەن لە دەرەوەی وڵات پێک بێنن کە هەم قوورسایی سیاسی هەبێت و هەمیش زمانحاڵی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت، لە هەماکاتیش دا کار بکات بۆ ڕێکخستنی هێز و ووزەی ڕۆژهەڵاتییەکان لە دەرەوەی وڵات.

ئینجا حیزبەکانیش گەر لەگەڵیشیان هاوکار نەبن، لانی کەم کێشەیان بۆ دروست نەکەن تا ئەوان بتوانن ڕۆڵی خۆیان بگێڕن. خۆ ناکرێ تا هەتایە لە ڕۆژهەڵات بمانکەن بە گۆشتی بەردەم گورگ و هەموو ڕۆژێک کەبودوەندێک، ئاروەندێک وکەمانگەرێکمان پەڕپەڕ ببێت.

**ڕۆژی کورد:** کەم و کۆرییەکانی نارەزایەتی و کەمپینی گشتی داکۆکی ڕێزدار کەبوودوەند لە چی دا دەبیینن و پێتان وایە چ بژاردەیەکی تر بۆ نارەزایەتی ئیمکانی هەیە؟

**ماملێ:** من لەو باوەڕە دام کە دەکرا زۆر باشتر ئەم چالاکییانە بەڕێوەچووبان. چالاکییەکان هیچ کۆنترۆڵ و ڕابەرییەکی ژیرانەی نەبوو. هەرکەسە و بەشێواز و توانای خۆی دەهاتە مەیدان. من لانی کەم سێ‌دانە هەڵمەتی ئیمزاکۆکردنەوەم واژۆ کرد کە دەکرا یەکدانە بێت. گەر وا بایە، لەلایان لایەنە پەیوەندیدارەکانیش پتەوتر و قورستر حیساب بۆ داواکەمان دەکرا. من لەو باوەڕە دا نیم کە لە هەموو ئاڵمان هەر ۱۰۰ کوردی لێ بێت، یا لە سۆئێد ۱۰۰ کەس. کەمبوونی بەشداربووان لەم چالاکیانە دا زیاتر دەگەڕێتەوە سەر ئەم وەڵامەم کە لە پرسیارەکەی پێشووتر دا باسم لێ کرد.



واتە: (ئەم دڵساردییە و ئەم خەمۆکییە سیاسییەی کە تووشی تاکی ڕۆژهەڵاتی هاتووە، لە بەستەڵەکی نێوان هێزە سیاسییەکان سەرچاوە دەگرێت. لە نەبوونی گووتارێک هاوبەش و بەهێز سەرچاوە دەگرێت. لەمانەش گرنگتر، لە بۆشایی نەبوونی ڕێبەرێکی کاریزماتیک و خاوەن پلە و پایەی کۆمەڵایەتی/سیاسی سەرچاوەدەگرێت). دەکرا لە ڕۆژنامە بەناوبانگەکان لاپەڕەیەک بکرێنەوە و بەتەسەلی باسی مانگرتنەکەی بەڕێز کەبودوەند و کێشەی زیندانیانی سیاسیمان کردبایە تا شەقامی وڵاتانی دەرەوەشمان لەم دۆخە نالەبارە ئاگادار بکردبایە.

دەکرا کارکرابا بۆ سازکردنی "لابی"یەکی پشتیوانی کورد تا لە ڕۆژی ئاوا دا ڕۆڵی خۆیان بگێڕن. دەکرا زۆر کاری بنەڕەتی کرابان تا ئەمرۆ کەڵکمان لێوەرگرتبان.

ڕۆژی کورد: ئەگەر شتێکی تایبەت بەو مژارە هەیە و لە پرسیارەکاندا ئاوڕی لێنەدراوەتەوە تکایە بفەرموون.

ماملێ: لە کۆتاییدا زۆر سپاسی ئێوەی ئازیز دەکەم کە ئەم دەرفەتەتان بە من بەخشی. دەستی ماندووتان دەگووشم کە وا خەمخۆرانە و کوردانە هەوڵ دەدەن تا زانیاری و هەواڵی باوەڕپێکراو بگوازنەوە بۆ خوێنەرانی خۆتان.

هەروەها زۆر سپاسی ئەم خوێنەرە دەکەم کە کاتیان دانا بۆ خوێندنەوەی ئەم وتووێژە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد / ڕێکەوتی: ٥ی جوونی ٢٠١٦






## ئایا بەردەوامی مانگرتنی ڕێزدار کەبوودوەند هەلوێستێکی نیشتمانیە؟



**نووسەر: ڕەزا ئەمینی**

تێکۆشەری خەباتی شقیل ڕێزدار کەبوودوەند لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی مانگرتنەکەی خەریکە نزیک ببێتەوە، ڕاستە ئەو جوڵەیە لە نارەزایەتی بە حوکمی زیندان و ئازاردانیەوە دەستی پیکردووەو بەردەوامە، بەڵام مەبەستی سەرەکیتری هەر بەندییەکی مانگرتوو تایبەت بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆی نیەو بەڵگە نەویستە بۆ کەسایەتییەکی لە چەشنی بەڕێز کەبوودوەند ئامانجەکانی لەو ئیرادە نواندنە بەربڵاوترە لە چوارچێوەی بابەتی مافی تاکەکەسیی خۆی .

دەسەڵاتی بێ پرنسیپ و یاسای چەواشەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ بەندییەکانی کورد بە خراپترین شێوە هەڵس و کەوت دەکا. لە یاسا



دادوەری سەزاییەکانی دەسەڵاتی تاران، هیچ پێناسەیەک بۆ بەندیی سیاسی نەکراوە و هەر چالاکییەکی مەدەنی و ئاشتیخوازانە لە ڕوانگەی ئەمنییەتی - سیاسییەوە سەیری دەکرێ، تەنانەت ئەو ئیمتیازانەی بۆ بەندییەک دەبێ ڕەچاو بکرێ و لە ئاییننامەکانی ئیدارەی زیندانەکانی ئێرانیشدا نووسراوە و تا رادەیەک پەیرەو دەکرێ لە کوردستان و بۆ بەندیی کورد ڕەچاو ناکرێ.

لەو دۆخەدا تەنیا چەکێکی بەرگری بەندیی کورد لە ماف و ویستە نەتەوەیی و تاکەکەسییەکانی خۆی، ئامرازی مانگرتنە، لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی کە تەنیا زمانی پەت، سێدارەو سڕینەوە دەزانێ لە بەرانبەر ئیرادەی خۆ نەویستانەی بەندی مانگرتوودا شکست دێنێ.

بەرێز کەبوودوەند لە نموونەی ئیرادەی بەندییەکی مافخوازی کوردە کە دەیهەوێ دەنگی چەوساوەی کورد بە گوێی دونیا بگەیەنێ گەرەکێتی دونیای بەرژەوەندیخوازی ڕۆژئاوا تێبگەیەنێ کە ئەگەر ئێوە خەریکی سات و سەودا کردنی ئابووری و بازرگانی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێرانن، نابێ لە بیری کەن بایەخە دێمۆکراتیکەکانی گەلی کورد و نەتەوە بندەستەکانی ئێران لە مەترسی جیددی دایە، ئەو چەشنە هەڵوێستانە لەو دۆخەدا ڕەواترین دەنگی کپ کراوی کوردە کە پێویستە بەرجەستە بکرێتەوە .

مانگرتنی کەبوودوەند لە سنووری تێل دڕکەکانی بەندیخانە دەرباز بووەو پشتیوانییەکی بەرینی بە شوێنەوە بووەو ئیدی کۆماری ئیسلامی بە ئاسانی لە بەرانبەر چەکی ئاشتیخوازانەی مانگرتن ناتوانێ قوتار بێ.

هەموو تێکۆشەرانی کورد بە تایبەتی ڕێزدار کەبوودوەند لە گیانی خۆیان سڵ ناکەن و لە مەرگ ناترسێن، ئەوە وانەیەکە پشتاو پشت بە میرات بۆ شۆڕشگێرانی نیشتمانی ماوەتەوە، مانگرینی ئەو بەڕێزە پێویستە تا ڕزگاری خۆی و بە چۆک داهێنانی داگیرکەر بەردەوام بێ.

ئێستا خەباتکارانی کورد بە پەرۆشەوە لە باری تەندروستیی بەرێز کەبوودوەند دەڕوانن و ئەوەش هەستێکی مرۆڤدۆستی پیرۆزە بەڵام سروشتی خەباتی کورد، گیان بەخشیە لە پێناوی ئاشتی و دێمۆکراسیدا بۆیە خودی کەبوودوەند هەنووکە هێمایەکە لە نەترسی و گیان بازی و ئەو شانازییە مەزنە بە ژیانی بە دیلی ناگۆڕێتەوە، کەواتە دەبێ بە هەموومان داکۆکی بکەین لە ئامانجە پیرۆزەکانی ئەو مانگرتنە و بۆ بەردەوام بوونی لەو خەباتە هاوکاری بکەین بۆ ئەوەی مێتۆدی مانگرتن ببێتە میکانیزمێک کە بەندیی کورد بەو پاڵنەرە بە گژ دیکتاتۆر دا بچێتەوە کە واتە بەڵێ بۆ بەردەوامیی مانگرتن، یان سەرکەوتن یان گیان بەخشین، هەمدیسان بۆ ئامانجی بەندییەکانی کورد لە بەندیخانەکانی دەسەڵاتی لارێی تاران.

خاڵی کۆتایی کە پێویستە ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە لە ئەگەری شکاندنی ئەو مانگرتنە پیرۆزەی بەرێز کەبوودوەند، هەروەک پێشتریش لە مانگرتنی ٣٤ ڕۆژەی بەندییە سیاسییەکانی کوردی بەندیخانەی ورمی و چەند نموونەی تردا بینیومانە، فەلسەفەی خودی



سەرچاوە
Serchawe



مانگرتن لە خواردن کە بریتییە لە بەچۆک داهێنانی داگیرکەر و دیکتاتۆر، بە تەواوی بەتاڵ دەبێت و ئەنجا ناکرێ وەک چەکێک بۆ گەیشتن لە داوای ڕەوای بەندی کەڵکی لێوەربگیردێت و هەم داگیرکەر و هەم ڕای گشتی و هەم ڕای جیهانی وەک گەمەیەکی کاتی لە مانگرتن دەڕوانن و هیچ کاتی تر ئەو هەست و هەڵوێستانەی کە ئێستا دەیبینین جیهانی هەژاندووە و پەرە دەستێنێ، شکڵ ناگرێتەوە کە هەر وەک پێشێتر گوتم، مانگرتن تەنیا چەکی بەردەستی زیندانییە لە سیستەمێکی وەک ڕژیم ئیران دیکتاتۆر و توتالیتێر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد / ڕێکەوتی: ١ی جوونی ٢٠١٦



# کێ مرۆڤە مەزنەکەی ڕۆژهەڵاتی لەبیرە!



**لەنووسینی: ئاریتما موحەممەدی**

**کەبووەند لە مانگرتندا نییە بۆ ئەوەکە بە ئازادیی ژیان بکات، ئەو مانی گرتووە چونکە مافی مرۆڤ پێشێل دەکرێت، ئاریتما موحەممەدی.**

**موحەممەد سدیق کەبووەند؛ ئەو کەسەی کە ئیستا لە جێی نەتەوەیەک لە کونجی بەندیخانەدا خەبات دەکات. ئەو دەیهەوێت چرای شۆڕش و بەرخۆدانی مرۆڤدۆستانەی کورد بەردەوام بێ. خەباتی کەبووەند خەباتی مرۆڤی ئازادیخواز و خەباتی مرۆڤی خاوەن هەست و ورەیە! کەبووەند دەزانێ کە بەو خەباتەی ڕژیم نارۆخێت و ڕۆخاندنی ڕژیمیش ئەرکی ئەو نییە، بەڵام من دڵنیام کە هەوڵ و تێکۆشانی بێوچانی ئەو نەتەوەیەک بەئاگا دێنێت. پەیامی کەبووەند پەیامی ئینسانیی مرۆڤی خاوەن هەستی کوردە، چونکە خەباتی ئەو خەباتی ئینسانیی مرۆڤی کوردە. ناڵەی کەبووەند ناڵەی ئینسانیی مرۆڤی ئازادیخواز و مرۆڤی بەخەمی کوردە. هاواری ئەو هاواری کوردی بەشخوار، کوردی بێبەشکراوە.**

**کەبووەند ئەو مرۆڤەیە کە نەچووەتە ژێر باری زاڵمترین ڕژیمی سەرگۆی زەویی. ئەو لە ژووری بەندیخانەدا لە دێوێکی تاریک بەند کراوە، بەڵام هەست و ورەی بەرزی ئەو، هەوڵ و هیمەتی بێوچانی ئەو بۆ ئازادیی و مافی مرۆڤ سنوورەکانی تێپەڕ کردووە و هەنووکە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی باس لە ئازایەتیی ئەو مرۆڤە خاوەن هەست و پڕ لە ورەیە دەکرێت. ئەو پێشمەرگەی بەندیخانە و سەربازی ڕێی خەباتی مرۆڤبوونە، ویستی ئەو ویستی مرۆڤی بێ ناسنامە و مرۆڤی بێ ماف و مرۆڤی تینوی ئازادییە. بیروهزر، ئامانج، خەون و خەیاڵی ئەو ئەستەمە لە ئەشکەوتی گرتووخانەدا لەنێو چاڵە ڕەشەکانی بەندیخانەدا لە خاچ بدرێ. ڕاستە ئەو لە بەندیخانەدا بەند کراوە، بەڵام ڕژیم نەیتوانیوە بیروهزر و ویستی ئەو لە بەندیخانەدا بەند بکات، مرۆڤی زیندوو مرۆڤی خاوەن**





بیره، مرۆڤێک کە لە هزرین و بیرکردنەوەدا ئازاد نەبێ، ئیتر هەموو ژیانی لە ئازادیدا بەسەر بەرێ، واتای نییە، چونکە ئەو هزری لە بەندیخانە بەندە!

بەڵێ کەبووەند لە بەندیخانە بەندە، بەڵام هزری ئەو ئازادە و بیری هەمیشە حەزی لە فڕینە، بیرێ کە هەمیشە بفڕێ و ئازاد بێ، چ پێویستی بە لەشە کە زیندانی ڕۆحە! ئەگەر ئێمە هەموو وەک کەبووەند لەشمان لە زینداندا بەند بێ، بەڵام بیروهزرمان ئازاد و چالاک و بێوچان لە خەبات بێ، ستەمکار کەی دەتوانێ ستەم بکات! هیچ ستەمکارێک ناتوانێ مرۆڤی خاوەن ئیرادە لە بەندیخانەدا بەند بکات ئەگەر ئەو مرۆڤە لە هزریندا ئازاد بێ.

ئەمڕۆ کەوبووەند لە بەندیخانەدا بەند نییە، چونکە ئەو هەمیشە بە ئازادیی دەهزرێ و بە ئازادیی دەدوێ، پەیامی ئەو کە خەباتی مافی مرۆڤە ئەمڕۆ هەموو سنوورەکانی بڕیوە و ناڵە و هاواری ئینسانیی ئەو لە هەموو شوێنێک دەبیسترێ. ئەوەی ئەو دەیهەوێت بڵێت چوار لادیواری هۆدەی بەندیخانە تەنگ و تاریکەکەی ناتوانێ ڕێ لە وتنی بگرێت، ئەوە ئەوانن لە ترسی ئازادیی دەیانهەوێ بیری ئازادیی بەند بکەن، هەرچەند ئەوان بە لەش ئازادن، بەڵام بە هزروبیر دەمێکە لە بەندیخانەدا بەند کراون. زۆرن ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی گرتووخانەکان بە ئازادیی ژیان دەکەن، بەڵام بۆ هزرین ژیانیان وەک بەندیخانە وایە.

پەیامی کەبووەند ئەوەیە کە خەبات بۆ ئازادی و دابینکردنی مافی مرۆڤ دەبێ خەباتی هەموو چینوتوێژەکانی کۆمەڵگە بێ، نەک کۆمەڵ کەسانی دیکە بکەنە سیمبولی ئازادی و خۆیان لە بەندیخانەی ئەواندا بەبێ ئازادی بژین. درووشمی دابینکردنی مافی مرۆڤ دەبێ هەوڵی بێوچان و خەونی هەموو مرۆڤێکی خاوەن هزروبیر بێ! بەڵام کوا مرۆڤی خاوەن هزر کە لە بەندیخانەی دوونیای سیاسەت و بەرژەوەندیدا ئازاد بهزرێ و ئازاد بۆ ژیان هەوڵ بدات! ئەگەر ئەمڕۆ کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست خاوەنی چەند کەسایەتیی هاوشێوەی بەڕێز کەبووەند بووایەن و وەک ئەو خەمخۆری مافەکانی مرۆڤ بووبان، بێگومان کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە بووارەکانی مافەکانی مرۆڤ و دابینکردنی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ پێشکەوتنی بەرینی بەخۆیەوە دەبینی. بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ دەبینین کە بەشێک لەو کەسانەی کە بەناو بایبخ بە ژیانی مرۆڤ و مافی مرۆڤ دەدەن، هەر ئەوانە هۆکاری سەرەکیی ژێرپێنان و پێشێلکردنی مافی مرۆڤن.

ئەمڕۆ مرۆڤەکانی خاوەن هزر بوونەتە کەرەستەی دەستی ستەمکار، هەر وەک چۆن ئەنشتەین بووە خاوەن هزری چەکی کۆمەڵکووژ! ئەمڕۆش بە هەمان چەشن بەشێک لە مرۆڤەکانی خاوەن هزر خزمەت بە ستەمکاران دەکەن و لە خزمەت ئەواندا هزر و زانستیان بەکار دەبەن. ئەمڕۆ لە هەموو کات پتر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی پێویستی بە کەبووەندەکانە کە گیان و ژیانی خۆیان بکەنە قوربانی و بخەنە مەترسیی بۆ ئەوەکە کەسان و خەڵکانی دیکە بە مافەکانیان شاد و ئاشنا بن و لە ئازادیدا بە سەربەستیی و سەرمەستیی بژین.



ئەمڕۆ ئەو سەردەمەیە کە تاکە زانستی خزمەتکەر بە مرۆڤ خەبات بۆ ئاشتی و دابینکردنی مافەکانی مرۆڤە، چونکە لەم چەند دەیەی ڕابردوودا زانست تەنیا لە خزمەت کەرەستەی سەربازیدا بەکار هاتووە و لەو بووارە بەدەر مرۆڤایەتیی هیچ پێشکەوتنێکی ئەوتۆی لە بووارەکانی ئاشتی و ئازادیی، پەرەدان و هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی مافەکانی مرۆڤی بە خۆیەوە نەبینوە. بۆیە مرۆڤەکانی خاوەن زانست و خاوەن هزروبیر لەم سەردەمەدا ئەو کەسانەن کە بە هزروبیریان هەوڵی پەرەسەندنی ئاشتی و ئازادیی و مافەکانی مرۆڤ دەدەن، لەم دۆخ و قۆناغەی ژیانی مرۆڤایەتیدا کەم لەو کەسانە بەدی دەکرێن کە بە ژیان و گیانیان هەوڵی ژیانێکی باشتر بۆ خەڵکانی دیکە بدەن. کەبووەند لەو کەسانەیە کە لەوانەیە لە سەرتاسەری گۆی زەویی ڕێژەیان لە قامکی دەست تێپەڕ نەبێ، چونکە هەموو ژیانیان بۆ ئازادیی و جێگیرکردنی مافەکانی مرۆڤ تەرخان کردووە.

زۆرن ئەو کەسانەی کە لە پێناو ئیدۆلۆژییەکی تایبەتی وەک کۆموونیسم، لیبراڵیسم، سوسیالیسم و تەنانەت ناسیۆنالیسمیشدا تێدەکۆش، بەڵام دواتر دەبنە مۆرکەی گیان و ژیانی خەڵک و دەسەڵاتی خۆیان بەسەر گەلدا دەسەپێنن و هەوڵی سەروەت و سامان کۆکردنەوە دەدەن. بەڵام کەبووەند پەیوەستی هیچکام لەو ئیدۆلۆژییانە نەبوو کە دەربەستی قورخکردنی ژیانی کۆمەڵگە بێ، بەڵکوو ئەو بە گیانی خەمی ژیان و گووزەرانی خەڵکەکەی دەخوارد و بە هەموو هەوڵی دەیهەوێ گەلەکەی لە مافەکانی ئاگادار بکاتەوە و پەیامی ئاشتیی و بەختەوەرییان پێ بدات.

هەرچەند مرۆڤی ئازاد ئەگەر بە لەش لە بەندیخانەدا بەند بکرێ، بەڵام قەد لە هزرین ناکەوێت و بەردەوام چرای ڕێگای کۆمەڵ بۆ ناسینی مافەکانیان دەبێت و لەو هەوڵەی بێوچان ناوەستێت، کەبووەندیش لەو پێناوەدا هەردەم بەپێی کات و دەرفەت و پێویستیی بارودۆخەکە لە پێوەندی بە ڕووداوەکانی کوردستان و ناوچەکە خاوەن هەڵوێستیی گرینگ و جێی بایبخ بووە و هەمیشە پارێزەر و داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ بووە بەبێ لەبەرچاوگرتن و ڕەچاوکردنی دەنگ و ڕای مرۆڤی بندەستی ستەملێکراو.

ئەو دەرسەی کە کەبووەند فێری کردین و فێرمان دەکات ئەوەیە کە مرۆڤ بەبێ ئازادی و مافەکانی ناتوانێ لە ئاشتیدا بە ئازادی ژیان بکات و مرۆڤی ئازاد و خاوەن ماف، مرۆڤی خاوەن بیر و خاوەن هەڵوێست پێویستی بە ڕەچاوکردنی مافەکانێتی و دەبێ دەسەڵات وەک بەرپرسی سەرەکیی لە دابینکردنی هەلومەرجی گونجاو بۆ دەربڕینی ڕای ئازاد بەرپرسیارەتی لە ئەستۆ بگرێت و هەموو کەرەستە و پێداویستییەکانی گەشەدان و پەرەدان بە ئازادیی و مافەکانی مرۆڤ دابین بکات. دەسەڵاتێک کە خۆی لە مافەکانی مرۆڤ بدزێتەوە و لە ڕاستای سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ هەڵسووکەوت بکات، بەرپرسی یەکەم و سەرەکیی دەبێ لە ئاڵۆزییەکانی نێو کۆمەڵگە و ئەرکە لەسەر کۆمەڵ و چالاکی مەدەنیی و چالاکانی مافەکانی مرۆڤ کە لەو پێوەندییەدا بێدەنگ و بێ هەڵوێست نەبن، چونکە بێدەنگی ئەوان دەبێتە هۆی ئاڵۆزی پتری بارودۆخەکە و پێویستە کە هەمووان پێکەوە دەسەڵات بەرەو دواوە پاڵ پێوەنێن و پاشەکشێی پێ بکەن.

ئەوەیکە ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوو دەدات، بەرپرسیارەتیی یەکەمی دەکەوێتە ئەستۆی ڕژیم و پاش ڕژیمیش





بەرپرسیارەتییەکە دەکەوێتە ئەستۆی کۆمەڵ و چالاکانی مەدەنیی و سیاسیی و مافەکانی مرۆڤ. چونکە بێدەنگی ئەوان هۆکاری زاڵبوونی دەسەڵاتە بەسەر کۆمەڵگە. کاتێکیش کە دەسەڵات لە ڕێگای کولتوور و هێزەوە خۆی سەپاندە سەر کۆمەڵگا ئیتر ئەستەمە کە بە ئاسانیی پاشەکشەی پێبکرێت. هاواری کەبوەند هاوارە بۆ یەکدەستیی و تەبایی نێوان هەموو چالاکانی سیاسیی و مەدەنیی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەگەر هەمووان پێکەوە دژی ڕژیم هەڵوێست بگرن، بێگومان ڕژیمی ملهوڕی ئێران خۆنەویستانە لە بەشێک لە گوشارەکانی بۆسەر چالاکانی مەدەنیی بەندکراو پاشەکشە دەکات و ئەمەش دەبێتە سەرەتایەک بۆ پاشەکشەپێکردنی پتری ڕژیم لە بووارەکانی دیکە.

هەنووکە کەبووەند مەزنترین و دژوارترین هەنگاوی هەڵناوەتەوە، پێویستی بە پشتیوانیی گشتیی کۆمەڵگەیە، ئەرکە لەسەر هەموو تاکەکانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان کە بەدەنگ هاواری ئینسانیی ئەم مرۆڤە خاوەن ورەوە بچن و لەو ڕێگا دژوار و پڕ هەورازونشیوەدا هاوکار و یارمەتیدەری بن. پەیامی کەبووەند، پەیامی ئینسانیی مافە مرۆڤە، هاواری ئینسانیی مەزنترین خەونی مرۆڤە. کەبووەند دەروەستی ئەوە نەبووە و نییە کە ژیانی پارێزراو بێ، بەڵام ئەو دەروەستی ئەوەیە کە کۆمەڵگەی کوردستان لە خەباتی بێوچان بۆ دابینکردنی مافەکانی مرۆڤایەتیی خۆی سڵ نەکات و مافەکانی مرۆڤبوونی خۆی بناسێت و هەوڵی بۆ بدات.

ئەمەش پێچەوانەی ڕێسا و یاسای هیچکام لە وڵاتانی جیهان نییە، کەچی ڕژیمی ئێران ئازادیی و مافەکانی مرۆڤ بە مەترسیی بۆ سەر دەسەڵاتەکەی هەژمار دەکات و لەو پێناوەشدا چالاکانی مافەکانی مرۆڤ لە گرتووخانەکانیدا بەند دەکات. مێژوو ئەوەی سەلماندووە کە ئازادیی و مافەکانی مرۆڤ بەند ناکرێن و ئەگەر ڕۆژانێک بنەماکانی مافی مرۆڤ و ئازادیی مرۆڤەکان کەمرەنگ و لاوز بێ، لە کۆتاییدا خۆری ئازادیی هەڵدەکات و بەسەر تاریکیی و شەوەزەنگیی ستەمکارییدا سەر دەکەوێت و تیشکی پرشنگدار دەبێ و باڵ بەسەر شکۆی جوانی کوردستاندا دەکێشێت و تێکۆشەرانی ئەو ڕێگایەش وەک مانگی چواردە ڕۆڵیان درەوشاوە دەبێ.

نابێ ئیزن بدرێ کە ڕژیمی ئێران بە ئاسانیی کەبووەند لەنێو بەرێت و پێویستە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان یەکدەست و یەکهەڵوێست دژی ڕژیم هەڵوێست بگرن تاکوو ئازادکردنی کەبووەند مسۆگەر دەکەن. بێگومان دۆخی ژیان و گووزەرانی خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان گەلێک دژوارە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر هەڵوێست و دژکردەوەی خەڵک دەبێ، چونکە کۆمەڵی رۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی کێشەکانی ئابووریی، سیاسیی و نەبوونی ئاساییشی کۆمەڵایەتییەوە دەناڵێنن و ڕژیم توانیوێتی کەلێن لەنێوان بەشێک لە پێکهاتەکانی کوردستان درووست بکات، بۆیە بەداخەوە زۆرجار خەڵک بەدەم داواکانی چالاکانی مەدەنییەوە ناچن، ئەمەش لەبەر ئەو کۆمەڵە هۆکارە سیاسیی و ئابوورییەیە کە ژیانی خەڵکی داگیرکردووە و دەرفەتی پشوودانی بۆ کۆمەڵگە نەهێشتووەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی: ٣١ی مەی ٢٠١٦



## بۆ کەبوودوەند کە بەتەنیا لەبەردەم مردندا وەستاوە...



**مەریوان وریا قانیع**

من محەمەد سدیق کەبوودوەند ناناسم بەڵام هەستدەکەم پیاوێکە چەندان سەدە تەمەنی هەیە، هەموو ئەوانەی جەنگ بۆ مافەکانی مرۆڤ و بۆ پاراستنی کەرامەتی ئینسان دەکەن برای عەقڵیی و ویژدانیی و ئەخلاقیی ئەم پیاوەن، تەمەنیان درێژکراوەی تەمەنی ئەوە. ئەم پیاوە لە وڵاتێکدا شەڕ بۆ پارستنی کەرامەتی مرۆڤەکان دەکات، کە تیایدا کوشتنی مرۆڤێک و کوشتنی مێروویەک وەک یەکە. مرۆڤ لە ئێرانی ئەمڕۆدا بەهایەکە لەڕیزیی هەرە خوارەوەی هەموو بەهاکانی تردا، شتێکە دەشێت زۆر بەئاسانی وێران و پارچەپارچە بکرێت، هەموو سوکایەتییەکانی ناو مێژووی بەرامبەر بکرێت. ئەم وڵاتە ئەمڕۆکە بە کردەوە یەکێکە لە وڵاتە هەرە ناشیرینەکانی دونیا، حوکمڕانەکانی تێکەڵێکی ترسناکن لە بەربەریەتیی تەقلیدیی و بەربەریەتی مۆدێرن، لە دۆگمە گەورەکانی تیۆلۆژیا و ڕووە تۆقێنەرەکانی تەکنۆلۆژیا، لە دڵڕەقی دین و دڵڕەقیی چەکی مۆدێرن، فاناتیزمی دینیی و ڕقی ئاوساوی ناسیۆنالیستیی، سزای چاخە کۆنەکان و تەکنیکی دیسپلینی مۆدێرن. ئێرانی ئەمڕۆ ئێرانێکی نەخۆش وکەنەفت و بیمارە، محەمەد سدیق کەبوودوەند لەهەوڵی تیمارکردنی مرۆڤە بریندارەکانی ناو ئەو نەخۆشخانە گەورەیەدایە. بەرگریکردن لە ژیانی ئەم پیاوە بەرگریکردنە لەو کەمە لە بەها ی پاک کە لەو ناوچەیەدا ماوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی زاگرۆس پۆست / ڕێکەوتی: ٣٠ی مەی ٢٠١٦






## وەرن با بەیەکەوە بەرگری نەک لەژیانی کەبودوەندێک بەڵکوو بەرگری لە"ژیان" بکەین



**نووسەر: سنوور عەبدووڵاهی پوور**

یەکەمجار وەکوو مرۆڤێک دواییش وەک کوردێک، ئەم چەند دێرە دەنووسم بۆ کەسێک کە لای من "نێڵسۆن ماندێلا"ی کوردانە، ناوەکەی محەمەد سەدیق کەبودوەندە. هەر چەند لەنزیکەوە نەمبینیوە و نایناسم. هیچ جیاوازیەک دروست ناکات ئاخۆ محەمەد سەدیق کەبودوەند کێیە؟ خەڵکی کوێیە؟ لەدایکبووی چ ساڵێکە و چی کردووە؟ یان ئەوەی تا چ ڕادەیەک دەیناسین و زانیاریمان لەسەری هەیە؟ یان ئەوەی ئاخۆ وێنەکەیمان بینیوە یان نا؟ کە چین و چروکێکی زۆر کەوتۆتە سەر ڕوخساری ئەم پیاوە بەجەرگ و خۆڕاگرە و کردوویەتی بەکێوێکی بەهەیبەت و لەبن نەهاتوو لە ورە و بەرخۆدان و بەهێز بوون و پتەو بوون لە چەشنی قەندیلی لانکەی تێکۆشان و خەبات و خۆڕاگری کوردان.



## کەبودوەند هێمای خەباتی مەدەنی ڕۆژهەڵات

کەبودوەند بەچاوێکی کز و ماندوو کە تا دێت ترووسکایی هیوا و ئاوات و ژیان تیایدا کەم ڕەنگتر دەبێتەوە، بە ورەیەکی پۆڵایینەوە و لەناو چاڵە ڕەشەکانی شەمشەمە کوێرەکانی ئەم سەردەمە بەرگری لە نەتەوەکەی دەکات و لێمان دەڕوانێت و سڵاوی ژیانمان ئاراستە دەکات.

چی بوترێت و بنووسرێت لەسەر ئەم زاتە پیرۆزە هێشتا هەر کەمە و باوەڕم وایە ناتوانێت خۆی لەبارتەقای گەورەیی و هێمابوونی ئەم کەسایەتیەدا ببینێتەوە. وادەوترێت کە دەزگای پاوانخواز و سەرکوتکەری ناوەندی دادگەریی کۆماری پەت و سێدارە لە ئێران، محەمەد سەدیق کەبودوەندی تەنیا و تەنیا بە یەک تاوان، ئەویش کوردبوون و بەرگریکردن لە مافەکانی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەچەشنی چالاکوانێکی مەدەنی و مافەکانی مرۆڤ بە تاوانبار ناساند و بەم هۆیەش بە یازدە ساڵ زیندانیکردن حوکم درا. ئەمە لەکاتێکدا سەرەڕای تێپەڕبوونی نۆ ساڵ لەناو زیندان، کەچی لەزیندانیش وازی لێ نەهێندراوە و بە بەردەوامی لەلایەنی ڕۆحی و جەستەیی ئازا دراوە و گوشارێکی تاقەت پڕوکێنی هەمە لایەنەی خراوەتە سەر و لە سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤێکیش لەناو زیندان بێ بەش کراوە و هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەکی دەروونی و جەستەیی تاقی کردۆتەوە و بەدەست چەندین نەخۆشی جۆراوجۆرەوە دەناڵێنێت.

من دەڵێم... محەمەد سەدیق کەبودوەند مرۆڤێکە، ئازار دەچێژێت و کۆڵ نادات و بەردەوامیشە لە خەبات و خۆڕاگری خۆی. هەر ئەوەندەش بەسە بۆ ئەوەی خۆشمان بوێت. لای ئێمە کەبودوەند ڕەمزی هەرە گەورەی تێکۆشان و خەباتی مەدەنی و سەردەمیانەیە بۆ ژیانێکی باشتر و دادپەروەرانە. کەبودوەند لەناو دڵماندایە و دەنگی بەناحەق کپ کراوی سەرجەم چین و توێژە مافخوراوەکەی خەڵکی ڕۆژهەڵات و بگرە تەنانەت ئێرانیشە. وادەخوازێت وەک ئەرکێکی مرۆڤی و نەتەوەیی، یەکدەنگ و یەکگرتوو هەموومان پشتیوانی بین. هاوسۆز و هاوخەم بین بۆی و بەهەر جۆرێک بۆمان دەلوێت و پێمان دەکرێت بەگیان و بەدڵ بەرگری لەم ڕۆڵە چاونەترسەی گەلەکەمان بکەین و نەهێڵین بەتەنیا بمێنێتەوە چوونکە دڵنیام ئەمڕۆ خەباتی بێ وچان و ئازارەکانی کەبودوەند زیاتر لەهەر کاتێک، ئێمە لەیەکتری نزیک دەکاتەوە.

کەواتە لەبەرامبەر گەورەیی ئەم پیاوە بەشەرەفە، وەرن هەموومان بەیەکەوە و بەیەک دەنگ بەرگری لە"ژیان" بکەین.

سڵاو لە خۆڕاگری محەمەد سەدیق کەبودوەند.

مەرگ و نەمان بۆ کۆماری پەت و سێدارەی ئیسلامی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد / ڕێکەوتی: ٢٨ی مەی ٢٠١٦



# مەریوان وریا قانع و ئاراس فەتاح پشتیوانی لە محەمەد سدیق کەبودوەند دەکەن



مەریوان وریا قانع و ئاراس فەتاح لە دوو نووسراوی جیاوازدا پشتیوانی لە محەمەد سدیق کەبوند سەرۆکی زیندانیکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان دەکەن، کە لە ئێستادا لە ئێرانی زیندانیکراوە و بەهۆی مانگرتنەوە باری تەندروستیی ناجێگیرە و ژیانیشی ڕووبەڕووی مەترسی بووەتەوە.

نووسەر و ڕۆشنبیر مەریوان وریا قانع ڕۆژی ٣٠ی ئایاری ٢٠١٦ بابەتەتێکی بە ناونیشانی "بۆ کەبوودوەند کە بەتەنیا لەبەردەم مردندا وەستاوە" بڵاوکردەوە و تیادا هاتووە "من محەمەد سدیق کەبوودوەند ناناسم، بەڵام هەستدەکەم پیاوێکە چەندان سەدە تەمەنی هەیە، هەموو ئەوانەی جەنگ بۆ مافەکانی مرۆڤ و بۆ پاراستنی کەرامەتی ئینسان دەکەن برای عەقڵیی و ویژدانیی و ئەخلاقیی ئەم پیاوەن، تەمەنیان درێژکراوەی تەمەنی ئەوە".

مەریوان وریا قانع ئەوەشی نووسیوە "ئەم پیاوە لە وڵاتێکدا شەڕ بۆ پارستنی کەرامەتی مرۆڤەکان دەکات، کە تیایدا کوشتنی مرۆڤێک و کوشتنی مێروویەک وەک یەکە".

بەپێی نووسراوەکەی مەریوان وریا قانع "مرۆڤ لە ئێرانی ئەمڕۆدا بەهایەکە لە ڕیزی هەرە خوارەوەی هەموو بەهاکانی تردا، شتێکە دەشێت زۆر بەئاسانی وێران و پارچەپارچە بکرێت، هەموو سوکایەتییەکانی ناو مێژووی بەرامبەر بکرێت. ئەم وڵاتە ئەمڕۆکە بە کردەوە یەکێکە لە وڵاتە هەرە ناشیرینەکانی دونیا، حوکمڕانەکانی تێکەڵێکی ترسناکن لە بەربەریەتیی تەقلیدیی و بەربەریەتی مۆدێرن، لە دۆگمە گەورەکانی تیۆلۆژیا و ڕووە تۆقێنەرەکانی تەکنۆلۆژیا، لە دڵڕەقی دین و دڵڕەقیی چەکی مۆدێرن، فاناتیزمی دینیی و ڕقی ئاوساوی ناسیۆنالیستیی، سزای چاخە کۆنەکان و تەکنیکی دیسپلینی مۆدێرن".





ئەو نووسەر ئەوەشی نووسیوە "ئێرانی ئەمڕۆ ئێرانێکی نەخۆش وکەنەفت و بیمارە، محەمەد سدیق کەبوودوەند لە هەوڵی تیمارکردنی مرۆڤە بریندارەکانی ناو ئەو نەخۆشخانە گەورەیەدایە. بەرگریکردن لە ژیانی ئەم پیاوە بەرگریکردنە لەو کەمە لە بەهای پاک کە لەو ناوچەیەدا ماوەتەوە".

لە درێژەی کاردانەوەکان بەرامبەر بە دۆخی سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان نووسەر و ڕۆشنبیر ئاراس فەتاح بابەتێکی بە ناونیشانی "لە سزادانی ئازادییە بۆ هەوڵی "کوشتنی کلینیکیی"، مافپارێز (محەممەد سدیق کەبودوەند) وەک نموونە" و تیایدا هاتووە "ئێمە هەموومان پێکەوە نین، چونکە زیندانییەکانمان لەگەڵدا نییە. ساڵانێکی زۆر لە هەندێک وڵاتی ئەوروپا، هەر کاتێک خەباتگێڕێک بەهۆکاری بەرگریکردن لە ئازادیی، زیندانی بکرابایە، ئەم ڕستەیەی سەرەوەی وەکو دروشم بۆ دەگوترا. پێدەچێت ئەم ڕستەیەش لەمڕۆدا دروستترین دەربڕین بێت کە دژ بە زیندانیکردنی مافپارێزێکی دیاری کوردستانی ڕۆژهەڵات، محەممەد سدیق کەبودوەند، بیڵێینەوە".

ئاراس فەتاح ئەوەشی نووسیوە "ئەم چالاکوانەی مافی مرۆڤ بووە بە نموونەیەکی تایبەتی زیندانیی ناو زیندان، چونکە سەرەڕای زیندانیکردنی بە هۆکاری سیاسیی، ماوەیەکە بەهۆی خراپیی باری تەندروستییەوە ڕژێمی ئێران بێبەریی کردووە لە چارەسەری خێرا و دروستی پزیشکیی".

نووسەر ئاراس فەتاح باسی ئەوەشیکردووە، پێدراوێکی سیاسییمان هەیە کە دەڵێت "هەموو بریندارکردنێکی مافی مرۆڤ لە هەر دەوڵەتێکی ستەمگەر ڕێخۆشکەرە بۆ زەمینەسازیی تاوانی گەورەتر کە سبەینێ ئەو دەوڵەتە پێی هەڵدەستێت".

بەپێی نووسینەکەی ئاراس فەتاح "سزادانی کاک محەممەد تەنها بریندارکردنی ئازادییەکانی مرۆڤێک نییە لە ممارەسەی کارەکەی وەکو مافپەروەرێک، بەڵکو سزادانێکی قووڵترە، لە بەر ئەوەی جارێکی تر، وەکو نەخۆشێک کە تەندروستیی لە دۆخێکی مەترسیداردایە، دەستبەسەر دەکرێت و لە مافی چارەسەرکردنی دروست و سەردانیکردن بێبەری دەکرێت".

ئاراس فەتاح لە نووسینەکەیدا باسی ئەوەشیکردووە "من وایدەبینم لە ئێستادا تەنها مافەکانی کاک محەممەد لە مەترسیدا نین، چونکە بەهۆی بەرگریکردنی لە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا سزادراوە، بەڵکو بوونی ئەم مرۆڤە خۆی کەوتووەتە ژێر هەڕەشەی کوشتنێکی کلینیکییەوە، چونکە لەمافی چارەسەرکردن و سەردانیکردنی لەلایەن هاوڕێیان و خزمانییەوە، بێبەری کراوە".
بە بۆچوونی ئەو نووسەرە "کاتی خۆیەتی لەگەڵ هاوڕێیان و دۆستانی خۆرهەڵاتیماندا داوای چارەسەری پزیشکی خێرا و دروست بۆ ئەم مافپارێزە بکەین و داوای ئازادی و گەڕانەوەی کاک محەممەد بکەین بۆ ناومان و بڵێین، ئێمە هەموومان پێکەوە نین، چونکە ئاغای کەبودوەندمان لەگەڵدا نییە".



## محەمەد سدیق کەبودوەند کێیە؟

محەمەد سدیق کەبودوەند سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە ڕۆژی ٨ی ئایاریی ٢٠١٦ەوە لە زیندانی ئێوینی تاران مانی لە خواردن گرتووە، چونکە بەرپرسانی ئێران دەیانەوێت دۆسیەی تری لە دژ بکەنەوە و ڕێگا لە ئازادبونی لە زیندانندا بگرێن و لە ئێستادا باری تەندروستیی تێکچووە و ژیانی لە مەترسیدایە.

محەمەد سەدیق کەبودوەند لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٣ی شارۆچکەی دیواندەرەی پارێزگای سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ساڵی ١٩٩٧ لەگەڵ چەند نووسەر و ڕۆشنبیری ئێرانی لە تاران ڕێکخراوی " یەکێتی بۆ دیموکراسی لە ئێران"یان دامەزراند، بەڵام "دوای تیرۆری" سەرۆکی ڕێکخراوەکە زۆربەی ئەندامانی ڕێکخراوەکە پەرتەوازەبوون.

کەبوودوەند دواتر و لە ساڵی ٢٠٠٣ بووە سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی " پەیامی مەردوم"، ڕۆژنامەکە بە "دەنگە دلێر و ئازاکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" ناسرابوو بەوپێیەی بۆ یەکەمجار بوو ڕۆژنامەیەک لە ناوخۆی ئێرانەوە بە ڕاشکاوی باسی پرسی کورد لە ئێراندا بورووژێنێت، بەڵام ڕۆژنامەکە دوای دەرچوونی تەنها ١٢ ژمارەی و لە ساڵی ٢٠٠٤ دا لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە داخرا.

کەبودوەند دواتر لە ساڵی ٢٠٠٥دا ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانی دامەزراند، ڕێکخراوەکە لەلایەکەوە هەوڵی دەدا لە ڕێگەی سمینار و کۆبوونەوەوە ئاستی ڕۆشنبیری هاوڵاتیانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ زیاد بکات و لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵی دەدا وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئاگادار بکاتەوە لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

کەبودوەند لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەهۆی چالاکییەکانیەوە چەندین خەڵاتی نێودەوڵەتی پێدراوە لەوانە ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن هیومەن رایتس وۆچەوە خەڵاتی هێلمەن هامێتی پێدرا، ساڵی ٢٠٠٩ لە بەریتانیا خەڵاتی ڕۆژنامەنووسی ساڵی ٢٠٠٩ی پێدرا کە خەڵاتەکە بە خەڵاتی ئۆسکاری ڕۆژنامەنووسانی بەریتانیا ناسراوە و ساڵی ٢٠١٠ش لەلایەن کۆمەڵێک ڕێکخراو و کەسایەتییەوە بۆ خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ کاندید کرا.

ر.م

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئین ئار تی / ڕێکەوتی: ٣٠ی مەی ٢٠١٦

# کاک محەممەد سەدیقی کەبوودوەند



**کوێستان فتوحی**

ئەوەی کەبوودوەند لە کوردستان بۆ مافی مرۆڤ کردی، تەواوی هەوڵی حیزبەکانی کوردستان سەرێەک بەخەیەوە بۆ پرسی مافی مرۆڤ، نەیانتوانیوە وەک کوبوودوەند، ئەم پرسە لە کوردستان بکەنە پرسێکی زیندووی کۆمەڵگە. زیاتر لە ٨ ساڵە بە تاوانی هەوڵە مرۆییەکانی خراوەتە نێو چواردیواری تەنگەبەری زیندان، بەڵام بەو حاڵەش لە هەوڵ و تێکۆشانی بۆ جێگیر بوونی مافی مرڤ لە کوردستان نەوەستاوە، دەرکردنی بەیاننامەکان و نامەکان لە نێو زیندانیشەوە شاهیدی بۆ ئەم هەوڵانەی ئەم تێکۆشەرەدەدەن.

لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی زیندانی کرانی دا تەنیا دەتوانم ئارەزووی ئازادبوونی بۆ بکەم و بڵێم هیوادرام بە ساغ و سلامەتی بەگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگە چاوەڕوانەکەی. چاوەڕوانی ئەوەی ڕۆژێک بێ و هەوڵەکانی کەسانی وەک کاک محەممەد سەدیقی کەبوودوەند بگەنە ئامانج.

لە ٨ ساڵەی زیندانی کرانی محەممەد سەدیق کەبوودوەند دا هەواڵێک هێندەی دیکەی لایەنگرانی مافەکانی مرۆڤ نیگەران کرد، ئەوەیش راپۆرتە ساڵانەکەی ئەمریکا بوو لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە جیهاندا.

ئەمرۆ بەرژەوەندییە سیاسییەکانە دیاری دەکا کە ڕێژیمەکان پێشلکەری مافی مرۆڤن یان نا.



سەرچاوە Serchawe





راپۆرتی ساڵانەی هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی مافی مرۆڤ لە جیهاندا هەموو ساڵێک لە لایەن ئەمریکاوە بڵاو دەبێتەوە.

چەندین ساڵە ئەمریکا ناوی رێژیمی ئێرانی لەسەرەوەی لیستەکەیدا تۆمار کردوە و ئێرانی بە یەکێک لەو رێژیمانە ناوبردوە کە دەستی باڵای هەیە لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە وڵاتەکەی دا. راپۆرتی ئەمساڵی جیاواز بوو لە ساڵانی رابردوو! سەرەڕای ئەوەی ساڵی ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٥ زۆرترین پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە لایەن رێژیمی ئێرانەوە کراوە، کەچی ئێران دێتە خوارەوەی لیستەکەی ئەمریکا!

چ گاڵتەجارییە مافی مرۆڤ بەدەست سیاست و بەرژەوەندییە سیاسییەکانی زلهێزەکانی دنیاوە!

سەرچاوە: ویبلاگی هانای کوێستان / رێکەوتی: ٤ی جووڵای ٢٠١٥



## لە ٩مینساڵی دەستبەسەر بوونیدا، "داکۆکیکارانی مافی مرۆڤی کوردستان" خوازیاری ئازادی بێ مەرجی "کەبودوەند"بوو



ئاسۆی ڕۆژهەڵات: ناوەندی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤی کوردستان ئەمڕۆ ١٠ای پۆشپەڕ بە بوونەی ٩هەمین ساڵی دەستبەسەر بوونی محەمەد سەدیق کەبوودوەند کە بە شێوەی نایاسایی لە لایەن هێزەکانی ڕژیم دەستبەسەر کراوە و لە دادگایەکی نەمایشی سزای ١١ ساڵ زیندانی بە بێ تەنیا یەک ڕۆژ مەرەخسی بەسەردا سەپاوە، ڕاگەیاندنێکی دەرکردووە و خوازیاری ئازاد کرانی بێ قەید و مەرجی ناوبراو بوون.

### دەقی ڕاگەیێندراوی "ناوەندی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤی کوردستان"

محەمەد سەدیق کەبوودوەند، سەرنووسەری پێشووی هەفتەنامەی " پەیام مەردوم" کوردستان و دامەزرێنەری " ڕێکخراوەی مافی مرۆڤی کوردستان" بە تۆمەتی چالاکی ڕۆژنامەنووسی و مافی مرۆڤی لەلایەن دادگاوە لە ڕێکەوتی ١٠ای پۆشپەڕی ساڵی ١٣٨٦ای هەتاوی سزای ١١ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاوە و ٨ ساڵ لە ماوەی حوکمەکەی تێپەراندوە. محەمەد سەدیق کەبوودوەند، چالاکی مافی مرۆڤ بووە کە تەنیا بە تۆمەتی چالاکی ڕۆژنامەنووسی و مافی مرۆڤی و بە هۆی ڕادەربڕین دەستبەسەر کراوە و سزای قورسی بەسەردا سەپاوە.

ئێران بە پاڵاوتنی خۆی لە هەڵبژاردنی شورای مافی مرۆڤ لە ساڵی ٢٠٠٦ بەڵێنی داوە ، تا سەرترین شوێنەکانی ئیستانداردی مافی مرۆڤ و پشتیوانی لە وشەی مافی مرۆڤ هەموو یاساکان بپارێزێت"، ئێران لە سەر ئەم ڕاستیە جەختی کردووە کە "هەوڵگەلێک لە ڕاستای پاراستنی شئوناتی ئینسانی و پشتیوانی لە مافی مرۆڤ و ئازادی ئینسانەکان ئەنجام بدا" .



ناوەندی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤی کوردستان خوازیاری ئەوە بووە لە بەرپرسانی پلە بەرزی ئێران کە ، هەمو پەسەند کراوەکانی مافی مرۆڤ ، و پەسەندکراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ٩ی دیسامبری ١٩٩٨ ڕاگەێندراوە دەبێت ڕێزی لێ بگرێت، بە تایبەتی ئەو بەشەی کە پەسەندکراوە، کە هەر ئینسانێک بووی هەیە کە بە شێوەی تاکەکەسی یان بە کۆمەڵ مافی ئەوەی هەیە کە پشتیوانی لە مافی هەمو ئینسانەکان بکات و مافی مرۆڤ بە تەواوی بپارزێت.

هەروەها خاڵی پێنجەمی ئەو بەیاننامەیە کە دەڵێت:" هەر تاکێک بە مەبەستی بردنەسەرەوە و پشتیوانی لە مافی مرۆڤ و ئازادیە سەرەکییەکان ئەو مافەی هەیە کە بە شێوەی تاکەکەسی یان گروهی دەست بدا بە دامەزراندنی، ئەندامیەت و بەشداری لە ئەنجومەن، گروپ و ڕێکخراوە ناحوکمیەکان".

و هەروەها خاڵی ٢ و ١٢ کە دەڵێت: دەوڵەت دەبێت هەمو کارەکان بەباشی بەڕێوە ببات کە هەر مرۆڤێک بتوانێ بە شێوەی تاک یان گروپ لە بەرابەر توندوتیژی، هەڕەشە، وەدواکەوتن، گوشار، جیاوازیەکانی مەنفی و شەخسی و یا یاسایی و هەر چورە هەوڵیک کە بە بیانوی هەوڵی یاسی لە دژی ئینسانەکان بە ڕێوە بچێت، لە لایەن ناوەندەکانی پێوەندیدارەوە دەبێت پشتیوانی بکرێت.

هەروەها سەبارەت بە دەستبەسەر کرانی خۆدسەرانەی "محەممەد سەدیق کەبوودوەند" بە تۆمەتی پشتیوانی لە مافی مرۆڤ لە لایەن هێزەکانی ڕژیم و سەپاندنی ١١ ساڵ زیندان تەنیا لە بەر ئەوەی لە بواری مافی مرۆڤ چالاکی کردوە، دەبێت لێکۆڵینەوەی جیدی لە سەر بکرێت. حکومەتی ئێران دەبێت ئەو دڵنیاییە بدات کە بەڕێز کەبوودوەند هەر چی زووتر و بە بێ هیچ جۆرە مەرجێک ئازاد دەکرێت، چۆنکوو دەستبەسەر کردن و زیندانی کردنی ناوبراو خۆدسەرانەیە.

"ناوەندی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤی کوردستان"

چوارشەممە ١٠ی پۆشپەڕی ١٣٩٤

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات / ڕێکەوتی: ١ی جوولای ٢٠١٥



# باوکی مافی مروڤی کوردستان و ٢ی ڕێبەندان



## ڕێبوار مەعرووف زادە

محەممەد سەدیق کەبوودوەند، ساڵی ٢٠٠٥ ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستانی دامەزراند و لە ساڵی ٢٠٠٧وەش لە زیندان دایە. کەبوودوەند لە چەند ساڵی رابردوودا بە بونەی جیاواز نامە و پەیامی ئاراستەی خەڵکی کوردستان کردوە. نێوئاخنی زوربەی پەیامەکانی کەبوودوەند بانگهێشت بو خەباتی ناتوندووتیژ، پاراستنی مافی مرۆڤ و بەڕێوەبردنی دێموکراسی بووە. لەو بەینەدا بە نیسبەت دوو پەیامی کەبوودوەند دەتوانین دەستەبەندییەکی جیاواز بکەین. کەبوودوەند لە ساڵی ٢٠١٢ بە نیسبەت تیروری دوکتور قاسملوو پەیامێکی بڵاو کردەوە و تێروریزمی دەوڵەتی مەحکووم کرد. بەرپرسی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤ش بە بونەی ٦٨مین ساڵوەگەری کۆماری کوردستان، پەیامێکی بڵاو کردەوە و لە پەیامەکەی خۆیدا لە مافی خۆبەڕێوەبەری خەڵکی کوردستان و سیستمێکی فێدراڵ داکۆکی کرد. تێرامان لە کاریگەریی دانی پەیامی لەم چەشنە کە بە نیسبەت بابەتی سیاسی و نەتەوەیی لە لایەن چالاکێکی مەدەنی لە زیندانەوە دەرکراون پڕبایەخە.

## زیندان و خەبات

زیندان بریتییە لەو دیوارە بڵیندانەی کە بۆ ئەوە ئاوا بڵیند دروست کراون کە گاڵتە بە باڵای مرۆڤ بکەن، زیندان بریتییە لەو دابڕانە ناچارەی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگە، بریتییە لەو ژوورە تاریکانەی بۆ ئەوە ئاوا تاریک دروست کراون، دووری لە فەزای گشتی و دووری لە هەتاو و ڕەمزی ژیان بکەن بە نزیکییەکی ڕۆژانە و ترسناکی مرۆڤ لە بێ دەنگی و مردنی خۆی. زیندان کۆمەڵگەیەکی دەستکردە کە لەودا ناهاوسەنگییەکی ترسناک لە نێوان پێوەندی مرۆڤ و دەسەڵات پێک دێ.



ئەگەر بیرەوەرییەکانی ژیانی کەسێکی ئاسایی کۆمەڵگە بخوێنینەوەوە لەو نووسراوەیەدا مەوداکانی منداڵی و پیری، شەو و رۆژ، پێکەنین و گریان، ژیان و مردن مەودایەکی ئاساییین، بەڵام لە نمایشی سەربردەی زیندانییەکاندا، لە هونەر و ئەدەبیاتی زیندان دا مەوداکانی نێوان پێکەنین، هەناسەهەڵمژین، برسێتی و هاوار و مردن بە تێکرا دەشێوین، تەنانەت زیندان مانای خۆدی مەوداش دەشێوێنێ. دواجار زیندانەکان بۆ ئەوە دروست کراون کە مەودای ژیان و مردنی مرۆڤ، واتە ئازادیی مرۆڤ، لە نێو ببەن و مرۆڤی مردوو و فەرمانبەر دروست بکەن.

ئەوەی دەسەڵاتی زیندان پێکدێنێ بریتییە لە تاریکی، زنجیر، ئەشکەنجە و ئێعدام، بەڵام هێزی خەباتکار لە خۆڕاگری، بوێری، مرۆڤدۆستی، دیالۆگ و لە راستیدا لە نامەکان و ئەدەبیاتی زیندانی ئەو دایە. ئەدەبیاتی زیندان بەرگری و داهێنانێکی گەورەی مرۆڤە لە مرۆڤبوونی خۆی. ئەدەبیاتی زیندان هونەری بەرهەمهێنانەوەی رەخنە، دیالۆگ، بوێری، ئازادی و دواجار هونەری بەرهەمهێنانەوەی مرۆڤایەتی مرۆڤە لە بەرامبەر دەسەڵاتی زیندان دا. لە ساڵانی ڕابردوودا دوو زیندانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان توانیوایانە ئەدەبیاتێکی کاریگەر لە نێو زینداندا بەرهەم بێنن و فازێکی دیکە لە خەباتی نێو زیندان بێننە ئاراوە. یەکێک لەو دوو زیندانییە فەرزادی کەمانگەر ماموستای کورد بوو کە تا ئەو کاتەی لە سێدارە درا، نامەکان و ئەدەبیاتی ئەو دەنگی ئازادیخوازی و مرۆڤدوستی خەڵکی کوردستان بوو.

زیندانییەکەی دیکە محەممەد سەدیق کەبوودوەندە کە بۆیە دەستبەسەر و زیندانی کرا کە بێ دەنگ بکرێ و نەتوانێ "پەیامی خەڵک"ی کوردستان بڵاو بکاتەوە، بەڵام خۆڕاگری و بەردەوامی ئەو نیشانیدا کە رێژیم ناتوانێ بە زیندانیکردنی چالاکانی کورد کۆتایی بە مافخوازی سیاسی و مەدەنی خەڵکی کوردستان بێنێ. گرینگی نووسین و بڵاوکردنەوەی نامە لە نێو زیندانەوە بۆ دەرەوە لەوەدایە کە بە کردەوە نیشان دەدا زیندان نەتەنیا نەبۆتە هۆی پاسیڤبوون و دوورکەوتنەوەی چالاکانی مەدەنی و سیاسی، بەڵکوو رەواییەکی ئەخلاقی زیاتر دەبەخشێتە کار و بیروڕای ئەو زیندانیانە. لە شوێنێک را دەبێ دەست بکەین بەوەی ئازادی ڕادەربڕین بکەین بە بنەمایەک بۆ هەموو ئازادییەکانی دیکە. ئەو کاتە کە بێ دەنگیمان هەڵبژارد، بنەمایەکمان دروست کردوە بۆ ئەوەی لە نێو و دەرەوەی زینداندا هەموو مافەکانمان زەوت بکەن.

کەبوودوەند و خەبات لە دوای کۆتایی هاتنی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری، خەباتی مەدەنی و سیاسی وەک شێوازی باوی خەبات لە رۆژهەڵاتی کوردستان جێکەوتووە. دامەزرانی NGO کانیش ئامرازیان بۆ ئەو شێوازە لە خەبات دابین کردوە بەڵام زور جار هەست بەوە کراوە و دەکرێ کە خەباتی مەدەنی و سیاسی ئاستی داواکارییەکان و خەباتی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دابەزاندوە. چالاکانی مەدەنی و سیاسی خواست و پوتانسیەلی کوردایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستانیان بە پرژانە سەر پارچەکانی دیکەی کوردستان وڵام داوەتەوە. بۆ نموونە بەرێوەبردنی رێورەسمی هەڵەبجە لە نێو بزووتنەوەی خوێندکاریدا لە کوتاییەکانی دەیەی هەفتا دەبێتە هەوێن و بنەمایەک بو پێناسەکردنی "بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی". خۆپێشاندان بە هۆی دەستبەسەرکردنی بەرێز ئۆجالان بریندار و کوشتەی لێدەکەوێتەوە و پوتانسیەلی کوردایەتی رۆژهەڵات بو باکوور خاڵی دەکرێ. مام جەلال دەبێتە سەرکوماری عێراق و خەڵک



*لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شیرینی بڵاو دەکاتەوە. کوردی ڕۆژئاوای کوردستان تووشی ئاوارەیی دەبن، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئەوەی خۆیان لە ژێر گۆشای ئابووری دان، هاوکاری کۆ دەکەنەوە و بە هەر شێوەیەکە لەو ڕێگەیەوە کوردایەتی خۆیان بەرجەستە دەکەن.*

*لەراستیدا بوێربوون و چالاکبوون لە سەر کۆمەڵێک سووژە لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێناسەکردنەوەیان وەک کوردایەتی، لە نەبوونی خودی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سووژە خەبات، لەمپەری گەورەیە لەبەردەم دروستبوونی کەسایەتی سیاسی-نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەو پەیامانەی کەبوودوەند کە لە ٢٣ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوو و لە ٦٨ ساڵەی کۆماری کوردستان بڵاویکردنەوە شکاندنی بێ دنگی لە ئاست کۆمەڵێک ڕووداوی گرینگ لە مێژووی خەباتی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. ئەوە لە حالێکدایە بەرفراوانکردنی ئازادی ڕادەربڕینی سیاسی زورتر لە ڕێفورمخوزان و پارڵمانتارانی کورد چاوەروان دەکرا و دەکرێ. ئەگەر چاڵاکانی سیاسی نێوخوی وڵات بیانهەوێ قورسایی و خوشەویستی پەیدا بکەن، دەبێ لە سەر مەسەڵە هەستیارە مێژووییەکان و ستراتژییەکانی هەنووکەی روژهەڵاتی کوردستان قسە بکەن و تێچووەکانی ئەو کارەش، تەنانەت بە چوونە زیندانیش، وەک بەشێک لە گەشەکردنی سیاسی خۆیان و نەتەوەکەیان لە قەڵەم بدەن.*

*لەو نێوانەدا ئەرکی هێزە سیاسییەکانی کوردیش ئەوەیە بە شێوەیەکی تۆکمەتر لە گەیاندنی دەنگ و بەرجەستەکردنی کەسایەتی زیندانیانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی محەممەد سدیق کەبوودوەند روڵ بگێرن. هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی پشتگیرییەکی هەمەلایەنەتر بۆ وەرگرتنی خەلاتی ئاشتی نوبێل لە لایەن بەرێز کەبوودوەند، هەم هاوپێوەندی خەباتی مەدەنی و دیپلۆماسییە و هەم رەوایی جیهانی مەسەڵەی کوردستانی ڕۆژهەڵات زیاتر دەکا.*

*سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ / ڕێکەوتی: ٢٨ی فێبریویری ٢٠١٤*

# کەبوودوەند لەزیندان وانەی خۆڕاگری دەڵێتەوە



**کەبوودوەند ٢٢ رۆژە مانی لە خواردن گرتووە**

**ئەرسەلان یار ئەحمەدی**

محەمەد سەدیق کەبوودوەند، رۆژنامەنووس و چالاکی بواری مافی مرۆڤ، دوای ٢٢ رۆژ مانگرتن لەخواردن تائێستا ئامادەنیە دەست لەو هەڵوێستەی هەڵبگرێت کە دژایەتییە بۆ ئەگەری درێژکردنەوەی سزاکەی، هەرچەندە باری تەندروستی ناجێگیرەو بەپێی وتەی پزیشک بەردەوامبوونی توشی نەخۆشی دڵی دەکات.

کەبوودوەند، خەڵکی شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان، ماوەی نۆ ساڵە لەزیندانەکانی تارانە، دوای سزادانی لەلایەن دادگاوە، بەهۆی هەڵوێستەکانی کە بەگشتی دژی پێشێلکارییەکانی دەسەڵاتدارانی ئێرانە بەرامبەر مافی مرۆڤ.

ئێستا ناوبراو سورە لەسەر درێژەدان بەمانگرتن لەخواردن دوای ٢٢ رۆژ، هەرچەندە کەسوکاری بەپێویستی دەزانن مانگرتنەکەی بشکێنێت لەپێناو تەندروستی خۆی.

تونیا کەبوودوەند، کچی ئەو چالاکە کوردە لەلێدوانیکی تایبەتدا بەخەندانی وت "باوکم ماوەی شەش رۆژە لەنەخۆشخانەی (تاڵقانی)





تاران لەژێر چاودێری پزیشکیدایەو ڕۆژی رابردوو (٢٩ی ئایار) بەهۆی دابەزینی زەختیەوە لەهۆش خۆی چووە". وتیشی "بەوتەی پزیشکەکان ئەگەر لەمانگرتن بەردەوامبێت تووشی نەخۆشی دڵ دەبێت".

بڵاوبونەوەی دوو وێنەی کەبوودوەند لەماڵپەڕە کۆمەڵایەتییەکان لەدوو ڕۆژی رابردودا، دۆخی ناجێگری ناوبراو نیشاندەدەن، کە بەوتەی کچەکەی وێنەکان بەدزییەوە لەنەخۆشخانە گیراون. ئەو وێنانەش زیاتر هانی کەسوکاری دەدەن کە داوای شکاندنی مانگرتن لە کەبوودوەند بکەن.

بەڵام پەریناز باغبان حەسەنی هاوژینی کەبوودوەند کە خەڵکی تەورێزو ئازەری زمانە بەخەندانی وت "گوێ بەقسەی کەس ناداتو درێژە بەمانگرتنەکەی دەدات".

سزاکانی سەر کەبوودوەند لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە، بەگشتی بەهۆی چالاکییەکانیو هەروەها دامەزراندنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بوو کە هەندێک بە "باوکی" مافی مرۆڤی کوردستانی دەزانن.

کەبوودوەند پێشتر لەلایەن لقێکی دادگای پێداچوونەوەی پارێزگای تارانەوە بەتاوانی هەوڵدان دژی ئاسایشی نەتەوەیی وڵات، لەڕێگای دروستکردنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانەوە سزای ١٠ ساڵ زیندانی بەسەردا درا.

هەروەها لەلایەن دادگای گشتی شاری سنەوە بەتۆمەتی "تەشهیرو وروژاندنی بیروڕای گشتی"، لەڕێگای نوسینی بابەت لەهەفتەنامەی پیام مردم (پەیامی خەڵک) سزای شەش مانگ زیندانی بەسەردا سەپێنرابوو، لەگەڵ داخستنی ڕۆژنامەکەی، بەوەش کۆی سزاکانی ١٠ ساڵو شەش مانگ بوو.

لەنۆ ساڵی زیندانیکردنیدا کەبوودوەند تەنیا یەکجار لەمانگی یەکی ٢٠١٢ ڕێگەی پێدرا سەردانی ماڵەوە بکات، ئەوەش بۆ چوار ڕۆژو بەکەفالەتی ٧٠٠ملیۆن تمەن (٢٤٠ هەزار دۆلار).

ئەو ڕێگەپێدانە دوای ٦٠ ڕۆژ هات لەمانگرتنی کەبوودوەند لەخواردن.

بۆ جارێکی تر بڕیاری مانگرتنی لەخواردن لە ٨ی ئایار، بۆ نیشاندانی نارەزایەتیی دەربڕینە لەدروستکردنی کەیسێکی نوێ بۆی لەلایەن دادگاوە.

تونیا کچی کەبوودوەند بەخەندانی وت "لەو کەیسە نوێیەدا کە بۆ باوکم کراوەتەوە، پڕوپاگەندەی دژی حکومەتی ئێرانی خراوەتە پاڵ، ئەوەش بەتاوانی ناردنی پیرۆزبایی بۆ سەرکەوتنی دەمیرتاش‌و ڕزگاری کۆبانێ".

دادگا هەرچەندە تاوانباریکردووە بەپڕوپاگەندە دژی حکومەتی ئێران، بەڵام هێشتا سزاکەی ڕانەگەیەنراوە، کەبوودوەند بڕیاری مانگرتنیدا دژی ئەو بڕیارەی دادگا.




کەبوودوەند ساڵی ٢٠١٢ بۆ چوار ڕۆژ لەگەڵ خانەوادەکەیدا بوو

کەبوودوەند بەهۆی چالاکییەکانی لەنێو زیندان بەتایبەت مانگرتنەکانی لەلایەن چالاکانی کوردەوە وەکو هێمای ئیرادەو خۆراگری کورد لەبەرامبەر دەسەڵاتی ئێران ناسراوە.

سامان ڕەسووڵپوور، ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی کورد کە لەنزیکەوە ئاگاداری دۆخی کەبوودوەندە دەڵێت "بووە دەنگی ئەو زیندانیانەی کەهیچ مافێکیان نیەو بەگشتی ببوە دەنگی نەتەوەیەک کە بەشێوەیەکی سیستماتیک پەراوێز دەخرێت".

وتیشی "بەدامەزراندنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان‌و بارهێنانی دەیان ڕۆژنامەنووس‌و چالاکی مافی مرۆڤ لەشوێنە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، توانی بێدەنگی زاڵ بەسەر کوردستان بشکێنێت‌و متمانەی ڕێکخراوو کەسایەتییە جیهانییەکان بەدەستبهێنێت".

بەپێی بەشێک لەنووسراوێکی دەزگای زانیاری ئێرانیش کە پێشکەش بەدادگا کراوە، تیایدا لەسەر ڕێکخراوی مافی کوردستان هاتووە





"لەماکۆ کە لەباکووری ناوچە کوردنشینەکان هەڵکەوتووە هەتا ئیلام کە لەباشووری کوردستانە لەهەموو شارو گوندەکان هەواڵنێرو چاودێری مافی مرۆڤی هەیە، بەچەشنێک ئەگەر لەکوێرە دێیەک گوزەیەک لەدەستی ژنێک بکەوێتو بشکێت، ئەم ڕێکخراوە ئاگادارە".

ئەوەش وەکو سەلماندێکە بۆ قسەکانی ڕەسووڵپوور، کە چەند جارێک لەڕێی تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەرەوە کەمپینی بۆ ئازادکردنی کەبوودوەند کردووە.

بۆیە بەبڕوای ئەو ڕۆژنامەنوسە، کاریگەرییەی کەبوودوەندو ڕێکخراوەکەی، وایکردووە دەستگیربکرێتو "ئەوەی ئێستا بەرانبەری دەکرێت جۆرێک تۆڵەکردنەوەی دەسەڵاتە".

بەهۆی مانگرتنەکەیەوە باری تەندروستی ناجێگیرە

محەمەد سەدیق کەبوودوەند ساڵی ١٩٦٣ لەشاری دیواندەرەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە، باوکیشی چەند ساڵ بەهۆی کاری سیاسییەوە زیندانیکراوە.

دوای ئەوەی دەچنە سنە، کەبوودوەند ساڵی ١٩٧٧ بەدامەزراندنی ڕێکخراوی یەکێتی بۆ دیمۆکراسی لەئێران،بەهاوکاری چەند کەسێکی تر، بۆیەکەمجار چالاکی سیاسی خۆی دەستپێدەکات.

ساڵی ٢٠٠٣ هەفتەنامەیەکی سیاسی، ئابووری کۆمەڵایەتی بەناوی (پیام مردم) دەردەکاتو ساڵی ٢٠٠٤ و پاش دەرچوونی تەنیا ١٢ ژمارە داخرا.

ئەو چالاکە کوردە لەماوەی زیندانیکردنیدا سێ خەڵاتی جیهانی پێدرا، بەڵام نەیتوانیوە خۆی ئەو خەڵاتانە وەربگرێتو درایە بنەماڵەو هاوکارانی.

لەوانەش خەڵاتی بەناوبانگی (هلمن - هەمت) لەساڵی ٢٠٠٩ کە لەلایەن هیومان رایتس وۆچ دەدرێت بەو نووسەرانەی لەژێر ئازارو ئەشکەنجەدان، هەمان ساڵ خەڵاتی میدیایی بەریتانیا وەردەگرێت وەکو ڕۆژنامەنووسی نێودەوڵەتی ساڵ.

دوای وەرگرتنی ئەو خەڵاتە، لەپەیامێکیدا لەزیندانەوە وتی "لەو وڵاتەی کەئێمە تێیدا دەژین، تاکەکان نەک هەر لەدەربڕینی بیروڕای خۆیان ئازادنین، بەڵکوو لەجل پۆشین، بیستنو بینینیش ئازادنین".

ساڵی ڕابردووش خەڵاتی ICHR زانستگەی تۆرێنتۆی کەنەدا لەلایەن خوێندکارانی ئەو زانستگەوە بەناوبراو بەخشرا. سێ جاریش بۆ



وەرگرتنی خەڵاتی جیهانیی ئاشتیی نۆبێل پاڵێوراوە.

سامان رەسووڵپوور دەڵێت کەبودوەند هەوڵیدەدا لەهەر کوێ مافی تاکێک پێشێلدەکرێت، چ لەکۆمەڵگاو چ لەخێزان و بەتایبەت لەبواری مافی ژنانەوە، "خەڵک ئاگاداربکاتەوەو فەرهەنگسازی بکات بۆ نەهێشتنی ئەو پێشێلکارییانە".

بۆ جێگرتنی ئەو فەرهەنگە لەنێو کۆمەڵگادا، کەبوودوەند جگە لەچالاکییەکانی سەرەوە، سێ کتێبی بەناوەکانی نیوەی دیکەی کۆمەڵگا (تایبەت بەمافی ژنان)، بەرزەخی دیمۆکراسیو بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی نوسیوە.



سەرەڕای ئەوەی کەبوودوەند ئێستا باری تەندروستی جێگر نییە، رێگەنادەن کەسوکارەکەی لای بمێننەوەو هێزە ئەمنییەکان لەنێو نەخۆشخانە چاودێری دەکەن، بەوتەی کچەکەی.

رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، کە کەبوودوەند بۆ گەیاندنی دەنگی زیندانیانی کورد بەدونیای دەرەوە دایمەزراند، دوێنێ یەکشەممە لەبەیاننامەیەکدا دۆخی ناجێگری تەندروستی کەبوودوەندی راگەیاند.

لەبەشێکیدا کە کۆپییەکی لای خەندانە، هاتووە "بەرپرسانی نەخۆشخانە دۆخی تەندروستی کەبوودوەندیان ناجێگیر راگەیاندووەو داوایان لەبنەماڵەکەی کردووە کەپێی بڵێن واز لەمانگرتن بهێنێت، ئەگەر ئەو کارە نەکات تووشی جەڵتەی دڵ دەبێت".

تونیا دەڵێت کەباوکی ئەرکی خۆی بەجێ گەیاندووەو "ئێمەش تەنیا دەمانەوێت پشتیوانی بکەین". سامان رەسووڵپووریش بەپێویستی دەزانێت "کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستان بەبێ گرنگیدان بەجیاوازییەکان پشتیوانی خەباتو بەرخۆدانی ئەو بکەن، چونکە ئەو بەبێ جیاوازی پشتگیری هەمووانی کردووە".

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان / ڕێکەوتی: ٣٠ی مەی ٢٠١٦

# لەرێگەی چاوی خەڵکەوە "کەبودوەند" بناسە



ئامادەکردنی: عامر صالح

محەمەد سدیق کەبوودوەند، رۆژنامەوانو چالاکی مەدەنی کورد لە ساڵی ١٩٦٣ لە دیواندەرە ی رۆژهەڵاتی کوردستان هاتوەتە دنیاو تا تەمنی ٢٠ ساڵی لە سنە ژیاوە و دوای پێکهێنانی ژیانی هاوسەری رووی کردووەتە پایتەختی ئێران، تاران.

سەرەتای چالاکیەکانی سدیقی کەبوودوەند ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٧ کە لە گەڵ کۆمەڵێک چالاکی مەدەنی ئێرانی رێکخراوی "یەکێتی بۆ دیموکراسی لە ئێران"یان دامەزراند. دوابەدوای هەوڵە مەدەنیانەکانی، لە ساڵی ٢٠٠٣ توانی رۆژنامەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری بەناوی پەیامی خەڵک (پیام مردم) لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەربکات. ئەو رۆژنامەیە بەهەر دوو زمانی فارسی و کوردی بڵاو دەبوویەوە، بەڵام بە هۆی رخنەو بابەتە بێسانسۆرەکانی کەوتە بەر پەلاماری هێزە ئەمنیەکانی کۆماری ئیسلامی و سەرئەنجام لە ساڵی ٢٠٠٤ دا "پەیامی خەڵک راگیرا" کەبوودوەند ،وەکوو سەرنووسەری رۆژنامەکە، راپێچی بەندیخانە کرا و لە دادگا دۆسیەیەکیان بۆ کردەوە.

لەو دۆسیەیەدا، ناوبراو بە تۆمەتی تەشهیرو وروژاندنی رای خەڵک لە رێگای بڵاو کردنەوەی بابەت لە رۆژنامەی پەیامی خەڵک، بە شەش مانگ زیندان و پێنج ساڵ دوورخستنەوە لە رۆژنامەوانی و داخرانی رۆژنامەکە حکوم درا.سدیق کەبوودوەند، دوابەدوای ئەوەی لە





بەندیخانە بە بارمتە ئازاد کرا، وەکوو ڕۆژنامەنووسێک ئەم جارەیان لە ڕێگای ئەنتەرنێتەوە چالاکیەکانی خۆی، بە تایبەت لە بواری مافی مرۆڤ، بەردەوامی پێدا. لەو سەردەمە دا یەکێک لە بیرۆکە تایبەتەکانی پەرەدان بە ڕێخراوە ناحوکمیەکان بوو، ئەوەبوو لەسەر ئەو ئەساسە لە ساڵی ٢٠٠٥ بە فەرمی دامەزراندنی ڕێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان(RMMK) لە تاران ڕاگەیاند.ئەم ڕێکخراوەیە لە ماوەیەکی کورت دا لە لایەن خەڵکەوە پێشوازیەکی زۆری لێ کرا و لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاکیەکانی بەردەوام کرد. ڕێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان لە سەر مژارەکانی دەستبەسەر کردنی چالاکانی مەدەنی، سیاسیو ڕۆژنامەوانان، لەسێدارەدان، تەقە لە خۆپیشاندەرانی ناڕازی، کوشتنی کۆڵبەران لە خاڵە سنووریەکان، کوژرانی خەڵک بە هۆی مین، توندووتیژی لە سەر ژنانو دەیان مژاری دیکەی مافی مرۆڤ، کاری دەکرد. چاودێران و ریپۆرتەرانی ئەم ڕێکخراوەیە ڕۆژانە ڕاپۆرتیان لە سەر ئەم مژارانە ڕەوانەی میدیاکان دەکرد.

کەبوودوەند لە ماوەیەکی کورت دوای دامەزراندنی ڕێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان(RMMK)، دیسان لە لایەن هێزە ئەمنیەکانی کۆماری ئیسلامیەوە ڕاپێچی بەندیخانەکرا و دوای ماوەیەک بە تۆمەتی هەوڵدان دژی ئاسایشی نەتەوەیی لە ڕێگای دامەزراندن و بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەکە، بە ١٠ ساڵ زیندان حوکم درا و هەروەها بە تۆمەتی پیرۆپاگەیاندن دژی کۆماری ئیسلامی، بە ساڵێک زیندان حوکم درا.ئێستا ناوبراو ماوەی زیاتر لە شەش ساڵە لە زیندانی "ئەوین"ی شاری تاران بەند کراوە بێ ئەوەی مۆڵەتی هاتنەدەرەوەی کاتیشی پێ بدرێت.

بەهۆی بارودۆخی خراپی لە زیندان و بە تایبەت مۆڵەت نەدانی کاربەدەستانی ئێران بۆ بینینی کوڕەکەی، کە تووشی نەخۆشیەکی ناعیلاج بووە، لە ٢٥ی مانگی گۆڵانەوە مانگرتنی لە خواردن دەست پێکردووە و تا ئێستاش بەردەوامە.لە دوایین کاردانەوەشدا، سێ دامەزراوەی نێودەوڵەتی بەناوەکانی (LDDHI, amnesty international , FIDH) داوای ئازادکردنی ئەم ڕۆژنامەنووسەیان کردووە.ڕێکخراوی نێودەوڵەتی چاودێری مافی مرۆڤ لە ساڵی ٢٠٠٩ خەڵاتی "هلمن/هەمت"ی - کە بەو نووسەرانە دەدرێ کە لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەدان - بە سدیق کەبوودوەند بەخشی. لە هەمان ساڵ دا خەڵاتەکانی میدیای بەریتانیا بە کەبوودوەند بەخشرا و ئەم زیندانیە سیاسیە وەکوو "ڕۆژنامەوانی نێودەوڵەتی ساڵ" هەڵبژێردرا.محەمەد سدیق کەبوودوەند لە بواری نووسیندا سێ کتێبی هەیە بە ناوەکانی "نیمه دیگر" ( ئێیمەی دیکە- لەبواری مافی ژنان)، "برزخ دمکراسی" (بەرزەخی دیموکراسی) و "جنبش اجتماعی" (بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی) نووسیوە کە تاکوو ئێستا ئیزنی بڵاو بوونەوەیان لە ئێران وەرنەگرتووە. سەرچاوە هەواڵدەریەکان باس لە تێکچوونی باری تەندرووستی کەبوودوەند، دوای نزیک بە ٦٠ ڕۆژ مانگرتن، دەکەن و تەنانەت هەندێ سەرچاوەش باسلەوە دەکەن کە کەبوودوەند توانای قسە کردنی نەماوە.لەتازەترین، پێشهاتیشدا، سەرچاوە هەاڵیەکان ڕایدەگەیەنن کەئەلەفۆنی ماڵەوەی بنەماڵە و مۆبایلی هاوسەری کەبوودوەند لەگەڵ دەرەوە پچڕاوە و ڕێگە نادرێت پەیوەندییان پێوەبکرێت. لەڕاگەیەندراوێکدا ڕێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان (ئێران)، کە ئاژانسی هەواڵی کوردپا بڵاویکردوەتەوە، تەلەفۆنی ماڵەوە و مۆبایلی هاوسەری کەبوودوەند بۆ ڕێگریکردن لە لێدوانی بۆ ڕاگەیەندنەکان پچڕاوە. ڕونیدەکاتەوە هیچ کەس نەیتوانیوە لەگەڵ ماڵەوە و مۆبایلی هاوسەری کەبوودوەند پەیوەندی بگرێت. ئاماژە بەوەشکراوە ئەم کارە نیگەرانیی بنەماڵەی کەبوودوەندی





لێکەوتوەتەوەو ترسیان لەدەستبەسەرکردنی خانم پەریناز باغبان حەسەنی هاوسەری کەبودوەند هەیە.بنەماڵەی کەبوودوەند نیگەرانی ئەوەن کە پچڕانی تەلەفۆنەکان سەرەتایەک بێت بۆ دەستبەسەرکردنی ئەندامانی دیکەی بنەماڵەی کەبووندوەند بۆ ئەوەی رێگری لەبڵاوبوونەوەی رووماڵ کردنی هەواڵی مانگرتنی محەممەدسدیق کەبوودوەند بگیرێت.محەممەدسدیق کەبودوەند، سەرۆکی رێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان، بەرامبەری رێگریکردن لەدیداری منداڵە نەخۆشەکەی ماوەی ٥٤ رۆژە لەزیندان دەستیداوەتە مانگرتن.سەرچاوەکان:

* ماڵپەڕی رێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان ماڵپەڕی ئەمنێستی ئینتەرناشناڵ
* ماڵپەڕی هاوڵاتی

بیست و حەوت رۆژ بەسەر مان گرتنی محەممەد سدیقی کەبوودوەند سەرۆکی زیندانیکراوی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان تێپەڕیوە و چالاکییەکانی رەوەندی کورد لە وڵاتانی ئەوروپا بۆ پشتیوانی لە کەبوودوەند بەردەوامە. هاوکات چالاکڤانانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش رایانگەیاند رۆژی یەکشەممە لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان خۆپیشاندان دەکەن.

رۆژهەڵاتی کوردستان بێدەنگییەکەی دەشکێنێت. پاش ئەوەی رەوەندی کورد لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی بۆ پشتیوانی کردن لە محەمەد سەدیق کەبوودوەند، سەرۆکی زیندانی کراوی رێکخراوی مافی کوردستان خۆپێساندانیان کرد، چالاکنی ناوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستانیش رایانگەیاندووە، رۆژی یەکشەممە بە بەڕێوەبردنی خۆپێشاندان لە شآرەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، داوای ئازادی بۆ کەبوودوەند دەکەن.

محەمەد سەدیق کەبوودوەند، سەرنووسەری هەفتەنامەی " پەیام مردم" کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە باوکی مافی مرۆڤی کوردستان ناسراوە، زیاتر لە ٩ ساڵە بە هۆی داکۆکی کردن لە مافی مرۆڤ لە ئێران و رۆژهەلاتی کوردستان، بە تۆمەتی تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی، لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئیرانەوە سزای ١١ ساڵ زیندانی بۆ بڕاوەتەوە. لە کاتێکدا کە کەبوودوەند لە دوایین ساڵی سزاکەی نزیک دەبووەوە و مافی ئەوەی هەبوو وەبەر لێبوردن بکەوێ، دەزگا ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی دۆسیەیەکی نوێیان لە دژی کردووەتەوە و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی باوکی مافی مرۆڤی کوردستان مانگرتنی خۆی لە خواردن رابگەیەنێ. درێژ بوونەوەی ماوەی مان گرتنەکە و وڵام نەدانەوەی بەرپرسان دۆخی تەندروستیی کەبوودوەندی بەرەو مەترسی برد. ئەمەش چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد و بە تایبەت رەوەندی کوردی هێنایە سەر شەقامەکانی ئەوروپا. کوردان هاوکات لەگەڵ پشتیوانی کردن لە داخوازییەکانی کەبوودوەند داواش لە ناوبراو دەکەن کۆتایی بە مانگرتنەکەی بهێنێ.

ئەگەرچی کوردانی رۆژهەلات ئەگەرچی داوا لە کەبوودوەند دەکەن کۆتایی بە مانگرتنەکەی بهێنێ، چوار کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ گەیاندنی دەنگی کەبوودوەند بە جیهانی دەرەوە، لە بێرلینی پایتەختی ئەڵمانیا مانیان لە خواردن گرتووە و حیزبەکانی



ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هاوکات لەگەڵ نامە ناردن بۆ ڕێکخراوە نیودەوڵەتییەکان، داوایان لە ئەندامەکانیان کردووە هەرچی لە دەستیان دێ بۆ پشتیوانی کردن لە کەبوودوەند بیکەن.

لە پاش هەموو ئەم هەنگاوانە، ئێستا چالاکانی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش رایانگەیاندووە ڕۆژی یەکشەممە دێنە سەر شەقامەکان. کەبوودوەند کە بە هۆی داکۆکی کردن لە مافی ئەم خەڵکە کەوتووەتە زیندان، بۆ داکۆکی کردن لە مافی خۆی هیچ ڕێگایەکی جگە لە مانگرتن لە بەر دەست نەما. کۆماری ئیسلامی سەلماندوویەتی لە کەیسی مافی مرۆڤدا زۆر گوێ ناداتە وڵاتانی دەرەوە بەڵام ڕەنگە جووڵەی شەقام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بتوانێ مان گرتنەکەی کەبوودوەند لە ئامانجەکەی نزیک بکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژ پریس / ڕێکەوتی: ١٩ی جوولای ٢٠١٢

## داکۆکی لە کەبوودوەند ئەرکێکی ئینسانی و نەتەوەیی یە.



**کەیوان ئاب بی**

تووندووتیژی و پێ شێلکردنی ئازادیکانی تاک و کۆمەڵ و سەپاندنی ئیدۆلۆژی دیکتاتۆڕانەی مەزهەبی بەرچاوتر و پەرەگرتووتر خۆی نواندووە و ئاوات و ئارەزۆکانی کۆمەلانی خەڵکی ئێران کە بە تێکڕا بۆ مەبەستێک شۆڕشیان بە دژی نیزامی پاشایەتی وەڕێ خست و خوێنیان بۆ دا، بە جارێک گۆڕەوشار کرا. شۆڕش تەنیا بە قازانجی تەیفێکی کەمایەتیی ئاخوند و داروەستەیان کە لە مێژ بوو خەونی دەسەڵاتیان دەدیت و هەتا ملان بەرژەوەندی بۆیان هەبوو و هەیە سەری گرت.

لەو پێوەندییە دا زەوت و پێ شێلکردنی مافی مرۆڤ تەنانەت لە سەرەتایی ترین ویستی خۆی دا، تا ئێستاشی دەگەڵ بێ بە تووندترین شێوەی مومکین لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دژایەتی و سەرکوت کراوە.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە هەر جارەی بە بیانوویەک لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هێرشی کراوەتە سەر و حوکمی جیهادی بۆ دەرکراوە، هەر هەنگاوێک کە بۆ داکۆکی کردن لە مافی مرۆڤ لەو مەڵبەندە هەڵێنرابێتەوە، بە توندی کەوتۆتە بەر ئاماجی هێرش بەرانەی کۆماری ئیسلامی ئێران و مۆرکی ناڕەوای دژە شۆڕش و سیخوری بۆ غەرب و زۆر ناو و ناتۆرەی تر بۆ چالاکوانانی بواری مافی مرۆڤ کە تەنانەت بە پێی یاسای کۆماری ئیسلامییەوە، ڕێکخراوی مەدەنیان دامەزراندووە، لێدراوە. لە کوردستان ڕێژیم هەمیشە لە بیانوویەک گەڕاوە بۆ سەرکوتی زیاتر و کوشت و کوشتاری خەڵکی ئەو دەوەرە و پیلانی شەیتانی و گەڵاو و دژی ئینسانی پاکتاوی ڕەگەزی بە ناوی دیفاع لە کۆماری ئیسلامی و بە نێوی دین.

کەسایەتێکی وەک مەحەممەد سەدیقی کەبوودوەند کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی داکۆکی لە مافی هاوڵاتیانی کورد وێڕای





هەموو داکۆکیکەرانی سەرجەم وڵاتی ئێران، دامەزراوەیەکی مەدەنی مافی مرۆڤ سەرۆکایەتی دەکا، لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، بیانووی پێدەگیرێ و تووشی چارەنووسێکی نادیار دەبێتەوە. هەڵبەت کەبوودوەند لە نەزەر کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، یەکەم بە هۆی کورد بوونی، دووهەم بە هۆی جیاوازی مەزهەبیشی وەک سوننی بوونی، دوو تاوانی گەورەیە کە کۆماری ئیسلامی ئێران پێی حەسساسەو لێی ناگوزەرێ و بۆی قەبووڵ ناکرێ.

تاوانی کەبوودوەند ئەوەیە وەک کوردێکی رووناکبیر و دڵسۆزی نەتەوەکەی، بۆ لە قاودانی کردەوە دژی ئینسانییەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پێ شێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان و گەیاندنی رەفتار و کردەوەی وەحشییانەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بە رای گشتی ئێرانی و دەرەوەیە. کۆماری ئیسلامی چاوی دیتنی هیچ چەشنە داکۆکی کەرێک لە ئێران و بە تایبەت لە کوردستانی دا نیە.

بە داخەوە کەبوودوەند لە بارودۆخێکی زۆر ئەستەم و نالەبار دا لە زیندانی کۆماری ئیسلامی ئێران دا بە سەر دەبا. زیاتر لە پەنجا رۆژە دەستی داوەتە مانگرتنێکی سەخت و بە تەواوی گیانی کەوتۆتە مەترسییەوە.

هەر بۆیە لە سەر هەر تاکێکی کورد و هەموو رێکخراوە بەشەر دۆستەکان و کەسایەتییە ناسراوەکان و رێکخراوە سیاسییە کوردستانییەکان پێویستە بە هەر شێوەیەکی گونجاو و لە هەر رێگایەک کە بۆیان دەکرێ داکۆکی و پشتیوانی و دەنگ و رەنگی ئازادیخوازانە و بەشەردۆستانەی کەبوودوەند بە ناوخۆ و دەرەوە بگەیەنن. کەسایەتێک کە هەموو تواناو تەنانەت گیانیشی لە گرەوی دیفاع لە مافی مرۆڤ بە گشتی لە ئێران و بە تایبەتی لە هاونیشتمانانی کوردی رۆژهەڵات داناوە.

دەبا هەموولایەکمان استەوخۆ هاوکار و خەمخۆری ئامانجەکانی کەبوودوەند و کەبوودوەندەکان بین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی: ١٩ی جوولای ٢٠١٢

# بەڕێز کەبوودوەند تکایە مانگرتنەکە بشکێنە:



**برایم جەهانگیری**

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو زۆر کەس لە بەندیخانەکانی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران بۆ نارەزایەتی بەرامبەر بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و نەبوونی ئازادی و بۆ بەگژداهاتنەوەی زۆرداری مانیان لە خواردن گرت و زۆر کەس لە مانگرتن دا تا سنووری گیان لەدەست دان چوون بەڵام هەرگیز جارێ لە جاران هیچ کەس نەیبیست،

یەکێک دەستەیەک، گرووپێک بە هەر نێوێک بەدەنگ ئەو ئینسانانەوە بچن و لێیان پرسن دەرد و ئازارتان چییە، داواتان چییە؟ دیارە بە دڵنیاییەوە هیچ کات ئەو چاوەڕوانییەش نابێ لەو سیستەمە یەکجار دیکتاتۆر و سەرکوتکەرە هەبێ کە بەدەنگ مانگرتووانەوە بچێ و لە هۆکاری مانگرتن  و لە داوایاکانیان بکۆڵێتەوە.

ڕەنگە یەکێک لە ئاخرین کەسەکانی ئەو مەیدانە  بەڕێز کەبوودوەند بێ، باوکی مافی مرۆڤ و سیمای دیاری بواری  بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان، کەبوودوەند هەم بە کردەوەکانی خۆی لە دیفاع کردن لە مافەکانی مرۆڤ هەم بەر لە زیندانی بوونەکەی و لە کوردستان و هەم لە ماوەی زیندانی بوونەکەی دا بەو نامانەی کە ناردنێ دەرێ و پەیامی یەکجار ئینسانی و مرۆڤدۆستانەی تێدا بوون و هەمیش بەو خۆڕاگرییەی کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا لە زیندانەکانی ڕێژیم دا بەرامبەر بەو پێشێلکاریانەی مافی مرۆڤ و بەرامبەر بەو گوشارانەی کە لەسەریەتی لە خۆی نێشانی داوە ئیدی هەم بۆتە سیمبۆلێکی خۆڕاگری و مرۆڤدۆستی، هەم بۆتە کەسێکی دیاری پارێزەری مافەکانی مرۆڤ و هەم بۆتە ڕەمزێکی خۆڕاگری و بەو هۆیانەش کەسێتی کەبوودوەند سنوورەکانی بەزاندوون و ئیتر ئێستا بۆتە کەسایەتییەکی جیهانی و ناسراو لە زۆربەی کۆڕ و کۆمەڵە بەشەردۆستەکان.





کەبوودوەند لە ماوەی مانگرتنی ئەمجارەی جارێکی دیسانیش پەیامی خۆی لە رێگای ئیعترازێکی ناچاری واتە مانگرتن لەخواردن بە گوێی هەموو جیهان گەیاند وسیمای رێژیمی ئیسلامی ئیرانی هەرچی زیاتر بۆ خەڵک ئاشکرا کرد. ئەو رەسالەتی خۆی جارێکی دیکە بە ئەنجام گەیاند. لەم قۆناغە دا کە ئیتر مەترسی سلامەتی کەبوودوەند جیدییە، هەموو لایەک و هەموو هێز و لایەنێکی سیاسیی ئەرکی سەر شانییەتی کە بەجیددی داوا لە کەبوودوەند بکەن هەرچی زووتر کۆتایی بە مانگرتنەکە بێنێ. هیچ گومان لەوە دا نییە کە رێژیم ئارەزوویەتی بە هەر شێوەیەک کەبوودوەندی لەکۆڵ بێتەوە، لە هەمان کاتدا کۆمەڵگای کوردی، مرۆڤەکان لەسەرتاسەری ئێران و جیهان پێویستیان بە کەسانی وەک کەبوودوەند هەیە، کەبوودوەند دەبێ بمێنێ و دەبێ بۆ دەورێکی دیکەی خەباتی مەدەنی خۆی ساز کاتەوە و ئامادە بێ تا جارێکی دیکە بە حەرەکەتێکی دیکەی ئەوەندەی دی ماهیەتی ئەو رێژیمە بۆ هەموو لایەک روونتر و ئاشکرا بکات و و وەکوو خۆی دەریبخا. هەر بۆیە بەرێز کەبوودوەند ، تکایە مانگرتنەکە بشکێنە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی: ١٥ی جووڵای ٢٠١٢

# کەبوودوەند هێمای چالاکی مەدەنی ئەم سەردەمەیە




دوکتور ئازاد موڕادیان، چالاکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ

*وتووێژی ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژ لەگەڵ دوکتور ئازاد موڕادیان سەبارەت بە لێکدانەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی کاریگەری پشتیوانی فراوانی چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە داخوازییەکانی محەممەد سدیق کەبوودوەند، بەرپرسی دەستبەسەر کراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە چەن هەفتەی ڕابوردوودا.*

## ئا: سامان ڕیشەساحێب

**١- لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا پشتیوانییەکی بەرفراوان لە مەسەلەی محەممەد سدیقی کەبوودوەند و داواکارییەکانی هاتوەتە ئاراوە، ئێوە ئەم پشتیوانی و دەنگدانەوە بەرچاوەی مانگرتنی کەبوودوەند و داواکارییە بەرحەقەکانی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**دوکتور ئازاد:** کورد لە تاراوگە و چالاکانی کورد لە وڵاتانی دەورووبەر بە گشتی کەسانێکی تێگەیشتون. زۆربەیان بە بیر و ئەزموونێکی باوەڕمەندارانە ڕوویان لە هەندەران کردووە، بە واتایەک هەموویان لە نێو کۆمەڵگایەکی پڕ لە بیری حەقخوازانەدا سەریان هەڵداوە. ئەگەر نە هەمووی ئەم کۆمەڵگایە، لانیکەم زۆربەیان لە ژێر سەیتەرەی دەسەڵاتی دەسەڵاتداراندان جا چ وەک

نەتەوە یان وەک چینێک لە چینەکانی کۆمەڵگا مافیان خوراوە. بەشێکی زۆر لە ئەندامانی کۆمەڵگای کوردی لە هەندەران بە هۆی پێوەندی سیاسی لە گەڵ لایەن و رێکخراوە مەدەنییەکان، چ بۆ خۆیان و چ بنەماڵەیان، بە هەموو چەشنێک توندوتیژیەک یان دەرحەق پێ کراوە. بەشێکی زۆریان لە زیندانەکان دەستبەسەرن و پاش هاتنەدەرەوەیان و تێپەڕکردنی ماوەی پەنابەری و بڕینی چەندین سنوور روویان لە وڵاتانی رۆژ ئاوایی کردووە.

ژیان وەک پنابەریکی کورد هەر چەند زور شەت لە مروڤ دەستینیتەوە یەک شتی پی دەبەخشیت،

یەکەم پتەو بونی بیری نەتەوەیە، دوهەم بیری باورمەندانە بە مافی مرۆڤ، سێهەم لێکولینەوە و گورانکاری لە رابوردوی کار و چالاکی سیاسی خوی و ریکخراویک کە باوری پێ بووەو هەروەها ئەو بابەتی کە دەبێ چالاکیەکەی بۆ وەدی هینانی خەونەکانی بەردەوام بیت.

لە لایەکی کیەوە زوربەی ئەندامانی کۆومەڵگای کوردی وە بەتایبەت کوردانی روژهەلاتی کوردستان بە چەشنی خویان ئەمەکداری ئەو چالاکوانانەی دەزانن کە لە نیو کوردستاندا ماونەتەوە و دەستیان لە چالاکی و تیکۆشان هەلنەگرتوە، هەمە چەشنە توندوتیژیکی بە سەریاندا هاتوە بەلام هیشتا بەردەوامەن، دەبێ بلیم لە باری رواننासی یان سایکولوژیەوە کورد لە هەندران بو وەلام دانەوە بە باوەرەکانی خوی دەبێ هەولێک بدات بۆ وەلام بە ئیحساسی بێ کلک بون، ئیحساسی گوناە لە دوور بو نەوە لە وەلات. هەموی ئەم فاکتورانە وەک فاکتوریک بە عام دەتوانیت زور تاکە کەسیش هان بەدات کە وەک پیشرەویکی ئەو کۆمەڵگا خوی لە کمپین، یان خۆپیشانداندان یان چالاکی سەربەخو یان بە کۆمەڵ ببینیەتەوە

سەبارەت بە کاک حەمە سدیق کەبوودوەند، دەبێ بڵێم جیاواز لە هەموو شتێک کەسایەتی تایبەتی کاک سدیق کاریگەری بەرفراوانی بووە لە پشتگیری کەمپەین یان هەر چەشنە چالاکییەک لە مەڕ پشتگیری لە خواستی ئەو بەرێزە.



یەکەم ئەوەی کە کاک حەمە سدیق کەبوودوەند لە سەردەمێک دا دەستی بە چالاکی کرد کە بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات، خەباتی چەکداری خستبوو ژێر پرسیارەوە، زۆربەی رێکخراوە سیاسییەکانی کورد روویان لەو دیوی سنوور کردبوو، لەو کاتەشدا کۆماری ئیسلامی و بەرپرسانی ئەمنی و نیزامی رێگایان بە هیچ چەشنە خەباتێکی مەدەنی نەدەدا. هەموو چالاکێک دەیتوانی لە ژێر مەترسی ئەمن و ئاسایشی کۆماری ئیسلامی سزا بدرێت. زۆربەی چالاکوانان لە نێو شار و لادێی کوردستاندا لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ناسراو بوون و شناسایی کرابوون. لەم هەلومەرجەدا و لە کاتێکدا کە بەشێک لە ریفۆرمخوازەکان هاتبوونە سەر کار، مەودایەکی خولقاند کە بەشێکی نوێ لە



چالاکانی کورد بێنە ئاراوە،

بیروڕای کوردایەتی و نەتەوەیی، ئارمانخوازی و یەکسانیخوازی خۆیان لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە مەدەنییەکاندا ببینن. کاک سدیق چالاکوانی ئەو هەلومەرجەیە کە بە پێزانینی باشی کات و سات بە ئاگاداری لەهەل ومەرجێک و هەروەها بە پێوەندییەک لەگەڵ چالاکان وقوتابیانی کورد و غەیری کوردا هەبووی، توانی بەش بە حاڵی خۆی بنەمای کار و چالاکی مەدەنی لە کوردستان لەم سەردەمە بهێنێتە ئاراوە و هێمای راستەقینەی ئەم بوارە بێت.

پاشان پێویستی کاری هەواڵنێری و زانیاری سەبارەت بە دۆخی مافی مرۆڤی هێنایە پێشەوە، من پێم وایە ئەو چەشنە چالاکیانە لەو سەردەمەدا، یارمەتی بەرچاوی بوو لە پڕکردنەوەی بۆشایی بوونی ڕێکخراوە سیاسییەکان کە مەجبور ببون شەقامی شارەکانی کوردستان بە جێ بهێڵن.

هەروەها دەبی بلێم کە بۆ زوربەی ئەو ئەندامی ریکخراوە سیاسیەکان کە ئەو کات هیشتا لە وەڵاتدا بون ئەم چەشنە چالاکیانە کە بە جوریک روی خوشی بەشیک لە کار بەدەستانی کوماری ئیسلامی لە گەڵ خوی دا بۆ بە پاریزەوە چاوی لی دەکرا.

کاک سەدیق ئەو کەسایەتیەیە کە چەند نەریتی کونی وەبەرچاو نەگرت و چەن رەوندی تازەی پێک هێنا، وەک روانینیکی نوی بە کار و خەبات لە نیو خوداوە هەروەها باور بە مافی مرۆڤ لە هەمو بوارەکانی ئەو دا.

لە بواری سایکولوژی کەسایەتی دا کاک سەدیق لەم پینج سالە دا کە لە زیندان دایە نیشانی داوە کە حازەرە لە ریگای گەیشتەن بە ئامانجەکانی لە ژیانی خوی مایە دا بنیت.

شیوازی چالاکی کاک سەدیق پیش لە زیندان، بەردەوامی لە چالاکی لە نیو زیندان دا، وجودی بنەمالیەکی باش کە بو ئازادی کاک سەدیق هەوڵی بەردەوامیان بوەوە هەروەها ئەو فاکتورە سەرەکیان کە نیوم برد دەستیان بە دەستی یەکەوە داوە، کە کاک سەدیق وەک کەسایەتیک، وەک نوینەریکی ئەو خەڵکە لە زیندان دا لە بەربەرەکانی لە گەڵ کوماری ئیسلامی دا بناستریت وە هەروەها فاکتورە ئینسانیەکان وەک ب گوناە بونی ئەو، داسەلماندنی ١١ سال زیندان، نەخوشی خوی و پەژمانی کوری ئەو خالانە بون کە لە ماوەی ئەم ٦٠ روژە دا کە کاک سەدیق لە مانگرتن دا بو هەمو لایەنەکانی بەلای خودا راکیشا.

٢- پێویستیەکان و نیازەکانی ئەم جۆرە هەوڵە مەدەنییانە بۆ بە هیزتر کردنی هەرچی زیاتری لە روانگەی ئێوە کامانەن؟

دوکتور ئازاد: هەوڵ و چالاکی مەدەنی لە دەرەوەی وڵات لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی دا مانا و تەعریفی خۆی هەیە. ئەمەش بە





هۆی ئەوەیە کە لە مێژە ئەم وڵاتانە بۆ دەربڕینی خواستەکانی خۆیان لە و چەشنە چالاکیانە کەڵکیان وەرگرتووە. هەر بەو هۆیەوە زۆربەی چالاکییەکان سنوردار کراون، یاسایان بۆی هەیە، تەنانەت ئێستا وەک بوارێکی عیلمی لە زانکۆکاندا دەرسی لە سەر دەخوێنن. لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکەن و جاروبار خۆی دەبێتە تێک دەر یان پێکهاتنی رەوەندێکی نوێ، یاسایەکی نوێ و بەرژەوەندییەکی نوێ لەم وڵاتانەدا.

لە وڵاتانی دیموکراتدا خەڵک مانایان هەیە وەک تاکە کەس، بەڵام کاتیک دەبنە گروپ حەرکەتیان هەیە، جولانەویان هەیە جونبەشیک وەدی دینن. گروپی لایەنگرانی مافی مرۆڤ، گروپی دژ بە شەڕ، گروپی پاراستنی ژینگە لە مێژە دەستیان لە گورانکاریە سەرکیەکانی وڵاتانی روژئاوایدا هەیە.

ئیمە وەک کورد لە تاروگە، یان لە هەندران مێژویکی کونمان نیە، دەتوانم بەلێم ئیمە لە ٥٠ سالی رابوردودا وەک کمینەیەکی بچوک کەوتونەتە نیو وڵاتانی روژ ئاوادا، زور بەر بلاوین، لە ئوقیانوسیکی مەترسیدار دا، وەک پنابەریک، وەک ناشارەزایەک بە زمان و کولتور و ئادابی کار و پیشە و زانیاری لە گیژ و خول داین. زوری پێ دەچێت کە خومان بدوزینەوە، پاشان بە سەر ئەو هەمو سەختی و سەخلەتی ژیانی بن دەستیدا زور موشکیل بوە کە دیسان خومان لە نیو گروپیکدا ببینەوە، متمانە کردن بە یەکمان لێ سندرایەتە وە، تەنانەت متمانە بە تواناکانی خومان. دەمەوی بەلێم، کە کار و چالاکی مەدنی نیازی بە کەسایەتی لە خوبوردو، باورمەند، باور پێ کراو و خاوەن هەست هەیە جا چە هەست و باور بە مافی مرۆڤ چە هەستی نەتەوایەتی. دوهەم نیازی بە پیک هاتنی گروپ و ریکخراوی مەدنی و ئاسائی و ناحوکمی هەیە، سێهەم نیازی بە پیوندی لە گەڵ کور و کۆمەڵدا هەیە وڵاتانی خانە خویدا هەیە، پیوندی لە گەڵ میدیا دا، لە گەڵ سیاست وان و کەسایەتی خەڵکی دا، بۆ پیش چونی ئەم کار و ئیشانەش پارە و پول و سەرچاوەی دیاری کراوی ئابوری دەبیت. زور ئاساییە ئەگەر ئەندامانی ئەو کۆمەڵگا خۆبەخشانە کار و ئیش بەکەن بەڵام داهاتی کارە کە ناتوانیت زور بەر چاو بیت.



هەروەها کە لە سەرەوە ئیشارەم پێکرد ئێستا کار و چالاکی مەدنی چوتە نیو دروسی کالیجەکانەوە، هەر بەو هویەوە زور کەس فیر دەبن چون پارە بۆ گەیشتەن بە ئامانجی ریکخراوەکانیان خەریکە نەوە، چون دەبی دوسیەی لە سەری بنوسین، کی دەبی ببینن، چون دەبی ساحیبی پارە کە رازی بکریت کە یارمەتیان بدات.

هەروەها لە باری شیوازی لابی کردن کە ئەمەش بو خوی بەشیکە لە چالاکی بو گورانکاری کردن لە سەر بواریکی تایبەت کە پیم وابی ئەم باسە خوی نیازی بە وتو ویژیکی تایبەت بە خوی هەیە و لیرە دا مودا نیە لە سەری بروین





دەگەڕێمەوە سەر باسەکەی خۆمان، ئێمە وەک چالاکانی کورد لە هەندەران دەبێت چی بکەین؟ خاڵە لاوازەکانی ئێمە چیە و لە چ بوارێکدا ئێمە هێز و توانامان هەیە؟

یەکەم کە خاڵی سەرەکییە، زۆربەی ئێمە وەک ڕۆشنبیری کورد ڕابوردوویەکی سیاسیمان هەیە. یان چالاکی مەدەنیمان لە پێشدا بووە، کەم و زۆریش چالاکیمان پاش هاتنەدەرەوە لە وڵات بووە، دووهەم دەزانین دوژمنەکانمان کێیە و روو بە کوێ دەبێ هاوار بکەین، سێهەم زمان و کولتوری وڵاتانێک کە تێیدا دەژین تا رادەیەک دەزانین، چوارەم تاراوگە یارمەتی ئێمەی داوە تا رادەیەک لە بەستراو بوون بە نەریتەکانی پێشوو کە ئێمەی وەک مرۆڤێکی سەربەست بە دوور لە هەر تەعلوقێکی ڕێکخراوەیی ئازاد بکات. هەر ئەمەش هانی داوین کە بەو متمانە بگەین کە دەتوانین بەیکەوە کار و چالاکی بکەین. پێنجەمیش ئێمە وەک کورد لە هەموو وڵاتانی جیهاندا بڵاوین بۆیە دەتوانین لەم خاڵە بۆ پێکهێنانی چالاکی نێونەتەوەیی هەوڵ بدەین.

خاڵە لاوازەکان کە بەراستی جێگای خۆیەتی سەرنجێکی باشتری لێبدەین چییە؟

ڕابوردووی سیاسیمان جاروبار دەبێتە هۆی جیا بونەوەمان لە یەک، زۆر کەم دەمانهەوێت لە شێوازی کاری مەدەنی یان چالاکی دابین کراوی وڵاتانێک کە تێیدا دەژین کەڵک وەرگرین، دەمانهەوێت بە شێوازی خۆمان و بۆ خۆمان کار و چالاکی بکەین.

بە هۆی دوورکەوتنمان لە ڕێکخراوە سیاسییەکان، زۆر متمانەمان بۆ پێکهاتنی هیچ کۆڕ و کۆمەڵێک نییە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە دەزانین بە بێ پێکهاتنی دەستەو گرۆپێکی کاری مەدەنی ناچێتە پێشەوە.

پەرەوازە بوونمان لە وڵاتانی جۆراوجۆر، جاروبار لە کاتێکدا کە دەبێت وەک ڕێژەیەکی بەرچاو خۆمان نیشان بدەین، کارکردی نێگەتیڤی دەبێت.

نەبونی پارەو سەرچاوەی ئابووریش لە کاتێکدا هەوڵمان نەداوە کە لە سەرچاوەکانی وڵاتانی میواندار کەڵک وەرگرین، هەمووی بووەتە کۆسپ و چەڵەمە لە پێش بردنی کار و چالاکی مەدەنی تەنانەت سەبارەت بە ماڤی مرۆڤ.

بە خاڵێک کە دەبێ ئاماژە بکەم کاریگەریی سەردەمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە لە سەر چالاکی مەدەنی . بە داخەوە گروپێک لە چالاکان، لاپەرەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان وەک شەقامەکانی شارەکانیان دێتە بەر چاو، بە داخەوە زۆر لە سەر چالاکی لە سەر فەیس بووک و تویتر و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان حیساب کراوە کە بە باوەڕی من ئەمە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە و دەبێ ڕۆشنبیری چالاک و مەدەنی کورد خۆی لێ لادات، لەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە لە جێگای خۆی کەڵکی لێ وەربگرێت، بەس بۆ ئاگاداریی و زانیاریی باشن.





۳- ڕۆڵ و دەوری ئەحزاب ولایەنە سیاسیەکان لەم نێوەدا ئەتوانێت چی بێت؟

دوکتور ئازاد: هەموومان پێمان وایە کە حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کورد ڕۆڵە پێشەنگەکانی کوردن، بە ئەزموونن لە بواری سیاسی و لە بواری پێوەندیدا، بە هۆی کۆڕ و کۆمەڵی پێوەندیدار لە گەڵیان، جا چ وەک ئەندام یان لایەنگر دەتوانن سەرچاوەی چالاکی سیاسی و مەدەنی بن، کادر و پێشمەرگە و لایەنگریان لە زۆربەی وڵاتانی ئوروپایی و ئامریکاییدا هەیە، پێوەندی راستەوخۆیان لەگەڵ سیاسەتوانان و کەسایەتی کارامە هەیە، دەزگای زانیاری و چاپەمەنیان هەیە، ئێسگەی رادیۆ و تلویزیۆنیان هەیە و بە هۆی ئەو خاڵانەی کە لە سەرەوە ئیشارەم پێکرد لە باری ئابورییەوە دەتوانن یارمەتیدەر بن.

ئەوانن کە دەتوانن پێوەندی کۆمەڵگای دەرەوە و نێوخۆ پتەوتر بکەن و لە بەرژەوەندی خواستی نەتەوەیی گەلی کورد بەهرەی لێ بەرن. ئێمە لە دەرەوەی وڵات بە هۆی سنووردار بوونی کار وچالاکی مەدەنی، تەنانەت ناتوانین بە ئاشکرا لە بەر دەرکی باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامیدا خۆ پیشاندان بکەین، بەڵام لە نێوخۆ و بە هۆی بوونی کادر و چالاکانی سیاسی ئەم حیزبانە، لە پێوەندی لە گەڵ دەرەوەدا، زۆر چالاکی دەتوانێت بێتە گۆڕێ. بەڵام بۆچی خۆیان لە کار و چالاکی مەدەنی لە هەندەران نادەن؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە پێم وابێ ئەو هاوڕێیانە کە بەرپرسیارییەتیان لە حیزب و لایەنە کوردیەکاندا هەیە وڵامی بدەنەوە.

من بە بەشی خۆم دەبێ سەبارەت بە پشتگیریان لە خواستی کاک سدیق کەبوودوەند دەست خۆشیان لێبکە. دەتوانم بڵێم کە زۆر کەم پێش هاتووە کە هەموو لایەنەکان لە سەر یەک بابەت یەک کەون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتی کاک سدیق کەبوودوەند و دەنگدانەوەی مانگرتنەکەی ئەو و کار و چالاکی ئەو هاوڕێیانە کە لە کەمپەینی پشتگیری لە خواستەکانی کاک سدیق ماندوونەبووانە، هاندەری خەڵک و هەروەها ئەم ڕێکخراوانە بوون. من پێم وایە کە دەبێ بە سەر کار وچالاکی مەدەنی و لایەنگری لە مافی مرۆڤ چاوێک بخشێنینەوە چ لە نێو خۆ و چ لە کوردستانی باشوور، کە ڕێبەرایەتی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی لە خۆ گرتووە و چ لە هەندەران بۆ ئێمە و ڕۆشنبیر وچالاکوانانی کورد کە لە هەل و مەرجێکی تایبەتیدا دەژین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات / ڕێکەوتی: ٥ی ئاگۆستی ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

## لە پەراوێزی ١٠ی پووشپەر/ ٣٠ ژوئەن،
## ڕۆژی داکۆکی گەلی کورد لە کەبوودوەند دا




١


سامان ڕەسووڵ پوور


## پێشنیارێک دەربارەی محەممەد سدیق کەبوودوەند

زۆر کەس لەو ماوەیەدا پرسیاریان لێکردووم کە بۆ پشتگیری کردن لە بەڕێز کەبوودووەند چیمان لەدەست دێت؟

زیاتر لە مانگێکە، "باوکی مافی مرۆڤی کوردستان"، مانی لە خواردن گرتووە. ئاخرین هەواڵ ئەوەیە کە گوورچیلەکانی بەڕێز کەبوودوەند عفونەتیان کردووە و ژیانی لە مەترسی زۆر جیددی دایە.

دۆستان!

وەک دۆست و هاوکاری پێشووی بەڕێز کەبوودوەند، پێشنیارێکم هەیە. با ڕۆژێک دیاری بکەین بە ناوی "ڕۆژی خاوەندارێتی کۆمەڵگای کوردستان لە محەممەد سدیق کەبوودوەند". وەک پێشنیار، ڕۆژی شەممە، ٣٠ی ژوئەن، دەکرێت گونجاو بێت.



لەو ڕۆژە دا چی بکەین؟

- باش دەبێ ئەگەر حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنیەکانی کوردستان، بە دەرکردنی بەیانیە یا هەر لێدوانێکی ڕەسمی، پشتگیری لە بەڕێز کەبوودوەند بکەن.

- باش دەبێ ئەگەر تەواوی تیڤییە کوردییەکان، لەو ڕۆژەدا، بەرنامەی تایبەت دەربارەی باوکی مافی مرۆڤی کوردستان سازبکەن.
- باش دەبێ کاوێر یا لۆگۆیەکی تایبەت بەو ڕۆژە سازبکرێت و کوردەکانی ناو فەیسبووک، بیکەن بە وێنەی پرۆفایلەکانیان.
- باش دەبێ هونەرمەندانی کورد، بەرهەمێکی نوێ یا ڕابردوویان پێشکەش بە بەڕێز کەبوودوەند بکەن. هەر کەسە بە پێی توانا، پارچە مووزیکێک، شێعرێک، کارتۆنێک، یا هەر بەرهەمێکی دیکە، پێشکەش بە بەڕێز کەبوودوەند بکا.

- باش دەبێ سەرجەم ئەو کەسانەی کە بەڕێز کەبوودوەند لە نزیک یا لە دوورەوە دەناسن، یا ئاگاداری چالاکییەکانی هەن، نووسراوە، یا وتارێکی کورت، دەربارەی بنووسن و بۆ سایتە کوردی و فارسی و ئینگلیسییەکان بینێرن و بە دەنگ و ڕەنگ زەبتی بکەن و لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوی بکەنەوە.

- باش دەبێ بنەماڵە کوردەکان، لە سەتاسەری جیهان، لە ماڵەکانی خۆیان، مۆمێک، یا وێنەیەکی بەڕێز کەبوودوەند دابنێن و وێنەی لێ بگرن و پاشان وێنەی خۆیان و مۆمەکە لە فەیسبووک بڵاوبکەنەوە و بنووسن بۆچی وایان کردووە.

- باش دەبێ لەو ڕۆژەدا، کوردەکانی تاران، سەردانی بنەماڵەی کەبوودوەند بکەن و با بچنە عەیادەتی پێژمانی کەبوودوەند.
- باش دەبێ کۆمەڵگای کوردستان، بە هەموو ئەحزاب و پارت و لایەنە چالاکەکانی لەو ڕۆژەدا، بە هەر شێوەیەک کە گونجاوە و بۆیان دەکرێ، پشتیوانی لە کەبوودوەند بکەن. ئەوە دەتوانێ دەسپێکێکی باش بێ بە باوەڕی من.
- ڕۆژ و تایتێلەکە دەتوانێ گۆڕانکاریشی بەسەر دابکرێ.

لەبیرمان نەچێ کە بەڕێز کەبوودوەند، چاوەڕێی هیممەتی ئێمەیە و جگە لە ئێمە، کەسی تری نیە. لەبیرمان نەچێ کە بەیانییە و بانگەواز و بەرنامە تایبەتەکانی دوای کارەسات هیچ دەردێک دەوا ناکا. تکایە ئەگەر ئەو پێشنیارەتان پێ گونجاوە، بڵاوی بکەنەوە و ڕا و سەرنجی خۆیان بنووسن.

براتان/ سامان ڕەسووڵ پوور



# قادر وریا: کەبوودوەند بێکەس نییە، نەتەوەیەک پشتیوانییەتی

٢

محەممەد سەدیق کەبوودوەند، تێکۆشەری بێپەروای بواری داکۆکی لە مافە مرۆییەکانی خەڵکی کوردستان، تەمەن و چارەنووسی خۆی و تەنانەت چارەنووسی هاوسەر و منداڵەکانی لە ڕێگای داکۆکی لە ماف و ئازادییەکانی دانیشتوانی کوردستان قوربانی کردوە. ئەو کە بەناحەق و ناڕەوا خراوەتە بەندیخانە ، لە بەندیخانەش بەردەوام لە گەڵ گوشار و مەحدوودییەتی جۆراوجۆر بەرەوروو بووە.هەلومەرجی خراپی ناوبەندیخانە تووشی کۆمەڵێک نەخۆشیی کردوە.بەڵام کەبوودوەند بەو هۆیەوە کە لە بەندیخانەشدا، لە ئەرکی مرۆڤدۆستانە و مرۆڤپارێزانەی خۆی غافڵ نەبووە ، کەتۆتە بەر رق و قینی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت ڕێگای موعالیجە لە دەرەوەی زیندانیان پێنەداوە. لەمەش دلتەزێنتر، ئەوەندەیان مەرەخەسی پێنەدا لە زیندان بچیتە دەر وخۆی بۆ چارەسەری نەخۆشیی کورەکەی تەرخان بکا کە بە داخەوە لە وەزعێکی نالەبار دا دەرد و ئازاد دەچێژێ.

کەبوودوەند وەفای خۆی بە نەتەوەکەی و ئینسانییەت بە باشترین شێوە سەلماندوە. ئێستا نۆرەی نەتەوەکەی و مرۆڤە بە هەڵوێست و خاوەن ویژدانەکانە وەفا و پێزانینی خۆیان بەرامبەر کەبوودوەند، بسەلمێنن.

کەبوودوەند هەموو ژیان و تەمەنی خۆی بۆ میللەتەکی داناوە، ئێستا نۆرەی نەتەوەکەیەتی کە تەنیا ڕۆژێکی ژیانی خۆیان بۆ ئاوردانەوە لە کەبوودوەند و پشتیوانی لەو ڕۆڵە بەوەجەی خۆیان تەرخان بکەن. ٣٠ ژوئەن، ڕۆژی هاوپیوەندی لە گەل کەبوودوەند، ڕۆژی پشتگیریی تێکڕاییمان لەو مرۆڤە بەرزەیە کە رق و ستەم و بێعەدالەتیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، نەیتوانیوە سەری پێنەوی بکا.با لە هەموو شارو گوندێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ولە هەر جێیەکی کوردێکی ڕۆژهەلات دەژی، لە ڕۆژی ٣٠ ژوئەن(١٠ای پووشپەر) دەنگمان بەرز بکەینەوە و داوای ئازادیی کەبوودوەند بکەین.با نیشانی بدەین کەبوودوەند بێکەس نییە و نەتەوەکەی و هەموو هاونیشتمانە خاوەنویژدان و بەهەلوێستەکانی کەسی ئەو وپەنا و پشتیوانی ئەون.





## وریا بوداغی: لە بۆ دڵت، بۆ خەباتت چ دەتوانین بکەین؟

٣

بە مانگرتن لە خواردنی٣ ڕۆژەم، پشتیوانی خۆم لە داواکارییەکانی کەبودوەند ڕادەگەیەنم.

هەموو دەزانین کە لە ئێستادا بەڕێز، محەمەد سدیقی کەبودوەند پێویستی بە هاودەنگی و پشتیوانی گەورە هەیە. من وەک خۆم بە هۆی خۆشەویستی گەورەم بۆ ئەو مرۆڤە مەزنە و هەروەها بە تایبەتیش کە لە ئێستادا و لە بارودۆخی خۆمدا تا ماوەیەکی تر ئیمکانی هیچ پرۆژەیەکی هونەریم نییە بۆ کەبودوەند و لە لایەکی ترەوە مانگرتنە بێ سنورەکەی بەڕێزیان دەمێکە منی خستۆتە نیگەرانێکی گەورەوە و هەربۆیە لە جێگای پێشاندانی پرۆژەیەکی تری هونەریم لە سەر کەبودوەند ومافەکانی مرۆڤ، ئەمجارەیان خۆم مان دەگرم.

لە ڕێگای ئەم مانگرتنەوە بە بەڕێز باوکی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێم کە دڵم پڕە لە ژان لە بۆ ڕۆژانی سەختی ژیانت و هیوادارم لەم ڕۆژانەدا چاوت بە جگەرگۆشەکەت بکەوێ و دڵت ئارام بگرێتەوە.

لە کۆتاییدا ئێستا و دواتریش مرۆڤ پێویستی بە تۆیە.

وریا بوداغی / ٢٧ی مانگی ژوئن

---

## دەردی دڵ / سەیران حوسێن پەناهی

٤

ئەوەڵین کەسێک بووی، لە ساتە ناخۆشەکانی ژیانمەوە هاتی بە هانامەوە.

لە بەر باغی سپیداری سنە.



تۆ بوویت و کچەکەت، دڵنیات کردم و وتت تا من هەم خەم مەخۆ.

دوایی هەموو هەوڵێکت دا بۆم. نازانم چەن ساڵ پێش بو، بەڵام دڵنیام زەمانێکی ئەوەندە دوور نییە کە سەرت ئاوا سپی کات و نەتناسمەوە.

ئێستە من چی بکەم کە لە خەمی تۆ کەم کاتەوە؟

شەرمەزاری تاڵە تاڵی قژی سپیتم کاک سدێق،خەڵکی کورد لە کۆمایە، حزبەکان لە خەوی زستانییکی بێ بهار.
چاوەڕێمان بە، زیاتر چاوەڕێ بە، جارێ سەرمان قاڵە بە نرخی گۆشت و نانەوە
بە فوتباڵی ئیتالیا و ئێسپانیا، بە سریاڵی تورکییەوە، جارجاریش دینە فەیس بووک بۆ ئەوە پیمان نەڵێن دواکەوتوە،
ستاتوسەکانمان قسەی زلی پیاوە گەورەکانە...
پەلەمان لێ مەکە
کە لەمانە بوینەوە، ئێمەیش دین بە هاناتەوە
پەلە مەکە!

---

# داود ئازادفەر: خاوەنداری لە کەبودوەند، خاوەندارێتی لە کەرامەتی نەتەوەییکە

## ٥

ئەو ڕۆژە گەرما هیرشی هێنابوو. ڕۆژێکی تال بوو. لە لاییک هێزە ئەمنیتێکان هێرشیان بردبوو سەر مالی سامان ڕەسوڵپور و بە گشت کەڵ و پەڵی شەخسێوە سامانیان لە گەڵ خۆیان بردبوو ،لە لایێکی تر تەرمی بێ نازی "ئارەزوو"ی تەمەن ١٧ سالەی بانەیی، کە بە هۆی دەستدرێژی سکسی ساحەب کارەکەی لە کورەخانەییکی زەنجان ئاگری لە جەستەی بەردابوو بە خاک سپێردرا. موبیلەکەم زەنگ خوارد و ولامم داوە.

- بەڵێ فەرموو؟

- منم، "سەدیق کەبودوەند"، تەنیا کارتەکەم دە خولەکی تێدا ماوە، ساعەتێک لەمەو خەبریان پێداوم! دەلێن سامان دەستگیر



بووە،چیتان کردووە؟ دەبێ هەموو میدیاکان ئاگادار کەنەوە. ئەوە زۆر موهیمە، دەبێ دونیا بزانێ چ بە سەر ئیمە دێت. ڕاگەیاندن و میدیا گرینگترین شتە بۆ لە قاو دانی پێشێلکارێکانی مافەکانمان. خەبری تر چی هەیە؟

- کاک سەدیق، چەند گیراو، مەحکوم بە سێدارە بوون، کچێکی تەمەن ١٧ ساڵەش کارفەرماکەی دەستدرێژی سکسی کردۆتە سەر و بەداخەوە ئاگری لە خەستەی خۆی بەرداوە، ئەمرۆ لە بانە بە خاکیان سپارد.

- ئاااااااااااخ.ئەمانە ئاوارەی ئاگرن ئاگر....

هێلی تەلفون پچرا و ئەوە دواین دیالۆگی ئێمە بوو...

بنەماڵەی کەبودوەند زۆر هەزینە و چەرمەسەریان بەسەردا هاتوە و دلنیام زۆر کەس ئاگادار نین. ئاگادار نین کە کاتێک چاوەکانی "تونیا "، تاقە کچەکەی کەبودوەند، نەشتەرگەری پێویس بوو و هەرەشەیێکی گەورە بو سلامەتی چاوەکانی لە ئارادابوو بە هۆی گوشار مالی مانگ بە مانگ دوا دەخرا و دەیان کێشەی تر.

لە ڕۆژانێک کە هیچ هەواڵ و زانیارییەک، لە سامان نەبوو، ڕۆژێک "فەرەحناز" خانم. خیزانی کەبودوەند، کە براستی بارێکی قورسی لەو ساڵانە دا لە سەر شان بووە، باسێکی گێراوە، کە گیرانەوەی بۆ یەکەم جار لێرەدا زۆر بە پێویست دەزانم.

وەزارەتی ئیتلاعات پێشنیار بە کەبودوەند دەکا کە ئازادانە ڕێگری ناکەن کە ولات بە جێ بلێت بەو مەرجە کە ڕێکخراوەی مافی مرۆڤ هەڵوەشێنراوە ئیعلام بکات. لە وەڵامدا، کاک سەدیق دەلێت: ئێمە مرۆڤین و مافمان هەیە. بە پێی هەر یاساییێک مافی خۆمانە لە بەرانبەر پێشێلکارێکانی مافەکانمان وەدەنگ بین. لە ڕاگەیاندنەکاندا باسیان لێ بکەین و هتد. ڕێکخراوەی مافی مرۆڤی کوردستانیش ئەو کاتە هەڵدەوەشێتەوە کە خەلکی کوردستان پێویستیان بە لە قاودانی پێشیلکاری مافەکانیان نەبێت.

هۆی نوسینی ئەو، تێکستە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە لە بیر نەکەین، کەسایەتێکی وەک کەبودوەند لە سەر خاوەنداریێتی کردن لە ماف و کەرامەتی ئینسانی من و تۆ و ئەم و ئەو، بە بێ هیچ جیاوازیێک ناعادلانەترین حوکمی زیندانی بە سەردا سەپاوە. خاوەنداریێتی کردنی ئێمە لە ڕۆژی ٣٠ی مانگ لە کەبودوەند، خاوەنداریێتی کردن لە کەرامەتی گەلێکە لە دەیان ساڵە بە پەیامی ئاشتیانە خۆی دەلێت من هەم.



# مەسعوود مەناف: داکۆکی لە کەبوودوەند، داکۆکی لە خەباتی مەدەنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە

٤

کاتێک "محەممەد سدیق کەبوودوەند"، لە ساڵی ١٣٨٤، یەکەم ڕێکخراوی خۆماڵی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانی دامەزراند، زۆر کەس، لە حیزبەکانەوە بگرە تا خەڵکانێکی تر، بە گومانەوە دەیانڕوانییە خەبات و هەوڵەکانی کاک سدیق. حیزبەکان، کە خۆیان، زیاتر لە دە ساڵ بوو، بە شێوەیەک لە کۆمەڵگا دابڕابوون و [بەڵکوو بەو هۆیە کە] تێگەیشتنێکی درووستیشیان لە کەش و هەوای سیاسی و کۆمەڵایەتی ناوخۆ نەبوو، وایاندەزانی کە ر.م.م.ک. هاتووە جێگەی ئەوان لێژ بکات.

هەر وەک چۆن لە بەرانبەر بەرەی نوێنەرانی بەرەچەڵەک کورد لە پارلەمان، یا هەرچەشنە دەستپێشخەرییەک بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوەیەکی سیاسی لە ناوخۆش هەڵوێستیان دەگرت. زۆربەی لایەنەکان، سەرەتا ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانیان بایکۆت کرد. ر.م.م.ک. یەکەم هەنگاو بوو بۆ تۆمارکردن و بەجیهانی کردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. یەکەم چەخماخەی بەهێزی خەباتی مەدەنی. شتێک کە کوردستان سەرەڕای تاقیکردنەوەی لە یەک دوو دەیە پێشووتری دا، نەیتوانیبوو گەشەی پێبدا.

زۆر کەس کەبوودوەند و خەباتەکەیان بە هەند وەرنەگرت. زۆر کەس بەم لا و بەو لایان گرێدەدا و هەوڵیان دەدا ئاستەنگیش بخەنە سەر ڕێگەی خۆی و هاورێکانی. زۆر کەس و لایەن بایکۆتیان کرد و تەنانەت لە ژێرەوە، پرسیاری ئەوەیان دەکرد کە "ئەگەر چالاکییەکانی دژ بە حکوومەتە و بە زەرەری کۆماری ئیسلامییە، بۆ نایگرن! تا هات و کەبوودوەند گیرا، مانی لەخواردن گرت، سزای قورسی بەسەر دا سەپا. بەشێکی زۆر لە هاورێیانی گیران، ناچار بوون وڵات بەجێ بهێڵن و ...

تازە بە گیرانی کەبوودوەند و ڕاگیرانی چالاکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بوو کە هەندێک لە نرخی خەباتەکەی کەبوودوەند تێگەیشتن. تازە ئەمجار، تەپڵی خەباتی مەدەنیان لێ دا و گەڕانەوە بۆ ئەوەی خاوەنداریێتی لە کەبوودوەند بکەن. تازە هەندێک کەس لە چۆکی خۆیان دا کە خۆزگە ...

بە هەر شێوە، کەبوودوەند، باوکی مافی مرۆڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گیرا، ئازار درا. تەنانەت بنەماڵەکەشی تووشی زەخت و گووشار بوو. هەڕەشە و گووڕەشەگەلێک کە تاکوو ئێستاش بەردەوامە.





پێتان سەیر نەبێ کە لە جیات سەدان گیراوی سیاسی و ڕۆژنامەوانی تری توندکراو، تەنیا کەبوودوەندە کە نە حوکمەکەی دادەشکێ و نە مەرەخەستی پێدەدرێ و نە لە زەخت و گووشارەکانی سەری کەم دەبێتەوە. ئاخر کەبوودوەند پێداگرە لە سەر خواست و داواکانی. کەبوودوەند، بەرخۆدان دەکات. کەبوودوەند ئامادە نیە، یەک هەنگاو لە بەرانبەر بە ستەمکار پاشەکشە بکات. ئامادە نیە ڕێکخراوەکەی هەڵوەشێنێتەوە. ئامادە نیە داوای لێبوردن بکات، ئامادە نیە پشت لە گەلەکەی بکات.

کەبوودوەند خۆڕاگرە. کەبوودوەند سیمبۆلە. سامانی هزرییە نەتەوەییە، هەر نەبێ ڕۆڵەیەکی ئەو نیشتمانەیە، بەڵام لێتان تێک نەچێ، فەلسەفەی بوونی کەبوودوەند، جێگرتنەوەی کاریزماکانی تر، سەرکردە سیاسییەکانی تر، سەرۆک حیزبەکان و خەڵکانی دیکە نیە. گەرچی کەبوودوەندیش، هەمان ئامانجگەل دەپێکێ مومکین، ئەوان، من، تۆ فڵانە حیزب و ڕێکخراوی خۆماڵی هەیبێ بەڵام هەر یەک بە ئاڕاستەیەکی جیا خەبات دەکەن و کەس نیگەرانی ئەوە نەبێ کە بۆ وێنە داکۆکی لە کەبوودوەند یا گەورەبوونەوەی، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی نرخ و بایەخی فڵانە سەرکردەی تر. نا! لەوە دڵنیا بن.

خۆی کەبوودوەند، وەک تاک، ئێستا تەنیا، نوێنەرایەتی خۆی ناکا بەڵکوو نوێنەرایەتی هەموو گیراوانی زوڵملێکراوی کورد دەکات، نوێنەرایەتی خەباتی مەدەنی ژێر گووشاری کورد لەو پارچەیە دەکات، نوێنەرایەتی من و تۆ و هەموومان لە بیروڕای گشتی جیهانی دا دەکات. داکۆکی لە کەبوودوەند، داکۆکی لە خۆمانە، لە خەباتی مەدەنییە، لە ئازادی بیر و ڕایە، لە بەرخۆدان دژ بە داگیرکەر و زیندانەوانە.

کەوایە، تکایە، کەبوودوەند لە بیر مەکەن. بنەماڵە پەرێشانەکەی، کوڕە نەخۆشەکەی، ڕێکخراوەکەی لەبیر مەکەن. بە کردەوە، چۆنی لە دەستتان دێت پشتیوانی لێ بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ / ڕێکەوتی: ٢٧ی جوونی ٢٠١٢



# خەڵاتی ئاشتی نۆبل ، ئان سان سۆچی، محەممەد سەدیق کبودوەند.



**نووسینی: کەریم ئەڵڵاوەیسی**

دوربینی کامێراکانی زۆربەی هەوڵدێرانی جیهانی رۆژانی ١٦ و ١٥ ژوئن ٢٠١٢ لەسەر ئووسلوو پێتەختی نورویژ بوو کە هەوالێ هاتن ورێز لێنان لە خەباتگێری رێگای ئازادی ودیموکراسی بە وڵات وخەڵکی خۆیان بگەیێنن. ساڵی ١٩٩١ ئان سان سووچی بۆ خەڵاتی ئاشتی نۆبل ناوزد کرابوو لە بەر ئەوەی سووچی لەم ساڵە دا نەیدەتوانی



بۆ وەرگرتنی ئەم خەڵاتە ئامادە بێ، بۆیە مێردو منداڵی ئەم خەباتکارە ، خەڵاتەکەیان وەرگرت. دیارە وەک خۆی دەڵێ ئەگەر ساڵی ١٩٩١ بەشداربایە رێگای گەڕانەوە و بەشداری لە خەباتی نێوخۆی وڵات واتە بەرمەی لێ دەگیرا.

ئان سان سووچی رێبەری خەباتکارانی برمە ١٥ساڵی لە زیندانی خانگی تێپەرکرد و ساڵی ٢٠١٠ ئازاد بوو. لە رێ ورەسمی زۆر گرینگی رۆژی شەمەی تەلاری شارەداری نورویژزیاتر لە ٢٠٠ سیاستمەداری نورویژی ، سەرۆک وزیر وژۆمارەیەک لە وەزیرانی ئێستا وکۆن و بنەمالە شای نورویژ و زۆر کەسایەتی بەنێوبانگ بەشداربوون. یان ستولنبەرگ سەرۆک وەزیرانی نورویژ گووتی: ئان سان سووچی سیمبولێکە بۆ خەبات لە پێناوی ئازدی ودیموکراسی دا. قسەکانی سووچی بەم شێوە هاتووە: هەتا گەیشتن بەدیموکراسی تەواووڵاتەکەی رێگایەکی زۆرو دووری لە پێشە. زیندانی خانگی ئەوی لە دونیا دا براند بوو بەڵام خەڵاتی ئاشتی نوبل یارمەتی دەر بوو کە ئەو بتوانێ پێوەندی بە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بگریتەوە.و لە کۆبونەوەی ٤٠٠ کەسی هاووڵاتانی خۆی کە لە ولاتانی دوور ونزیکەوە هاتبوو دا دەلێ: ئێمە ئەوەی لە دەستمان دێ دەبێ بۆ وەلاتەکەمانی ئەنجام بدەین جائێمەلە هەرجێگەیک بژین..





لە کوردستانیش محەممەد سەدیق کەبوودوەند، دامەزرینەری ریکخراوی مافی مروڤی کوردستان ، چەند ساڵێکە لە زیندانی ئەوین پاش ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر جسمی وروحی ،نەتەنیا کە ئیزنی پشوودان و مورەخەسی وەک تێکۆشەرانی غیرکورد نییە تەنانت ناهلێین جەرگۆشەکەی کەزۆر نەخۆشە ببینێ. ئەم خەباتگێریەی رێگای دیموکراسی و مافی مروڤ ٢٠١١لە ساڵی بە هۆی حیزبی سوسیالیستی چەپی بۆ خەلاتی ئاشتی نۆبل کاندید کرا و بۆ بە یەکێک لە کاندیدکانی ئەم خەلاتەی ئاشتی بەلام بە داخەوە ئەم رۆلەی نەتەوەی کوردکە لەهەموو لەشی نەتەوەکەی و خۆشی خۆین دەچورێ و ئەم خەلاتە کەلە سارێژکردنەوەی خۆی ونەتەوەکەشی کاریگەری زۆر دەبوو نەتوانرا ئەم خەلاتە بباتەوە. ئێستاکەناوی . هاتووەنێولیستی کاندیدەکان ، دەکری هەمووساڵێ کاری بۆ بکرێ. شانسی بردنەوەی ناوبراو بۆ ساڵی ٢٠١٢ زۆر لاواز بوو بۆیە قەرارە چالاکانی حیزبی سوسیالیستی چەپی نورویژ کار جیدی و بەردوامی لە ساڵی ٢٠١٣ دا بۆ بکەن. پاش گرانەوەی هەئیەتی نورویژ لە کوردستان ئەوان گرۆپی دوستانی کوردیان لە نێوئەندام پارلەمانی چەند حیزبی نورویژی دا پێک هێناوە کە جگە لە ئەندام پارلەمانانی ئێس،ڤی ، ئەندام پارلەمان لە حیزبی کریکاری نورویژ و حیزبی دیکەشی تیدایە ، کە رەنگە ئەم یەکیەتیەی ئەندام پارلەمانی نورویژیش بۆ ئەم هەوڵە گرینگە یارمەتی دەربێ.

### قازانجی خەلاتی نوبل بۆ ئان سان سوچی و وڵاتەکەی لەسەردانە کەی بۆ نورویژ :

١- ناساندن ودەرهێنانی سووچی لە پاسیوو بوون وپێوەندانەوەی بە کۆمەلگای نێو نەتەوەیی

٢- ئامادەگی نورویژ بۆ هاوکاری تەواو بۆ جیگیرکردن ونهادینە کردنی دیموکراسی هەتا سەرکەوتنیان

٣- پشتیوانی مادی ومەعنەوی لە بەرەوپێشچوونی بەرمە و ئاوەدان کردنەوەی ئەم ولاتە(کوبونەوەی رۆژی دووشەمە ١٨ / ٦ لە نیوان وەزیری دەرەوەی نورویژ و ئان سان سووچی گرینگی زۆری بۆ سووچی و ولاتەکەی هەبوو.)

ئەگەر خەلاتی ئاشتی نوبل کەگەلێک گرینگە کاریگەری هەبوو کە خەباتگیرانی دژی ریژیمی نیزامی بەرمە بە تایبە ت ئان سان سووچی لەئاستی جیهانی دا بناسرێ و لە ئیزولە بوون بێتە دەرێ و پیوندی لەگەل کۆمەلگای جیهانی زیندو وبە هێز بکرێ ئەوە ئەو خەلاتە بۆ نەتەوەی کبودوەند و خۆدی کبودوەندیش زۆر گرینگی زۆری هەیە کە مەسەلەکەی نێونەتەوەیی بکرێ.

ئەگەرئان سان سووچی و خەباتکارانی دژ بە ریژیمی بەرمە لە نەبوونی دیموکراسی وئازادی و کێشەی بودایی و موسلمانەکان دەنالێنن ئەوە کبودوەند و نەتەوەکەی جگە لە نەبوونی ئازادی و دیموکراسی و لەبەر ناسنامەی نەتەوەیی و دووبارەی بوونەوەی کۆمەل کۆژی و زۆر کارەساتی دیکەش دەنالێنن.

ئەگەر دانی خەلاتی ئاشتی نۆبل بۆ بەرجستەکردنی سوچی و خەباتکارانی بەرمە گرینگی زۆر هەبوو ئەوە بۆ نەتەوەی ٤٠ میلیوونی کورد بە تایبەت بۆ ١٢ میلوونی کورد ی رۆژهەڵاتی بێ بەش لە زۆر ماف ئێجگار گرینگی هەیە . لەوەڵاتی بەڵاڵێدراوی ئێران کە سەرپووش لە سەر هەموو جەنایەت وناعەدالەتیەکان دادەنەدرێ دانی خەڵات بە تێکۆشەرێکی وەک کبوودوەند بۆ ناسینی جیهانیان بەم زۆلم وپێشێلکاریانەی مافی مروڤ زۆر چارەنووس سازە.



لەگەڵ پێروزبایی گەرمی من وهەموو خەباتکارانی ریگای ئازادی ودیموکراسی بۆ ئان سان سووچی و خەباتکارانی بەرمە ، بۆ خەباتی بەرحەق و روایان ،ئاواتە خوازم کە کۆمەلگا ی نێونەتەوەیی ئەو جار روی لە کورد و کبودوەند بێ و کبودوەند بتوانی براوەی خەڵاتی ئاشتی نوبل لە ساڵی ٢٠١٣ بێ.هەلبژاردنی سەروکی مافی مروڤی کوردستان ، تیکۆشەری جیی شانازی کورد ، ئێفخارێک دەبێ بۆ کورد وکبودوەند و هێنانە بەرباسی زۆرزیاتری کورد لە ئاستێکی بەرز ونێونەتەوەیی و یارمەتی دەکا بۆ رزگاری گیانی کبودوەندیش.

بەوهیوای ئەوە کە دەنگی خەباتکاری گەورەی مافی مروڤی کورد کبودوەند لە چالەرەشەکانی جەڵادانی رێژیمی سەدەکانی نێوەراست بگاتە تەڵاری خەڵاتی ئاشتی نوبل بۆ ئووسلوو پێتەختی نورویژ و هەموو و هەوڵدران و ژۆرنالیستانی جیهانی باسی فیداکاری ونەبەزی کبوودوەند و دەنگی مەزلومییتەتی کورد و مافە پێشیلکارەوەکەی بە گۆی جیهانیان بگەیین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ / رێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠١٢



# داوایەک لە هەموو پشتیوانانی کاندیداتۆریی کەبوودوەند بۆ خەڵاتیی ئاشتیی نۆبیلی ٢٠١١



**قادر وریا**

لە م کاتوساتە دا کە بەرێز کەبوودوەند لە چەند قەدەمیی مردن دایە،گرنگترین کار، وەگەڕ خستنی هەموو حیزب و رێکخراو و ناوەند و کەسایەتییە دیموکرات و مرۆڤدۆستە کوردستانی، ئیرانی و بیانییەکان بە مەبەستی پشتگیریی داواکانی کەبوودوەند و گوشارهێنان بۆ سەرکۆماری ئیسلامی لە پیوەندی لە گەڵ بارودۆخی کەبوودوەند دایە. ساڵی رابردوو جەندین حیزب و رێکخراوی سیاسی و دامەزراوە و ناوەندی مەدەنی و سەدان کەسایەتیی سیاسی ،و فەرهەنگی و کۆمەڵایەیی و زیاتر لە هەزار تاکی لە بواریت جۆراوجۆر چالاکی کورد، پشتیوانییان لە کاندیداتۆریی بەرێز کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی ٢٠١١ کرد. هێندێک لەو رێکخراو و کەسایەتییانە، نۆرویژی و ئورووپایی بوون کە لە نیو پارلمان و ناوەندە سیاسی و مرۆڤپارێزەکانی وڵاتی خۆیان دا، گوێیان لێ رادەگیرێ.

من دڵنیام هەموو ئەو کەس و لایەنانەی پشتیوانی کاندیداتۆریی کەبوودوەند بۆ خەلاتی نۆبێل بوون، بە هەمان نەفەسی ساڵی رابردووە و بگرە زۆر زیاتریش بۆ رزگارکردنی کەبوودوەند لە مردن و پشتگیری لە ویستە رەواکانی، ئامادەی هاتنە مەیدان و پێشاندانەوەی هاوپێوەندی و پشتیوانی لەم حەرەکەتەی ئێستامانن. هەر بۆیە رووی قسەم دەکەمە کۆمیتەکانی پشتیوانی لە کاندیداتۆریی کەبوودوەند بۆ خەلاتی نۆبێلی ٢٠١١ و کەمپەینی ئەو کات پێکهاتوو بۆ ئەو مەبەستە دەکەم، جارێکی دیکە پێوەندی بە یەکە یەکەی ئەندامان و پشتیوانانیان بکەنەوە، هەر کامێکیان بە گوێرەی شوێنی ژیان و جێگە و پێگەی خۆیان بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی لە کەبوودوەند و راکێشانی بیرورای گشتیی خەڵکی ئەو وڵاتەی لێی دەژین، رابسپێرن. با لە هەموو لایەکەوە، بە چوون بۆ بەر دەرکی سەفارەتخانەکان، بنکەی دامەزراوە نیودەولەتییەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ و بە ناردنی ئیمەیل وداوای هاوکاری بۆ پارلمانتێران، سەرۆکایەتیی ولاتان و حکوومەتەکان،وەزیرانی دەرەوە، ناوەندە مرۆڤدۆست و خێرخوازییەکان و کەسایەتییە بە نفووزەکان، شەپۆلێک لە گوشار بۆ سەر رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەڕێ بخەین.





ئەگەر ئێمە نەتوانین هاوپێوەندییەکی کاریگەر لە گەڵ بەڕێز کەبوودوەند پێک بێنین و ئەگەر نەتوانین پاشەکشە بە کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر بەڕیزکەبوودوەند دا بکەین، کەبوودوەند بەبەرچاوی ئێمەوە و بە دوای زیاتر لە پێنج ساڵ ئازارچێشتن و زیاتر لە ٥٠ ڕۆژ مانگرتن و دادخوازی لە بارەگای ویژدانە بە خەبەرەکان، تێیدا دەچێ. کاتی ئەوەیە نیشانی بدەین ئێمە ئەو خەڵکە و ئەو نەتەوەیەین کە کەبوودوەند دەیەوێ لە پێناوی ماف و ئازادییەکانیان دا، بمرێ. با داوا لە بەڕیز کەبوودوەند بکەین مانگرتنەکەی بشکێنێ و دڵنیای کەین کە نارەزایەتی دەربڕین و ململانێیەکەی ئەو لە گەڵ ستەم و بیدادی کۆماری ئیسلامی، لە دەرەوەی بەندیخانە، لە شەقام و کۆڵانەکانی شار و گوندەکانی کوردستان، لە پێتەخت و شارە گەورەکانی جیهان درێژەی پێدەدرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی: ١٦ی جوولای ٢٠١٢

## با بە هەمومان هەوڵ بدەین بەڕێز کەبودوەند خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل وەربگرێ.





**مستەفا شڵماشی**

بە خۆشییەوە دەبینم کۆدەنگییەکی بەرچاو لە سەر کاندیداتۆریی تێکۆشەری بواری مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڕێز کەبودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل هەیە. تێکڕای حیزب و ڕێکخراوەکان پشتیوانیان لێ کردووە و تەنانەت بەشێک لەو ڕێکخراوانە لە ڕاددەی ڕێبەری ڕێکخراوەکەدا کاندیدا تۆریی بەڕێزیانی پەسند کردووە. کە بەڕێز کاک خالیدی عەزیزی سکرتێری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، یەکێک لە و ڕێبەرانەیە.

دیارە پشتیوانی لە بەڕێز کەبودوەند هەروا لە خۆڕا نەهاتووە. خەباتێکی ئاشتیخوازانەی دوور و درێژی لە پشتە و چەندین ساڵ لە تەمەنی لاویی بەڕێز کەبودوەند دەسمایەکەیەتی. تێکۆشەری بواری مافی مرۆڤ، بەڕێز کەبودوەند ژیان و ماڵ ومنداڵی لە پیناوی



پاراستنی مافی ئینسانیی کەسانی دیکە دا کردۆتە قوربانی و بەوەش مافێکی حاشا هەڵنەگری بۆ خۆی دەستەبەر کردووە، ئەوەش مافی وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێلە. بەڕاستی کێ لەو زیاتر حەقی ئەوەی هەیە کە ببێتە خاوەنی ئەو خەڵاتە؟

جگە لەوەش ئەو بەڕێزە نوێنەرایەتی گەلێک دەکا کە بە درێژایی سەدەکانی ڕابردوو مافی ئینسانی لێ زەوت کراوە و بە دڕندانەترین شێوە پێشێل کرانی مافی مرۆڤی لە سەر تاقی کراوەتەوە. بە تایبەتی لەو بەشە لە کوردستان دا کە بەڕێز کەبودوەند تێیدا چالاک بوو، پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بە ئەوجی خۆی گەیشتووە، بەجۆرێک کە چالاکانی وەک بەڕێز کەبودوەند لە جیاتی ئەوەی بتوانن یارمەتی بە کەسانی دیکە بکەن، ژیانی خۆشیان کەوتۆتە مەترسییەوە.

وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل، مافی بێ ئەملاو ئەولای بەڕێز کەبودوەندە. وەرن با بە هەمومان تێبکۆشین ئەو مافە بە جێگای شیاوی خۆی بگا و تۆزقاڵێک لە برینەکانی جەستەی مافی مرۆڤ لە کوردستان دا ساڕێژ بێ.

با لە هەمو کۆڕو کۆمەڵە نێو نەتەوەییەکان بەرگری لەو حەقە بکەین و تێبکۆشین هەرچی زۆرتر ئەو ڕاستییە بسەلمێنین کە بەڕێز کەبودوەند موستەحەقترین کاندی خەڵاتی ئاشتی نۆبێلە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی: ١٢ی جانێویری ٢٠١١



# با هەمووممان بە کردەوە پشتیوانی بکەین لە کاندیداتۆریی محەممەد سەدیق کەبوودوەند بۆ خەڵاتی نۆبل.

## عارف باوەجانی سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان.



***با هەمووممان بە کردەوە پشتیوانی بکەین لە کاندیداتۆریی محەممەد سەدیق کەبوودوەند بۆ خەڵاتی نۆبل. عارف باوەجانی سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان.***

***کوردستانیانی وڵاتداگیرکراو! کوردستانیانی بێبەشکراو لە گشت دەستکەوتەکانی جیهانی.***

***خەڵاتی ئاشتی پێناسەیەکی نرخداری بواری دەنگدانەوەی جیهانیە بۆ ئەو کەسانەی کە خاوەنی داهێنان، یا چالاکیەکی کەم وێنەن لە پێناو مافی مرۆڤ لە جیهاندا. کە ساڵانە لە ئۆسلۆی پایتەختی نۆرویژ لە لایەن کۆمیتەی ئەو خەڵاتەوە بە سەر کەسێکی جێگای پەسەندی خۆیان دابەشدەرکرێت. زۆر لە کەسایەتییەکانی جیهانی ئەو شانسەیان پێبراوە کە ببنە خاوەنی ئەو خەڵاتە، کە وێدەچێت تواناکانیان یا چالاکییەکانیشیان لە توانای محەممەد سەدیق کەبوودوەند کەمتر بووبێت. بەڵام مخابن چوون وڵاتەکەی ئێمە داگیرکەراوە، و بەشێک لە داگیرکەرانیش بە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە پێوەندییان بە جیهانی دەرەوە هەیە. بوونەتە هۆکار و ڕێگری بۆ ناساندنی ڕۆلە بە تواناکانی ئەم گەلە لە زۆر بواری جیاواز لە ئاست جیهاندا.***

***تا ئەوەی کە من ئاگاداربم لە کاندیدکراوانی کورد بۆ خەڵاتی ئاشتی زۆر کەسایەتی کورد ناوەکانیان پێشنیارکراوە و خراوەتە سەر لیستی پێشنیارکراوەکانی دیکە. بەڵام فشار و پلانەکانی دیپلوماتی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان لە دەیەکانی پێشووەوە، کاری وایکردوە کە ناوی کوردەکان نەخراونەتە لیستەی پێشەوەو هەر لە یەکەم لیستی هەڵبژاردندا ئەوان جیاکراونەتەوە. ئەو کەسایەتییە کوردستانیانە کە تا ئێستا بە پێی زانیارییەکانی ئێمە ناویان خراوەتە لیستی کاندیداتۆرەکانی خەڵاتی ئاشتی. بریتین بوون لە هەر***



یەک لە بەڕێزان دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو، لەیلا زانا، مامۆستا سەلاح سۆران، و ئیستاش بەڕێز محەممەد سەدیق کەبوودوەند.
کوردستانیانی دەرەوەی وڵات.

با هەموومان لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی دەرەوە پشتیوانیی زیاتر بۆ کاندیداتۆریی محەممەد سەدیق کەبوودوەند کۆکەینەوە. هەموو ساڵێک لە سەرەتایی مانگی ۲ دا کاندیدی ئەو ساڵە دیاری دەکرێت. ئیستاش نزیک بە ۲۵ی ڕۆژی ماوە بۆ دیاریکردنی کاندیداتۆرەکانی ساڵی ۲۰۱۱. بۆیە پێویستە تواناکانمان چڕتر کەینەوە.

لە ڕێگەی ئەم نووسینەوە من ئامادەیی خۆم وەک سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان، و وەک کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە خاوەنی ڕەگەزنامەی نۆرویژیم، واتە ئەم وڵاتەی کە خەڵاتی ئاشتی تێدا دابەشدەکرێت دەردەبڕم. تەواوی تواناکانی خۆم و تەواوی پێوەندییەکانم لە ئاست کەسایەتی و ڕێکخراوەکانی نۆرویژی و جیهانی بە کار دێنم بۆ پشتیوانی لە کاندیداتۆریی محەممەد سەدیق کەبوودوەند.

بەو هیوایە لە ساڵی ۲۰۱۱ گەلی کوردیش لە ڕێگەی کاک محەممەد سەدیق کەبوودوەندەوە چاوی بەو خەڵاتە ڕوون بێتەوە و لەو دەستکەوتە جیهانییە بێبەش نەبێت. گرنگی ئەو خەڵاتە لە جیهاندا پێناسەی مرۆڤە ئازادیخوازەکانە. محەممەد سەدیق کەبوودوەندیش یەکێکە لەو کوردە ئازادیخوازنە کە لە نێو جەرگەی دەسەڵاتداریتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانی پێکهێناوە. لە ماوەی کورتی تەمەنی ئەو ڕێکخراوەدا بە شێوەیەکی یاسایی کارەکانی خۆیان بە ڕێوە بردوە، و توانیویانە لە ماوەیەکی کەمدا ڕێکخراوکەیان بە گشت ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی جیهانی و کوردستانی بناسێنن. ئەوەش وایکرد کە نگرانی زۆر بۆ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران دروستبکات. واتە ئەو ڕژێمەی کە هەرگیز لە گەڵ هیچ ڕێکخراوێکی مرۆڤدۆستیدا ناگونجێ. هەر بۆیە بە هێنانەوەی بیانووی ناڕاست ڕێکخراوەکەیان پێداخستن و تۆمەتی نارەواوی دایە پاڵ کاک محەممەد سەدیق کەبوودوەند و بەندییانکرد. ئەوە بۆ ماوەی چەند ساڵە ناوبراو لە بەندیخانەکانی ئەوینی ئێران لەگەڵ نەخۆشی مەترسیدار ژیان تێپەردەکات.
جارێکی دیکە پشتیوانی خۆم و گشت هاوبیرانم لە پارتی سەربەستیی کوردستان بۆ کاندیداتۆریی محەممەد سەدیق کەبوودوەند دەردەبڕم.

عارف باوەجانی / سەرۆکی

۱۵ی بەفرانباری ۲۷۱۰ی کوردی — ۵ / ۱ / ۲۰۱۱

سەرچاوە: ماڵپەڕی پارتی سەربەستیی کوردستان / ڕێکەوتی: ٥ی جانێویری ۲۰۱۱



# کەریم ئەڵڵاوەیسی: کەبوودوەند لە کۆمیتەی ئاشتیی نۆبێل سەفیری نەتەوەی زوڵم لێکراوی کوردە



**ڕۆژهەڵات تایمز - دیمانە: چەند ڕۆژ لەوەپێش هەواڵی سەرکەوتنی هەوڵەکان بۆ کاندید کردنی محەممەد سەدیقی کەبوودوەند وەک بەربژێری خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی ٢٠١١ لە لایەن "کۆمیتەی کارکردن بۆ کاندیداتۆریی کەبوودوەند - نۆروێژ" بڵاو کرایەوە. دوا جاریش بە پێی لیستێک کە ڕۆژهەڵات تایمز لە بەربژێرەکانی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل لە سەرچاوەیەکی نیزیک لە کۆمیتەی نۆبێل بڵاوی کردەوە، روون بۆوە کەبوودوەند لە ریزی پێشەوەی کاندیدەکانی ئەو خەڵاتە دایە. بە مەبەستی زیاتر تیشک خستنە سەر ئەو پرسە، چۆنیەتی سەرکەوتنی هەوڵەکان و کارەکانی لەمەودوا، ڕۆژهەڵات تایمز چەند پرسیاری بەرەورووی کەریم ئەڵڵاوەیسی، بەرپرسی "کۆمیتەی کارکردن بۆ کاندیداتۆریی کەبوودوەند - نۆروێژ" کردەوە:**

**بە دوای سەرکەوتنی پرسی کاندیداتۆریی کەبوودوەند وەک بەربژێری خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی ٢٠١١، ناوی کومیتەی کارکردن بۆ کاندیداتوری کەبوودوەند - نورویژ، ناوێکی ئاشنایە و کارو چالاکیەکانی دیار و بەرچاون. با سەرەتا لە زمان جەنابتەوە وەک بەرپرسی ئەو کومیتەیە ببیسین کە ئەو کومیتەیە چۆن پێک هات و تەرکیبەکەی چۆنە؟**

**هۆی سەرەکی پێک هێنانی کومیتەی نورویژ ئەوە بوو کە کاندید کردنی کەبودوەند پێویستی بە هەنگاوی بە کردوە و خێرا هەبوو چۆنکە ئەو خەڵاتە لە نورویژ دەدرێ و من بەرپرسایەتیم لە حیزبی سوسیالیستی چەپ دا هەیە و باوەرم بە ئەوە هەبوو کە دەکرێ لە رێگای ئەم حیزبەوە سەرکەوتن وەدست بێنین. بەڵام ئەوە پێویستی بە کارو ماندوبوون و کومیتەیەکی چالاک هەبوو و بۆیەش لە ٢٠ دیسامبری ٢٠١٠ کومیتەیەکی بە توانامان بۆ راپەراندنی ئەرکەکانمان پێک هێنا.**

**تەرکیبی کۆمیتە وەک لە نووسراوەکانی پێشوومان دا هاتبوو، کومیتەی کارکردن لە کەسانی بێلایەن، چالاکانی مافی مروڤ و کەسانی**





سیاسی پێکهاتووە و کۆمیتەکە سەر بە حیزب و ڕێکخراوەیەکی تایبەتی نیە. هەرچەند ئەندامانی کومیتەکەمان روانگەی سیاسی جوراوجۆرمان هەیە بەڵام لە پێوندی لە گەڵ ڕاپەراندنی ئەو ئەرکە نیشتیمانیەدا بێ لەبەرچاوگرتنی مەسائیلی حیزبی و ڕێکخراوەیی بەیەکەوە کار دەکەین.

پێش لە کۆمیتەی کارکردن لە نۆروێژ، کەمپینی پشتیوانی لە کاندیداتۆری کەبوودوەند کە ژمارەیەک لە ژنانی چالاک بەڕێوەی دەبەن، پێکهات و بانگەوازی بۆ ئەو کارە کرد. حەز دەکەین بزانین پێوەندی ئێوە و ئەوان چۆنە؟

بە پیویستی دەزانم کە لە پێشدا سپاسی گەرمی خۆم ئاراستەی بەڕێز شەهلا دەباغی بکەم کە زەحمەتی زۆری بە کەمپینەوە کێشا و کاتیک بۆ یەکەم جار لەو پێوەندیەدا پێوندیم لەگەل گرت کە دەست بە چالاکی بکەین، ئەو تەنیا بوو و ئێستا زۆرکەسی چالاک بەیەکەوە کارو تێکۆشانی زۆریان هەیە. بەڵێ پێوەندی و هاوکاری باشمان لەگەل کەمپینی پشتیوانی (14 خۆشکی تێکۆشەر) هەیە کە چەند خۆشکیش هاوکاریان دەکا. ٢ جار ئەوانمان بۆ کوبونەوەکانی گرینگی پارلەمانی نۆروێژ، پێش کانداتوری و دوای کاندیداتوریی کەبودوەند بانگهێشت کردووە کە زۆر بە دلسوزیەوە وەڵامی ئێمەیان داوەتەوە. هەر دوو جار بەڕێز خاتوو گوڵالە شەرەفکەندی بە نوێنەرایەتی کەمپین لە سوئێدەوە تەشریفی هێناوە.

باشە لە کاتێک دا کەمپین دەستی بە کارکردبوو دەکرێ بۆمان باس بکەی کە زەرورەتی دروست کردنی کومیتەکەتان لەچیدابوو؟

لەگەل بەرزترخاندنی کاری کەمپینی پشتیوانی، وەک باسم کرد زۆر پێویستی بە هەنگاوی بەکردەوە و خێرا کە پێمان وابوو لە ڕێگای دوورەوە ئەو ئەرکە بە باشی مسۆگەر نەدەبوو، هەروەها و بە شناختێک کە ئێمە لە سەر کۆمەڵی نورویژ و حیزبو ڕێکخراوەکانی نورویژ و دەولەتی نوروێژ هەمانبوو پێمان وابوو چالاکیەکانی ئیمە کاریگەری زۆر باشی دەبێ و ئاکامی باشێشی لێوەردەگرین. بە کردەوە ئێستا دەرکەوتووە کە ئەو لێکدانەوەیەی ئێمە درۆست بوو و بەخۆشیەوە ئاکامێکی باشی لێکەوتەوە.

دوای ڕاگەیاندنی پەسەندکرانی سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان وەک کاندیدای خەڵاتی ئاشتی نوبێل کە ئێوە لە ڕاگەیاندنێک دا ئەو مزگینیەتان بە بنەماڵەی محمد سەدیق کەبودوەند و خەلکی کوردستان دا، بۆخۆتان چ هەستێکتان هەیە؟

زۆرخۆشحالم کە بە هێمەتی هاوڕێیانم لە کومیتە کارکردن و پشتیوانی کەمپین و گشت لایەک ئەو سەرکەوتنە بەدەست هات. هەست بە شانازی دەکەم کە وەک پێشمەرگەیەک، سەرکەوتنێکمان بە کۆششی زۆر لایەن بە نەسیبی گەلە چەوساوەکەمان کرد. ماوەیەکی زۆر بوو خەلکی کوردستان هەر هەوالی ناخۆشی پێدەگەیشت، کوردی ڕۆژهەلات کە شایانی زۆر سەرکەوتنی گەورەن، شادم کە پاش ئەو هەموو هەواڵە ناخۆشانە، هەواڵی خۆشی ئەو سەرکەوتنەیان بیست.



## کەبودوەند هێمای خەباتی مەدەنی رۆژهەڵات

***گرینگی کاندیدکردنی کەبودوەند بۆ خەلاتی ئاشتی نوبێل لە چیدا دەبینی و ئەمە چ تەئسیرێکی لە سەر خەباتی نەتەوەیی کورد بە تایبەت لە رۆژهەڵات دەبێ؟***

کەبودوەند لە کۆمیتەی ئاشتیی نۆبل سەفیری نەتەوەی زۆڵم لێکراوی کوردە کە بە کاندیدکردن و بردنەوەی خەڵاتی ئاشتی نوبل بەو چالاکەی مافی مرۆڤ کە بە حەق ناوی باوکی مافی مرۆڤ لە کوردستانی لێ نراوە، بەشێک لە چارەرەشیو نەهامەتیەکانی نەتەوەیەکی ٤٠ میلیونی و بە تایبەت ١٢ میلیون کوردی رۆژهەلاتی کوردستان تا رادەیەک بۆ جیهانیان دردەکەوێ. پێم وایە دەبێتە هۆی ئەوە کە؛

زومی هەموو مێدیاکانی جیهانی بێتە سەر مەسەڵەی کوردو پێشێلکاریەکانی ماڤی مروڤ لە کوردستان و ئێران، ناسینی زیاتری کوردو وردبونەوە لە دەرد و ئازارەکانی کوردی لێ دەکەوێتەوە، یارمەتیدەر دەبێ کە فشارو زخت بۆ سەر هەموو زیندانیەکانی سیاسی و مەدەنی کورد کەم بێتەوە، راکێشانی سەرنجی کومەلگای نێونەتەوەیی بۆ لای مەسەلەی نەتەوەیەک کە رۆژ نیە زۆر کەس لەسەر سنورەکانی وەڵاتی خۆی بۆ پەیداکردنی پارەو نانێک بە دەستی سەربازانی کۆماری ئیسلامی گیانی لێنەستێندرێ، رێزگرتنە لە تێکۆشانی کەبوودوەند و بنەماڵە بەرێزەکەی و کارێگەری دەبێ بۆ رزگاری گیانی ئەو تێکۆشەرە، بەجۆرێک تەئسیری دەبێ بۆ بە نێونەتەوەیی کردنی پرسی کورد و خەڵاتی نوبل دەتوانێ ئەهرومێکی فشار بێ بۆ سەر رێژیمێکی بێپرنسیپ ودژبە مافی ئینسان.
لێرەدا دەمەوێ قسەیەکی ئاکسل هاگن، پارلمانتاری حیزبی سوسیالیستی چەپ کە کەبودوەندی کاندید کردوە بێنمەوە کە دەڵێ:

"لەرێگاری کاندید کردنی کەبودوەندەوە دەمەوێ سرنجی تایبەت رابکێشرێ بۆ مەسەلەی مافەکانی مروڤ، وەزعی روژنامەنگاری ئازاد و سەربەخۆ و هەروەها مافەکانی نەتەوەی کورد. هەرجۆرە پشتیوانیەک لە کەبودوەند پشتیوانیە لە ئەو بەندیە سیاسی و مەدەنیانەی کە لە پێناوی مافی مروڤ دا تێدەکۆشن و هەروەها پشتیوانیە بۆ دیموکراسی لە ئێراندا."

بەشێک لە چالاکیەکانتان لە میدیاکاندا بڵاو بوونەوە. جگە لە مانە ئایا هیچ چالاکی دیکەتان بووە کە بۆ خۆینەرانی باس بکەی؟
جگە لە چالاکیەکانی باسکراوی پێشوو واتە کارکردن لەگەل حیزبی سوسیالیستی چەپ و پارلمانتارانی ئەو حیزبە و پارلمانتاری حیزبی راست واتە هۆیرە، لە گەل حیزبی کاری نورویژ و حیزبی دیموکرات مەسیح و ئەرلینگ فۆلکورد کە سیاسەتمەدار و نووسەر و دۆستێکی نێزیکی کوردە و زۆر لایەنی مەدەنی و مافی مرۆڤی نورویژی کارمان کردوە. پاش بەریژار کردنی کەبودوەند، کۆبونەوەیەکی گرینگمان لە پارلەمانی نورویژ لە گەل ئاکسل هاگن، ناسینەری کەبودوەند بو خەلاتی ئاشتی نوبێل پێکهێنا کە لێرەدا بە پێویستی نازانم باسی وردەکاریەکانی بکەم.

***چالاکیەکانتان لە نێو حیزب و رێکخراوەکانی کوردی چۆن بووە؟***



سەرچاوە
Serchawe



## کەبودوەند هێمای خەباتی مەدەنی ڕۆژهەڵات

کۆمیتەی هاوبەشی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان کە لە ٧ حیزب و ڕێکخراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهاتووە، لە ڕۆژەکانی هەوڵی کارکردنمان یارمەتیدەرمان بوون و کوردەکانی سوریە و جگە لە حیزبی شیوعی کوردستان و بەشێک لە کوردەکانی باشوور کومیتەیەکی پشتگری لە ٤ ڕیکخراو پێکهات کە هاوکاری و یارمەتیمان بکەن لە بەرەوپێش بردنی کارەکان. ئەو کۆمیتە:

- ڕێکخراوی دژ بە ڕەگەزپەرستی س،ئو،س راسیمە گشتی
- لاوانی گەشە (کوردانی باشور)
- کۆمەڵەی کوردانی سوریە
- کومەلەی کولتوری کوردی سشموو ( کوردانی باشور)

ئە و کومیتەیە واتە کومیتەی پشتگیری لە کەبودوەند ئامادەگی خۆی بۆ درێژەدانی هاوکاریمان ڕاگەیاندوە.

**دوای ئەوەی هەواڵی کاندید کرانی کەبوودوەند بڵاو کرایەوە، باسی کاندیدی درەجە یەک و دوو وکاندیدی سەرەکی وسیمبولێک هاتە ئاراوە کە گۆیا کەبوودوەند کاندیدی ئەسڵی نییە و زیاتر وەک سیمبۆلیکە. ئەوە چۆنە؟**

ئێمە باورمان وابوو کە پارلمانتارانی حیزبی سوسیالیستی چەپی نورویژ بە لێکدانەوەوە کەبودوەندیان کاندیدکردوە، بۆ ئێتمینانی زیاتر، دوای کاندید کردنی کەبوودوەند، لە کۆبوونەوەی پارلمان پارلەمان ئەو پرسیارانەشمان بەرەورووی بەرێز ئاکسل هاگن کرد. ناوبراو گوتی کاندیدی درجە ١ و ٢ و سەرەکی و سیمبولێک وجودی نییە. هەموو لایەک دلنیا دەکەینەوە کەبودوەند وەک هەر کاندێکی دیکە بە حیساب هاتووە و بە کاندیدێکی شایستە دەنرخیندرێ.

**ئێستا کە کەبودوەند کاندیدکراوە ، پێتان وایە دەبێ چی بکرێ تا براوەی خەلاتەکە بێ؟**

کورد دەبێ هێزو توانای خۆی بە تاقی بکاتەوە بە تایبەت کوردانی ڕۆژهەلات کە ١٢ میلیون کورد دەبن بە هەموو حیزبو ڕێکخراو و تاکەکانەوە (بە تاکو بە کۆ) لە بەر دەم تاقیکارێکی گەورە داین.

دەمانەوێ نوینەرێ گەلی چەساوەی کورد خەلاتی ئاشتی بباتەوە؟ دەمانەوێ مەسەلەی کورد لەم ڕێگایەشەوە هەتا ئەندازەیەک لە ئاستی جیهانی بێتە بەرباس؟ دەبێ بێینە مەیدان بۆ کارێکی جیدی و گەورە و بێپسانەوە هەتا دیسامبری ٢٠١١.

کورد بە هەموو حیزبە سیاسی ومەدەنی و تاکەکان لە هەر جێگایەکی ئەم جیهانە پاڵوبەرینە دا دەژین دەست بەکاربن بۆ وەرگرتنی پشتیوانی لە پارلمانتاران و سیاسەتمەدارانی ناسراوی جیهانی و ڕێکخراوەکانی مافی مروڤ و ئەمنیستیئەنترناشنال، کەسایەتیەکانی

جیهانی لە بواری جۆراجۆر و لە براوەکانی خەلاتی ئاشتی نوبل و...هتد
هەلمەتی ئیمزاکوکردنەوە لە رێگای ئینترنت و لەسەر کاغەز بە جیدی درێژەی هەبێ.

گرینگە حیزب و رێکخراوە سیاسیەکان لە پێوندی دێپلوماتێکی نیونەتەوەیی خۆیان دا ئەوپەری هەوڵ بۆ وەرگرتنی پشتیوانی و گەیاندنی ئەو پشتیوانیە بە کومیتەی خەلاتی ئاشتی نوبل بدەن. بە کوردی وبە کورتی ، هەوڵ و هاوکاری جیهانی پێوستە کە سەفیری فیداکاری نەتەوەکەمان ئەو خەڵاتە بباتەوە.

خەباتی کەبودوەند بەردەوام بۆ دروستکردنی جیهانێکی باشتر بۆ ئێنسانەکان وسەقامکردنی مافەکانی مروڤ بووە کەوابو تێکۆشانی ئێمە لە پێناو سەرخستنی ئەو پرسەدا، تێکۆشانێکی رەوایە.

ئێمە پرسیارمان نەماوە ، بەڵام ئەگەر جەنابت وەک قسەی کۆتایی شتێکت ماوە، فەرموو.

حەز دەکەم لە قولایی چالەرەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ، ناوی محمد سەدیق کەبودوەند بچێتە خانەی بەرزی خەڵاتی ئاشتی نوبێل لە تەلاری شارەداری ئۆسلۆ پێتەختی نورویژ. ئەوەش هەوڵ و هیمەت و کاری هەمەلایەنە، گشتی و بێپسانەوەی دەوێ هەتا دیسامبری ٢٠١١.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی: ٧ی فێبریویری ٢٠١١

## چێژ لە ئازادیی وڵاتەکەت وەربگرە







## بۆ هاوڕێ سدیق کەبوودوەند

### پەری کەریمی نیا

ئەگەر حەوا نەبوایەتە خوڵقێنەری مەعریفە و بە هاندانی ئادەم سێوەکەیان، سێوی مەعریفە، نەخواردیە ژیانییان لە دەرەوەی سووژە دەسووڕایەوە. بەو مانایەی کە دەسەڵاتێک باڵا دەست دەبوو و ئەوان هەر بە ژێر دەستەیی دەمانەوە. نافەرمانی ئەوان لە دەسەڵاتی رەها و یا ئەوی تری گەورە بوو کە بونیادی دونیای لە وەهمەوە گواستەوە بۆ دونیای راستەقینە. ئەوان بە نافەرمانی جەستەیی ئەو ریگەیان چێ کرد کە بوون و ماڤی راستەقینەی خۆیان بدۆزنەوە. کەواتە بوون و هەست بە تاک کردن بە نافەرمانی و سەرکەشی لە ئەویدی گەورەوە مانای هەیە و بە دەست دێت. پێش گەیشتن بەو مەعریفە گەورەیە، ئەوان ئەویدی گەورەیان دەدی و هەستیان بە دەسەڵاتی دەکرد. بەڵام پاش ئەوە وەرگەڕانە گەورەیە ئەویدی گەورەیان لە دەسەڵات و کاریزما بوون بەتاڵ کردەوە. ئەوان چیدی ئەو دەسەڵاتەی پێشوویان بە ئەویدی گەروە نەدەدی چونکە لە راستی دا وەهمێک بوو کە بە دەست راگەیشتنی ئەمان بە مەعریفە وەک دووکەڵی لێ هات و لە هەوا دا بڵاو بوویەوە.

نافەرمانی و سەرکەشی، بەردەوام لە مێژوو دا دووبارە بووەتەوە و بە پێی بڕوای هێگڵیش دووبارە بوونەوە رۆڵێکی گرینگ وچارەنووسازی لە مێژوو دا گێڕاوە. سەرکەشی و نافەرمانی چەشنی جۆراوجۆی هەیە و ئەمە بە پێی دەسەڵات شێوازەکەی دەگۆڕێت. هەڵبەت لە بنەڕەتدا سەرکەشی بە خاڵی گرینگ وسەرەتایی ئامانجەکە دادەنرێت. مان گرتن شێوەیەکی ئەم سەرکەشی و نافەرمانییەیە کە بە زۆری مرۆڤەکان هەڵیدەبژێرن و تاقی دەکەنەوە. لە زینداندا مان گرتن لە خواردن یەکێک لە کاریگەرترین شێوازەکانە کە تاک بە جەستەی خۆی شەڕ لە گەڵ دەسەڵاتدا دەکات و دەیەوێت خواستە رەواکانی خۆی بسەلمێنێت. مان گرتن بە گشتی و مان گرتن لە خواردن دژە کردەوەیەکە کە تاکێک بۆدەربڕینی نارەزایەتی لە سەر باروودۆخی تاکەکەسی و یا گشتی ئەنجامی دەدات. رێکخراوەی نێونەتەوەیی خاچی سوور سێ تایبەتمەندی بۆ مان گرتن لە خواردن داناوە کە بریتیین لە نەخواردن (کە چەشنێکە لە رۆژوو)، خۆبەخشێک و ئامانجێک.

دوو کەس لەو کەسایەتییە بەناوبانگانە کە هەستاون بە مانگرتن بریتین لە: گاندی و زاپاتا. ئەم دوو کەسایەتییە بۆ پشتگیری لە داوا رەواکانی خۆیان و یا کەسانی دیکە مانییان لە خواردن گرتووە و کارەکەیشیان سەرکەوتوو بووە. بۆ نموونە گاندی بە درێژایی ژیانی هەڤدە جار مانی لە خواردن گرتووە. مان گرتنەکانی گاندی بۆ دژایەتی کردن لە گەڵ دەوڵەتی بەریتانیا و توند و تیژی دەگەڕێتەوە. بێجگە لەمەش نزیک بە ١٠٠٠ ژنی بریتانیایش بۆ لایەنگری لە مافی دەنگ دانی ژنان مانییان گرت.

سەرەڕای نموونە باس کراوەکان، مان لە خواردن گرتنی بابی ساندز ،کۆماری خوازی ئایرلەندی، و سەرجەم هاوڕێکانی لە زیندانی بێلفاستدا جێگەیەکی تایبەتی لە مێژووی دووبارە کراوەی مەعریفەدا هەیە. فیلمی " مان گرتن Hunger " کە باسی پێنج





هەفتەی کۆتایی ژیانی ئەم شۆڕشگێرانەیە، نومایشتی ئەم مان لە خواردن گرتنە دەکات کە بابی و هاوڕێکانی پێداگری لە سەر خواستەکانی خۆیان دەکەن کە هەندێکیان بریتی بوون لەوەی کە ئەوان دەبێت وەک زیندانیەکی سیاسی چاویان لێ بکرێت نە مرۆڤکوژ، دەبێت ماڤی ئەوەیان بدرێتێ کە نامەیان بە دەست بگات و بتوانن نامەش بەرێ بکەن و هەروەها ماڤی کۆبوونەوەی ئازادیشان هەبێت. بابی سەرجەم ٦٦ ڕۆژ لە مانگرتن لە خواردندا بوو و پاش ئەوە گیانی بەخت کرد.

تێکڕای ئەو نموونانەی سەرەوە نموونەیەکی باشی سووژەن کە حەوا ئاسا دروست کەری مەعریفە بوون. ئەم کەسایەتییانە دەیانتوانی مێگەل ئاسا سەری خۆیان دابخەن و لە بیری بەرژەوەندی خۆیاندا بن. بەڵام ئەمان بە هاوڕایی لە گەڵ کانتدا وەی ئەوەیان بە خۆیان داوە کە بە شێوەیەکی دیکە بفکرێن. ئەوان لە نێوان سنوور و هێما دا ئەو بیر و هەڵوێستە چارەنووس سازەیان گرتە بەر کە دەبێت لە جەستە و ژیانی خۆیان وەک پردێک بۆ گەیشتن بە ماڤە ڕەواکانی خۆیان کەڵک وەربگرن. مەودا و کاتی نێوان واقیع و هێما هێندە چارەنووس سازە کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو هەڵوێستەی کە دەگیرێت واتایەکی تایبەت بدات بە واقیع. هەروەک کە فیلمی مان گرتنیش دا بابی مەودای نێوان ئەمری واقیع ( بێمافی ) و ئەمری هێمایی (کە گۆڕاگری و ملکەچ بوون ) بە لێکدانەوەیەکی نوێوە (مانگرتن لە خواردن) لە بەریەک هەڵپچڕێت. ئەوە کاتی بارگاویی بوونی سووژەیە. کاتی مانا بەخشی سووژەیە. ژیژەک وتەنی لەو مەودایەدا کەسەکە سەرەتا بیر دەکاتەوە، پاشان هەڵوێست دەگرێت و بەرلەوەی ببێتە هێما ،هەڵدەبژێریت و هەڵبژاردنەکەی بە کردەوە دەکات. لێردایە کە ئیتر کەسایەتی لە دایک دەبێت. ئەو کەسایەتیە هەر وەک لە فیلمەکەدا دەبینرێت وای لێدێت کە وەکوو ساندز لەو کاتەی کە لە زینداندایە وەک ئەندامی پارلمان هەڵدەبژێردرێت بەڵام دەوڵەتی بریتانیا بەر بەم کارە دەگرێت و جێگای ئەو تا هەتا هەتایە بە بەتاڵی لە پارلماندا دەمێنێتەوە. تەسلیم بوون بەو خواستە بە مانای تیاچوونی دەسەڵاتە بەرامبەر مەعریفە و مەعریفەی لەو چەشنە دیمۆکراسی بە دوای خۆیدا دەهێنێت. دیمۆکراسی چەشنی ئانتی ڤایرۆسێک هەڵسووکەوت دەکات کە ڤایرۆس کەیفی بە ڕۆخساری (ڕاستی) نایەت.

ڕۆخساری کەسی مانگرتوو خوازیاری ئاڵووگۆڕە. کەسی مانگرتوو بڕوای بەوە هەیە کە هیچ شتێک ناتوانێت لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەو بوونی هەبێت. پەندێکی چاینی هەیە کە دەڵێت " هەموو شتێکی ئەم دونیایە بۆ خواردن دەبێت بەس فڕۆکە نابێت کە ئەویش بە ئاسمانەوەیە." ئاسمان دەتوانێت هێمای مەرگ بێت کە تەنیا ڕاستیەکە کە ناتوانرێت (هەڵبەت تا ئێستا) کۆنترۆڵ بکرێت. هەر ئەو مەرگەی کە کۆتایی بە مانگرتنی مانگرتووی فیلمەکە هێنا. مەرگ لە دونیای ڕاستیدا بۆ ساندز چەشنێکی تر لە مەعریفە بوو کە ئایرلەندییەکانی بۆ سەندنەوەی ماڤەکانی خۆیان پشت قایمتر کرد. دەسەڵات، مەرگ و گوێنەدان بە خواستی مانگرتووەکانی بە خاڵی کۆتایی دادەنا و خودی خواستی مانگرتووەکانیشی بە چەشنێک لە وەهم . بەڵام دەسەڵات بۆ خۆی خودی وەهمەکەیە، هەر لەو چەشنە وەهمەی کە حەوا بە خواردنی سێوەکە خۆی لێ ڕزگار کرد. لەڕاستیدا حەوا و ساندز بەو هەڵوێستەی خۆیان دەسەڵاتییان تووشی ئەو گرفتە کرد کە ئەوەی کە وەهمە ئەوانن کە ئەوەندە لەو وەهمەدا نقوم دەبن کە هەمانەکەیان لێ دەشکێت و لە هاوادا بڵاو دەبنەوە.

کچێکی هاوپۆلیم هەبوو کە خەڵکی یەکێک لە وڵاتە ئەفریقاییەکان بوو. سەرەتای ساڵ بوو مامۆستای زانستمان پرسی کە هۆیەکی



بەهێزم بۆ بهێننەوە کە ئەگەر شتێک لە تاقیگەدا ڕوویدا، بۆ نموونە ئاگری گرت، من هەوڵ بدەم ژیانی ئێوە بپارێزم؟ هەر کەسیک شتێکی وت. کە سەرەی کچەکە هات وتی: "تۆ دەبێت ژیانی من بپارێزیت چونکە وڵاتەکەم تازە ئازاد بووە و من ئیستا ئازاد بووم و دەبێت چێژ لەو ئازادییە وەربگرم."

هۆی نوسینی ئەم نووسینە دەرخستنی زیاتری مانگرتنەکەی هاوڕێ سەدیق کەبودوەندە. هیوام وایە مانگرتنەکەی خۆی بشکێنێت چونکە پەیامەکەی ئەو، دەسەڵات لە مێژە وەریگرتووە بەڵام جارێک لە وەهمێک دا دەسووڕێتەوە کە دەبێتە شکاندن و تێدا چوونی هەست و نیستی. کەواتە بمێنەوە بۆ ئەوەی بە زوویی چێژ لە ئازادیی وڵاتەکەت وەربگرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەبودوەند ٤ / ڕێکەوتی: ٣٠ی جوونی ٢٠١٢

---

## دەمە تەقەیەک لەگەڵ کاک حەمە سدیقی کەبوودوەند



**حەمەی شاسواری**

کاکە گیان ئەم کاتەت باش، بە مەرگی خۆم لە بەر ئەوەم نییە بە ناوی بەرێزتەوە خۆم هەڵواسم و وەک دەڵێن: سەرێکم لە ناو سەران بێت. بە دڵ بۆت نارەحەتم، ئەزانی! یەک و دووش نین، ئەوەندە زورن کە جاری وایە تەنانەت ناوەکانیشتان لە بیر دەکەم.

تا لە چاوی میدیاوە دورم و نەبومەتە دەس کەلا، چونی؟ بروات هەبێ باش ئەزانم، دەرد و مەینەتی چوار دیواری زیندان: هاوار و ناڵە ناڵی هاو بەندیەکانت، چاو بەستن و بەرادەر بەرادەری کورەکانی خوا، دەنگی بەردەوامی مەقمامەکەی خوا، کە هەر باسی کۆڵ دان و بێی دەسەلاتی مرۆڤە بەرانبەر بەئەلا، لە گوێتانا دەنگ دەداتەوە، سیمای کورە نازەنینەکەت، کچە دڵ پڕ لە ئاواتەکەت،





هەناسە ساردی خێزانەکەت، لە خەیاڵتا دێت و دەروا، دەرد و ژانی نەخۆشین و مانگرتنیش حەجمینی لێی هەڵگرتوی. بەلام ئەمانە هەمووی لە لایەک، ئەوی وا زەق و لە بەر چاوە و ئاوات و ئامانجی تۆی قارەمانە و هەمو شتت فیدای کردوە (هاتنە دی ئازادی مرۆڤە) دەزانم هەر لای خۆت دەی هێنی و دەیبەی، بزانیت: ئەم گوڵەی کە بە خوێن، بە برسیەتی و ئارەقی ناو چاوانی هەژاران ئاو دەدرێ، ئایە کو لە گەشە دایە یا خۆد لە مەر پێی ڕانەگەیشتنی زانستیانە، ئافەت دەوری داوە؟!



دەزانم بە تەواوی ئاگات لە بەندیخانە گەورەکەی کە ئێمەی تێدا دەژین نییە، تا کەس قامکی رە چاو دا ڕۆ نەکردووم پێت بلێم،
ئاخر لای تۆ، بەرادەر بەرادەری کورەکانی خۆا ناهێلن و لێرەش، کرمی کتێب و نەزانەکان، بێتو بلێت: بۆ ؟ هەر وەک موسوڵمانەکانیان لێی هاتوە و لایان وایە بەردت بە کەعبە دا داوە .... ئەرێ دەرد یەک و دوو نییە، هەر وەک ئێوەی بەند کرا و یەک و دوو نین.

کاکە گیان هەتا دڵت بخوازێت رەسمەکانت بڵاو بوتەوە، یەک لە دوای یەک پشتگیری و باسی تۆیە، لە هەر ولاتە بە چوار و بە شەش و بە دە خۆپیشاندانە، سەرکردەکان مالیان ئاوا، هەر یەکە بە جیاوازی! درگای زل هێزەکانیان لێی داوە، هەندێکیان داوایان لێی کردوی لە مانگرتن دەس هەلگری، هێندێکیش دەلێن: بە پەلە، خەلکینە هەر ئەئێستا رەسمی خۆتان لە سەر فەیس بووک لابەرن، رەسمی کەبودوەند دانێن، هێندێکیش چەلێ تەمرینی دیموکراسی دەکەن، هێندکیش....، خۆدا هەلناگرێ هەموشیان ئەلێن: بۆ هاودەنگی و... ئامادەین، بەلام تا ئێستا بە داخەوە جێگەیان دەس نەکەوتوە، خر بنەوە !!

ئەی چون. لە ناوەوەی ولات ؟ لە تاوی دەربرینی خۆشەویستی تۆی ئازیز، بە هوی نەبونی، پلان و نەخشە ڕێی سەرکردەکان، پۆل پۆل دەگیرێن و لەم قاتو قریە و مریشک گرانییە، دەبنە میوانت !!

دوا هەواڵیش، لە شاری سنە، قەرارە کاتژمێری ١٠ای شەوی ڕۆژی پەنج شەممە لە ئاوێر: دەنگی نارەزایی لە هەمبەر داکوکی کردن لە تۆ، هەڵبرن ! ئاخر لە پلەیان تسیوە و ئاشکرایان کردووە، ئەرێ کاکە، کاری نهێنی و ڕێکخراوی وەک جاران نەماوە ! جا لە مانیش چەند دەگیری و چەند... نازانم.

بویە پێت دەڵێم و پەیتا پەیتا کاتت دەگرم و داوات لێی دەکەم - دەس لە مانگرتن هەڵگرە - ئەوی تۆ ویستت بە خۆ بەخشینت،

ببیە هەوێنی یەک ریزی ماڵی کورد، ببیە بورکانی بۆ تەقینەوەی جەماوەری لە ناو خۆ، ببیە... لێک حاڵی بین و شنەی بای ئازادی لێمان بات و ببوژینەوە. هێشتا لە خەو داین و وەک زستانە عەرەبییەکە واین، تازە فاشیە فارسەکانیش وەک چون جاران دەیانگوت: کورد دژی ئیسلامە و کافرە! ئێستاش دەڵێن: باسی داکوکی لە خۆ بەخشی تۆ، رەگەز پەرەستییە !!! حەی لە حەلاماتە.

تۆ هەوڵی خۆت دا و مێژووش بە ئاشکرا باسی دەکا و کەس ناتوانی نکولی لە جەربەزیت، فیداکاریت، خۆ بەخشیت بۆ گەل و نیشتمان بکا، بەلام سەد داخ هێشتا لێت تێی ناگەین، سڵامەتی تۆ، بۆ برینی پلەکانی خەبات سەرکییە و بە کوردی با: بۆ گورچیلەیەک گایەک مندار نەبێت. دەس لە مانگرتنت هەلگرە، دڵنیام بە پاراستنی سلامەتیت لە داهاتو خزمەتی ئەوتو بە هەژارانی کورد دەکەیت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی رۆژهەڵات / رێکەوتی ١٧ی جوولای ٢٠١٢

---

## شەوی چلە لە گەڵ محەممەد سەدیق کەبوودوەند

### برایم فەرشی



ساڵانێکی دوور و درێژە، شەوی یەلدا بە نووسین رۆژ دەکەمەوە،هەر ساڵێک کەسێک دەبێتە مۆمی شەوەکەم، ئەم ساڵ ئەو رووناکی هێناوە.



زۆرجار دەچم لە ژوورێک بە تەنیا دەرگا لە سەر خۆم دادەخەم، چاوەکانم لێک دەنێم بۆ ئەوەی بتوانم هەستی ئەو لە ژوورێکی تاریک و تەسک و تەنگدا هەست پێبکەم، هەرچەند هەمووی خەیاڵە و خەریکی خۆ فریودان و شانۆگێڕیم، زۆر زوو ماندوو و وەڕز و بێ تاقەت دەبم، چاوەکانم هەڵدێنم، مات و دەبەنگ بیر لە ژیان دەکەمەوە!

بۆ دەبێ وابێ؟ بەو شەوە درێژە ئەو پرسیارە بەرمە لای کێ؟ لای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە خۆی فەرمانی شەڕ دەدات! بیبەمە بەر دەم دادگای "نورنبێرگ و لاهە" کە خۆیان بە بەرپرسی ئەو کارە نازانن، گەر زیندووان وڵامی ئەو پرسیارەیان پێ نەبێ، بیبەمە لای کێ؟ مەسیح، کە نەیتوانی قاتڵەکانی خۆی ڕازی بکات! بچمە لای موسی کە ڕیشی فرعەونی سووتاند و بە دەستی خۆی ژنانی بەردەباران دەکرد، بچمە لای بازرگانەکەی عەرەبستان کەخەندەق خەندەق شەڕی دەکرد.

پرسیارەکەم بە سەر دەستەوە ماوەتەوە! ئەو"بە ڕۆژی ڕووناک چرا بە دەستەوە لە ئینسان دەگەڕێ" لە ناکاو هاوار دەکات"دیتمەوە دیتمەوە". ماف و ئینسان و کورد لە یەک گرێ دەدا، نە ڕیشی فەرعەون دە سووتێنێ، نە بەرد لە ژنان دەگرێ، نە خەندەق بۆ خەندەق شەڕ دەکات.

ئەو دەنگی هەڵبڕی و بەردی گەورەتر لە قەڵافەتی پاڵەوانەکانی هاویشتە ناو گۆمی بە سەرباز پەرژین کراو، "مەوج بە دوای مەوج" دا هات، کەس باوەڕی نەکرد و کەسانێک زاریان داچەقاند و گوتیان: "ئەوەش لە خۆیانە، دەنا چۆن دەتوانێ لە عەرزی خوا هاوار بکات و بڵێ بەشەر هەیە و ماف پێشێل دەکرێ؟!"

خۆیی خۆنەویست، دەنگۆیان جاڕ دا و ئێمە مانانیش هەرچەند وەک "زەردەشت بەردەبارانمان" نەکرد، بەڵام لێی دڕۆنگ بووین و پێمان وابوو ئەویش پاش گەیشتنیە ئێرە و ئەوێ،"شتر دیدی ندیدی"، پەروەندەی مافی مرۆڤ گاڵە دەدا و تەواو.

من و هەموو ئەوانی دی مارگەزتو، هەڵەمان کردو و ئەگەر شەرمساری مانای هەبێ، ئەوە شەرمساری ڕووی گەش و مرۆڤانەی ئەوین. ئەو "لاشەڕە" و گرفتاری دەستی "بەدفەڕە"، لە لەش و "جان و جیهانی" ئەودا هیوای ئازادی و سەرفەرازی ئینسان دەگەڕێ، مێشکی سارد و دڵی گەرمی پڕ لە ویستی ئازادییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٠

# چەند هەڵوێست و بۆچوونی کەبودوەند:

## پیرۆزبایی کەبوودوەند بۆ رزگاریی کۆبانێ



کوردستان میدیا: محەممەد سەدیق کەبوودوەند، سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤی کوردستان، لە پەیامێکدا لە زیندانی ئەڤین، ئازادکردنی کۆبانێی پیرۆز کرد.

بە پێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی کوردستان میدیا، ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٦ی بەفرانباری ١٣٩٣ی هەتاوی و دوای ئازادکردنی کۆبانێ و داماڵینی ئەو شارە لە گرووپی تێرۆریستی داعش، محەممەد سەدیق کەبوودوەند لە پەیامێکدا فیداکاریی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستی بەرز نرخاند.

کەبوودوەند لە درێژەی پەیامەکەیدا، ئازادکردنی کۆبانێی دوای ١٣٣ ڕۆژ خەبات، لە خەڵک و شەڕڤانانی کۆبانێ و گەلی کورد پیرۆز کرد.

سەرۆکی ڕێکخراوی داکۆکیکاری مافی مرۆڤی کوردستان هەروەها ئازادیی کۆبانێی لە هەموو خەڵکی ئازادیخواز کە لە ماوەی شەڕی ١٣٣

رۆژەی شەڕی کۆبانێ لە خەڵکی کۆبانێ وگەلی کورد پشتیوانییان کردووە و هاودڵ و هاوڕێیان بوون، پیرۆزبایی کرد.

لە درێژەی پەیامی محەممەد سەدیق کەبوودوەندا هاتووە:

"ئارەزووم ئەوەیە کە ئازادیی کۆبانێ، سەمبولی یەکگرتوویی، لەسەر پێی خۆبوون و خۆراگریی گەلی کورد، سەرەتای رزگاری و ئازادی خەڵک لە دەرد و ئازارەکانی کورد و هەموو خەڵکی وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی داگیرکەرانی بیرتەسک و کۆتایی سەرکوتی ئازادی و مافی مرۆڤ لە ناوچەکەدا بێت".

لەو پەیوەندییەدا عەلی موڕادی، کەماڵ شەریفی و محەممەد حەسەن رەزایی سێ بەندکراوی سیاسیی زیندانی میناب، لە پەیامێکدا پاککردنەوەی کۆبانێیان لە هێزەکانی داعش لە گەلی کورد پیرۆزبایی کرد.



هەروەها لە نامەیەکی دیکەدا بیست چالاکی سیاسی، مەدەنی، فەرهەنگی و مافی مرۆڤی کورد و فارس وەک ئەسعەد ئەردەڵان، نەسرین ستوودە، سەدیق تەعریف، ئیجلال قەوامی، ئەسعدا کوردپوور، هادی ئەدەب و قوتبەدین سادقی ئازادیی کۆبانێیان لە هەموو خەڵک و بەتایبەت مرۆڤدۆستان و ئازادیخوازان پیرۆز کرد.

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئازادکرانی کۆبانێ و پاککردنەوەی ئەو شارە لە هێزەکانی داعش دوای ١٣٣ رۆژ بەرخۆدان شەپۆلێکی شادی سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە.

ئاویەر. ت

ماڵپەڕ: کوردستان میدیا / رێکەوتی: ٢٨ی جانێویری ٢٠١٥



## پەیامی کەبوودوەند بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان



پەیامی کەبوودوەند بەبۆنەی ٢ی ڕێبەنـدان، ساڵرۆژی دامەزرانـی کۆمـاری کوردستانئاژانسی کوردپا: محەممەد سەدیق کەبوودوەند بەرپرسی زیندانی کراوی ڕێکخراوی بەرگریی لەمافی مرۆڤی کوردستان پەیامێکی بە بۆنەی ٦٨ـەمین ساڵڤەگەڕی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد لەشاری مەهاباد، بڵاو کردەوە.

لەبەشێکی پەیامەکەدا هاتووە، بناخەی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێران و لەسەر بنەمای دێمۆکراتیک، فرەلایەنی، ئاشتی و مافی مرۆڤەکان بونیاد نرابوو و ئامانج و بەرنامەکانی لەو سەردەمەدا لەسەر بنەمای مرۆڤایەتی بوو.

نوسخەیەک لەو پەیامە بەئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا گەیشتووە و دەقەکەی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

### پشتیوانی لەمافی خودموختاری و سیستەمی فیدراڵی بکەن

ساڵرۆژی ٢ی ڕێبەندان، ڕۆژی خودموختاریی کوردستان لەخەڵکی پیرۆز بایی دەکەم، ئێمە ڕێز لە "قازی محەممەد"ی نەمر و هاورێکانی بەمەبەستی ڕاگەیاندنی خودموختاری کوردستان لە ٢٢ی ژانویەی ساڵی ١٩٤٦ دەگرین و ئەو هەوڵانەیان لەپێناو بەشداری پێکردنی خەڵک لەمافی چارەنووسی خۆیان لەچوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکدا و هەروەها خەباتی ئەو کەسانەی کە لەپێناو ئازادی و سەربەستی خەڵکی کوردا کراوە و دەستیان لەگیان و ماڵی خۆیان هەڵگرتووە بە شتێکی پیرۆز دەزانین و جێگەی بایەخن.



دەوڵەتـی خودموختـاری کوردستان ٦٨ سـاڵ لەمەوبەر، سەرەڕای ئەوەی بەشە سەرەکییەکان و باشووری کوردستانی لەژێر دەسەڵاتیدا نەبوو، و تەنیا ١١ مانگی خایاند، بەڵام بناخەکەی لە چوارچێوەی ئێران و لەسەر بنەمای دێمۆکراتیک، کۆماریی، فرەلایەنی، ئاشتی و مافی مرۆڤەکان بونیاد نرابوو. ئامانج و بەرنامەکانی لەو سەردەمەدا و بەر لە پەسند کرانی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ لەسەر بنەمای مرۆڤایەتی و دێمۆکراتیکدا بوو، هەر بەو هۆیەوە ئێمە ئەمڕۆکە دووی ڕێبەندان وەکوو نوقتە گۆڕانێک چاو لێدەکەین و لەخەباتی مەدەنی و سیاسیی خەڵکی کوردا بە تێڕاونینێکی ئاشتیخوازانەو و لەسەر ئەساسی ڕێزگرتن و پێدانی مافەکانی قەوم و نەتەوەکان لێیدەڕوانین و ڕێزی بۆ دادەنێین.

لەو ڕۆژە مێژووییەدا پشتیوانی خۆم لە داوا بەرحەقەکانی خەڵکی کورد بۆ بەدەستهێنانی خودموختاری و سیستەمی فیدراڵی و ئازادی و هەروەها سەرجەم ئەو مرۆڤانەی کە لەپێناو ئازادیدا بۆ ڕزگار بوون لە چنگ زوڵم و نادادپەروەریدا و گەیشتن بە دێمۆکراسی، دادپەروەری کۆمەڵایەتیی و مافی مرۆڤ لەحاڵی خەبات دان دەردەبڕم و دڵنیام کە خەڵکی کورد و هەموو ئەو کەسانەی کە لەژێر هەڕەشە و چەوساندنەوە دان و لەمافە سەرەتاییەکانیان بێبەری کراون، بەپشت بەستن بە یەکتر و یەکیەتیی ئاگاهانەی خۆیان، لە زوڵم و بێمافی ڕزگاریان دەبێت و بە ماف و ئازادییەکانیان و هەروەها دیاری کردنی چارەنووسیان دەگەن.

تاران، زیندانی ئێڤین

محەممەد سەدیق کەبوودوەند

سەرۆکی دەستبەسەرکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا / ڕێکەوتی: ٢١ی جانێویری ٢٠١٢

# پەیامی محەممەد سەدیق کەبوودوەند لەزیندانی ئێوینەوە سەبارەت بە ڕاگرتنی ئیعدام لەئێران



چەندین دەیەیە کە چالاکانی سیاسیی کورد و داکۆکیکارانی مافی خەڵکی کورد لە ئێران بە تۆمەتی نادروست و درۆیین دەستبەسەر، ئەشکەنجە، زیندانی و ئێعدام دەکرێن. ساڵانێکە کە بەبیانووی سەرکوتی هەوڵی "دژی شۆڕش" و جیاخوازی، ماف و ویست و ئازادییەکانی خەڵکی کورد سەرکوت و پێشێل دەکرێت و چەندین ساڵە ئەو ڕەوتە درێژەی هەیە و هەتا ئێستاش ڕانەگیراوە.

لە ١٩ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٨٩ی هەتاوییدا چوار زیندانی سیاسیی کورد بێئەوەی کە هێچ چەشنە تاوانێک و یان بەڵگەیەکی هەمە پەسند لەسەرییان هەبێ، لەسێدارە دران. ئەوەیکە ڕوون و ئاشکرا و پاساو هەڵنەگرە شیرین، فەرزاد، فەرهاد و عەلی زیندانیانی سیاسیی کوردی سەرکوت کراو، بەتاوانی چالاکی بۆ بەدەست هێنانی ماف و ئازادی خەڵکی کورد ئیعدام کران و بێجگە لەوە ناتوانین هیچ پاساوێک بۆ ئیعدام کردنیان دەست نیشان بکەین.

هەر لەو پێوەندییەدا داوا لەسەرجەم ویژدانە زیندووەکان دەکەم بۆ ڕاگرتنی ئیعدامی زیندانیانی سیاسیی کورد هەوڵی جیدی، بەربڵاو و خێرا بدەن هەتا ئێعدامی چالاکانی سیاسیی بۆ هەمیشە لەئێران بنبڕ بکرێ و هەروەها داوا لەکۆماری ئیسلامیی دەکەم کۆتایی بەئیعدامی زیندانیانی سیاسیی و عەقیدەتی بێنێت.

محەممەد سەدیق کەبوودوەند

گرتووخانەی ئێوین

١٦ای بانەمەڕی ١٣٩٢ای هەتاوی

ماڵپەڕی: کوردستان میدیا / ڕێکەوتی: ١٣ای ئاگۆستی ٢٠١٣

## کەبوودوەند لەگرتووخانەی ئێوینەوە داوای لە"دەوڵەت"ی نوێکرد ڕێز لەویستەکانی خەڵکی ئێران بگرێت



محەممەد سەدیق کەبوودوەند بەرپرسی دەستبەسەر کراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لەنامەیەکدا داوای لەسەرکۆماری تازەی ڕێژیمی ئێران کرد ڕێز لەویست و داواکارییەکانی خەڵکی بگرێت.

نوسخەیەک لەو نامەیە بەماڵپەڕی کوردستان میدیا گەیشتووە.





دەقی نامەکە:

وێڕای ڕێزگرتن لەخەباتی مەدەنیی و ئاشتیخوازانەی خەڵکی ئێران بە مەبەستی بەدوادا چوون و بەدەست هێنانی ویستەکانیان، هاوڕێیەتی و هاودەنگی خۆم دەخەمە پاڵ ئەو دەنگانەی کە بۆ مافەکانیان خەبات دەکەن و بەشێوەیەکی جیدی خەباتێکی ڕەوایان بۆ بەدەستهێنانی سەرجەم مافەکانیان گرتۆتە بەر.

بەداخەوە خەڵکی ئێران ئەمڕۆکە لەگەڵ کۆمەڵێک کێشە و ئاستەنگی سیاسیی و مەدەنیی، سەرکوتی ئازادی، پێشێل کردنی مافی مرۆڤ، دەستێوەردانی لەرادەبەدەری حکوومەت لەکاروباری شەخسی و عەقیدەتیان بەرەوڕوون و هەروەها نادادپەروەری و کێشەی ئابووری و هەڵاوسان و گرانی، هەژاری و بێکاری، لەش فرۆشی و ئێعتیاد و سەدان کێشەی دیکە بەرۆکی گرتوونەتەوە.

من محەممەد سەدیق کەبوودەوەند وێڕای دەربڕینی داخ و کەسەرە لەو دۆخە لە ئێراندا و دەربڕینی نیگەرانی لە بەردەوامی کێشە و قەیرانە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکان و ئاسەوارە خەسارهەڵگرەکانی بۆ سەر ژیانی خەڵکی، وەکوو دەستبەسەرکراوێکی بەرگری لە مافی مرۆڤ و بەناوی ڕێکخراوی بەرگریی لە مافی مرۆڤی کوردستان داوا لە "دەوڵەت"ی نوێی روحانی دەکەم، ڕێز لەئیرادە و ویستەکانی خەڵکی ئێران بە مەبەستی گۆڕینی دۆخی هەنووکەیی بگرێت و ڕیفۆرمێکی بنەڕەتی دروست بکات و کۆتایی بە سەرکوتی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکان بهێنێت و خەڵکی لە هەژاری و بێدەرەتانی ڕزگار بکات.

تاران، گرتووخانەی ئێوین

محەممەد سەدیق کەبوودوەند

گەلاوێژی ١٣٩٢ی هەتاوی

ماڵپەڕی: کوردستان میدیا / ڕێکەوتی: ١ی ئاگۆستی ٢٠١٣



# کەبوودوەند: تیرۆریزمی نێودەوڵەتی بێ پاساوە، ڕەت کراوە و مەحکوومی دەکەین



بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان، لە دوو پەیامی جیادا جەخت و پێداگری لەسەر مەحکووم کردنی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی کردەوە.

نوسخەیەک لەو دوو پەیامە بە ئاژانسی کوردپا گەیشتووە

**دەقی پەیامی یەکەم:**

٢٢ی پووشپەڕ وەبیرهێنەرەوەی تێرۆری دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانە و ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی مەحکووم کردنی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی لە کوردستان ناودێر کراوە.

لە وەها ڕۆژێکدا ئەو دەوڵەتەی کە لە هەمبەر بەڕێوە بردن و وەدیهێنانی ویستە ڕەواکانی خەڵکی کوردستانی ئێران بێ توانا ببوو بە پشت بەستن بە سەرجەم ڕێکارە تۆتالیتار و توندوتیژەکان ڕێبەری یەکێک لە کاریگەرترین و بە تواناترین حیزبی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان، واتە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی لە شوێنی وتووێژی ئاشتیخوازانە دایە بەر دەستڕێژ و بە هیوای ئەوەی کە ویست و داوکارییە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان هاوڕێ لەگەڵ تەرمی لە خوێن شەلاڵی دوکتور قاسملوو ئەسپاردەی خاک بکەن، بەڵام وای لێ نەهات و واشی لێ نایەت.

من محەممەدسەدیق کەبوودوەند وەکوو زیندانییەکی کورد، ئەو چەند دێڕە لە کاتێکدا دەنووسم کە لە ئیعتراز بە پێشێل کردنی ماف و هەڵاواردنە قەومی، ڕەگەزی و مەزهەبییەکان بۆ سەر زیندانییانی کورد، مانم لە خوارن گرتووە.



هەر لەو پێوەندییەدا بە ناوی "ڕێکخراوی بەرگریی لە مافی مرۆڤی کوردستان" تیرۆری خەباتکاری ئازادیخواز، دێمۆکراسیخواز و ماف ویستی کورد دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو لە ٢٣ ساڵ لەمەوبەر وەک جینایەتێکی مێژوویی، نەشیاو و مەحکوم و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی بە سەرجەم لقەکانییەوە پاساوهەڵنەگر، ڕەت و مەحکووم دەکەم.

تاران زیندانی ئێوین ٢٩ی ژوئەن ٢٠١٢

محەممەدسەدیق کەبوودوەند

بەرپرسی ڕێکخراوی بەرگریی لە مافی مرۆڤی کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا / ڕێکەوتی: ٨ی جوولایی ٢٠١٢

## کەبوودوەند: تیرۆریزمی نێودەوڵەتی مەحکوومە

دەقی پەیامی دووەم:

باوکی مافی مرۆڤی کوردستان لە پەیامێکدا بە بۆنەی دەیەمی پووشپەڕ، ڕۆژی مەحکووم کردنی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی لە کوردستان، تیرۆریزم، بەتایبەتی جۆری نێودەوڵەتییەکەی محکووم کردووە و داوای لە ویژدانە بەخەوەرەکان کردووە بە شێوەی بەربڵاو مەحکوومی بکەن.

تیرۆریزم و بەتایبەت تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، لەلایەن هەرکەس و هەر دەوڵەتێک، لە هەر کات و لە هەر شوێن و بەهەر مەبەستێک ڕوو بدات، کردەیەکی جینایەتکارانە و مەحکوومە.

هەروەک بۆ هەموو لایەک ڕوون و ئاشکرایە لە ماوەی دوو سێ دەیەی ڕابردوو و دوای تیرۆری دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو، ڕێبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە کاتی دانوستانی دەسکرد لە ڤییەنی ئوتریش، جێگرەکەی "دوکتۆر سادق شەرەفکەندی"یش لە برلینی ئاڵمان کەوتنە بەر گوللەی تیرۆریستە نێودەوڵەتییەکان و ئەمەش لە حاڵێک دابوو کە سدیق کەمانگەر یەکێک لە ڕێبەرانی



"کۆمەڵە"ش بە شێوەی هاوچەشن بووە قوربانی. لەو ماوەیەدا تیرۆریستانی نێودەوڵەتی لە ناوخۆ و دەرەوەی سنوورەکان دەستیان دایە تیرۆری رێبەران، فەرماندە و شۆڕشگێرانی کورد، سەدان کەس کرانە ئامانجی تیرۆری کیوێرکوێرانە، هەڵبەتە لە ناوخۆی وڵات شێوازێکی دیکە لە تیرۆریزمی نێودەوڵەتیی ناسراو بە "دەرمانخوار کردن"ی هێندێ لە رێبەرانی میللی ـ مەزهەبیی کورد بۆ وێنە ئەحمەد موفتی زادە لە زیندان و هاوفکرەکەی لە ئەردەبێڵ و مەلا محەممەد رەبێعی لە کرماشان و کەسانی دیکە لەم جۆرە تیرۆرانە نە پارێزراون.

بەناوی رێکخراوی "بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان" تیرۆری هەر کەس و کەسایەتییەک بەهەر فکر و مەبەست و بیروباوەڕێکی سیاسی، مەدەنی و مەزهەبی لەناوبردنیان بە یەکێک لە راستییە بەرچاوەکانی تیرۆری کوێرکوێرانە و جینایەتکارانە دەزانم و ئەم چەشنە کردەوە تیرۆریستییانە بەبێ پاساو و نەشیاو مەحکووم دەکەم و داوکارم هەموو ویژدانە بەخەوەرکان رۆژی بیست و دووەمی پووشپەڕ . وەک رۆژی مەحکووم کردنی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی لە کوردستان مەحکووم بکەن.

تاران: زیندانی ئێوین . ٧ی پووشپەڕی ١٣٩١

محەممەدسدیق کەبوودوەند

بەرپرسی رێکخراوی بەرگرەی لە مافی مرۆڤی کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا / رێکەوتی: ٨ی جوولایی ٢٠١٢



# کەبوودوەند بە بۆنەی رۆژی جیهانیی مافی مرۆڤەوە بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە



کەبوودوەند بە بۆنەی رۆژی جیهانیی مافی مرۆڤەوە بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوەئاژانسی کوردپا: محەممەد سدیق کەبوودوەند زیندانیی سیاسی و چالاکی مافی مرۆڤ بە بۆنەی ١٠ای دیسامبر، بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە.

نوسخەیەک لەو بەیاننامەیە کە بە ئاژانسی کوردپا گەیشتووە، تێدا وێڕای رەخنەگرتن لە چالاکانی مافی مرۆڤ لەمەڕ جیاوازی و هەڵاواردن و بەرگری لە مافی مرۆڤ، داوای لە حکوومەتی ئیسلامیی ئێران کردووە سەرەڕای رەچاو کردنی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بۆ چارەسەریی گیروگرفت و ئاستەنگەکانی مافی مرۆڤ، بە شێوەیەکی هەمەلایەنە هەنگاوی جددی هەڵبگرن.

لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەکەی کەبوودوەنددا رەخنە لەو بەیاننامە و راگەیەنداراوانە گیراوە کە بە بۆنەی رۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ بڵاو کراونەتەوە و نووسیویە: "بەداخەوە هێندێک لەو بەیاننامانە تەنیا دەبرِی هەڵوێستی گرووپ و باڵێکی تایبەت و شەبەنگێکی سیاسن" و ئاماژەی بەو بەیاننامەیە کردووە کە لەناو زیندان بڵاو کراوەتەوە و تێدا هاتووە کە گوایە گرفت و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران تەنیا پێوەندییان بە رووداوەکانی پاش جۆزەردانی ساڵی ١٣٨٨ەوە هەیە.

محەممەدسدیق کەبوودوەند جەختی لەوەش کردۆتەوە کە ئەو چەنشە بەیاننامانە بە هیچ شێوەیەک ناتوانن باس لە راستیی رەنج و ئازاری چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی ئێران وەک: ژنان، لاوان، رۆشنبیران، کرێکاران و گرووپە خەسارهەڵگرەکانی دیکە بن کەلە ماوەی زیاتر لە سێ دەیەی رابردوودا ماف و ئازادییەکانیان زەوت کراوە و تووشی ئازار و ئەشکەنجە و زیندان هاتوون

لە بەشێکی دیکەی ئەو بەیاننامەیەدا بە توندی سزاکانی ئیعدام، تیرۆر، سەنگسار مەحکووم کراوە و ئاشکرای کردووە کە نابێ ئەو





سزایانە لەسەر هیچ زیندانییەکی سیاسی، ژن و پیاوی مەزهەبی و غەیرە مەزهەبی، موسڵمان و غەیرە موسڵمان، شیعە و سوننە، کرێکار، رۆشنبیر و کەسانی ئاسایی، فارس، تورک، کورد و عەرەب، بەلووچ و تورکەمەن، لورٍ و گیلەک و مازندەرانی و هەر مرۆڤێکیتر بەڕێوە بچن.

محەممەدسدیق کەبوودوەند رۆژنامەنووس، چالاکی مافی مرۆڤ و زیندانیی سیاسیی کورد کەلە زیندان تووشی نەخۆشی هاتووە، وێڕای خراپیی رەوشی تەندروستیی کوڕەکەشی بڕیار بوو رەوانەی مورەخەسی بکرێت، بەڵام هەتا ئێستا لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتی و قەزاییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە رەزامەندی لەسەر مورەخەسییەکەی نەدراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا / رێکەوتی: ١٢ای دێسەمبەری ٢٠١٢

## کەبوودوەند نامەیەکی ئاراستەی کوردانی سووریە کرد



کەبوودوەند نامەیەکی ئاراستەی کوردانی سووریە کردئاژانسی کوردپا: ماڵپەڕی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بڵاوی کردەوە، محەممەدسدیق کەبوودوەند لە نامەیەکدا داوای لە کوردانی سووریە کردووە کە بە بزووتنەوەی دێمۆکراسیخوازی ئەو وڵاتەوە پەیوەست بن و ویستەکانیان بخەنە بەرباس.

ئەو نامەیە لە ماڵپەڕی سەرەکیی "رێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان"دا بڵاو کراوەتەوە،





دەقی نامەکە:

باوکی مافی مرۆڤی کوردستان لە نامەیەکدا روو بە کوردانی سووریە داوای کردووە بە بزووتنەوەی دێمۆکراسیخوازیی ئەو وڵاتەوە پەیوەست بن و ویستی خودموختاری و فیدراڵیزم بۆ رۆژئاوای کوردستان بهێننە بەرباس.

بۆ چالاکانی سیاسی و مەدەنی، حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان و خەڵکی رۆژئاوای کوردستان

هەروەک لە هەواڵ و راگەیەنەکانەوە بڵاو دەبێتەوە، دەسەڵاتی زاڵ بەسەر سووریە دەستی داوەتە شەڕێکی نابەرابەر بەدژی خەڵک و دژبەران و رۆژانە هەواڵی کوشتاری دەیان کەس لە هاووڵاتییانی ئەو وڵاتە بۆ بیروڕای گشتی بڵاو دەبێتەوە. ئێستا زۆربەی دەوڵەتان، رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و خەڵکی جیهان لەو راستییە ئاگادارن کە سیستمی زاڵ بەسەر سووریە ریفۆرمی تێدا پێک نایەت و بە قوربانی کردنی هەزاران کەس پێی ناوەتە رێگایەکەوە کە گەڕانەوەی نیە.

لەلایەک بەو پێیەی کە خەڵکی کورد لەو وڵاتە، لە کاتی سەربەخۆیی سووریەوە پڕ لە ژان و تاریکترین ژیانیان هەبووە و گرتنەبەری سیاسەتی گۆڕینی شوناس و بە عەرەب کردن و نەبوونی ناسنامە و بێ مافی، تەنیا بەشێک لە ژیانی پڕ لە ئازاریان بووە کە بێگومان هیچ ویژدانێکی بەخەوەری جیهان ناتوانێ بە ئاسانی پشت گوێی بخات. بە هەڵبژاردنی ئاغای "عەبدولباست سەیدا" یەکێک لە کوردانی ئەو وڵاتە وەک لێپرسراوی "شۆرای بەرگریی سووریە" و بەرەی دژبەران و بە پێی ئەو بەڵێنەی کە بۆ خودموختاری و فیدراڵیزمی رۆژئاوای کوردستان (سووریە) دراوە، پێویستیی بەشداریی بەربڵاوی خەڵکی کورد لە بزووتنەوەی دژە دەسەڵاتی سووریە پتر لە هەر کاتێکی دیکە هەست پێدەکرێت.



ئەمن محەممەدسدیق کەبوودوەند، کوردی زیندانی لە ئێران کە ئێستا بە نارەزایەتی بە کردەوە و هەڵسوکەوتی نایاسایی و هەڵاواردنی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر چالاکان و زیندانیانی سیاسیی کورد مانم لە خواردن گرتووە، بەناوی "رێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان"ەوە داوا لە هەموو چالاکانی سیاسی و مەدەنی، حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان، ژنان و لاوانی رۆژئاوای کوردستان دەکەم بە پەیوەست بوونیان بە بزووتنەوەی دێمۆکراسیخوازی و دژە داگیرکاریی وڵاتی بەلا لێدراو، ساڵانی ئازار و بێ مافی و قەلاچۆی هۆڤانەی ٢٠٠٤ی قامیشلوو وەبیر بێننەوە و بۆ خەبات بۆ خودموختاری و فیدراڵیزمی رۆژئاوای کوردستانی (سووریە) هەنگاو هەڵێننەوە.

ئاواتی من، سەرکەوتن ئازادی و دێمۆکراسی و دەستەبەر بوونیەتی بۆ خەڵکی سووریە و گەیشتنیانە بە خودموختاری و دێمۆکراسی.



محەممەدسدیق کەبوودوەند

تاران، زیندانی ئێوین . ٢٠ی ژوئەنی ٢٠١٢

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا / ڕێکەوتی: ٩ی جوولای ٢٠١٢

## کەبوودوەند: لە هەمبەر پێشێل کردنی مافی مرۆڤدا بێدەنگی نەنوێنین



کەبوودوەند: لە هەمبەر پێشێل کردنی مافی مرۆڤدا بێدەنگی نەنوێنین کوردپا: محەممەد سەدیق کەبوودوەند لێپرسراوی ڕێکخراوی پشتیوانی لە مافی مرۆڤی کوردستان بە بۆنەی ڕۆژی مافی مرۆڤ، داوای لە خەڵکی ئێران کرد کەلە هەمبەر پێشێل کردنی مافی مرۆڤدا بێدەنگی هەڵنەبژێرن.

دەقی پەیامی کەبوودوەند ڕوو بە خەڵکی ئێران:

خەڵکی بە شەرەفی ئێران

حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران چەندین ساڵە کە ماف و ئازادییە سەرەتاییەکانی خەڵکی ئێران بە نایاسایی ترین شێوە پێشێل دەکات، بە چەشنێک کە ئەمڕۆکە ئازادی، یەکسانی و برایەتی وەکوو بناغە و بنچینەی سەرەکیی مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا لەبەرچاو ناگیردرێ و مافی سروشتی و جەوهەری کە بریتین لە مافی ژیان، مافی ئازادیی ڕادەربڕین، خوێندن و خوشبەختی و مافی دیاری

کردنی چارەنووس و بە شێوەیەکی گشتی مافە مەدەنی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی خەڵکی لەو وڵاتەدا ئاشکاوانە پێشێل دەکرێت و ئەو حاڵەتە پێشێلکارییانەی کەلە ئاستی نێودەوڵەتیدا دێنە بەرباس زۆر لە ڕاستی نزیکن و شتێکن کە هەر ڕۆژە لەو وڵاتەدا ڕوو دەدەن.

لێرە دایە کە زوڵم و زۆرێکی بەرچاو لە سەرجەم خەڵکی ئێران دەکرێت و پێویستە بێدەنگ نەبین و لە هەمبەر ئەو کردەوانەدا کەمتەرخەم نەبین و بۆ وەدستهێنانی ماف و ئازادییە سەرەتایی، ئینسانی، فەرهەنگی، مەدەنی و سیاسییەکانمان ئەوەی کەلە توانامانیدا هەیە وەگەڕ بخەین و لەو پێناوەدا هەوڵ بدەین.

محەممەد سەدیق کەبوودوەند

زیندانی ئێوین: تاران ١٨ی سەرماوەزی ١٣٩٠ی هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا / ڕێکەوتی: ٩ی دیسەمبەری ٢٠١١

## کەبوودوەند: پشتیوانی لە تەڤگەرە ئازادیخوازەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بکەن



"محەممەد سەدیق کەبوودوەند" لە پەیامێک دا بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ئاشتی سەرنجی بیروڕای گشتی جیهان بۆ ویستی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بۆ گەیشتن بە دیمۆکراسی رادەکێشێ و داوایان لێدەکات یارمەتی تەڤگەرە ئازادیخوازەکانی ئەو هەرێمە بدەن.



## کەبودوەند هێمای خەباتی مەدەنی ڕۆژهەڵات

"محەممەد سدیق کەبوودوەند" سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە بەیاننامەیەک دا کە لە گرتووخانەی ئێڤینی تاران و بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ئاشتی بڵاوی کردۆتەوە باس لە ویستی دێمۆکراسی و ئاشتی خوازانەی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ڕەنج و گووشاری دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر لە سەر ئەم گەلانە دەکات و وێڕای ئاماژە بە شۆڕشەکانی ئەمدوایانە لە هەرێمەکە داوا لە بیرورِای گشتی، نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی پارێزڤانی مافی مرۆڤ دەکات کە گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە تەنیا جێنەهێڵن و پشتیوانیان لێبکەن. کەبوودوەند لە بەیاننامەکە دا دەڵێت: گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین ئارەزویی گەیشتن بە دێمۆکراسی، ئازادی، مافی مرۆڤ و ئاشتیان هەیە و بۆ ئەمەش ساڵەهایە ڕەنج دەکێشن و تا ئێستاش لە ژێر ستەم و زوڵم و زۆری بێکۆتایی دەسەڵاتدارانی زۆردار و دیکتاتۆر دان و وا شیمانە دەکرێ کە کۆتایی هاتن بەم ڕەنج و برینانە دوور لە چاوەڕوانیە. ئەگەرچی لەو مانگانەی دوایی گەلانی تونێس، میسر و لیبی نرخی گرانیان داوە بۆ ئەوەی لە ژێر ڕکێفی دیکتاتۆرەکان ڕزگاریان بێت، بەڵام ڕێگەیەکی درێژیان لەبەرە بۆ ئەوەی بگەن بە ئازادی ڕاستەقینە، دێمۆکراسی و مافی مرۆڤ" . کەبوودوەند لە درێژە دا دەڵێ:

لە کاتێک دا کە هاوڵاتیان لە وڵاتانی ئۆردۆن و بەحرەین و یەمەن هەر ئێستاش لە هەوڵی گەیشتن بە دێمۆکراسی دان و لە سووریا ڕۆژانە دەیان نەفەر دەبنە قوربانی سیستەمی تۆتالیتەر و دیکتاتۆر و لە ئێران ئێستاش مەلاکان گەل بە شایانی ئەوە نازانن کە چارەنووسیان بە دەستی خۆیان دیاری بکەن و بە هەموو شێوەیەک توندوتیژی، زیندان و سێدارە بە چالاکانی سیاسی ڕەوا دەبینن و تەنانەت مافی مرۆڤ و ئازادی و ئارەزویی ئاشتیشیان لەم وڵاتە بەند کردووە. هەر بۆیە "محەممەد سەدیق کەبوودوەند"، سەرۆکی RMMK و ڕۆژنامەوانی گیراوی کورد، داوا لە ویژدانە ئاگاکانی جیهان، بیرورِای گشتی و بە تایبەت نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاشتیپارێزان و ڕێکخراوەکانی پارێزڤانی مافی مرۆڤ دەکات کە لەم ساتە وەختە هەستیارە دا "گەلانی سەرهەڵداوی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە تەنیا جێنەهێڵن و بۆ گەیشتن بە ئاشتی، ئازادی و دێمۆکراسی و مافی مرۆڤ پشتیوانیان بکەن" .

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆوەی ڕۆژ / ڕێکەوتی: ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١١



## بە پێشنیاری کەبوودوەند، هەڵمەتێکی نێونەتەوەیی بۆ پشتیوانی لە گەلی کورد ڕاگەیاندرا




بە پێشنیاری "محەممەد سدیق کەبوودوەند"، سەرۆکی بەندکراوی ر.م.م.ک، هەڵمەتێکی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ، بۆ پشتیوانی لە مافەکانی کورد، ڕاگەیاندرا.

"محەممەد سدیق کەبوودوەند"، سەرۆکی بەندکراوی "ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان" (RMMK) لە بەیاننامەیەکی نووسراو دا کە ٢٣ی گەلاڕێزانی ڕابردوو، لە گرتووخانەی "ئێڤین"ی تارانەوە بڵاوی کردبۆوە، داوای کردبوو کە هەڵمەتێکی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ بۆ پشتیوانی لە خواستی کوردان پێکبهێنرێت و لەم ڕێگەوە هەوڵ بدرێ کە لە "مافی چارەی خۆنووسین" لە چوارچێوەی ئەم وڵاتانەی کوردی تێیدا دەژی، پەسەند بکرێ. کەبوودوەند لە بەیاننامەکەی دا دەڵێ:

لە سەر ئەو باوەڕەم کە ڕزگاری گەلی کورد لە ئازار و توندوتیژی و سەرکوت، تەنیا بە ناسین و بە فەرمی بوونی مافەکانی ئەو گەلە و پێکهاتنی میکانیسمی گونجاو بۆ گەیشتن بە ئاشتی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی کورد و گەلانی جیرانی دەستەبەر دەبێت و بۆ ئەم یەکەش دەبێ ڕەنج و ئازارەکانی گەلی کورد بە گوێی دنیا بگات و داوای هاوکاریان لێ بکرێ و هەوڵ بدرێ پشتیوانی خەڵکانی ئاشتیخوازی جیهان بۆ دۆزی کورد وەربگیرێ.

سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، لە بەیاننامەکەی دا هەروەها، وەدیهاتنی داوا ڕەواکانی کوردی تەنیا لە ڕێگەی ئەنجامی ڕێفراندۆمی ئازاد و دێمۆکراتیک لە لایەن گەلی کورد و لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کە تێییدا دەژین، دەستەبەر دەبێ و هەر



سەرچاوە
Serchawe





بۆیەش داوای کردبوو لە رێگەی ئاشتیانە و بە دوور لە توندوتیژی و بە رەچاوکردنی یاسا جیهانیەکان و بە بنەماگرتنی جارنامەی جیهانی ماڤەکانی مرۆڤ و لەوەش گرینگتر پشتیوانی هەموو لایەنێک، هەڵمەتێک بەم بۆنەوە راپگەێندرێ. هەر لەم چوارچێوە دا، ماڵپەری ر.م.م.ک، هەڵمەتێکی واژۆکۆکردنەوەی بەم بۆنەوە راگەیاند و داوای لە هەموو هاولاتیان کردووە کە بەشداری ئەو هەڵمەتە بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەری ناوەندی نووچە و شرۆوەی رۆژ / رێکەوتی: ٥ی دێسەمبەری ٢٠١١

---

## کەبوودوەند: با رۆژی ٢٢ی پووشپەڕ بکرێ بە رۆژی سەرکوتی تیرۆریسمی دەوڵەتی



محەممەد سەدیقی کەبوودوەند، سەرۆکی بەندکراوی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە زیندانەوە پەیامێکی بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور عەبدورەحمان قاسملوو و هاورێیانی بڵاو کردۆتەوە و

تێیدا تیرۆریسمی دەوڵەتی لە کوردستان و مانگی سەرکوتی نارەزایەتیە مەدەنیەکانی خەڵکی کوردی مەحکووم کردووە.

کەبوودوەند لە پەیامەکەیدا هەم وەک خۆی و هەمیش وەک رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان دەڵێ کە دەبێ رۆژی ٢٢ی پووشپەڕ بکرێ بە رۆژی "سەرکوتی تیرۆریسمی دەوڵەتی لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە".

دەقی پەیامەکەی کەبوودوەند بەو شێوەیەیە:





لە رۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ٢٢ ساڵ پێش ئێستا دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو، سکرتێری ئەو کاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بۆ دانوستان لە گەڵ یەکێک لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە ئاپارتمانێکی شاری ڤیەنی پێتەختی ئۆتریش کۆ ببۆوە، کەوتە بەر پەلامارێکی تیرۆریستی و لە گەڵ دوو هاوڕێی دیکەی گیانیان لە دەست دا، ئەوەش لە کاتێک دابوو کە نێردراوەکەی کۆماری ئیسلامی برینێکی ئەوتۆی هەڵ نەگرت.

لەو کردەوە جینایەتکارانەیدا کە پێشتر گەڵاڵەکەی دارێژرابوو، دەستی تیرۆریستەکان لە قۆڵی دەوڵەتێکی رەسمییەوە هاتبوونە دەرێ، سەرەڕای ئەوەش کە لە دوای ئەو پەلامارە تیرۆریستیە دیسانیش رووداوە جینایەتکارانەکانی دیکەش هاتوونەتە پێش، بەڵام کردەوە گەلێکی لەو چەشنە نموونەی هەرە بەرزی تیرۆریزمی دەوڵەتین.

بە بڕوای خۆم و هەروەها لە روانگەی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانەوە تیرۆر کردەوەیەکی کوێرانە و دوژمنکارانەیە و ئەنجامدانی لە هەر شوێنێک، لە لایەن هەر کەسێکەوە و هەر ئامانجێکیش کە لە پشتی بێ، جێی پاساو هێنانەوە نیە و کردەوەکان و شێوازەکانی ئەنجامدانی جیا لە هێزە پاڵنەرەکانی بکەرانی، کردەوە گەلێکی تاوانبارانەیە و بە توندترین شێواز رەت کراوەتەوە و مەحکووم دەکرێ.

من بۆ خۆم لەو بڕوایە دام کە رۆژی ٢٢ی پووشپەڕ بکرێتە رۆژی"سەرکوتی تیرۆریسمی دەوڵەتی لە لایەن کۆمەڵگای مەدەنی" و سەرەڕای ئەوش مانگی پووشپەڕ ببێتە مانگی"دەربڕینی بێزاری گشتی لە سەرکوتەکانی دەوڵەت"، چونکی لەو مانگەدا و لە ساڵی ١٣٨٤ نارەزایەتی مەدەنیی خەڵک لە سەرانسەری کوردستان بە توندترین شێوە سەرکوت کرا، تا ئەو جێگایەی کە دەیان کەس لە خەڵک کوژران و بریندار بوون و هەروەها بە سەدان کەسیش قۆڵبەست کران.

بەو پێیە بانگهێشتی خەڵکی کورد لە پارێزگاکانی، ئیلام، کرماشان، کوردستان، ورمێ، هەمەدان، لۆڕستان و خۆراسانی باکوور دەکەین کە هاودەنگ لە گەڵ رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، کەڵکوەرگرتن لە تیرۆر لە لایەن دەوڵەت و تیرۆریسمی دەوڵەتی و هەروەها سەرکوتی نارەزایەتیە مەدەنی و ئاشتیخوازەکانی خەڵک لە لایەن دەوڵەتەوە مەحکووم بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی: ٥ی جوولای ٢٠١١



# رەخنە توندی کەبوودوەند لە ئۆپۆزیسیۆنی غەیرە کورد لە زیندانەوە



سەرۆکی بەندکراوی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە تازەترین لێدوانی دا کە لە زیندانی ئێوینی تارانەوە داویەتی، جارێکی دیکە جەختی لە سەر پەرەپێدان بە خەباتی مەدەنی و هێمنانە دەکاتەوە و هاوکات رادەگەیەنێ کە بە سەرنجدان بە گوێنەدانی کاربەدەستانی ئێرانی بە خواستەکانی گەلی کورد، ئەم گەلە ناچارە بۆ گەیشتن بە مافەکانی، لە رێگای خەباتی مەدەنی و ئاشتیخوازانە و تەنانەت بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم بە مەبەستی دیاری کردنی چارەنووس، داوای یارمەتی لە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و ناوچەیی و دەوڵەتە ئازادەکان بکا.

لە سەرەتای ئەو پەیامەدا دا هاتووە کە گەلی کورد چەندین دەیەیە بەرەورووی زەبروزەنگ، تیرۆریسمی دەوڵەتی، هەڵاواردن و بێ مافی بۆتەوە و ئەوەش لە حاڵێک دایە کە ژان و ئازارەکانی ئەم گەلە لە گەڵ بێدەنگیی ئەوانەش بەرەوروویە کە خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆنی حکومەت دەزانن. لە راستی دا سەرکوتی دەوڵەت بۆ سەر گەلی کورد بە پێی رەواڵ لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی غەیرە کوردەوە بە شتێکی ناگرینگ چاوی لێ دەکرێ و ئەوان لە حاندی دا بێدەنگی هەڵدەبژێرن. ئۆپۆزیسیۆنیش وەک حکومەت بە چاوێکی خۆ بە زلزانیەوە چاو لە پرسی کورد دەکەن و ئەم گەلە بە شایانی مافەکانی خۆی نازانن یان بە روانگەیەکی پڕ لە هەڵاواردن، داوای مافەکانی کورد بە زێدەخوازی دەزانن. لە راستی دا ئۆپۆزیسیۆن نەک تەنیا هەڵوێستێکی روونی لە بەرامبەر خواستەکانی گەلی کورد دا نەبووە بەڵکوو پەرە بە شەپۆلی ترسان لە کورد و تۆمەتبار کردنی بە جیاییخوازی دەدەن و ئۆپۆزیسیۆن لە ماوەی چەندین دەیەی رابردوو دا تا ئەمڕۆ هاوڕێیەتی یان لانیکەم هاوخەمییەکی ئەوتۆی لە گەڵ گەلی کورد پیشان نەداوە.



له درێژەی پەیامەکە دا هاتوە هەر بۆیە گەلی کورد ئەمڕۆ ناچارە هەروا بە شێوەی مەدەنی درێژە بە خەباتی خۆی بدا. لە وەها هەلومەرجێک دا دەکرێ بڵێین ئەمڕۆ خەڵکی کورد لە ئێران لە بوارەکانی حقوقی و سیاسیەوە شایانی ئەوەیە بزوتنەوەیەکی نوێ، مەدەنی، ئاشتیخوازانە و سەربەخۆ بە مەبەستی دەستەبەرکردنی مافە بنەڕەتیەکانی خۆی و لەوانە مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی ڕێک بخا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٣١ی جوولای ٢٠١١

---

## پەیامی محەممەد سەدیق کەبوودوەند، سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، بە بۆنەی شەشەمین کۆنگرەی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد ـ ئورووپا




دۆستان و هاوکارانی بەڕێزی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد (ئورووپا) پیرۆزبایی بەڕێوەچوونی شەشەمین کۆنگرەی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد (ئورووپا) لە هەموو ئەندامانی بەڕێزی ئەم ڕێکخراوە و هەروەها لە خەڵکی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دەکەم و لەوەیکە فرسەت و ئیمکانی بەڕێوەجوونی کۆنگرە و کۆبوونەوەی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە تەنانەت لە دەرەوەی کوردستانیش هاتۆتە دی، خۆشحاڵیی خۆم دەردەبڕم. بێگومان کوردستان و گەلی کورد کۆمەڵێک برینی قووڵی چەوسانەوە، دابەشکران، دەستدرێژیی و ڕق و تووڕەیی سەرکوتکەرانی لە ڕابردووی دوور و نزیک بە جەستەوەیە و ئەمڕۆش بە خۆڕاگریی لە بەرامبەر هەموو چەشنە بێبەشکرانێکی سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری و بێبەشیی لە لانیکەمی مافەکانی مرۆڤ، کەوتۆتە بەر پەلاماری گەلێک توندوتیژیی و هەڕەشە و سەرکوت. زۆر بەداخەوە لەم هەلومەجەدا دەبێ بڵێین کە مافی مرۆڤ و ئازادییە ناسراوەکانی مرۆڤ ، گەورەترین ئاستی پێشێلکران و ژێرپێخرانی خۆیان تەجرەبە دەکەن. سەرچاوەی نیگەرانییەکانی ئێستای ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بریتیین لە بەردەوامبوونی





بێبەشیی خەڵک لە مافەکانی سیاسی و فەرهەنگی، بەردەوامیی هەڵاواردنەکان و سەرکوتی سیستەماتیک لە هەر دوو بەشی باکوور و رۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەت لەسێدارەدرانی سیاسییەکان لە رۆژهەڵات، هاوکات تێکهەڵچوون و پێکدادانی خوێنینی ناوخۆیی سووریە و هێرشی گرووپە چەکدارەکان بۆ سەر خەڵک و هێزە سیاسییەکانی کورد لە رۆژئاوای کوردستان. هەر بۆیەش لەسەر ئەم باوەڕەین کە ناوەندەکان و چالاکوانانی مافی مرۆڤ پێویستە لەم بووارانەوە هاوکاری و تێکۆشانی هاوبەشییان هەبێت و زۆر شێلگیرانەتر و چالاکتر لە پێشوو کار بکەن. ئێمە پێمان وایە کە هاودەنگیی و گرتنی هەڵوێستی هاوبەش لەگەڵ ڕێکخراو و ناوەندەکانی مافی مرۆڤی کورد لە بەرامبەر پێشێلکاریی مافی مرۆڤ، کە بێگومان نیگەرانیی هاوبەشی هەموومانە، پێویستییەکی هەنووکەییە. لەم ڕووانگەوە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان وێڕای پیرۆزبایی دووبارە بە بۆنەی گرتنی کۆنگرەی ساڵانەی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد (ئورووپا) و هیوای سەرکەوتن بۆ تێکۆشەرانی ئەم ڕێکخراوە، لە هەموو ناوەندەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان دەخوازێت کە لەسەر هۆکارەکانی پێویستیی هاوئاهەنگی و هاوهەڵوێستییمان خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنیان هەبێت.

محەممەد سەدیق کەبوودوەند

سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان

زیندانی ئەوین/ تاران ئۆکتۆبری ٢٠١٣

سەرچاوە: ماڵپەڕی کورد زانست/ ڕێکەوتی: ٢٠ی جانێویری ٢٠١٤



## محەمەد سدیق کەبوودوەند:

## من تەنیا تێکۆشەرێکی مافی مرۆڤم!



کوردوەند: ناوەندی هەواڵنێریی بنەماڵەی کەبوودوەند.

محەمەد سدیق کە بوودوەند، لە نووسراوەیەکیدا کە بەم دواییانە لەزندان بۆ دەرەوەی ناردووە، بەرپەرچی ئەو نووسینە نارەوا و بۆختانانەی داوەتەوە کە لە لایەن چاپەمەنیی پڕ لە درۆ و چەواشە و بیری رەگەزپەرستییەوە سەبارەت بەخۆی و بنەماڵەکەی و رێکخراوەی مافی مرۆڤی کوردستان بڵاوکراونەتەوە و، بەخەیاڵ و بڵاڤۆکی درۆ نێویبردوون . دەقی نووسراوەکە بەم جۆرەیە:

پاش نووسینی ناوی من (محەمەد سدیق کەبوودوەند) لە لیستی کاندیداکانی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل - ساڵی ٢٠١١، کۆمەڵێک بڵاوکراوەی ساختە، کە پیشەیان پەرەپێدانی درۆ و فریوکاری و بیری رەگەزپەرستییە، بەشێوازێکی سەیروسەمەر، دیسان من و بنەماڵەکەم و ئەندامانی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانیان داوەتە بەر هێرش و بوختانی نارەوا. ئەم راگەیەندراوانە، هەموو یاسا و پێوانەیەکی مرۆڤییان خستووەتەژێرپێ و، لەنووسینەکانیاندا، لە من وەک تێکۆشەرێکی مافی مرۆڤ ناونابەن، بەڵکو خەبات و چالاکیی منیان گرێداوە بە پارت و رێکخراوەی سیاسی و تەنانەت چەکدارییەوە. ئەم راگەیەندراوانە، لەگەڵ ئەوەی کە پێوەندییان بەدەزگەی ئاسایش و پاراستن ودادپرسییەوە هەیە، لێ هیچ هەوڵێکیان نەداوە بۆ ئەوەی ئەم بوختانانە دراونەتە پاڵ من، تۆزێک خۆیان ماندوو بکەن و لێکۆڵینەوەیەکی بچووکی لەسەر بکەن.





بەباوەڕی من، ئەم ڕاگەیەندراوانەی کە بەئاسانی یاری بە کەسایەتی و ئاوڕو و شەرەفی خەڵکەوە دەکەن، بۆخۆیان بێ ئاوڕو وبێ ڕەوشت و بێویژدانن. ئەوی کە ئەمانەی وا تووشی ترس و دڵەڕاوکە کردووە و، ناچاریکردوون ئەم درۆ و بوختانانە بڵاوبکەنەوە ئەوەیە، دەترسێن، خەڵاتی ئاشتی نۆبێل بە کوردێک و بە ئێرانییەک ببەخشرێت کە سەبارەت بەپرسی مافی مرۆڤ بەندکراوی هەڵوێستیەتی. من تەنیا تێکۆشەرێکی مافی مرۆڤم و خەڵکیش بەم ناوەوە من دەناسن، بەڵام ئەم ڕۆژنامە و ڕاگەیەندراوانەی کە بەرپرس و خاوەنەکانیان لەریزی سەرکوتکەران و شکەنجەکاران و، پێشێلکارانی مافەکانی خەڵکی ئێران و مافی مرۆڤن، چاوەڕوانی لەمە باشتر لێناکرێت لێیان. خاوەنەکانی بڵاوکراوەی درۆ و فریو و ڕەگەزپەرستیی، ڕەنگە مافی ئەوە بەخۆ بدەن، من وەک پارێزەری مافی مرۆڤ نەناسن، لەوانەیە ئەو کەسانە بەپارێزەری مافی مرۆڤ بناسن کە خەڵکی ئێران، خەڵکی کورد، خەڵکی تورک، عەرەب، بەلووچ و تورکمانیان سەرکوتکردووە. ئەمانە، کەسانێک بەشیاوی وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل دەزانن کە لە "قاڕنە" و "قەڵاتان" ئەو قوڵاچۆ سامناکانەیان ئەنجامدا. ئەو کەسانە بەشیاوی وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل دەزانن کە ساڵی ١٣٦٧ای هەتاوی هەزاران گیراوی سیاسی و، دەیان ڕێبەری ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لەنێوخۆ و لەدەرەوەیان لەنێوبرد. ئەمانە کارگێڕانی تێرۆرەکانی زنجیرەی و ئەنجامدەرانی بێسەروشوێنکردنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و ئاینی و، یەخسیرکردنی ئازادی و ئاسایشی تاک و تێکڕای مرۆڤی ئێران بەشیاوی وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل دەزانن. بەڵێ، ئەمانە سەرپەرشتکارانی گوللەبارانکردن و تێرۆریستەکانی دەوڵەتی و شکەنجەکاران بەشایستەی وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل دەزانن. ئەگەر وایە، وەرنە مەیدان!!

٦ی مرداد ١٣٩٠ - تاران - زندانی ئوین

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمڕۆ / ڕێکەوتی: ١١ی ئاگۆستی ٢٠١١

## داوای بنەماڵەی صدیق کەبوندوەند لە ٥ کەسایەتیی بەناوبانگی جیهانی بۆ پشتیوانی کردنیان لە کەبودوەند




بنەماڵەی محەممەد سەدیقی کەبوودوەند، دامەزرێنەر و سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە نامەیەک دا کە بۆ ژمارەیەکی بەرچاو لە براوەکانی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل ناردراوە،

داوایان کردوە کە ئەو کەسایەتییانە پشتیوانیی خۆیان لە کاندیداتۆریی محەممەد چدیق کەبودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی ساڵی ٢٠١١ دەرببڕن.

ئەو نامەیە کە بۆ هەر کام لە نێلسۆن ماندێلا، دالایی لاما، شیرینی عیبادی، ئان سان سوچی، باراک ئۆباما و ژمارەیەکی تر لە براوەکانی خەڵاتی نۆبێل لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو نێردراوە، داوایان لێ کراوە تا پشتیوانی خۆیان بۆ کاندیداتۆریی محەممەد سەدیقی کەبودوەند دەرببڕن کە هەر ئێستا لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەر تێکۆشان بۆ دەستەبەر کردنی مافە ئینسانیەکانی خەڵکی کورد بەند کراوە.

لەو نامەیەدا ئاماژە بە کەسایەتیی محەمەد صدیق کەبودوەند و هۆکاری دەسبەسەر کران و دادگاییە نادادپەروەرانە و ئەو حوکمە سیاسی، نەک قەزاییە کراوە کە بە سەر ئەو دا سەپێندراوە.
هەر لەو نامەیەدا ئاماژە بە بارودۆخی محەمەد صدیق کەبودوەند لە زیندان و پیرانەگەیەشتنی بەرپرسانی زیندان بە سلامەتیی ناوبراو کراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢١ی دیسەمبەری ٢٠١٠

## ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە وتووێژ لەگەڵ محەممەد سەدیقی کەبوودوەند دا




***محمەد چاوشین:** لە ١٨ ی دیسامبری ساڵی ٢٠٠٦ چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیم لەگەڵ سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان (محەمەد سدیق کەبوود وەند) سازکرد و دەقی ئەو چاوپێکەوتنەش لە ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) ئۆرگانی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان بڵاو کردەوە.*

*ئەو چاوپێکەوتنە ئەگەرچی لەو ڕۆژنامەیەی چاپی باشوری کوردستاندا بلاو کراوەتەوە بەڵام لەهیچ سایت و بڵاو کراوەیەکی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو نەکراوەتەوە، بۆیە بەپێویستی دەزانین جارێکی تر بڵاوی بکەینەوە.*

***ڕێگای کوردستان:** ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان کە ی دامە زراوە و مە بە ست لە دامە زراندنی چی بوو؟*

***محەمەد سدیق کەبوود وەند:** هزری دامەزراندنی ڕێکخراوە کەمان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٩٣.*

*ئەو کاتە من بە هاوکاری ژمارەیەک لە دۆستانی غەیری کوردم بۆ گەشەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ ڕێکخراوێکمان لە شاری تاران دامەزراند. شیلگیر بوون و پێداگری من لە سەرزەق کردنی" لایەنی مافی مرۆڤی" لە و ڕێکخراوەیەدا پاش ماوەیەک کە ئەم سازیە تێک چوو و بڵاو بوو، هانی دام کە سازییەکی کوردستانی ئاوا بکەم. پێشێل کاری و بن پێ کردنی زەق و ئاشکرای مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان، سزای لە سێدارە دانی سیاسی، و حوکمی قورس و گرانی زیندان بۆ چالاکانی سیاسی و ئەندامانی لایەنە سیاسی و*



کوردیەکان، بایکۆتی راگەیاندنی کوردستان لە لایەن ڕاگەیاندنە کانی نزیک لە کۆماری ئیسلامی، بونی ترس و خەوف لە نێو گەلدا و سانسۆری بێ سنووری گۆڤارە کوردیەکان لە لایان خۆیانە وە، پێداویستی دامەزراندنی رێکخراوێک بۆ لە قاودانی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و بن پێ کردنی مافەکانی گەلی کورد ی زۆرتر بەرجەستە دەکرد. ئیمە کار و باری خۆمان بە دەرکردنی رۆژنامەی "پەیام مردم" دەست پێ کرد.

حەوتوو نامەی[ پەیامی مەردم] بە درێژایی تەمەنی خۆی بە بڵاو کردنەوەی وتار سەبارەت بە" مافە کانی مرۆڤ، مافە کانی ژنان، و مافەکانی گەلی کورد" هەوڵی دارِشتنی بناغەیەک بۆ سازیەکی مافی مرۆڤی دا. بەڵام داخستنی خێرای حەوتوونامە کە لە لایەن دادگاوە کە لە سەر سکاڵای وەزارەتی ئیتلاعات بوو، تا ئاستێکی زۆر هزری ساز کردنی رێکخراوی مافی مروڤی کوردستانی، خستە ئاراوە.

وێرای روبەروبونەوە لەگەڵ ئەم کێشانە لەگەڵ هەندێک لە دۆستان لەدەسپێکی ساڵی ٢٠٠٦ دا لە تاران چەندین کۆبوونەوەمان سازکرد و لەدوای لێکۆلینەوەلەسەر هەموو لایەنەکان، رێکخراوی مافی مروڤی کوردستان مان بنیاد نا کەبەپرۆگرامێکی یەک سالە لە[٩ئاوریلی ٢٠٠٦ ]بەشێوەیەکی رەسمی خۆی ناساند.

هەروەها منیش وەکو بەرێوەبەر و وتەبێژی رێکخراوەکە ناسێندرام.

ئامانجی رێکخراوەکە" هەولدان بۆ وەدی هاتنی هەموو مافەبنەرەتەکانی پەسەند کراو لە جارِی گەردوونی مافی مروڤ و پەیمانە نێو نەتەوەیی پراکتیزە کردنی پرۆتۆکۆلە چەسپێندراوەکان . هەروها ئیفشای پێشێل کارییەکانی مافی مروڤ لە ناوچە کورد نشینەکانی ئیران لەئامانجەکانی ئەو رێکخراوە یە.

**رێگای کوردستان: هاوکاری دارایی و ماددی ئەو ریکخراوەیە لە لایەن چ کەس و لایەنێکەوە دابین دەکرێت؟**

محەمەد سدیق کەبوود وەند: ریکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان دارایی و یان ئیمکاناتێکی ماددی نییە.

ئەو ریکخراوەیە بۆ کرێ کردنی شوێنێکی تایبەت بۆ نووسینگەی ناوەندی خۆی و یان خوود دەر کردنی گۆڤار یان پەرتووک، ئاستەنگی و کێشەی جیددی دارایی هەیەو تا ئیستا هیچ ناوەند یان گروپێک، یارمەتی نە داوین و تەنانەت زۆرینەی باری مالی بۆ کارو باری ئەم ریکخراوەیە کەوتۆ تەئەستۆی من و شۆرای باڵای ریکخراوەکەمان.

**رێگای کوردستان: ئایا دەولە تی کۆماری ئیسلامی کێشە وگرفت بۆ ئەم رێکخراوە یە ساز دە کات ؟**





محەمەد سدیق کەبوود وەند: بە پێی یاساکانی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، رێکخراوە سیاسیيە کان و پارتەکان دەتوانن ئیزنی تێکۆشان وەربگرن. و بەتایبەتی پێداگرێ کی زۆرتر لە سەر پارتە سیاسیەکان دەکرێ. ئەو پارتانە کە خوازیاری بەشداری لە دەستەڵات دەکەن. وێرای ئەوەش ئێمە دەبینین چەندین پارتی چالاک کە رۆلی ئۆپۆزیسیۆنی ئێو خۆیی یان هەیە بەبێ ئیزنیش چالاکی دەکەن.

لە لایەکی ترەوە بۆ ئۆرگانە غەیری دەوڵەتیەکان و غەیرە سیاسیەکان، پێویست ناکات کەئیزنی رەسمی وەربگیرێت.

سەرەرای ئەوەش لەو دوایانەدا بەرپرسانی حکومەتی تەئکیدێکی زۆریان هەیەکەتەنانەت ئەم سازیانەش دەبێ ئیزنی یاسایی وەرگرن، بەڵام لەیاساکان دا تەئکیدێک بۆ ئەمە لە ئارا دا نیە. بە هەرحال ئێمە لەسەر ئەساسی ئەم پارادۆکسانە و لەسەر ئەو بنەمایە کەیاساکانی ئێران، بە تایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ مافەکان و ئازادیەسەرەکیەکان، بەگشتی دورە لە پێوانەکانی جیهانی مافی مرۆڤ و هەروەکو لەکاتی دامەزراندن و وتو وێژەکانی تریشمان رامانگەیاندووە، ئێمە زەرورە تێک بۆ وەرگرتنی ئیزنی یاسایی نابینین وەخوازیاری ئەوە نین. هەلبەت ئەگەری ئەمە هەیە کە کارو باری ئێمە بەبۆ چوونی هەندێک لە بەرپرسان لە دەرەوەی یاسادا بێت. بەڵام راستی ئەوەیە کە ئێمە بوونمان هەیە و زۆر چالاکین و هەبوونی رێکخراوی ئێمە لە پراکتیک دا پەسند کراوە.

سەرە رای ئەمانەش، ژمارەیەک لە ئەندامانی ئێمە زیندانی کراون و سزایان دراوەتێ بەڵام لەراستی دا خالی پۆزێتیو ئەوەیەکە ئەو ئەندامانە تا ئێستا بە هۆکاری ئەندامێتی لەم رێکخراوە یە دا سزا نەدراون و هۆکاری تری هەبووە.

هەلبەت چەند جار سایتە ئینتێرنێتەکانی ئێمە، فیلتێر کراون یان خۆد هێرشیان کراوەتە سەر.

تەنانەت خۆشم، تا ئێستا زۆرتر لە ١٥٠ وتوویژی رادیۆیی و راگەیاندنم هەبووە. کە روون و ئاشکرایە کەسەرجەم وتووێژەکان و داخۆیانیەکانمان لەچاوی ناوەندە ئاسایشیەکان شاراوە نەماوەتەوە.

شایانی باسە کە لەم دوایانەدا سزای ١ ساڵ زیندان بۆ من پەسند کراوە و لە منیان ویستوە کە خۆم هەرچی زووتر بەدادگا و زیندان بناسێنم بەڵام ئەو سزایە دەگەرێتەوە بۆ پەروەندەی (پەیامی مردم) کە لەوێدا بە ٥ ساڵ دور خستنەوە لەکاری رۆژنامەوانی مەحکوم کراوم.

سەرجەم ئەمانە راستیەکانی بەرامبەر بەئێمەن.

**رێگای کوردستان: ئێستا بارو دۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستان چۆنە؟**



محەمەد سدیق کەبوود وەند: لە ٢ ساڵی رابردوو دا زۆرتر لە ١٢ سزای لە سێ دارەدانی سیاسی و ئاسایشی مان هەبوە. زیاتر لە ٢٠ هاوڵاتی لەئاکامی پەلاماری هێزەکانی ئینتزامی و ئاسایشی ئیران لە سەر سنور و نێو جاددەکان کوژراون.

زیاتر لە ٢٠٠٠ هاووڵاتی کورد بۆ ماوەیەکی کورت یاخود کاتی دەست بەسەر کراون. بە سەدان نمونەی دەست بەسەر کردنی هاووڵاتیان بەبیانووی جوودا جوودای سیاسی و هەر وەها پەیوەندی لە گەڵ پارتەکوردیەکان و پروپاگاندا لەدژی ڕژیم، بەدەستی دام و دەزگا دادوەری و ئاسایشی کان پێک هاتوە.

بەداخەوە ئەم ڕەوتە بەردەوامە و درێژەی هەیە؛ هەڵبەت[ لەسێدارەدانی سیاسی - لەبەند کردنە درێژ خایەنەکان یا زیندانی هەتا هەتاییەکان] کەمتر بۆتەوە.

بەلام بەگشتی ڕەوتی پێشیل کارێکانی مافی مرۆڤ بۆ وینە پێشێل کردنی ئازادیە سیاسیەکان و ئاستەنگ کردنی چالاکی سیاسێکان - پێشیل کردنی ئازادی ڕامان و دەربڕین - نووسین و چاپەمنی، لەلایەن دامو دەزگا دەولەتیەکان دا لە ئاستێکی بەربلاو دا پێک دێت. لەلایەکی ترەوە پێشیل کردنی مافەکانی ژنان کەخۆکوژی و خۆ سووتاندن لەبەرهەمە بەرچاوەکانێتی لە لایەن کومەڵگاوە بەدەستی هاووڵاتیان پێک دیت.

ڕێگای کوردستان: ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بۆ بەر بەرەکانیکردن لەگەڵ پێشێل کارێکان چ کاریک دەتوانێ بکات؟

محەمەد سدیق کەبوود وەند: ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان پێکهاتەیەکی غەیری دەولەتیە کە لەسەر بنەمای پاراستنی مافەکانی مرۆڤ پیک هاتوە.

ئەم ڕێکخراوەیە هەروەک هەموو ڕێکخراوەکانی تری پارێزەری مافی مرۆڤ لەهەمبەر پێشیل کارییەکاندا هەڵوێست دەگرێت. هەروەها پێشیلکاریەکان بۆ ڕای گشتی لە کوردستان و ئیران و جیهان ئاشکرا دەکات.

تا ئیستا " زیاتر لە ٥٠٠ ڕاپورت" لە لایەن هەواڵنێرانی ڕێکخراوەکە بۆ بەرپرسانی حکومەتی و دەولەتی، دام و دەزگا دادوەری و ئاسایشێکان و بۆ ڕای گشتی بەرێ کراوە.

سەرەڕای ئەوە" زیاتر لە١٢٠ لێدوان " لە لایەن ئەو ڕێکخراوەیە بۆ ڕێکخراوە ناونەتەوە ییەکانی مافی مرۆڤ لەسەرتاسەری جیهان ناردراوە.

پە یوەندی ئێمە لەگەڵ رێکخراوەکانی تری مافی مرۆڤ بەردەوامە و دابین کردنی پارێزەر بو ئەو کەسانەی کە لە دادگا و دام و دەزگاکانی دەولەتی لەکێشە دەکەون لە ئامانجەکانی ئیمەیە.

هەر وەها زیاتر لە ١٥٠ وتووێژ لە سەر رسوا کردنی پێشیل کارێکانی مافی مرۆڤ لەگەڵ رادیو و تەلەفیزیونەکان و رۆژنامەکان، لە زنجیرە رئاکسیونەکانی ئیمەیە کەلە هەمبەر پێشیل کارێکانی مافی مرۆڤ لەکوردستان دا پیک هاتوە.

هەڵبەت ئێمە بۆ پەرەپێدانی چالاکیکانی رێکخراوەکەمان و بەرگری کردنێکی بەربلاوتر و کاریگەرتر، لەمافەکانی گەلی کورد چەندین پرۆژەمان بەدەستە کە هێدی هێدی پراکتیزەیان دەکەین.

لە رۆژهەڵات تایمز وەرگیراوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژ پریس / رێکەوتی: ٢٥ی مەی ٢٠١٢

# کەبودوەند: "بوونی هەندێ رێکخراو لەمەنفا بۆتە بیانوو بۆ روبەڕوبونەوە لەگەڵ چالاکڤانە سەربەخۆکان"/ دیمانە: سەلاحەدین بایەزیدی



## دوایین چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانی لە گەڵ محەمەد سەدیقی کەبودوەند

رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان (RMMK) رۆژی ۹ی نیسانی ساڵی ۲۰۰۵ لەئەنجامی هەوڵەکانی محەممەد سەدیقی کەبودوەند لەکوردستانی ئێران دامەزراوە و ناوەندە سەرەکییەکەی لەتارانی پایتەختی ئێرانە. ئەم رێکخراوە، وەک کەبودوەند باسی دەکات رێکخراوێکی مەدەنی و ناسیاسییە و لەپێناو دابینکردن و سەقامگیرکردنی مافە بنەڕەتیی و ئازادییە سەرەتایی و مرۆییەکان لەکوردستان و ئێراندا تێدەکۆشێت. ناوەڕۆکی چالاکیی و ئامانجەکانی ئەم دەزگایە هەروەک لەمادەی (۳)ی پەیڕەوی ناوخۆی رێکخراوەکە دا ئاماژەی پێکراوە برییتییە لەپاراستن و رێزگرتن لەمافە بنەڕەتیی و ئازادییە سەرەکییەکان کە لەجاڕی گەردونی مافی مرۆڤ و پەیماننامە و کنوانسیۆنە نێونەتەوەییەکاندا پێناسەیان بۆ کراوە، هەوڵدەدات بۆ بەڕێوەبردن و پاراستنی بێمەرجی مافی مرۆڤ، راهێنان، پەرەپێدان و هاندان بۆ رێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ، پێشخستنی پەیوەندییەکان و هاوکاریی دۆستانە لەنێوان گەلانی ئێران لەسەر بنەمای یەکسانی ماف. جگە لەمانەش تێدەکۆشێت لەپیناو نەهێشتنی هەڵاواردن و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و رێزگرتن لەمافی ئۆتۆنۆمی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکانی ئێران.



ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لەماوەی دوو ساڵ چالاکیی خۆیدا، سەدان ڕاپۆرت و هەواڵی سەبارەت بەپێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەکوردستاندا بڵاو کردۆتەوە کە بەگوێرەی ئەم ڕاپۆرت و هەواڵانە، دەستگیرکردنی هەزاران کەس، دادگایی و زیندانیکردنی سەدان کەس، لەسێدارەدان و کوشتنی دەیان کەس و هەروەها خۆکوشتن و خۆسوتاندن خراوەتە بەردەم ڕای گشتی.

محەمەد سەدیق کەبودوەند سەرۆک و وتەبێژی ڕێکخراوەکە لەم دیمانەیەدا دەڵێت هەوڵدەدەین لە پێناو نەهێشتنی ڕەجمکردنی تاوانباران، نەهێشتنی حوکمی لەسێدارەدان و ئازادکردنی زیندانییە سیاسیەکان و لەم پێناوەدا لەگەڵ چەندین ڕێکخراوی تری مافی مرۆڤ لەئێران هاوکاریمان هەبوە و کەمپینی هاوبەشمان بەڕێوە بردوە.

دوایین بانگەوازی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان ڕاگەیاندنی سێ ڕۆژ، مانگرتنی سیاسی بوو لەکوردستان لەڕۆژانی ١٨، ١٩ و ٢٠ی ژانوییەی ئەمساڵدا وەک کاردانەوەیەک لەبەرامبەر پێشێلکارییە بەرفراوانەکانی مافی مرۆڤ لەکوردستان کە لەلایەن خەڵکی کوردستان و بەتایبەت خوێندکاران و مامۆستایانی زانکۆ و ئەحزاب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد لەناوخۆو دەرەوە پێشوازی لێکرا.

ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەیە کە ژمارەیان سەدان کەس تێپەڕ دەکات بەشێوەیەکی خۆبەخش کار دەکەن و سەرجەم گروپ و کۆمیتەکانیش لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی سەرۆکی گشتی ڕێکخراوەدا، بەڕێوە دەبرێن. محەممەد سەدیق کەبودوەند خاوەن ئیمتیاز، بەڕێوەبەر و سەرنووسەری ڕۆژنامەی "پەیامی مردم"ە. ئەو ڕۆژنامەیەی دوای ١٣ ژمارە و لەئەنجامی سکاڵایەکی وەزارەتی ئیتڵاعات ڕاوەستێنرا.

* دوو ساڵ بەسەر دامەزراندنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستاندا تێدەپەڕێ، ئایا بۆچونێکی تایبەتتان هەیە لەمبارەوە؟

کەبودوەند: ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لەماوەی دوو ساڵ چالاکی خۆیدا، سەرەڕای هەموو ئاستەنگییەکان، وێڕای نەبوونی ئیمکانات و گیروگرفتی ئەمنی و سیاسی لەناوچەکەدا، توانی کەشوهەوای ترس و بێدەنگی و بایکۆت کراوی کوردستان بشکێنێت و لەزۆر بوارەوە تابۆکان تێک بشکێنێت. لەئەنجامی هەوڵدانی لەرادەبەدەری ئەم ڕێکخراوە ئەمڕۆکە گوتاری مافی مرۆڤ بۆتە گوتارێکی ڕۆژانە، تەنانەت وایلێهاتوە کە زۆر لە گروپە سیاسیەکانیش ڕوویان لەچالاکییەکانی مافی مرۆڤ کردوە، هەرچەند لەوانەیە ئەم مەیلە ڕواڵەتییەی ئەوان تا ڕادەیەک قۆستنەوەی هەل و دەرفەت بێت بەڵام لە درێژخایەندا یارمەتیدەرە بۆ چاکسازی لەفەرهەنگی مافی مرۆڤدا.

* ماوەیەک لەمەوبەر حوکمی زیندانیکردنی ئێوەدرا، ئەم حوکمە ئێستا لەچ قۆناغێکدایە و ئەو کەمپینانەی لە پێناو هەڵوەشانەوەی حوکمەکە بەڕێوە دەچن، چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەنجامی حوکمەکە هەبوە؟

کەبودوەند: حوکمی زیندان دوو ساڵە دراوە. ئەویش بەشێوەیەک کە لەدادگایەکی هەرێمیدا ساڵێک لەزینداندا بمێنمەوە، ٥ ساڵ لە



ڕۆژنامەوانی دوور بخرێمەوە و مافی خاوەن ئیمتیازی و بەڕێوەبەر و سەرنووسەری هەفتەنامەی پیام مردم لێسەندرایەوە و ئەم حوکمە ساڵی رابردوو لەدادگای پێداچوونەوەی پارێزگای کوردستان دووبارە کرایەوە و بەتوندی تەئکیدی لەسەر کرایەوە. بەڵام حوکمەکە لەحاڵەتی هەڵپەسێراوی بوو بەحەپسی تعریزی. لەم پەیوەندییەدا هەندێک لە چالاکڤانانی کورد لەوانە ١٦٠ نوسەر و ڕۆژنامەنوس و چالاکڤانی مەدەنی و سیاسی نارەزایەتیان دەربڕی و دەستەی باڵای ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان داوای پوچەڵبونەوەی حوکمەکەی کرد. سێ پارێزەری منیش سەریان لەدیوانی باڵای ئێراندا بەمەبەستی نارەزایی دەربڕین.

* لەم دواییانەدا چەندین ڕۆژنامەنوس دەستگیر کران و ئێستا ژمارەیەکیان لەزیندان دان، ئایا ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە سنورداركردنی ئازادی ڕاگەیاندن نییە. بەبۆچونی ئێوە ئەم كارانە دەتوانێ خولێكی نوێ بێت سەبارەت بەهەڵسوكەوت لەگەڵ ڕۆژنامەنوسان؟

كەبودوەند: ئێستاكە لەو ٦ ـ ٧ بڵاوكراوە كوردییە، ٥ گۆڤار و ڕۆژنامە هەڕەشەی داخستنیان لێدەكرێت. نزیكەی بیست ڕۆژنامەنوسی كورد دۆسیەی یاساییان هەیە: لەوانە ٧ ڕۆژنامەنوس و نوسەر كە لەڕۆژنامەی پەیامی مردم دا كاریان دەكرد، ٤ ئەندامی ڕۆژنامەی ئاسۆ، ٣ ڕۆژنامەنوسی ڕۆژهەڵات، ٢ ڕۆژنامەنوسی ئاشتی و چەند كەسی تریش لەهەفتەنامەی كەرەفتو و پەیامی كوردستان ڕێگایان كەوتۆتە دادگا و دەزگا ئەمنییەكان. ئێستا دوو ڕۆژنامەنوس و نوسەر لەسنە و مەریوان لەزینداندان. پێویستە بڵێین ئەم هەڵسوكەوتانەی دوایی، هەنگاوی تازەی دەزگا ئەمنی و سیاسییەكان نییە، بەڵكو ئەمە بەرنامەی چەندین ساڵەیە ئەم دەزگایانەیە. ئەوەندە هەیە كە لەسەردەمی ئەحمەدی نەژاددا زیاتر پەرەی سەندوە و هەڵبەت پێویستە ئاماژە بەوەش بكەین كە ئەم جۆرە هەڵسوكەوتانە لەئاستێكی بەرفراوان و لەهەموو ئێراندا پەیڕەو دەكرێت، بەڵام حەساسیەت و دژوارییەكی زیاتر سەبارەت بەكاری ڕۆژنامەنوسان هەیە لەكوردستان و گومانی تیا نییە كە ئەمەش لەهەستیاریی ئەوان سەبارەت بەكێشە نەتەوەیی و مافەكانی گەلی كورد سەرچاوە دەگرێت.

* ڕێكخراوی مافی مرۆڤی كوردستان لەو ڕێكخراوانەیە كە لەماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا زۆرتر لەڕێكخراوەكانی تر لەژێر فشاری بەرپرسە حكومییەكاندا بوو، هۆكار چییە؟

كەبودوەند: ئەوەی ڕاستی بێت، ڕێكخراوی مافی مرۆڤی كوردستان وەک ڕێكخراوێكی سەربەخۆ، داكۆكیكارێكی ڕاستەقینە و دەزگایەكی ڕاستگۆ و جدی پێی ناوەتە مەیدان. ئەم ڕێكخراوە بەتەواوی دژی توند و تیژی و لادان و گەورەكردنەوەی بێهودە و گەمەی سیاسییە. ئەم ڕێكخراوە غەیرە سیاسییە و لەهەمانكاتدا زۆر جدی مافی مرۆڤ، مافی هاوڵاتی و مافی گەلی كورد لەئێران دەشۆپێنێ. ئەم ڕێكخراوە هیچ چەشنە بیانویەک و ئامرازێكی سەركوتكردن ناداتە دەست سەركوتكەران، لەگەڵ ئەمەشدا بوونی هەندێک ڕێكخراو و حزب لەتاراوگە بۆتە هەنجەتێک بۆ ڕووبەڕوبونەوە لەگەڵ چالاكڤانانی سەربەخۆ و بەتایبەت هەندێک لەئەندامانی ئەم ڕێكخراوە سەربەخۆیە. لەماوەی ساڵی رابردوودا لانیكەم ٧ ئەندامی ڕێكخراوەكەمان بەبیانووی پڕوپاگەندە دژی سیستەم، وتووێژ لەگەڵ



میدیاکانی دژ بەدەوڵەتی ئێران، پەیوەندیی سیاسی، هاندانی ژنان و پیاوان بۆ نارەزایەتی مەدەنی و سەرهەڵدان دەستگیر و زیندانی کراون. ئێستا دوو ئەندامی ڕێکخراوەکەمان هەر وا لەزیندان دان و لانیکەم ١٣ ئەندامی تر دۆسیەیان هەیە. ئێمە هۆکاری ئەم هەموو گوشارانە دەگەڕێنینەوە بۆ هەوڵی بەردەوام و جدی و بوێرانەی ئەندامانمان.

*** شێواندنی رای گشتی و دروستکردنی جیاخوازی لەو بانگەشانە بوون کە ئێوەیان پێ تاوانبار کرا. بەبڕوای ئێوە کۆماری ئیسلامی ئێران دوای هاتنە سەر کاری ئەحمەدی نەژاد شێوازێکی رادیکاڵتری نەگرتۆتە بەر، شێواندنی رای گشتی لەروانگەی ئەوانەوە چ واتایەکی هەیە؟**

**کەبودوەند:** وایە، یەکێک لە تاوانەکانم شێواندنی رای گشتی و دروستکردنی جیاوازیی لەنێوان چین و توێژەکانی ئێران لەرێگەی هێنانە ئارای کێشە نەتەوەیی و داخوازییە ئەتنیکی و نەتەوەیی و رەگەزییەکان بوو کە مەبەستم هێنانە ئارای مافی نەتەوەیی گەلی کوردە کە ئەو کاتانە ئێمە لەبڵاوکراوەکەماندا مەسەلەی مافی مرۆڤمان باس دەکرد و هەروەها باسی مافی نەتەوەیی گەلی کوردمان دەکرد. ئەوان ئەگەرچی رۆژنامەکەیان پێ داخستین، بەڵام ئێمە بێدەنگ نەبووین و رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانمان دامەزراند. سەبارەت بەسەرکوتی ئازادییە کۆمەڵایەتی، مەدەنی و سیاسییەکان پێویستە بڵێم دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد سەرەڕای فشارە نێودەوڵەتییەکان، پەرەی بەفشار و سەرکوتی خەڵک لەناوخۆ، سنوردارکردنی ئازادییە کۆمەڵایەتی و مەدەنیی و سیاسییەکان داوە. دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد بەرهەمی هاوبەشی هێزە میلیتاریست و تئۆگراتە رادیکاڵەکانە کە خوازیاری دژایەتی ئەندێشەی دیموکراسیخوازی و مافی مرۆڤن و ناکرێ لەمە زیاتر چاوەڕوانیان لێ بکەیت. سەبارەت بەبیرۆکەی جیاخوازیش لەروانگەی ئەوانەوە پێویستە بڵێم مەبەستیان باسکردنە لەهەر جۆرە مەسەلەیەک کە پەیوەندیی بەبارودۆخ، چارەنوس، ماف، داخوازیی، کەلتوور و زمانی کەمینە ئەتنیکیەکان، نەتەوە دەتوانێ جیاخوازی بێت و ببێتە سەرچاوەی بیری جیاخوازیی.

*** بارودۆخی دۆسیەکەتان بەکوێ گەیشت و بەبڕوای ئێوە ئەنجامەکەی چی دەبێت؟**

**کەبودوەند:** دۆسیەی "پەیامی مردم" لەدیوانی باڵای وڵاتە و هەندێک باس هەیە سەبارەت بەپەژراندن و دواخستنی کە بەم زوانە زانیاریی زیاترمان دەست دەکەوێت و لەکاتی خۆشیدا رایاندەگەیەنین. هەر لەمبارەوە بەمدواییانە ٣ کەس لەدەستەی نوسەرانی پیام مردم: خاتو تۆنیا کەبودوەند، ئیجلال قەوامی و کاوە حسێن پەناهی و ٢ کەسی تر لەنوسەرانی ئەو رۆژنامەیە بەناوەکانی جەمشید وەزیری و ئیرەج عیبادی دادگایی کران کە دیارە تۆنیا کەبودوەند سەرۆکی بەشی ژنانی پیامی مردم کە بەبڵاوکردنەوەی بابەتی چەواشەکارانە تۆمەتبار کرا، لەم دادگایەدا بەشداری نەکرد.

*** لەم دواییانەدا پاش دەستگیرکردنی ٣ رۆژنامەنوسی رۆژهەڵات، ٤ رۆژنامەنوسی تریش دادگایی کران. تاوانەکانیان چی بوو و هەڵوێستی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان تا ئێستا چۆن بوە؟**





**کەبودوەند:** ٣ رۆژنامەنوسەکەی رۆژهەڵات هێشتا دادگایی نەکراون و ئێستا بەوەکالەت ئازاد کراون و لەوانەیە بەمزوانە دادگایی بکرێن و ٤ کەسی تریش لەهەفتەنامەی ئاسۆ دوای چەند جار دواخستنی دادگاییەکەیان، تا ئێستا دادگایی نەکراون. ئەو تاوانەی دراوەتە پاڵ سەرجەم رۆژنامەنوسەکان، تاوانێکی گشتییە لەژێر ناوی شێواندنی رای گشتی و پروپاگەندە کە بێگومان رۆژنامەنوسانی ناوچە کوردنشینەکان بەگشتی تاوانەکەیان بەدەوری کێشە نەتەوەییەکانی کورددا دەسورێتەوە. هەڵوێستی رێکخراوەکەمان لەبەرامبەر پێشێلکارییەکانی ئازادی رادەربڕین زۆر رون و ئاشکرایە. رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان چەندین جار مەسەلەی پێشێلکردنی ئازادی رادەربڕین و شێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ رۆژنامەنوسانی مەحکوم کردوە و خوازیاری کۆتایی هێنانە بە گرتن و زیندانی کردنی رۆژنامەنوسان و هەروەها داخستنی رۆژنامەکان.

**** هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ ئێوە کە سەرۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانن، چۆنە، ئایا تا ئێستا رووبەڕووی هەڕەشە یاخود گوشارێکی تایبەت لەمبارەوە نەبوونەتەوە؟***

**کەبودوەند:** ئەگەر زۆر گەشبینانە لەمەسەلەکە نەڕوانم، تا ئێستا کۆماری ئیسلامی هەوڵیداوە تەنها تەحەمولمان بکات و تا ئەم کاتژمێرەش هەوڵی داوە رووبەڕوومان نەبێتەوە. بەهەر حاڵ سیاسەت و پلانی حکومەت لەمبارەوە بەتەواوەتی ئاشکرا نییە، پێموایە هەر چەندە من حوکمی زیندانیم هەیە لەپێداچونەوەی دادگا و وێڕای هاتنی مەئمورەکانی دەزگای ئەمنی بۆ ماڵمان لەغیابی مندا، لەوانەیە لەبەر چەندین هۆی نادیار تا ئێستا منیان دەستگیر نەکردبێ و لەوانەشە بەهۆی ئەو بەرپرسیارێتییە بێت کە رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستاندا هەمە.

**** هەروەک دەزانین، رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەئێران دەخاتە بەردەم رای گشتی و لەهەندێک کاتیشدا سەبارەت بەڕووداوەکان بەیاننامە بڵاو دەکاتەوە. ئایا ئێوە سەبارەت بەزیندانییە سیاسییەکان و بەتایبەت کە ئێستاش تاوانی سیاسی لەئێران بەرەسمی دانی پێدا نەنراوە، چۆنە؟***

**کەبودوەند:** بەداخەوە لەئێران بەگوێرەی یاسا فەرمییەکان، زیندانییەکمان نییە بەناوی زیندانی سیاسی، بەڵام لەکردەوەدا و بەشێوەکی نارەسمی ئەمە دانی پێدانراوە و بەزیندانیە سیاسی و حزبییەکان و ئەو کەسانەی لەژێرناوی شێواندنی رای گشتی کە مەبەستیان زیاتر رۆژنامەنوسان و چالاکڤانانی مافی مرۆڤە و زیندانییە ئەمنییەکان کە بەگشتی کەسانی سەر بەحزبەکانن، نێو دەبرێت. دیارە ئێستا پۆلێنبەندی و جیاکردنەوە لەروانگەی تاوانی سیاسی و ناسیاسی لەزیندانەکانی ئێمەدا ئەنجام نەدراوە و زیندانە سیاسیەکان لەپاڵ زیندانییەکانی تر بەتاوانی جۆراوجۆر و هەندێک جار مەترسیداردان. خاڵێک کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت، ئەوەیە کە کوردەکان زیاتر زیندانی سیاسییان هەیە لەئێراندا.

**** ئێوە وەک چالاکڤانێکی مافی مرۆڤ، ئاسۆی NGO کان و بەتایبەت رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان چۆن دەبینن؟***



سەرچاوە
Serchawe



**کەبودوەند:** بوونی NGO کان و رێکخراوە نادەوڵەتییەکان لەکوردستان وێڕای ئەم هەموو سنور و زەختە ئەمنیانەیە. دیارە حزووری هەندێک لەو رێکخراوانە وەک رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بەهۆی ئەو ریسکەی لەلایەن بەرپرسان و ئەندامانییەوە لەبەر چاو گیراوە، لەچاو ئەوانی تر کاریگەرییەکی زیاتری هەیە. ئەگەرچی کەسانی هەلپەرست و تەسکبین و هەندێک لەگروپە سیاسیەکان هەوڵدەدەن فەزاکە سیاسی بکەن و کەڵکی سیاسی و حزبی لێ وەربگرن و تەنانەت هەندێکیان رویان کردۆتە دروستکردنی دەزگای پەراوێز و ئەڵتەرناتیڤی ئێمە و دیارە ئەمانەش هەمووی دەرئەنجامی بەشداری بوێرانەی رێکخراوەکەمانە لەمەیدانەکەدا. ئێمە هیوادارین گروپە سیاسییەکان درکێکی راستتر و لۆژیکانە، فزای چالاکییە مەدەنیەکان وێران نەکەن.

** سەبارەت بەو فشار و هەرەشانەی دژی رێکخراوە مەدەنییەکان لەئێران بەگشتی و لەکوردستان بەتایبەتی هەیە، چۆن دەکرێ سەرەڕای ئەم هەموو فشارانە زیاتر دەنگیان هەڵبڕن؟*

**کەبودوەند:** ئەگەر دامودەزگاکان و NGO کان هەوڵبدەن سەربەخۆ بن و سەربەخۆ بمێننەوە و ئەگەر فەزاکە لەمە زیاتر حزبی تر و ئایدیۆلۆژی تر نەکەن و لەبری شکاندنی یەکتری و تەئکیدکردن لەسەر جیاوازییەکان، گرنگی بدەنە خاڵە هاوبەشەکانی یەکتری و مەیدانی خەبات بەرفراوانتر بکەن، بێگومان دەتوانن حزورێکی پڕکاریگەرتریان هەبێت.

** وەک رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان هۆکاری سەرکەوتنی رێکخراوەکەتان لەچیدا دەبینن؟ ئایا توانیوتانە سەربەخۆیی خۆتان بپارێزن و تەسلیمی هیچکەس نەبن؟*

**کەبودوەند:** ئێمە هەرچەند ئیمکان و دەرفەتی پێویستمان لەبەر دەستدا نییە و لە پێناو زانیاریی گەیاندندا کۆسپێکی زۆرمان دێتە رێ، هەر چەندە میدیاکان بەشێوەیەکی هەڵبژاردە یان هەندێکیان بەچەواشەکردن یاخود بێ ئاماژەدان بەسەرچاوە راپۆرتەکانی ئێمە بڵاو دەکەنەوە، لەگەڵ ئەمەشدا تا رادەیەک رازین لەکارەکانی رێکخراوەکە و دەبێ ئەو بارودۆخە نالەبارە ئەمنیەشمان لەبیر نەچێت. بەڵام هێشتا پێموایە لەسەرەتای رێگە داین و پێویستە هەوڵەکانمان دوو ئەوەندە زیاتر بکەین و هەڵبەت باجی ئەو سەرکەوتنەش بدەین. رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، رێکخراوێکی سەربەخۆیە و خۆی وابەستەی هیچ کەس، گروپ، حزب یان دەوڵەتێک نازانێت. تا ئێستا رێکخراوەکەمان لەهیچ بوارێکەوە درێغی نەکردوە و تەسلیمی هیچ هێزێکیش نەبوە.

ئەم وتوێژە کاتی خۆی لە رۆژنامەی "کوردستان راپۆرت" چاپی هەولێردا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژ پریس / رێکەوتی: ٢٩ی نۆڤیمەبەر ٢٠١٠



سەرچاوە
Serchawe

# دە خاڵی بنچینەیی کەبودوەند لە بارەی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان




مەحەمەد سەدیق کەبودوەند سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان کە ئێستا لە زیندانی ئێوینی شاری تاران دەسبەسەرە، لە وڵامی ئەو تێگەیشتنە نادرووستانەی کە ماوەیەکە لە سەر هەڵوێست و ئاکاری ڕێکخراوەکەیان پێک هاتووە، لێدوانێکی دە خاڵی بڵاو کردووەتەوە کە دەقی ئەو لێدوانە بەم شێوەیە:

بە هۆی پرۆپاگەندە و خوێندنەوەی ناڕاست لە سەر هەڵوێست و ئاکاری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و هەروەها بە هۆی ڕووشاندنی سیمای ڕوون و نرخی ڕێکخراوەکەمان، بە پێویستی دەزانم کە وڵامێک بدەمەوە و جارێکی تر خاڵەکانی بنچینەیی و هەڵوێستی سەرەکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، کە بریتین لە بەرگری، چاوەدێری و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی و ئاسایشی مرۆڤایەتی، هاوڕێ لە گەڵ هێندێک شی کردنەوە بخەمە ڕوو.

١- ڕاست بینی، هەستیاری، ئاگاداری، ئاسیاری، تێگەیشتنی ڕاست، دادوەری درووست، وردبینی، ڕووڕاست بوون، شەفافیەت و شایان بوون، وەک ئامانجێکی سەرەکی خۆی دەبینێت لە کار و چالاکیەکانی دا.

٢- ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، بەشێکە لە کۆمەڵگا و ناوەندەکانی مەدەنی کە مەبەست و زەمینەی چالاکیەکانی بریتین لە چاوەدێری کردن، بەرگری و پاراستنی مافەکانی مرۆڤە. ئەو ڕێکخراوەیە داوا دەکات لە کۆمەڵگا، دەوڵەت، دەسەڵاتداران و حاکمان،





پارتە و حیزب و گرووپە سیاسیەکان و هەموو تاقم و لایەنە جۆراوجۆرەکان کە ڕێز لە بنەماکانی مافی مرۆڤ بگرن و هاوکات ئەگەر دەسهەڵات یان حکومەت و دەوڵەتیش بگۆڕدرێت و سیستەمی نوێ بێتە سەر کار، بە مەرجی دێمۆکراتیک بوون و ڕێز گرتنی ئەو سیستەمە لە مافی مرۆڤ و بنەماکانی ئازادی و دابین کردنی ئاسایشی هاووڵاتیان، ڕووبەڕووی ڕەخنەی ڕێکخراوەکە نابێتەوە.٣.

٤- ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، یاسا و قانون بە بنەما دەگرێت و ڕێز لەم یاسایە دەگرێت کە لە سەر بنچینەی ویست و ئیرادە و داخوازی گەل، بە شێوەیەکی دێمۆکراتیک دەستنیشان کراون. هەر لەو پێناوەش دا

٥- ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان ناوەندێکی سەربەخۆیە و لە بواری بڕیاردان، کار و چالاکی و هەروەها دیاری کردنی هەڵوێستەکانی دا، سەربەخۆیی خۆی دەپارێزێت. هیچ حیزب و لایەن و تاقم و دەوڵەتێک مافی دەست تێوەردانیان لەو ڕێکخراوەیەیان نییە و هیچ فەرمانێک وەرناگرێت.

٦- ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، ناوەندێکی بێ لایەنە و لایەنگری لە هیچ تاقم و دەستە و حیزب و دەوڵەتێک ناکات. ناوەندێکی ماف پەروەری سەربەخۆیە کە ڕێز لە مافی هەموو ئینسانەکان دەگرێت و خۆی بە پارێزوانی هەموو ئەو زیندانیانە دەزانێت کە بە هۆی دەربڕینی بیروڕای جیاواز، ڕوانگەی سیاسی و ئایینی، بەرگری کردن لە ڕەگەز و نیژاد و نەتەوەیان، یانیش بە هۆی ویژدانیان دەسبەسەر و زیندانی کراون. ئەو پاراستنە بە بێ لەبەر چاو گرتنی هێڵی فکری و حیزبی ئەو زیندانیانە ئەنجام دەدرێت.

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، لە گەڵ ئەوەشدا کە هیچ ئاستەنگیەک بۆ ئەندام بوون و هاوکاری هیچ کەسێک ساز ناکات و هەموو کەسێک ئازادە لە هاوکاری و ئەندام بوونی دا، بەڵام هاوکات هەر جۆرە کردەوە و هەڵسوکەوتێکی سیاسی ئەندام یان ئەندامانی خۆی، کە لە پێناو پڕۆپاگەندە کردن بۆ تاقم و لایەنێکی تایبەت بێت، وەک کردەوەیەکی سەرەڕۆیانە و لە دەرەوەی یاساکانی ڕێکخراوەکەی دا دەبینێت، هەر بۆیەش بەرپرسیارەتی ئەخلاقی، ویژدانی، حقوقی و یاسایی ئەو جۆرە کردەوانە دەکەوێتە سەر شانی بکەری کارەکە.

٧- ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت و لە بەرامبەر کار و چالاکی و بەرنامە و ئامانجەکانی دا و هەروەها لە بابەت هەڵوێست و ئاکار و هەموو ئەو شتانەی کە لە بە شێوەی ئاشکرا و لە ناوەندی فەرمی خۆیەوە ڕایدەگەیەنێت و بڵاویان دەکاتەوە، بەرپرسیارەتی هەیە و پێویستە وڵام دەرەوە بێت. بە پێی ئەساسنامەی ئەو ڕێکخراوەیە، بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکە و بە شێوەی فەرمی سەرۆکی ڕێکخراو، لە ئاستی حقوقی دا بەرپرسیارەتی گشتی لە سەر شانە و دەبێ وڵامدەرەوەی کۆمەڵگا و ناوەندەکانی خاوەن سەلاحیەت بێت. بەڵام ئەو بەرپرسیارەتیە، کردەوە و ئاکاری ئەو ئەندام و هاوکارانەی ڕێکخراوەکە ناگرێتەوە کە ڕەنگە بە پێچەوانەی بنەماکانی ڕێکخراوەکە هەڵسوکەوت بکەن.



٨- ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان پشتگیری لە چالاکیەکانی ئاشتیخوازانە و هێمنانە دەکات و لە سەر ئەو باوەڕەیە کە هەر جۆرە چالاکیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە لە سەر بنەمای شارستانیەت و دێمۆکراسی و بە شێوەیەکی هێمنانە ئەنجام بدرێت، لە پێناو پاراستنی بنچینەکانی شارستانیەتی مرۆڤایەتی، مافی مرۆڤ، چاکسازی و پەرەپێدانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی مرۆڤە، هەر بۆیەش ئەو جۆرە چالاکیانە، وەک چالاکیەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی شەرافەتمەندانە دەبینین. بەڵام ئێمە توندوتیژی، بە تایبەت توندوتیژی سیاسی پەسەند ناکەین و بەرگری لێ ناکەین.

وەک تێرۆر و تێرۆریسم ناسێندراوە، بە تەواوی ڕەت دەکاتەوە. ئەوەش واتا ڕەت کردنەوەی هەر جۆرە کردەوەیەک کە بە مەبەستی ترساندی خەڵکی سڤیل، کوشتن و ئازاردانی جەستەیی، هەڕەشە کردن لە ئاسایش، حەیسیەت، ئازادی و مافەکانی مرۆڤ پێک دێت. گرینگ نییە کە ئەو کارانە بە چ ئامانجێک ئەنجام بدرێت، لە هەر شوێنێک و لە لایەن هەر کەس و تاقم و دەوڵەتێک کە بکرێت، لە ڕوانگەی ڕێکخراوەکەمان نارەوایە.

٩- ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، هەر جۆرە کردەوەیەکی تێرۆریستی بە پێچەوانەی بنەماکانی مافی مرۆڤ و بنچینەکانی مرۆڤایەتی دەزانێت. هەر بۆیەش هەر جۆرە شێواز و مێتۆدێک کە لە

١٠- ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، بە پێویستی دەزانێت کە خەبات و پاراستنی ڕەوا لە گەڵ تاوانەکانی تێرۆریستی لە یەکتر جیا بکرێتەوە و بەرگری ڕەوای خەڵک بە ڕەوا دەبینێت. هەر بۆیەش لە سەر ئەو باوەڕەیە کە خەباتی خەڵک لە پێناو ئازادی، وڵات و مافی دیاری کردنی چارەنووس و تێکۆشان لە دژی داگیرکەری و خواستەکانی داگیرکەران، هەروەها پارێزگاری کردن لە گەل و نیشتیمان لە بەرامبەر دەسدرێژی و کۆلۆنیالیزم، کە بە گوێرەی مافەکانی ناونەتەوەیی، هەرگیز وەک تێرۆڕ پێناسە ناکرێت، خەبات و تێکۆشانێکی ڕەوایە./

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردپریس / ڕێکەوتی: ١٥ی جووڵای ٢٠١١



سەرچاوە
Serchawe





# کاندیدکرانی کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل

## خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل و کاندیداتۆریی مەحەممەد سدیقی کەبوودوەند



**عەلیڕەزا قادری**

عەلیڕەزا قادری: ئالفرێد بێرنارد نۆبێل ۲۱ی ئۆکتۆبری ساڵی ۱۸۳۳ لە شاری ستۆکهۆڵم لە وڵاتی سۆئێد لەدایک بوو و لە ماوەی ٦٣ ساڵ تەمەنی خۆیدا، خزمەتی زۆر گەورەی بە نەتەوەکەی خۆی و سەرجەم کۆمەڵگای بەشەریی کرد. نۆبێل لە راستییدا پسپۆر و زانایەکی بەناوبانگی بواری شیمی بوو کە بە کەشف و بینیبەوەی دینامیت ، وەرچەرخانێکی گەورەی لە سەنعەت و تێکنۆلۆژی و بوارە جیا جیاکانی زانستی کۆمەڵگای ئەوکاتی بەشەریی پێک هێنا. ئاڵفرێد نۆبێل جیا لە شیمی، ئەندازیارێکی باشیش بوو و هەروەها هۆگری ئەدەبیات و کولتوور بوو و لەم بوارەشدا شارەزایی و توانایییەکانی جێی سەرنج بوون و تەنانەت زۆر نووسراوە ی ئەدەبیی و شێعریشی لە پاش جێ ماوە. ئالفرێد نۆبێل ساڵی ۱۸۹٦ ، پاش ٦٣ ساڵ تەمەنی پڕ لە شانازیی و سەرکەوتن، لە شاری سان رێمو ی





وڵاتی ئیتالیا ماڵاوایی لەو جیهانە کرد کە بە درێژایی تەمەنی تەنانەت ساتێک بۆ بەرەوپێش چوونی لە خەبات و چالاکی نەوەستابوو.

• ئالفرێد نۆبێل جگە لە تواناییەکانی لە بوارەجۆراوجۆرەکانی زانستدا ، کەسێکی زۆر سۆسیال و کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتیی بوو و لە قووڵایی دڵیەوە بڕوای بە ئینسانییەت و کۆمەڵگای ئازاد و پڕ لە ئاشتی و هێمنی و پێشکەوتنی بەشەر لە بواری زانست و لە نیهایەتدا بەختەوەریی هەموو ئینسانەکان هەبوو. هەر بۆیە زۆربەی هەرەزۆری سەروەت و سەرمایەی بنەماڵەکەی لەم پێناوەدا و بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرد و لە دوایین کاتەکانی ژیانی، نیهاد یان رێکخراوێکی بنیاد نا کە سەرمایە و قازانجی ئەم نیهادە هەموو ساڵێک خەڵاتی هەموو ئەم کەسانە بکات کە لە یەکێک لە بوارەکانی زانست دا زیاترین خزمەتیان بە بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگای بەشەریی کردوە. خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل یش یەکێک لەو خەڵاتانەیە کە هەموو ساڵێک ئەدرێت بە کەسێک یان نیهاد و ڕێکخراوێک کە لە بوارەکانی ئاشتیی و مافی مرۆڤ، زیاترین و بەرچاوترین چالاکیی بووبێ و باشترین خزمەتی بە مرۆڤایەتی کردبێت. خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل یەکێک لەو پێنج خەڵاتەیە کە لە پێنج بواری جۆراوجۆری زانستییدا دابەش دەکرێن و ئەمەیان لە لایەن کۆمیتەی ئاشتیی نۆبێل کە ناوەندەکەی لە شاری ئۆسلۆ لە وڵاتی نۆروێژە، بەڕێوە ئەچێت.

## چاوخشاندنێکی کورت بە سەر مێژووی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل

کاتێک ئاڵفرێد نۆبێل لە ٢٧ی نۆڤامبری ساڵی ١٨٩٥ یانی ساڵێک بەر لە مەرگی، لە وەسییەتنامەکەید بناغەی نیهاد یان رێکخراوی نۆبێلی دامەزراند دوو وڵاتی سۆئێد و نۆرۆیژ هێشتا هەر لەو هاوپەیمانیی و یەکگرتوویەدا ئەژیان کە لە ساڵی ١٨١٤ دەستی پێکرد و تا ساڵی ١٩٠٥ هەر درێژەی بوو. ئەوکات وڵاتی نۆروێژ هێستا سەربەخۆیی تەواوی خۆی لە بواری دەسەڵاتی سیاسییدا بەتەواوی بەدەست نەهێنابوو و ئاڵفرێد نۆبێل لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە باشتر وایە کە بەرپرسایەتیی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل بسپێرێ بە کاربەدەستان و دەوڵەتی نۆروێژ و پێی وابوو کە ئەم وڵاتە هەل و مەرجی لەبارتری هەیە و شیاوترە بۆ دابەشکردنی ئەم خەڵاتە.

خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٠١ بە شێوەیەکی هاوبەش درا بە ٢ چالاکوانی ئاشتیخواز بە ناوەکانی فرێدریک پاسسی خەڵکی فەرانسە و جان هێنری دونانت خەڵکی سوئیس. جان هێنری دونانت بە نووسینی کتێبی بیرەوەیەکانی سولفێرینۆ لە راستییدا بناغەکانی سەرهەڵدان و لەدایکبوونی نیهادی خاجی سووری نێودەوڵەتیی دامەزراند و فرێدریک پاسسی کە یەکێک لەو دوو کەسە بوو کە دامەزرێنەری رێکخراوی یەکێتی پارلەمانتارانی جیهانیی کە ئەندامانی ئەم رێکخراوەیە پێک هاتووە لە دەستەی نوێنەرانی پارلەمانتارانی ١٤٣ وڵاتی دنیا و لە پێناو ئاشتیی جیهانیدا هەوڵ ئەدات. لەو کاتەوە تا ئێستا ١١٠ جار ئەم خەڵاتە دابەش کراوە و دوایین جاریش کە خەڵاتی ئاشتیی ساڵی ٢٠١٠ بوو، درایە لیو شیاوبوو کە خەڵکی وڵاتی چین ە و ئێستا بەندییەکی سیاسسیە و لە زیندانێکی ئەو وڵاتەدا بەسەر دەبات. لیو شیاوبۆ بە هۆی ئەوە کە لە زیندان دابوو نەیتوانی لە بۆنەی تایبەت بە دابەشکردنی خەڵاتی ئاشتیی کە ١٠ای دێسامبری ٢٠١٠ لە شاری ئوسلۆ بەڕێوە چوو بەشدار بێت بەڵام هەموو ڕێورەسمی تایبەت بەم خەڵاتە بە





باشترین شێوە و بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی پێشتر ئەم خەڵاتەیان وەگرتبوو و هەروەها نوێنەرانی زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی دنیا و زۆر کەسایەتیی ناسراوی جیهانی و خەڵکێکی زۆر، بەڕێوە چوو و ئەم خەڵاتەی بۆ پارێزراوە.

## مانا و جێگا و شوێنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل

ئەگەر لە خەڵاتی ئاشتیی لە ئاستی جیهانییدا باشتر وورد بینەوە ئەبینین کە زیاتر لە ٣٠٠ خەڵاتی جۆراوجۆر بۆ ئەم مەبەستە لە ووڵاتان و شوێنەجیاجیاکانی دنیا هەیە کە ناوی زۆریان تا ئێستا تەنانەت بە گوێشمان ئاشنا نیە و هەر لەبنەڕەتەوە هیچ زانیارێکمان لەسەریان نیە بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل ناسراوترین و بەناوبانگترین خەڵاتە لەم بوارەدا و بەخشینی ئەم خەڵاتە هەمووکات جێگای سەرنج و بایەخپێدانی گشت ووڵاتانی دنیا و مێدیاکانی جیهان و نیهاد و رێکخراوەجیهانیەکان و گشت خەڵکی دنیا بووە. بواری ماددیی و ئابووریی ئەم خەڵاتە، یارمەتیدەرێکی باش بووە بۆ ئەو کەسانەی ئەم خەڵاتەیان وەرگرتووە و هەرلەم پێناوەشدا، یانی باشتر بەرەوپێش بردنی چالاکیی لە پێناو ئاشتیی و مافی مرۆڤ بەکاریان هێناوە. هاوکات لەگەڵ ئەم قازانجە، خۆی ئەم خەڵاتە خاوەنی پرستیژ و وەزنێکی قورس و گرنگە لە ئاستی جیهانیی و لە ناو بیر و ڕای گشتیی. هیچ کام لە خەڵاتەکانی تری ئاشتیی خاوەنی ئەو مێژوو و پێشینەیە نین کە خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل لە ماوەی زیاتر لە ١٠٠ ساڵ لە تەمەنی خۆی، بەدەستی هێناوە .

هەر وەک هەموومان ئەزانین، دنیای ئەمڕۆ پڕە لە شەڕ و پێکدادان و هێرش و پەلامار و ژینۆساید و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ. هەر هەنگاوێک کە لە دژی ئەم وەزعە هەڵبگیردرێ و هەر هەوڵێک کە لە پێناو ئاشتی و ئارامیی و ژیانێکی بەختەوەرانە و داکۆکیی لە مافی مرۆڤ بێتە ئاراوە، زۆر جێگای سەرنج و بایەخپێدانە و هەربۆیەشە کە خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل تا ئەو رادەیە سەرنج و بایەخی پێئەدرێت. یانی خۆی مەقوولە و پرسی ئاشتی تەئسیر و کاریگەریی لە سەر بە هێند گرتنی زیاتر و گرنگیپێدان بەخەڵاتی نۆبێل هەیە و لە لایەکی تریشەوە، خۆی ئەم خەڵاتە ئەمڕۆکە بۆتە هۆی راکێشانی هەرچی زیاتری سەرنجی بیر و ڕای گشتیی بۆ پرسی ئاشتیی و مافی مرۆڤ و هاوکات، هاندان و پشتگیری کردنی هەموو ئەو کەسانەی کە بۆ خوڵقاندن و سەقامگیر کردنی ئاشتیی و ئارامیی و لەبەرچاو گرتنی مافی مرۆڤ تێدەکۆشن.

ئەمڕۆکە ئەبینین کە هەر بە گشتیی لە زۆر شوێنی دنیا شەڕ و پێکدادانی زۆر گەورەو خوێناوی لەئارادایە. لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا دنیا ٢ شەڕی گەورەی جیهانیی ( شەڕەکانی جیهانیی یەکەم و دووهەم ) بە خۆوەبینی و دەیان ملیۆن ئینسان گیانیان لەدەست دا و سەدان ملیۆن ئینسان ئاوارە و ماڵ وێران بوون . جیا لە شەڕ و پێکدادانی گەورە و چکۆلەی تر لە نێوان نەتەوەکان و دەوڵەتەکان، هەر ئێستاش شاهیدی شەڕێکی جیهانیی ترین( شەڕی جیهانیی سێهەم ) کە لە شکڵ و شێوازی تێرۆر و تەقینەوە و خۆتەقاندنەوە ،





خۆی ئەنوێنێ . مافی مرۆڤ بە بێڕەحمانەترین شێوە پێشێل دەکرێ و بە دەیان ملیۆن ئینسان ئاوارەی هەندەرانن . لە وەها دنیایەکدا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست هەمیشە جێگای سەرنج بووە. لە ماوەی نیوسەدەی رابردووەوە تا ئێستا، ئەم ناوچەیە بە سەدان شەڕی گەورە و بچووکی بەخۆیەوە بینیوە و بە دەیان جار نەتەوەکانی ئەم ناوچەیە کەوتوونەتە بەر دڕندانەترین پەلامارەکان و بە تووندترین شێوە سەرکوت کراون و لە سەرەتاییترین مافەئینسانیەکانیان بێبەش کراون . لە وەها هەل و مرجێکدا ، داکۆکی لە مافی مرۆڤ و هەوڵدان بۆ ئاشتیی و ئارامیی ئەتوانێ گرنگترین ئەرکێک بێ کە ئەکەوێتە سەر شانی هەر مرۆڤێک . دابین کردنی ئاشتیی لەم ناوچەیەدا هەر لەراستی دا ئەتوانێ مەرجی سەرەکیی دابین بوونی ئاشتیی و ئارامیی لە ئاستی جیهاندا بێت .

کوردستان کە ٥٣٠٠٠٠ کیلۆمیتری چوارگۆشە ( گەورەتر لە خاکی وڵاتی فەرانسە ) پان و بەرینی یەتی و نێزیکەی ٤٠ ملیۆن کوردی تێدا دەژیت، لە ناو دڵی ئەم ناوچەیە جێگیر بووە . نەتەوەی کورد لە سەدەی ڕابردوودا ژیانێکی پڕ فەراز و نشێوی بووە و زیاتر لە ١٣٠ ساڵە کە بە شێوەی فەرمیی و ئاشکرا و بێ وچان لە پێناو گەیشتن بە مافەکانی هەوڵی داوە و لەم خەباتەیدا بە دەیان جار بە درندانەترین شێوە سەرکووت کراوە و هەموو مافێکی ئینسانیی و کۆمەڵایەتی یان لێ زەوت کردوە. کە سەیری مێژووی نەتەوەی کورد ئەکەیت، زۆر بەدەگمەن بەرچاو ئەکەوێ کە پەلاماری نەتەوەیەکی تری دابێ و تەماعی کردبێتە سەر خاک و ماڵ و ژیانی خەڵکانی تر. هەرکاتیش تووشی شەڕ بووبێت، بە شاهیدیی مێژوو، تەنیا و تەنیا لە دیفاع و بەرگریی و پاراستنی خاک و ژیانی خۆی دا بووە. نەتەوەی کورد هەر لە کۆنەوە ئەم ڕاستییەی زانیوە کە پێشکەوتنی کۆمەڵگاکەی و بەختەوەریی نەتەوەکەی تەنیا و تەنیا لە ئاشتیی و ئارامیی و تەبایی لە گەڵ نەتەوەکانی دراوسێ دایە و هەمووکات خۆی لە شەڕ و پەلامار پاراستوە . بەڵام لە ڕاستیی دا کەم کەس هەیە کە چ لە ناوچەکە و چ لە باقی شوێنەکانی دنیا ئەم راستییە بزانێ یان دانی پێدا بنێ . یەکێک لە هۆیەکانی ئەتوانێ هەر ئەو روانگە گشتییە بێ کە لە سەر هەل و مەرجی دەوڵەتان و نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوراست بە گشتی لە بیر و زەینی بیر و رای گشتیی دنیادا هەیە بەڵام لەوە گرنگتر بە بڕوای من ئەتوانێ ئەم ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە بێ کە ئێمەی کوردیش خۆمان تەسلیمی ئەم بۆچوونە و ئەم پێشداوەرییە بووین و تا ئەم ساڵانەی دواییش هیچ هەوڵێکی جیددی و بەرچاو بۆ سەلماندنی ڕاستیەکان و نیشاندانی هەل و مەرج و مێژووی ڕاستەقینەی خۆمان کە پڕە لە ئاوات و ئارەزووی ئاشتیخوازانە و خۆ پاراستن لە شەڕ و ئاژاوە و خەبات و تێکۆشانمان بۆ ئاشتی و ئازادیی و تەبایی نەدراوە . تەنانەت زۆر بە دەگمەن هەوڵمان داوە کە کولتوور و داب و نەریتیی دەوڵەمەندی خۆمان کە پڕە لە داب و نەریتی پێشکەوتوانە و ئاشتی و بەرابەریی خوازانە بە نەتەوەکانی تر بناسێنین. سەرکوت و زوڵم و زۆری دوژمنانمان لە لایەک و ووشیار نەبوون و کەم کاریی خۆمان لە لایەکی تر، ئەم ئەرکە گرنگەی لەبیر بردینەوە .

بەڵام ئەمڕۆکە بەخۆشییەوە هەل و مەرجێکی نوێ لە ئارادایە. کێشەی کورد ئەمڕۆکە ئیتر سنوورەکانی کوردستانی بەزاندوە و تەنانەت بووەتە کێشەیەکی ناوچەیی . ئەمڕۆکە بیر و ڕای گشتیی دنیا لە گەڵ کێشەی کورد ئاشنایە و تەنانەت زۆر ووڵاتی گەورە و بەهێزی دنیا هەستیان بەوە کردوە کە قازانج و بەرژەوەندیەکانیان بە قازانج و بەرژەوەندیی گەلی کوردەوە گرێ دراوە و چارەسەریی کێشەی کورد یەکێک لە مەرجەکانی ئاشتیی و ئارامیی ناوچەکەیە. پرسی ئاشتی و پاراستنی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ژێر دەسەڵاوی





ڕژیمی ئیسلامیی ئێران مەسەلەیەکی زۆر گرنگە کە ئەگەر سەرنجی تەواوی بدرێتێ و مامەڵەی دروست و عاقڵانەی لەگەڵدا بکرێ، ئەتوانێ وەسیلە و ئامرازێکی باش بێ بۆ خەبات و چالاکیی لە پێناو ڕزگاریی نەتەوەیی. ئەمڕۆکە لە ئێران بە گشتیی و کوردستان بەتایبەتیی، مافی مرۆڤ بە هەموو شێوەیەک لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە پێشێل ئەکرێ. بە هەزاران کەس لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامییدا لە ژێر ئەشکەنجە دا بەسەردەبەن و سەدان کەس حوکمی ئێعدامیان هەیە و چاوەڕوانی پەتی سێدارە ئەکەن. لە ماوەی یەک مانگ و نیوی ڕابردوو دا زیاتر لە ١٥٠ کەس ئیعدام کراوە . یانی هەر ٨ ساعەت جارێک، کەسێک لە ئێران ئیعدام کراوە . زۆربەی هەرەزۆری ئەم پەتی ئیعدام و سێدارانە، خراوەتە ملی ڕۆڵەکانی کورد . سەرانسەری خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن ئەم ڕژێمەوە میلیتاریزە کراوە و سەرکوت و ئەشکەنجە و زیندان تەنیا وەسیلە و زمانێکە کە ئەم ڕژیمە لە دژی خەڵک بەکاری دێنێ. هەر لە بنەڕەتەوە تەمەن وژیان و مانەوەی ئەم ڕژیمە ئەمرۆکە بەم سەرکوت ئیعدامانەوە گرێدراوە.

بەڵام ئەوەی کە زۆر گرنگە و جگای سەرنج و بایەخپێدانە ئەوەیە کە سەرەڕای ئەم هەل و مەرجە دژوار و سەختە، خەبات و تێکۆشان هەر بەردەوامە. ئەمڕۆکە خەڵک لە هەموو کات زیاتر دەنگی ئیعتراز و نارەزایەتی دەردەبڕن و لە دژی ڕژیمی ئیسلامی خەبات ئەکەن. خەباتێکی مەدەنیی زۆر قووڵ و پان و بەرین لە ئارادایە کە زیاترین ترس و نیگەرانیی خستوەتە دڵی دەسەڵاتدارانی ئەم سیستمە دژی مرۆڤ و سەرکوتگەرانەیە.

لە وەها هەل و مەرجێکدا لە قاو دانی جەنایەتەکانی ئەم ڕژیمە و بەرجەستە کردنەوەی خەباتی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان ئەتوانێ باشترین وەسیلە بێ بۆ کورت کردنەوەی تەمەنی ئەم ڕژیمە. هەموو خەڵکی دنیا ئەبێ باشتر ئاگاداریی کردەوەکانی ئەم ڕژیمە بن و لە لایەکی تریشەوە، سەرجەم لایەنەکانی خەباتی مەدەنی وپێشکەوتوانە و حەقخوازانەی خەڵک بۆ هەموو خەڵکی جیهان بە ڕوونی دەرکەوێ . مەترەح کردنی مەسەلەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل و کاندید کردنی کەسێک کە بە تاوانی هەوڵ و تێکۆشان لە پێناو ئاشتی و ئازادیی و مافی مرۆڤ لە لایەن ڕژیمی ئیسلامیی شەڕ و ئەشکەنجە و سێدارەوە بەند کراوە ، بێگومان فاکتەرێکی باشە و هەنگاوێکی گرنگە لە درێژەی شۆڕشی  خەڵکی کوردستاندا .

هەر لەم بوارەدا ، مەترەحکردنی کاندیداتۆڕی مەحەممەد سدیقی کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل هەنگاوێکی باشە بۆ هەرچی زیاتر ناساندنی چۆنیەتی دەسەڵاتدەاریی ڕژیمی ئیسلامیی و مامەڵەکردنی ئەم ڕژیمە لە گەڵ خەڵکی ئێران و بەتایبەت کوردستان و لە لایەکی تریشەوە دەرفەتێکی باشە بۆ ناساندنی هەرچی زیاتر و باشتری خەباتی مەدەنی و پێشکەوتووانەی خەڵکی کوردستان بۆ گەیشتن بە ئاشتیی و ئازادیی و پارێزگاریی کردن لە مافە ئینسانیەکانیان . مەحەممەد سەدیقی کەبوودوەند، تێکۆشەر و چالاکی مەدەنی و یەکێکە لە دامەزرێنەران و بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ ی کوردستان کە ٤ ساڵ لەمەوبەر، یانی هاوینی ساڵی ٢٠٠٧ ، بە تاوانی ئیعتراز بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و دەنگهەڵبڕین لە دژی دام و دەزگای ئەشکەنجە و زیندان لە ئێران و لە کوردستان ، لە لایەن هێزە ئەمنیەکانی ڕژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامیی ئیێرانەوە ، دەستبەسەر و ڕەوانەی زیندان کرا و لە کۆتاییدا حوکمی ١١ ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپاند. کەسایەتی و فیداکاریی و خەبات و تێکۆشانی مەحەممەد سدیقی کەبوودوەند خۆی لە





*خۆیدا شیاوی وەها خەڵاتێکە و زۆر نین ئەو کەسانەی کە لە پێناو ئاشتیی و ئازادیی و پارێزگاریی لە مافی ئینسانەکان تا ئەو ڕادەیە هەوڵی دابێ و کاری دیار و بەرچاو و جێی سەرنجی کردبێ و هەر لەم پێناوەشدا تا ئەم ڕادەیە زەرەمەند بووبێ . بەم هۆیانە و زۆر هۆی تر کە لەوانەیە لەم نووسینەدا جێی نەبێتەوە، بە بڕوای من پێشنیار کردنی ئەم کاندیداتۆرییە زۆر بەجێییە و ئەتوانێ تەئسیر و کاریگەریی زۆر باشی لە سەر ناساندنی هەرچی زیاتری خەباتی خەڵکی کوردستان بە هەموو دنیا هەبێ. هەروەک باسمان کرد، خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل خەڵاتێکی زۆر گرنگ و بە پرستیژ و سەرنجڕاکێشە و دانی ئەم خەڵاتە بە کەبوودوەند، هەم لە سەر هەل و مەرجیی سەخت و دژواری خۆی تەئسیری ئەبێ و هەم سەرجەم خەڵکی کوردستان لێی بەهرەمەند ئەبن.*

*ئەوەی کە زۆر گرنگە باسی بکەین ئەوەیە کە قازانج و بەرژەوەندیی کاندیداتۆری مەحەممەد سدیقی کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل، هەر بەتەنیا تایبەت بە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیە . ئەم خەڵاتە لە قازانج و بەرژەوەندیی هەموو کوردێک لە هەرچوار پارچەی کوردستان و لە سەرانسەری دنیایە و هەر بۆیە ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی ئەخاتە سەر شانی هەموو کوردێک لە هەموو پارچەکانی کوردستان . هەموو حیزبەسیاسیەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان، گشت ڕێکخراوە مەدەنی و سیاسیی و کولتوریەکان، هەموو ڕۆشنبیران و کەسایەتیە سیاسیەکان بە چەپ و ڕاستەوە ، ئەبێ بۆ پشتگیری کردنی ئەم کاندیداتۆرییە هەوڵ بدەن و چیان لە دەست دێ بیکەن بۆ ئەوەی حەق بە حەقدار بگا و نەتەوەی کوردیش هەر وەک لە ڕاستییدا ئاشتییخواز بووە و بە هەموو توانایەوە بڕوای بە مافی مرۆڤ هەیە، ببێتە جێی سەرنجی خەڵکی دنیا و شانازیی وەرگرتنی ئەم خەڵاتەی پێببەخشرێ .*

*ئەم خەڵاتە تەنیا بۆ مەحەممەد سدیقی کەبوودوەند نیە و لە ڕاستیدا بۆ هەموو ئەوکەسانەیە کە لە پێناو ئاشتی و ئازادیی و داکۆکیی لە مافی مرۆڤ و تاکی کورد خەباتیان کردوە و گیانیان بەخت کردوە . ئەم خەڵاتە ئەتوانێ هاندەرێکی باش و جێی دڵخۆشیی بێ بۆ درێژەپێدەرانی شۆرشی خەڵکی کوردستان بۆ گەیشتن بە ئاشتیی و ئازادیی ڕاستەقینە . هەوڵ و چالاکیی هەمەلایەنە و سەراسەریی و گشتیی بۆ وەرگرتنی ئەم خەڵاتە ، جیا لە هەموو ئەو قازانجانەی کە باسمان لێوە کردن، ئەتوانێ تەجرەبە و ئەزموونێکی باش و بەنرخ بێ لە تەبایی و هاوکاریی و یەکگرتوویی هەموو خەڵکی کوردستان بە هەموو حیزب و لایەن و چین و توێژە جیا جیاکانیەوە . تەجرەبەیەک کە بێگومان ئەتوانێ ڕێگاخۆشکەر بێ بۆ یەکگرتوویی هەموو نەتەوەی کورد. یەکگرتوویی ڕەمزی سەرکەوتنمانە.*

*سەرچاوە: ماڵپەڕی بەیان / ڕێکەوتی: ٢٦ی جانێویری ٢٠١١*



# بەربژارکردنەوەی کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل



هاونیشتمانانی خۆشەویستی کورد، ریکخراوەکانی سیاسی ، مەدنی و مافی مروڤ لە کوردستان و تاراوگە!

بنەماڵەی بەرێز محەمەد سەدیق کبودوەند!

هەموو تاکەکانی کورد بە تایبەت کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان!

بە خۆشحالیەوە رادەگەیەنین بۆ جارێکی دیکە سەرۆکی مافی مروڤی کوردستان بەرێز و تێکۆشەر کاک محەمەدسەدیق کبودوەند لە لایەن "حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆروێژ" بەرێزان "ئەختر چادرێری" جێگری سەرۆک پارلەمانی نۆروێژ و "ئاکسل هاگن" ئەندام پارلەمانێکی دیکەی ئەم حیزبە بۆ خەلاتی ئاشتی نوبێل ٢٠١٣ کاندیدکرایەوە.

کۆمیتەی کارکردن بۆ وەرگرتنی خەلاتی ئاشتی نوبێل، کبودوەندبە شایانی ئەم خەڵاتە دەزانێ ، ئێمە ئەمسالیش پێی خۆشحاڵین کە توانیمان وەک سالی ٢٠١١ یارمەتی دەربین کە ناوی کبودوەند بێتەوە رێزی گەورە مرۆڤ و رێکخراوەکانی جیهانیيەوە.

وەک پێ زانین و وفاداری سپاسی گەرمی خۆمان ئاراستەی کۆمیتە کەمپینی خەڵاتی ئاشتی نوبێل(کە بەهەوڵ و تێکۆشانی ١٢ ژنی تیکۆشەری هاونیشتمانیمان پێک هات) دەکەین کە لە سالی ٢٠١١ لەو پێوەندیە دا زحمەتێکی زۆریان کێشا. و هیواداریین ئەمساڵێش بەگورتر لە پێش یارمەتیدەرمان تاپێکەوە بتوانین ئەم ئەرکە بە ئەنجام بگەیەنین.

گەرچی جاری پێش بەهەر هۆیەک ئەو خەڵاتە بە رێزدار کەبوودوەند نەگەیشت، بەڵام دیسان کۆمیتەی کارکردن بە هاوکاری و پشتیوانی حیزبی دۆستی کورد،حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆروێژ بۆ ئەنجامی ئەو ئەرکە گرینگە هاتینەوە مەیدان و دەمانەوەێ بۆ



جارێکی دیکە هەموو هەوڵ و کۆششی خۆمان لە سالی ٢٠١٣ سێلگیرانەتر لە پێش وەگەربخەینەوە.

ئەم هەنگاوە گرینگە، سەرکەوتنەکەی قازانجی هەم بۆ تێکڕای نەتەوەی کورد، بە تایبەت رۆژهەڵاتی کوردستان رۆژهەڵاتی دەبێ و هاوکات کاریگەری ئەریی زۆری لە سەر هەلومەرجی زیندانیانی سیاسی ومەدنی کورد دادەنێ. ئاشکرایە گەر ئەو خەڵاتە بە رێزدار کەبوودوەند بگات، بەهۆی ئاست و هەلومەرجی جیهانیی ئەو خەڵاتە، ئیتر راگرتنی بەرێز کەبوودوەند لە زیندان بۆ حکوومەتی ئێران هەزینەی قورستر و دەبێ و ئەگەری ئازاد بوون یا لانی گوڕینی هەلومەرجی دێنێتە ئاراوە.

کۆمیتەی کارکردن بەو ئاواتەیە کە دەنگی بوێر و حەقخوازانەی سەرۆکی مافی مروڤی کوردستان ریزدار کەبودوەند لە چاڵە رەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک سیمبوولی خۆراگری و دەنگی ستەملێکراویی و سەرکوتی نەتەوەی کورد بگاتە خانەی بەرزی تەلاری ئاشتی نوبێل لە ئوسلوو پێتەختی نۆروێژ.

با جیهانیان بزانن کە کەبودەوند لە دەسەڵاتی ئاژاوەگێڕ و تێرروریستیی حکوومەتی ئیسلامی ئێراندا، دەنگ و سیمبوولی خەباتی مەدەنیی دوورٍ لە گرژیی نەتەوەیەکە کە لە تەواوی لەشی خوێن دەچورێ و ئامادەیە دیسان نرخ و قیمەت بۆ ئازادی و گەیشتن بە مافی پێشێلکراوی بدا. ئەگەرچی بەداخەوە لە دونیای ئەمڕۆدا بەرژەوەندی خوازیی بوەتە هۆی ئەوە لەم نەتەوەیە ئێجگار کەم ئاورٍ بدرێتەوە.

کۆمیتەی کارکردن بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبیل دەستی هاوکاری بۆ هەموو حیزب و رێکخراوەکانی سیاسی، مەدنی و ناوەندەکانی داکۆکیکاری مافی مروڤ و تاکی کورد درێژ دەکا کە یارمەتی دەربن ئەمجار کبودوەند سەرەکەوتن بەدەست بهینێ. بێگومان هەوڵدان لەم بوارەدا ئەرکی نیشتمانی و ئینسانی هەموومانە.

کۆمیتەی کارکردن بۆ وەگرتنی خەلاتی ئاشتی نوبێل

١٥ ی فیبروری ٢٠١٣

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست / رێکەوتی: ١٥ی فێبریویری ٢٠١٣



# کاندیدکرانی محەممەد سەدیقی کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل




دوای نیزیک بە سێ مانگ کار و تێکۆشانی چالاکانی مەدەنی و سیاسی، حیزبەکان و ڕێکخراوە مەدەنیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کاندیداکردنی محەممەد سەدیقی کەبودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی ٢٠١١، پرۆسەکە بە ئاکام گەیشت و سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان وەک یەکێک لە بەربژێرەکانی ئەو خەڵاتە کاندید کرا. کومیتەی کارکردن بۆ کاندیداتۆری کەبودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل لە نۆرویژ لەم بارەوە ڕایگەیاند: "کە پاش ٤٣ ڕۆژ هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوام بۆ کەیسی کاندیداتۆڕی محەممەد سەدیق کەبوودوەند سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان کە بە ناحەق لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە زیندانی کراوە، وەک یەکێک لە کاندیدەکانی وەرگری خەڵاتی ئاشتی نۆبێل- ی ٢٠١١ ناسێندراوە. ئەم کومیتەیە ئەوەشی ڕوون کردەوە کە ئەو سەرکەوتنە "بە هیممەت و تێکۆشانی پارلمانتارانی حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆروێژ" وەدی هاتووە. ناوەرۆکی نامەی "ئاکسێل هاگن" ئەندام پارلمانی سەر بە حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆروێژ کە نامەی کاندیداکردنی کەبوودوەندی پێشکەش کرد بەم شێوەیە بوو. لە مێژ ساڵە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران دا، ڕەخنەی زۆری لەسەرە و لە بەشیکی زۆری ناوچە کوردنشینەکاندا کوردەکان لە بارودۆخێکی نالەبار و ناخۆش دان. لە درێژەی ئەم نووسراوەیەدا هاتووە کە، محەممەد سەدیق کەبوودوەند دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانە کە ئەم دامەزراوەیە ڕێکخراوەێکی مەدەنیە. ئەو چالاکیەکانی دژی ئاپارتایدی ڕەگەزی و نەتەوەیی لە کوردستانە. ساڵانێکی زۆر کەبوودوەند وەک ڕۆژنامەوان گەلێک ڕاپۆرت و هەواڵ و نووسراوەی لە پێوەندی لە گەڵ پێشێلکرانی مافی مرۆڤی کوردستان نووسیون و بڵاو کردوونەوە، تا ئەو کاتەی کە لە مانگی ٦ی ٢٠٠٧ لە لایان کاربەدستانی حکومەتی ئێرانەوە دەستبەسەر کراوە. هەروەها لە درێژەی ئەم نامەیەی ئاکسێل هاگن هاتووە کە، حکومەتی ئێران تێکۆشانی کەبوودوەند لە ڕێکخراوی ماڤی مرۆڤی کوردستاندا بە دژایەتی لە گەڵ ئەمنیەتی نەتەوەیی ئێران حیساب دەکات و هەر بەو بیانویەش زیندانیی کردووە. لە درێژەدا ئاماژە بەوە دراوە کە، لە ڕێگای کاندیدکردنی محمد سەدیق کەبوودوەندەوە دەمهەوێ سەرنجی تایبەت ڕابکێشرێ بۆ مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ، دۆخی ڕۆژنامەگەریی ئازاد و سەربەخۆ و هەروەها مافە نەتەوەییەکانی کورد. هەر جۆرە پشتیوانیەک لە



کەبوودوەند، پشتیوانیە لە هەموو ئەو بەندییە سیاسی و مەدەنیانەی کە لە پێناو مافی مرۆڤدا تیدەکۆشن. هەروەها پشتیوانییە بۆ دێموکراسی لە کوردستانی ئێراندا." شایانی باسە کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و سکرتێری گشتی حیزب بە نوسینی نامەو داواکاری لە کەسایەتییە سیاسی و پارلمانتارەکانی بەشێکی بەرچاو لە وڵاتان ی دەرەوە، خوازیاری کاندیدکرانی کەبودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل بوون

سەرچاوە: ماڵپەڕی کورد کاناڵ / ڕێکەوتی: ٢ی فێبریویری ٢٠١١

## وەرێخستنی کەمپەینی پشتیوانی کردن لە محەممەد سەدیقی کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی



ماوەی چەند رۆژە کەمپەینێک لە لایەن چالاکانی مافی مرۆڤی کوردستان بە مەبەستی پشتیوانی لە کاندیداتۆریی محەممەد سەدیق کەبوودوەند، سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان بۆ خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی پێکهاتووە. دەقی بانگەوازی ئەم پشتیوانیە لە خوارەوە بخوێننەوە:

ویژدانە وشیارەکان
لە گەڵ ڕێز

محەممەد سەدیقی کەبوودوەند، تەمەن ٤٨ ساڵ، رۆژنامەنووس و بەرێوەبەری حەوتەنامەی پەیامی مەردوم (پیام مردم) و



# کەبوودوەند هێمای خەباتی مەدەنی رۆژهەڵات

بناخەدانەری رێکخراوی ناحوکمیی مافی مرۆڤ لە کوردستان کە دژ بە ئاپارتایدی قەومی و رەگەزی لە کوردستان تێکۆشانی کردووە، ئەمرۆ بە باوکی روحی مافی مرۆڤ لە کوردستان ناسراوە، لە مانگی ژوئەنی ۲۰۰۷ و دوای حەوت مانگ ئەشکەنجەی سەخت لە ژوورە تاکەکەسیەکان بە تاوانی دامەزراندن و بەڕێوەبردنی "رێکخراوی پارێزگاری لە مافی مرۆڤی کوردستان"، ۱۱ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا و بەندکراوە.

رێکخراوەکەی کەبوودوەند لە سەرەتاکانی ساڵی ۲۰۰۵ لە چوارچێوەی رێککەوتنە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ و لە سەر بنەمای رێککەوتنی ۲۱ی میساقی مافە مەدەنی و سیاسیەکان کە دەوڵەتی ئێرانیش بەڵێنی رەچاوگرتنییانی داوە، دامەزراوە.

ئەو رێکخراوە کە بەرنامەکەی بە پێی جارنامەی جیهانیی مافی مرۆڤە، لە ماوەی ساڵانی تێکۆشانی خۆی دا، هەموو توانایی خۆی بۆ پارێزگاری و پشتیوانی لە مافی ژنان، مناڵان، بەندکراوان، کەمایەتیەکان، خەڵکی کورد و ماف و ئازادیە بنەڕەتیەکانی سەرجەم شارۆمەندانی ئێرانی بە کار هێناوە و داوای لە دەوڵەت و کۆمەڵگا کردووە تا رێز بۆ مافەکانی ئینسان دابنێن.

بەڵام محەممەد سەدیق کەبوودوەند کە لە زیندانی ئەوینی تاران بەند کراوە، لە ماوەی نیزیک بە چوار ساڵ بەندکران دا، بەرەورووی نەخۆشی جۆراوجۆر لەوانە دڵ، زەختی خوێن، مێشک و هەست و پرۆستاتی توند، بووە و چەند جار تووشی جەڵدەی ناتەواوی دڵ و مێشک بۆتەوە و هەر ئیستا لە ژێر چاوەدێری پزیشکان دایە. بەشێک لە پزیشکە تایبەتەکان راپۆرتگەلێکیان لە بابەت بەرگە نەگرتنی کەبوود وەند لە بەرامبەر زیندان و بەند دا دەرکردووە بەڵام بەو حاڵەشەوە دەزگای دادوەری، ئیتلاعاتی و ئەمنیەتیەکانی کۆماری ئیسلامی بەوپەڕی گوێنەدان بە راپۆرتە پزیشکیەکان و بارودۆخی ناوبراو، هەروا کەبوودوەندیان لە زیندان دا راگرتووە.

کەبوودوەند لە دادگایەکی ناتەبا لە گەڵ پێوانە نێونەتەوەییەکان کە سیاسەتی هەڵاواردنی بەسەردا زاڵە، بە شێوەی نایاسایی حوکمی قورسی زیندانی بەسەردا سەپاوە و لە ماوەی ساڵانی زیندانیبوونی دا، وەک هەموو خەڵکی کوردستان بەرەورووی هەڵاواردن و ئاپارتایدی مێدیا و راگەیەنەرەکان و پشتیوانی لە ناوخۆ بۆتەوە و پشتیوانی لە ناوبراو لە دەرەوەش تووشی بەرچاوتەنگیی لۆبی و گرووپەکانی هاوبەرژەوەند لە کۆر و کۆبوونەوە جۆراوجۆرەکان بۆتەوە.

بنەماڵەی کەبوودوەند لە ئێوە بەڕێزان داوا دەکەین کە لە کاندیداتۆریی محەممەد سەدیقی کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل ساڵی ۲۰۱۱ پشتیوانی بکەن.

کەمپەینی پشتیوانی لە کاندیداتۆریی سەرۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بۆ خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی رۆژهەڵات / رێکەوتی: ۱۳ی دێسامبری ۲۰۱۰



سەرچاوە
Serchawe

# نیگەرانی کۆماری ئیسلامی لە کاندیداتۆریی کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل




دوای ئەوەی بنەماڵەی محەممەد سەدیق کەبوودوەند، سەرۆکی بەندکراوی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە نامەیەک دا بۆ کەسایەتیە جیهانیەکانی براوەی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل لە ساڵانی رابردوودا،

داوایان کرد بۆ پشتیوانی کردن لە کەبوودوەند و دژایەتی کۆماری ئیسلامی کومیتەیەک درووست بکرێ.

راگەیەنەکانی کۆماری ئیسلامی بەمەبەستی چەواشەکاری بۆ کاندیدکرانی کەبوودوەند هەواڵێکی پڕلە سووکایەتیان بڵاوکردەوە لە ژێر سەردێڕی "بنەماڵەی تەجزیە تەڵەبێک داوایان کردوە، خەڵاتی ئاشتی نۆبێل بدەن بە ئێمە"، کەبوودوەند وەک یەکێک لە "عوامل تەجزیە تەلەب لە رۆژئاوای وڵات" پێناسە دەکا.

هەواڵدەریەکەی کۆماری ئیسلامی لەم سۆنگەیەدا جارێکی تر ئەوەی وەبیر بیروڕای گشتی هێناوەتەوە کە کەبوودوەند بە تۆمەتی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی، بانگەشە دژ بە نیزام و کارکردن لەگەڵ کۆمەڵە سیاسیەکان و راگەیەنەرەکانی دژ بە ئێران دەستبەسەر کراوە.

محەممەد سدیق کەبوودوەند لە لایەن شۆعبەی ٥٦ی دادگای پێداچوونەوەی تاران زیندانی بەسەردا سەپاوە و لە ساڵی ٨٥ تا ئێستا لە زیندان دا بەند کراوە. راگەیەنەکانی کۆماری ئیسلامی بڵاویان کردەوە کە کەبوودوەند ماوەیەک لەوە پێش لە بەیاننامەیەک دا لە لایەن نوێنەرانی یەکێتی ئوروپاوە وێڕای عەباس ئەمیر ئینتزام، مەنسوور ئوسانلو و بەهارە هیدایەت بە کاندیدی خەڵاتی ساخارۆف



دیاری کرابوو.

"شبکە ایران" ترسی کۆماری ئیسلامی لە ئەگەری هەڵبژێرانی کەبودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتی نۆبێل نەشاردۆتەوە و رایگەیاندووە کە بە دوای نارەزایەتیەکانی ساڵی ١٣٨٨ی تاران و شارە گەورەکانی دیکەی ئێران ئەو ناوەندانەی دژ بە ئێرانن لە ژێر ناوی مافی مرۆڤ، ئازادی و دێموکراسی، خەڵاتگەلێکی بە سەر چالاکانی دژە ئێرانی کە بە گشتی دژ بە ئیسلامیش تێکۆشانیان هەیە بەخشیوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی: ٤ی جانێویری ٢٠١١

---

## بۆ پشتیوانی لە کاندیداتۆریی کەبوودوەند، سکرتێری گشتیی حدک داوای هاوکاری لە پارلمانی بریتانیا دەکا






لە درێژەی ئەو هەوڵە دیپلۆماسیانەی کە لایەنەکان بۆ راکێشانی پشتیوانیە نێونەتەوەییەکان لە کاندیداتۆریی محەممەد سەدیقی کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی ٢٠١١ دەستیان پێکردووە، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان داوا لە ئەندامانی پارلمان و لۆردەکان و کۆمیتەی مافی مرۆڤی سەرجەم حیزبەکانی بریتانیا لە پارلمانی ئەو وڵاتە دەکا تا لەم هەنگاوەدا پشتیوانیی لە کوردی رۆژهەڵات بکەن.

خالیدی عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە نامەکەیدا لە کە ئاراستەی ئەندامانی پارلەمانی بەریتانیاو لۆردەکانی بەریتانیا و هەروەها کۆمیتەی هەموو پارتەکانی پارلمانی مافی مرۆڤ لە پارلمانی بریتانیا کردوە و ئاگاداری کردوونەوە

که "کەبوودوەند هیچ پێوەندییەکی تەشکیلاتی بە هێزە سیاسییەکانەوە نییە و تەنیا بە تاوانی دامەزراندنی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و چالاکی مەدەنی لە رۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە ١٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندراوە."

سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروەها داوای لە پەرلەمانتاران کردوە کە هاوکار و هاوهەڵوێستیان بن لە کاندیداکردنی محەمەد سەدیقی کەبوودەوند و داواشی کردووە لە توانا دیپلۆماسیەکانی خۆیان بۆ پاڵپشتی میکانیزمی کاندیداتوری محەممەد سدیقی کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی بەشدار بن.

لەم بارەوە نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی بریتانیا رایگەیاندووە کە ناوەندە دیپلۆماسیەکانی ئەو حیزبە لە دەرەوەی وڵات لە هەوڵێکی چڕوپڕ دان تا بتوانن بۆ کاندیداتۆری محەمەد سەدیقی کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتی نۆبێلی ساڵی ٢٠١١ مسۆگەر بکەن و وەبیریشی هێناوە کە پێشتریش سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان نامەیەکی ئاراستەی عەبدولکەریم لاهیجی بریکاری کۆنفیدراسیۆنی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ داوای لە ناوبراو کردبوو کە پاڵپشتی میکانیزمی کاندیداتۆری محەممەد سدیقی کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ / رێکەوتی: ٢١ی جانێویری ٢٠١١

## پشتیوانیی سکرتێری گشتیی حدک لە کاندیدکرانی کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل





کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی نامەیەک، پشتیوانیی خۆی لە کاندیداتۆریی محەممەد سەدیق کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل راگەیاندوە.

ئەوەی خوارەوە دەقی نامەی پشتیوانیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کاندیداتۆریی کاک محەممەد سدیق کەبودوەندە:



## کەبوودوەند هێمای خەباتی مەدەنی ڕۆژهەڵات

ڕۆژی ١٠ی دیسامبری ٢٠١٠، بنەماڵەی بەڕێز محەممەد سەدیق کەبوودوەند، سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان، لە بانگەوازێک دا، ڕووی قسەی خۆیان کردە ویژدانە بەخەبەرەکانی جیهان و کۆمەڵێک لە وەرگرانی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل. لەو بانگەوازە دا وێڕای ئاماژە بە بارودۆخی دڵتەزێنی ئەو تێکۆشەرەی بواری مافی مرۆڤ لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی دا، داوا کرابوو پشتیوانی لە پێشنیاری کاندیدکرانی کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی ٢٠١١ بکەن.

بەدوای ئەم بانگەوازەی بنەماڵەی کەبوودوەند دا، کەمپەینێک بۆ پشتگیریی پێشنیاری کاندیدکردنی سەرۆکی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێل وەڕێ کەوتوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای هاتنە گۆڕی ئەم پێشنیارەوە، لە ڕاگەیەنەکانی خۆیدا پێشوازی و لایەنگریی لەم پێشنیارە کردوە و تێکۆشەران و ئەندامانی حیزب، پشتی ئەو کەمپەینەیان گرتوە.

وەک ڕێزگرتن لە هەوڵە بەنرخەکانی ئاغای کەبوودوەند بە دیفاع لەمافەکانی مرۆڤ لە کوردستان و بە نیشانەی بەرز نرخاندنی تێکۆشانی مەدەنی و مرۆڤدۆستانەی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستان ، هەر وەها بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی بیروڕای گشتیی جیهان بۆ لای پێشێلکردنی هەموو مافێکی نەتەوەیی و ئینسانیی خەڵکی کوردستان و ستەم و تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلی کورد و خەڵکی سەراسەری ئێران، بە ڕەسمی ڕادەگەیەنم کە حیزبی دێموکراتی کوردستان پشتیوانی لە پێشنیاری کاندیدکرانی بەڕێز محەممەد سەدیق کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی ٢٠١١ دەکا. هەوڵیش دەدەین تا ئەو جێگایەی دەگونجێ تواناو ئیمکاناتی ڕێکخراوەیی، میدیایی و دیپلۆماتیکی حیزب بۆ بردنە پێشی ئەم پێشنیارە، بەکار بێنین.

هیوادارم پرسی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان و سەرانسەری ئێران بەگشتی و بەتایبەتی پێشنیاری کاندیدا کردنی ئەو تێکۆشەرە کوردو ئێرانییەی بواری مافی مرۆڤ ببێتە هەوێنی لێک نزیکبوونەوە، هاوهەنگاوی و کاری هاوبەش لە نێوان ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و ئێران و هەموو چالاکانی بواری مافی مرۆڤ لە نێوخۆو دەرەوەی وڵاتدا.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی

حیزبی دێموکراتی کوردستان

١٥ی بەفرانباری ١٣٨٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی: ٥ی جانێوێری ٢٠١١

## پشتیوانیی کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسی و روناکبیریی کورد لە کاندیداتۆریی محەممەد سدیق کەبودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل



دەیان کەسایەتیی سیاسی، مەدەنی و رووناکبیریی کورد بە بڵاو کردنەوەی راگەیەندراوێکی هاوبەش پشتیوانیی خۆیان لە کاندیداتۆریی محەممەد سدیق کەبودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبیلی ٢٠١١ دەربڕیوە.

لە بەشێکی ئەوراگەیەندراوەدا هاتوە کە ئێمە لە بەرامبەر وەبیرهێناوەی بە میلیۆن مرۆڤی ئازادیخواز کە لە لایەن رژێمەدیکتاتۆرەکان، یان لە دژبەری رقوقینی رەگەزپەرستی خوێنیان رژاوە، سەری رێز دادەنەوێنین و رایدەگەیەنین کە محەمەد سەدیق کەبودوەند رۆژنامەنووسی ٤٨ ساڵەی کوردستانی، یەکەمین کەس کە رێکخراوێکی بۆ داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤو کورد، لە ژێر سایەی رەشی رێژێمی کۆنەپەرەست و یانیگری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دامەزراند.

لە بەشێکی دیکەی ئەو راگەیەندراوەدا هاتوە کە هەوڵ وتێکۆشانی کەبودوەند لەمەڕ ئاشکراکردنی تێداچوونی مافی مرۆڤ لەئێران، بە گوێی گەلێک لە ئینسانەکان و رێکخراوەکانی جیهانی گەیشتووە و هەر بەم بۆنەشەوە لەلایەن چەندین رێکخراوە و دامودەزگاکانی پاراستنی مافی مرۆڤی جیهانییەوە، خەڵاتی رێزلێنانی پێشکێش کراوە.

لە دوایین بەشی ئەو راگەیەندراوەدا هاتوە کە بە پێی ئەم پێناسە کورتە ئێمە کە ناوی خۆمان لەژێر ئەم بەیاننامەیە دەنووسین، محەممەد سدیق کەبوودوەند بە شیاو بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل لەساڵی ٢٠١١ دەزانین و پشتیوانی لێ دەکەین.



شایانی باسە کە سارمەدین سادقوەزیری، عەبدوڵڵا پەشێو، دوکتۆر جەمال نەبەز، دوکتۆر سەعید شەمس، پرۆفیسۆر ئالان دیلانی، ئەنوەر سوڵتانی، دوکتۆر ڕۆیا تلووعی و هونەرمەندان ناسر ڕەزازی و حەسەن دەرزی چەند کەس لەوانەن کە ئەو ڕاگەیەندراوەیان ئیمزا کردوە.

## ناو و نیشانی ئەو کەسانەی کە ئەو ڕاگەیەندراوەیان ئیمزا کردوە بریتین لە:

١- سارمەدین سادقوەزیری (دامەزرێنەر و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرێتیی ڕێکخراوی مافناسانی ئێران)
٢- عەبدوڵڵا پەشێو ( شاعر)
٣- کەریم دانشیار(نووسەر)
٤- هاشم کەریمی(نووسەر)
٥- ئەنوەر سوڵتانی (نووسەر)
٦- دوکتۆر جەمال نەبەز (نووسەر ولێکۆڵەر)
٧- سیروان کاوسی (نووسەر و ڕۆژنامەنووس)
٨- دوکتۆر حسێن خەلیقی (کۆمەڵناس و مامۆستای فەلسەفە)
٩- سیامەند موعینی (چالاکی مافی مرۆڤ)
١٠- جەواد مەلا (نووسەر)
١١- شەهلا دەباغی (چالاکی سیاسی و مەدەنی)
١٢- ئارێز داراپوور(چالاکی سیاسی- مەدەنی)
١٣- ئەحمەد بەهرامی (نووسەر)
١٤- دوکتۆر کامران ئەمین ئاوە (نووسەر و وەرگێڕ)
١٥- حەسەن ئەیوبزادە (یاساناس و لێکۆڵەر)
١٦- ئیبراهیم فەرشی (مامۆستای شانۆ و نووسەر)
١٧- دوکتۆر سەعید شەمس (مامۆستای زانستگە)
١٨- حەسەن دەرزی (هونەرمەند)
١٩- کامیل ژیر(یاساناس و نووسەر)
٢٠-پرۆفیسۆر ئالان دیلانی
٢١- دوکتۆر ڕۆیا تلووعی (چالاکی مافی مرۆڤ)
٢٢- دوکتۆر موعتەسەم تاتایی (مامۆستای زانستگە)
٢٣- مەهاباد قەرەداغی (نووسەر و چالاکی بواری ژنان)



٢٤- بروسکە ئیبراهیم (نووسەر)

٢٥- محەممەد شەیدا(نووسەر)

٢٦- دەرسیم دێبەگەیی (نووسەر و ڕۆژنامەنووس)،

٢٧- سەردار پشتدەری (نووسەر و ڕۆژنامەنووس)

٢٨- ناهید موکری (چالاکی مافی مرۆڤ)

٢٩- شەهرام میریکلانیکی (مامۆستای فیزیک)

٣٠- سەرهەنگ چیا (نووسەر)

٣١- لەیلا محەممەدی (چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی)

٣٢- نگین شێخولئیسلامیی (ڕۆژنامەنووس، چالاکی بزووتنەوەی ژنان)

٣٣- ئارێز ئەندەری (ڕۆژنامەنووس)

٣٤- ئیبراهیم حەیدەری (شاعر)

٣٥- ناسر ڕەزازی (هونەرمەند)

٣٦- جەمال ڕەزازی (چالاکی سیاسی و مەدەنی)

٣٧- ڕەزا کاویانی (چالاکی بزووتنەوەی کرێکاری)

٣٨- نەجمەدین غولامی (هونەرمەند)

٣٩- شەهین شەهلایی (چالاکی سیاسی، مەدەنی)

٤٠- ئازاد سەقزی (چالاکی مافی مرۆڤ)

٤١- ئاسۆ ساڵح (ڕۆژنامەنووس)

٤٢- جهاد محەممەد کەریم (چالاکی مەدەنی)

٤٣- حەمید بەهرامی (چالاکی سیاسی)

٤٤- ئەسفەندیار مۆنفەردزادە (مووسیقاناس)

٤٥- ئافاق تووفانی (هونەرمەند)

٤٦- شێرکۆ جهانی (ڕۆژنامەنووس)

٤٧- محەممەد خاکی (شاعر)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ١٧ی جانێوێری 2011



# کوردانی سوریە پشتیوانی لە کاندیداتۆریی کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل دەکەن




***لە حاڵێک دا جیا لە کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان هەتا ئێستا سەبارەت بە پرسی کاندیدا کردنی محەممەد سەدیق کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی ٢٠١١ لە لایەن چالاکانی کوردی ڕۆژهەڵات، بێدەنگەیان هەڵبژاردووە، کۆمەڵەی کوردانی سوریە لە وڵاتی نۆروێژ پشتیوانی خۆیان بۆ ئەو هەنگاوە دەربڕیوە.***

***کوردانی سوریا لەو پێوەندییەدا رایان گەیاندوە کە "ئێمە وەک کۆمەلەیَ کوردانی سوریە لە نوروێژ بە شانازێکی گەورەی بۆ کورد دەزانن کە باوکی ڕۆحی کورد محمد سەدیق کبودوند کاندیدا بکرێ و بەو هێوایە بە هێمەتی هەمووی کوردان ببێتە خاونی ئاشتی نوبل ٢٠١١ ."***

***لە بەشێکی دیکەی ئەو نامەی پشتگیرییەدا هاتوە کە "لە سەرەتای پێکهاتنی کمیتەی کارکردنی نورویژ بۆوەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نوبل، کۆمەلەی ئێمە هاوکاری لەگەلیان هەبوو و ئێستا کە کات کەمتر ماوە ئێمە چالاکی وپشتیوانی و هاوکاری خۆمان چرتر دەکەینەوە و داوا لە کوردانی سوریە و هەمووبەشەکانی کوردستانی دەکەین زۆر بە جیدی پشتیوانی و هاوکاری بکەن . بە ئێمزاکردن و وەرگرتنی پشتیوانی لایەن ،کەسایەتی و ڕێکخراوەکان بە تایبەت ئەندام پارلەمان و وەزیر و ماموستا و سەرۆکی زانستگاکان کاندیدبوون و سەرکەوتنی کبودوند مسوگەرتر بکەن".***

*سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢٤ی جانێوێری ٢٠١١*



# پشتیوانیی کۆمیتەی هاوبەشی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆرویژ لە کاندیداتۆریی کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتی نۆبێل

هاونیشتمانانی بەڕێز!

ڕێکخراوە بەشەردۆستەکان و لایەنگرانی مافی مرۆڤ!

هەروەک هەمووﻻیەک ئاگادارن ماوەیەک لەمەوپێش بنەماڵەی بەڕێز محەممەد سەدیق کەبوودوەند، سەرۆکی با ناحەق زیندانی کراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان، لە بانگەوازێک دا، ڕووی قسەی خۆیان کردە ویژدانە بەخەبەرەکانی جیهان و کۆمەڵێک لە وەرگرانی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل. لەو بانگەوازەدا وێڕای ئاماژە بە بارودۆخی دڵتەزێنی ئەو تێکۆشەرەی بواری مافی مرۆڤ لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا، داوا کرابوو پشتیوانی لە پێشنیاری کاندیدکرانی کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی ۲۰۱۱ بکەن.

کۆمیتەی هاوبەشی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆرویژ، هەر زۆر زوو لە ڕێگای هاوکاری ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆمیتەی کارکردن بۆ کاندیداتۆریی کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل- نۆرویژ وێڕای ڕاگەیاندنی پشتیوانی خۆی، لە نامەیەکی ڕەسمیشدا ئەو پشتیوانیەی بە لایەنێکی پێوەندیداری نۆرویژی ڕاگەیاندووەو، داوای کردووە کە سەرۆکی زیندانی کراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان بەڕێز محەممەد سەدیق کەبوودوەند وەک کاندیدای وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل لە ساڵی ۲۰۱۱ دا دیاری بکرێ.

ئێمە وێڕای بەرز نرخاندنی هەموو ئەو هەوڵانەی کە لەم پێوەندییەدا دەدرێن، هەروەها بەرزنرخاندنی ئەو هاوهەڵوێستیەی کە بەم بۆنەوە لە نێو حیزبو ڕێکخراوە کوردستانییەکانو ڕیزەکانی گەلەکەماندا دروست بووە، جارێکی دیکەش پشتیوانی خۆمان لە کاندیداتۆریی بەڕێز کەبوودوەند بۆ وەر گرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل ڕادەگەیەنین.

کۆمیتەی هاوبەشی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆرویژ

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا / ڕێکەوتی: ۱۹ی جانێویری ۲۰۱۱



# پشتیوانی کردنەوە لە کاندیداتۆریی کەبودوەند لە نامەیەکدا بۆ پارلمانی نۆروێژ




لە نامەیەک دا بۆ ئەندامانی پارلمانی نۆروێژ کە هاوکات وێنەیەکیشی بۆ پارلمانی هەر یەک لە وڵاتانی دانمارک، ئینگلستان، فەرانسە، ئالمان، فینلاند، ئیتالیا و ئۆسترالیا، کانادا، ئیمارەتە یەکگرتووەکانی عەرەبی، ژاپۆن، ئافریقای باشوور، هیند و شیلی نێردراوە و هاوکات وەرگرانی پێشووی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل، سەرۆکەکانی پێشووی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوە و کەسایەتیە سیاسی، مەدەنی و خەباتگێڕەکانی لێ ئاگادار کراوەتەوە، بنەماڵەی محەممەد سەدیقی کەبوودوەند، سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان وێڕای ئاگادار کردنەوەی ئەو لایەنانە لە دۆخی نالەباری ناوبراو لە نێو زیندانی ئێوینی کۆماری ئیسلامی دا، داوا دەکەن شێلگیرانە پشتیوانی کاندیداتۆریی باوکی مافی مرۆڤی کوردستان بکەن بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل.

نامەکە لە لایەن هەر یەک لە هاوسەر، ٣ منداڵ، ٣ خوشک و ٢ برای سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان نووسراوە و تێیدا هاتوە کە محەممەد سەدیقی کەبوودوەند، دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و سەرنووسەری حەتوونامەی پەیامی خەڵک کە لە لایەن دادگای ئینقلابی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە سەبارەت بە بەرگریی لە مافی مرۆڤ، مافی ژنان لە ئێران و کوردستان و پشتیوانی لە مافی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ١١ ساڵ زیندان حوکم دراوە، لە مانگی ژوئەنی ساڵی ٢٠٠٧ تا ئێستا لە تارانی پێتەختی ئێران دا زیندانی کراوە. ئەو لە زیندان دا، لەچاو زیندانی دیکە کەمترین مافی زیندانیی پێ دراوە بە جۆرێک کە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا بە فەرمانی ڕاستەوخۆی دادئەستێنی تاران، مۆڵەتی هیچ جۆرە چاوپێکەتنێکی ڕاستەوخۆ لە گەڵ بنەماڵەکەی پێ نەدراوە.

لە درێژەی نامەکەدا بۆ پارلمانی نۆروێژ، هاتووە کە: ئێمە وەک بنەماڵەی کەبوودوەند داوا لە ئێوە دەکەین بۆ پشتیوانی لە مافی



***مرۆڤ، مافی ژنان و مافی خەڵکی کوردستان لە سەرجەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شێلگیرانە پشتیوانی لە کاندیداتۆریی محەممەد سەدیقی کەبوودوەند بکەن بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل لە ساڵی ٢٠١١ دا.***

***سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی ٢٧ی سێپتەمبەری ٢٠١١***

## محەممەد سەدیق کەبوودوەند لە لایەن "حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆروێژ" بۆ خەلاتی ئاشتی نوبێل٢٠١٢ بەربژێر کرایەوە.



***هاونیشتمانانی خۆشەویستی کورد، ریکخراوەکانی سیاسی، مەدنی و مافی مروڤ لە کوردستان و تاراوگە!***
***بنەماڵەی بەرێز محەممەد سەدیق کبودوەند!***
***هەموو تاکەکانی کورد بە تایبەت کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان!***
***بە خۆشحالیەوە رادەگەیەنین بۆ جارێکی دیکە سەرۆکی مافی مروڤی کوردستان بەرێز و تێکۆشەر کاک محەممەدسەدیق کبودوەند لە لایەن "حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆروێژ" بەرێزان "ئەختر چادرێری"***

***جێگری سەرۆک پارلەمانی نۆروێژ و "ئاکسل هاگن" ئەندام پارلەمانێکی دیکەی ئەم حیزبە بۆ خەلاتی ئاشتی نوبێل2013 کاندید کرایەوە.***
***کۆمیتەی کارکردن بۆ وەرگرتنی خەلاتی ئاشتی نوبێل، کبودوەند بە شایانی ئەم خەڵاتە دەزانێ، ئێمە ئەمسالیش پێی خۆشحاڵین کە توانیمان وەک سالی ٢٠١١ یارمەتی دەربین کە ناوی کبودوەند بێتەوە رێزی گەورە مرۆڤ و رێکخراوەکانی جیهانیەوە.***
***وەک پێزانین و وفاداری سپاسی گەرمی خۆمان ئاراستەی کۆمیتە کەمپینی خەڵاتی ئاشتی نوبێل ( کە بەهەوڵ و تێکۆشانی ١٢ ژنی***





تیکۆشەری هاونیشتمانیمان پێکهات) دەکەین کە لە ساڵی ٢٠١١ لەو پێوەندیە دا زەحمەتێکی زۆریان کێشا. و هیواداریین ئەمساڵێش بەگوڕتر لە پێش یارمەتیدەرمان تاپێکەوە بتوانین ئەم ئەرکە بە ئەنجام بگەیەنین.

گەرچی جاری پێش بەهەر هۆیەک ئەو خەڵاتە بە ڕێزدار کەبوودوەند نەگەیشت، بەڵام دیسان کۆمیتەی کارکردن بە هاوکاری و پشتیوانی حیزبی دۆستی کورد،حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆرویژ بۆ ئەنجامی ئەو ئەرکە گرینگە هاتینەوە مەیدان و دەمانەوەێ بۆ جارێکی دیکە هەموو هەوڵ و کۆششی خۆمان لە ساڵی ٢٠١٣ سێلگیرانەتر لە پێش وەگەربخەینەوە.

ئەم هەنگاوە گرینگە، سەرکەوتنەکەی قازانجی هەم بۆ تێکڕای نەتەوەی کورد، بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆژهەڵاتی دەبێ و هاوکات کاریگەری ئەریی زۆری لە سەر هەلومەرجی زیندانیانی سیاسی ومەدنی کورد دادەنێ. ئاشکرایە گەر ئەو خەڵاتە بە ڕێزدار کەبوودوەند بگات، بەهۆی ئاست و هەلومەرجی جیهانیی ئەو خەڵاتە، ئیتر ڕاگرتنی بەڕێز کەبوودوەند لە زیندان بۆ حکوومەتی ئێران هەزینەی قورستر و دەبێ و ئەگەری ئازاد بوون یا لانی گۆڕینی هەلومەرجی دێنێتە ئاراوە.

کۆمیتەی کارکردن بەو ئاواتەیە کە دەنگی بوێر و حەقخوازانەی سەرۆکی مافی مرۆڤی کوردستان ڕیزدار کەبودوەند لە چاڵە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک سیمبوولی خۆراگری و دەنگی ستەمڵێکراویی و سەرکوتی نەتەوەی کورد بگاتە خانەی بەرزی تەڵاری ئاشتی نوبێل لە ئوسلوو پێتەختی نۆرویژ.

با جیهانیان بزانن کە کەبودوەند لە دەسەڵاتی ئاژاوەگێڕ و تێرۆریستیی حکوومەتی ئیسلامی ئێراندا، دەنگ و سیمبوولی خەباتی مەدەنیی دووڕ لە گرژیی نەتەوەیەکە کە لە تەواوی لەشی خوێن دەچوڕێ و ئامادەیە دیسان نرخ و قیمەت بۆ ئازادی و گەیشتن بە مافی پێشێلکراوی بدا. ئەگەرچی بەداخەوە لە دونیای ئەمڕۆدا بەرژەوەندی خوازیی بوەتە هۆی ئەوە لەم نەتەوەیە ئێجگار کەم ئاوڕ بدرێتەوە.

کۆمیتەی کارکردن بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبیل دەستی هاوکاری بۆ هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی سیاسی، مەدنی و ناوەندەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ و تاکی کورد درێژ دەکا کە یارمەتی دەربن ئەمجار کبودوەند سەرەکەوتن بەدەست بهێنێ. بێگومان هەوڵدان لەم بوارەدا ئەرکی نیشتمانی و ئینسانی هەموومانە.

کۆمیتەی کارکردن بۆ وەگرتنی خەلاتی ئاشتی نوبێل

١٥ی فیبروری ٢٠١٣

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی: ١٦ی فێبریویری ٢٠١٣



# کوردانی وڵاتی نۆرویژیش لە ئاکسیۆنێکی تایبەت دا پشتیوانی خۆیان لە کەبوودوەند دەربڕی



رۆژی شەممە ٣١ی پووشپەڕی ١٣٩١ای هەتاوی، بەرامبەربە ٢١ی جولای ٢٠١٢ی زایینی، لەبەردەم پەرلەمانی وڵاتی نۆروێژ لە شاری ئۆسلۆ، کۆمیتەی کار کردن بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل لە ساڵی ٢٠١١ بە هاوکاریی کۆمەڵێک خوێندکاری کورد و هەروەها بە بەشداریی بەشێکی بەرچاوی چالاکانی سیاسی و مەدەنی کوردی دانیشتووی نۆروێژ، رێورەسمێک بۆ پشتیوانیی لە داخوازە ڕەواکانی محەممەد سەدیقی کەبوودوەند، سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان کە ماوەی نزیک بە دوو مانگە  لە گرتووخانەی ئێوینی تاران مانی گرتووە، بەرێوەچوو.

سەرەتای ئاکسیۆنەکە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی رەقیب»و ساتێک بێدەنگیی بۆ رێزگرتن لە تێکۆشەرانی گیانبەختکردووی خەباتی مەدەنیی لە سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامی دەستی پێکرد.

پاشان پەیامی هاوبەشی پێکهێنەرانی ئاکسیۆنەکە لەلایەن بەرێز کەریم ڕەحیمی ئەقەدەمەوە بە زمانی نۆروێژی پێشکەشی بەشداران کرا. ناوبراو لە بەشێکی وتارەکەی دا بۆ جارێکی دیکە باسی لە بارودۆخی نالەباری جەستەیی و ڕۆحی کەبودوەند کرد و بە ئاماژە کردن بەوەی کە هیچ حکوومەتێک بەو شێوەیە هەڵسووکەوت لەگەڵ زیندانیانی خۆی ناکا کە لانی کەم ئیزنی ئەوەی هەبێ سەردانی کوڕە نەخۆشەکەی بکا، داوای لە وڵاتانی ئورووپایی و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ کرد کە بە هەر شێوەیەک بێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بخەنە ژێر فشار بۆ ئازادی بێ مەرجی کەبودوەند.



سەرچاوە
Serchawe





رێزدار ئالێکس هاگێن، ئەندامی پەرلەمانی نۆروێژ یەکێکی دیکە لە وتاربێژانی رێورەسمەکە بوو کە سەبارەت بە کەیسی کاندیداتۆری کەبوود وەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل جارێکی دیکە پێداگریی لەسەر ئەوە کردەوە کە کەبودوەند دەبێ بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل کاندید بکرێتەوە و هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەو قسانە تەنیا هی خۆی نین و بەڵکوو ڕاو بۆچوونی بەشێکی بەرچاوی ئەندامانی پەرلەمانی نۆروێژە.

لە بەشێکی دیکەی رێورەسمەکەدا، بەرێز ئەحمەد نەقشی، بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە نۆروێژ پەیامی هاوبەشی کۆمیتەی هاوکاریی حیزب و رێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بۆ بەشدارانی ئاکسیۆنەکە خوێندەوە، ناوبراو لە بەشێکی پەیامەکەیدا پاڵپشتی و پشتیوانیی حەوت حیزب و رێکخراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بۆ ئازادیی کەبوودوەند و سەرجەم بەندکراوە سیاسی و مەدەنییەکانی کورد دووپاتکردەوە.

لە دوا بەشی ئاکسیۆنەکە دا بەرێز کەریمی ئەڵڵاوەیسی لە وتەیەک دا سپاسی رێزدار ئالێکس هاگێنی کرد کە لە ماوەی 2 ساڵی ڕابردوودا بێ وچان پشتگیریی لە کەیسی کەبودوەند کردووە و لە قسەکانی دا ئاماژەی بەوە کرد کە دەستەی بەڕێوەبەریی ئەو خۆپێشاندانە کارەکانی هەر بەو ئەرکەی ئەمڕۆ کۆتایی نایەو لە ڕۆژانی داهاتووش دا لە وەزارەتی دەرەوەی نۆروێژ و هەروەها پارلەمانی نۆروێژ کاتیان بۆ تەرخان کراوە بۆ باس کردن لەسەر ئەو بابەتە.

پێویستە بگوترێ کە بەرنامەکە لە لایەن کاک ئەمیر بابامیری و هەروەها پێشکەش کردنی دوو سروودی شۆرشگێری

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢٣ی جووڵای ٢٠١٢

## داواکاری سکرتێری گشتیی حدک لە عەبدولکەریمی لاهیجی بۆ پشتیوانی لە کاندیداتۆری کەبوودوەند

کاک خالید عەزیزی سکرتێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، لە نامەیەک دا بۆ عەبدولکەیم لاهیجی بریکاری کۆنفیدراسیۆنی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ داوای لە ناوبراو کردوە کە پاڵپشتی میکانیزمی کاندیداتۆری محەممەد سدیقی کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل بێ.





سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە نامەکەیدا بۆ بریکاری کۆنفیدراسیۆنی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ نووسیویەتی کە، هەروەک ئاگادارن دەنگی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان، بەمەبەستی گەیاندنی دەنگی خۆیان و هەروەها نارەزایەتی دەربڕین لەبەرانبەر حوکمە ناعادڵانەکانی دادگاکانی کۆماری ئیسلامی؛ چالاکوانی مافەکانی مرۆڤ ، محەممەد سدیق کەبوودوەندی بۆ کاندیداتۆری خەڵاتی ئاشتی نۆبێلی ٢٠١١ کاندید کردوە.

خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکرات لە بەشێکی دیکەی نامەکەیدا بۆ عەبدولکەریم لاهیجی نووسیویەتی، کەبوودوەند هیچ پێوەندییەکی تەشکیلاتی بە هێزە سیاسییەکانەوە نییە و تەنیا بە تاوانی دامەزراندنی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان زیاتر لە ١٠ سال زیندانی بەسەردا سەپێندراوە.

سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکرات لە کۆتایی نامەکەیدا بۆ عەبدولکەریم لاهیجی داوای لە ناوبراو کردوە کە وەک کەسایەتییەکی مافناس کە ساڵانێکی زۆرە بەمەبەستی بەرزراگرتنی ئاستی مافی مرۆڤ لە ئێران خەبات دەکا، پاڵپشتی لە میکانیزمی کاندیداتۆری محەممەد سدیقی کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل، بکا.

ئەوەی خوارەوە دەقی نامەیەی کاک خالید عەزیزی بۆ عەبدولکەریمی لاهیجی، بریکاری کۆنفیدراسیۆنی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤە:

رێزدار ئاغای دوکتۆر لاهیجی

بە سڵاوێکی گەرم

هەروەها کە ئاگادارن هاونیشتمانانی کورد لە ئێران ئەم جارە بۆ گەیاندنی دەنگی مافخوازانەی ئەم خەڵکە ستەملێکراوە و هەروەها نارەزایەتی دەربڕین بەرانبەر بە حوکمی نادادپەروەرانەی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی ئێران، چالاکی مافەکانی مرۆڤ بەرێز محەممەد سدیق کەبوودوەندیان بۆ کاندیداتۆری خەڵاتی ئاشتی نۆبێل لە ساڵی ٢٠١١ لە بەرچاو گرتوە و بۆ هەرچی باشتر و کاریگەر بوونی ئەم هەوڵە پێویستییان بە یارمەتی و هاوڕێیەتی هاونیشتمانانی خۆیانە.

ئاغای کەبوودوەند وەکوو تێکۆشەرێک کە هیچ پێوەندیەکی تەشکیلاتیی لە گەڵ هیچ یەک لە حیزبەکانی کوردستانی و ئێرانی نیە و تەنیا بە تاوانی دامەزراندنی رێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان زیاتر لە ١٠ ساڵ زیندانی بە سەردا سەپاوە، بەسەرهاتی ژیانی زۆر لە "لیوخیابۆ" براوەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل لە ساڵی ٢٠١٠ دەچێ.

هەر بۆ ئەم مەبەستە لە ئێوەی بەرێز وەکوو مافناسێکی بەرچاو کە ساڵەهایە بۆ پێشوەچوونی دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران و جیهان تێدەکۆشن چاوەڕوانی دەکرێ کە بە شێوەیەکی رەسمی یارمەتیدەر و هاوڕێی کوردەکانی ئێران بن کە بێ گومان ئەم شێوە مەدەنی و بە

کەڵکە ڕێگایەکە بۆ پێشوەچوونی دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتەکەمان ئێران و ریسوایی هەرچی زیاتر بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەییدا.

پێشەکی بە گەرمی سپاسی هاوکاری و هاوڕێیتان دەکەم.

خالد عەزیزی

سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی: ١٧ی جانێویری ٢٠١١

## خەڵاتی مافی مرۆڤی زانکۆی تۆرێنتۆ پێشکەشی کەبوودوەند کرا



پەریناز حەسەنی، هاوسەری محەممەدسەدیق کەبوودوەند، بەرپرسی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، بە نوێنەرایەتیی لەلایەن مێردەکەی ئەو خەڵاتەی وەرگرت.

بەپێی ڕاپۆرتی پەیامنێری کوردستانو کورد خەڵاتی " ئیچێر" ( ICHR )ی زانکۆی تۆرێنتۆ بە بەشداریی چالاکانی مەدەنیی کوردستان لە ماڵی محەممەد سدیق کەبوودوەند لە تاران پێشکێش بە ناوبراو کراو خێزانەکەی بە نوێنەرایەتیی ئەو خەڵاتەکەی وەرگرت.





ئیجلال قەوامی، وتەبێژی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان کە بەشداری ئەو ڕێوڕەسمە بوو، لەو بۆنەیەدا باسێکی لە بارودۆخی محەممەد سدیق کەبودوەند لە زینداندا کردو سەبارەت بە نەدانی ئازادیی مەرجدار بە ناوبراو ڕەخنەی توندی لە دەزگای قەزایی گرت.

لەو ڕێوڕەسمەدا خاتوو پەریناز حەسەنی ڕایگەیاند کە بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی، هاوڵیی خەڵک بە گەورەترین سەرمایەی مەعنەویی هەر کۆمەڵگایەک دەزانن‌و پێزانینی خۆی بە خەڵکی کوردستان دەربڕی.

لە نامەی ئەو ناوەندەی مافی مرۆڤدا کە لەلایەن سێ خوێندکاری زانکۆی تۆرێنتۆوە بنیات نراوە، هاتووە کە ڕێز لە زەحمەتو تێکۆشانی بێوچانی محەممەد سدیق کەبودوەند لە پێناو دابین‌بوونی مافی مرۆڤ دەگرین‌و هیواداریین کە ئەو ڕۆژنامەنووس‌و چالاکەی مافی مرۆڤ هەرچی زووتره لە زیندان ئازاد بێ.

لەو کۆبوونەوەیەدا حامید فەرازی‌و ڕەئوف کەریمی، ئەندامانی شورای ناوەندی بەرەی یەکگرتووی کورد باسیان لە دۆخی سیاسیی ئێستای کوردستان کردو ڕێزیان لە هەوڵ‌و زەحمەتەکانی محەممەد سدیق کەبودوەند گرتو ئاواتیان خواست کە بارودۆخەکە بە جۆرێک بێ ڕوانگەی ئەمنیەتی لە کوردستان‌و لەسەر چالاکانی مەدەنی‌و مافی مرۆڤ هەڵبگیردرێ.

لەو کۆبوونەوەیەدا هەروەها توران کەبودوەند، خوشکی محەممەد سدیق کەبودوەند لەوەی کە خەڵک کەبودوەند و زیندانییە سیاسی‌یەکانی دیکەیان لە بیر نەکردوە، سپاسی کردن.

محەممەد سدیق کەبودوەند  ڕۆژی ١٠ ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٨٦ی هەتاوی بە تۆمەتی هەوڵدان دژی ئەمنیەتی نیشتمانیی ئێران بەهۆی دامەزراندنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان دەسبەسەرو سزای ١١ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا.

محەممەد سدیق کەبودوەند، سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان کە ماوەی زیاتر لە ٩ ساڵە لە بەندیخانەیەو، ئێستاش لە مافی مەرەخەسی و پێڕاگەیشتنی پزیشکی بێبەشە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی و کورد  /  ڕێکەوتی: ٢٩ی دێسەمبەری ٢٠١٥



# پشتیوانی و پشتگیری لە کەمپەینی پشتیوانی لە کەبوودوەند

**بانگەوازێکی بە پەلە (گیانی کەبوودوەند لە مەترسی دایە. دەبێ بە پەلە فریای بکەوین)**



**بۆ:**

سکرتیری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڕێز بانکی مۆن!

شووڕای مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و لێکۆڵەری تایبەتیی ئەو شووڕایە بۆ بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران، بەڕێز ئەحمەد شەهید!

رێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون!

رێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست!

سەرجەم ناوەند و دامەزراوە و کەسایەتییە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ!

بەڕێزان!

زیاتر لە ٥٠ رۆژ بە سەر مانگرتنی محەممەد سەدیق کەبوودوەند، دامەزرێنەر و سەرۆکی رێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە



کوردستان، لە بەندیخانە دا رابردوە. ئەو کەسایەتییە مرۆڤدۆستە کە بە تەواوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ و پێکهێنانی رێکخراوی مەدەنی بۆ ئەو ئەرکە پیرۆزە، زیاتر لە ٥ ساڵە لە بەندیخانە دایە، لە رۆژی ٦ی جۆزەردان)( ٢٦ی مای)ەوە وەک نارەزایەتی دەربڕین لە بارودۆخی خۆی لە بەندیخانە دا، مانی لە خواردن گرتوە. جگە لەوەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ڕێگای ئەوەیان پێنەداوە بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانی خۆی بچێتە دەرەوەی زیندان، تەنانەت بۆ راگەیشتن بە نەخۆشیی لاعیلاجی کوڕەکەی، پەژمان، نەیانهێشتوە وەک مەرەخەسی لە زیندان بچێتە دەر. بەڕێز کەبودوەند ئەمڕۆ یەکشەمە لە چاوپێکەوتنێک لە گەڵ هاوسەرەکەی لە بەندیخانەی ئێویندا، رای گەیاندوە کە لەکاتژمێر ٢٢ی شەوی رابردووە، مانی لە خواردنی وشکیش گرتوە و جیاوازیدانان لە نێوان بەندییەکانی سەربەکەمایەتییەکان و بەندییەکانی دیکەی وەک هۆی مانگرتن لە خواردنی وشک ناوبردوە.

بە گوێرەی زانیارییەکان و بە سەرنجدان بە مانگرتنی ٥٠ رۆژەی، باودۆخی جەستەیی و دەروونیی ئەو بەندییە، لەو پەڕی خراپی دایە و ئەگەر هەنگاوی بە پەلە بۆ دەرهێنانی لەم بارودۆخە هەڵ نەگیرێ،مەترسیی لە نێوچوونی هەیە.

هەر بۆیە داوا لە ئێوە رێکخراو و کەسایەتییە مرۆڤدۆستەکان و هەموو ناوەند ولایەنێکی خاوەن نفووز دەکەم هەنگاوی بە پەلە هەڵ بگرن و هەموو هەوڵی خۆتان بۆ گوشارهێنان بۆ سەرکۆماری ئیسلامیی ئێران بە کار بێنن، بۆ ئەوەی رێز لە داواکانی کەبوودوەند بگرێ و نەک هەر هەلومەرجێکی باشتر بۆ راگرتنی لە بەندیخانە دا پێک بێنێ، بەڵکوو لە زیندان ئازادی بکا و لەمەش زیاتر چاو بە سەرجەم سزا وبڕیارەکانی خۆی لە پێوەندی لە گەڵ چالاکانی سیاسی و مەدەنیی بەندکراو دا، بخشێنێتەوە.

هەر لەم دەرفەتە کەلک وەردەگرم و لە رێگای بنەماڵە و هەر کەسێک پێوەندیی بە بەڕێز کەبوودوەندەوە هەیە ئەم پەیامەی خۆم و حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بەڕیزیان رادەگەیەنم کە بۆ ئەوەی ویستی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەیەتە دی و بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان و ئێران ئەو رۆڵە تێکۆشەر و مرۆڤدۆستەی خۆیان بە هاسانی لە دەست نەدەن، مانگرتنەکەی بشکێنێ.چونکە بە دڵنیاییەوە پەیامی مانگرتنەکەی کە نارەزایەتیدەربڕین لە ستەم و بێدادی کۆماری ئیسلامییە، بە گوێی بیروڕای گشتیی گەیشتوە. ئێستا دەمێنێتەوە سەر خەڵکی کوردستان و ئێران و ویژدانە زیندووەکان لە رادەی جیهانی دا، ئەرکی خۆیان لە پێوەندی لە گەڵ بارودۆخی کەبوودوەند و داوا ڕەواکانی دا جێبەجێ بکەن.

من بە دەرفەتی دەزانم بۆ ئەوەی داوا لە هەموو حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان و دامەزراوە مەدەنییەکانی کوردستان و ئێران بکەم هەر چی زووتر پێکەوە بە هاودەنگی وهاوهەنگاوی حەرەکەتێکی گشتی و سەراسەری لە رادەی کوردستان، ئێران و دەرەوەی وڵات دا، بە پشتیوانی لە بەڕێز کەبوود وەند و بە مەبەستی گوشارهێنان بۆ سەرکۆماری ئیسلامی وەرێ بخەین.
جارێکی دیکە سەرنجی هەموو لایەکتان بۆ لای پێویستیی هەڵگرتنی هەنگاوی بە پەلە بە مەبەستی نەجاتدانی گیانی بەڕێز کەبوودوەند رادەکێشم.



***خالید عەزیزی***

***سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان***

***٢٥ی پووشپەڕی ١٣٩١ / ١٥ی جولای ٢٠١٢***

***سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی: ١٥ی جوولای ٢٠١٢***

---

## به مەبەستی پشتیوانی لە محەممەد سەدیق کەبودوەند خۆپێشاندانێک لە وڵاتی دانمارک بەرێوەچوو




*ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٠ی پوشپەر بەرامبەر بە ٣٠ی ژوئەن لە شاری "هانس هۆلم" لە دانمارک بە بەشداریی کوردستانیانی نێشتەجێی ئەو شارە، خۆپێشاندانێک بە مەبەستی پشتیوانی لە بەرێز محەممەد سەدیق کەبودوەند و هەوڵی بەرێوەبەرانی کەمپەینی پشتیوانی لە کەبوودوەند بەرێوەچوو.*

*شایانی باسە ئەو خۆپێشاندانە بە هەوڵ و تێکۆشانی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان نیشتەجێ لەو وڵاتی دانمارک بەرێوەچوو. بەم بۆنەوە لە لایەن بەرێز"سومیە ڕەسولی" پەیامی پشتگیری دەفتەر سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ کەمپەینی پشتیوانی لە کەبوودوەند خوێندرایەو. خۆپیشاندەران بە بەرز کردنەوەی دروشمی دژ بە ڕێژیمی تاران و وێنەی کەبودوەند، نارزایەتی توندی خۆیان بەرامبەر بە کردەوە نامرۆڤانەکانی ئەو ڕێژیمە دەربڕی.*

***سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢ی جوولای ٢٠١٢***

# لە رێگای سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە کەیسی کەبوودوەند دەبردرێتە ناوەندی هێنری جاکسۆن




سەر لە بەیانی رۆژی هەینی رێکەوتی ۲۹ی ژوئەنی ۲۰۱۲ی زایینی بەرێز کاک خالید عەزیز سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هاورێیەتی بەرێز کاک فەرزاد حیکمەت، بەرپرسی کومیتەی حیزب لە وڵاتی بریتانیا، سەردانی ناوەندی هێنری جاکسون،یان کرد لە شاری لەندن و لەلایەن بەرێز مایکل ویس، بەرپرسی پەیوەندییەکانی ئەو ناوەندەوە پیشوازیان لێ کرا.

ئەم ناوەندە رێکخراوێکە کە بۆ پەرەپێدانی مافی مرۆڤ و ئازادی و دێموکراسی کار دەکات. لەم دانیشتنە دا سکرتێری گشتی حیزب لەسەر پێشێلکارییەکانی کۆماری ئیسلامی لە پەیوەندی لەگەڵ ژنان،لاوان و خەڵکی شڤیل و بەتایبەت زیندانیانی سیاسی بەدرێژە دوا و رووونکردنەوەی پیویستی ئاڕاستەی بەرێز مایکل ویس کرد. لەبەشێکی دیکەی وتەکانی دا بەرێز سکرتێری گشتی حیزب، ئاماژەی بە دۆخی نالەباری بەندکراوە سیاسییە کوردەکانی چاڵە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەتایبەت محەمەد سەدیق کەبوودوەند، سەرۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان کرد.
لەدرێژەی باس و لێدوانەکاندا بەرێز مایک هیوای خواست کە لەداهاتوو دا و بە مەبەستی ئالوگۆری زانیاری لەسەر پێشێل کاریەکانی مافی مرۆڤ لە رۆژهەلاتی کوردستان دا پەیوەندیەکان چڕتر بکرێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی: ۳۰ی جوونی ۲۰۱۲



## پشتیوانیی ناوەندی پێشەوا لە کەمپەینی پشتیوانی لە کەبوودوەند




ناوەندی پێشەوا لە بەیاننامەیەکدا پشتیوانی خۆی لە کەمپینی "پشتیوانی کەبودوەند" ڕاگەیاند. لەو ڕاگەیاندراوەدا هاتووە: محەمەد سەدیق کەبوودوەند دامەزرێنەر و بەرپرسی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان ماوەی زیاتر لە ٥ ساڵە لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە خراوەتە زیندان، و تەنها تاوانی کەبوودوەند ئەوەیە کە بەرگریی لە مافی گەلێکی بەشخوراو کردوە. محەمەد سەدیق کەبوودوەند ماوەی چەند ساڵە لە ژێر توندترین هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و دەزگا سەرکوتکەرەکانیدا توانیویە ڕاوەستێت و دەنگی خەڵکی بەشخورا و و ژێر دەستەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگەیەنێتە گوێی جیهان. بەداخەوە پێنج ساڵ پێش ئێستا کەبوودوەند لە لایەن دەزگا سەرکوت کەرەکانی کۆماری ئیسلامیەوە گیراوە و لە دژوارترین هەلومەرجدا لە گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەند کرا. هەرچەند ئەم تێکۆشەرە مەدەنییەی کورد لەسەر تاوانێکی بێ بنەما بەند کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش لە بەندیخانەدا لە دۆخێکی زۆر دژوارو بە دوور لە هەرچەشنە ڕێوشوێنێکی مرۆییدا ڕاگیراوە، و لە بچوکترین مافی هەر مرۆڤێک بێبەش کراوە.

ئێمە وەک ناوەندی پێشەوا پشتگیری تەواوی خۆمان بۆ کەمپەینی پشتیوانی لە محەممەد سدیق کەبوودوەند ڕادەگەیەنین و هیوادارین بتوانین ئەوەی لە تواناماندا هەبێت بۆ باوکی مافی مرۆڤی کوردستان ئەنجامی بدەین و لێرەشەوە داوامان لە هەموو ڕاگەیاندنە کوردیەکان و ڕاگەیاندنە بیانیەکان هەیە کە دەنگی کەبوودەوەند بگەیننە هەموو جیهان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٣٠ی جوونی ٢٠١٢



## بەردەوامیی پشتیوانی لە کەبوودوەند




دوای ئەوەی کۆمەڵێک لە چالاکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی پشتیوانی لە سەرۆکی بەندکراوی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە وڵاتانی جۆراوجۆرەوە دەستیان دایە مانگرتن لە خواردن، ١٦ کەس لە ئەندامانی ئێستا و پێشووی یەکیتیی دیموکراتیکی خوێندکارانی کورد رایانگەیاند کە بۆ دەربڕینی پشتیوانی لەو هەنگاوە، بۆ ماوەی رۆژێک مان لە خواردن دەگرن.

گرووپی مانگرتوانی کەمپەینی پشتیوانی لە کەبوودوەند بە مەبەستی رێکخستنی ئەو هەنگاوانە، ئەو ئاگادارییەی خوارەوەی بڵاو کردووتەوە: هەر وەک ئاگادارن هێندێک لە چالاکانی مەدەنی دەستپێشخەریی مانگرتنێکی سێ رۆژەیان بە مەبەستی پشتگیری کردن لە بەڕێز کەبودوەند راگەیاندووە، دوابەدوای ئەم هەوڵە هاوڕێیانێکی زۆر داخوازی چالاکیەکی بەم شێوەیان هەیە. هەر لەم چواچێوەیەدا ئەم گرووپەی کە بە رێکخستنی کاروبارەکانی مانگرتنەوە سەرقاڵە داوا لەم کەسانە دەکات کە لە رێگای ئەم ئیمەیلەی خوارەوە زانیارییەکانی خۆیان کە بریتییە لە ناو، ناسناو، شوێن، تەمەن و ئیمەیلی خۆیان بەڕێ بکەن. پێویستە بوترێ کە ئەم بیرۆکەیە پەیوەندی بەو پێشنیارانەوە هەیە کە ئەمڕۆ لە لایەن دۆستانی ترەوە پێمان گەیشتووە و دەیانهەوێ لە مانگرتنەکاندا بەشدار بن و مانگرتنەکان پەرە بستێنێ. جێ ئاماژەیە کە ماوەی مانگرتنەکان بەشێوەی یەک رۆژە بەریوەدەچێت و لە رۆژێک زیاتر نابێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی: ٣٠ی جوونی ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

# پشتیوانیی خەڵکی مهاباد لە کەبوودوەند



***خەڵکی شاری مهاباد پشتیوانی خۆیان لە سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان دەردەبڕن.***
***خەڵکی شاری مەهاباد، بە مەبەستی پشتیوانی لە کەبوودوەند، چالاکی تەبلیغیيان لەو شارە بەڕێوەبردووە.***

***لە بەرەبەرەی دەسپێکی شەشەمین ساڵی زیندانی کرانی "محەممەد سدیق کەبوودوند" و دیاریکرانی ڕۆژی ١٠ی پووشپەڕ وەک ڕۆژی "پشتیوانی خەڵکی کوردستان لە کەبوودوەند"، چالاکانی شاری مەهابادیش، بە چاپی وێنەی کەبوودوەند و دروشم نووسین لە کۆڵان و دیوارەکانی شار، پشتیوانی خۆیان بۆ ئەو چالاکە کوردە، نیشان داوە.***

***شایانی باسە کە "محەممەد سدیق کەبوودوند"، سەرۆک و دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، بە هۆی دامەزراندنی ڕێکخراوەکە و چالاکی ڕۆژنامەوانی، لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، ١١ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاوە و هەر ئێستا بە کۆمەڵێک نەخۆشییەوە، ٣٦مین ڕۆژی مانگرتن لە خواردنی تێیپەڕ دەکات.***

***سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ١ی جووڵای ٢٠١٢***



## پشتگیریی ئەنجومەنی رۆژنامە نووسانی رۆژهەڵات لە کەمپەینی پشتیوانی لە کەبوودوەند

ئەنجومەنی رۆژنامەنووسانی رۆژهەلاتی کوردستان لە راگەیاندراوێکدا پشتیوانی خۆی لە سەرۆکی بەندکراوی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، محەممەد سەدیق کەبوودوەند راگەیاند.

لە راگەیاندراوەکەی ئەنجومەنی رۆژنامەنووسانی رۆژهەلاتی کوردستاندا هاتووە: ئیمە لە کاتێکدا پشتیوانی خۆمان لە کەبوودوەند رادەگەیەنین کە ناوبراو چەندین نەخۆشی وەکوو "پرۆستات" و "هەوکردنی سییە" و "نەخۆشی دڵ و گورچیلە" بەرۆکی گرتووە، و وەزارەتی ئیتلاعات و بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئامادەنین ئیزنی چارەسەر کردنی بدەن و لەدەرەوەی گرتووخانە نەشتەرگەریی بۆ بکرێت، هەمووی ئەوانە لەکاتێکدایە کە رۆژی چوارشەممە (٣١)ی جۆزەردان محەمەد سدیق کەبوودوەند لەدیدارێکی کورتتدا لەگەڵ بنەماڵەکەی رایگەیاندبوو کە ئەگەر گوێ لەداخوازییەکانی نەگیردرێت، درێژە بەمانگرتنەکەی دەدات.

ئەم ئەنجومەنە لە کۆتایی دا رادەگەیەنێ: ئەنجومەنی رۆژنامەنوسانی رۆژهەلاتی کوردستان وەک راگەیەندراوە داوا دەکات رۆژی ١٠ی پووشپەر ٣٠ ژوئەن، "رۆژی داکۆکی گەلی کورد لە کەبوودوەند" بکرێتە رۆژی هاوپەیوەندی و پشتگیریی سەرتاسەری لە بەرێز محەمەد سدیق کەبودوەند.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی: ٣٠ی جوونی ٢٠١٢

# پەیامی دەفتەر سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ کەمپەینی پشتیوانی لە کەبوودوەند




دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پەیامێکدا بۆ کەمپەینی پشتیوانی لە کەبوودوەند پشتیوانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم کەمپەینە رادەگەیەنێ.
لە سەرەتای ئەم پەیامەدا کە رووی لە خەڵکی کوردستان، کۆڕوکۆمەڵەکانی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە هاتووە:

زیاتر لە ٥ ساڵە محەمەد سدیق کەبوودوەند دامەزرێنەر و بەرپرسی رێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان و بەڕێوەبەری هەفتەنامەی داخراوی" پیام مردم"، لە دژوارترین هەلومەرجدا لە گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەند کراوە. هەرچەند ئەم تێکۆشەرە مەدەنییەی کورد لەسەر تاوانێکی بێ بنەما بەند کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش لە بەندیخانەدا لە دۆخێکی زۆر دژوارو بە دوور لە هەرچەشنە رێوشوێنێکی مرۆییدا راگیراوە، لە دۆخیکی ئەوتۆدا کە ویژدانی هەر مرۆڤێکی خاوەن ویژدان دەهەژێنێ. هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە کەبوودوەند لەلایەک ببێتە نموونەیەکی هەرە دیاری رەفتاری ستەمکارانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و لەلایەکی دیکەشەوە وەک هێمای خۆڕاگریی نێو بەندیخانەکانی ئەم رێژیمە بۆ بیروڕای گشتیی جیهانیان بناسرێ.

لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتدا هەوڵی تێکۆشەران و چالاکانی مەدەنی و سیاسی لە سازدانی کەمپەینی پشتیوانی لە کەبوودوەند بەرز نرخێندراوە و بەو جۆرە باس لە پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم کەمپەینە دەکا:
حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لەسەر ئەم بنەمایە کە خۆی بە پشتیوان و هاوخەباتی چالاکانی بزووتنەوەی مەدەنیی رۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێ و هەمیشە رەفتاری ستەمکارانەو پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە لەقاو داوە، پشتوانیی هەمەلایەنەی خۆی لەم کەمپەیەنە رادەگەیەنێ.
لە بەشێکی دیکەی پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا جیا لە دەربڕینی پشتیوانیی حیزب لەم کەمپەینە، لەم

پێوەندییەدا خۆی بە ئەرکدار دەزانێ و دەنووسێ:

لەم پێوەندییەدا حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بەشەکانی راگەیاندن، پێوەندییەکانی لە هەموو ئاستەکاندا و سەرجەم ئەندامان و لایەنگرانی لە کوردستان و هەموو جێیەکی جیهان رادەسپێرێ، هەروەک لە کەمپەینی کاندیداتۆریی بەڕێز کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نوبێلدا نیشانیان دا، ئەمجارەش چالاکانەتر لە پێشوو لە هەموو چالاکییەکانی پێوەندیدار بە "کەمپەینی پشتیوانی لە محەممەد سدیق کەبوودوەند"دا بەشداری بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢٩ی جوونی ٢٠١٢

---

## پشتیوانیی پارلمانتارانی هەرێمی باشووری کوردستان لە کەمپەینی ئازادیی کەبوودوەند



لە درێژەی پشتیوانی لە کەمپەینی پشتیوانی لە سەرۆکی بەندکراوی مافی مرۆڤی کوردستان، پارلمانتارانی باشووری کوردستان پشتیوانی خۆیان لەم کەمپەینە راگەیاند.
پەرلەمانتار و سەرۆکی لێژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی لەباشووری کوردستان، دوکتور (دانا سەعید سۆفی) پشتیوانی خۆی و لێژنەکەی لە پەرلەمانی کوردستان لە کەمپەینی پشتیوانی لە"محەممەد سدیق کەبوودوەند"و دیاری کردنی رۆژێک بەو ناوە دەربڕی.

دوکتور (دانا سەعید سۆفی) نیگەرانی خۆی لەبارودۆخی تەندرووستی "کەبوودوەند" دەربڕی ناوبراو وێڕای مەحکووم کردنی مامەڵەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران رایگەیاند کە هیچ کەس نابێت لەسەر بیروڕای ئازاد و تەنانەت هەڵوێستی سیاسیش زیندانی بکرێت، ئەگەریش زیندانی کردنی بەسەردا سەپا دەبێ بەپێی جاڕنامەی مافی مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢٩ی جوونی ٢٠١٢

# پشتیوانیی ڕۆژنامەنووسانی قەڵادزێ لە دیاریکردنی ڕۆژی خاوەنداریێتی کۆمەڵگەی کوردستان لە کەبوودوەند



ئەم رۆژنامە نووسانە لە بەیاننامەیەکدا دەنووسن: ئێمە دەستەیەک لە ڕۆژنامەنووسانی نیشتەجێی شاری (قەڵادزێ)ی باشووری کوردستان پشتیوانی خۆمان بۆ دیاری کردنی ڕۆژێک وەک رۆژی خاوەنداریێتی کۆمەڵگەی کوردستان لە کەبوودوەند ڕادەگەیەنین و داواش لەسەرجەم چین و توێژە جیاجیاکانی کوردستانی لە هەرچوار پارچەیکوردستان دەکەین کە پەیوەستی ئەو کەمپینە ببن و پشتیوانیی لێ بکەن.

پشتیوانی کردن لەو کەمپینە تەنها پشتیوانی کردن لە تاکەکەسێک نییە ، بەڵکوو دەربڕینی هەڵوێستێکی نەتەوەیی و نیشتیمانییە ، پشتیوانیکردنی ڕەمز و هێمای گەلێکە کە لە پێناوی ئازادی و سەربەستیدا نرخی داوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢٩ی جوونی ٢٠١٢

## گرووپێک لە چالاکانی مەدەنی بۆ پشتگیری کردن لە محەممەد سەدیق کەبوودوەند دەستیان داوەتە مانگرتن




گرووپێک لە چالاکانی مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕاگەیاندراوێکدا بۆ ڕای گشتی پشتیوانیی خۆیان لە سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان ڕاگەیاند.

لە بەشێک لەم ڕاگەیاندراوەدا هاتووە: هەروەک ئاگادارن بەڕێز محەمەد سدیق کەبوودوەند ماوەی ٣٣ ڕۆژە دەستی داوەتە مانگرتنێکی بێ سنوور و هەتا ئێستاش بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران و بەرپرسانی گرتوخانەی ئێوین، نە تەنیا هیچ جۆرە وەڵامێکیان لەمەڕ خواستەکەی کەبودوەند نەداوەتەوە، بەڵکوو بە شێوەیەکی زۆر نابەرپرسانە لە هەمبەر ژیانی کەبودوەنددا هەڵسوکەوت دەکەن. لەمڕووەوە کە بەڕێزیان کە وەک باوکی مافی مرۆڤی کوردستانیش ناسراوە بە هۆی مانگرتنەکەی لە ناو گرتوخانەی ئێوینی تاران گیانی لە خەتەر دایە. ئێمە ژمارەیەک چالاکڤانی مەدەنی لە ٢٩ ی ژوئەنەوە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ و هەر کەس لە ماڵی خۆی بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە بەڕێزیان مانگرتن لە خواردنی خۆمان ڕادەگەیەنین و بە هەموو شێوەیەک داکۆکیی خۆمان لە بەڕێز کەبوودوەند بۆ بەدەست هێنانی خواستە ڕەواکانی دەردەبڕین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢٩ی جوونی ٢٠١٢



# پشتیوانی کردن لە کەمپەینی ئازادیی کەبوودوەند درێژەی هەیە




دوای ئەوەی کە کۆمەڵێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە چەند رۆژی رابردوودا کەمپەینێکیان بۆ پشتیوانی لە محەممەد سدیق کەبوودوەند، سەرۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان وەرێخست و لە لایەن سامان رەسووڵپوور چالاکی مافی مرۆڤەوە پێشنیار کرا کە رۆژی 10 ی پووشپەڕ وەک رۆژێکی سەمبولێک بۆ پشتیوانی لە کەبوودوەند دیاری بکرێ، کۆمەڵێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە رۆژهەڵات و باشووری کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان و هەروەها حیزب و رێکخراوەکانی کوردستان وەکوو حیزبی دیموکراتی کوردستان و رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، بە دەرکردنی راگەیاندراو پشتیوانی خۆیان لەو کەمپەینە و هەروەها رۆژی 10ی پووشپەڕ وەکو رۆژی پشتیوانی لە کەبوودوەند دەبرن.

بە پێی زانیاریەکان پشتیوانی لەم هەوڵانە رۆژ لە گەڵ رۆژ لە پەرەسەندندایە و چاوەڕێ دەکرێ کە لە هەموو چین و توێژەکانی دیکەی کوردستان و لایەنە سیاسی و نەهادە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤیش لە رۆژانی داهاتوودا بە دەم ئەم ناگەوازانەوە بچن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی: ٢٩ی جوونی ٢٠١٢



## کەمپەینی پشتیوانی لە کەبوودوەند: با بێ دەنگ نەبین



کەمپەینی پشتیوانی لە محەممەد سەدیق کەبوودوەند یەکەم بەیاننامەی خۆی بڵاو کردەوە. لەم بەیاننامەیەدا کەمپەین داوا لە کەسایەتییەکان و چالاکانی مافی مرۆڤ دەکا کە گوشارەکانیان بۆ سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی ئازاد کرانی گیراوانی سیاسی و مەدەنی چڕ بکەنەوە.

کۆمەڵێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان بە وەڕێخستنی کەمپەینێک نیگەرانیی قووڵی خۆیان لە بارودۆخی سەرۆکی بەند کراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، محەممەد سەدیق کەبوودوەند دەردەبڕن.
لە یەکەم بەیاننامەی "کەمپەینی پشتیوانی لە محەممەد سەدیق کەبوودوەند" دا بە شێوەیەکی گشتیی باس لە چۆنیەتی دەسبەسەرکران و زیندانی کردنی کەبوودوەند و لە دواییدا بارودۆخی ئێستای ناوبراو لە بەندیخانەی ئێڤیندا کراوە.

لە بەشێک لە یەکەم بەیاننامەی ئەم کەمپەینەدا هاتووە کە: ئەمڕۆ، گوێ نەدان و پشت گوێ خستنی چارەسەری پزشکیی گیراوانی نەخۆش لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی لە لایەن بەرپرسانەوە، بۆتە ڕیگە و شێوەیەک لە ئەشکەنجەدانی بەندکراوانی سیاسی بە مەبەستی تۆبە پێکردنی زۆرەملی، کە دەکرێ لەم پێوەندییەدا ئاماژە بە گیان لە دەستدانی دوو گیراوی سیاسی بە ناوەکانی: "مەنسوور رادپوور و مەهدی زالیە بکرێ.

کەمپەینی پشتیوانی لە کەبوودوەند داوا لە سەرجەم کەسایەتی، گرووپ و ڕێکخراوەکانی پشتیوانیی ئازادی و داکۆکیکاری مافی مرۆڤ لە سەرانسەری جیهان دەکات کە وێڕای مەحکوومکردنی ئەو دۆخە داسەپاوە بە سەر کەبوودوەند و چالاکانی تری بەندیدا، بە ئاشکرا داوا لە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بکەن کە گیراوانی سیاسی ئازاد و بەدواداچوونی بەپەلە بۆ نەخۆشی و پێداویستییە مرۆیی و پزیشکییەکانی گیراوان بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢٧ی جوونی ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

# پشتیوانی لە کەبوودوەند پشتیوانی کردنە لە ئازادی مرۆڤەکان




## پشتگیری ناوەندی پێشەوا بۆ کەمپەینی پشتیوانی لە محەممەد سدیق کەبوودوەند

محەمەد سەدیق کەبوودوەند دامەزرێنەرو بەرپرسی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان ماوەی زیاتر لە ٥ ساڵە لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئیرانەوە خراوەتە زیندان، تەنها تاوانی کەبوودوەند ئەوەیە کە بەرگری لە مافی گەلێکی بەشخوار کردوە. محەمەد سەدیق کەبوودوەند ماوەی چەند ساڵ لە ژێر توندترین هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و دەزگا سەرکوتکەرەکانی دا توانی ڕاوەستێت و دەنگی خەڵکی بەشخوار و ژێر دەستەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگەیەنێتە گوێی جیهان. بەداخەوە پێنج ساڵ پێش ئێستا کەبوودوەند لە لایەن دەزگا سەرکوت کەرەکانی کۆماری ئیسلامیەوە گیراوە و لە دژوارترین هلومەرجدا لە گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەند کراوە. هەرچەند ئەم تێکۆشەرە مەدەنیەیی کورد لەسەر تاوانێکی بێ بنەما بەند کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش لە بەندیخانەدا لە دۆخێکی زۆر دژوارو بە دوور لە هەرچەشنە ڕێوشوێنێکی مرۆییدا ڕاگیراوە، و تەنها لە بچوکترین حەقی هەر مرۆڤێک بێبەش کراوە

ئێمە وەک ناوەندی پێشەوا پشتگیری تەواوی خۆمان بۆ کەمپەینی پشتیوانی لە محەممەد سدیق کەبوودوەند ڕادەگەیەنین و هیوادارین بتوانین ئەوەی لە توانامانداا هەبێت بۆ باوکی مافی مرۆڤی کوردستان ئەنجامی بدەین و لێرەشەوە داوامان لە هەموو ڕاگەیاندنە کوردیەکان و ڕەگەیاندنە بیانیەکان هەیە کە دەنگی کەبوودەوند بگەیەن هەموو جیهان .

بەڕێوەبەری ناوەندی پێشەوا / ئۆسلۆ . نۆروێژ

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠١٢



# مانگرتنی گروپێک لە چالاکڤانانی مەدەنی بۆ پشتگیری کردن لە بەڕێز محەمەد سدیق کەبودوەند




## بۆ بیر و رای گشتی

هەروەک ئاگادارن بەڕێز محەمەد سدیق کەبودوەند ماوەی ٣٣ ڕۆژە دەستی داوەتە مانگرتنێکی بێ سنوور و هەتا ئێستاش بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران و بەرپرسانی گرتوخانەی ئەوین، نە تەنیا هیچ جۆرە وەڵامێکیان لەمەر خواستەکەی کەبودوەند نەداوەتەوە، بەڵکوو بە شێوەیەکی زۆر نابەرپرسانە لە هەمبەر ژیانی کەبودوەند دا هەڵسوکەوت دەکەن. لەمرووەوە کە بەڕێزیان کە وەک باوکی مافی مرۆڤی کوردستانیش ناسراوە بە هۆی مانگرتنەکەی لە ناو گرتوخانەی ئەوینی تاران گیانی لە خەتەر دایە، ئێمە ژمارەیەک چالاکڤانی مەدەنی لە ٢٩ ژوئێن بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ و هەر کەس لە ماڵی خۆی بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە بەڕێزیان مانگرتن لە خواردنی خۆمان ڕادەگەیەنین و بە هەموو شێوەیەک داکۆکی خۆمان لە بەڕێز کەبودوەند بۆ بەدەست هێنانی خواستە ڕەواکانی دەردەبڕین. مانگرتوان بریتین لە:

عارف نادری / نۆرویژ

ئەمیر بابەکری / سۆئێد

شێرکۆ جیهانی / سۆئێد

جەهانگیرعەبدوڵڵاهی / ئاڵمان

هومەن سەعدەیە / نۆرویژ

ئاسۆ پیرۆتی / ئوتریش

مەسعود فەتحی / هەرێمی باشوری کوردستان

سولەیمان چووکەڵی / نۆرویژ

سەرچاوە: ماڵپەڕی بەیان / ڕێکەوتی: ٢٧ی جوونی ٢٠١٢





# سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پرسی کەبوودوەند دەباتە ناو پارلمانی بریتانیا



ڕۆژهەڵات تایمز - ناوەندی هەواڵ: لە کاتێک دا کە چالاکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆژی ١٠ی پووشپەڕ وەک ڕۆژێکی سیمبولیک بۆ پشتیوانی لە محەممەد سەدیق کەبوودوەند، سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان ڕاگەیاندووە، خالیدی عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەردانێک گەیشتە وڵاتی بریتانیا و لە زنجیرە دیدار و چاوپێکەوتنێک دا کە لە گەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتە، پرسی کەبوودوەند و داخوازیەکانی بۆ بەرپرسانی ئەو وڵاتە دووپات کردەوە و هاوکات تیرۆریزمی نێودەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی، پێشلکاریە بەردەوام و سیستماتیکەکانی ئەو ڕێژیمە لە سەر بەندکراوانی کورد بە تایبەتی و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی و کۆمەڵێک باس و بابەتی تری هێنایە بەر باس.

لەم پێوەندیەدا ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٨ی جونی ٢٠١٢ لە کۆمسیۆنی مافی مرۆڤی پارلمانی بریتانیا، خاتوو نیکۆل پینوش، پێشوازی خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان و مەولوود سوارە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی ئەو حیزبە کرد.

هەیئەتی حدک لەو دانیشتنەدا لەسەر هەڵسوکەوت و پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ کە لە لایەن ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ڕۆژانە دەرحەق بە خەڵکی کوردستان دەکرێ و هەروەها بارودۆخی نالەباری زینڵدانیانی سیاسی و بەتایبەت زینڵدانیانی کورد و لە سەرووی هەموویانەوە وەزعی نالەباری سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان محەممەدسەدیق کەبودوەند بە درێژی دوا. لەو پەیوەندیەدا سکرتێری دک نوێترین لیستی زینڵدانیانی سیاسی کورد کە هەر ئێستا لە بەندیخانەکانی ڕژیمی ئێراندا دەستبەسەرن، پێشکەشی لایەنی خانەخوێ کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠١٢





## بەڕێز، کاک مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان!



وەک کەمپێنی "پشتگیری لە کەبوودوەند" و بەشێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی رۆژهەڵاتی کوردستان، پشت بەم گوتەیەی ئێوە کە بەردەوام جەختتان کردۆتەوە وەکوو حکوومەتی هەرێم پشتیوانی لە هەوڵــی ئاشتیخوازانە بۆ چارەسەری کێشەی کـورد لـە پارچەکانی دیکەی کوردستان دەکەن،

ئاگادارتان دەکەینەوە کە ئێستە " محەمەد سدیق کەبوودوەنـد "، " سـەرۆکی رێکخـراوی مافی مرۆڤـی کوردسـتان "، کە لە سـاڵـی ٢٠٠٧ی زاییــنی یەوە دەستبەسـەرە و بڕیـاری ١١ سـاڵ زینـدانی بە سـەردا سـەپاوە، ئێسـتە مـاوەی ٣٨ ڕۆژە بـۆ پێـداگریی لـە سـەر مافـە سەرەتاییەکانی لـە زینـدان و بینینـی منداڵـەکەی مانی لە خواردن گرتـووە. جگە لـەوەی کە نـاوبراو لە زینداندا بە هـۆی گوشارەوە تووشـی جەڵـتەی دڵ و گیـرۆدەی چەنـدین نەخۆشـینی دیکە بـووە و کـەچی دوای ئـەم چەنـد ڕۆژ مانگرتنـە بەرپرسـانی حکوومی هـیچ وەڵامێکیان بە داواکانی نەداوەتەوە. لەوەها دۆخێکدا، کە بەرێزیان ڕووبەڕووی مەترسیی مەرگە، هەموو ئێمە چاومان لە بەرێزتـانە کە داوا لە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بکەن کە ڕێز لە داخوازییە سەرەتاییەکانی کەبوودوەند؛ وەکوو کەسایەتییەک کە خەباتی بۆمافی مرۆڤی کردووە، بگرن.

کەمپین بە نوێنەرایەتی لە بەشێک لە بیروڕای ڕۆژهەڵاتی کوردستان داواکارە کە بەرێزتـان پشـتیوانی هەوڵە مەدەنییەکـانی کـورد لە ڕۆژهەڵات و پارچەکانی دیکە بێت. جەخت دەکەینەوە کە " کەبوودوەند " یەکێکە لە پێشـەنگانی خەبـاتی ئاشتیخوازانە لە ڕۆژهەڵاتـی کوردستان.

کەمپێنی پشتگیری لە کەبوودوەند

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢ ی جوولای ٢٠١٢

# بەیاننامەی هاوبەشی حیزبی دێمۆکرات و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!

کۆڕ و کۆمەڵە بەشەر دۆستەکان!

زیاتر لە پێنج ساڵە کە چالاکی بواری مافی مرۆڤی کوردستان بەڕێز محەممەد سەدیق کەبوودوەند بە تاوانی داکۆکی کردن لە ماف و ئازادی و بایەخە مرۆییەکان لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە بەندیخانەدا ڕاگیراوە و تەنانەت لە هەلومەرجی دژواری جەستەیی و دەروونیشدا لەگەڵ داوای مورەخەسی ناوبراو موافقەت نەکراوە و ڕێگای پێنەدراوە چاوی بە کوڕی نەخۆشی بکەوێ. هەر بەو هۆیەشەوە ماوەیەکە مانی لە خواردن گرتووە و بەمجۆرە دوور نییە بەهۆی بێ بایەخ بوونی گیانی ئینسانەکان لەلایەن کاربەدەستانی ڕێژیم، ئەم چالاکەی مافی مرۆڤ لەگەڵ مەترسی زیاتر و قەرەبوونەکراوە بەرەوڕوو بێ.

ئێمە وەک کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکووم کردنی ڕەفتاری دژی مرۆڤانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرحەق بە زیندانیانی سیاسی و چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران، لە هەموو لایەنگرانی مافی مرۆڤ، پارێزەرانی کەرامەتی ئینسانەکان، کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ داوا دەکەین بۆ ڕزگار کردنی گیانی لە مەترسی کەوتووی محەممەد سەدیق کەبوودوەند و ئازاد کردنی ناوبراو هەوڵ بدەن. بەم بونەوە هەموو ڕێگایەکی گونجاو بگرنە بەر بۆ گوشار خستنە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئەوەی واز لە بێحورمەتی کردن بە کەرامەتی ئینسانەکان و ئەشکەنجە و ئازار و لە مەترسی خستنی گیانی زیندانیانی سیاسی بێنێت.

به هیوای هەوڵی بەردەوام لەو پێناوەدا

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

٨ / ٤ / ١٣٩١ی هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا / ڕێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠١٢

## پشتیوانی لەبنەماڵەی کەبودوەند



هاونیشتمانانی هێژا !

رۆژی ٣٠ی مانگ واتە (١٠ی پوشپەڕ)، رۆژی هاودەردیە لە گەڵ بنەماڵەی کاک مۆحەمەد سێدیقی کەبوودوەند، دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان.

وەک ئاگادارن ماوەییکی زۆرە کوڕی کاک سێدێق تووشی نەخۆشی شێرپەنجەیە و بەداخەوە ژیانی کەووتووە تەمەترسی. بێگۆمان مافی سەرەتایی هەر باب و دایکێکە کە منداڵەکەی ببینێت و ببێتە هیواییک بۆ رۆڵەکەی. مخابن کۆماری ئیسلامی بە حۆکمی زاڵمانەی ١١ ساڵ زیندان بۆ کاک سێدێق، لەم مافە بێبەری بووە و بۆ چەن رۆژێکیش ئیزنیان نەدا کە رۆڵەکەی لە خەستەخانە

ببینێت و بەم بۆنەوە پتر لە دوو حەفتەیە دەستی داوەتە مانگرتن لە خواردن و ئیستا کە گیانی خۆیشی کەوتووتە مەترسی و گورچیلەکانیشی تووشی ئازار و هەوکردن بوونە.

چاودیری کوردوساید (چاک) وێرای هاودەردی لە گەڵ بنەماڵەی کەبوودوەند کە بە گشتی دەستیان داوەتە مانگرتن، کردەوەی نامرۆڤانەی کۆماری ئیسلامی پرۆتستو دەکات خوازیاری ئازادی ناوبراوە بە زووترین کات. بێگومان لە ئەگەری هەر چەشنە ڕووداوێکدا، ئێمە دەسەڵاتدارانی حکوومەتی ئێران بە بەرپرس دەزانین .

چاودیری کوردوساید (چاک)

٢٦ی ژۆئەنی ٢٠١٢

سەرچاوە: ماڵپەری ڕۆژنوس / ڕێکەوتی: ٢٦ی جوونی ٢٠١٢

---

## ڕاگەیەندراوی پادک بۆ پشتیوانی کردن لە پێشنیاری کەبودوەند

ڕاگەیەندراوی پادک بۆ پشتیوانی کردن لە پێشنیاری کەبودوەند وەک ئەرکێکی مرۆڤدۆستانە و نیشتمانی

خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!

کۆڕ و کۆمەڵە بەشەر دۆست و ڕێکخراوە سینفی و مەدەنیەکان!

حیزب و سازمانە سیاسییەکانی کوردستان!





له بانگەوازێک دا کە بەڕێز "موحەممەد سەدیقی کەبودوەند" لە بەندیخانەوە ئاڕاستەی ڕێکخراوە سینفی و مەدەنیەکان، حیزب و سازمانە سیاسییەکان و سەرجەم خەڵکی کوردستانی کردووە، داوا دەکات کە ڕۆژی ٢٢ی پوشپەڕ ساڵرۆژی تێروری د. قاسملو سکرتێری پێشووی حیزبی دێمۆکرات بە دەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی ڕێژیمی داگیرکەری تاران بکرێت بە ڕۆژی بەربەرەکانێ و دەربڕینی بێزاری بە دژی تێرۆریزمی دەوڵەتی و سەرکوت و توندوتیژیەکانی ڕێژیمی داگیرکەری ئێران.

هەر لەم ڕووە وە پارتی ئازادی و دێمۆکراسی کوردستان- پادک وێڕای ڕێز و پێزانینێکی زۆر بۆ بەڕێز کەبودوەند و بوێری ئەو نیشتمانپەروەرە بەندکراوە کوردە، پێشوازی و پشتیوانی خۆی لەم پێشنیارە بوێرانەیەی بەڕێز کەبودوەند دەردەبڕێت، هەر لەم پێوەندیە دا دڵنیاین کە خەڵکی سەربزێو و شۆڕشگێڕی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەگشتی و ڕێکخراوە سینفی و مەدەنیەکان بە تایبەتی، بە دەنگ بانگەوازەکەی بەڕێزیانەوە دێن و پشتیوانی لە پەیامی "باوکی مافی مرۆڤی کورد" بەڕێز کەبودوەند دەردەبڕن.

وێڕای پشتیوانی دووبارەی پارتی ئازادی و دێمۆکراسی کوردستان لە پێشنیارە بوێرانەکەی بەڕێز کەبودوەند، داواکارە لە سەرجەم کۆڕ و کۆمەڵە بەشەر دۆستەکان، حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و ئێران، کاسایەتیە ڕۆشەنبیر و شۆڕشگێڕەکان و سەرجەم مرۆڤایەتی، کە بە دەنگ پێشنیاری کوردێکی بەندکراوی دەستی دیکتاتۆری و تێرۆریزمی نێودەوڵەتیەوە بێن بۆ ئەوەی ڕۆژی ٢٢ی پوشپەڕ بە ڕۆژی بەربەرەکانێ و دەربڕینی بێزاری لە تێرۆر و تێرۆریستان ناودێر بکرێت.

هەر لەم پێوەندیە دا، پارتی ئازادی و دێمۆکراسی کوردستان- پادک داوا دەکات لە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بەبێ جیاوازی بیرو باوەڕی سیاسی و بۆ دژایەتی کردنی هەرچی زیاتری ڕێژیمی داگیرکەری تاران بێنە مەیدان و ٢٢ی پوشپەڕ بە حەق بکەن بە ڕۆژی نەفرەت کردن لە تێرۆر و تێرۆریزم.

پادک داواکارە لە خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی لە ڕۆژی ٢٢ ی پوشپەڕ دا بە یەکگرتوویی و یەکڕیزیی مانگرتنی گشتیی ڕابگەیەنن و هەتا ئەو جێگایەی بۆیان دەکرێت خۆ بپارێزن لە چوونە سەر کار، بە پێچەوانەشەوە بە پۆشینی جل و بەرگی کوردی بچنە سەر کارەکانیان، هەروەها داواکارە لە خەڵکی خوراگری کوردستان بۆ نیشاندانی یەکگرتویی و دژایەتی بەرانبەر بە تیرۆریزمی نێودەڵەتی، شەوی ٢٢ لەسەر ٢٣ی پوشپەڕ لە کاتژمێر ١٠ شەو لانی کەم بۆ ماوەی یەک دەقیقە چرای ماڵەکانیان بکوژێننەوە.

سڵاو لە خەڵکی کوردستان و بوێری باوکی مافی مرۆڤی کورد(بەڕێز کەبودوەند)

ئازاد و ئاوەدان بێت کوردستان

ئەنجومەنی سەرۆکایەتی

پارتی ئازادی و دێمۆکراسی کوردستان- پادک

٤ای پوشپەڕی ٢٧١١

٥ ی جولای ٢٠١١

ناوەندی ئاشتی کەمپنی یەکبوون

## کچە چالاکی برێزیلی، بۆ پشتیوانی کردن لە کەبودوەند، مان لە خواردن دەگرێت



وێرۆنیکا گۆمێز"، چالاکی برێزیلی دۆستی کوردان، بە مەبەستی پشتیوانی لە کەبوودوەند، بڕیاری داوە، بۆ ماوەی یەک رۆژ مان لە خواردن بگرێت.

چالاکی مافی مرۆڤ و دۆستی کوردان "وێرۆنیکا گۆمێز" بە "ئێن‌ئێن‌ئێس رۆژ"ی رایگەیاند کە رۆژی سێشەممە و بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر لە شاری "ریۆ دۆ ژانیرۆ" بە نیشانەی پشتیوانی کردن لە زیندانیانی سیاسی و مەدەنی کورد و بە تایبەتی بۆ نیشاندانی هاودڵی و هاوهەستی لە گەڵ کەبودوەند، مان لە خواردن دەگرێت.

ئەم کچە چالاکە داوای کرد کە کورد, لەو پێوەندیە دا یەکبگرن و لە کاتێکدا کە نەفرەتی خۆی لە سیاسەتەکانی ئەحمەدینەژاد هێنایە زمان، داوای کرد کە ئەم زنجیرە چالاکیانە بەردەوام بێت و هیواشی خواست کەبودوەند بە مانگرتن ژیانی خۆی نەخاتە مەترسی و داخوازەکانی بە زووترین کات جێبەجێ بکرێن.

ڤێرۆنیکا گۆمێز، هیوای ئازادی بۆ کەبودوەند و هەموو زیندانیانی سیاسی و مەدەنی کورد خواست.

"محەممەد سدیقی کەبوودوەند"، سەرۆکی بەندکراوی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، ١١ ساڵ زیندانی بەسەر دا سەپاوە و بۆ ماوەی

٣٨ ڕۆژە، مانی لە خواردن گرتووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە شرۆقەی ڕۆژ / ڕێکەوتی: ٢ی جوولای ٢٠١٢

## بەیاننامەی هاوبەشی زیاتر لە ٤٠ ناوەندی مەدەنی و ڕێکخراوی سیاسی لە محەممەد سدیق کەبوودوەند




### بەیاننامەی ژمارە یەک

### نیگەرانی کۆمەڵگەی جیهانی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ لە هەمبەر ڕەوشی تەندروستی محەممەد سدیق کەبوودوەند

محەممەد سدیق کەبوودوەند، دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و بەرپرسی هەفتەنامەی داخراوی "پیام مردم، لە پێوەندییەک کە لە گرتووخانەی ئێڤینەوە لەگەڵ بنەماڵەکەی گرتوویەتی ڕاگەیاندووە "بەم هۆیە کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی، وەڵامی ئەرێنی بە داخوازی ناوبراو بۆ دیتنی کوڕە نەخۆشەکەیان نەداوەتەوە، لە ڕێکەوتی ٦ی جۆزەردانی ١٣٩١ی هەتاوی دەستی بە مانگرتن لە خواردن کردووە و مانگرتنەکەی تاکو ئێستاش درێژەی هەیە.

"محەممەد سدیق کەبوودوەند" لە پووشپەڕی ١٣٨٦ی هەتاوی، بە هۆی چالاکییەکانی لە بواری مافی مرۆڤ دا قۆڵبەست کراوە و پاش چەندین مانگ زیندانی تاکەکەسی، لە لایەن دادگای شۆڕشی ئیسلامی تارانەوە بە تۆمەتی "هەوڵدان دژ بە ئاسایشی نیشتمانی" و



"پڕۆپاگەندە دژ بە کۆماری ئیسلامی" لە ڕێگەی دامەزراندنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و چالاکی لەو ڕێکخراوەدا، بە ۱۰ ساڵ و نیو زیندان مەحکووم کراوە.

دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بە هۆی ڕەوشی دژواری زیندان و ڕاگیرانی درێژخایەن و چەند مانگەی لە ژوورەکانی تاکەکەسی دا، تووشی نەخۆشیگەلی دڵ و پڕۆستات بووە و بە وتەی پارێزەر و هاوسەری ناوبراو، کەبوودوەند تاکو ئێستا، چەند جار تووشی سەکتەی دڵ بووە. پزیشکان ڕایانگەیاندووە کە "محەممەد سدیق کەبوودوەند" دەبێ هەرچی زووتر لە نەخۆشخانەی تایبەت بە نەخۆشییەکانی دڵ بخەوێندرێ و نەشتەرگەری دڵی بۆ ئەنجام بدرێ.

هاوکات پزیشکان جەختیان لەسەر ئەوەش کردۆتەوە کە نەخۆشی پرۆستات ئەو گیراوە کوردە، پێویستی بە چارەسەری بەپەلە و نەشتەرگەری هەیە. سەرەڕای پێداگری پزیشکان لە هەمبەر پێویستی نەشتەرگەری دڵ و پرۆستاتی کەبوودوەند و ئاگاداری بەرپرسانی کۆمای ئیسلامی ئێران لە نەخۆشی ناوبراو و پێویستی چارەسەری پزیشکی بەپەلەی نەخۆشییەکانی، تاکو ئێستاش، هیچ گرینگییەک بە ویستی ئەو چالاکەی مافی مرۆڤ. بنەماڵە، پزیشکان و پارێزەری ناوبراو نەدراوە و بە شێوەیەکی پلاندارێژراو، چاسەری ناوبراو پشتگوێ دەخسترێ.

هەر بەم هۆیەش و بنەماڵەی کەبوودوەند، چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ و چ لە ڕێگەی پارێزەرەکەیەوە، داوای مەرەخەستی بۆ چارەسەری پزیشکی ناوبراویان پێشکەش بە بەرپرسانی قەزایی ئێران کردووە بەڵام هەر جارە و بە بیانوویەک، ئەو داوایە ڕەتکراوەتەوە. بە وتەی یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەی کەبوودوەند، بەرپرسانی قەزایی ئێران ڕایانگەیاندووە ئەگەر کەبوودوەند مەرەخەستی دەوێ، دەبێ بەر لە هەر کارێک، داخوازی داوای لێبوردن لە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی واژۆ بکات. بەڕێز کەبوودوەند ڕایگەیاندووە "بەم هۆیە کە هیچ تاوانێکی ئەنجام نەداوە، ئامادە نیە داوای لێبوردن و بەخشین بکات" و ئەو کارەی بە نالۆژیکی زانیوە.

پاش خەوێندرانی کوڕی کەبوودوەند بە هۆی تووشبوونی بە نەخۆشییەکی نەناسراوی خوێنی لە نەخۆشخانە و درێژخایەن بوونی پرۆسەی دەرمانەکەی، کەبوودوەند زۆر جار داوای ئێزنی کردووە تا ڕێگە بدرێ کوڕە نەخۆشەکەی ببینێ و هەوڵی چارەسەرکردنی بدات بەڵام ئەو داواکارییە هەرگیز قەبووڵ نەکراوە. لە ڕێبەندانی ۱۳۹۰ی هەتاوی دا و پاش مانگرتن لە خواردنی کەبوودوەند و زەخت و گووشاری کەسایەتی، گرووپ و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری ماقی مرۆڤ لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، کۆماری ئیسلامی ناچاربوو، ئێزنی دیتنی کەبوودوەند و کوڕەکەی بدات.

دوابەدوایی پەرەسەندنی نەخۆشی پێژمان کوڕی کەبوودوەند و ڕەتکردنەوەی داخوازی ئێزنی دیتنی کوڕەکەی و گوێنەدانی بەرپرسان بۆ خواستەکانی، محەممەد سدیق کەبوودوەند ڕایگەیاند کە لە ڕۆژی ٦ی جۆزەردانی ۱۳۹۱ی هەتاوویەوە مانی لە خواردن گرتووە.



سەرچاوە
Serchawe



کێشانی ٥ ساڵ زیندا، ئەشکەنجەی رۆحی و جەستەیی، نەخۆشی دڵ، کێشەی پرۆستات، مانگرتن لە خواردنی درێژخایەن، هەموو و هەموو، هەلومەرجێکی دژوار و مەترسیداری بۆ تەندروستی دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان پێکهێناوە و ئەگەر درێژە پەیدا بکات، کارەساتێکی دیکەی مرۆیی لە گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامی لێدەکەوێتەوە.

هەر لەمبارەوە، بنەماڵەی کەبوودوەند و ئەندامانی شۆڕای بەرزی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانیش ڕایانگەیاندووە کە لە پشتیوانی کەبوودوەند و بە مەبەستی نیشاندانی نارەزایەتییان بەرانبەر بە قەبووڵنەکرانی داخوازییەکانی ناوبراو، لە چوارشەممە ٢٤ی جۆزەردانەوە مان لە خواردن دەگرن.

دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، کە لە ساڵی ٢٠١١، وەکو بەربژێری گرتنی خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی دەستنیشان کرا، و هاوکات لە ساڵانی ڕابردووش دا، چەندین خەڵاتی نێونەتەوەیی تری لە بواری مافی مرۆڤ و ڕۆژنانەوانی پێ بەخشرا، تەنیا گیراوی نەخۆش، لە ناو گرتووخانەکانی ئێران نیە کە بە هۆی بەدوادانەچوونی پزیشکی و شەرت و مەرجی نالەباری گرتووخانەکان، ئەشکەنجە و ئازاری جەستەیی و رۆحی، تووشی نەخۆشی جۆربەجۆر بووە. گوێنەدان بە ڕەوشی تەندرووستی گیراوان و پشت گوێ خستنی ناردنیان بۆ ناوەندە پزیشکییەکان، تاکو ئێستا بۆتە هۆی مردن و نوقسانی جەستەیی دەیان گیراو. تەنیا لە بەهاری ئەمساڵ دا، 4 گیراوی کورد، بە هۆکاری جیاواز، لە گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامی دا گیانیان لەدەست داوە.

بەداخەوە، ئەمڕۆ، گوێنەدان و پشتگوێ خستنی چارەسەری پزیشکی گیراوانی نەخۆش لە گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامی لە لایەن بەرپرسانەوە، بۆتە ڕێگە و شێوەیەک لە ئەشکەنجە و گووشار خستنە سەر گیراوانی سیاسی بە مەبەستی تۆبە پێکردنی زۆرەملی بۆ تاوانگەلێک کە هەرگیز ئەنجامیان نەداوە و پاشەکشە لە داوا ڕەواکانیان. بۆ وێنە دەتوانین گیانلەدەستدانی دوو گیراوی سیاسی بە ناوەکانی "مەنسوور رادپوورر" و "مەهدی زالیە"، لەو مانگەی دواییدا بە نموونە بهێنینەوە.

ئەندامانی کەمپەینی بەرگەری لە "محەممەد سدیق کەبوودوەند" لە سەر ئەو باوەڕەن کە چالاکییەکانی ئەنجامدراو لە لایەن کەبوودوەند، بەشێک لە ئەرکەکانی پرۆفێشنەڵی هەر داکۆکیکارێکی مافی مرۆڤە کە بە ئامانجی پەروەردە، پەرەپێدان و بەبەڵگەکردنی مافی مرۆڤ و پێشێلکارییەکانی لە کوردستانی ئێران ئەنجامدراوە. هەر بۆیەش کەمپەین، نەتەنیا گیرانی کەبوودوەند بە هۆی چالاکییە ئاشتیخوازیانەکەی بە نایاسایی نازانێ بەڵکوو لە سەر ئەو باوەڕەیە کە ئێران، وەکو یەکێک لە واژۆکەرانی پەیمانی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، ناچار و بەرپرسیارە کە گیانی ناوبراو و گیراوانی سیاسی تر بپارێزێ.

کەمپەینی پشتیوانی لە محەممەد سدیق کەبوودوەند، وێڕای دەربڕینی نارەزایەتی توند بەرانبەر بە هەڵسووکەوتی نامرۆڤانەی دەزگای قەزایی و ئەمنیەتی ئێران لە هەمبەر کەبوودوەند و لەبەرچاو نەگرتنی داخوازییە ڕەواکانی ناوبراو، قەبووڵنەکردنی ئەو ویستە یاساییانەی کەبوودوەند وەک ئەشکەنجەی رۆحی و جەستەیی ناوبراو پێناسە دەکات و ڕایدەگەیەنێ کە کۆماری ئیسلامی ئێران،



بەرپرسە لە هەرچەشنە ڕووداوێکی نەخوازراو کە بۆ محەممەد سدیق کەبوودوەند بێتە پێش.

کەمپەینی پشتیوانی لە کەبوودوەند، داوا لە سەرجەم کەسایەتی، گرووپ و ڕێکخراوەکانی پشتیوانی ئازادی و داکۆکیکاری مافی مرۆڤ لە سەرانسەر جیهان دەکات کە وێڕای مەحکوومکردنی ئەو دۆخە داسەپاوە بە کەبوودوەند و چالاکانی تری توندکراو لە گرتووخانەکانی ئێران، بە ئاشکرا داوا لە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بکات کە گیراوانی سیاسی ئازاد و بەدواداچوونی بەپەلە بۆ نەخۆشی و پێداویستییە مرۆیی و پزیشکییەکانی گیراوان بکات.

## ناوەندەکانی مەدەنی و مافی مرۆڤ:

١- شیرین عیبادی/ براوەی خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی
٢- کەریم لاهیجی/ جیگری فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ [FIDH]
٣- ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان
٤- یەکیەتیی دیموکراتیکی خوێندکارانی کورد
٥- ڕێکخراوی مافەکانی مروڤی ئیران
٦- کەمپەینی نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران
٧- ئەنجومەنی پشتیوانی لە گیراوانی سیاسی ئازەربایجان لە ئێران
٨- دادوەری بۆ ئێران
٩- کۆمیتەی هەواڵنێرانی مافەکای مرۆڤ
١٠- ناوەندی بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤی ئێران
١١- ناوەندی بەرەنگاری نەژادپەرستی و هەلاواردن دژ بە عەرەبەکان لە ئێران
١٢- ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤی ئەحوازی-ئەورووپا
١٣- کۆمیتەی کوردەکانی دانیشتوی ئەمریکا بۆ دێمۆکراسی و مافەکانی مرۆڤ لە ئێران
١٤- کۆمەڵەی داکۆکیکاری لە مافەکانی مرۆڤ لە ئێران-باشووری کالیفۆرنیا
١٥- ئەنجومەنی داکۆکیکارانی دێمۆکراسی لە ئێران- باشووری کالیفۆرنیا
١٦- ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤی کورد لە ئوروووپا
١٧- ئەنجومەنی قەڵەمی کورد
١٨- لایەنگرانی دایکانی پارکی لالە [دایکانی تازیەدار]ی لۆسئانجلێس-وەلی
١٩- لایەنگرانی دایکانی پارکی لالە [دایکانی تازیەدار]ی فرانکفۆرت
٢٠- لایەنگرانی دایکانی پارکی لالە [دایکانی تازیەدار]ی کۆڵنی ئاڵمان



٢١- A.بنکە ی ئیسمائیلی خویی- ئمریکا

٢٢- رێکخراوی ژنانی کوردی دانیشتووی ئوبسالا

٢٣- کۆمەڵەی کوردوستان لە ئۆپسالا

٢٤- کۆمەڵگای ئاشتی و گەشوپێدانی کوردستان

٢٥- کانوونی نووسەرانی کوردستان

٢٦- کۆمەڵەی ئاشتیی کوردستان . نۆروێژ

## رێکخراوە سیاسییەکان:

١- حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران/ حدکا- نوێنەرایەتی دەرەوەی وڵات

٢- حیزبی دێمۆکراتی کوردستان- کۆمیتەی ئەمریکا

٣- حیزبی کۆمەڵەی کوردستانی ئێران

٤- حیزبی کۆمەڵەی کوردستان

٥- پارتی ژیانی ئازادی کوردستان

٦- کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان- باکووری ئەمریکا

٧- تۆری هاوپێوەندی ئێرانییەکان- فەرزنو- ئەمریکا

٨- حیزبی دێموکراتی کوردستان

٧ پووشپەڕی ١٣٩١ - ٢٧ ژوئەنی ٢٠١٢

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەبودوەند ٤ / رێکەوتی: ٢٨ ژوئەنی٢٠١٢



## نامەیەکی ئاواڵە بۆ هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات....




نامەیەکی ئاواڵە بۆ هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، نووسەران و شاعیران، رۆژنامەنووسان، هونەرمەندان و چالاکانی سیاسی و کومەڵایەتی زیندانیانی سیاسیی کورد.

هەر وەک ئاگادارن، چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە کوردستانی رۆژهەڵات، پەیتاپەیتا دەکەونە بەر دەستدرێژی و زەخت وئازاری هێزە ئەمنییەکانی جمهوریی ئیسلامیی ئێران. بەشێکی زۆریان لە " تک سلولی" دا دەژین و هەندێکیان چاوەروانن ئێعدام بکرێن. وەزعی سەلامەتی ئەم زیندانییانە بەگشتی زۆر مەترسیدارە.

ژیانی بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی، لە هەموو بوارێکدا، رۆژبەرۆژ ئاڵۆزتر و خراپتر دەبێت، منداڵانیان تووشی نەخۆشی دەرونی و نەفسی بوون و ژیانی مەمرەو مەژی یەخە و بەرۆکی گرتوون.

یەکێک لە ئەم زیندانییانە، سیمای ناسراو محەمەد سەدیق کەبودوەندە، کە وەزعی خۆی و کورەکەی زۆر مەترسیدارە وماوەیەکی دوورودرێژە لە خواردن مانی گرتووە. چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی چ لە کوردستان و چ لە دەرەوەی وڵات، تاک و تووک، لێرە و لەوێ و لە کاتی جیاواز و بە شێوەی جۆراوجۆر هەوڵیان داوە کە وەزعی نالەباری سەدیق و سەرجەم زیندانیانی کورد بناسێنن و رێگە چارەیەکی بۆ بدۆزنەوە. بێگومان ئەم هەوڵ و تاقالایانە هەموو جێگەی رێزن.

لێرەدا، بۆ یارمەتیدان بە گیانی سەدیق و گشت زیندانیانی سیاسی کورد، پێویستیمان بە هەڵمەتێکی گشتی و هەمەلایەنە هەیە کە دەبێت چوارچێوەی سیاسی و فیکریی رێکخراوە و تاک تێپەر بکات. بۆ ئەم کارە پێویستە رێکخراوەکان، کۆر و کۆمەڵەکان، چالاکانی سیاسی و مەدەنی، هونەرمەندان و هەموو دڵسۆزانی مەسەلەی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات هاوکات و هاوبەش هەموو هێزو توانامان وەگەرخەین. زۆر کاری هاوبەش هەیە کە دەکرێت وەدگونجێت ئەنجام بدرێت، وەک خۆپیشاندانی هاوکات لەبەردەرکی



سەفارەتخانەکانی ئێران، مانگرتن لە خواردن بۆ ماوەی یەک رۆژ هەر لە ئەم شوێنانە، وەکارخستنی میدیاکان بۆ رۆژێکی دیاریکراو بۆ ئەم مەبەستە. لە کوردستانیش بە هاوکاری چالاکانی سیاسی و مەدەنی، لە شارو دێهات، چالاکییەکی هاوبەش بدۆزینەوە، وەک کوژاندنەوەی چرای ماڵان بۆ یەک کاتژمێر لە هەمان رۆژدا.

ئەوە چاوەروانییەکی ئاساییە کە دەگونجێت وەدی بێت. ئایا ئامادەین هەنگاوی بۆ هەڵێنین؟

بەرێزو حورمەتەوە

هاشم رەزایی ٢٩ / ٦ / ٢٠١٢

## بەرپرسانی زیندان بۆ کەبودوەند: گرنگی بە مانگرتنت نادەین تەنانەت ئەگەر بشمریت




رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و بنەماڵەی کەبودوەندیش مان لە خواردن دەگرن

ساکار عەبدوڵڵازادە

رووداو- رۆژهەڵاتی کوردستان

رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و بنەماڵەی کەبودوەند بۆ پاڵپشتی کردن لە سەرۆکی بەندکراوی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان



مان لە خواردن دەگرن.

پەریناز حەسەنی، هاوژینی محەممەد سەدیق کەبودوەند کە لە کاتی پەیوەندی (ڕووداو) لە نەخۆشخانەیەکی شاری تاران چاودێری کوڕە نەخۆشەکەی دەکرد، بە دەنگێکی لاواز و هەناسە ساردییەوە گوتی "نازانم خەم لە کوڕەکەمان بخۆم یان نیگەرانی تەندروستی کەبودوەند بم".

ماوەی ١٨ ڕۆژە محەممەد سەدیق کەبودوەند، سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی دیتنی کوڕە نەخۆشەکەی کە لە نەخۆشخانەیە، مانی لە خواردن گرتووە.

پەریناز حەسەنی کە دووشەممەی ئەم هەفتەیە سەردانی کەبودوەندی کردبوو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تەندروستی کەبودەوند زۆر باش نییە. کێشی تا ڕادەیەکی زۆر دابەزیوە و بەهۆی مانەوە لە زیندان و بارودۆخی کوڕەکەمان لەڕووی ڕۆحییەوە باش نییە".

پەریناز حەسەنی گوتیشی "ماوەی ١٨ ڕۆژە کەبودوەند تەنها ئاو و چایی دەخواتەوە و مانی لە نان خواردن گرتووە، بەڵام پێی ڕاگەیاندم ئەگەر بەرپرسان وەڵامی داواکارییەکەی نەدەنەوە مانگرتنی وشک (مانگرتن لە خواردن و خواردنەوە) بەڕێوە دەبات".

بە گوتەی هاوژینی کەبودوەند، بەهۆی ئەوەی کەبودوەند گیرۆدەی چەندین نەخۆشییە، مانگرتنی یەکجاری لە خواردن و خواردنەوە بۆ ناوبراو زۆر مەترسیدارە.
پەریناز حەسەنی بێ هیوایی خۆیشی لەو مانگرتنە دەربڕی و گوتی "بەرپرسانی دادوەری و گرتووخانە هیچ گرنگیەک بەو مانگرتنە نادەن و جێگری سەرۆکی دادوەری گرتوخانەی ئێوین بە کەبودوەندیان ڕاگەیاندووە مانگرتنی گیراوانی سیاسی بۆ ئێمە گرنگ نییە تەنانەت ئەگەر بە مردنیشیان کۆتایی بێت".

یەک شەممەی ڕابردوو، جێگری سەرۆکی دادوەری گرتوخانەی ئێوین لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کەبودوەند پێی ڕاگەیاندبوو "ئێمە هیچ بایەخێک بە مانگرتنی گیراوانی سیاسی نادەین تەنانەت ئەگەر ئەو مانگرتنە ببێتە هۆی مردنی زیندانییەکەش".

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان ئەمڕۆ سێ شەممە لە بەیاننامەیەکدا کە وێنەیەکی بۆ (ڕووداو) نێردراوە ڕایگەیاند "ئەنجومەنی باڵای ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و بنەماڵەی کەبودوەند بۆ پاڵپشتی کردن لە سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە چوارشەممەی داهاتووەوە مان لە خواردن دەگرن".

هاوژینی کەبودوەند وێڕای پشت ڕاستکردنەوەی ئەو هەواڵە، نیگەرانی خۆی لە دۆخی کەبودوەند دووبارە کردەوە و گوتی "بەرپرسانی





زیندان پێیان راگەیاندووە بەهۆی کورە نەخۆشەکەی تا ئێستا نەیانبردووەتە ژووری تاکە کەسییەوە" و گەتیشی "ئەگەری ئەوە هەیە کەبودوەند بۆ ژوورە تاکە کەسییەکانی گرتووخانە رابگوازن و بەو شێوەیە پەیوەندیمان لەگەڵی بپچڕێت".

محمد سەدیق کەبوودوەند دامەزرێنەری رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانە کە لە ساڵی ۲۰۰۷وە لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێران دەستبەسەر کراوە.

کەبوودوەند لە لایەن دادگای شۆڕشی ئێران بە تاوانی دامەزراندنی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی و شێواندنی بیروڕای گشتی ، بە ۱۱ ساڵ زیندان سزا درا.

ناوبراو ئێستا ٥ ساڵە لە گرتووخانەی ئێوینی تاران دەستبەسەرە و بە گوتەی هاوسەرەکەی لەو ماوەیەدا، بۆ یەک جاریش مۆڵەتی پێ نەدراوە بگەڕێتەوە ناو خێزانی.

سەرۆکی بەندکراوی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان براوەی چەندین خەڵاتی نێودەوڵەتییە و یەکێک لە بەرپێژیرەکانی خەڵاتی ئاشتی نۆبێلی ۲۰۱۱ بووە.

محەمەد سەدیق کەبودوەند، لە رێکەوتی ۲٦ / ٤ / ۲۰۱۲، لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە "رۆژنامەنووسی رۆژ" هەڵبژێردرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو / رێکەوتی: ۱۲ی جوونی ۲۰۱۲



# کۆتایهێنان بە مانگرتن پاش دوو مانگ خۆڕاگری بێ وێنە



### بەیاننامەی ژمارە ٨

بەڕێز محەممەد سەدیق کەبوودوەند لە بەیاننامەیەکدا کە لە ماڵپەڕی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بڵاو بووەتەوە رایگەیاند: " لە سەر داوای هەموو خۆشەویستان و ویژدانە زیندووەکان کە لە ماوەی دوو مانگی رابردوودا داوایان لێ کردووم کۆتایی بە مانگرتنەکەم بێنم، سبەی سێ شەممە، ٣ی گەلاوێژ کۆتایی بە مانگرتن لە خواردن دێنم."

کەمپەین وێڕای پێشوازی و بەرز هەڵسەنگاندنی ئەم هەڵوێستەی بەڕێز کەبوودوەند، بە سەرنجدان بە وەڵامنەدانەوەی کۆماری ئیسلامی بە داواکارییەکانی بەڕێزیان و هەروەها دۆخی نالەباری زیندان و هەڵسووکەوتی پڕ لە هەڵاوردنی بەرپرسان بەرامبەر بە دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، بە گوڕتر لە جاران داوای ئازادی ناوبراو دەکا و هەموو هەوڵەکانی خۆی لەم پێناوەدا دەخاتە گەڕ.

محەممەد سەدیق کەبوودوەند دوای چەندین جار داوا کردن بۆ کەڵکوەرگرتن لە مەرەخەسی بۆ چاوپێکەوتن و هەروەها دەرمانی کوڕەکەی، لە رۆژی ٦ی جۆزەردانەوە بە نیشانەی ناڕەزایەتی دەربڕین بە بەرپرسانی دادوەری و زیندان، سەرەڕای نەخۆشی و دۆخی نالەباری جەستەیی دەستی بە مانگرتنێکی بێ سنوور کرد.

لە ماوەی ئەو دوو مانگەدا لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە لە چەشنی مانگرتن، واژۆکردنی بەیاننامە و کەمپەین و رووماڵکردنی میدیایی، سروود و کلیپ و ... کۆمەڵێک هەوڵ و چالاکی بۆ پشتیوانی لە داخوازییە رەواکانی کەبوودوەند بەڕێوەچوون. دواتر بە هۆی دۆخی نالەباری جەستەیی و لەمەترسی کەوتنی سلامەتی ناوبراو، کەمپەین و بەشێکی بەرچاو لە چالاکانی مەدەنی و سیاسی داوای کۆتایی هێنان بە مانگرتنەکەیان لێ کرد.



زیاتر لە ٥٠ ڕێکخراو و گرووپی سیاسی و مەدەنی و هەروەها زیاتر لە ٥٠٠ کەس لە ڕۆژنامەنووسان، چالاکانی سیاسی و مەدەنی و پارت و لایەنی سیاسی بەیاننامەی هاوبەشی کەمپەینیان بۆ پشتیوانی لە داخوازییەکانی کەبودوەند ئیمزا کرد. هەر لەو پێناوەدا ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ وەکوو لێبوردنی نێونەتەوەیی، چاودێری مافی مرۆڤ، فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی کۆمەڵەکانی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ و ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور بە فەرمی داوای ئازادی کەبودوەند و پێڕاگەیشتن بە داواکارییەکانیان دەرکرد. شەپۆلی پشتیوانییەکان وەزارەتی دەرەوەی هەندێک لە وڵاتانیشی گرتەوە کە دەکرێ ئاماژە بە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و نۆرویژ بکەین.

ڕۆژانی جومعە، شەمە و یەکشەمەی ڕابردوو و هەروەها ئەمڕۆ دووشەمە کۆمەڵێک ئاکسیۆنی پشتیوانی لە ١٥ وڵات و شاری جیهان هەر لە ئەمریکا و کانادا وە تا دەگاتە ئۆسترالیا و کۆمەڵێک شار و پێتەختی ئورووپایی وەکوو بریتانیا، فەرانسە، فەنلاند، سوئێد، نۆرویژ، ئاڵمان، هولەند، ئسپانیا و هولەند، هەروەها هەرێمی کوردستان بۆ پشتیوانی لە کەبودوەند و داخوازییەکانی بەڕێوەچوون. هەواڵەکانی پێوەندیدار بەو چالاکی و ئاکسیۆنانە لە وێبلاگی کەمپەین بڵاوبووەتەوە.

ئێمە لەم ڕێگەیەوە وێڕای دەستخۆشی لێکردن و بەرزنرخاندنی هەڵوێستی بنەماڵەی بەڕێزی کەبودوەند کە سەرەڕای فشاری دام و دەزگا ئەمنیەتییەکان هەواڵەکانی پێوەندیدار بە دۆخی کەبودوەندیان بڵاو دەکردەوە. هەروەها سپاسی هەموو ئەو میدیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و گرووپ و کەسانە دەکەین کە لەو ماوەیەدا بۆ پشتیوانی لە کەبودوەند و زیندانیانی سیاسی دیکەی وەک نەسرین ستودە، نرگس محەممەدی و احمد امویی هەوڵیان دا و داواشیان لێ دەکەین کە لە داهاتوودا بۆ باش بوونی دۆخی کەبودوەند و ئازادی بەڕێزیان و زیندانیانی سیاسی و مەدەنی دیکە لە هەوڵەکانیان بەردەوام بن.

کەمپەینی پشتیوانی لە کەبودوەند ٢ی گەلاوێژی ١٣٩٣

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەبودوەند ٤ / ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٢

# کەبوودوەند پاڵێوراوی خەڵاتی مارتین ئینالس بۆ تێکۆشەرانی بواری مافی مرۆڤ لە ساڵی ٢٠١٣



بەڕێز موحەمەد سدیق کەبوودوەند پاڵێوراوی خەڵاتی مارتین ئینالس بۆ تێکۆشەرانی بواری مافی مرۆڤ لە ساڵی ٢٠١٣ زایینیدا بە ئامانجی ڕاکشانی سرنجی هەرچی زیاتری کۆمەڵەی نێونەتەوەیی و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و بە لە بەرچاو گرتنی ڕەوشی زۆر هەستیار و نازکی تەندروستی بەڕێز موحەممەد سەدیقی کەبوودوەند سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران - ژنێف (KMMK-G)، بە فەرمی کاندیداتۆری بەڕێز کەبوودوەندی بۆ وەرگرتنی خەڵاتی مارتین ئیناڵس بۆ تێکۆشەرانی بواری مافی مرۆڤ لە ساڵی ٢٠١٣ پێشکەشکرد.

خەڵاتی مارتین ئیناڵس بۆ بەرهەڵستکارانی مافی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٩٣ لە لایەن بەڕێز مارتین ئیناڵس، یەکەمین سکرتێری گشتی ڕێکخراوی ئەمنیستی ئینترناسیۆنال دامەزراوە. ئەم خەڵاتە ساڵانە هاوشێوەی خەڵاتی نۆبێل بۆ ئاشتی لە لایەن کۆمیسەری بەرزی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری ژنێف پێشکەش دەکرێت بە خەباتگێرێکی مافی مرۆڤ لە چوار گۆشەی دونیا.

بۆ بە دەست هێنانی خەڵاتی ئاشتی بۆ تێکۆشەری گەلەکەمان، کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان تاکوو ئێستا پشتیوانی دەیان ڕێکخراوی نادەوڵەتی، پارلەمانتاری سویس و کەسایەتی نێونەتەوەیی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.

بەڕێزان دوکتۆر کەندال نەزان، سەرۆکی ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس، دوکتۆر کارن پارکر، سەرۆکی ڕێکخراوی وەکیلانی مافی مرۆڤ و





خاتوو خانم لەتیف، سەرۆکی ڕێکخراوی ئاسودە وەکوو ڕیفرەنسی سەرەکی کاندیداتۆری کەبوودوەند پشتیوانی خۆیان ڕاگەیاند. هەر لەو ڕاستایە دا، داواکرین لە تێکۆشەران و هاووڵاتیانی کورد بە ناردنی نامەی پشتیوانی، بەڵگەو نموونەی حەوتوونامەی پەیامی مەردومی کوردستان و چالاکییەکانی بەڕێز کەبوودوەند پێش زیندانی کردنی لە لایەن کۆماری ئیسلامی یەوە، هاوکاریمان بکەن و لە ڕێگەی ئەم ئادرەسەو بەڵگەنامەکانمان بۆ ڕەوانە کەن:

(www.kmmk-ge.org, info@kmmk-ge.org)

بۆ ئاگادری زیاتر، بفەرموون لە گەڵ کورتەیەک لە تێکۆشانی بەڕێز کەبوودوەند:

موحەمەد سدیق کەبوودوەند ڕۆژنامەنووسی لێهاتوو و تێکۆشەری بواری مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران لە ساڵی ٢٠٠٥ی زایینیدا، ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانی دامەزراند. ئەم ڕێکخراوە کە لە تاران و کوردستاندا بنکەی هەیە، لە نێوان ١٠٠ تا ٢٠٠ ڕۆژنامەنووس و تێکۆشەری بواری مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای مەدەنی ئەندامی هەیە.

ئەم ڕێکخراوە بۆ ئەم ئامانجانەی خوارەوە دامەزراوە: هەوڵ دان بۆ ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ لە کوردستان و پەرەپێدانی پێوەندی دۆستانە لە گەڵ گەلانی دیکەی ئێراندا. لە سەر بناغەی یەکسانی هەموان لە بەرانبەر قانووندا دامەزراوە. ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانی هەر لە سەرەتاوە هەوڵی داوە کە بە گوێرەی قانوونی وڵات ناوی خۆی تۆمار بکات و وەکوو ڕێکخراوێکی نادەوڵەتی بە ڕەسمی لە چوارچێوەی قانوونی کۆماری ئیسلامیدا کار بکا. سەرەڕای ئەو هەوڵانە، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو داوایەیان ڕەت کردەوە.

لە لایەکی دیکەوە بەڕێز کەبوودوەند سەرنووسەر و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری حەوتوونامەی پەیامی مەردومی کوردستان بووە. ئەم حەوتوونامەیە بە دوو زمانی کوردی و فارسی بڵاو دەکرایەوە و لە ٢٧ی ژوئەنی ٢٠٠٤ دا بە بیانووی بڵاو کردنەوەی بیروبۆچوونی جیاوازی خوازی و ڕاپۆرتی هەڵە، لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە داخرا. ئەم گۆڤارە تەنیا ١٣ ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە.

موحەمەد سدیق کەبوودوەند لە ١ی ژوئییەی ٢٠٠٧ی زایینی لە تاران لە ناو دەفتەری کارەکەیدا دەست بە سەر و لە بەندی ٢٠٩ی بەندیخانەی ئەوین، کە جێگای کپ کردنی دەنگی ئازادیخوازانی ئێران و کوردستانە بەند کرا. لە ٢٢ی ژوئەنی ٢٠٠٨ی زایینیدا لە لایەن دادگای شۆڕشی ئیسلامی تارانەوە، بە تۆمەتی ئیقدام دژی ئاسایشی نەتەوەیی و دامەزراندنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ بۆ پڕوپاگەندە دژی ڕێژیمی ئیسلامی، بە ١١ ساڵ زیندان مەحکوم کرا. لە ئوکتوبری ٢٠٠٨ی زایینیدا حکومەکەی لە لایەن دادگای پێداچوونەوە پشت ڕاست کرایەوە.

ناوبراو لە بەندیخانە لە دۆخێکی زۆر دژواری تەندروستیدایە. دەست ڕەسی بە پارێزەرەکەی نییە. خانمی شیرینی عیبادی خاوەنی

خەڵاتی نوبێل دەڵێ کە، بەڕێز کەبوودوەند تووشی نەخۆشینی قورسی دڵ هاتووە و ئازار دەچێژێ. لە ١٩ی مانگی مەی ٢٠٠٨ی زایینیدا ناوبراو بۆ ماوەی نیو کاتژمێر لە ناو سلوولی تاکە کەسیدا بێهۆش دەکەوێ. لە ١٩ی دێسامبری ٢٠٠٨ دا تووشهاتنی نەخۆشی پێست و دڵ و هتد دەبێ. کاربەدەستانی بەندیخانە ئیجازەی نادەن بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی بچێتە لای پزیشکی پسپۆڕ.

بەڕێز کەبوودوەند بەندییەکی سیاسییە کە تەنیا لە بەر ئەوەی ویستوویە بە شێوەیەکی ئاشتیخوازنە و مەدەنیانە بەرگری لە ئازادی ڕادەربڕین بکات بەندی کراوە. ئەو یەکەم کەسایەتی بوو کە توانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە ئێران بونیات بنێ و هەروەها گۆڤارێکیش بە ناوی پەیامی مەردومی کوردستان دابمەزرێنێ. ناوبراو نرخی بوێرییەکانی خۆی دەداتەوە. بەندی کردنی کەبوودوەند نیشانەی بێ هیوایی لەو دۆخەیە کە ڕۆژنامەنووسان و، پارێزەرانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا هەیانە.

کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران - ژنێڤ (KMMK-G)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەبودوەند ٤ / ڕێکەوتی: ٢٠ی جووڵای ٢٠١٢

## گوشار بۆسەر بنەماڵەی کەبوودوەند و ئەندامانی ڕێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان ناتوای ڕێگە بە دەستپێکردنی شەپۆلی نوێی پشتیوانی لە کەبوودوەند بگرێت




**بەیاننامەی ژمارە: ٧**





ویژدانە زیندووەکان

ڕێکخراوەکان و بەرگریکاران لە مافی مرۆڤ!

بەداخەوە پاش تێپەڕینی ٥٤ ڕۆژ لە دەستپێکی مانگرتن لە خواردن لەلایەن "باوکی مافی مرۆڤی کوردستان"، بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بەجێگەی بایەخ دان بە داخوازییە یاساییەکان و ڕەچاو کردنی سەرەتاییترین مافە بنەڕەتییەکانی تەنانەت لە چوارچێوەی پەیڕەوی سازمانی زیندانەکانیشدا، هەوڵ دەدەن بەر بە هەر چەشنە ئاگادارکردنەوەیەک سەبارەت بە بارودۆخی کەبوودوەند بگرن، هەر لەو ئاراستەیەدا، ئەمڕۆ چوارشەمە، ڕێکەوتی ٢٨ی پووشپەڕی ١٣٩١ تەلەفوونی ماڵەوە و مۆبایلی پەریناز حەسەنی، هاوسەری محەمەد سدیق کەبوودوەند بۆ مەبەستی ڕێگرتن بە گفتوگۆی لەگەڵ میدیاکاندا پچڕاندووە و لە هەنگاوێکی دیکەدا بۆ نانەوەی ترس و تۆقان و کپ کردن لە کوردستان و ڕێگرتن لە نارەزایی جەماوەری بۆ پشتیوانی لە کەبوودوەند، شەوی ڕابردوو ئیجلال قەوامی، وتەبێژی ڕێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستانیان ڕفاندووە و لە شوێنێک لە دەرەوەی شاری سنە دراوەتە بەر ئازار و ئەشکەنجە.

"کەمپەینی پشتیوانی لە کەبوودوەند"، ڕایدەگەیەنێت، ئەگەرچی کەمپەین بەردەوام لە بوارە جیاجیاکاندا هەوڵی بەدەست هێنانی زانیاریی وردی لەمەڕ کەبوودوەند داوە، سەرجەمی چالاکی و هەوڵەکانی پشتیوانی لە کەبوودوەندیان لە دەرەوە و ناوخۆی وڵاتی بە سەربەست لە ڕێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان و بنەماڵەی کەبوودوەند ڕێکخستووە، ڕاستی ئەوەیە کە بەرگری لە کەبوودوەند پرسێکی بنەماییە بۆ چالاکان و کۆمەڵگەی کوردستان و هیچ چەشنە هەڕەشە و ترس و تۆقاندنێک ناتوانێ ڕێگە لە پەرەسەندنی پشتیوانیەکان لە کەبوودوەند بگرێت. بەرگری لە کەبوودوەند، پارێزگارییە لە بەها هاوبەشە مرۆییەکان لە کۆمەڵگەیەکدا کە گوتاری توندوتیژی تەوەر هەوڵ بۆ پەراوێز خستنی دەدات. بەم پێیە کەبوودوەند تەنیا هی بنەماڵەکەی و ڕێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان نییە بەڵکوو سەرمایەی زۆر گرانبەهای مرۆیی-کۆمەڵایەتیی نەتەوەی کورد و کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێرانە.

سەپاندنی زیاتری گوشارەکان و زیاتر کردنی هەڕەشەکان تەنیا ئێمە لەسەر درێژەدان بە ڕێگەکەمان و بڵاوکردنەوەی گوتاری مافی مرۆیی سوورتر دەکات کە کەبوودوەندیش بەهۆی ئەوەوە لە زینداندایە. هەر لەو ئاراستەیەدا و بۆ پشتیوانی کردن لە کەبوودوەند و ئازادیی ئەو، ڕۆژی شەممە ٢١ی جولای بە بەڕێوەبردنی چەندین چالاکیی هاوبەش و هاوکات لە زیاتر لە ١٠ شوێنی جیهان، دبینە دەنگی کەبوودوەند و بنەماڵەکەی و ڕێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان.

کەمپەینی بەرگری لە کەبوودوەند، ٢٨ی پووشپەڕی١٣٩١

بۆ زانیاری زیاتر لە سەر کەمپەینی پشتیوانی لە کەبوودوەند بە

**Email: 4kaboudvand@gmail.com**

پێوەندی لەگەڵ کەمپەین لە باشووری کوردستان: زاهید حە نبە لی: Zahid.kurdi@gmail.com

پێوەندی لە ئەوروپا: ناهید موکری ئیمەیل: Nahid_mokry@yahoo.com



سەرچاوە Serchawe



پێوەندی لە ئەمریکا: ئازاد مورادیان ئیمەیل: Moradianazad@yahoo.com

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەبودوەند ٤ / ڕێکەوتی: ١٨ی جوولای ٢٠١٢

## با شەممە ٢١ی جوڵای، هەموان بە یەکدەنگ داوای ئازادی و تەندروستیی کەبوودوەند بکەین!




بانگەواز بۆ بەشداری لە کۆبوونەوە و ئاکسیۆنەکانی ڕۆژی شەممە ٢١ جوڵای

ڕێکخراوەکان و چالاکانی مەدەنی و مافی مرۆڤی لەو باوەڕەدان کە دیالۆگ و ڕێگەچارەی مەدەنی تاکە ڕێگەی چارەسەری هەڵاواردن و نایەکسانییە لە کۆمەڵگەدا. کەبوودوەندیش سیمبولی وەها گوتارێکە و هەر لە پێناو ئەو گوتارەشدا بڕیاری یازدە ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاوە.

کەبوودوەند لەماوەی ئەو پێنج ساڵەی کە لە حوکمەکەی تێپەڕاندووە تووشی هەندێک نەخۆشیی قورس بووە و بۆ مەبەستی چارەسەری خۆی و سەردانی کوڕە نەخۆشەکەی بەردەوام داوای ئیزنی چارەسەری کردووە کە هەموو داواکارییەکانی ڕەت کراونەتەوە. ئەو بۆ نارەزایی دەربڕین لە بەرانبەر ئەو هەڵاواردنەی لە زینداندا لەمەڕ زیندانییانی نەتەوکان و کەمینە مەزهەبییەکاندا بەڕێوە دەچێ دەستی داوەتە مانگرتنی بێسنوور کە تا ئێستا نزیکەی دوو مانگ لە دەستپێکی ئەو بەرخۆدانە تێدەپەڕێ. کەبوودوەند بە درێژەدان بەو مانگرتنە، وەک تاکە ڕێگەی بەر دەمی بۆ نارەزایی دەربڕین بەشێوەیەکی زۆر جیدی گیانی خۆی خستۆتە مەترسییەوە.





هەر بەو هۆیەشەوە کەمپەینی پشتیوانی لە کەبوودوەند، داواکارە لە هەموان لە هەر شوێنێک کە هەن ڕۆژی شەممە 21ی جۆلای لە چالاکییەکی بەکۆمەڵدا بۆ پشتیوانی لە کەبوودوەند و دواکارییە یاسایی و مرۆییەکانی بەشداری بکەن. بەم هەنگاوە سەرتاسەرییە هاواری زیندوومانەوەی کەبوودوەند دەکەین و ڕوو بە کۆماری ئیسلامی دەڵێین دەزگای ئاسایشی حکوومەتی ئێران لە بەرانبەر هەر چەشنە مەترسییەکدا کە دەکەوێتە سەر باری تەندروستی و گیانی کەبوودوەند، بەرپرسیار دەبن.

لە ئاراستەی پشتیوانی لە داخوازییە ڕەوا و یاساییەکانی کەبوودوەند و شەرمەزار کردنی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بەهۆی پێشێلکردنی مافی زیندانیان هەتا ئێستا گەلێک گرووپی مەدەنی و سیاسی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بە دەنگ کەمپەینی پشتیوانی لە کەبوودوەندەوە هاتوون و هەر ڕۆژە و دەستە و گرووپێک لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بە دەربڕینی نیگەرانیی خۆیان لە مەترسی بۆسەر باری تەندروستیی کەبوودوەند، داوایان لێ کردووە کە کۆتایی بە مانگرتنەکەی بهێنێت.

ئاشکرایە کە ناشێ و نابێ  پڕکێشی و قینگێڕیی دوژمنکارانەی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بۆ دژایەتی لەگەڵ داخوازییە یاساییەکانی کەبوودوەند  قبووڵ بکرێت و بە  پێداگریی دووبارە لەسەر داواکارییەکەمان بۆ کۆتایی هێنان بە مانگرتنەکەی باوکی مافی مرۆڤی کوردستان دەڵێین پەیامەکەی بە ئێمە گەیشتووە و بۆ پشتوانیکردن لێی، بە یەکدەنگ داوای ئازاد کرانەکەی بەرز دەکەینەوە.

بەرفراوانی و هاوکاتیی کۆبوونەوەکانمان بە شێوازگەلی مەدەنی، بێگومان دەبێتە هۆی ئەوە کە  پەیامەکەی کەبوودوەند و پشتیوانیی ئێمە لە ئازادیی ئەو زیاتر دەنگ بداتەوەت.

هەتا کاتی بڵاوبوونەوەی ئەم بانگەوازە لە شارەکان و پایتەختەکانی ژمارەیەک لە وڵاتان لە ڕۆژی ٢١ی جۆلای ئامادەیی بۆ دانیشتن و کۆبوونەوە ڕاگەیاندراوە کە لیستی ناوەکانیان لەگەڵ ئەم بانگەوازەدا هاوپێچ کراوە. داوا لە هەموو ئەو کەسانەی کە بەتەمای بەشداریکردن لەو چالاکییانەدان دەکەین لەڕێگەی ئیمەلە دیاریکراوەکانەوە پەیوەندی بگرن بۆ ئەوەی کاری گەیاندنی هەواڵ و هەماهەنگیی پێویست لەو بوارەدا بەڕیوە بچێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەبودوەند ٤  /  ڕێکەوتی: ١٨ای جوولای ٢٠١٢



# ڕاگەیاندنی سکرتارییەتی کۆمەڵە سەبارەت بە بارودۆخی مەترسیداری محەممەد سدیق کەبوودوەند




هەر وەک لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە ڕاگەیاندنەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە فراوانی بڵاوبۆتەوە، بارودۆخی جەستەیی محەممەد سدیق کەبوودەوەند، بەرپرسی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، پاش زیاتر لە ٥٠ ڕۆژ مانگرتن چۆتە قۆناغێکی مەترسیدارەوە. بەرپرسانی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی، هەتا ئێستاش بە هیچ چەشنێک وڵامی داوکارییەکانی بەڕێز کەبوودوەندیان نەداوەتەوە.

بێگومان لە ئەگەری ڕوودانی هەر خەسارێکی گیانی لە هەمبەر محەممەد سدیق کەبوودوەنـد، لە دەرەجەی یەکەم ئەوە دەسەڵاتدارانی باڵای کۆماری ئیسلامین کە بەرپرسن لە ئاست پاراستنی گیان و تەندروستی جەستەیی ناوبراو لە نێو زیندان دا. هاوکات بۆ هەمووان ئاشکرایە کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بایەخێک بۆ گیـان و تەندروستی بەنـدکراوانی زینـدانەکان قائیل نـین و سیاسـەتەکانیان، ناتەبایە لەگەڵ هەرچەشنە ڕێز گرتنێک لە بەهاکانی مافی مرۆڤ و کەرامەتی ئینسانەکان.

کۆمەڵە هاوشان لەگەڵ شەپۆلی پشتیوانی لە داواکارییەکانی بەڕێز کەبوودوەنـد، داوا لە ڕێکخراوەکـانی جیهـانی مـافی مرۆڤ دەکـات کە بە گوشار خستنە سەر بەرپرسـانی کۆمـاری ئیسلامی، هەوڵ بـدەن گیـانی نـاوبراو لە زینـدان لە مەترسی ڕزگـار بکەن. هەروەها کۆتـایی هێنان بە مانگرتنەکە لەبەر مەترسیدار بوونی بارودۆخی جستەیی محەممەد سـدیق کەبوودوەنـد، پێویستییەکە وەک یەکێک لە ڕێگاکانی ڕزگار کردنی گیانی کاک سدیق.

سکرتـارییەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

٢٦ی پووشەپەڕی ١٣٩١

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەبودوەند ٤ / ڕێکەوتی: ١٦ی جوولای ٢٠١٢

## دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکرات: ڕێژیمی ئێران لە هەر ڕووداوێکی نەخوازراو بۆسەر گیانی کەبوودوەند بەرپرسیارە



*کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان!*

*چالاکی مافی مرۆڤ!*

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە بڵاوبوونەتەوە، زیاتر لە ٥٠ ڕۆژە کە محەممەد سدیق کەبوودوەند مانی لە خواردن گرتووە و لەنێو زیندانە تاریکەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، لەشی خۆی تووشی زیندانی و سنووردار کردنێکی دیکە کردووە تاکوو ڕۆحێکی ئازادتری هەبێ و ئەم مانگرتنەش تەنیا بۆ داواکارییەکی ساکاری وەکوو چاوپێکەوتن لەگەڵ منداڵەکەی بووە، بەپێی هەواڵەکان باری تەندروستیی بەڕێز کەبوودوەند بە تەواوی لە مەترسی دایە و گوایە بۆ نەخۆشخانەیەک گوازراوەتەوە و ئەگەری ڕووداوی تاڵ و نەخوازراوی لە مەترسی کەوتنی گیانی هەیە.

ئێمە داوا لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵێکی لایەنگری مافی مرۆڤ و ناوەندە نێونەتەوەییەکان دەکەین، کە گۆشار بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران تاکوو داوای ڕەوا و ساکاری بەڕێز کەبوودوەند جێبەجێ بکات و ڕێگە لە ڕوودانی شتێکی نەخوازراو بۆ مرۆڤایەتی بگیرێ.
هەر لێرەوە ڕادەگەیەنین کە هەر جۆرە مەترسییەک بەرەوڕووی لەش و گیانی بەڕێز محەممەدسدیق کەبوودوەند بێتەوە و هەر ئاکامێکی تاڵ و نەخوازراو بە دوای مانگرتنەکەیدا بێتە پێش، بەرپرسایەتییەکەی لە ئەستۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و لەسەرووی هەموویانەوە، ڕێبەری ڕێژیمە و ئەوان بەرپرسیاری پاراستنی گیانی کەبوودوەند و هەموو زیندانییەکی سیاسین.

*حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران - دەفتەری سیاسی*

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەبودوەند ٤ / ڕێکەوتی: ١٦ی جوولای ٢٠١٢



## کەبوودوەند ئیتر توانای قسەکردنی نەماوە؛ وەرن دەنگی ئەو بین!




کەمپێنی پشتگیری لە کەبوودوەند لە هەوڵێکی هەمەلایەنەدا رۆژی شەممە ۲۱ی جۆلای۲۰۱۲ لە شارە جۆراجۆرەکانی جیهاندا کۆبوونەوەی هاودەنگی ساز دەکات

### بەیاننامەی ژمارە: ۶

محەمەد سدیق کەبوودوەند؛ دامەزرێنەری رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە کاتژمێری ۲۲:۰۰ی شەوی رابردووەوە, ۲٤ی پووشپەڕ مانی لە خواردنی وشک گرتووەو

بە گوتەی هاوسەری ناوبراو " توانای قسەکردنی خۆیی لە دەست داوە". پەریناز باغبان حەسەنی وێڕای راگەیاندنی ئەم هەواڵە گوتیان:" دۆخی کەبوودوەند پاش تێپەڕبوونی ٥٠ رۆژ مانگرتن لە خواردن، رۆژی رابردوو، ۲٤ی پووشپەڕ لە زینداندا قەیران ئاسا بۆتەوە. بەرپرسانی گرتووخانە رۆژی چوارشەممە هەوڵیان داوە بیگوازنەوە بۆ نەخۆشخانە، بەڵام چۆنکە ویستوویانە بە دەست و پێ بەستراوی بیبەن، کەبوودوەند ئامادە نەبووە بەو شێوەیە بچیتە نەخۆشخانەی دەرەوەی زیندان". هاوسەری کەبوودوەند هەروەها گوتی:" پاش ئەوەی کە رۆژی رابردوو سەردانی زۆربەی نەخۆشخانەکانی تارانی کردووە، دڵنیا بۆتەوە کە هاوژینی نەگواستراوەتەوە



بۆ ئەو نەخۆشخانانە". پەریناز باغبان حەسەنی گوتی ئەمڕۆ لە دادسەرای زیندانی ئێوین چاوپێکەوتنی لە گەڵ کەبوودوەنددا هەبووە و رایگەیاند: " کاتێک کەبوودوەندم بینی، نیگەرانیەکانمانم زیاتر بۆیەوە. ئەو ئیتر توانای قسەکردنی پێ نەمابوو. هەلومەرجی جەستەیی و دەرونیی رادەبەدەر مەترسیدارەو کۆ ئەندامی هەرس و گەدەی ئازارێکی زۆری دەدا. کەبوودوەند پێویستیی بە چارەسەریی خێرایە". هاوسەری کەبوودوەند هەروەها باسی لە گۆڕینی داخوازیی کەبوودوەند لە پێوەندی بە هۆکاری درێژەدان بە مانگرتنکەی کرد و وتی:" کەبوودوەند پاش ٥٠ رۆژ مانگرتن لە خواردنی تەڕو داوای مەرەخەستی لە بەندیخانە بۆ چاوپیکەوتنی منداڵە نەخۆشەکەی و پێڕاگەیشتن بە دۆخی هەستیاری، لە کاتژمێری ٢٢:٠٠ی شەوی شەممە، ٢٤ی پووشپەڕ بۆ نارەزایەتی دەربڕین دژ بە پێشێلکردنی مافی نەتەوەکان و کەمایەتییە ئایینییەکانی زیندانی لە ئێران، دەستی داوەتە مانگرتن لە خواردنی وشک".

کەمپێنی پشتگیری لە کەبوودوەند بە جەختکردن لە سەر ئەم راستیە کە کۆماری ئیسلامی بەرپرسی گیان و تەندروستیی کەبوودوەندەوە بە لە پێش چاوگرتنی هەلومەرجی قەیران ئاسای بەڕێزیان، درێژەدان بە مانگرتن و دەستپێکردنی مانگرتن لە خواردنی وشک؛ لە هەموو کەس و کەسایەتییەکان، کۆڕو کۆمەڵە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکانی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی تایبەت و بە پەلە داوا دەکات تاکوو بە گوشار خستنە سەر کۆماری ئیسلامی، بەرپرسانی حکوومەتی ئێران ناچار بکەن کە رێز لە داخوازییە مرۆڤی و یاساییەکانی سەرۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بگرن و بە شێوەیەکی هاودەنگ خوازیاری کۆتایی هاتن بە مانگرتنی دامەرزێنەری رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بن.

کەمپێنی پشتگیری لە کەبوودوەند لە هەوڵێکی هەمەلایەنەدا رۆژی شەممە ٢١ی جوٚلای٢٠١٢ لە شارە جۆراجۆرەکانی جیهاندا کۆبوونەوەی هاودەنگی ساز دەکات کە لە راگەیاندراوەکانی دیکەدا، شوێن و کاتی چالاکییەکان بڵاو دەکرێتەوە. کەمپەین لە هەمووان داوا دەکات بۆ پشتیوانی و بەشداری لەم کۆبوونەوانەو بەرینتربوونیان لە گەڵ کەمپێندا پێوەندی بگرن.

کەمپێنی پشتگیری لە کەبوودوەند, ٢٥ی پووشپەڕی ١٣٩١ی هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەبودوەند ٤ / رێکەوتی: ١٥ی جوولای ٢٠١٢

## بۆ ئاگایی و نیگەرانی جیدی سەبارەت بە دۆخی سدیق کەبوودوەند




### ڕاگەیاندنی ژمارە: ٥

**لە پەنجاهەمین ڕۆژی مانگرتن لە خواردنی کەبوودوەند**

پەریناز باغەبان حەسەنی، هاوسەری محەممەد سدیق کەبوودوەند نیوەڕۆی ئەمڕۆ بە دەربڕینی نیگەرانی سەبارەت بە باری تەندروستی کەبوودوەند لە پەنجاهەمین ڕۆژی مانگرتن لە خواردنیدا ڕایگەیاند:"ئەمڕۆ ئاگادار کراونەتەوە بەرپرسی ڕێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان گوێزراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەی تاڵەقانی.

پەریناز باغەبان حەسەنی ڕایگەیاند کە ئاگادار نییە لە کەیەوە کەبوودوەند گوێزراوەتەوە بۆ نەخۆشخانە و لەم بارەوە وتی:" ماوەیەکی کەمە لەم هەواڵە ئاگادار کراوەتەوە."

بە وتەی هاوسەری کەبوودوەند: نەخۆشخانەی تاڵەقانی گواستنەوەی کەبوودوەندی بۆ ئەو نەخۆشخانەیە پشت ڕاست نەکردۆتەوە. بنەماڵەکەی بەردەوام پەیجۆری ئەو نەخۆشخانەیەن کە کەبودوەندی تێدایە و بەرپرسانی زیندان و دادگا وەڵامێکی شیاویان نادەنەوە.

کەبوودوەند لە ڕۆژی ٦ی جۆزەردانی ١٣٩١ەوە بە هۆی ئەوەی نەیانهێشتووە کوڕە نەخۆشەکەی لە نەخۆشخانە ببینێت دەستی داوەتە مانگرتن.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ژمارەیەک ڕێکخراوی نێونەتەوەیی نیگەرانی خۆیان دەربڕیبوو بەرامبەر بە دۆخی جەستەیی و باری تەندروستی محەممەد سدیق کەبوودوەند.





ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنێک داوای لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی کردووە دەستبەجێ کۆتایی بێنن بە ئازار و ئەشکەنجەی کەبوودوەند و ئەحمەد ئەمووبی دوو ڕۆژنامەنووسی دیاری ئێرانی و خزمەتگوزارییە پزیشکییەکانیان بۆ دابین بکەن.

سارالی ڤیتسۆن، سکرتێری بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ لەم بارەوە وتی:" کەبوودوەند بۆ ماوەی پێنج ساڵە لە لایەن بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییەوە کەمتەرخەمی و بێ مبالاتی بەرامبەر دەکرێت تەنها لەبەر ئەوەی دژ بە ناعەدالەتی قسەی کردووە. پشتگوێ خستنی خواستی ئەو بۆ بینینی کوڕە نەخۆشەکەی، ئەویش بە شێوەی کاتی، کارێکی تەواو زاڵمانە و ناپێویستە لە لایەن بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییەوە."

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیش بەدەرکردنی ڕاگەیاندنێک خوازیاری ئازادی دەستبەجێی محەممەد سدیق کەبوودوەند بووە. حەسیبە حاج سەحراوەردی، جێگری بەرپرسی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقای لێبوردنی نێونەتەوەیی لەو ڕاگەیاندنەدا باسی لەوە کردووە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی خواستەکانی کەبوودوەند بۆ بینینی کوڕە نەخۆشەکەی، ڕەت دەکەنەوەو ئەمەش گوشار هێنانە بۆ سەرناوبراو بەرامبەر بە چالاکییەکانی لە ناو زینداندا.

هەروەها ڕۆژی سێ شەممە ٢٠ی پووشپەڕ هەواڵنێرانی بێ سنوور بە دەرکردنی ڕاگەیاندنێک بە بۆنەی نۆیەمین ساڵیادی کووشتنی زارا کازمی لە سەرەتاکەیدا نیگەرانی خۆیان دەربڕیبوو بەرامبەر بە دۆخی کەبوودوەند ڕایەنگەیاند:" دەیان کەس لە چالاکانی هەواڵنێرانی بێ سنوور و ڕۆژنامەنووسانی تاراوگەی ئێرانی لە بەرامبەر کۆمپانیای دەوڵەتی ئێران ئایر (Iran Air) لە شەقامی شانزە لیزەی پاریس بە نارەزایەتی بە دەستبەسەر کردنی سەرەڕۆیانەو ئەشکەنجەی ڕۆژنامەنووسان و وبلاگنووسەکان لە ئێران، کە ژمارەیەکیان گیانیان لەدەست داوەو ژمارەیەکیان گیانیان لە مەترسیدایە، کۆبوونەوەیەکیان ڕێک خست.

کەمپەینی پشتیوانی لە کەبوودوەند، وێڕای ئەوەی نیگەرانی قووڵی خۆی سەبارەت بە دۆخی کەبوودوەند دەردەبڕێت، کۆماری ئیسلامی ئێران بە بەرپرسی گیانی دامەزرێنەری ڕێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان دەزانێت وجارێکتر بە جەختکردنەوە لە پێڕاگەیشتنی دەستبەجێ بە دۆخی تەندروستی کەبووەند و داخوازی ئازادی ئەو لە زیندان، داوا لە سەرجەم کەسایەتی و دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ دەکات ئەم هەڵسووکەوتە نابەرپرسانەی کۆماری ئیسلامی مەحکووم بکەن.

کەمپەینی بەرگری لە کەبوودوەند، ٢٤ پووشپەڕی ١٣٩١

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەبودوەند ٤ / ڕێکەوتی: ١٤ی جوولای ٢٠١٢

# ژیانی کەبوودوەند لە مەترسیدایە!




## بەیاننامەی ژمارە: ٤

کەبوودوەند ٤٦ ڕۆژە مانی لە خواردن گرتووەو لە خواردنی هەر چەشنە خواردەمەنی و وەرگرتنی دەرمانی پێویستی پزشکی دووریی کردووە.
کەبوودوەند بە قامک دانان لە سەر کەمترین مافی یاسایی بەندکراوانی کورد، واتە مافی " مەرەخەستی لە زیندان "، پاش تێپەڕبوونی ١ / ٢ ماوەی زیندانە بەسەردا داسەپاوەکەی (٥ ساڵ)، خوازیاری چاوپێکەوتن و پێڕاگەیشتن بە نەخۆشیی منداڵەکەیە.
کەبوودوەند پاش نووسینی لانیکەم ١٠ نامەی داواکاریی مەرەخەستی بۆ چارەسەری پزشکی خۆی و هەروەها چاوپێکەوتنی منداڵە نەخۆشەکەی " پژمان"؛ لە ٦ی جۆزەردانەوە مانی لە خواردن گرتووە. بە هۆی ئەم مانگرتنە درێژخایەنەوە، ماوەی دوو حەوتوویە کە گۆرچیلەکانیشی چڵکی کردووە و چەندین جار ڕەوانەی نەخۆشخانە کراوە.

تا ئێستاکە کەبوودوەند لە قبووڵکردنی ڕاسپاردەی پزشکەکانی نەخۆشخانەو وەرگرتنی سۆرمی خوراکی دووریی کردووە.

کەمپێن و بنەماڵەی کەبوودوەند لە حەوتووی ڕابردووەوە داوایان لە بەرێزیان کردووە کە مانگرتنەکەی ڕابگرێت. لەم ڕاستایەدا؛ تەنانەت " پژمان"یش ئامادە بوو وێڕای دۆخی نالەباری تەندروستیی ڕۆژی " دووشەممە " بچێتە گرتووخانەو داوا لە باوکی بکات کە کۆتایی بە مانگرتنەکەی بێنێ. بەڵام ڕەوشی جەستەیی پژمان بە هۆی قەیرانی بوونەوە، مۆڵەت و ئیمکانی ڕۆیشتنی پێنەداوە.

پەریناز حەسەنی پاش چاوپێکەوتنی دوێنیی کەبوودوەند لە بەندیخانەی ئێڤین، دۆخی هاوژینی خۆیی زۆر مەترسیدار باس کرد و





گوتی:" چاوەکانی کەبوودوەند کەوتۆتە چاڵا و بە توندی تووشی لاوازیی جەستەیی بۆتەوە".

پشتیوانیی هەمەلایەنەی ناوەندەکان، چالاکڤانانی مەدەنی و سیاسی کورد و هاودەنگیی کۆمەڵە ئیرانییەکانی چالاک لە بواری مافەکانی مرۆڤ، لەم ماوەیەدا بەرچاوو بەرین بووە. داکۆکیکردن لە خواستەکانی محەمەد سدیق کەبوودوەند، چ لە نێوخۆو چ لە دەرەوەی کوردستان، لە لایەکەوە دەرخەری گرینگیی دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە لای خەڵکی ئەمەگناسە و لە سۆنگەیەکی دیکەوەش، هەوڵێکە لە پێناو ئاشکراکردنی هەڵاواردنی سیستماتیک و گوشاری چەند قاتی بۆ سەر زیندانیانی کورد لە نێو گرتووخانەکانی ئێراندا.

کەمپەینی پشتگیری لە کەبوودوەند؛ جارێکی دیکەش وێڕای جەختکردنەوە لە سەر داخوازییەکانی کەبوودوەند بۆ چاوپێکەوتنی منداڵەکەی و هەروەها مافی بەهرەمەندبوون لە مەرەخەستیی زیندان کە کەمترین داواکاریی زیندانییەکی سیاسی و مافێکی یاساییە؛ لە هەموو کەس و کەسایەتییەکان، کۆڕو کۆمەڵە مەدەنی و مافە مرۆڤییەکان، داوا دەکات کە لە ڕێگەی بەدواداچوونی خواستەکانی کەبوودوەند و هاودەنگی لە گەڵ بەرێزیاندا، هەڵسوکەوتی نایاسایی بەرپرسانی ئەمنییەتی و دادوەریی کۆماری ئیسلامی لەهەمبەر دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و زیندانیە سیاسییەکانی دیکەی کورددا شەرمەزار بکەن.

کەمپێنی پشتگیری لە کەبوودوەند، ٢٠ی پووشپەڕی ١٣٩١ی هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەبودوەند ٤ / ڕێکەوتی: ١١ی جوولای ٢٠١٢



# نامەی یەکیەتی دیمۆکراتی خوێندکارانی کورد و بەرەی یەکگرتووی کورد بۆ محەممەد سدیق کەبوودوەند




**کاک محەممەد سدیق**

نازانین لە کوێ و چۆنتان قسە لە گەڵدا بکەین؟ نازانین باس لە چی بکەین؟ بە چییەوە دەست پێ بکەین؟! ئەستەمە قسە لە گەڵ مرۆڤ گەلێک بکرێت کە ژیانی خۆیان بۆ کۆمەڵگاکەیان تەرخان کردووە. بەڵێ بەراستی دژوارە لە گەڵ لۆتێرکینگ و ماندێلا دا قسە بکرێت. ئەو کاتەیە کە ئیتر شوێنێک بۆ قسە کردن نامێنێتەوە. لەوێدا بەس ڕێز و هەست بە شانازی کردن خاوەنی دەسەڵاتە.

**کاک محەممەد سدیق**

قسە کردن لە گەڵ ئێوەدا بۆ ئێمە جێگای شانازییە. ئەوە جێگای شانازییە کە ئەورۆ لە پێگەیەک داین کە دەتوانیین بۆ ساتێک لە گەڵ ئێوەدا بە هاودڵییەوە قسە بکەین. لە مێژ ساڵ بوو کە چارشێوەی ڕەشی ئیستیبدادی کەلتووری و رامیاری باڵی بەسەر کۆمەڵگاکەماندا کێشابوو. لە مێژ ساڵ بوو چەمکی" ماڤخوازی " لە ناوماندا نائامادەیە و ئەرکی مێژوویی ماڤخوراوەیی " لە سەر شانی خەڵکەکەماندا قورسایی دەکرد. لە مێژ ساڵ بوو کە "ڕەخنە" کە بە بنەما و بنەڕەتی مرۆڤی سەردەمی ئێمە دادەنرێت لە نێوانماندا نادیار بوو.

**کاک محەممەد سدیق**

ئەورۆ بە شانازی و بە پێزانینەوە دەڵێین کە ماڤ خوازی و کردەی ڕەخنە گرتن لە خۆمانمان لە ئێوەوە پێگەیشتووە. ئێوە بە کردەوەکانی خۆتان ئەوەتان بە ئێمە نیشان داوە کە "ژیانی مۆڕاڵی و ژیرانە" لە هەموو شتێک بایەخی زیاترە. ئێوە و گەورە



مرۆڤگەلێکی وەکوو ئێوە بوون کە ئەوەتان فێر کردین کە بایەخە بەرزەکانی مرۆڤایەتی و ئازادی فیدای هیچ بەرژەوەندی و پاڵنەرێک نەکەین. هەروەها لە هەستی بەرپرسایەتی قووڵی ئێوە بەرامبەر کۆمەڵگاکەتان گەلێک شت فێر بووین.

**کاک محەممەد سدیق**

ئەو کاتانەی کە " پیام مردم "تان دامەزراند، کە لە راستیشدا هەر پەیامی خەڵکیش بوو، باستان لە ئاگادار کردنەوە و بایەخە نوێکان دەکرد. رێکخراوەی ماڤی مرۆڤی کوردستانتان دامەزراند و و هەتا ئێستاش هەر وەکوو کێو لە بەرامبەر زۆڵم و ستەمدا راوەستاون و داوای ماڤەکانی خۆتان دەکەن. کردەوەی ئێوە جێگای رێز لێنانە و هانی هەر مرۆڤێکی ئازادیخوازیش دەدات کە رێزی لێبنێت.

**کاک محەممەد سدیق**

ئەوە راستە کە ئەورۆ ئێوە لە زینداندان و بێجگە لە نیگەرانیەکانی تایبەت بە ناو زیندان، خەمی نەخۆشی " پژمان"ی ئازیزیشتان هەیە، بەڵام کاک محەممەد سدیق ئەورۆ بە بوونی نموونەگەلێکی وەک ئێوەیە کە ئێمە هەست بە بوونێکی دووقات دەکەین. کاک محەممەد سدیق ئەورۆ ئێمە بە بوێرییەوە دەڵێین کە ئێوە و کەس گەلی وەک ئێوە سامانی مەعنەوی کۆمەڵگای کوردستانن. کاک محەممەد سدیق بێ بوونی مرۆڤگەلێکی گەورەی وەک ئێوە خەباتی مێژووی گەلی کورد بۆ ئازادی، دیمۆکراسی و دادپەروەری تووشی ناهومێدی دەبێت. بێگومان لە مێژوودا وەک مرۆڤێک باستان لێوە دەکرێت کە تەمەنی خۆی بۆ رزگاری، رێزلێنان، ئازادی و دڵگەورەیی نەتەوەیەک تەرخان کرد.

**کاک محەممەد سدیق**

ئێمە وەک یەکیەتی دیمۆکراتی خوێندکارانی کورد و بەرەی یەکگرتووی کورد داواتان لێدەکەین کە مان گرتن لە خواردنەکەتان بشکێنن. بهێڵن ئەو سامانە مەعنەوییە وەک هەمیشە لە سەر پێ بمێنێتەوە. رێگای ئازادی زۆر دژوار و درێژە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەبودوەند ٤ / رێکەوتی: ٢ی جووڵای ٢٠١٢



# پێداگری لە داواکان : داوا لە کەبوودوەند بۆ کۆتایی هێنان بە مانگرتنەکەی




لە درێژەی پشتگیری لە داواکارییەکانی ئەو سەمبۆلەی مافی مرۆڤ بۆ جارێکی دیکە داوا لە کۆمەڵگەی کوردستان دەکەین کە بە کردەوەگەڵی گونجاو درێژە بە پشتگیری خۆیان بدەن بە جۆرێک کە بتوانین دەنگی مافخوازی کەبودوەند و کۆمەڵگەی کوردستان بە ویژدانە وشیارەکان و هەموو جیهان بگەیەنین و جەخت لە سەر مافە مرۆییەکانی خۆمان و وەفاداری بە رولەکانمان بکەین.

هەروەها بۆ جارێکی دیکە ئەو پەیامە بدەین کە کوردستان لە هەموو هەلومەرجێکدا لە ڕۆلەکانی وڵاتەکەی کە بۆ ئازادی و دابینکردنی مافی گەلی کورد خەبات دەکەن پشتگیری دەکا. بەڕێز کەبودوەند تا کاتی ئامادەکردنی ئەو ڕاگەیەندراوە سەرەڕای نەخۆشی و ژیانێکی دژوار لە زینداندا کە بۆ پێداگری لە سەر مافی مرۆڤ ئەنجامی داوە لە ٣٦ مین ڕۆژی مانگرتن دایە و ژیانیان لەگەڵ هەرەشەی جیددی ڕووبەڕویە. ئێمە هاورێ لەگەڵ بنەماڵەکەیان ، لەگەڵ جەختکردن لە سەر وەفاداری بە هزر، خۆراگری و خەباتیان و هەروەها جەختکردن لە سەر درێژەدانی خەبات تا دەستەبەر بوونی یەکجارەکی مافی مرۆڤ بەدەر لە هەر شۆناسێک ڕوو بە کەبودوەند و هاورێیانی دیکە کە بۆ پشتگیری لە بەرێزتان لە شارەکانی کوردستان و لە تاراوگە دەستیان داوەتە مانگرتن، یەکدڵ و یەکدەنگ لە گەڵ ئەو دوستانەی نیگەران و هاودەردی بەرپرسی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانن ڕوو بە بەرێزیان دەڵێین کە: هاورێی خۆشەویست دەنگی ئێمە لە گەرووی تووە بە گوێ جیهان گەیشت و دیسان پەیمانی ئێمە لەگەڵ تو و ئازادیخوازی نوێ بووە و سەرەڕای هەر چەشنە هەڵسووکەوتێکی دەسەڵات، ئێوە و هاورێکانت سەرکەوتن. هەر بۆیە ئێمە وەک هاورێکانی ئێوە داوا دەکەین کە کۆتایی بە مانگرتنەکەت بێنی و ئێمە بۆ لە پشتیوانی لە ئەندێشەکانت چالاکییەکانمان درێژە پێ دەدەین.

دیسان دیتمان کە کۆمەڵگەتان ئێوە بە تەنیا ناهێلن و ئێمەش بە تەنیا نین. هەر چەند کە دیوارەکان بیانهەوێ ئێمە لێکدوور، پەراوێز و مات و سنووردار بکەن ، بەڵام ئێمە پەرە بە بیرۆکەکانمان دەدەین. هەرچەند کە بەرێزتان فەرمووتان کە: " ئەوە


سەرچاوە
Serchawe



کەمتەرین نرخە کە دەبێ لە ڕێگەی ئازادی دا بیدەن" بەڵام هزر و ڕێبازی ئێوە بۆ "پژمان"، بنەماڵەکەتان و خەڵکی کوردستان پێویستە. کۆمەڵگەی کوردستان هەموو کات پێویستی بە هزر و ڕێبازەمرۆییەکەتان هەیە.

کەمپەینی پشتیوانی لە محەممەد سەدیقی کەبوودوەند

١١ ژوئیەی ٢٠١٢ | ١ای پوشپەڕی ١٣٩١

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەبودوەند ٤ / ڕێکەوتی: ٣٠ی جوونی ٢٠١٢

---

## فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە پارلمانی تورکیە!




بەڕێزان؛ نوێنەرانی کورد لە پارلمانی تورکیە!

ئەم نامەیە وەکوو بانگەوازی هاناخوازانەی نەک تەنیا کەمپێنێک یان هاونەتەوەییە ماف پێشێلکراوەکانتان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو وەکوو داخوازینامەی کۆمەڵگایەک سەبارەت بە کەسایەتییەک چاوی لێبکەن کە ئەمڕۆ ئەرکی هەموو بەرپرسیار و خاوەن دەسەڵاتێکە خاوەنداریی لێ بکات و بۆ ڕزگارکردنی هەموو تواناکانی بە کار بگرێت.

محەمەد سدیق کەبوودوەند؛ ناسراو بە " باوکی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان"؛ دامەزرینەرو سەرۆکی " ڕێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان" و کاندیدای خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل لە ساڵی ٢٠١١یە، کە لە ساڵی ٢٠٠٧ی زایینییەوە لە زیندانەکانی ئێران





دەستبەسەرەو، بڕیاری ١١ ساڵ زیندان بە تاوانی جەختکردن و داکۆکی لە ماڤە مرۆڤیەکانی مرۆڤی کورد (بەتایبەتی لە رۆژهەڵات و باکووری کوردستان) بە سەریدا سەپێندراوە. ناوبراو بە هۆی گیرۆدەبوون بە چەندین نەخۆشینی دژوار، ٢جار جەڵتەی دڵ و هەروەها گیرودەبوونی منداڵەکەی بە نەخۆشێنیکی مەترسیدار کە ٥ مانگە لە نەخۆشخانەیەکی شاری تاراندا لە ژێر چاوەدێریی پزیشکییە، گیانی لە مەترسیدایە. چونکە بۆ ئەوەی کە بتوانێ چاوی بە منداڵە نەخۆشەکەی بکەوێت لە ١٤ای مانگی مەی یەوە مانی لە خواردن گرتووە. هەنگاوێک کە مانگرتنی سەرجەم بنەماڵەی بەڕیزیانیشی بەدواوە بووەو هەنووکە گیانی ئەم کەسایەتیە ناسراوەی کورد رووبەڕووی مەترسیی مەرگە. ئەگەرچی زۆربەی رێکخراوە جیهانییەکان و تەنانەت دەوڵەتی ئەمریکاش بە فەرمی داوای ئازادیی بێ مەرجی ناوبراویان کردووە، بەڵام لەم نێوەدا؛ چاوەروانیی هەموو لایەک لە نوێنەرانی نەتەوەی کورد لە پارلمانی تورکیەو باکووری کوردستانە، کە دەنگی خۆیان هەڵبرن و بە شێوەیەکی ئاشکرا داوا لە بەرپرسانی پێوەندیداری کۆماری ئیسلامیی ئێران بکەن، رێز لە داخوازییە رەواو یاساییەکانی کەبوودوەند بۆ مۆڵەتی مۆرەخەسی و چاوەپێکەوتنی منداڵەکەی بگرن.

ئێمە وەکوو "کەمپێنی پشتیوانی لە کەبوودوەند"؛ داواتان لێ دەکەین لە ڕیگەی دەرکردنی بەیاننامە روو بە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی، نامەناردن بۆ نوێنەرانی مەجلیسی ئێران و نوێنەرانی ناوچە کوردنشینەکان لە مەجلیسی ئیران و ناردنی نامەی نارەزایەتی بۆ نوێنەرایەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەریمی کوردستان و عێراق؛ هەروەها داوای بەدواداچوون لە کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان؛ محەمەد سدیق کەبوودوەند " باوکی مافی مرۆڤی کوردستان" بە تەنیا مەهێڵنەوە.

کەمپێنی پشتیوانی لە داواکارییەکانی کەبوودوەند

بەهاوپێچ بۆ:

١. پارلمانی کوردستان

٢. فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە پارلمانی عێراق

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەبودوەند ٤ / ڕێکەوتی: ٢٧ی جوونی ٢٠١٢



## سەرۆکی پارلمانی کوردستان!




بەڕێز: د. ئەرسەلان بایز!

بەڕێزان: نوێنەرانی پارلمانی کوردستان!

ئەم نامەیە وەکوو بانگەوازی هاناخوازانەی نەک تەنیا کەمپێنێک یان هاونەتەوەییە ماف پێشێلکراوەکانتان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو وەکوو داخوازینامەی کۆمەڵگایەک سەبارەت بە کەسایەتییەک چاوی لێبکەن کە ئەمڕۆ ئەرکی هەموو بەرپرسیار و خاوەن دەسەڵاتێکە خاوەنداریی لێ بکات و بۆ رزگارکردنی هەموو تواناکانی بە کار بگرێت.

محەمەد سدیق کەبوودوەند؛ ناسراو بە " باوکی مافی مرۆڤ لە رۆژهەڵاتی کوردستان" ؛ دامەزرینەرو سەرۆکی " رێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان" و کاندیدای خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل لە ساڵی ٢٠١١یە، کە لە ساڵی ٢٠٠٧ی زایینییەوە لە زیندانەکانی ئێران دەستبەسەرەو بڕیاری ١١ ساڵ زیندان بە تاوانی جەختکردن و داکۆکی لە ماڤە مرۆڤیەکانی مرۆڤی کورد بە سەریدا سەپێندراوە. ناوبراو بە هۆی گیرۆدەبوون بە چەندین نەخۆشینی دژوار، ٣جار جەڵتەی دڵ و هەروەها گیرودەبوونی منداڵەکەی بە نەخۆشێنیکی مەترسیدار کە ٧ مانگە لە نەخۆشخانەیەکی شاری تاراندا لە ژێر چاوەدێریی پزیشکدایە،گیانی لە مەترسیدایە. چونکە بۆ ئەوەی کە بتوانێ چاوی بە منداڵە نەخۆشەکەی بکەوێت لە ١٤ای مانگی مەی یەوە مانی لە خواردن گرتووە. هەنگاوێک کە مانگرتنی سەرجەم بنەماڵەی بەڕیزیانیشی بەدواوە بووەو هەنووکە گیانی ئەم کەسایەتیە ناسراوەی کورد رووبەڕووی مەترسیی مەرگە. ئەگەرچی زۆربەی رێکخراوە جیهانییەکان و تەنانەت دەوڵەتی ئەمریکاش بە فەرمی داوای ئازادیی بێ مەرجی ناوبراویان کردووە، بەڵام لەم نێوەدا؛ چاوەڕوانیی هەموو لایەک لە نوێنەرانی نەتەوەی کورد لە پارلمانی کوردستانە، کە دەنگی خۆیان هەڵبڕن و بە شێوەی ئاشکرا داوا لە



بەرپرسانی پێوەندیداری کۆماری ئیسلامیی ئێران بکەن، رێز لە داخوازییە رەواو یاساییەکانی کەبوودوەند بۆ مۆڵەتی مۆرەخەسی و چاوەپێکەوتنی منداڵەکەی بگرن.

ئێمە وەکوو "کەمپێنی پشتیوانی لە کەبوودوەند"؛ داواتان لێ دەکەین لە رێگەی دەرکردنی بەیاننامە روو بە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی، نامەناردن بۆ نوێنەرانی مەجلیسی ئێران و نوێنەرانی ناوچە کوردنشینەکان لە مەجلیسی ئیران و ناردنی نامەی نارەزایەتی بۆ نوێنەرایەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەریمی کوردستان و عێراق؛ محەمەد سدیق کەبوودوەند " باوکی مافی مرۆڤی کوردستان" بە تەنیا مەهێڵنەوە.

کەمپێنی پشتیوانی لە داواکارییەکانی کەبوودوەند

٢٢ / ٦ / ٢٠١٢

. بەهاوپێچ بۆ:

١. فراکسیۆنی کوردستان
٢. فراکسیۆنی گۆڕان
٣. فراکسیۆنی کۆمەڵ
٤. فراکسیۆنی یەکگرتوو
٥. فراکسیۆنی بزووتنەوە
٦. فراکسیۆنی ئایندە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەبودوەند ٤ / رێکەوتی: ٢٧ی جوونی ٢٠١٢



# فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە پارلمانی عێراق!




فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە پارلمانی عێراق!

بەڕێزان؛ نوێنەرانی کورد لە پارلمانی عێراق!

ئەم نامەیە وەکوو بانگەوازی هاناخوازانەی نەک تەنیا کەمپێنێک یان هاونەتەوەییە ماف پێشێلکراوەکانتان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو وەکوو داخوازینامەی کۆمەڵگایەک سەبارەت بە کەسایەتییەک چاوی لێبکەن کە ئەمڕۆ ئەرکی هەموو بەرپرسیار و خاوەن دەسەڵاتێکە خاوەنداریی لێ بکات و بۆ رزگارکردنی هەموو تواناکانی بە کار بگرێت.

محەمەد سدیق کەبوودوەند؛ ناسراو بە " باوکی مافی مرۆڤ لە رۆژهەڵاتی کوردستان"؛ دامەزرینەرو سەرۆکی " رێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان" و کاندیدای خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل لە ساڵی ٢٠١١یە، کە لە ساڵی ٢٠٠٧ی زایینییەوە لە زیندانەکانی ئێران دەستبەسەرەو، بڕیاری ١١ ساڵ زیندان بە تاوانی جەختکردن و داکۆکی لە ماڤە مرۆڤیەکانی مرۆڤی کورد (بەتایبەتی لە رۆژهەڵات و باکووری کوردستان) بە سەریدا سەپێندراوە. ناوبراو بە هۆی گیرۆدەبوون بە چەندین نەخۆشینی دژوار، ٢جار جەڵتەی دڵ و هەروەها گیرودەبوونی منداڵەکەی بە نەخۆشێنیکی مەترسیدار کە ٥ مانگە لە نەخۆشخانەیەکی شاری تاراندا لە ژێر چاوەدێریی پزیشکییە، گیانی لە مەترسیدایە. چونکە بۆ ئەوەی کە بتوانێ چاوی بە منداڵە نەخۆشەکەی بکەوێت لە ١٤ای مانگی مەی یەوە مانی لە خواردن گرتووە. هەنگاوێک کە مانگرتنی سەرجەم بنەماڵەی بەڕیزیانیشی بەدواوە بووەو هەنووکە گیانی ئەم کەسایەتیە ناسراوەی کورد رووبەڕووی مەترسیی مەرگە. ئەگەرچی زۆربەی رێکخراوە جیهانییەکان و تەنانەت دەوڵەتی ئەمریکاش بە فەرمی داوای ئازادیی بێ مەرجی ناوبراویان کردووە، بەڵام لەم نێوەدا؛ چاوەروانیی هەموو لایەک لە نوێنەرانی نەتەوەی کورد لە پارلمانی کوردستان و عێراقە، کە دەنگی خۆیان هەڵبرن و بە شێوەیەکی ئاشکرا داوا لە بەرپرسانی پێوەندیداری کۆماری ئیسلامیی ئێران بکەن، رێز لە داخوازییە رەواو یاساییەکانی کەبوودوەند بۆ مۆڵەتی مۆرەخەسی و چاوەپێکەوتنی منداڵەکەی بگرن.

ئێمە وەکوو "کەمپێنی پشتیوانی لە کەبوودوەند"؛ داواتان لێ دەکەین لە ڕێگەی دەرکردنی بەیاننامە ڕوو بە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی، نامەناردن بۆ نوێنەرانی مەجلیسی ئێران و نوێنەرانی ناوچە کوردنشینەکان لە مەجلیسی ئێران و ناردنی نامەی نارەزایەتی بۆ نوێنەرایەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان و عێراق؛ هەروەها داوای بەدواداچوون لە کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان؛ محەمەد سدیق کەبوودوەند " باوکی مافی مرۆڤی کوردستان" بە تەنیا مەهێڵنەوە.

کەمپێنی پشتیوانی لە داواکارییەکانی کەبوودوەند

٢٢ / ٦ / ٢٠١٢

بەهاوپێچ بۆ:

١. پارلمانی کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەبودوەند ٤ / ڕێکەوتی: ٢٧ی جوونی ٢٠١٢

---

## بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی PAK سەبارەت بە محەممەد سەدیق کەبوودوەند




ئەمڕۆ پێنجشەممە ٨ی پووشپەڕی ٢٧١٢ (٢٨ ژوئەنی ٢٠١٢) ٣٤ ڕۆژ بەسەر مانگرتن لە خواردنی، محەممەد سەدیق کەبوودوەند، سەرۆک و دامەزرێنەری بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان تێدەپەڕی و بارودۆخی بەرەو خراپتربوون دەچێ.





*محەمەد سەدیق كەبوودوەند لە پاش گوزەراندنی یەک ساڵ لە ژووره تاكە كەسیەكانی زینداندا تووشی نەخۆشی هەناسە، گورچیلە و پێست ببوو. ئێستاش پاش ٦ ساڵ بەندكران، لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەكانی مانی لە خواردن گرتووە و بەو هۆیەوە گیانی رووبەرووی مەترسی بووەتەوە.*

*پارتی ئازادیی كوردستان داوا لە كۆمەڵگای نێودەوڵەتی، رێكخراوە نێودەوڵەتییەكان و كۆڕ و كۆمەڵەكانی لایەنگری پاراستنی مافەكانی مرۆڤ دەكا، بە پەلە بەهانای محەمەد سەدیق كەبوودوەند، سەرۆكی بەندكراوی رێكخراوی مافی مرۆڤی كوردستانەوە بێن كە بۆ داكۆكی كردن لە مافی مرۆڤ و وەدیهێنانی یەكسانی بۆ نەتەوەكەی، ماوەی ٦ ساڵە سەرەڕای بەندكرانی لە لایان رێژێمی كۆماری ئێسلامییەوە، رووبەرووی ئازار و ئەشكەنجەی زۆر بووەتەوە و ژیانی لە مەترسیدایە.*

*هەر لەم پێوەندییەدا پارتی ئازادیی كوردستان سەرجەم نوێنەرایەتی و كۆمیتەكانی لە دەرەوەی وڵات رادەسپێرێ، رێكخراوە نێونەتەوەییەكان و كۆڕوكۆمەڵەكانی لایەنگری پاراستنی مافەكانی مرۆڤ لەو وڵاتانە، لە دۆخی نالەباری محەمەد سەدیق كەبوودوەند ئاگادار بكەن و داوایان لێبكەن لە هەر رێگایەكەوە بۆیان دەكرێ، كۆماری تاوان و جینایەتی ئێران، بۆ ئازاد كردنی سەرۆكی رێكخراوی مافی مرۆڤی كوردستان، بخەنە ژێر گوشارەوە.*

***پارتی ئازادیی كوردستان PAK***

***كۆمیتەی ناوەندی***

***٨ی پووشپەڕی ٢٧١٢ / ٢٨ ژوئەنی ٢٠١٢***

***سەرچاوە: ماڵپەڕی كەبودوەند ٤ / رێكەوتی: ٢٧ی جوونی ٢٠١٢***

# ئەمریکا داوای کرد محەمەد سەدیقی کەبودوەند ئازاد بکرێ



ڤیکتۆریا نولاند، وتەبێژی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داوای لە حکومەتی ئێران کرد هەرچی زووتر محەمەد سەدیقی کەبودوەند و نزیکەی ٩٠ ڕۆژنامەنووسی گیراوی ئێرانی ئازاد بکا.

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ماڵپەڕی بی بی سی، خاتوو نولاند لە سەرەتای کۆبوونەوەی ڕۆژنامەنووسیەکەی دوێنێ پێنجشەممە ( ٢٦ / ٤ / ٢٠١٢) ڕایگەیاند کەبودوەند لە ساڵی ٢٠٠٧ ەوە بە هۆی ئامادەکردنی ڕاپۆرت لە سەر ئەشکەنجە لە گرتووخانەکانی ئێران و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان، لە زیندانی ئێوینە و ساڵی ٢٠٠٨ یش بە تاوانی هەوڵدان دژی ئاسایشی نەتەوەیی بە ١١ ساڵ سزای زیندان حوکم دراوە.

محەمەد سەدیقی کەبودوەند توانیویەتی ٣٠ی ڕێبەندانی ساڵی پار دوای نزیکەی ٤ ساڵ زیندانی بێ مۆڵەت، چاوی بە کوڕەکەی بکەوی. کەبودوەند بەر لە بینینی کوڕەکەی مانی لە خواردن گرتبوو و کاربەدەستانی ئێران بۆ چاوی بە کوڕەکەی بکەوێ، مەرجیان ئەوە بوو کۆتایی بە مانگرتنەکەی بێنێ.

پێویستە بگوترێ ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیش ڕۆژی هەینی ١٧ی فوریە لە بەیاننامەیەکدا خوازیاری ئازادی کەبودوەند ببوو. لە بەیاننامەکەدا ڕاگەیەنرابوو: کاربەدەستانی ئێران دەبێ هەر چی خێراتر محەمەد سەدیقی کەبودوەند، ڕۆژنامەنووس و چالاکی مافەکانی مرۆڤ لە گرتووخانە ئازاد بکەن و ڕێگەی بدەن کوڕە تەمەن ٢٢ ساڵانەکەی کە زۆر نەخۆشە، ببینێ.

پێشتر ڕاگەیەنرابوو کوڕی کەبودوەند نەخۆشی شێرپەنجەی هەیە.

پەریناز باغەبان حەسەنی، هاوسەری کەبودوەند گوتبووی محەمەد سەدیقی کەبودوەند خۆیشی ڕەوشی تەندروستی باش نییە و سێ جار





جەڵتەی دڵ و مێشک لێی داوە.

کەبودوەند سەرنووسەری گۆڤاری "پیام مردم" بوو کە لە زستانی ساڵی ١٣٨٢ەوە بە دوو زمانی کوردی و فارسی لە تاران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو دەبوویەوە و خاکەلێوەی ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی بوو بە سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان.
ناوبراو لە ساڵانی ڕابردوودا چەندین خەڵاتی نێونەتەوەیی لە بوارەکانی مافی مرۆڤ و ڕۆژنامەوانی دا وەرگرتوە.

لە مەراسیمی ساڵی ٢٠٠٩ دا، کەبودوەند "خەڵاتی ڕۆژنامەوانی بەریتانیا"ی وەک ڕۆژنامەنووسی نێوتەوەیی ساڵ پێ بەخشرا و زستانی ساڵی ١٣٨٧یش خەڵاتی "هێلمن-هێمت"ی ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤی وەرگرت.
هەروەها زستانی ساڵی ڕابردوو، ژمارەیەک لە نوێنەرانی پەرلەمانی نۆرویژ کەبودەوندیان بە کاندیدی وەرگری خەڵاتی ئاشتی نوبێل بە کۆمیتەی پێشکەشکەری خەڵاتەکە ناساند.

ڤیکتۆریا نۆلاند لە بەرەبەری ڕۆژی جیهانی ئازادی چاپەمەنیدا لە سێی مانگی مەی، هەر ساڵە و یادی ڕۆژنامەنووسێکی گیراو دەکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە شرۆقەی ڕۆژ / ڕێکەوتی: ١٨ی جوولای ٢٠١٢

## ئەمریکا نیگەرانی خۆی سەبارەت بە بارودۆخی محەممەد سدیق کەبوودوەند دەربڕی



ویکتۆریا نۆلەند، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕۆژی چووارشەممە لە ڕاگەیاندنێکدا نیگەرانی خۆی سەبارەت بە بارووددۆخی جەستەیی نەرگس محەممەدی چالاکی مافی مرۆڤ و مەحەممەد سدیق کەبوودوەند ڕۆژنامەنووس و چالاکی مافی مرۆڤ لە زیندان





دەربڕی.

ویکتۆر نۆلەند رایگەیاندووە کە ئێمە نیگەرانی خۆمان سەبارەت بە ئەو راپۆرتانەی کە لە مەڕ خراپ تر بوونی باروودۆخی جەستەیی محەممەد سدیق کەبوودوەند چالاکی کورد و نەرگس محەممەدی چالاکی مافی مرۆڤ لە زیندان رادەگەیێنین.

لەم راگەیاندنەدا وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا وتی: محەممەد سدیق کەبوودوەند لە ٢٦ی مانگی( مەی) تائێستاکە دەستی داوەتە مانگرتن لە خواردن و کاربەدەستانی رژیمی ئێران، داواکاری ناوبراویان بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ کوڕ نەخۆشەکەی رەت کردووەتەوە.

نەرگسی محەممەدی لە دەستراگەیشتن بە چاوەدێری و پێداویستیە پزشکییەکان بێ بەش کراوە و راپۆرتەکان باس لە لە مەترسیدار بوونی بارودۆخی ئەم دوو زیندانیە دەکەن.

لە درێژەدا ویکتۆر نولەند وتی ئێمە لە کاربەدەستانی ئێرانی دەمانەوێت کە خێرا هەموو زیندانییەکی سیاسی ئازاد بکەن و یاسای خۆیان جێنرگس محمدی بەجێ بکەن و بە بەڵێنەکان و رێکەوتنە نێودەوڵەتیەکانی کە ئازادی بیرو باوەڕ، ئایین، روانگە جیاوازەکان و کۆبوونەوە بۆ هەموو شارووەمەندێکە جێ بە جێ بکات.

بنەماڵەی محەممەد سدیق کەبوودوەند سەرۆکی رێکخراوی پشتیوانی لە مافی مرۆڤی کوردستان و بەرێوەبەرو بەرپرسی رۆژنامەی داخراوی پەیامی خەڵک لە مانگی ٢٦ی پووشپەڕی ساڵی ٨٦ وە لە زیندان بە سەر دەبات. کەبوودەوند ماوەی نزیک بە ٦ مانگ لە ژووری تاکەکەسی لە بەندی ٢٠٩ی زیندانی ئێڤین بەسەری بردووە. دادگای ئینقلاب ناوبراوی بە تاوانی هەوڵدان لە دژی ئەمنیەتی نەتەوەیی لە رێگای دامەزراندن و بەرێوەبردنی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بە ١٠ ساڵ زیندانی و بە تاوانی پروپاگەندە دژ بە نیزام بە یەک ساڵ زیندان مەحکوم کرد.

محەممەد سدیق کەبوودوەند کە لە نارەزایەتی دەربڕین بە هەلومەرجی زیندانی ئێڤین مانی لە خواردن گرتبوو، ئێستاکە مانگرتنی تەریشی دەستپێکردووە بەڵام بە وتەی هاوسەرەکەی باروودۆخی کەبوودوەند رۆژ لە دوای رۆژ لە مەترسی زۆرتر دایە.

پەریناز باغبان حەسەنی ، هاوسەری محەممەد سدیق کەبوودوەند رۆژی دووشەممە ٢٦ی پووشپەڕ بە رادیۆ فەردای راگەیاند کە ناوبراو لە سەر داواکاری بنەماڵە مانگرتن لە خواردنی وشکی راگرتووە بەڵام ئەمە لە حاڵێکدایە کە عفوونەتی گورچیلەکانی زۆرتر بووە و کێشەی(گەوارشیشی) پەرەی سەندووە

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی رۆژهەڵات / رێکەوتی ١٨ای جوولای ٢٠١٢



## نامەی دوو بەرپرسی پەرلەمانی ئەورووپا سەبارەت بە دۆخی کەبودوەند




دوو بەرپرسی پەرلەمانی ئەورووپا سەبارەت بە دۆخی محەمەد سەدیقی کەبودوەند لە گرتووخانە، نامەیەکیان ئاڕاستەی کاربەدەستانی ئێران کرد. باربارا لوخبیلێر، سەرۆکی کۆمیتەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی ئەورووپا و تاریا کرۆنبێرگ، سەرۆکی لیژنەی کاروباری ئەورووپا لە گەڵ ئێران لە پەرلەمانی ئەورووپا نامەیەکیان ئاڕاستەی باڵوێزی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بروکسێل کردوە و سەبارەت بە دۆخی محەمەد سەدیقی کەبودوەند نیگەرانیان دەربڕیوە. لە بەشێکی نامەکە دا هاتووە: "لە لایەن کۆمیتەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی ئەورووپا و لیژنەی پەرلەمانی ئەورووپا لە کاروباری ئێران، دەمانەوێ سەرنجی ئێوە بۆ سەر ئەو مەسەلەیە رابکێشین کە بە گوێرەی یاسا نێونەتەوەییەکان، ئەرکی بەرپرسانی ئێرانە کە ئاسایشی جەستەیی و رۆحی گیراوان گەرەنتی بکا". هەروەها نووسراوە: "بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەوە بکەین کە کەبودوەند گیراوی ئەندێشەیە و بە شێوەیەکی نادادپەروەرانە، حوکمی دە ساڵ زیندانی بە سەر دا سەپاوە. حوکمی زیندانی کەبودوەند، بە گوێرەی کنوانسیۆنی حقوقی سیاسی و مەدەنی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئێرانیش ئیمزای کردوە، پێشێلکردنی ئاشکرای مافی ئازادی را دەربڕینە. بۆیە ئێمە داوا دەکەین زوو ئازاد بکرێ." هێژای گوتنە محەممەد سدیق کەبوودوەند، بە باوکی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناسراوە، بە هۆی دامەزراندنی **RMMK** و کاری ڕۆژنامەنووسی ١١ ساڵ زیندانی بەسەر دا سەپاوە و لە ١٠ای پووشپەڕەوە پێی ناوەتە ناو شەشەمین ساڵی زیندانی بوونی. ناوبراو لە گرتووخانە تووشی کۆمەڵێک نەخۆشی وەک پرۆستات، هەوکردنی سییەکان و چڵکی ریخۆڵە بووە و تا ئێستا چەند جار، مانی لە خواردن گرتووە بۆ ئەوەی ڕێگە بدرێ لە دەرەوەی زیندان، چاوی بە کوڕە نەخۆشەکەی بکەوێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە شرۆقەی رۆژ / ڕێکەوتی: ٥ی ئاگۆستی ٢٠١٢



# بانگەوازی شیرین عیبادی و سێ ڕێکخراوی مافی مرۆڤ سەبارەت به کەبودوەند و زیندانیانی سیاسی تر




شیرین عیبادی وەرگری خەڵاتی نوبێلی ئاشتی و سێ ڕێکخراوی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ، داوای ئازادی ئەو گیراوە سیاسیانەیان کرد کە لە تاران ڕەوشی تەندروستیان لە مەترسی دایە.

فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی کۆمەڵگاکانی مافی مرۆڤ، کۆمەڵگای داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە ئێران و هەواڵنێرانی بێ سنوور لە گەڵ شیرین عیبادی ڕۆژی (١٦ای جۆزەردان) ئەم بانگەوازەیان بڵاو کردۆتەوە.
لە بانگەوازەکە دا هاتووە: بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێ. ئێمە شاهیدی مەرگی جێی گومانی گیراوان و هەڵسوکەوتی ناشیاو لە گەڵیان لە سەرانسەری زیندانەکانی ئێران و بە تایبەت زیندانی ئێوین و ڕەجایی شارین. مەترسی مەرگ هەڕەشە لە گیراوان دەکا. بۆ نموونە ڕەوشی تەندروستی نەرگیس موحەمەدی، محەمەد سەدیقی کەبودوەند و حوسێن ڕەونەقی مەلەکی زۆر خراپە و داوا لە کاربەدەستانی ئێران دەکەین لە هەڵسوکەوتی خراپ لە گەڵیان خۆ ببوێرن و چیتر ژیانیان نەخەنە مەترسیەوە.

ئەوان هەروەها داوای ئازادی بەپەلە و بێ شەرت و مەرجی ئەو گیراوانە دەکەن و کۆماری ئیسلامی ئێران بە بەرپرسیار دەزانن ئەگەر بێت و ڕووداوێکی ناخۆش ڕوو بدا.

ڕێکخراوی پارێزگاری لە مافی مرۆڤی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا بە پیر بانگەوازی شیرین عیبادی و سێ ڕێکخراوەکەوە چوو و داوای لە چالاکانی مەدەنی و دامودەزگاکانی مافی مرۆڤ کرد دەنگیان بخەنە پاڵ ئەم بانگەوازە و لە پێناو ڕزگاری گیانی گیراوانی سیاسی بکەونە جموجوڵەوە.
نەرگیس محەمەدی، ڕۆژنامەنووس و وتەبێژی کانوونی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی لە زەنجان قۆڵبەست کراو بە گرتوخانەی ئێوین گوێزرایەوە.



سەرچاوە
Serchawe

حوسێن رەونەقی، لە جۆزەردانی ١٣٩١ەوە دەستی بە مانگرتن کردوە.

لە لایەکی دیکەوە رۆژی یەکشەممە، ١٤ی جۆزەردانی ١٣٩١ی هەتاوی، محەممەد سدیق کەبوودوەند، لە نۆهەمین ڕۆژی مانگرتنی دا، بۆ نەخۆشخانەی ناو گرتووخانەی ئێڤین گوازراوەتەوە و سەرچاوەکانی هەواڵی ناوخۆیی دەڵێن کە ڕەوشی تەندروستی ناجێگرە.
کەبوودوەند، لە ڕۆژی شەممە، ٦ی جۆزەردانەوە، مانی لەخواردن گرتووە و داواکاری هەنووکەیی، وەرگرتنی مۆڵەت بۆ دیتنی کوڕە نەخۆشەکەیەتی کە لە بەستەری مەرگ دایە.

"محەممەد سدیق کەبوودوەند"، سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و ڕۆژنامەوانی ناسراوی کورد، لە ١٠ی پووشپەڕی ١٣٨٦ی هەتاوی لە تاران قۆڵبەست کرا و پاشان سزای ١١ ساڵ زیندانی بەسەر دا سەپاوە. ناوبراو لە ماوەی گیرانی دا، تووشی کۆمەڵێک نەخۆشی وەک زەختی خوێن، هەوکردنی سییەکان و نەخۆشی گوورچیلە بووە و تەنانەت ئیزنی چارەسەری پزیشکی لە دەرەوەی زیندانیشی پێنادرێ.

کەبوودوەند پێشووتر لە ٢٥ی مانگی گوڵان دا نامەیەکی ئاڕاستەی داواکاری گشتی تاران کردبوو و لە نامەکەدا ڕایگەیاندبوو کە مان لە خواردن دەگرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە شرۆقەی رۆژ / ڕێکەوتی: ٤ی جوونی ٢٠١٢

## کەبودوەند گیانی لەمەترسیدایە باهەمووماں پشتگیری بکەین




ئەنجومەنی رۆژنامەنووسانی رۆژهەڵات پشتگیری خوی بۆ "ڕۆژی داکۆکی گەلی کورد لە کەبوودوەند" راگەیاند لە(١٠)ی پۆشپەری



(١٣٨٦) بەرپرسی حەوتوونامەی" پەیام مردم"ـو سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان "محەمەد سدیق کەبوودوەند" لە تاران قۆڵبەستکراو، ئەوە (٥) ساڵە لەگرتووخانەی "ئێڤین"ـی تاران زیندانی کراوە. ئەوەش لەکاتێکدایە کە "کەبوودوەند" لە(٦)ـی جۆزەردانی ئەمساڵەوە تاکوو ئێستا لەگرتووخانە مانی لەخواردن گرتووە،

مانگرتنەکەی "کەبوودوەند" لەکاتێکدایە کە چەندین نەخۆشی وەکوو " پرۆستات"ـ و "هەوکردنی سییە"ـ و "نەخۆشی دڵ و گورچیلە" بەرۆکی گرتووە، و وەزارەتی ئیتلاعات و بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئامادەنەبوونە ناوبراو ئیزن بدەن، لەدەرەوەی گرتووخانە نەشتەرگەری بۆ بکرێت، هەمووی ئەوانە لەکاتێکدایە کە ڕۆژی چوارشەممە (٣١)ـی جۆزەردان محەمەد سدیق کەبوودوەند لەدیدارێکی کورتتدا لەگەڵ بنەماڵەکەی ڕایگەیاندبوو کە ئەگەر گوێ لەداخوازییەکانی نەگیردرێت، درێژە بەمانگرتنەکەی دەدات.

ئەوانە دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە کۆماری ئیسلامی ئێران دەرەتانێکی بۆ چالاکی مەدەنیانە لە ئێراندا نەهێشتووەتەوە. "محەمەد سەدیق کەبوودوەند" سیمبولی هەموو ئەو دەستەواژانەیە کە جیهانێکی شارەستانیی پێویستییەتی، واتا "ئازادی رادەربرین"ـو "ئازادی چالاکی مەدەنی"ـو گرنگتر لەهەموویان پاراستنی پرەنسیبەکانی"مافی مرۆڤ"ـو سووربوون لەسەر مافەکانی نەتەوەیەکی زوڵملێکراو.
"محەمەد سەدیق کەبوودوەند" بەدامەزراندنی ڕێکخراوەی مافی مرۆڤی کوردستان هەوڵی چەسپاندنی ئەو مافە و هەموو مافە مرۆیەکانی دا، بەڵام بەداخەوە هەروەکوو چاوەڕێ دەکرا، کۆماری ئیسلامی ئێران نەیتوانی تەحەموولی داخوازیی و تەنانەت هەبوونی ئەو چالاکەش لەناو کۆمەڵگادا بکات، و لەناو گرتووخانەش بەو شێوە ستەمکارانە دەست لەئازارو ئەشکەنجەدانی خۆی و بنەماڵەکەی بەرنادات.
هەر بۆیەش پشتگیریکردن لەڕۆژێک بۆ کەبوودوەند و ڕێزگرتن لەمانگرتنەکەی ئەرکی هەموو ڕۆژنامەنووسێکی ئازادیخوازو چالاکڤانێکی گۆرانویست و تاکێکی مرۆڤ دۆستە.

ئەنجومەنی ڕۆژنامەنوسانی ڕۆژهەلاتی کوردستان وەک ڕاگەیەندراوە داوا دەکات ڕۆژی ١٠ای پووشپەڕ/٣٠ ژوئەن، "ڕۆژی داکۆکی گەلی کورد لە کەبوودوەند" بکرێتە ڕۆژی هاوپەیوەندیی‌و پشتگیری سەرتاسەری لە بەڕیز محەمەد سدیق کەبودوەند

ئەنجومەنی ڕۆژنامەنوسانی ڕۆژهەلاتی کوردستان

گلیار

ڕێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠١٢



# کەمپینی رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی بۆ محەمەد سەدیقی کەبودوەند



رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی کەمپینێکی پشتیوانی بۆ محەمەد سەدیق کەبودوەند وەرێخست و داوای کرد ناوبراو خێرا و بە بێ مەرج ئازاد بکرێ.

لەو کەمپینەدا، هاتوە کە رۆژنامەنووس و چالاکڤانی مافەکانی مرۆڤ، محەمەد سەدیق کەبوودوەند لە ساڵی ۲۰۰۷ بە دواوە لە گرتووخانەکانی ئێران دایە لە کاتێکدا تەنیا لە سەر ئازادی رادەربڕین و دامەزراندنی رێکخراوی مافی مرۆڤ قۆڵبەست کراوە.
رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی ئاماژە بە رەوشی نالەباری تەندروستی کەبودوەندیش دەکا و رەخنە لە کاربەدەستانی ئێران دەگرێ کە بە شێوەیەکی گونجاو نەخۆشیەکانی کەبودوەندیان چارەسەر نەکردوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو کەمپینەدا هاتوە "محەمەد سەدیق کەبودوەند لەو دیوی دەرگا داخراوەکان و بە پەلە دادگایی کراوە. ئەو کە باوکی سێ مناڵە، مەحکوومێکی فکرییە و گیانی لە مەترسی دایە."

محەمەد سەدیق کەبودوەند، دامەزرێنەری رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان (RMMK) بۆ ماوەی سێ ساڵ سەرنووسەری پێشووی هەفتەنامەی "پیام مردم"یش بوو. ئەو هەفتەنامەیە رۆژی ۲۷ی ژوئەنی ۲۰۰٤ لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە داخرا.
جێگەی وەبیر هێنانەوەیە کەبودوەند، ای ژوئیەی ۲۰۰۷ لە تاران لە لایەن هێزە ئەمنیەکانی ئێرانەوە قۆڵبەست و رەوانەی گرتوخانەی ئێوین کرا.

هێزە ئەمنیەکانی ئێران بە جلوبەرگی شڤیلەوە هەڵیانکوتابوە سەر ماڵی کەبودوەند و دەستیان بە سەر سێ کامپیۆتێر، کتێب، وێنە و کەلوپەلە تایبەتیەکانیشی داگرتبوو.

دادگایەکی ئێران لە مانگی مەی ۲۰۰۸ دا بە تاوانی "تێکدانی ئاسایش" و "پڕوپاگەندە دژی دەوڵەت" سزای ۱۱ ساڵ زیندانی بە سەر ئەو چالاکڤانەی کورد دا سەپاند.

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە درێژەی کەمپینەکەی دا بە بیر دێنێتەوە کە "کەبودوەند بۆ ماوەی (٤٠) ڕۆژ گۆشەگیر کراوە، چاوەکانی بەستراونەتەوە و دەست و پێی زنجیر کراوە. بۆ ئەوەی ڕەوشی گرتوخانە پڕۆتیستۆ بکا، مانی لە خواردن گرتوە و ئەمەش وای کردوە نەخۆشی گورچیلە زیاتر پەرە بستێنێ".

سەرەڕای ئەو نەخۆشیانە ڕۆژی ۱۹ی مەی ۲۰۰۸ تەنیا بۆ ماوەی نیو سەعات لە لایەن دکتۆرێکی گرتووخانەوە تیمار کراوە. لەگەڵ ئەوەی ڕۆژی دواتر دادوەرێک رایسپاردوە لە دەرەوەی گرتوخانە چارەسەر بکرێ، بەڵام تا ئێستا نەگوازراوەتەوە بۆ نەخۆشخانە. محەمەد سەدیقی کەبودوەند لەو ماوەیەدا (۲۰) کیلۆی لە کێشی دابەزیوە.

ڕێکخراوی ئاماژەپێکراو لە کۆتایی دا، داوا دەکا بۆ پشتیوانی لە کەبودوەند کەمپینەکە واژۆ بکرێ و نامە بۆ کاربەدەستانی ئێران بنێردرێ بۆ ئەوەی لە پێناو ئازادی کەبودوەند دا بکەونە خۆ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە شرۆڤەی ڕۆژ / ڕێکەوتی: ۸ی نۆڤیمبەر ۲۰۱۱

## پشتیوانیی بەربڵاو بۆ ئازادی خێرای کەبوودوەند




لەگەڵ بەردەوامی مانگرتن لە خواردنی محەمەد سەیدق کەبوودوەند، سی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ و ۱۰۰ چالاکی بزووتنەوەی کرێکاری خوازیاری ئازادی کەبوودوەند بوون و ۷۳ ڕۆژنامەنوسیش داوایان کردووە کە کۆتایی بە مانگرتن لە خواردنەکەی بێنێت.



ڕێکخراوەکانی "لێبوردنی نێونەتەوەیی"، "فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی کۆمەڵگەکانی مافی مرۆڤ" و "کۆمەڵگەی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە ئێران"، رۆژی سی شەممە ٢٧ی پووشپەڕ، لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا، خوازیاری ئەوە بوون کە کۆماری ئیسلامی هەرچی خێراتـرە محەمەد سەدیق کەبوودوەند لە زیندان ئازاد بکات.

محەمەد سەدیق کەبوودوەند، سەردەبیری پێشووی حەفتەنامەی "پیام مردم کردستان" و دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، زیاتر لە ٥٠ رۆژە لەمانگرتندا بەسەر دەبات. نووسەرانی ئەو بەیاننامەیە دەوڵەتی ئێران بە بەرپرسی گیانی کەبوودوەنـد دەزانن کە بەهۆی مانگرتن لە خواردنەکانی لە بارێکی خراپدا بەسەر دەبات.

ئەم سێ ڕێکخراوەی مافی مرۆڤ، کەبوودوەند بە زیندانییەکی عەقیدەتی دەزانن کە تەنیا بە هۆی چالاکی رۆژنـامەوانی و مافی مرۆڤ و داکۆکی کردن لە مافی ئازادی رادەربڕین، زیندانی کراوە.
لە لایەکی دیکەوە، ١٠٠ چالاکی بزووتنەوەی کرێکاریش لە بەیاننامەیەکدا خوازیـاری ئـازادی خێرا و بـێ مەرجی کەبوودوەنـد بـوون.
هەروەها ٧٣ رۆژنامەنوسیش لە نامەیەکدا بۆ محەمەد سەدیق کەبوودوەند، وێڕای ڕێزلێنان لە خۆڕاگری و پێداگری لەسەر خواستە رەواکانی، داوایان لێکردووە کۆتایی بە مانگرتن لە خواردنی خۆی بێنێت تا ژیانی ئەوەندەیتر نەکەوێتە مەترسییەوە.
چەنـد رۆژ لەمەوپێشیش ڕێکخـراوی چاودێری مافی مرۆڤ خوازیـاری ئەوە بـوو کە پێویستە کۆماری ئیسلامی ئێران هەرچی خێراتـرە کۆتـایی بە هەڵسووکەوتی خراپ و نابەجآ لەگەڵ بەرپرسی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بێنێت.

محەمەد سەدیق کەبوودوەند، بەرپرسی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و رۆژنامەنووس، لە دوای ساڵێک دەستبەسەرکران، لە دادگـای ئینقلابـی تـاران بە تـۆمەتی هەوڵـدان لە دژی ئەمنییەتـی نەتەوەیـی لە ڕێگەی پێکهێنـان و کـارکردن لە "ڕێکخـراوی مـافی مرۆڤـی کوردسـتان"، بە ١٠ سـاڵ زینـدان و، بە تـۆمەتی چـالاکی تەبلیغـی لە دژی نیـزام، بە سـاڵێک زینـدان مەحکـووم کـراوە و دادگـای پێداچوونەوەی ئوستانی تارانیش، حوکمی ١٠ ساڵ زیندانی کەبوودوەندی پشت ڕاست کردووەتەوە.

بە پێی ڕاپۆرتەکان، محەمەد سەدیق کەبوودوەند لە زیندان بە دەست نەخۆشییەوە دەناڵێنآ و لە ماوەی ٥ ساڵی ڕابردوودا، دوو جار لە زینـدانی ئێڤین تووشی سەکتە بـووە. پزیشکان ڕایانگەیانـدووە کە کەبوودوەنـد پێویستە لە دەرەوەی زینـدان چارەسەری پزیشکی بـۆ بکرێت، بەڵام بەرپرسانی زیندان ڕێگەی چوونە دەرەوەی لە زیندان پێ نادەن.

کەبوودوەنـد کە چەنـد رۆژ لەمەوپێشیش بـۆ مـاوەی دوو رۆژ دەستی دابـووە مـانگرتنی ویشک، ڕایگەیانـدووە بەهـۆی داواکارییەکـانی ڕێکخراو لایەنەکان و بۆ ڕێزگرتن لەوان، کۆتـایی بە مـانگرتنی ویشـک دێنێت، بەڵام لەسەر مـانگرتن لە خـواردنەکەی هەر بەردەوام دەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی رۆژهەڵات / ڕێکەوتی ١٨ی جوولای ٢٠١٢



## نامەی ٣٥٠ چالاکی مەدەنی، سیاسی و چاپەمەنی، بۆ پشتیوانی لە محەممەدسدیق کەبوودوەند



نامەی ٣٥٠ چالاکی مەدەنی، سیاسی و چاپەمەنی، بۆ پشتیوانی لە محەممەدسدیق کەبوودوەند کوردپا: نزیک بە ٣٥٠ چالاکی مەدەنی، سیاسی و چاپەمەنیی لە نامەیەکدا بۆ کۆمیسیاریای باڵای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە ئاماژە بە مانگرتنی محەممەد سدیق کەبوودوەند، داوایان کردووە هەوڵ بۆ چارەسەریی نەخۆشیی ئەو چالاکە کورد و دیداری منداڵە نەخۆشەکەی بدرێت.

نوسخەیەک لەو نامەیە بە ناوی واژۆکەرانەوە گەیشتۆتە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا گەیشتووە، کە لێرەدا وەک خۆی بڵاوی دەکەینەوە:

بەڕێز خانمی ناوانتم پیلای!
کۆمیسییێری باڵای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

ئێمە کۆمەڵێک لە چالاکوانانی کومەلایەتی، سیاسی و رۆژنامەوانی نیگەرانیی خۆمان لەمەڕ بارودۆخی نالەباری محەمەدسەدیق کەبوودوند، رۆژنامەنووس و چالاکی مافی مروڤی ناوداری ئێرانی کەلە زیندانی ئێوین دەستی داوەتە مانگرتن، رادەگەیەنین.
ئاغای کەبوودوەند لە ٥ سال بەرلە ئێستاوە بە تاوانی ڕێکخستنی "ڕێکخراوەی مافی مروڤی کوردستان" دەستبەسەر و لە زیندان دایە و بە ١١سال زیندانی تەعزیری مەحکووم کراوە.

کەبوودوەند لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا، دوو جار لە زیندانی ئێوین تووشی سەکتە و خراپ بوونی باری تەندروستی و نەخۆشیی رییە بووە. پزیشکانی زیندان چەندین جار تەئکیدیان کردۆتەوە کە چارەسەریی نەخۆشیی ئاغای کەبوودوەند لەناو زیندان نەگونجە،





بەڵام لێپرسراوانی قەزایی ئیزن نادەن ناوبراو لە دەرەوەی زیندان چارەسەری پزیشکیی بۆ بکرێت.

بەڵام ئەمڕۆژانە مەسەلەیەکی دیکە کە جیالە گرفتی جەستەیی، بارودۆخی ڕۆحیی ئاغای کەبوودوەندی بەرەو خراپتر بوون بردووە، ئەوەیە کە پژمان کوڕی کەبوودوەند، بەهۆی تووش بوون بە نەخۆشییەکەی خوێنیی ناچارەسەر، چەندین حەفتەیە لە نەخۆشخانە خەوێنراوە و باوکی، چەندین جار داوای لە لێپرسراوای قەزایی کردووە کە مەرەخەسیی پێ بدەن هەتا چاوی بە منداڵە نەخۆشەکەی بکەوێت و یارمەتیی دەرمان و ئارامیی ڕۆحی و ڕەوانیی کوڕەکەی بکات.

بەڵام دژایەتی کردن لەگەڵ ئەو داخوازییە، بۆتە هۆی ئەوەی کە هەتا ئەم ڕۆژنامەنووس و چالاکەی مافی مرۆڤ رابگەیەنێ بە نارەزایەتی بەم زوڵمە، هیچ ڕێگایەکی جیالە مانگرتنی بێ ماوە و درێژخایەن لە زیندان بۆ نەماوەتەوە.
ڕێزدار!

ئێمە واژۆکەرانی ئەم نامەیە، داواتان لێدەکەین کە بەدواداچوون بۆ بارودۆخی محەممەدسدیق کەبوودوەند و هەروەها هەڵسوکەوتی نایاسایی دەزگای قەزایی لەگەڵ ئەم چالاکەی مافی مرۆڤ بکەن و هەروەها ئەو نیگەرانییانەی کە لە هەمبەر ڕەوشی ناجێگیری جەستەیی ئاغای کەبوودوەند لە گۆڕێ دان بە ئاگاداریی لێپرسراوانی باڵای کۆماری ئیسلامی ئاگادار بگەیەنن. هەروەها داواتان لێدەکەین لە هەر هەوڵێک بۆ چارەسەری پزیشکیی محەممەدسدیق کەبوودوەند لە دەرەوەی زیندان و هەروەها چاوپێکەوتنی منداڵەکەی دریغی مەکەن.

## ناوی واژۆکەرانی نامە:

| ریز | ناو و ناوباگ | ریز | ناو و ناوباگ | ریز | ناو و ناوباگ | ریز | ناو و ناوباگ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | آذر یغمایی | ٧ | آراز فنی | ١٣ | آرام عثمانی | ١٩ | آرش حافظی |
| ٢ | آرش علوی | ٨ | آری ملک | ١٤ | آریز اندریانی | ٢٠ | آزاد کردی |
| ٣ | آزاد مرادیان | ٩ | آزاده تهرانی | ١٥ | آزاده خسروشاهی | ٢١ | آزیتا رضوان |
| ٤ | آسو صالح | ١٠ | آسیه امینی | ١٦ | آیدا سعادت | ٢٢ | آیدا قجر |
| ٥ | آینده آزاد | ١١ | ابراهیم العربی | ١٧ | احترام عبدوست | ٢٣ | احسان بداغی |
| ٦ | احمد آزاد | ١٢ | احمد عارفی | ١٨ | ابوالفضل(پویا)جهاندار | ٢٤ | احمد مشعوف |
| ریز | ناو و ناوباگ | ریز | ناو و ناوباگ | ریز | ناو و ناوباگ | ریز | ناو و ناوباگ |





| ریز | ناو و ناوباگ | ریز | ناو و ناوباگ | ریز | ناو و ناوباگ | ریز | ناو و ناوباگ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٥ | احمد راهپیما | ٥٠ | اسفندیار طبری | ٧٥ | احمد حمید احوازی | ١٠٠ | اسماعیل زرگریان |
| ٢٦ | آسو پیروتی | ٥١ | اکبر سردوزامی | ٧٦ | افسانه بهشتی زاده | ١٠١ | اکبر کریمیان |
| ٢٧ | الاهه شکرائی | ٥٢ | الهام قیطانچی | ٧٧ | الهه امانی | ١٠٢ | امیر بیگلری |
| ٢٨ | امیر رشیدی | ٥٣ | امیر صحتی | ٧٨ | امیر نژادیان | ١٠٣ | انصافعلی هدایت |
| ٢٩ | انور میرستاری | ٥٤ | ایوب رحمانی | ٧٩ | بابک ایماز | ١٠٤ | بهداد بردبار |
| ٣٠ | بهرام اسماعیل بیگی | ٥٥ | بهرام پرتوی | ٨٠ | بهروز حشمت | ١٠٥ | بهروز خلیق |
| ٣١ | بهزاد کریمی | ٥٦ | بهمن امینی | ٨١ | بیژن افتخاری | ١٠٦ | بیژن باقری |
| ٣٢ | بیژن پیرزاده | ٥٧ | پارسیان ملک | ٨٢ | پرتو نوری علا | ١٠٧ | پردیس درخشنده |
| ٣٣ | پرستو فروهر | ٥٨ | پروانه راد | ٨٣ | پروانه وحیدمنش | ١٠٨ | پرویز داورپناه |
| ٣٤ | پرویز مختاری | ٥٩ | پروین بختیارنژاد | ٨٤ | پروین صالحی پور | ١٠٩ | پروین ملک |
| ٣٥ | پریچهر نعمانی | ٦٠ | پریرخ شورابی | ٨٥ | پریسا کاکائی | ١١٠ | پوران رضایتی |
| ٣٦ | پویا عزیزی | ٦١ | تراب مستوفی | ٨٦ | توران ناظمی | ١١١ | ثریا فلاح |
| ٣٧ | جمیله نیرومندی | ٦٢ | جهانگیر لقایی | ٨٧ | جواد جواهری | ١١٢ | حامد کنان |
| ٣٨ | حسن بهگر | ٦٣ | حسن بیات | ٨٨ | حسن نایب هاشم | ١١٣ | حسین دولت آبادی |
| ٣٩ | حسین علوی | ٦٤ | حمید روشن | ٨٩ | حمید حمیدی | ١١٤ | حمید غفاری |
| ٤٠ | حمید کوثری | ٦٥ | حمید نوذری | ٩٠ | حمیدرضا مسیبیان | ١١٥ | حمید صدر |
| ٤١ | خالد خیاطی | ٦٦ | خالد درودی | ٩١ | خالق منافی | ١١٦ | خدیجه مقدم |
| ٤٢ | خسرو خسروی | ٦٧ | خسرو زمانی | ٩٢ | خیرالله فرخی | ١١٧ | داریوش آشوری |
| ٤٣ | داریوش دانش | ٦٨ | داریوش عظیم پور | ٩٣ | داریوش مجلسی | ١١٨ | داود آزادفر |
| ٤٤ | داوود نوائیان | ٦٩ | داود سروش | ٩٤ | رامین خرسندی، | ١١٩ | رحمان جوانمردی |
| ٤٥ | رضا اغنمی | ٧٠ | رضا افشار | ٩٥ | رضا سیاووشی | ١٢٠ | رضا علیجانی |
| ٤٦ | رضا کریمی | ٧١ | رضا هیوا | ٩٦ | رضوان مقدم | ١٢١ | روحی شفیعی |
| ٤٧ | روژا فلاح | ٧٢ | روشنک آسترکی | ٩٧ | رویا طلوعی | ١٢٢ | رویا کاشفی |
| ٤٨ | ریبوار حریری | ٧٣ | ریبین رحمانی | ٩٨ | زری رادفر | ١٢٣ | زکریا آتشک |
| ٤٩ | زهر صادقی | ٧٤ | زهره اسدپور | ٩٩ | زویا اسکندریان | ١٢٤ | زویا مجد |



سەرچاوە Serchawe



| ریز | ناو و ناوبانگ | ریز | ناو و ناوبانگ | ریز | ناو و ناوبانگ | ریز | ناو و ناوبانگ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ۱۲۵ | زینب پیغمبرزاده | ۱۵۰ | ژاکلین هوبرت | ۱۷۵ | ژیلا جمالی | ۲۰۰ | ژیلا حسن پور |
| ۱۲۶ | ژیلا گلعنبر | ۱۵۱ | ساحل سیستانی | ۱۷۶ | سارا محمدی | ۲۰۱ | سارو خلیقی |
| ۱۲۷ | سامان رسول پور | ۱۵۲ | ستاره علوی | ۱۷۷ | سحر دیناروند | ۲۰۲ | سروش فرهادیان |
| ۱۲۸ | سحر صمصام | ۱۵۳ | سعید خلیلی | ۱۷۸ | سعیده سهرابی | ۲۰۳ | سمیرا پوراندخت |
| ۱۲۹ | سمیه رشیدی | ۱۵٤ | سهراب بهداد | ۱۷۹ | سهراب رزاقی | ۲۰٤ | سهیل آصفی |
| ۱۳۰ | سهیل پرهیزی | ۱۵۵ | سوده راد | ۱۸۰ | سوسن طهماسبی | ۲۰۵ | سوسن کولیوند |
| ۱۳۱ | سوفیا صدیق پور | ۱۵٦ | سوسن محمدخانی غیاثوند | ۱۸۱ | سیامک حیدری | ۲۰٦ | سیاوش عبقری |
| ۱۳۲ | سیروس ملکوتی | ۱۵۷ | سیما بختیاری | ۱۸۲ | سیما رضایی | ۲۰۷ | شاپور اسکندری |
| ۱۳۳ | شاهین انزلی | ۱۵۸ | شبنم آذر | ۱۸۳ | شقایق کمالی | ۲۰۸ | شکوفه آذر |
| ۱۳٤ | شکوفه قبادی | ۱۵۹ | شلیر باپیری | ۱۸٤ | شلیر شبلی | ۲۰۹ | شهابالدین شیخی |
| ۱۳۵ | شهرام رفیع زاده | ۱٦۰ | شهریار آزادکان | ۱۸۵ | شهریار پویانراد | ۲۱۰ | شهلا بهاردوست |
| ۱۳٦ | شهلا دباغی | ۱٦۱ | شهلا عبقری | ۱۸٦ | شوان رستمی | ۲۱۱ | شورش سلطانی |
| ۱۳۷ | شیرین فامیلی | ۱٦۲ | شیرکو جهانی اصل | ۱۸۷ | شیوا نوجو | ۲۱۲ | صابر قادری |
| ۱۳۸ | صادق نهومی | ۱٦۳ | صالح حمد | ۱۸۸ | صبا واصفی | ۲۱۳ | صبری نجفی |
| ۱۳۹ | صدیقه فخرآبادی | ۱٦٤ | طاهره برجیس | ۱۸۹ | طاهره خرمی | ۲۱٤ | طلایه غفاری |
| ۱٤۰ | طلعت تقینیا | ۱٦۵ | طلعت یگانه تبریزی | ۱۹۰ | طیبه اصغر زاده | ۲۱۵ | عارف نادری |
| ۱٤۱ | عباس خرسندی | ۱٦٦ | عباس رحیمیان | ۱۹۱ | عبدالکریم احوازی | ۲۱٦ | عزیز بیکس |
| ۱٤۲ | عسل پیرزاده | ۱٦۷ | عشا مومنی | ۱۹۲ | عشرت بستجانی | ۲۱۷ | عصمت بهرامی |
| ۱٤۳ | عفت ماهباز | ۱٦۸ | علی افشاری | ۱۹۳ | علی پورنقوی | ۲۱۸ | علیرضا جباری |
| ۱٤٤ | علی رضا مجلسی | ۱٦۹ | علی شاکری | ۱۹٤ | علی صمد | ۲۱۹ | علی عبدی |
| ۱٤۵ | علی ماهباز | ۱۷۰ | علیرضا قولونجو | ۱۹۵ | عمار گلی | ۲۲۰ | فاخته لونا زمانی |
| ۱٤٦ | فاطمه رضایی | ۱۷۱ | فاطمه مسجدی | ۱۹٦ | فرح ماخان | ۲۲۱ | فرحناز محمدی |
| ۱٤۷ | فرزانه روستایی | ۱۷۲ | فرشاد دوستی پور | ۱۹۷ | فرشید آذرنیوش | ۲۲۲ | فرشید بهزادی فر |
| ۱٤۸ | فرشید فاریابی | ۱۷۳ | فریبا داودی مهاجر | ۱۹۸ | فرید مهران ادیب | ۲۲۳ | فهیمه ملتی |
| ۱٤۹ | فواد فتاحی | ۱۷٤ | کمال الاحوازی | ۱۹۹ | کیانوش سنجری | ۲۲٤ | کامران امین آوه |



| ریز | ناو و ناوباگ | ریز | ناو و ناوباگ | ریز | ناو و ناوباگ | ریز | ناو و ناوباگ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ۲۲۵ | کامران مهرپور | ۲۵۱ | کاوه آهنگری | ۲۷۷ | کاوه رضائی شیراز | ۳۰۳ | کاوه قریشی |
| ۲۲۶ | کاووس عزیزی | ۲۵۲ | کاوه کرمانشاهی | ۲۷۸ | کتایون عظیمی فرد | ۳۰۴ | کورش افطسی |
| ۲۲۷ | کوروش پارسا | ۲۵۳ | کیهان یوسفی | ۲۷۹ | گرجی مرزبان | ۳۰۵ | گزیزه باپیری |
| ۲۲۸ | گلاله بهرامی | ۲۵۴ | گلاله شرفکندی | ۲۸۰ | گلرخ جهانگیری | ۳۰۶ | گلمراد مرادی |
| ۲۲۹ | گلی ابراهیمی | ۲۵۵ | گوهر شمیرانی | ۲۸۱ | لیلا اسدی | ۳۰۷ | لیلا سعادتی |
| ۲۳۰ | لیلا سیف اللهی | ۲۵۶ | مائده سلطانی | ۲۸۲ | مجید بیازی حیران | ۳۰۸ | مجید حقی |
| ۲۳۱ | محبوب پیکورد | ۲۵۷ | محبوبه عباسقلی زاده | ۲۸۳ | محمد برزنجه | ۳۰۹ | محمد بهبودی |
| ۲۳۲ | محمد ترابی | ۲۵۸ | محمد تنگستانی | ۲۸۴ | محمد توفیق اسدی | ۳۱۰ | محمد جودکی |
| ۲۳۳ | محمد حسین جعفری | ۲۵۹ | محمد علی مهرآسا | ۲۸۵ | محمد قائم مقامی | ۳۱۱ | محمد مصطفایی |
| ۲۳۴ | محمد نجف زاده | ۲۶۰ | محمدرضا اسکندری | ۲۸۶ | محمود امیری مقدم | ۳۱۲ | محمود مهران ادیب |
| ۲۳۵ | مراد احمدی | ۲۶۱ | مرتضی ضیابری | ۲۸۷ | مرتضی کاظمیان | ۳۱۳ | مرسده هاشمی |
| ۲۳۶ | مریم اهری | ۲۶۲ | مریم حکمت شعار | ۲۸۸ | مریم فاروقی | ۳۱۴ | مریم کمالی |
| ۲۳۷ | مریم موذن زاده | ۲۶۳ | مزدک عبدی پور | ۲۸۹ | مژگان ثروتی | ۳۱۵ | مسعود سفیری |
| ۲۳۸ | مسعود شب افروز | ۲۶۴ | معصومه ضیاء | ۲۹۰ | ملکه رنجبر | ۳۱۶ | ملیحه زهتاب |
| ۲۳۹ | ملیکا محمدی | ۲۶۵ | منصور مشرف | ۲۹۱ | منصوره بهکیش | ۳۱۷ | منصوره حبیب |
| ۲۴۰ | منصوره شجاعی | ۲۶۶ | منوچهر شفائی | ۲۹۲ | منوچهر فاضل | ۳۱۸ | منوچهر محمدی |
| ۲۴۱ | منوچهر نامور آزاد | ۲۶۷ | منیره کاظمی | ۲۹۳ | مهدی خرازی | ۳۱۹ | مهدی سعیدپور |
| ۲۴۲ | مهران ادیب | ۲۶۸ | مهران براتی | ۲۹۴ | مهران میرفخرایی | ۳۲۰ | مهرداد ابوالقاسمی |
| ۲۴۳ | مهرداد درویش پور | ۲۶۹ | مهسا بختیاری | ۲۹۵ | مهشید پگاهی | ۳۲۱ | مهشید راستی |
| ۲۴۴ | مهناز پراکند | ۲۷۰ | مهناز دلاگیواننا | ۲۹۶ | مهناز هدایتی | ۳۲۲ | مهین شکرالله پور |
| ۲۴۵ | میلاد فدایی اصل | ۲۷۱ | میترا آریان | ۲۹۷ | میترا نجفی | ۳۲۳ | میترا ابراهیمی |
| ۲۴۶ | میثاق پارسا | ۲۷۲ | میدیا بایزیدپور | ۲۹۸ | میر حمید سالک | ۳۲۴ | میلاد ملک |
| ۲۴۷ | مینا نیک | ۲۷۳ | نادر احسنی | ۲۹۹ | نازی عظیما | ۳۲۵ | ناصح فریدی |
| ۲۴۸ | ناصر پاکدامن | ۲۷۴ | ناهید خیرابی | ۳۰۰ | ناهید سرشگی | ۳۲۶ | ناهید مکری |
| ۲۴۹ | ندا فرخ | ۲۷۵ | نرگس کرمانشاهی | ۳۰۱ | نسرین ابراهیمی | ۳۲۷ | نسرین حمیدی |
| ۲۵۰ | نصراله حقیقت | ۲۷۶ | نصرواله آقاجری | ۳۰۲ | نفیسه آزاد | ۳۲۸ | نوشابه امیری |



سەرچاوە
Serchawe

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٢٩ | نوید زاهدی | ٣٣٣ | نوید محبی | ٣٣٧ | نیره جلالی | ٣٤١ | نیما بازاللهی |
| ٣٣٠ | هلو جانانی | ٣٣٤ | هیوا مولانیا کوردستانی | ٣٣٨ | همایون مهمنش | ٣٤٢ | هما بدیعیان |
| ٣٣١ | هیوا سلیمی | ٣٣٥ | هیوا گلمحمدی | ٣٣٩ | واحید قاراباغلی | ٣٤٣ | وریا بوداغی |
| ٣٣٢ | یاسر گلی | ٣٣٦ | یاشار حکاک پور مراغی | ٣٤٠ | یاورخسروشاهی | ٣٤٤ | یوسف کریمی |
| ٣٤٥ | یوسف عزیزی بنی طرف، | | | | | | |

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا / رێکەوتی: ٨ی جوونی ٢٠١٢






بارودۆخی جەستەیی محەممەدسدیق کەبوودوەند، ڕۆژنامەنووس و چالاکی مافەکانی مرۆڤی کوردستان لە بەندی ٣٥٠ ئێڤین، بەرەو خراپی دەڕواو کاربەدەستانی زیندان هیچ ئاوڕێکیان بە مەبەستی چارەسەری نەخۆشییەکەی لێ نەداوەتەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە بارودۆخی ئەم بەندکراوە ڕاگەیاندووە کە کەبوودوەند سەرەڕای نەخۆشیی گورچیلەو، نەخۆشی کۆئەندامی هەرەس‌و فشار خوێنیشی هەیەو تا ئێستا دوو جار سەکتە لێی داوەو داوای کردوە کە بۆ چارەسەری ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی دەرەوەی زیندان بکرێ بەڵام بەو حاڵەش داواکەی پشتگوێ خراوە.

ئەم ڕۆژنامەنووس‌و چالاکەی مافی مرۆڤ کە بە هۆی چالاکییەکانی لە بواری مافی مرۆڤدا لە زیندان کراوە، لە ماوەی ٩ساڵ‌و ١٠ مانگ بەندکرانی‌دا تەنیا جارێک، ئەویش پاش مانگرتنێکی دوورودرێژ مەرەخەسیان پێداو لەو کاتەوە تا ئێستا نەک مەرەخەسی دیکەیان پێنەداوە، بەڵکوو بۆ چارەسەری نەخۆشی‌یەکانیشت بۆ دەرەوەی زیندانیان نەناردوە.

محەممەدسەدیق کەبوودوەند، دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، ڕۆژی ١٠ای پووشپەڕی ساڵی ١٣٨٦ دەسبەسەرو پاش دادگایکردن حوکمی ١٠ ساڵ و ٦ مانگیان زیندان بەسەردا سەپاند.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی و کورد / ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٦

## دژایەتی لەگەڵ پێدانی مەرەخەسی‌و ئازادکردنی محەممەد سدیق کەبودوەند








بەرپرسانی دەزگای قەزاییو داواکاری گشتیی تاران دژایەتیی پێدانی مەرەخەسی بە محەممەد سدیق کەبودوەند، ڕۆژنامەنووسو چالاکی مافی مرۆڤی کورد دەکەن. ئەو زیاتر لە دوو لە سێی حوکمی زیندانەکەی کێشاوەو بەپێی قانوون دەبوا زۆر لەوە پێش ئازاد کرابا.

بەپێی ڕاپۆرتی چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران، محەممەد سدیق کەبودوەند، دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە ماوەی ۹ ساڵ بەندکرانیدا تەنیا یەک جارو لە بەفرانباری ساڵی ۹۱و؛ ئەویش دوای مانگرتنێکی زۆر لە خواردن بە مەبەستی سەردانی کورە نەخۆشەکەی مەرەخەسی پێدرا. ئەو سەرەڕای توشبوونی بە زۆر نەخۆشیو، داوای بەردەوام بۆ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی بەڵام نەک مەرەخەسی نادرێتی، تەنانەت بۆ نەخۆشخانەکانی دەرەوەی زیندانیش ناگوازرێتەوە.

لە مانگی پووشپەڕی ئەمساڵدا بەرپرسی زیندانی ئێڤین لەبارەی ئازادکرانی بەمەرجی کەبودوەند نامەیەکی بۆ داواکاری گشتیی تاران نووسی، بەڵام داواکاری گشتیی تاران بێ هێنانەوەی هیچ هۆکارو ڕوونکردنەوەیەک دژایەتیی ئەو داوایەی کرد.

محەممەد سدیق کەبودوەند زستانی ساڵی ۸۷ خەڵاتی ڕێزلێنانی ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤی پێدراو لە خاکەلێوەی ساڵی ۸۸ ی هەتاویشدا خەڵاتی تایبەتیی چاپەمەنییەکانی بریتانیای وەک ڕۆژنامەنووسی ساڵ بردەوە.

پەریناز باغبانی، هاوسەری محەممەد سدیق کەبودوەند دەڵێ مێردەکەی سەرەڕای توشبوونی بە زۆر نەخۆشی بەڵام پێی ڕاناگەنو لە دەرمانگای زیندان تەنیا حەبی ئازارشکێنی دەدرێتێو ئەو دەبێ تەنیا بەو حەبانە لەگەڵ دەردو نەخۆشییەکانی هەڵبکا.
کەبوودوەند لە دوو حوکمی جیاجیادا یەکیان پێوەندیی بە دامەزراندنی ڕێکخراوی بەرگریی لە مافەکانی مرۆڤو ئەوی دیکەیان کە پێوەندیی بە بڵاوکی بابەتی حەوتوونامەی "پەیامی مەردۆم" و نووسین لەبارەی پرسەکانی کوردستانەوە هەیە، سەرجەم بە ۱۱ ساڵ زیندان مەحکوم کراوە.

ئەو ئێستا لە بەندی ٣٥٠ ی زیندانی ئێڤین خەریکی کێشانی نۆهەمین ساڵ لە ماوەی حوکمەکەیەتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی و کورد / ڕێکەوتی: ٢٠ی جانێویری ٢٠١٦

## ڕەوشی تەندرووستی محەممەد سدیقی کەبوودوەند، باش نیە



محەممەد سدیق کەبوودوەند، هێمایی خەباتی مەدەنی و مافی مرۆڤی کورد، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕەوشێکی تەندرووستی ناڵەبار دایە. لە دوایین هەواڵەکان دا هاتووە، کە ناوبرا، لە گرتووخانەی ئێڤیندا، بێهۆش بووە و ئێستا لە نەخۆشخانەیی ئەم گرتووخانە لە ژێر چاوەدێری پزیشکی دایە. کاک سدیق، دامەزرێنەر و سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و ڕۆژنامەوانی کورد، لە پووشپەڕی ساڵی ٨٦ی هەتاویەوە لە گرتووخانە دایە و تا ئێستا جارێک سەکتەی دڵی کردووە، نەخۆشی گوورچیلە و پێستی هەیە و بە گشتی ڕەوشی تەندرووستی سەقامگیر نیە، کەچی بەرپرسانی گرتووخانەکە نە ئیزنی دەرمانی لە دەرەوەی زیندان پێدەدەن و نە مەرەخەستی کاتی.

محەممەد سدیقی کەبوودوەند، کە دەرچوویی کۆلێژی مودیریەتی بازرگانی و بڕوانامەیی کارناسی باڵایی ماڵیی هەیە، لە ساڵی ١٩٩٧ی لەگەڵ هەندێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی ئێرانی ڕێکخراوەیەکی بە ناوی "یەکیەی بۆ دیمۆکراسی لە ئێران" پێکهێنا و شەش ساڵ دواتر، پاش بەدواداچوونێکی زۆر، توانی ئیزنی بڵاوکردنەوەی هەفتەنامەیی کوردی فارسی "پیام مردم" وەرگری، کە





بەداخەوە ساڵێک دواتر، لە مانگی ژووئەنی ساڵی ٢٠٠٤ی زایینی دا لە لایەن دەزگایی دادی ڕەژیم لە سنە، هەفتەنامەکە بڕیایی کۆتایی وەشانی درا. کەبوودوەند لە ئەپریلی ساڵی ٢٠٠٥ی زایینی، ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانی دامەزراند و لەگەڵ هاوبیران و کۆمەڵێک لە چالانی مەدەنی و مافی مرۆڤی کورد، سەدان پێشێلکاری مافی مرۆڤی لە کوردستان تۆمار و بڵاوکردەوە و ڕۆڵێکی کارا و بەرچاوی بوو، لە پێشاندانی پێشێلکاری سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن ڕەژیمەوە بە مێدیایی ناوچەیی و جیهانی.

کەبوودوەند، لە ١٠ای پووشپەڕی ساڵی ١٣٨٦ای هەتاوی، بە تۆمەتی "هەوڵدان دژی تەناهی نەتەوەیی" بە "دامەزراندنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان" و "پرۆپاگەندە دژ بە کۆماری ئیسلامی" بە " پێوەندی گرتن بە ڕێکخراوەکانی جیهانی مافی مرۆڤ" ومێدیایی جیهانی، لە لایەن دادگایی شۆڕشی ئیسلامی تارانەوە بە گشتی بە ١١ ساڵ زیندان مەحکووم کرا. لە لایەکی تریشەوە، جگە لە داخرانی هەفتەنامەیی پەیامی مردم، ناوبراو بۆ ٥ ساڵ چالاکی ڕۆژنامەوانی لێ قەدەخە کراوە و دادگایی سنەش ساڵێکی زیندان بەسەردا سەپاندووە کە لە دادگایی پێداچوونەوە، بۆ ٦ مانگ کەم کرایەوە و چەند دۆزی تریشی لە مەهاباد و کوردستان لەبەرانبەر دا کراوەتەوە کە ئاکامەکەیان نادیارە. محەممەد سدیقی کەبوودوەند، لە ڕەوشیکی جەستەیی خراپ دایە و لە گرتووخانەیی ئێڤینی تاران تا ئێستا دوو جار، سەکتەیی دڵ و سەکتەیی میشکی کردووە و بە هۆیی ڕەوشی نالەبرای گرتووخانەکە تووشی نەخۆشی پێستی و گورچیلەش بووە.

کەبوودوەند، ساڵی ڕابردوو، لە لایەن ڕێکخراوی جیهانی چاوەدێری مافی مرۆڤ، خەڵاتی "هلمن/ همت" بۆ ڕۆژنامەوانی ژێر زەخت و گووشاری پێدراوە و لە هەمان ساڵدا، خەڵاتی "ڕۆژنامەوانی هەڵبژێردراوی ساڵ"ی لە لایەن ڕاگەیاندنەکانی بریتانیاییەوە پێشکەش کراوە و ئێستا زیاتر لە ٣ ساڵە لە زیندان دایە و چاوەڕوانی تێپەڕکردنی ١٠ ساڵ و نیو سزایی زیندانی دەکات. ناوبراو ٣ پەرتووکی سەبارەت بە مافی ژنان و دیمۆکراسی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان نووسیوە کە ڕەژیمی ئێران ئیزنی بڵاوکرنەوەی پێنەداوە.

بە سەرنج دان بەم ڕەوشەیی کە بەڕێز کەبوودوەندی تێدایە، پێویستە بە هەر چەشنێک کە دەکرێ، داوا لە ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤی ناوخۆیی و جیهانی بکرێ تا هەوڵ بدەن بۆ ئازادکردنی ناوبراو...

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد / ڕێکەوتی: ١٥ای جوولای ٢٠١٠





سەرچاوە
Serchawe



# داکۆکی لە کەبودوەند ئەرکی نیشتمانی یە

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: رەحمان نەقشی

پووشپەڕی ٢٧١٦ی کوردی - جوونی ٢٠١٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe